

٢٠٢



تابلۆی هونەرمەند : ئارام خالید

٢٠٢

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ـ دەزگای ڕامان دەری دەکات
خولی سێیەم/ ساڵی هەژدە/ ئاداری ٢٠١٤

• خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین

• سەرنووسەر
ئازاد عەبدولواحید

• بەڕێوەبەری هونەری
سەرکەوت وەلی

• مۆتیف و پۆرترێت
قەرەنی جەمیل

• بەرگ
باسم ڕەسام

ناوونیشان/ هەولێر ـ ڕێگای کەرکووک ـ تەنیشت قبووڵ مەرکەزی
ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ 2228506 - 07504494662
(دەرەوە)/ 009647504494662
تەلەفۆنی نۆرماڵ / 2230582
پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautwali@yahoo.com

چاپخانەی خانی/ دهۆک
نرخ/ ٧٥٠ دینار

## ناوەرۆکی ڕامان

● دەق


- دڕندە و ڕووت/ یوونس ڕەزایی/ 3
- ئەو شارە بۆنی تۆی لێ دێ/ دڵشاد عومەر کاکی/ 5
- من ئامادەم/ کەیوان جامخانە/ 6
- پینە/ ولات دلکەن/ 7
- پەرداخی شکاو/ لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی/ 9
- ونبوون لە بزریدا/ کاکە مەم بۆتانی/11
- کەسێ منەی خۆی دەکات/ جەلیل کاکەوەیس/ 16
- هەزار داستان/ حەمەدەمین شا محەمەدی/ 21
- دەرگەڤان/ ئەمین ئەسەر/ 31
- بەرمیلێک ئەمۆنتیلادۆ/ لە ئینگلیزییەوە: ئیحسان سابیر خەیات/ 33
- ژووری نووستن/ لە عەرەبییەوە: موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی/ 38


● هەڤپەیڤین


- هەڤپەیڤینێکی بەرفراوان و هەمەلایەن لەگەڵ نووسەر و ڕۆژنامەنووس (جەمال خەزنەدار)/ ئا: ئازاد عەبدولواحید/ 42


● ڕەخنە و لێکۆڵینەوە


- دەغدو، مەشخەڵانی لە دایک بوونێکی تازەیە/ مریەمی قازی/ 57
- خەییام لە ئاوێنەی وەرگێڕەکانیدا/ قادر عەلیخا/ 62
- لە بارەی ژیانی (ئەڵماس خانی کەنوولە)وە/ کاروان عوسمان خەیات (ڕێبین)/ 70


● وتار


- وێناکردنی دنیای عیشقێکی ون بوو/ بارزان عەلی/ 82
- ناهیدەی محەمەدی دەنگێکی نوێی شیعری کوردی/ ئەحمەد باوەڕ/ 85
- هەژارانەی دیوانی کازیوەی شێرکۆ بێکەس/ فەرامەرز ئاغابەیگی/ 88
- مرۆڤی دۆڕاوی ڕۆژهەڵات!/ عوسمان عوسمانی/ 91
- ساڵی کوردی و جەژنی نەورۆز، لە گۆشەنیگای شوێنەوارەوە/ نەوشیروان عەزیز/ 98


● هزر و فەلسەفە


- ئیدمۆند هۆسەرل، فەلسەفە وەک زانستێکی ورد و ڕێکوپێک/ لە ئەڵمانییەوە: د. حەمید عەزیز/ 102
- ئاکاری ئەرستۆ (٤٨٣- ٢٢٣ پ.ز)/ سەعید کاکی/ 114
- تێڕامانێکی کورت لە ڕوانگەکانی پییێر بۆردیۆ لە بارەی کۆمەڵناسیی هونەر/ خەبات ڕەسوولی/ 119


● مێژوو


- سێ کوچکەی خۆڵەمێش/شاهرۆخ حەسەن زادە/ 125


● زمانزانی


- خوێندنەوەیەک بۆ ڕستەی ناوی لە زمانی کوردیدا/ زانیار مەحموود عەلی/ 131


● هونەر


- بارگە سیمانتیکییەکانی ڕەنگ لەنێو کەڤاڵی (ئازادی ژن)/ لە عەرەبییەوە: وەهبی ڕەسووڵ/ 138
- شانۆی مۆدێرنی ئەمریکا و کارتێکەریی یۆجین ئۆنێل/ لە فارسییەوە: بابەک سەحرانەوەرد/ 142


● خوێندنەوەی کتێب


- ڕۆمانی زۆر نیگەرانین ئێوە لەیلاتان نەدیوە؟!/ هاشم سەراج/ 147
- گەڕانێک بە هەرێمی شیعردا/ ئەحمەد حەقناس/ 151


● بیرەوەری


- گەڕانەوەیەک بەرەو خود/ حوسێن شێربەگی/ 155


● نامە


- نامەیەکی تایەر ئەحمەد حەویزی بۆ عەبدولخالق عەلائەددین/ ئا: ڕامان/ 157


● بە باڵابڕین


- دوو سەد مانگ و دوو سەد ژمارە/ دانا ڕەووف/ 159


● سووکە لەنگەر


- مرۆڤ لە «زمان»دا دەژی/ ساماڵ ئەحمەدی/ 160

# دڕنده و ڕووت
## شیعرێک بۆ هەمووتان و هیچ کامتان

یوونس ڕەزایی
(بۆکان)



لە کام لاوە
دارستان شێوەنی سەوزە
کە بایەک بم بە ناخیدا دڕندە و ڕووت
کە بە باڵای داردا بمرم بەرز و شەکاوە
وەک هەتاو...

لە کام لاوە
دەسکەنەی سەوزی دەریایە
کە بە گلێنەی شەپۆلیدا بژیمەوە تووڕە و تۆسن
وەک ویرانی...

چ عیبرەتێک لە وشەدا
کە پێخەفی دارستان و حەریری دەریا لە بەردا
وە من وشەم بە هەزاران پێت نووسیوە
بۆ منداڵان

بە هەزاران پێچوپەنا
لە بەسەرهاتی مەڕەوە
تا ئەو گورگەی لە لوورەمدا وەنەوزی دا و
عارفانە نوێژی مردووی پێشکەش کردم...

چ حیکمەتێکە گۆرانیم!
بە سازی کام لاپەڕەوە دەنووسرێتەوە بێدەنگی
بە هەنگاوی کام باڵندەوە دەجریوێنێ پەنجەرە
کە حەیران حەیران حەیرانە
پەنجەکانم...

* * *

کتێبەکان و دەنکی تەسبیحت
جەغزێکی دوور و بێ کۆتا!

سەرت میراتی کام هەور بوو کە باران...
وە خێوەتی ترس مەودا بە مەودا.

ڕچەیەکیش بە ناخی هیچدا کراوە

* * *

بە حەیرانی ناختدا
ڕچەکان پەنجەیان لە ترسی باڵندەکاندا
هەڵدەفڕی

خێوەتەکان پەنجەرەی باران لەسەر پشتی کام با
دەنووسن؟
کە هەورەکان
میراتی بێکۆتایی بێدەنگین
لە ئەوکمدا!

* * *

هاوڕێی کێ بووی گەڵا سووتاوەکەی هیچ وەرزێکی مێژوو؟
تەنیا تەنیا باخت لە سەر پشتی وشەیەک ڕادەژێ
کە شیعر نەبووە هەمیشە.

لە سەر پەنجەی ئەویندارێ زامێک
گەڵا داگیرساوەکەی ڕووت
دارستان پڕی ماڵئاویی بوو
سڵاو!

* * *

وێڵی کام شارە مردنم
کە داهاتوو
پیر پیر لە سۆراغیدا ون
وە شاخێکیش کە نە ڕووخا و نە بەری گرت
لە چاومدا.

کاڵە مێژووی ئاوارەیی جارێ
مەرگ بۆ وادەیەکی تر
ژووانم درەنگتر کەوتووە
ژانم...

* * *

هاوڕێ ئەمکوت ساماڵە دەمت
ئەمکوت لە پەنجەکانتدا مەرگ پیرە
ئەمکوت لەشت میراتی ئاورێکی یاخییە؟
ئەمکوت کۆتەڵێک لە وێرانی بە لاتدا خوشی؟

خوشیوە ئەرێ ئاوێک بە دەمارەکانی مێژوودا
گەرموگوڕ و گورگانە

شنیوەتەوە گورگێک لە دەفتەرەکەماندا
کە مێگەلێک مانا سانا
کە شوانی ئەو سەدەیە بەرگی شەیتان لە بەردا
بە لووتکەوە

* * *

هاوڕێ ئەمکوت ڕۆژێک شاخ بەرزترە یان ڕووبار؟
ئەمکوت شەوێک باخ دڕندەیی وەریوە یا ڕۆژنامە؟

کوتم و فەرامۆشیت حەرفێکە لە دەریا!

هاوڕێ قاقڕە سەبووریم
وە سەمام خەونی دوێنێتە
سەوز و وەریو
لە تابووتی سبەینێدا

بۆکان.... زستانی هەزار و سێسەد و هەور

# ئەو شارە بۆنی تۆی لێ دێ

دڵشادی عومەرکاکی
(ئەڵمانیا)



هاتم.. سەفەر.. جانتای غەریبیم لەکۆڵ بوو
بۆنی شەوگارم هەڵمژی
شۆستەو شەقام چۆڵوهۆڵ بوو
هاتم مەست و
دڵم کەوتوو
پەنجەرەی بۆنخۆشم دەدی
درەختی.. ڕەنگینم دەدی
تا بەرەبەیان نەخەوتم..
هاتم.. خەوتووی
هەوری سەفەر.. لەسەرمەوە
خەیاڵ وا ئالوودەم بووە
پێم خۆشە ئەم دڵەی لە دڵما خەوتووە
خۆشە بۆنی ئەم شەقامە چۆڵوهۆڵە
چەند خۆشە بۆنی ئەم شارە
کۆڵەوارە
دڵهەژێنە
شێبای عەترێ شەوەتاوە
قریوەی دڵی کچی دێ
بۆنخۆشتر لە خەونی سەرم
هاژەی بۆی لەشی ژنێ دێ
تاڵتر لەژار
وەک شەکەر دەینێمە نێو زار
بە شەلاڵی شەرابەوە .. ئەوە عیشقی تۆیە
میرانە.. کەیل و خۆشهۆش، دەمنێتە نێو سەحەرەوە
خاک بۆنی بوغوردی لێدێ
کلی چاوت
گیا بۆنی ئارەقەی لێ دێ
هی گەردن و.. هی لالەزاری جۆگەلەو.. هی هەناوت
بەو مەلوولی و بێ نازی ڕسکانی شەرمە تاریکەت
بلێ با
بێتو قولپێ لە بۆنی هەناسەی خۆتم باتێ
بەو ژوورە تاریکەت بلێ.. کە لەشت تیا سپی بووە
شەرای تاوی گەرمێکی منی بگاتێ
نیازت وابوو.. سەحەرێ لێو بنێیتە نێو گەرمەتایەک
کاتێ.. کاتێک لە کات ناچێ
نیاز بوو.. نیازی ڕووتتر لە لەشی دوورگەیەک.. نەک
هەر ماچێ
ئەمێستا من
دیسانەوە وا سەر و دڵم کەوتووە
دڵم وا لەتۆ خاڵییە
ئێستا خەیاڵیش ناتوانێ.. کەمێ دڵم بداتەوە
بێ تۆ.. وا..
دڵم چۆڵ بووە

# من ئامادەم

**کەیوان جامخانە**
**(مەریوان)**

گەر پەپوولەی
بۆ شەوگاری تەنیایی خۆت نوورت دەوێ
من ئامادەم.. بمکە بە شەم.

گەر کێوسانی
ئەگەر یالّی یا شاخێکی تەنیا و بێ دەنگ
دەستی هەورت پێ ڕاناگا
بۆ تەنیایی و بۆ بێ دەنگیت
من ئامادەم.. بمکە بە تەم.
گەر ڕێبواری
گەر لە ژینی پڕ لە دەردی خۆت بێزاری
گەر خەمخۆری ڕێگەی سەختی ژینت دەوێ
من ئامادەم.. بمکە بە خەم.
گەر غەریبی
غەریبێکی دوور وڵاتی
بۆ دیتنی دایک و باب و کەسوکارت
بێ قەراری،
من ئامادەم.. بمکە بە چەم

ئەگەر دیلی
ئەگەر دەست و قاچ و دەمت زنجیر بووە
بۆ هاوار و بۆ قیژاندن
من ئامادەم.. بمکە بە دەم.

گەر ئاشقی
ئەگەر "زین"ی چیرۆکی «ئەحمەدی خانی»ت
لە خۆت ئاشقترت دەوێ
من ئامادەم.. بمکە بە «مەم».



# پینه

**وەلات دلکەن**
**(سەمسوور)**

دەما کو مە ل هەسپێن خوە بارێن ڕەڤێ دشداندن
دایکێن دلژار، دلۆپێن چاڤان ل ڕوویێ ئارێ بێبەختیێ
دخستن

د دەستپێکا ڕێیا بێڤەگەڕ دە، مەزنان گازی چیرۆکان دکر
دا کو ناسنامەیێن خوە ژ تۆفانا تالانێ ڕزگار بکرنا
لێ مە هەموو لیستکێن خوە یێن نەچار
د سەرجەیێن تەڤنی دە ڤەدشارتن

شەڤا بێهەیڤ، د زقولتانێ دەریێ بازێڕ دە، ل مە دپا
و شۆپێن هاتنا بێڤەگەڕ دەرخوون دکرن.
فەرمانێن لێپرسینێ دچوون و دهاتن ل بەر هەڤ
ل بەر بەلەنگازیا مە یا کو ڤڕکا مرۆڤاهیێ دفەتساند

د خەونێن نیڤچە دە، بێهنا باروودێ دهات
ژ خەونێن کو دهەلجنقین و د دلی دە ل جهەکی ئەولە
دگەڕیان

ستێرکێن کۆچبەریا مە یا بێناڤنیشان وەشیان عەردێ
ب ئاخینا بلووری و ب شەوات، د لووتکەیێن تاڕیێ دە
دستران
و دەم پینە دکرن ب ڕەنگێ هەیڤی
❊ ❊ ❊
دیرۆکا بێ نڤیسکارا کو ئیشەڤ
گاڤا کو بێ دلی خوە، خوە دەرباسی وی ئالیێ دێری دکر
حووتێن هەفتیسەری، تەڤی ناڤێن ترس و خۆفا دلێ
زارۆکان
یەکۆیەک دلێن مە سەح دکرن بێدەستوور

کوونەیا نوو، بێیی پرسین و بەسڤا جهێ ڕەڤێ
ل کەلەکا تاخا نشتەجهێن دەستمالفرۆشان

ل نەخوەشخانەیا دەمێ یا گەنی، بێناڤبەر دخەبتن
ل سەر زمان، گیان و دلخەساندنا مە.
هەموو ژ بیر نەکرن،
چما یێن ڤڕکزوها دهاتن سەرژێکرن؟

د عەیێل دە نە مەشا ڕێوییێن حەجازێ یێن ڤەگەڕێ
و
نە
ژی



جەژنا ئۆلی
دهات پیرۆزکرن، لێ...

❊ ❊ ❊

ڕابردوویا بێیوٚم د شەڤێن وەستیایی دە
و ل شکەفتا دلدزەکان
ڕووپەلێن کیتابەیا دیرۆکا کەزەبشەوتی دهاتن ڤەکرن
جارجاران

گیانێن زڤێربوویی کەسەر دحەواندن
د نیشەشەڤێن کو بێ چیرۆک و بێ شەڤبهێرک دەرباس
دبوون دە

❊ ❊ ❊

سێ هەزار پرس
ب سێ ملیۆن و چەند هەزار فندێن بناخکری ڤە
چما، چما!؟

ژیان، د دووکەلا وارگەهێن شەوتی دە خەنقی
هێڤی، دشۆپێن وندا دە چلمسی
پشتی مرنێن ل دوور، شێوی مان گۆڕێن قەومێ باپیر و
داپیران

چیرۆک و لیستکێن زارۆکاتیێ
ب بایێ عەردنیگاریا سینگشەوتی ڤە، مان ل شینێ

❊ ❊ ❊

سەنفۆنییا بلوورا پینەکری
غەریب ما
ل کەرکێن گوهان...
و
نە دوومان، نە مترب، نە قەرەچی،
نە گوندی و عێلی
و
نە باژاڕی

دەستمالفرۆشن ئەم...
خوەفرۆشی پەیدا دبە ل دارا مە.
ئاشلەیا زمانێ پینەکری
ناشبە خوە و تو کەسی

❊ ❊ ❊

دەستێ بێبەختیێ داگر کریە مالزارۆکا ڕاستیێ
پینەیەکە بێکێلن ئەم، ب دەرلنگێ ژیانێ ڤە

**ئەڤ هەلبەستە ژ کۆشعرا ( کەن دەینداڕێ مە، ئەم دەینداڕێ گری نە) ڕووپەلێن ٢٦-٢٨ هاتیە وەرگرتن. ئەڤ پەرتووک ژ وەشانێن بەلکی یە و ل ڕێزا ١٦ ێ دایە.**
**«ڕامان»**

# پەرداخی شکاو

**مەنووچێهری شەیبانی**
**لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی**
**(بۆکان)**

ئەو کاتەی پەرداخ درزی دا
هیچ کەسێ لە تۆی نەپرسی
شیرقاوەکە گەرم بوو، یان
دەستەکانی تۆ دەلەرزین.
هەر چۆنێک بێ قرژانگی درز نووساوە بە لێوی پەرداخەکەوە.
بۆ درزێکیش،
نێوچاوانت گرژ ناکەی
تۆ کە گیرفانت قەفەزی
پەڕەسێلکەی ئەسکەناسە.
پێدەکەنی
قاقادەکێشی بە دەنگی درز و درزدانی ئێمە
بەڵام ئەم سرتەیە دەنگی
گازەنگی مەرگە لە گوێچکەی بێ نەوادا.
چارەڕەشی لە گۆڕەپانی گیرفانیدا
تەنیا سێ دانە دراون گۆرانیی سەوزەڵێ دەڵێن.
هەر چۆنێک بێ
دەستی پڕ هەوەسی چ... پیری شکان
پێکەنینی تۆ و زیرەی ئەو دەتوانێ جیا بکاتەوە
لە جەستە کۆڵەوارەکەی پیاوی پەرداخ؛
لە هەمووشی گرنگتر
چاوی شووشەیی مارینا
پشیلەی جوان و منجڕی چایخانەکەی «کانوا»
هەموو شتێک ڕادەماڵێ و قووتی دەدا.
کاتێک درزی پەرداخ لەگەڵ مار یاری کرد
خوێنی چاییش لە زامی دڵی بلوور دەتکا
تنۆک
تنۆک.
«بارمەن»یش دەستە سپی و گۆشتنەکانی
بەرەو ئاسمان
بە پەرداخەوە هەڵبڕی،
ڕوانینە گەوجانەکەشی
لە بوودری تۆڵەدا درەوشانەوە.
لەسەر تەرکی چێشتخانەکە
کەفی سابوون و پڵتەی چا.
– ئەرێ گەوجە هەمیسان تێ نەگەیشتی
کەروێشکێکی سپی ناوی مارینایە و
سۆمای نییە چاوەکانی،
ئیتر ئەو چۆن دەتوانێ وەک من ببینێ،



پەپوولێکی گوڵ وەنەوشە
کچۆڵێکی کۆتر شێوە بە مەمکە گچکەکانییەوە
لەسەر قەبرغەی پەرداخ و
لەسەر دڵی پاک و بێ گەردی درزەکە
لە ساقەتی جیا کردووەتەوە
گوڵی پەپوولە و
میوەی کاڵی کچۆڵەکە.
هۆی مارینا! هۆی مارینا!
بژاردنی ئەو پەرداخەی
شکا لە ئەستۆی ئێمەیە،
لێی گەڕێ با هەروا لە نێو کەوەنتەردا
تۆزوخۆڵی لێ بنیشێ!
لە نێو کلافی ئاڵۆزی دووکەڵی جگەرەکاندا
لە سووچی نیوە تاریکی چایخانەوە
منداڵەکان دەیانبینی
بەزیندوویی
پەرداخێک خەریکە ڕۆچێ
بە قوڕگی لینچقی مەرگا.
نارەزایەتییان دەربڕی
نارەزایەتییان دەربڕی
ڕاست لە چەشنی نارەزایەتییەکانی تر
کە بە جۆگەی پڕ گەناوی شەقاماندا تێدەپەڕین.
هۆی مارینا، هۆی مارینا!
لەگەڵ ناڵەی "کلارنێت" و
پێدا گریی تەپڵەکان و
زەبرێکی سەنج:
خرمەی شکان
خرمەی شکان...


## ڕێباز

لە ڕێبازی نێو تاریکستانی بێ پایانی دەشتدا
سێبەرێک لە سەر بەستێنی ڕمڵەکان سەرەوبن دەبوو
وەک دێوزمەیەکی سەیر و زراو تۆقێن
گوێچکەکانی دوو دانە قووڵکی بێ بن بوون.
دەستی نەبوو،
قاچی نەبوو،
دڵیش هەروا
چاوەکانی کاسەیەک بوو قەزا لەتوکوتی کردن.
من نازانم چی دەبوو
ئەم دێوزمەیە سروەی نەرمی بیابان
لەگەڵ گەشتوگوزاری مانگ
بەسەر ڕێبازی سپیدا ڕوو لە دڵی شەوەزەنگ بکات
جاروباریش ئارام و هێدی وەگەڕێ.
ڕووداوەکان
لەگەڵ ئەودا چوون و هیچ کەسێ نازانێ
ئەو لە بیری چیدا بوو
چ کارێکی دەکرد،
ئەو چ ڕازێکی هەبوو
هیچ کەس نازانێ.
– وەرگێڕانی گەرا وتەی سیمەل
لە دوای حەفتا ڕۆژ و شەوان تێپەڕین بە نێو دەشتێکی ئاگریندا
لە دوای هەشتا ڕۆژ و شەوان تێپەڕین بە سەر زەمینی دەرزی و چقڵدا.
دوای کوشتنی سەدان عەزیای حەوسەر ئێستا
ڕێنوێنی ڕێنوێنان وەک خۆری درەوشاوە وەدەر کەوتی!
ڕێنمایەکی مەزن بووی
کەوایە ڕێنمای من بە بەرەو شاری کامەرانی.
لە ڕێبازی نێو تاریکستانی بێ پایانی دەشتدا
هەڵیکردووە گەرەپێچ
لە نێو قووڵکەی قەڵافەتی ئەو پیاوە دێوەزمەدا
زایەڵەی قاقا وەک هیوابڕاوێکی دەربەدەر
هەڵیکردووە گەرەپێچ.
خەڵکی پێکەنین
هەروا کە دەیرفاند بەرەو ناخی بێ بنی شەوەزەنگ
سێبەری دەستی لەسەر پشتی سڕی ڕێگا هەڵسووڕا.
ئەو ئاماژەیەک بوو بەرەو
ڕەوەزی لەرزۆک و
بەرەو نشێوی دۆڵەکانی مەرگ.
ڕێنوێنی ڕێنوێنیان!
چۆن سوپاسی ئەو هەموو چاکەیەت بکەم؟

**مەنووچێهری شەیبانی ساڵی ١٩٢٣ لە شاری کاشان لە دایک بووە و یەکەمین کۆشیعری بە ناوی «پرۆسک» ساڵی ١٩٤٢ بڵاو کردەوە، ئەو بێجگە لە شیعر یەکێک لە شێوەکارە بەناوبانگەکانی ئێرانە و یەکەم کەس بوو کە ئیمپرسیۆنیزمی هێنایە ئێران، هەروەها دەیان شانۆنامە و فیلمنامەی نووسیوە. دەیان خەڵاتی لەو سێ بوارەی هونەردا وەرگرتووە. ساڵی ١٩٩٠ لە تەمەنی ٦٧ ساڵیدا بە نەخۆشیی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد. سۆهراب سپێهری یەکێک لە هاوڕێ نزیکەکانی مەنووچێهری شەیبانی بوو و خۆی بە قوتابیی ئەو دەزانی و هەمیشە وەک مامۆستای خۆی ناوی ئەوی دەهێنا. سپێهری لەسەر داوای شەیبانی درێژەی بە خوێندن دا و لە زانکۆی هونەرە جوانەکان بە مەنووچێهر شەیبانی و سوهراب سپێهری و سادق بەریرانی دەگوترا سێ تفەنگدار، چونکە سێ هاوڕێی گیانی بە گیانی بوون و بەبێ یەکتر هەڵیان نەدەکرد.**

**سەرچاوە:**

**گوهران، فصل نامەی تخصصی شعر، شمارەی بیست و سوم و بیست و چهارم، خرداد ماه ١٣٨٩ تهران.**



# ونبوون له بزریدا

کاکه مەم بۆتانی

ئای سینگم.. سەرم.. سەرم.. ئاگاتان لە سەرم بێ.. ئەو پێیە زلانە چین بەسەرم کەوتوون؟! وەی ئەژنۆم.. قاچم، کوڕە قاچم.. خۆ کۆر نی؟! وەی لوولاقی سماوم!.. وەی سینگم.. ئەی هاوار سینگم!.. دەبێ لەم ناوە چی قەومابێ؟! چی ڕوویدابێ؟! ئەو خەڵکە، وەک شانەی هەنگ ورووژان!.. بەردەمی خۆیان نابینن!.. بۆ وا بێ ڕەحمانە دەمشێلن!.. خۆ دەمێکە ئەم ناوە پێخوستی لەسەر نەماوە.. بە دەگمەن قەڵەباڵغ دەبێ!.. ڕەنگە بەرەبەیان بێ و گاران بەرەو پاوان ببرێ.. نا.. نا.. تێرو پڕن و بەرەو ماڵ دەبرێنەوە.. پرچی جێماوی خۆر، بست بە بستیان ڕادەمووسێ!.. وڵاخە بەرزە نەبێ؟!.. جا.. کوا.. ئەوەندە ئەسپ و ماین و بارگین هەیە، پێکەوە ڕەو بکەن؟.. بڕوا ناکەم.. تەنەکان قورسترن!.. جێی پێیەکان پان و درێژن.. لە قۆندەرە و پۆستاڵ دەچن!

ئەم گوژمە پێیانە تازەن.. زۆرن.. هەست بە شڵەژاوییان دەکەم.. وەی سەرم!.. بەردەمی خۆتان نابینن؟!.. ئاگاتان لە خۆتان بێ.. هەنگاو هەڵێنن.. خۆ کوێر نین!.. ئەم گۆڕە نابینن؟!.. ڕەنگە بەفری زستان ئەم ناوەی داپۆشیبێ.. ڕەنگە.. ئەم ناوە کوێستانە و زوو بەفری لێدەکەوێ، زۆری لێدەکەوێ!.. ئێستا.. کێوەکان سپی دەچنەوە، وەک دەروونی دڵسۆزی، تارای زیوی پۆشیوە.. ئای لەو ساتە دڵگیرانەی خۆر، چاوشارکێ لەگەڵ بەفر دەکا.. ئای حەزم لە ساتە بەفرینەکان بوو..

جا.. ئەم کەژ و پێدەشتەی ئێمە چ بستێکی جوان نییە؟! وەرزێکی ناسک نییە؟

ئای.. ئۆف.. ئەو خەڵکە زۆر سەیرن.. دەبێ کوێر و موزمەعیل نەبووبن؟.. نابینن گۆڕستانە؟! وەی پێیەکانم! زوو هەنگاو هەڵێنە، خەڵکینە، خەڵکینە، قاچت هەڵگرە.. هەنگاو بنێ.. ئازار کوشتمی.. خەڵکینە.. بەس بمشێلن! لە ساتەکانی

مردنیشدا بە ڕووتانا دەخەنەوە! زستان، لە تەک خۆیدا مـردن دەهێنێ.. مـارومـێـروو سـڕ دەکـا- دار و دەوەن دەتەسکێنێ.. تەنیا کاژە، بە ڕوویدا هەڵدەشاخێ!.. خۆ کە لەگەڵ ڕەشەبا دەست دەگرێ، زریان سەردەکا.. بەستن دەبەسـتێ.. دڵۆپەکـان چلوورە دەگـرن!.. ئای قـاچم، فـیشـەکەکانی ناو لوولاقم دەمـهـەژێنێ.. وەی.. ئاخ.. سینگم.. سینگی سمێنراوم.. سەرم.. کوڕینە سەرم..

بۆ کوڕینە؟ بۆ ناڵێی.. ژنینە، ئافرەتینە.. کیژۆڵەینە؟ بۆ هەر پیـاوت لەسـەر زارە؟!.. ئەی هەست بەو پێـڵاوە زەبەللاحـانە ناکـەی؟! لە قـۆندەری ئافـرەت ناچێ!.. زسـتـانە.. کـرێوەیە.. کێ دەڵێ وایە.. بۆ وا ڕەشـبین بووی؟ لە تاریکە شـەوەکـانی زیندانی ژیانـتا، تـرووسکە دوورەکـانت وەدی نەدەکـرد؟ لە سـاتەکـانی ئەسـتـێـرەی کـاروان کوژەدا، گـەلاوێژت نەدەدی؟! لە بوولـێـڵی گـۆمی خـوێنتـا، شـەبەقت نەدەگـرت! وەی پایەکـانم.. ڕانم.. قـاچم.. سەرم.. ئەم حـەشامـاتە چیـیانە؟! ئای سـەرم.. کوڕینە سەرم.. خەریکە پان بێتەوە.. شەق با.. هەر ئەو بە ساغی ماوە، مەیشێلن! فیـشـەکەکان تیـخی کـرد، نەیسمی.. نەیتوانی لە بیرکردنەوەم بکا! کە قاچەکانم لە ڕۆیشتن کەوت.. سینگیـان سـمیم.. پەراسووەکـانتـان شکاندم.. ئەو فیـشـەکەی دڵمی پێکا، خۆی لە خوێنی شەرم وەردا.. گڕو خوێن، هیوایان لە ئامێز گرت.. لەژێر زەبری زامـەکـان و وازی گـوللە.. کـپی کـردم.. ئەوینی خـاک، گـەرمـوگـوڕ بوو.. هەست و نەسـتم لە بزوینی دەئالاند!.. کە خوێنی لەشم داچۆڕا، بووبە چرا..

ئای سەرم بۆ بەسەریان گرتووم؟ دەک مـاڵـتان.. نەء.. نەء نەکـەی.. لە خـێـر بەولاوە، نەدواوی! دەک مـاڵـتـان ئاوابێ، ژیانتـان شـاد بێ.. ئاگـاتان لە لەشی کـەنەفـتم بێ!.. ئەم خەڵـکە بۆ وا شڵـەژاوە.. هەستی دڵـسۆزییـان نەمـــاوە؟! وەی دیدەم.. دەبێ کـــارەســـات بێ؟ کێ مردووە.. بۆ بەم گۆڕستانە فەرامۆشکراوەیان گرتووە؟! پۆســتـاڵ، کـەڵاش، بست بە بسـتم دەشـێلن.. ڕەنگە گـۆڕستـانەکـانی تر پڕ بووبنەوە، بەسـەر گـۆڕە کـۆنەکـاندا بچنەوە.. دە سـەرێ بەرزکـەوە سـەیری دەرەوە بکە.. بۆ گۆڕەکان نابینن؟

ڕەنگە بەهار بێ.. گـژوگـیا بە خـوێن ئاو دراو ئەوەندە هەڵـسـابێ، بەر پێـی خـۆیان نەبینن! هەڵاڵە و بەیبـوون، حاجیلە و گوڵاڵەسوورەی گۆڕستان خەڵکی کەیل کردووە! بەهار.. وەی پشتم.. لەسەرم مـەوەسـتـە، پشتم شکا.. خەون و خەیاڵم لەباربرا.. بڕۆ شەقاو هەڵێنە ڕزگارم کە.. من هەر ئەوەم.. گـەڵا سـەوزەکـانی پێـدەشـتم بە خـوێن ئاودا.. سوور هەڵگەڕان!

سـەرهەڵبـڕە.. هیچ دەبینی!.. کـەسـیـان دەناسی. تا دێ.. جـوولـە و بزوان زۆرتر، شـێـلانی گـۆڕ پتـر.. پێڵاوەکان شوێن پێی یەکتری دەشێلن! دە سەر هەڵبڕە.. ئای نێوچەوانم.. بەردی ئەلحەدە؟!.. بڕوا ناکەم.. بەردی ئەلحـەدیان لەکـوێ بوو؟.. نا.. نا.. ناڵێن شـەهیـد ناشـووریێ!.. بە کـەلوپەلی خـوێناوییـەوە دەنێـژرێ، لە بەهەشتیشا دەناسرێ؟! بۆ پێدەکەنی؟! گاڵتەت پێدێ؟ جا.. کەی وابوو.. گەرەکیان بوو، بۆگەنیت سەربازەکان قەڵس نەکات! جا.. با.. بەردی ئەلحەدیش داینەپۆشیبێ! چاوە دەرپەڕیوە بێ پێڵـوو و برژانگ چی دەبینێ؟! بیرت چۆتەوە، لە تەک سـاتەکـان زایێ بووی.. چاک نیـیـە خەیاڵیشت نەدۆڕاندووە! بەسەر زەمەن گوزەر دەکەی!.. بۆنی بوون و خـونچـە دەکـەی؟ هەسـتم.. بیـرم.. وەک بەدەنی سمێنراوم ونجڕ.. ونجڕ.. نەبووە.. مار و مێرووی پێ فـێـر نەبووە.. ئۆف.. ئەم کـەڵاشـە بێ ژێیـە بۆ وا هار بووە، بۆ لە شـوێنێ ناسـەکنێ؟! دەبێ ئێـسـتـاش بنە کـەڵاشی پەڕۆ مـابێ؟! خـۆزگـە نەڕۆیشـتـایا.. هەر زوو پۆسـتاڵێ جێی گرتەوە! کەڵاش و پۆسـتاڵ، بۆ شێـلانی گۆڕم هاودەنگن! بە زیندوویش چارەی سەرباز و پۆلیسم نەویسـتـووە! ئەم قـۆندەرە سـووکـە، لاشـەیەکی لاوازی هەڵگرتووە! ئای.. ئۆف.. وای.. گـوژمـەیەکی تر پێـتـاو شێلامی.. پێڵاوەکان پاڵەپەستۆیانە و بە زۆر، جێگای خـۆیان دەکـەنەوە! خـۆزگـە دەمـزانی چی دەگـوزەرێ؟! لەبیـرمـە، لە گـۆڕسـتـانێکی کۆنی لاتەریک نێـژرام.. لە پەنایەکدا چاڵێکیان هەڵکەند، بێ تەڵقین دایانپۆشیم..

جـا.. تەڵقـینم بۆ چییـە؟ ئەوەی دەوترێ.. لە ناشـتنی هەمـوو مـردوویێ گـوێم لێبووە.. سـەیرە.... زۆر دەمێکە ئەو حـەشـامـاتە نەهاتۆتە گژمـان!.. دە.. چاو بگێـڕە.. دەبێ لافـاو ئەو نـاوەی دانەپۆشـیـبێ و ناچار خـۆیان لەم گردە پەسـتبێ؟ دەبێ گـۆڕسـتـانەکە تێک نەدەن؟ بیـکەنە شـەقـام.. باڵـەخـانە.. ڕەنگە بەردی بناغـەی پڕۆژەیەک دابنێن! بڕوا ناکـەم.. زەحـمـەتە.. ئەوەندە زەوییـە هەیە ،نەیەنە وێزەی ئێـمـە!.. ئای سـەرم.. قـاچم.. دەسـتم.. بۆ وا پاڵ بەیەکـەوە دەنێن؟ دەگـوێ بگرە!..

هاواره؟ بانگەوازە؟! مـــــردوویان هێنا.. دیاره.. وا.. دیاره.. خەڵکەکە شڵەژان.. هەر سەڵەواتە و لە یەکتری گیر دەبێ! باشە بۆ گۆڕی من دەشێلن؟ بۆ بە سەرما باز نادەن؟!

بەس ورێنە.. ڕەمل لێدان.. پێتاوەکان لە بزوان کەوتن و تۆ لە ورێنە نەکەوتی!. خەریکی گۆڕ لێدانن.. دیارە.. تەواو نەبووە.. خۆ وەک گۆڕی من نییە.. دەڵێن دەبێ دوو مەترێ قووڵ بێ.. بۆ؟ کێ دەڵێ چاوەڕێی گەورە پیاوێ ناکەن؟ دە بەسە.. هەموو گیانمتان شێلا.. ئەی هاوار.. ئازارەکان، تەنمیان تەنی.. وەی چاوم- سەرم.. دە بزوون.. بجوولێن..

دە واز بێنە.. با بە کەیفی خۆیان بەسەرت بکەون! ئەو ناشتنە شکۆدارەی منی لێ بێبەری بووم، با ئەم لاشەیە ببینێ! من هەر بەوەوە جوانم کە لە ڕەحمی دڵسۆزی بووم، لە خۆشەویستی گشتی ژیام، هەر واشم بەڕێ کرد! دە بەسە.. گوێ بگرە، بەڵکو لە قسەی ئەوانەوە شتێکت بۆ دەرکەوێ.. گوێ بگرە..

– کە ناردیانە شوێنم.. ترسام!

– .. تۆی فەرمانبەریش؟!

– هەموومانیان بەیەک چاو تەماشا دەکرد!

– ئێ؟!

کە چووم.. مەفرەزەیەکی سەربازی بە گەڵ دام.. بە کوڵەدارەکەی دەستی، ئەوبەری پردەکەی نیشاندام..

– چی لێبوو؟

– لاشەی کوژراوێ لە خوێنی خۆی وەردرابوو..

بەڕاستی پیاوێکی گەوجە.. شتێکی تازەی نەوتووە.. جا.. کاممان لە خوێنی خۆمان نەگەوزاوین؟! لەباتی ئەوە پاتان هەڵگرن.. لە سەرم لاچن.. گۆمە خوێنی ڕەش هەڵگەڕاومان، بەشی ڕووی هەموو چەوسێنەران دەکا! لەباتی ئەم حەکایەتە.. پێتان لادەن.. لەسەر گۆڕەکەم لاچن.. بەس بەسەر سینگ و قاچم کەون.. وەی سەرم.. بۆ ڕقتان لەسەرمە؟! بیرکردنەوە بەڵایە، یان قسە بەڵای سەرە؟! ئێوە نابینن لە دنیای مردووانن؟ لە گۆڕستانا.. گۆڕستانە کۆنەکانا.. سەدان گۆڕی بێ (کێل)ی لە باوەش گرتووە؟! گەورە و گچکە، ئاوێزانی بووە.. حورمەتی لاشە بێ کفنەکان بگرن!! شەقاو هەڵێنن.. گۆڕەکان هەڵاوێرد کەن! ئێوە.. نەوەی ئەو پاکانەن کە لەسەرما ڕەق بووبانەوە، دار و دەوەنی گۆڕستانیان نەدەسووتاند!..

کۆتایی بەهار.. کە خێڵ بەرەو کوێستان ڕەوی دەکرد.. کەلوپەل و ناو ماڵی زیادیان لە ژێر دار بەڕووێ، مەزاری شێخ، سەیدێ هەڵدەچنی.. تا دەگەڕانەوە، دەستی بۆ نەدەبرا!!

وەی قاچم.. ئۆف سەرم.. خۆزگە بۆ چەند ساتێ لە گۆڕەکەم دەرباز دەبووم.. دەمزانی لەم ناوە چ دەگوزەرێ.. ئەو خوا پێداوە کێیە! دەبێ خوێنمان، گڕی لە جەستەی زوڵم و زۆر بەرنەدابێ!؟ دە گوێگرە.. بزانە چی ڕووی داوە.. ئەم گۆڕستانە بۆ شەقژاوە؟!

– پلەدارەکە.. بەسەرمانا هەڵشاخا.. بەفیزێکەوە شەقێکی لە کەللەسەری لاشەکە هەڵدا.

– دەک قاچی شکێ.. هاوڕێ.. چۆن خۆت پێ گیرا..

– چی بکەم.. نووکی پۆستاڵ و دارە کوڵەی دەستی لە لاشەکە گیر کرد.. چاوی خۆم گرت.

سەربازەکان ڕایان کێشا.. هەڵیانگەڕاندەوە.. ڕووی خوێناوی بە دیدەمان پێدەکەنی!!

– گاڵتەی پێیان دەهات.!

– ڕووم دێ، حەپەسام.. ورد بوومەوە، شڵەژام.. پتر سەرنجم دا، هەژام.. بە چۆکـــا هاتم! چەکدارە سەرسامەکان، بە سڵەمینەوە سەیریان کردم.. لێم مۆڕ بوونەوە.. خۆم لە پرسیارەکانیان، گێل کرد!

– هاوڕێ.. خۆت بگرە.. لێشاوی تر گەیشت.. ڕامان نەماڵن؟!

سەیرە.. هەر خەڵکە و خۆی بە گۆڕستانە کۆنەکەدا دەکا.. دەبێ لەپێناو چ بەختەوەرێ، گۆڕی من دەشێلن!! وەی سینگم.. دە لاچن لەسەرم.. ئەو حەکایەتە لە لایەکی تر بکە.. لافاوی ماتەمگێڕان وا بڕوا گۆڕستانەکە لاسەنگ دەبێ!! گردەکە هەڵدەگەڕێتەوە.. سەیرە.. بەڕاستی سەیرە.. ئەوان ژێر دەکەون و ئێمەش سەردەکەوینەوە!! ئەی ناڵێن: ڕۆژی قیامەت، زەوی ژێر بەرەو ژوور دەبێ؟!

تاکەی ئێمە.. بکرێینە پێخوستی زیندووان! بۆ گۆڕمان شەق نەکەین و لێیان ڕاپەڕین! بە ڕووی ئەو حەشاماتە گەوجە بتەقینەوە.. تا.. ڕێز لە گۆڕەکان بگرن.. کوڕینە بەسە.. تاکەی لەسەر گۆڕم دەوەستن.. لێتان خۆش هاتووە.. مردن، مردنە لینگەفرتێی بۆ چییە؟! چاک نەبوو لەبەر هەتاو بۆگەن نەبووم! لە چاڵێکیان پەستیم و

وەک هاوەڵانم نەبوومە خۆراکی قەل و داڵ!

ورێنە بەسە.. پێموت (هاورێ)یان گوێم زرینگایەوە؟ جا.. با.. واشی وتبێ.. چ دەگەیەنێ؟ لە دێرزەمانەوە، ناوی هاورێ بۆ جوانی لە منداڵان دەنێن! مەبەستیان ماناکەی نییە.. ئەگەر بڕوایان بە هاوڕێیەتی بوایە.. نە کەس دەکوژرا.. نە زەوی و زار داگیر دەکرا.. نە ئیزرائیل ئەوەندە ماندوو دەبوو..

دە تۆ پەلە مەکە.. ئەوەی گێڕایەوە، کتومت لەمن رووی دا.. بەخوا سەیری.. هەر سەری ئێمە نەبووە و شەقی دەست ڕۆیشتووان! لاشەمان خۆراکی گورگ و چەقەڵ نەبووە؟! بۆ تۆ تۆ هەر هاوڕێیەکت بووە؟

دەتۆ گوێ بگرە.. دەنگ و قسەشی هەر لەو دەچێ.. ڕەنگە پیریی پەکی خستبێ، بەڵام دەنگی وەک خۆی ماوە.. ئەی ناڵێن: دەنگ لە هەوادا پەرت نابێ.. ناتوێتەوە.. دەگوێی لێبگرە:

– لە کێ دەچوو.. ناسیت؟

– کتومت.. ئەو بوو.. تۆش دەتناسی

– کێ بوو؟

– پیاوێکی دەست و دەم و داوێن پاک بوو!

– ئا.. منیش دەمناسی؟!

– دانیشتن و کۆبوونەوەکانی تاموچێژێکی تری هەبوو!

– لە ساڵانی کاری نهێنیدا.. کارە گرینگەکانی پێ دەسپێردرا.. بڕیارە تایبەتییەکانی دەپاراست.

– .. تا شەهید بوون.. ژنی نەهێنا..

– ئەوەند جێی متمانەی سەرکردایەتی بوو.. لە کاتی تەنگانە و کاری نهێنیدا.. شانەی ئافرەتانی پێ دەسپێردرا.

– ئەویش تەنیا..

– حەمید

– باتاسی بوو!.. بیرمە.. لەم ناوە ناشتمان!.. لە گۆڕە بێ کێلەکانە.. ئا.. ئەوە.. نا.. نا.. ڕەنگە ئەوەبێ..

– پێخوست تەختی کردبێ..

– لەبیرمە لای ئەم دار بەڕووە ناشتمان..

– خوا دەزانێ!.. شوێنەواریشی نەماوە!!

– چەکداری خۆیان لەگەڵ ناردین.. لەژێر باڵی تاریکی، مەرەخەسیان کردین.. بە دزییەوە گۆڕمان لێدا، بە جلوبەرگی خۆیەوە ناشتمان.. لەگەڵ پڕکردنەوەی گۆڕەکە.. تاشە بەردەکان جووڵان.. گۆڕەکە ڕما..

– چەکداریان بۆ نارد؟ خۆ زیندوو نەدەبووەوە؟!

– نەوەک لاشەکەی ببەینە مزگەوت، بیشۆین.

– کفنی بکەین و نوێژی لەسەر بکرێ.

– هەروا نەبوون؟!

– نەیانهێشت دوو بەردی بۆ بکەینە کێل!

جا.. کێلم بۆ چییە!.. گۆڕی من، گۆڕی بێ گۆڕستانە، کێل بۆ خۆ پەرستانە.. کەی بیرم لەوە کردووەتەوە؟! ئەوەندەم بەسە، ددانی خێرم پێدا دەنێن.. کارەکانم دەڵێنەوە.. ئەگەر مان و دەستتان ڕۆیشت.. لە لاپەڕەکانی یادداشتانا تۆمار دەکرێم.. گۆڕی گۆڕستانە بێ کێلەکان، لە مێژووی بوونماندا بەشانازییەوە دەنووسرێ.. بیرتە پێت وتم:

(– .. تاکەی بە تەنیا دەژی.. دەبێ ژنێکت بۆ بێنین

– .. تا ڕزگار نەبین.. ژن ناهێنم!

– .. بۆنی پێوە ناکەی!!)

جا.. خۆ.. بۆنم بە خاکەکەمەوە کرد..من و خاک یەکترمان تەواو کردووە.. بەس.. تۆزێ لەسەر سەرو سینگم لاچن ئازاری لەشم مەدەن.. جاران حورمەتی گۆڕ زۆر بوو.. خەڵکی بە دەستنوێژەوە دەچوونە گۆڕستان.

– دەبێ ئەو کۆمەڵە خۆڵە نەبێ؟

– لە تازە دەچێ.. خوا دەزانێ گۆڕی چ بێ نەوایەکە..

– ئەی ئەوەیان..

– لە کۆن دەچێ!

– لەبیرمە.. زۆر چاک لەبیرمە..نزیک کێلێکی تازە هەڵنراوبوو.. ناوی مردووەکە.. ناوی.. نایەتەوە بیرم وەی قاچم.. پەراسووەکانم.. سەیری بەرپێتان بکەن.. جەستەم لەژێر پێتانا دەناڵێنێ.. بۆ سەیری بەردەمی خۆتان ناکەن.. گوێتان لە ناڵە ناڵم نییە؟! بۆ بستێ لەم گۆڕستانە ماوە، مردووی لێ نەشاردرابێتەوە؟! دوور نییە، ئەم مەیتەی هەمووتانی کۆکردووەتەوە.. لەسەر لاشەیەکی تر بنێژرێ!.. وەی سەرم.. دە قاچتان لابەن.. کورینە.. گوێتان لە دەنگم نییە؟ یان خۆتان غەشیم دەکەن! خۆشتان لێهاتووە.. ئەی من بۆ چرپەشتان دەبیسم.. وەی سەرم.. هاورێ.. سینگم.. لەسەرم لاچن.. نا..نا.. لامەچن.. ئێوە بمشێلن باشترە، نەک پۆستاڵێ!. ها.. ها.. ئەوەندەی لەبیرم مابێ، هەر خۆمان.. خۆمان شێلاوە.. حەیاو حورمەتی یەکترمان

بردووه.. پۆستاڵمان بەخۆمان فێرکردووە!! ئاگاتان لێم بێ!..

جا .. با.. بزانن.. لەسەر گۆڕەکەمن.. چیتان پێدەکرێ! کێ دەڵێ ژیانی ئێستایان، لە دواساتەکانی من خراپتر نییە؟! نا.. نا.. سوپاستان دەکەم کە منتان لەبیر نەچووە!.. منیش پەری نەبووم.. وەک هەموو، کەموکوڕیم هەبووە.. هەڵەم کردووە.. هەندێ جار.. خۆپەرستانەش ڕەفتارم کردووە.. بەڵام.. کە دواجار تووشی (ڕەببیە)کە هاتیمە. دەبوو یەکێکمان ڕێی دەرباز بوون تاقی بکاتەوە.. ئەگینا.. هەموو.. لەناو دەچوون!.. من.. لە هەموویان پیرتر بووم.. ئەوان گەنج و تازە پێگەیشتوو بوون.. کاری تریان پێدەکرا.. نەمهێشت هیچیان بچن..

– ئەم گۆڕەی بەر پامان نییە؟! کێلەکە ئەو ناوەی لەسەر نەنووسرابوو؟

– ئێمە لەسەر..

– با.. تۆزێ دوور کەوینەوە..

– خێرا.. خەڵکەکە بە چینچکانەوە، گوێیان لە تەڵقینە..

– تۆزێ دوورتر..

– نابێ.. نابێ.. تا مەلا..

– کێ ئاگای لە ئێمەیە.. هەموو لە پێشەوە کۆمەڵ بوون.


– .. دەیانەوێ.. لە تەلەڤزیۆنەکان دەرکەون!

– ئەی بە خۆڕایی.. ئەو پاڵە پەستۆیەیان دەکرد!

ئەوە چ دەڵێن.. تەلەڤزیۆن.. کامێرا.. بۆ کێ مردووە؟! دەبوو بزانم ئەم هەموو خەڵکە بۆ پیاوێکی دیار.. ژنێکی.. نا.. نا.. ژن.. نا.. ئەم ناشتنە.. لەم گۆڕستانە.. سەیرە!.. دەبێ هیچ گۆڕانێ ڕووی نەدابێ؟ ڕەنگە گۆڕستانەکان پڕ بوو بنەوە و بە گۆڕستانە کۆنەکانا بچنەوە.. هاوڕێ، چی دەکا لێرە؟ دەبێ.. هەنگاوەکان، خوێنەکان، ئارەقەی جەستەکان.. بەریان نەگرتبێ.. بڕوا ناکەم! بۆ؟.. کەی بێ هیوا بووم.. لە ساتەکانی گیاندانیشدا.. خوێنی جەستەم، لەبەر مانگەشەو دەبریسکایەوە.. ڕێی پاشەکشێی هاوەڵانی خۆش کرد..

– ئەل فاتیحا

**هەولێر: کانوونی یەکەمی ٢٠١٣**



# کەسێ منەی خۆی دەکات

**جەلیل کاکەوەیس**

لەوەیە گەر بوترێ کەسێ خۆی ون کردووەو بەشێکی لەتەمەنی خۆی وێڵ و سەرگەردان بەدوای دۆزینەوەی خۆیدا خەرج کردووە، بەکارێکی نەکردەنی و سەیروسەمەرە بێتە بەرچاو، هاوکات گەر ئەو کەسە پرسیارێکی ئاوهایشی لەخۆی کردبێت " ئەرێ من هام لە کوێ و لەسەر کام سەر زەمینم؟".

ڕەنگە دەسبەجێ خەیاڵ بەرەو ئەوە بچێت کە ئەو کەسە دەستی لەدنیا بەرداوە و هەموو هۆشوگۆشی لەخاڵ و پنتێکدا قەتیس بووە، ئاوهاش پێوەندی بە ڕووداو و سەردەمەکانەوە نەماوە. دەی وا ڕووی دەم دەکرێتە دەروونناسێکی وەک تۆ، بێ گومان یەکسەر دەڵێیت، (کەسێکی حەسرەتبار و خەمزەدەی ئاوها دەبێت هەموو یادگەی کوێر بووبێتەوەو تەنها لەسووچێکی تۆمارەکانی تەمەنیدا ڕەشاییەک دیارە و دەشێ هەموو حەسرەتەکانی لەو ڕووبەرە تەڵخەدا قەتیس بووبێت و تەنها ڕووداوێک و چەند ڕوخسارێکی تێدا مابێت).

دەی وا حەکایەتی ئەو کەسە ونبووە بەتۆی دەروونناس دەسپێرم تا هەنگاو بەهەنگاو دوای ڕەفتارەکانی بکەویت و هەرچی گرێ کوێرەی دەروونی هەیە، هەرچی کەسەر و حەسرەتێ لەدڵیدایە، ئاشکرای بکەیت. لەوەولا سەرلەبەری حەکایەتی ئەو کەسە ونبووە، وەک چیرۆکی دەیان ونبووی تری سەردەمەکەمان دادەڕێژمەوە و ڕەنگە تەنها دەستکاری ڕیزبەندی کات و وردە کەرەسەکانی چیرۆکەکە بکەم، ئەگینا چ دەخلێکم بەسەر ئەو هەڵوێست و ڕەوتارانەی (دیرۆک جەمالەدین کوردە)وە نییە کە تۆ پەنجەنومایان دەکەیت. لەوەش دڵنیام هەر ئەوەندە هۆگری دیرۆک بوویت، ئیدی تا نەگەیتە ئەنجامێک دەستبەرداری نابیت و وەک سێبەر لێی جیا نابیتەوە. ئیدی تا ئەو ساتەی دیرۆک خۆی دەدۆزێتەوە، تۆی دەروونناس، وتیاری چیرۆکەکەیت.

مـەزەندە بۆ ئەوە دەچێت، کـاتـی بێ سـەر و شـوێن بوونەکـەی تەمـەنی نۆزدە ساڵ بووە، بەگوێی خۆمـیش گوێم لێی بوو بەدەم ڕێوە و بەدەنگی بەرز هاوارێکی وەک ئەمـەی دەکرد، (من دیرۆکم، گەڕاومەتەوە تا سۆراغی خۆم و ئەو کەسە ونبووانە بکەم کە سەردەمێکە لەیادی کەسێکدا نەماون، ئاخۆ دەمناسنەوە، یان لەزەینی ئێوەدا من کەسێکی مردووی دەست لێ شۆراوم و قەوماوەکانی ئەو سەردەمەم لەگەڵ خۆمدا بەرەو قووڵایی گۆڕێکی بێ ناوونیـشـان شـۆڕکـردووەتەوە. گـەر ژیان و ڕابردووی خـۆمـیش بیـر چووبێـتـەوە، ئەوە ڕۆژی بێ سـەروشـوێن بوونەکەی خۆم قەت بیر ناچێتەوە، نا..نا، هەرگیز بیرم ناچێتەوە..).

گـریمانەی وتنێکی ئاوها ڕەنگە بە وڕێنەیەک بچێت، بەڵام من وەک دەروونناسێک هەمـوو ڕەوتار و گوتنێکی دیرۆکم ئەم دیو و ئەو دیو کرد، بووم بەسێبەری ئەو و وەک هەنگێک چۆن لەنێـو پەڕەکـانی گـوڵێک خـۆی مـژوولی هەڵمـژینی هەڵاڵە دەکـات، ئاوها چوومە نێـو پێـچـەکـانی یادگـەی دیرۆکـەوە و لەگـەڵ خـۆی و سەردەمەکەی و قەوماوەکاندا ژیام. وەک ئەویش چارەکە سەدەیەک خۆم بێ سەروشوێن کرد، تا ئەو ڕادەیەی بڕێ جار کتومت خۆم بەدیرۆک دەزانی، ئاخر من بەڵێنم دابوو کـە کـەرەسـەی چیـرۆکـێک بخـەمـە بەردەست چیـرۆکنووسـێک. دیرۆک وەک ئەوەی خـەو و خـۆراکی بیـرچووبێـتـەوە بەردەوام وەک سـەرگـەردانێک بەڕێوە دەرۆیشت و سـەردەمـەکـەی خـۆی دەور دەکـردەوە، (من دیرۆکم و نەمـردووم، بۆیە پشـتـم لەزێد و باوان کـرد تا چیتر جەنگە تورەهات و بێهوودەکان بەچاوی خۆم نەبینم، تا ئیتر گوێم لەقاقای شەڕانگێزەکان نەبێت کە لە کۆتایی هەمـوو جـەنگێکدا بێـبـاکـانە دەیانگوت خـوێنی ئەم جەنگاوەرە گەمژانە خاکی کێڵگەکانمان بەپیت دەکات، تا ئەوان نەمـرن ئێـمـە جاویدان نابین. ئا ئا، بۆیە چەندین هەفتە و مانگ و ساڵ هەموو قەوماوەکانم وەک بارێکی قـورس بەکـۆڵمـدا دا و چیـاو دۆڵم گا سـەرەو ژوور و گـا سـەرەو خـوار بڕی، چەندین دەریای پڕ گـەرداوم شـان بەشانی نەهەنگ و ماسی قرش بڕی، وەک کۆلۆمبسێکی سەرگەردان بەسەر چەندین سەر زەمـینی نامۆ و نائاشنا تێپەڕیم، تا چیتر دڵۆپە خوێنێکی ڕژاو بەچاوەکانی خۆم نەبینم. ئیـدی لەوساوە بووم بەتیکەیەک و قـووت درام، بووم بە بەردێک و کـەوتمە نێـو دەریایەکی بێ بنەوە. زۆر جـار وام هەست دەکـرد کـە بووم بەهەڵمـێک و تێکەڵی هەورەکـان بووم، بەڵام ئەوسـا و ئێـسـتـاش بەسـەر هیچ خـاکـێکدا نەباریم. خـۆم دەزانم هەمـوو بیـرەوەرییـەکـانم سڕاونەتەوە و بێجگە لەسەردەمی قەوماوەکانی چارەکە سـەدەیەک لەمـەوبەر و دیمەنی سـوورهەڵگەڕانی تاشـەبەردەکـانی سـەر بەرزاییـەکـە هیـچی ترم لەیاد نەماوە.).

من دەزانم کۆکردنەوەی کەرەسەی چیرۆکێک کاری من نییـە، کـاری من تەنهـا شـیکردنەوەی باری دەروونی دیرۆکـە تا بگەمـە ئەو ئەنجـامـەی هۆکـاری ناجـۆری ڕەوتارەکـانی چییـە، تەنانەت سـاتی مـردنەکـەی، یان ونبوونەکەیشیم نەدەزانی، بەڵام منێک وەک سێبەر شان بەشـانی بڕۆم چۆن لەزاری خۆیەوە مـوو بە مـوو ئاوێتـەی حەکایەتەکانی نابم. ئاخر بەچاوی خۆم دەمبینی وەک ژەم مـردەیەک بەپەرۆشـەوە دەیەویست تەمـەنی چارەکـە سـەدەیەک لە چەند سـەعـاتێکدا قـەرەبوو بکاتەوە، وەک ئەوەی چاو لە کەسانێک بگێڕێت تا بەدرۆیان بخاتەوە و بڵـێت(من دیرۆکم و نەمـردووم!). ئاوها زوو زوو ئاراستەی ڕۆیشتنەکەی دەگۆڕی، ماوەیەک لەکۆڵانێکدا ون دەبوو، دواجار لەکۆڵانێکی ترەوە سەری هەڵدەدایەوە. بەم جۆرە دەمبینی زۆربەی کۆڵان و شەقامـەکانی شاری تـەی کـرد تا لـەحـەناس دیـوارێکی درێژدا بە پشـووسـوارییەوە هەڵوەستـەی کرد. گـوێم لێی بوو لەبەر خـۆوە دەڵێت، (ئەمـە دیواری ئەو فێـرگـەیەیە کـە چەندین جار ناوگۆڕکێی پێ کرا: زێوەر..ئەندەلووس.. زێوەر. ئاه زێوەر دەبێ لەمـەولا چەندین ناوی ترت لێ بنرێ! ئاه زێوەر، یادگـەی زمـانە جـۆراوجـۆرەکـانی سـەر لاپەڕەی کتێبە ڕەنگاوڕەنگەکانی زارۆکان!).

ئاگـام لێ بوو بەسیـمـایەکی پەژمـووردە و حەپەساوەوە نیـگای تکانە سـەر نووسـراوی ژێر یەکێ لەو ڕیزە پۆستـەرەی کـە بە دیوارە درێژەکـەوە لکێنرابوون «دیرۆک جەمـالەدین کـوردە». بینیم دەستی برد و ناسنامـەکـەی لەگـیـرفـانی دەرهێنا - ڕەنگە ئاگـای لەوە نەبێت کـە ناسنامـەکـەی هی سـەردەمـێکی ترە و ئێـسـتـا کـاری پێ ناکرێ - دەبینم نیگای لە نێـوان ناسنامـەکـەی دەستی و ئەوەی ژێر پۆستـەرەکە دەهێنێت و دەبات. سەر با دەدات وڕە وڕێک دەکات: (ڕەنگە ئەمە ڕێکەوت بێت، زۆر جار

چەندین ناو لەیەک دەچن!). وای بۆ دەچم بەم قسەیەی خۆی دڵی ئاو ناخواتەوە، بۆیە پیتەکانی ناسنامەکەی دەستی و ئەوەی ژێر پۆستەرەکە دەژمێرێت (خۆ لە هەردووکیاندا ژمارەی پیتەکان نۆزدەن! ئەمە چ هەڵگەڕانەوەیەکە تەنانەت ناوەکەی خۆمیش لێم هەڵگەڕاوەتەوە! ئاخر چی منی گەیاندووەتە سەر ئەم دیوارە کەڕ و لاڵە ها..!؟).

لەوسەری دیوارەکە لەحەناس پۆستەرێک خۆم مژوول دەکەم گوێ هەڵدەخەم و بەتیلایی چاو تێی دەڕوانم. دەبینم چاو بەهەموو پۆستەرەکاندا دەگێڕێت، «زۆربەی ئەم ناوانە لەیەک دەچن، ئەمەش شتێکی سەیر نییە، ئەوە هەزار و چوار سەد و سی و ئەوەندە ساڵەیە ناوەکان وەک خۆیان دووبارە دەبنەوە، هەزاران کەس ناویان لەسەر یەک ڕیتم دەڕوات و ناگۆڕێت، تەنانەت ڕەوتار و گەمە نەگریسەکانیشیان هەر لەیەک دەچێت، ئاهەهە! بەڵام هیچیان لەناوەکەی من ناچن، هەر بۆیە... ئاهەهە!!».

گەڕایەوە سەر ئەو پۆستەرەی کەناوی دیرۆکی لەژێر نووسرابوو. هەستم کرد گوێم لەدوو دەنگە، ڕیتمی دەنگەکانیش زۆر لەیەکتر دەچوون، چاویشم لێ بوو دیرۆک دەمی کردووەتەوە و بەدڵ و کوڵ گوێ ڕادەدێرێت، «باوەڕ بەم پۆستەرانە مەکە. ئەمانە ساڵە و ساڵ لەسەر ئەم دیوارە دادەنرێن، گەر دەتەوێ شوێنی ڕاستەقینەی خۆت بەناو و شۆرەتەوە بزانیت، بڕۆ لەسەر کێلی ئەو گۆڕانە لەناوی خۆت بگەڕێ کە لەسەر گردە بەرزەکە مەرگی خۆتت دی.» – ئەمە لەکاتێکدا گەر گۆڕی هەبێت و مەتر و نیوێک زەوی لەم خاکەدا پێ ڕەوا بینرابێت – ئەمەم لەبەر خۆمەوە گوت.

وای بۆچووم کە دیرۆک بیر لە ڕیتمی دەنگەکە دەکاتەوە و نایباتەوە سەر دەنگی هیچ کەسێک. ئەم جارە گوێم لە دەنگێکی بەرز و نزیک بوو. ئیدی منیش و دیرۆک لە یەک کاتدا سەرمان هەڵبڕی. پیاوێکی میانە باڵا و سەر و ڕیش ماشوبرنج لەو سەری دیوارەکەوە بەرەو لای دیرۆک دەهات و ڕووی دەمی تێکرد:

– کەسێکت لەپۆستەرەکان ناسییەوە؟

– نەخێر.

– هونەری پۆستەر، هونەرێکی باڵایە و مرۆڤ بەزیندوێتی دەهێڵێتەوە.

–... (ڕەنگە ئەمیش من بەمردوو بزانێت).

– گەر کەسێکی ونبوو، یان بێ سەروشوێنت هەیە، وێنەیەکی و ناوی تەواوی بێنە تا هێلکارییەکی وەک ئەمانەی بۆ بکەین. ئێستا ئەم دیوارە ناوی لێ نراوە مەزاری ڕوحە باڵاکان، یادگەی پاسەوانانی نیشتمانیشی پێ دەڵێین.

– نەخێر، من کەسێکی وام نییە.

ئەمەی گوت و بەردەم پۆستەرەکەی بەردا. ئەمێستا تەواو لێی نزیک بوومەوە، زانیم وا بەناخی بیرکردنەوەیەکدا ڕۆدەچێت، «ئاخر دەبێت کێ هەبێت لەم پۆستەرە کە ناوی دیرۆکی لەژێر نووسراوە، لە منی دیرۆک نزیکتر بێت، کەچی وا خۆم بەخاوەنی ناکەم. سەیرە کەسێک نامناسێتەوە! ئاخر گریمان گوتم بەڵێ ئەو پۆستەرە شێواوەی تۆ دروستت کردووە، ئەوە منم، منی مردووی دەست لێ شۆراو، بەڵام زیندووی شایەتحاڵی هەموو کەتن و جەنگەکان، چ دادێکم دەدات..! نا..نا، باشتر وایە زەمەنێکی تریش ئەم دیرۆکە مردووەی قەد ئەم دیوارە کەڕ و لاڵە لەبەر هەتاوی سوور و کرێوە و تۆفی چاوان جارێکی دی لەخاچ بدرێ و هەڵقرچێت».

بەجۆرە هەڵچوونێکی کتوپڕەوە گەڕایەوە سەر پۆستەرەکە، وەک ئەوەی سەر زەنشتی بکات بە ڕوخسارێکی تووڕەوە ڕووی تێکرد: «ڕاستە تۆش وەک من ناوت دیرۆک جەمالەددین کوردەیە، نیشانەکەی نێوان هەر دوو برۆت هەمان خاڵە زگماکەکەی نێوان برۆکانی منە، بەڵام جیاوازیمان لەوەدایە تۆ مردوویەکی قەد ئەم دیوارەیت و نقە ناکەیت و کەسێک بەدرۆ ناخەیتەوە کە لەسەر ڕابردوو و خوێنی تۆ هەڵدەئاوسێت، کەچی من دەنگ هەڵدەبڕم و دەڵێم زیندووم. تۆ برەو بەژیانی ئەو کەسانە دەدەیت کە ڕێگای مەرگیان نیشان دایت، بەڵام من حاشایان لێدەکەم و هەتا هەتایە بەزەروویەکی تێرنەخواردوویان دەزانم. تۆ مردوویەکی گوێڕایەڵیت و منیش گەڕاومەتەوە تا بەزیندووبوونی خۆم دنیایەک بەدرۆ بخەمەوە، کەچی تۆ بەمەرگی خۆت ساڵەو ساڵ بکوژانی خۆت خەڵات دەکەیت. ئاە بوونی تۆ بەقەد ئەم دیوارە کەڕ و لاڵەوە نکوڵی کردنە لە زیندوو بوونی من!».

زانیم وا بۆ یەکجاری پشتی لە پۆستەرەکەی دیرۆک جەمالەددین کوردە کرد. من کە دووراودوور دوای کەوتبووم، ئەوەم دەزانی کە هیچ دەخلێکم بە ڕابردووی

ئەوەوە نییە و ئەو خۆی ڕابردووی خۆی دەگێڕێتەوە. گوێم لێ بوو دەنگێک ڕووی لە دیرۆک بوو، یان هەر خۆی بوو سەری باسێکی خۆبەخۆ دامەزراندبوو: «تۆیەک لەم ولاتی مەتەڵ و ئەفسانەیەدا سەرهەڵدانەوەت بە درۆخستنەوەی حەکایەتە دووبارە بووەکانی چارەکە سەدەیەکی پیاوە پۆشتەو قۆزەکانە و هەڵبزرکاندنی خەونەخۆشەکانیانە، تۆ لەم ماوە دوورودرێژەدا شابەیتی شیعری شاعیرەکان بوویت، شاکەسی ڕۆمانە بەپەلە نووسراوەکان بوویت، ئیدی چۆن زاتی ئەوە دەکەیت بەم زیندوو بوونەت دنیایەک بەدرۆ بخەیتەوە! بگەڕێوە دیرۆک، بۆ شوێنە نەدیوەکانی جارانت بگەڕێوە..».

بە پەشۆکاوییەوە پێی پەلە هەڵدەگرێت، دەیەوێ لەو تارماییە سێبەر ئاسایەی شانی دوور بکەوێتەوە کە قسەکانی وەک دەرزی بەجەستەو مێشکیدا ڕۆدەچن، بەلام بێ سوودە لەگەڵ خێرایی هەنگاوەکانی ئەو، خێراتر دەبێت و بێ پسانەوە هەر قسان دەکات «ئەمێستا تۆ عیسایەکی تاک و تەنهایت و دەمێکە ڕوحت لەسەر ئەم زەمینە نەماوە و لە بۆشایی ئاسمانەکاندا لەموڵەق وەستاوە. جا بۆ ئەوەی لەمردنی خۆت دڵنیا بیت، برۆ بەچاوی خۆت نووسراوی سەر کێلی گۆڕەکەی خۆت بخوێنەوە کە ناو و ڕۆژی مردنەکەتی لەسەر تۆمار کراوە، ئیدی دەست لە سۆراغ و منەکردنی خۆت هەڵدەگریت. ئەی نابینیت بەهەر شوێنیکدا بڕۆیت دەیان دەمت لێ دادەپچڕێن: بڕۆ تۆ درم و پەتات بۆ هێناوین. بڕۆ تۆ بۆنی سەردەمێکی دیکەت لێدێت...!».

بەسەرێکی پڕ لەئاشووبەوە دەڕوانێتە ئەو هەموو دەمە داپچڕاوە و وەک بێ زمان و بێ گوێیەک سەر ڕادەوەشێنێت و پێیەکانی بەزەوییەکەدا دەکوتێت. وەک ئەوەی لەنکاو یەکێک نوقرچێکی لێ بگرێت، ساتێ لەشوێن خۆی ڕای دەگرێت، «دیرۆک، وا دیارە ئەزموونی مردن و بێ سەر و شوێن بوونەکەت تەنها فێری ئەو لۆژیکەی کردبیت، کە مادام لاملی دەکەیت و لەسەر منەکردنی خۆت سووریت، کەواتە تۆ هێشتا نەمردوویت و زیندوویت، بەلام بێ ئەوەی هەستی پێ بکەیت، ئەمە دووبارە مردنەوەیەکی ترە، چونکە ئاوها کۆمەڵە نوستوویەکی نەیار لەخۆت وەئاگا دێنیتەوە. ئاخر تۆ لای ئەوان لەهەموو تۆمارەکان سڕدراویتەوە، تەنها تۆمارێک کەناوی تۆی پاراستبێت، تۆماری ڕوحە بالاکانە و ئەویش لە ڕابردوویەکی لەبیرکراو و دوور دوورە..».

ئەمێستا ئەوەندە تێکەڵی دیرۆک ببووم وەک ئەوەی بووبێتمە گەردێکی یەکجار بچووک و لەگەڵ هەناسەدانیدا بۆ نێو سییەکانی و خوێن و مێشکی دزەم کردبێت، ئاگام لە هەموو غایلەکانی بوو، زانیم کە مێشکێکی کارا و بزێوی هەیە، پڕە لە حەسرەتی عومری بابردوو، زانیم هێشتا مێشکی هیچ گەمەیەکی نەگریسی ئەم سەردەمەی تێدا نییە، دەمزانی تەنها بیری لای جەنگە تورەهات و بێهوودەکانی سەردەمەکەی خۆیەتی، بیری لای ئەو تاشە بەردە سوور هەڵگەڕاوانەیە کە لە بەهاری سەردەمەکەی ئەودا ڕەنگیان لەگوڵاڵە سوورە تازە پشکوتووەکان بڕیبوو، بیری لای ئەو دەیان کەسە بوو کە بە ڕیز بەدوای یەکدا دەڕۆیشتن و بەرەو تاشە بەردە سوورەکان دەچوون، تا سۆراغێکی ئازیزەکانیان بکەن، کەچی بینیبووی کە حەشاماتەکە بەرەو شار گەڕانەوە، لەبری ئازیزەکانیان هەر یەکە و پریاسکەیەکی پڕ لە ئێسکوپروسکی بەدەستەوە بوو. کەدەڕۆیشتن، بێجگە لە خرەخری ناو پریاسکەکان چ دەنگێکی تر نەدەبیسترا. خرە خرەکە تا دەهات دەنگی هەمەجۆری لێ پەیدا دەبوو، گریان، ئاه و هەناسەی سارد، پێکەنینی شێتانەی سەرەمەرگ. هەریەکێ لەپریاسکە بەدەستەکان گوێی هەڵخستبوو تا دەنگی ئازیزی خۆی بناسێتەوە.

دیرۆک وەک ئەوەی تەواو گەڕابێتەوە بۆ ئەو ڕۆژی پەسێنە و گوێ بەگوێی خەڵکەکە هەستی ڕاگرتبێت، تا دەنگی خۆی بناسێتەوە، لەپڕ لەخۆی دەپرسێت: «ئەرێ تۆ بڵێیت لەو ڕۆژەدا کەسێ هەبووبێت گوێی لەدەنگی من بووبێت؟ یان لەو ساتە بەدواوە نەکەسێ دەنگەکەمی بیست و نە ئێسکوپروسکەکەمیش خرایە نێو پریاسکەی دەستی کەسێکەوە تا لەگەڵ ڕوحەبالاکاندا لەسەر زەمینێک لەنێو چاڵێکدا لەبەر چاوان ونم بکەن!!».

دەمێ بوو دیرۆک پشتی لەئاوەدانی کردبوو، ئیدی ئەو بەهیچ جۆرێ ئاوڕی نەدەدایەوە، منیش دوورونزیک شوێنی کەوتبووم. دیسان لەنزیک ئەوەوە گوێم لە دەنگەکە بووەوە، ئیدی نازانم هەر خۆی بوو کە خۆی دەدواند، یان دەنگێکی تر بوو، کە دەیگوت: «ئەوە لە شوێنی مەبەست نزیک بوویتەوە، وا لەو گردە بەرزە نزیک بوویتەوە کە تاوێرە سوورەکانی سەر ترۆپکەکەی وەک کۆمەڵە ئاسکێکی ئەنگێوراو لاڵ و پاڵ کەوتبوون.


ئەو گردە لەوساوە کە تۆی لێ ون بوویت، چەندین ناوی لێ نراوە، مەزاری ڕوحەباڵاکان، کەمپی پشکنینی کانەکانی ژێر زەوی، تەلارە سەرکەشەکە. دواناویشی بووەتە دنیای خەونەکان و لەو بەهەشتە دەچێت کە بڕواداران بۆ خواردنەوەی دڵۆپێک لەئاوی زوڵاڵی جۆگەلەکانی و بیستنی چەه چەهە و خوێندنی ئەو باڵندانەی کە لە کیشوەرەکانی ئەو سەری گۆی زەوییەوە بۆی هێنراون، شەو و ڕۆژ نوێژ و نزا دەکەن».

کاتێ دیرۆک لە چێشتەنگاوێکی درەنگدا گەیشتە پاین گردە بەرزەکە، وەک ئەوەی بە شەوارە کەوتبێت، ماوەیەک بەرپێی خۆی نەبینی، بریقوباقی شووشەبەندو ڕەنگە گەرمەکانی تەلاری خەونەکان ئاوی چاویان برد. ماوەیەک چاوەکانی لێک نا، کە چاوەکانی کردەوە نیگای لەترۆپکی تەلارەکەوە بەرەو دامێنی گردەکە شۆڕکردەوە، هاوکات لەگەڵ نیگای ئەمدا شەپۆلێک لە ڕەنگی هەمەجۆر بەرەو لای ئەم داکشاو هەموو ڕەنگەکان یەکیان گرت و ڕەنگێکی سوور سووری ئاڵیان پێکهێنا. ڕەنگە سوورەکە وەک شلەیەکی خەست بەسەر کۆمەڵە تاوێرێکی دەوروبەریدا پەرت بوو. کە ورد بووەوە زانی ئەمانە هەمان ئەو تاوێرە سوورانەی سەر ترۆپکی گردەکەن و ئێستا وا بەرەوخواری خوارەوەی ڕامالڕاون. کە پتر دیقەتی دا لەنێو تاشەبەردەکاندا کۆمەڵێ کێلە گۆڕی شکاوی بینی، یەکە یەکە چاوی پێیاندا گێڕا، لەسەر یەکێکیان نووسراوێکی خواروخێچی خوێندەوە: دیرۆک جەمالەددین کوردە. پڕ بەگەرووی هاواری کرد: (من نەمردووم، ئێوە درۆ دەکەن... ئەمە درۆیە..درۆیە!!).

چاوێکی پڕ لەگازاندەو نیگەرانی بەرەو تەلاری خەونەکان هەڵبڕی، تەلارەکە وەک کەشتییەکی تێکشکاو هاتە نێو نیگایەوە، کە لەنێو گەرداوی دەریایەکی بێ سەر و بندا بەلادا دەهات و هەر جارەو لایەکی نوقم دەبوو.

**مانگی ٦، ٧ی ٢٠١٣**

**گەڕەکی ڕۆشنبیری- هەولێر**



# هەزار داستان

حەمەدەمین شامحەمەدی
(بۆکان)

قەتم بیر لەوە نەدەکردەوە لەگەڵ وەها حەقایەتخوانێک ئاشنا بم کە سەرەڕای ئێسک سووکی و لەبز شیرینییەکەی، حەقایەتێکی وام بۆ بگێڕێتەوە کە لە هیچ وڵاتێکدا نەبێ، یان زۆر کەم هەبێ. ئەو ڕۆژە لەگەڵ دۆستی زۆر خۆشەویستم، "کاکەبلی"، بەنێو شاردا دەگەڕاین و ئەوەی ڕاستیش بێ لە سەرخۆشیدا کەڵلەمان تەمی کردبوو. ئەو لە دۆزینەوەی کەسایەتییە سەیروسەمەرەکان ودمی هەبوو، یانی بەڕاستی خودا پێداو بوو؛ چون زۆر زوو لەگەڵیان تیکەڵاو دەبوو و ئەوانیش سفرەی دڵی خۆیان بۆ هەڵدەڕشت، بەڵام ئەم جارەیان من دیبوومەوە، ڕەنگە ئەوە یەکەم جار بوو بەبێ شەرم و بەئیشتیا کەسێک بخەمە بەرچاوان و هەنگاو بە هەنگاو بە دوویدا بڕۆم. پێم وایە بە دەنگێکی بڕێک بەرزەوە هەرام کردبوو: ئەوەیان لەخۆم گاتەوە تۆ چاوکە کاکەبلی تۆ چاو!

بەڵام ئەو هەرچەندە چاوی زیت کردبووەوە و لەچۆنیەتی ڕۆییشتنەکەی ڕامابوو، بیری لە شوێنێکی دیکە دەخولایەوە. هەر چۆنێ بوو حاڵیم کرد و سەرنجیم هێنایەوە سەر ئەو لارولەنجەیەی گۆڕیبوومی.

– بەڕاستی وایە ئەمەت چۆن دیتەوە، عەجەب سووژەیەکە!

– مەگەر پیاو کوێر بێ دەنا چۆن دەتوانێ ئەم ڕۆینەیە نەبینێ و شەیدای نەبێ.

– بەخودا کاری شەرابە کۆنەکەیە، دیوتە چەند هۆشیاری؟

ڕاستی دەکرد، ناحەقم نەبوو، بۆ یەکەم جار بوو پیاوێکم دەدیت هێندە ژنانە بە ڕیگادا بڕوا، ژنانەتر لەژنان! جلەکانی ئاسایی بوون، کەواو و پاتۆڵێکی مرادخانی فشی لەبەردا بوو کە دوگمەکانی لای سەرەوەی کرابوونەوە. پشتوێندەکەی شل بەستبوو. قژێکی ڕەنگ کراوی بەمۆدی هەبوو کە لەنێوان ژنان و پیاوانەکەیدا مابوومەوە. لە نەکاو بەسەر وەرسووڕانێکی بەئانقەستە، مووی کاکۆڵی بەپرتاو لەسەر هەنیەی فڕێ دا دواوە و پاش کەمێک دیسان ئەم

کارەی کردەوە.

کاکەبلی بۆ دووەم جار کوتی: ماڵم قەبرە عەجایەبە. جا چاو، شایکە! ئەو لامەسەبە!

بەبڕێک سەرنجەوە تێگەیشتین کە چاو و برۆی چیهای کار لەسەر کراوە تا وەک لەنجەولارەکەی خەڵک بۆ لای خۆی ڕاکێشێت. بە ئاشکرا جێ تیغەکانی لەسەر ڕوومەتی دەبینرا. بە کورتی ئێمە بەدەم مشتومڕەوە گەیپیشتبووینە پشت سەری و وەک ئەو لەبەر شووشەبەندی کەلوپەل فرۆشییە ئاراییشتەکاندا ڕاوەستابووین. خۆبەخۆ لەسەر شتەکان قسەمان کرد هەر ئەمە وای کرد سەرێکی بەمانامان لێ وەرسووڕێنێ و زۆر ژنانە وەقسەبکەوێت. من دڵنیا بووم کە لەو پیاوە نێرەمووکانەیە کە زیاتری هێزی بەلای ژناندا شکاوەتەوە، کەچی کاکەبلی پێی وابوو ژنێکی عەیبیارە و تەواوی عالەمی لەسەر کار داناوە، بەڵام هەر تاوێک دواتر زانیمان هیچ کارێک بێ حیکمەت نییە، تەنانەت ئەم هەڵکەوتە سەیروسەمەرەیە کە تەنیا لە جوانبینییەوە دەستی پێ کردبوو.

ئەمەبوو بەقسەیەک لە ئێمە و بزەیەک لەو، بووینە هاوڕێ. بە ناباوەڕییەوە قەدەممان لێدەداو دەتگوت بە ئاسماندا دەگەڕێین. هەوڵێ پێمان وابوو تەواوەتی عالەمی نێو شەقام سەیرمان دەکەن، یان وامان دادەنا کە هەر ئێستا چیهامان لەو بابەتەوە بۆ هەڵدەبەستن.

ئیتر بۆمان دەرکەوتبوو ئەم پیاوە سەرنجڕاکێشە، ژنێکی تەواو تەواوە. وردە وردە خەجاڵەتیمان دەکێشا، بەڵام ئەمە کارێ بوو تووش هاتبووین و دەبوو تەواوی کەین، بۆیە پاش ئەوەی زانیمان ئەویش لەوپەڕی تامەزرۆییدایە و خودا خودایەتی وە قسە بێت، دواندمان. هەڵبەت ئەمە پاش پیاسە و گەڕانێک بەنێو شاردا بوو، کە دواتر لەبەر دەرکەی "شارەوانی کۆن" دانیشتین.

کاکەبلی بە شێوەی خۆی بردییە خەیاڵەوە و گەڕاندییەوە بۆ ئەو سەردەمانەی تازە پێ گەییشتوویەک بوو. بەژنێکی شووش و باریکی وەک نەمام، سرک و سڵی مامزی کێوان، جوان وەک پەری. کاتێک بە ڕێگادا دەڕۆیی لاوەکانی بەدووی خۆیدا ڕادەکێشا، ئەگەر هەتا ئەوسەری عالەمیش چووبایە دەچوون و ماندوو نەدەبوون، بەڵام باوەکو هەموو شەیدای بوون و ئەویش دڵی دەرفاند، زۆر تەمادار نەبوو یەکیان جیاکاتەوە و لەگەڵی بێ.

پێشتر بڕیاریان دابوو، کوتبوویان، دەبێ ژن بۆ کاکی بکات کە سەرەڕای ئەوەی فەقیرۆکەیە تاقانە و بێ کەسیشە. دەبوو لەخۆبوردوویی هەبێ و خۆی لەپێناو کاکیدا بەخت کات.

کوتی: چارەنووسی واوالێکراو زۆر زوو بەشووی دام. کردمییە بووک. بەسەر ئەسپی سپییەوە دەگریام. لەو جێگایەی زەویوزاری دێیەکەمان لەگەڵ گوندی سەروومانەوە جیا دەبووەوە، ئاڵوگۆڕیان کردین. ئەوەی جڵەوی ئەسپەکەمی گرتبوو دەبووە مێردم. هەر ئەوەندەم دەزانی کە پیاوێکی باڵا بەرزی بەشانوباهۆیە، بیستبووم کە دەتوانێ کێوێک لەسەر کێوێک دانێ و ئۆف نەکات. دواتر زانیم هەر لە منداڵییەوە بە دێوەکەی حەزرەتی سولەیمان ناسراوە، هەرچی بووبێ بەقەرای ئەم بەهێز نەبووە و ئەوندەش پیاو چاک نەبووە. سەیر لەوەدابوو دەتگوت پەپوولەیە. من پەپوولەم زۆر خۆش دەویست و ئەویش. وردە وردە پێکهاتبووین. ئەو بێ دەنگ دەما و گوێی لە ژیانی پێشووی من دەگرت. قەت بە هیچ تێک نەدەچوو، تەنانەت ئەگەر منی لەگەڵ غەیرەش دیبایە. دەتگوت عەقڵی بەم شتانە ناشکێ. بە ڕاستی خۆشم دەویست، بەڵام بڕێک شتی سەیروسەمەرەی هەبوو کە دەیترساندم. عەیب نەبێ بۆ هیچ شتێک بێ دڵی نەدەکردم. خراپ نا، نا، نا زۆریش چاک بوو، بەڵام زۆر شتی هەبوو کە لەگەڵ خەڵکی دیکە جیاواز بوو. ماڵەکەمان بێجگە لە هۆڵ و کادێن و ئەمانە، سێ دیوی هەبوو. یەکیان ناو ماڵەکەیان بوو کە تازە بە گڵەسپی گسکەسواغ کرابوو، کە هێشتا بۆنی ئاو و گڵ و شێی لێوە دەهات. دیوێک کە بە ژووری دەرەوەیان ناو دەبرد لەسەر ژێرخانێکی کورت دامەزرابوو، کە هەموو دیوارەکانی لە جیاتی گوڵدۆزی، کە هەموو کەسێک بووی، بە ڕەنگی خاوە و خورییەکانیان ڕازابووەوە. یەکیان کە هەمیشەی خودا لێشی دەترسام و خۆشیشم دەویست ئاوابوو؛ دڵنیام بە گسکە سواغی نارنجی دوو پەڵەی ڕاست و چەپیان وا ڕەنگاندبوو کە جێگای زەبرێکی دیکەی گسک بێتەوە کە ئەم جارەیان بەرەنگێکی سوور داپۆشرابوو. لەنێو ئەم ڕەنگانەدا دوو چاو دەبینران. هەر ئەمە نەبوو. لەسەر دیواری بەرانبەریش دوو پەڵەی شین و زەرد هەبوون؛ کە دیسان چاوەکانی پێوەدیار بوون، هەرچی جارێک لە پیاوەکەم

دەپرسی کێ کێشاویەتییەوە چ مانایەکی هەیە، وەها لە دیوارەکان خورد دەبووەوە کە ڕاستە و ڕاست چاوی خۆبیم تێدا دەدیتەوە و لەرز دایدەگرتم. ئەمە دیوی هەردووکمان بوو، ژوورێک مابوو کە تایبەت بە خۆی بوو. هیچ کەس نەبوو چووبێتە نێوی و شتێکی لێ بزانێ. تاقە دەلاقەیەکی بڵندی هەبوو. بە زنجیر دادەخراو بۆن و دووکەڵ نەبێ هیچی دیکەی لێوە دەرنەدەکەوت.

شەوێک دوای ئەوەی خۆم کرد بە خەو، لەجێگاکەی چووە دەرەوە و بە ئەسپایی خزایە نێو ژوورە تایبەتییەکەی، بە هەزار ترس و لەرز خۆم گەیاندێ. جریوە جریوێک دەستی پێ کرد. چوومە فکرەوە و کوتم دەبێ هەڵی دەم!

بەیانی هەرکە هاتە دەرەوە دەم لێ کردەوە و ئەوی بەسەر زارمدا هات ئاوقەم کرد و کوتم هەی بێ شەرەفی پیسوپۆخڵ، هەی دێوەزمەی بێ سەر و زمان! عەیبێ ناکەی شەو نیوەشەو بەتەنیام بەجێ دێڵی؟ بەتەمای چیت، ئەتەوێ من لەگەڵ داروبەرد بخەوم، ها؟ هەی خوێڕی!

من زیاتر لەوە تووڕەبووم، کە لاڵ ببوو. نە کەم و نە زۆر هیچی نەدەکوت، بەڵام کاتێک کە خەریک بوو درگاکەی دادەخستەوە دەنکە فرمێسکی گۆشەی چاویم دیت و بە خۆم کوت دەبێ شتێکی نهێنی هەبێت کە نایەوێ پێم بڵێ. ئەدی دەبێ چی بکەم. دوای ئەوەی بەزیزی هەڵاتمەوە دیوەکەی خۆم، زورە زور گریام. زۆری پێ نەچوو سەبر سەبر لێم نزیک بووەوە، کوتی تۆ هەرچیت بوێ دەتدەمێ، تەنانەت گیانیشم. دەبڵێ!

لەوانەبوو باڵ بگرمەوە، خێرا توراوییەکەم لەبیربردەوە و خۆم هاویشتە باوەشی و فکرێ کە پێشتر کەوتبووە مێشکمەوە و ژنانی ئاواییش لێی بێ خەبەر نەبوون، زیندوو بووەوە، کوتم: پێش هەموو شتێ بڵێ بزانم بۆ لە ئاو دەترسی؟ باشە ئەگەر ناترسی بۆ خۆت ناشۆی؟ دەزانی چ بۆنە دووکەڵ و ئارەقەیەکت لێ دێت؟ تاکەی ناهێڵی ئەو دیوە خاوێن کەمەوە، تۆ شەوانە ئەو تەندوورە بۆ کێ دادەخەی؟

لێرەدا هەستم کرد؛ دیسان خەریکم برینەکانی دەکولێنمەوە و لە خۆمی دەتارێنم. بۆیە کوتم: باشە لە مانە گەڕێ؛ با هەروا بە پیسوپۆخڵی بچییە ناو خەڵکەوە. با ڕیش و سمێڵت هێندە بێت، تا لەبەری پێت دەخشێ. بەمن چی. من ئیتر پێت ناڵێم خۆت بشۆ؛ چون تاقەتی ئەوەم نییە فرمێسکی چاوت ببینم. من ئیتر لەم بابەتەوە قسان ناکەم، بەڵام بە مەرجێ هێندە لە خەڵک، ئەمنیە و ئەم و ئەو ڕا نەکەی، تۆ دەردەکەتم پێ بڵێ بۆ خۆم دەرمانی دەکەم. چون من لە ڕووم نایە داوای دەرمانی دەردەکانی خۆمت لێ بکەم.

کوتی: بڵێ چیت دەوێ تا بۆت بێنم.

من دەمزانی چەندە دڵئاوایە، ئەگەر بمویستایە ئەوپەڕی دنیام بۆ بێنێتەبەر دەستم دەیکرد. باوەڕ بکەن دەیکرد. دیسان کوتی بیڵێ!

کوتم: سەلمان، بیستوومە دێیەک هەیە بە نێوی کەسنەزان، هەموو مانگێک ڕۆژێک غورەمە بارانێک دادەبارێ و دەست بەجێ پاش ئەوەی کوڵکەزێڕینە ڕەوایەوە و خۆر درەوشایەوە گوڵێکی سوور شین دەبێ. کە سوورایییەکەی قەت لەسەر لێو و کوڵمان ناچێتەوە. دەمەوێ هەمیشە لێوم ڕەنگ و بەرامەی گوڵی پێوەبێ. دەی دەڵێی چی حازری؟ ئەگەر ئەوەم بۆ نەکەی تەواوی ئافرەتانی ئاوایی دەزانن تۆ منت خۆشناوێ و لۆمەم دەکەن. سەلمان! من بەرگەی ئەو گشتە لۆمەیە ناگرم!

دوای ئەوەی ڕۆیی، سەرخۆشانە پەڕیمە سەربان و تا لە سنووری ئاوایی ڕەد بوو تەمەشام کرد. ئێستا دڵنیابووم خۆشی دەویستم.

ئێستا ئەوەی من دەمویست ئەوەبوو هەر چۆنێک بووە دەرکەی دیوەکەی بکەمەوە و بزانم چ خەبەرە. دڵنیابووم شتێک هەیە، دەنا بۆ کاتێ بەیانیان لە ژوورەکە دەهاتەدەرەوە دە هێندەی جاران هێز و توانایی پتر دەبوو. بەدەماخ دەبوو. جوانتر دەبوو. سەیر نییە؟ دەرفەتێکی باشم بۆ هەڵکەوتبوو، دەبوو ئەم نهێنییە ئاشکرا کەم. نهێنی دیوێک! دیو؛ شوێنێک کە نازانم بۆ لێم قەدەغەیە. بەپەلە بە پەیژەکەدا هاتمەخوارەوە. وەک هەمیشە بەزنجیر توند کرابوو. بیرم بە ئەم لاو لادا دەخولایەوە، تەوری دارشکاندنەکەییم وەبیرهاتەوە؛ هێنام، جەنگەی چاک بوو. هێشتا ژنان نەهاتبوونە سەران گوێلکان و لەماڵی ئێمە نزیک نەببوونەوە. دەست بەکاربووم و شکاندم. درگا بەجێڕەیەک کەوتە سەر پشت. زوو چوومە ژوورەوە. بۆ ماوەیەک هیچ کوێم نەدەدی. بۆنی دووکەڵ، گۆشت، بۆنی جێ و بان و... بەرەنگارم بوون. وردە وردە ڕووناکی تاقە دەلاقە و درگای کراوە، شتەکانی لەتاریکی جیاکردەوە. لە چواردەورەی تەندوور چوار لباد ڕاخرابوون، بە شێوەیەک کە دووانیان وەسەر

دوانەکەی دی دەکشا و نەخشەکانیان دادەپۆشی. لەسەر دەوران دەوری لبادەکان خەتێک تێدەپەڕی کە لە هەر چوارگۆشەوە چوار گۆشەیەکی دروست دەکرد کە چاوێکی گەورەی شینی تێدابوو. چاوزەق زەق لەبن میچ و ئەو کەسەی دەڕوانی کە لێی ڕادەما، بەڵام لە تەواوەتی دەقی لبادەکاندا هەموو جۆرە جرِ و جانەوەرێکی سەیر و سەمەرت دەدی. وەک دڵنەواییەک دەستم بەسەر لبادەکەدا کێشا. لەناکاو لەسووچێکی لای سەرەوەی دیوەکەو لەسەر شۆرگەیەک کە هێشتا تەڕ بوو، دوو چاوی زەق پێلوویان لێدا، ترساندیانم. باوەکو من هەر بەزەیی و پاڕانەوەم لە چاوەزەقەکاندا خوێندەوە بێ ئیختیار دەستم بەرەو کەوشەکانم برد و تای ڕاستەم ئاوقەی بریقەکان کرد. گەلێک ترسام چون قەت چاوەڕوانی ئەوەم نەدەکرد. نا، تایەکەی دیکەشم لێ ڕاکێشابوو. نووزەیەک هات. چاوەکان لە بریقە کەوتن بەراوەژوو بووەوە. وەک شێت هاشاوڵم برد هاتم بە هەردوو دەستم وەهای بگوشم کە جەرگ و ڕیخۆڵەی دەرێنم، نەمتوانی. بەخودا باوەڕ ناکەن. تەمەشام کرد یەک دوو سێ، بەدڵنیایەوە حەوت بەچکە دەبوون. هێشتا چاویان نەپشکووتبوو. پێستێکی لێنچقی بێ تووک. وەختەبوو گیانم دەرچێ، شتێکی نێو چنگم لە حەوا ڕاگرت و دەستم کرد بەگریان. لەگەڵ دەنگی من هەر حەوتیان سەریان کردە سەر گریانێک کە بڕانەوەی نەبوو، وەک چۆن کەسێک بۆ دایکی خۆی دەگری. بەکورتی بڵێم تا سێ شەو و سێ ڕۆژ، کە سەلمان گەڕایەوە خۆم خواردەوە؛ نەموێرا بۆ جارێکی دیکە زنجیر لە دەرکە بکەمەوە. دەمویست وا بزانێ من بە هیچم نەزانیوە، بەڵام خۆ ڕۆژ هەتا هەتایە لە پشت هەور نامێنێتەوە، سەری سێ ڕۆژە بوو کە چووبوومە سەربان، لە دوورەوە دەرکەوت؛ دەستێک جلی سەرتاپا سووری بووکێنیم لەبەر کردبوو. من دەستم بۆ ڕاوەشاندو ئەویش چەپکە گوڵەکەی دەستی هەڵێنا. لەپشت ماڵانەوە پەڕیمە خوارەوە و بەرەو پیری چووم. هەتا چووینەوە دیوەکەی خۆم لەباوەشی کردم. ئیتر نەمدەهێشت بیر لەهیچی تر بکاتەوە. پێم کوت دەبێ بەدەستی خۆی کوڵم و لێوم بۆ سوور کات. نیوەشەو کاتێ کە بە دەستووری جاران بەجێیی هێشتم خۆم لەژێر لێفەکەدا داپۆشی، ئیتر نەمدەویست بزانم چی ڕوودەدات. دەمویست بەتەواوی لە دنیا بێ ئاگابم و هیچ نەزانم، بەڵام گەڕابوومەوە ناو دیوەکە پاش ئەوەی دەنگی ئەو بێچووە دەعبایانە لەمێشکم کاری کرد بەرەو دەرێ هەڵاتم؛ لەپەستا چاوی بریقاوی سەر دیوارەکان، گۆشەی لباد، چاوی بێچووەکانم بیردەهاتەوە و دەهری دەبووم. هەستم کرد پێم لە کۆمەڵێک بێچوو ناوە، بۆیە لاقم نووشتایەوە و بەرەو دەرەوە درێژبووم. سەر و سینگم کەوتبووە حەوشە و باقی لەشم لەدیوەکەدا مابووەوە. دەترسام ئەو بەشەی ژوورەوەم خێرا داپاچن و بەبێ لاق لەو حەوشەیەدا بمێنمەوە. تۆقاو هەستامەوە و زنجیرەکەم هەروا ئاکۆیی لە ئاڵقەڕێزی دەرگاکە ئاڵاند. بە بەرچاوی خەڵکی ئاواییەوە خۆم دەرباز کرد. پرچم ئاڵۆزکابوو، لەنجەولارم لەبیر چووبووەوە. دەمویست هەر چۆنێکە سەلمان ببینمەوە و بۆی بگێڕمەوە. ئەمانە هەمووی خەیاڵی ئەو ڕۆژانە بوو کە لەماڵ نەبوو، ئێستا کە هاتووەتەوە، هیچم پێ ناگوترێ. ئەوندەم زات نییە بڵێم هەی بێ چارەکەم فریوم داوی! ناتوانم بڵێم خۆم بەدەسکیسی پیرەژنان ناردوومی! بریا هەرگیز بڕوام پێ نەکردایەن. چوزانم؛ من لەوەی کە خەوم بە مردنی سەلمانەوە دیبوو شێت ببووم. من نەمدەتوانی ئەو فریشتەیە لەخۆم دوورخەمەوە، هەر بۆیە خەونەکەم بۆ گێڕانەوە، ژنان کوتیان "فریا نەکەوی قوڕت بەسەر دەبێ. هەر ئەوەی خەوی مردنت پێوە دیوە دەمرێ، چون لە خەونەکەتدا وەک دەڵێی هەرچی گوڵە شینەی کێوی گوڵانە بۆی کردوویەتە کراسێکی هاودامێن، زیادە لەوەش گوڵەکان بە کزەبایەک لەسەر لەشت لادەدرێن و ڕووتی لەشت دەردەکەوێ، یان گوڵەکان پەڕ پەڕ دەبن و ڕووت دەبییەوە. ئا گیانەکەم ئەوەی کە گوڵی شین لە پێلوو و لێوت گرتووە وەک ئەوەیە لە خومت گرتبێ؛ جا بۆیە، ئەگەر فریا نەکەوی و داوای گوڵی سووری کێوی گوڵان نەکەی دەمری و بێوەژن دەکەوی.

منیش پێم خۆش بوو ماوەیەک دووری خەمەوە و سەرێک لەو ژوورەخۆفاوییە بدەم. وام دانا، ئەگەر گەڕایەوە و پێی زانیم باشتر، هەم گوڵی سووری جوانی بۆ هێناوم و هەمیش لە ڕازی دیوەکەم زانیوە. لەخودام دەوێ کەس شەوی وا نەبینێ. سەرەتا پێم وابوو دنیا ئاخر بوونە چون هەستم کرد تەواوی دارو و دیوار کەوتنە لەرەلەر. نەڕەی سەلمان لەپەستا دەنگی دەدایەوە. ئەمە بوو شێتانە هەڵاتمە دەرێ. سەلمان وەک چۆن منی خستبووە سەر هەردوو دەستی و تا ژوورەوە داینەنام، دەستەکانی وەها گرتبوو و دەلالایەوە. وردە وردە دەستی

بەرزکردەوە لەبەر تیشکی مانگەشەو، لەشێکی وەک لە بلوور، یان تیشک، یان شتێکی لەو چەشنە بەسەر دەستییەوە دەبریسکایەوە و جاروبارە گوم دەبوو و وەدیاردەکەوتەوە. بێچووەکان لەبەر پێیدا بەماڵی عەرزەکەدا تێک دەئاڵان و نووزەیان لە ڕوحی دار و بەرد کاری دەکرد. ناحەقم مەگرە پێم وابوو ئەو شەوە ئەوی بێ گیانیشە ڕوحی لەبەرکراوە بۆوەی من بشێوێنێت بۆ وەی من شێت بکات. دەنا من ئێستاش نەمزانی ئەو ئەندامە نوورانییە چییە جندۆکەیە، یان پەری؟ سەلمان چی؟ بەڵێ ئەویش؟

لێرەدا بوو سەلمانی بێ چارە وردە وردە تێکەڵاو بە تاریکی بوو، لەبەرچاوم تـوواوە. جێی باوەڕ نەبوو. نەدەکرا هەروا سووک و هاسان بێڵم هاوسەرەکەم لەکیس بچێ، بەڵام ئەی چی کەردەن؟! نازانم ئەو شەوە بەڕاستی تووانەوەی سەلمانم دیوە، یان نا، بەڵام دەزانم کە لەو شەوە بەدواوە من نەمدی جریوەجریوێک بێت. نەمدی سەلمان لەباوەشم بگرێ؛ یان نیوەشەوان هەستێ و بەتەنیام بەجێ بێڵی.

لەمانە سەیروسەمەرەتر ئەوەبوو کاتێک ترساو و داماو بەو شەوە و بەتەنیا ڕێی دێیەکەی خۆمانم گرتەبەر. لەهێلاکیدا خەریک بوو گیانم دەرچێ. کاکم دی، لەمن خراپتر لە ونبوونی خێزانی دڵتەنگە و بەپێ و شوێنییەوە هاتووە. لەو چۆڵگەیە بۆم گێڕایەوە و گریام. کوتم کاکە ئەوانە... هەر چیم کرد نەمتوانی قسەکەم تەواو کەم، بۆیە کاکم کوتی دەبێ بچینەوە ماڵی ئێوە من دەزانم سەلمە دەگەڕێتەوە. ئەو من بەجێ ناهێڵێ. ئەو ناتوانێ هەروا بەبێ هیچ بیانوویەک بەجێم بێڵێ. چووینەوە، بەڵام بۆ سبەی لای ئێوارێ نازانن خەڵکی ئاوایی چییان کرد، چییان کرد! دوعایان بەسەر هەموو کووچە و کۆڵانەکان، لەوەڕ و تفاقەکان، پەلەوەر و ئاژەڵەکان، خۆیان و منداڵەکاندا خوێند و ئەوەی ماڵی سەلمانە بەدبەختەکەم بوو سووتاندیان، من و کاکیشم سەڵتەقەمچی دەرکراین.

لێرەدا کاکەبلی ئیشارەیەکی بە دەوروپشت کرد و کوتی هەستە بچینە قاوەخانەکەی ئەوبەر.

ژێرزەمینێکی گەورە بوو. ئەمبەراوبەر لەسەر تەختی بەرز و بەرفرەوان فەرشیان ڕاخستبوو. هەموو ئەوانەی دانیشتبوون لەبەر گەرم بوونی باسەکەیان زۆریان سەرنج نەداین، بۆیە هەر دانیشتین، خڕوهۆڕی ژێرپیاڵە وئیستیکان ماوەیەک گوێ قوڵاغی کردین، پاشان لەگەڵ خواردنەوەی چایی لە خۆمان دواین. کاکەبلی کوتی کە ئەو ئاشقی ڕاوێژبەتیی و تا بەری بەیانیش بێڵن لەوێ دەمێنێتەوە. جیا لەوەش نەیدەزانی ناوەکەشی بەجوانی خۆیەتی، یان نا! بەڵام دڵنیا بوو کە ناوی ڕاستەقینەی خۆیمان پێ ناڵێت، چون ئەوەی لەگەڵمان دەدوێ ئەوە نییە کە لە ناخیدا هاوار دەکا.

ئەمەی پێخوش بوو، دیسان بزەیەکی شیرین و لووت بەرزکردنەوەیەک و فۆکلە هەڵدانێک. بڕێک نیوەپیاو و نیوەژنانە کوتی باییز، باییزە شەنگە!

من کە تا ئەو دەمە هەر بیرم لە قسەکانی دەکردەوە، یەک ناگا کوتم باشە ئەی... کاکەبلی کە چوو بووە نێو داستانەکەوە، کوتی دەی پاشان چوون بۆ کوێ!

"تەنیا و بێ کەس وەڕێ کەوتم. من دەمزانی کاکم بەتەواوی حاڵی گۆڕاوە و ئیتر هەرگیز ناگەڕێتەوە لام، یان ناتوانێ لەگەڵم بێ. ناچار ڕێگەی ماڵەپوورێکم گرتەبەر کە ئەویش لە دێیەکی نزیک شار بوو. هەوەڵێ زۆرم بۆ گریا و کوتی کە بەختت ڕەشە. دەنا بۆ دەبێ بەو منداڵییە ئەوەت بەسەر بێ. تازە چواردە ساڵم بوو. دەی وردە وردە ئاوی گوێی دادام کە دەبێ مێرد بکەم بە "کاکە ڕەشید"ی کوڕی. کاکە ڕەشید تازە لە ئیجباری گەڕابووەوە، بەڵام بەتەمەن بیست و پێنج ساڵ بوو. بنیادەمێکی یەگجار ساویلکە بوو. هەموو خەڵکی ئاوایی گەمەیان لەسەر وی بوو. دیانکوت ئەو دێیە ڕەشی تێدا نەبێ دەبێ بەقوڕی گری. هەتا بڵێی خوێن شیرین بوو. چاوێکی لە چاوەکەی دیکەی قورستربوو. من هەمیشە وام دەدیت. پێیان دەگوت خێڵ شیرین؛ بەردەوام بزەیەکی لەسەر لێوبوو. وەک تاجی گورجوگۆڵ بوو. هێندە زوو زوو قسەی دەکرد دەبوو دوو سێ کەڕەتی گوێ بدەیەی تا لێی حاڵی بی. من هەر ئەوەندەم بە پوورم کوت کە لەگەڵ مێردەکەم نەسازاوم و کاکیشم ماڵ و منداڵی بەجێ هێشتووە و کەس نازانێ بۆ کوێ چووە، بەڵام وادیاربوو ئەو سەیری بن باڵی خۆی کردبوو، چون هەموو شتێکی دەزانی. کوتی کچم کەس نابێ بەم بەسەرهاتە بزانێ دەنا ئەم خەڵکەی من دەیانناسم تۆش بە شێت دادەنێن و ناهێڵن لێرە بمێنتەوە، بەڵام من دەزانم تۆ شوکر بۆ خوا ساغ و سەلامەتی و دەستی ئەو دەعبایانەت نەگەیوەتێ، بەڵام خۆ ناتوانم هەتا دنیا بە دنیایە دەمی خەڵکی ببەستم. وا باشە بە قسەی پووری خۆت بکەی

و شوو بکەی بە ڕەشی کورم. چەن ڕۆژێ بیری لێ بکەوە و پێم بڵێ. چیم بکردایە من شارەزای هیچ کوێ نەبووم، چووبایەمە هەر کوێیەکیش هەر ئەو بەزمەبوو، دەبوو قەرەواشی و کەڵفەتیم بکردایەو دواتریش لەگەڵ نۆکەر و ڕەنجبەرێ زەماوەند بکەم. هەر زوو جوابەکەم دابووەوە چوون دیسان وا دیاربوو چارەم لە چارەی کاکە ڕەشید نووسرابوو. هەموو شتێک بەبێ دەنگی بەڕێوەچوو. ڕەشید پتر لە جاران لەلای کچ و ژنان ڕادەوەستا و کەینوبەینی شەوانەمانی بۆ باس دەکردن. هەتا ڕۆژێک پوورم بە کۆڵەوەژەکەی کەوتە گیانی. دوای هەزار بێ فەزیعەتی دوو کۆڵانی ڕاونا و سوێندی خوارد جارێکی دیکەی ببیستێتەوە دەرمان دەکات. دەی ڕەشیدی بێ چارەش بە دووبزە و پێکەنین هەڵدەفڕیواو بەردەبووە قسەکردن. ئەمەبوو پوورم وەدەرینایین و سەڵت و ڕەبەن مایەوە. ئێمە زۆرمان ئەم ماڵە و ماڵ کرد. زۆر قسە و باسمان هاتەوە سەر. وای لێهات ئاخری و ئاقیبەت چووینە شار. لەوێ خەڵکی زیاتر و زیاتر سەریان دەخستە سەر ڕەشید. گەلێک قسەو قسەڵۆکیان فێرکرد. وای لێهات لەماڵەوەش بیانووی دەگرت و لە هیچ و خۆڕاییی بەردەبووە سەروچاوم. من سەرم سوورمابوو، دەمکوت یانی دەکرێ بنیادەم ئاوەها و کوتوپڕ بگۆڕێ؟ دەتکوت حەیوانێکی ماڵی بووە و لەناکاو گەزتوویانەو تووشی نەخۆشی هاری بووە. بەڕاستی دەتکوت هاربووە. ڕۆژێ کە هاتەوە منی لەبەر درگا بینی لەگەڵ یەک دوو ئافرەتی دیکە قسەمان دەکرد و پێدەکەنین. ئەو ڕۆژە بە ئیشتیای دڵی خۆم پێکەنیبووم. نازانم بۆ بەڵام حیلکەم هەموو دەوراندەورەکانمی ئاگادار کردبووەوە ڕەنگە ئەو بەیانییە بە جووڵەجووڵی منداڵەکەی نێو زگم شاگەشکە ببووم. بۆیە دەنگم بە هەموو چوار دەورەمدا بڵاوکردبووەوە، یان تازە بەوەم زانیبوو. لەسەر ئەم دووگیانییە چیها جوان ببووم. بەدوایدا چوومە حەوشە. حەوشەکە بە ئێمەوە سێ ماڵی تێدابوو. چوومە ئەودیو و نەچووم. یەک تێلای لەپشتم ڕاکێشا، کەوتم. ئازارێکی زۆرم پێگەییشت و منداڵەم لەبارچوو. لەدوای ئەم پێشهاتە زۆرم بایەخ نەدەدایە، تەنانەت بەردەوام دەمەقاڵەم لەگەڵ دەکرد. ئیتر وەک جاران بە مێردی خۆم نەدەزانی. وردە وردە حەزم دەکرد چاو بگێڕم. هی جوانم دەدی دڵم دەیکورکاند. جاروبارە لە قینی ئەو خوم لە کوڕە دراوسێیەکی لاو نزیک دەکردەوە هەندێک لە کارەکانی ماڵم پێ دەسپارد و ئەو دەهری دەبوو. دەهات دەستم لێهەڵێنێتەوە بەرەنگاری دەبووم. ئیتر بە هەیکەل و هێز دەمتوانی لەبەرانبەریدا ڕاوەستم. ڕۆژێک لەبەرچاوی کرێنشینەکانی دیکە سێ بەسێ تەڵاقی خوارد کە من سۆزانیم، دەیکوت من بە چاوی خۆم دیومە دەستی لەنێو دەستی هەتیو مەتیودا بووە. هەزار قسەی ناشیرینی پێ گوتم و پیلی گرتم و ئاوقەی دەرەوەی کردم."

دیارە من دەبوو بچمە ماڵی پوورم و دواییش بدرێم بە ڕەشییە ساویلکە، بەڵام پێم وایە ئیدی نەدەبوو هەرچی ئەو بیەوێت بەسەرم بێنێ، بیهێنێ. ئەمەبوو شەوێک کە ویستی دڵداریم داتەوە وردە وردە ئاشتم کاتەوە کوتم، سەد ساڵی دیکەشت لەگەڵ بم هەتا نەبیە پیاو بە مێردی خۆمت نازانم. تۆ پیاوێکی گڵاوی!

بەم قسانەم زۆر پیس هەڵچوو؛ هێندەی ڕق هەستابوو لەوانەبوو لێک بێتەوە و تەققە بکات. یەک چین دەهات و دەچوو. ددانی لەریچەوە دەبرد و هیچ بزە و ڕووناکییەک لەسەروچاوی ڕەشیدە شێتەکەی جاراندا نەمابوو. من هەر ڕۆژەی شتیکی تازەم دەبیست. ئیتر دەمزانی من خواردنی ڕەشیدە گەوج و لەوچەکەی پوورە"مەیلانم" نیم. دەمزانی گەلێ کوڕی بێ تووک و ڕێکوپێک حازرن خۆیانم بەقوربان و سەدەقەکەن. تا سیلەی چاوێکیان بدەمێ، تەنانەت ئاوێنەکان وەبیریان دێنامەوە ئەم سووری کوڵم و لێوانە لەبن نەهاتوون و دیاری سەلمانە کەس نەناسەکەمە. لێرەدا هەمیشە خۆزگەم دەخواست بریا بە بریای خودا ڕەشیدیش سەری تێدا چووبایە و بەتەنیا مابامەوە. لە خەیاڵی خۆمدا بیرم لەم تەنیاییە دەکردەوە و هەزار ڕەنگ و بۆنم بۆ دروست دەکرد...

ڕۆژێک بەبیانووی کارێکەوە، وەک هەڵواسینی گوڵدۆزییەک، کوڕی هاوسێکەمانم بانگ کردە ژوورەوە. سەرەتا هەر دەمویست بزانم قسەکردن لەگەڵ هاوتەمەنێک چۆنە. چ جیاوازییەکی لەگەڵ ڕابواردن لەگەڵ ڕەشی هەیە. هەستم کرد دەستم تێکەڵاو دێ و قسە دەپرووسقێنم. تەواوەتی جەستەم وەک تەندووری لێ هاتبوو. لەوە دەچوو ئەو لەمنی خراپتر بەسەر هاتبێ . دەلەرزی، بەحاڵ و دووبەڵا نووزەی دەهات. ویستم پیاوەتی لەگەڵ بکەم و بە سرتەیەک بەگوێیدا بسرتێنم کە ئەمە خۆشترین ساتەکانی ژیانمە، کەچی لێوە سوورەکانم

وەک دوو پۆلووی ئاور نووسان بەلێویەوە و کوڕی بێ چارە ها ئێستا بمرە ها تاوێکی دیکە. هەردووک لە مردن و ژیانەوەدا بووین. دەستمان لەناو دەستی یەکتردا مابووەوە و چاومان بەترووسکە ترووسکە لەوی بەرانبەری دەڕوانی. جا چاو لەم حاڵەدا چی ڕوودەدا. یەک ناگا تەقەی بەردێک هاڕەی خستە ناو حەوشە و تەشتێکی هەڵپەسێراوی خلۆر کردەوە و پاش لارەوە لارەوە سەرەونخوون بووەوە و بێ دەنگ و هەست خۆی مات کرد. بۆ تاوێک ئێمەش مات بووین، بەڵام ئەم جار زرمە زرمی پێلاقە درگای حەوشەی داگرت. زەلزەلەیەک کەوتە ئازای گیانمان. دەتکوت عالەمێک لەپشت دەرکە ڕیزبوون و خۆیان تاقی دەکەنەوە بزانن کێ دەتوانێ زووتر بیشکێنێ. دەلاقەیەک لە دیوەکەی منەوە دەیڕوانییە خاکەچۆڵێک، لەوێوە کوڕەم قوتار کرد. زۆر ئاستەم بوو، بەڵام بوو ئیدی. هەر تاوێک دواتر منداڵی گەڕەک درگایان بۆ ڕەشید شکاند و وەک ئەجندە بە سەرەو خواری کۆڵاندا هەڵاتن. ڕەشی وەک لافاو خۆی کرد بە ژووریدا. سەری بە هەموو لایەکدا کرد، تەنانەت درگای گاڵەدراوی کرێنشینەکانی بەر شەق دا. چنگی ئامادەی خنکاندنم بوو، بەڵام خۆشم سەرم لە خۆم سوورمابوو. هەستم دەکرد هیچ نامەوێ وەک جاران شەرم بمگرێ، یان ترس کزۆڵەم کا و لە پەناو پەسێوم حەشاردات و لە کۆتاییشدا بەرمە پاڕانەوە و لالانەوە. بە پێچەوانەوە زۆر بەتوندی لێی رووش هەڵاتم و کوتم، تۆ خوێڕیت! خوێڕییەکی ترسنۆکی هیچوپووچ!

– ئەوە لەگەڵ منتە؟! ئەگەر دەمولووتم نەکردی پیاو نەبم. شەرتە بتکەمە پەندی عالەم! هەی سۆزانی!

ویستی دەست بنێتە تینتینۆکەم، کەچی دەستم دا بۆ چەقۆیەک و ئازایانە لەبەرانبەریدا ڕاوەستابووم.

– ئازات دەکەم یەکجاری دیکە بەخراپە ناوم بێنە جا من دەزانم و تۆ. ئەسڵەن تۆ ڕێت ناکەوێ! نەخۆت و نە بابت حەدی ئەوەتان نییە نێوەنیتکەم لێ هەڵدەن. من هەر نامەوێ لەگەڵ تۆ بم.

– ئەی دەتەوێ لەگەڵ هەتیو مەتیو بی! دەبڵێ بزانم ئێستا کێی لێیە! دەبڵێ! ئەگەر ئازای بڵێ!

دیسان هەموو وڵاتی پشکنی و هەموو شتەکانی بەسەریەکدا داو بەدەنگێکی بەرز گوڕاندی: تۆ سۆزانیت! وەرە بڕۆ، وەرە بڕۆ، ملت بشکێنە!

پیلی گرتم و بەپاڵەو پەستێ لە حەوشەی خستمەدەرێ. ئەمە یەکەم جارم نەبوو.

دیسان هیچ کوێم پێ شک نەدەهات. هەر ڕۆییشتم و بیرم کردەوە، هەر ڕۆییشتم و بیرم کردەوە. ئاکام هاتمە سەر ئەوەی بچمە ماڵی خوشکی ئەو کوڕەی بە دەلاقەکەدا بەڕێم کردبوو. بەم جارەوە دووەم جاربوو دەچوومە ئەوێ، ڕۆژێکی تەواو چاومان لە چاوی یەک بڕی و سەیری یەکمان کرد، بەڵام بۆ سبەینێکەی گرتیان بە سەرباز و من تەنیا مامەوە.

"هەر چۆنێک بوو دیمییەوە و هەڵایەکی سازکرد هەر مەپرسە، بەڵام خاوەن ماڵ کاتێک زانی دەیەوێ بەزۆرەملە بمباتەوە، یەک دوو شاهێدی گرت و کوتی چون ئەم برادەرە تەلاقی خواردووە تا مەلا نەبینێت ناتوانێت بیباتەوە. ئەمە بوو تیژ خۆی گوم کرد و تا بەیانی، ئەو سەرودەمەی کە وڵات گەرم دادێ و خەڵک دەردەپەڕنە دەرێ پەیدابووەوە. کابرای خاوەن ماڵ کە یەکێک کەڵەگەتەی دەست و پێ زل بوو، تا بەردەرکەی ماڵی مەلا هات و لە وێندەرێ بەجێی هێشتین. مەلایەکی ڕدێن سپی پاک و خاوێن بوو؛ ئەوەی زۆر سەرنجی منی بۆ لای خۆی ڕاکێشا کۆمەڵە کتێبەکەی لای سەرەوەی ژوورەکە بوو. من هەمیشە لە کتێب ترساوم. چون نەمدەزانی چی تێدا نووسراون و من چیم لێ وەدەست دەکەوێ. یەکەم جار کە سەیری کتێبم کرد کوتی تو نسیبت بە نسیب فریشتەوە دەبێ. نووسرابوو هیچ کەس لەعالەمدا ناگاتە تۆ. هەر ئەوەندە. ڕەنگە هەرواش بێ، چون پێم وایە هێشتا کەس وەکە منی بەسەر نەهاتووە. مەلا رووی کردە ڕەشی و کوتی، ها کوڕە بڵێ بزانم چی بووە.

– قوربان، ئێمە برێک ناکۆکین. زوو زوو شەڕمان دەبێ. بۆ خۆشت دەزانی پیاوان کە تووڕە دەبن چەندە تەڵاق دەخۆن. منیش پێرێ لە دوای قڕەیەک تەڵاقم خوارد.

– چۆن خواردت، دا دەی؟

– کوتم هەر سێ تەڵاقم کەوێ تۆ قا قا قاحبەی.

– تو بێجات کردوون ئاوها تەلاقێ دخۆی. گووت بخواردان چاکتر بوو. گوو! تۆ دەزانی بەم کارەت حەڵاڵت لەخۆت حەرام کردووە؟

رووی کردە من و کوتی: ئادەی ڕۆڵە هەستە بچۆ ئەو دیو، بچۆ کن ئافرەتان. دەی هەستە.

من ئیتر نازانم ڕەشی چۆن ڕۆیشت و چۆن هاتەوە، چیها بەدوای نەسیاو و پیر و پاتاڵدا گەڕا، بەڵام هەرچی

بێ ئەوەبوو کە کاتێ هاتەوە کارەکەی بەجێ نەهێنابوو. مەلای ڕازی نەکردبوو. من کە چوومە ژوورەوە مەلا زۆر بە ئارامی کوتی. ڕۆڵە کچم ئەتوو بە شەرحی خولاو پێغەمبەران تەلاقت کەوتووە. توو لەو پیاوەی حەرامی، جا ئێستا بەلەونێکی نەبێ چارەت نایەتن. دەبی ئەتوو لە کەسێکی دی مارەکەم، ئەگەر بووە بۆ ساتێکی، یان شەوێکی. ڕازینە!؟ بچۆ ئەو دیوەی تا کەسێکن دەنێرنە لات. بچوو. جووت کە بوون خۆم تەلاقت دەستێنم و دەتدەمەوە بەم مێردە گەوجەت.

ڕەشید سەری بەر دابووەوە، هەستم دەکرد لە دەرووندا خەریکە لێک دەبێتەوە، شەق دەبا، بەلام وا دیاربوو بە هەموو قیمەتێک ڕازی بوو منی گیرکەوێتەوە، بەلام من کەوتبوومە بیرێکی قووڵەوە و هیچ کەس نەیدەتوانی بزانێ چیم بەمێشکدا دێ و دەچێ.

درگای دیوەکەم لەو دیوڕا داخست، زۆری پێ نەچوو لاوێکی لار و وێری چاو چووکە لە دەروازەی حەوشە گەورەکە هاتە ژوورەوە. جاروبارە سەروچاویم لە مابەین لق و پۆپی داری باخچەکە دەدیت. شێوەی هەر لە مامۆستا دەچوو. گوێم نا بەدەرکەوە. کوتی دەبێ بانگم کەن. لە نزیک کوڕە دایاننام. مارەیان بڕیم و ئەو لەهیچ و خۆڕایی بوو بە هاوسەرم. سەیر نییە بەبێ هیچ تەقەو ڕەقەیەک پێوەبووم؟

هەستم کرد سووکایەتیم پێ دەکرێت. لەوانەیە ئەگەر لەو کاتەدا هەر ئەو لاوە دڵ خوازەشیان پێدابام نەمویستایێ، چون ئەمەم بەبێ شەرمی دەزانی. بێ شەرمی بۆ خۆم و ساویلکەیی و کەرێتی بۆ ڕەشی. من لەتوندوتیژی و نەحەواوی ئەو بوو کە خۆم و خەڵکیم ناسی. جوانی و حەزم ناسی، بەلام سەیر ئەوەبوو کە ئەو شێتە بەوە ڕازی ببوو؛ پیاوێک بە بەرچاوی ئەوەوە بکەنە پاڵم و دواتریش حەزی دەکرد بچمەوە و لەگەڵی ژیان بەرمەسەر. گویم لێ بوو ڕەشییان ڕەوانەی دەرەوە کرد و کوڕەش چوو ئاوێ بکا بەخۆیدا و ڕەنگە بۆن و بۆدرنی مارەبڕینێکی دیکە لە خۆی پاک کاتەوە."

هەموومان تێکڕا ئاهی دڵتەنگیمان دەردا و خەمۆکانە چووینە فکرەوە. بابیزە شەنگەی بێ چارە لەپەستا لەبەر خۆیەوە دەیکوت مارە بەجاش. مارە بەجاش. ئەرێ، وایان پێ دەکوت.

لێرەدا شاگرد قاوەچیم بانگ کرد و سێ جێگام هێلکە و باینجان داواکرد، ئەمەش بەو مانایەبوو تا درەنگان دەمێنینەوە. پێشتر حاڵیمان کرد کە ئەگەر بۆ جارێک میلاکی ئەم خواردنە بکات قەت لەبیری ناچێتەوە و دەیکاتە پیشەی خۆی. بۆ هەر کەسەی دوو هێلکە و سێ باینجان دروست دەکرا، کە عاشقی جوانییەکەی دەبووی. تەماتەکان بازنە بازنە دەکران و دوای ئەوەی لەگەڵ دوو بازنە پیوازدا سوور دەکرانەوە، هێلکەکانیان تێکەلاو دەکرا. ئینسان جیا لە بۆنوبەرامەی شەیدای لێک کالانەوەی ڕەنگی سپی و سوور و زەرد دەبوو، کە دواتر بەبیبەرێکی باریکی سەوز هێندەی دیکە دەڕازایەوە.

کاکەبلی کوتی: خۆشترین پێخۆری عالەم بۆ جوانترین پیاوی عالەم. زۆر پێکەنین، زۆرمان باسی ئەم لا و لا کرد. دوای یەک دوو چایی، دەستی پێ کردەوە، هەستم کرد هیچ باش نەبووم. مێشکم شێوابوو. حەجمینم نەبوو؛ هەڵدەستام و پەردەم دادەدایەوە، تاریکی هروژمی دێنا و لەسەڕاوە ڕاست دەبوومەوە. پەردەم لوول دەدا و گرێیەکی توندم لێ قایم دەکرد. دەمڕوانییە دەرێ. دەمڕوانییە ئەو ڕێگایەی، لاوەچاو چووکەکەی لێوە هاتبوو. لەگەڵ لار و وێرییەکەی قژە سەرێکی جوانی هەبوو. سمێڵێکی باریک بەسەر لێویەوە ڕەشی دەکردەوە و لەڕادەبەدەر پاک و خاوێن بوو، بەلام ڕەشی بێ چارە، کاتێک دەچووە دەرێ، بە زۆر سەری بە لەشیەوە ڕادەگرت. من پێم وابوو ئەو لەرە لەرەی ڕیشکۆی پێچەکەی شێواوەیی زەینیان باس دەکرد، بەلام هەر زوو بیرێک بە مێشکمدا هات و خێرا پەردەکەم دادایەوە. دەبوو وا بکەم! نابێ بێڵم دەستی کوڕی مەلام بگاتێ. لەوانەیە هەر ئێستا بەبێ تەقلوباب خۆ بکا بە ژوورێدا و وەک حەقدارێک لەسەر تا پام بڕوانێ و بلێ دەی زووکە!

دەبوو هەر چۆنێک بووە خۆم ڕزگار کەم. باوەڕ بکەن هەموو لێ قەوماوەکانی عالەمم هێنابووە پێش چاوی خۆم. کوتم، درگاکەی بۆ دەخەمە سەر پشت و زۆر بە ڕووکراوەیی و حەشەرییانە بەرەو پیری دەچم. بە دەورەیدا دێم و پێی دەڵێم: مەرد بەو لەم تەنگانەیەم ڕزگارکە. وەرە و لەوە زیاتر خۆم و پیاوەکەم مەشکێنەوە. هێشتا لەدەست ئەم بیرە ڕزگاریم نەهاتبوو کە خۆم لەسەر جێگای لاوە دیتەوە. چاوچنۆکانە لێی دەڕوانیم. جار لەگەڵ جار پتر سەری دێنا پێشەوە. بۆنوبەرامەی سابوون دایدەگرتم. لێرەدا وام دیت کە زوویەکی پڕم پێداکرد و نامە ژێر خۆم. باڵنجەکەم خستە سەردەمی و چاوم بڕیە دارەکانی بن میچ و گوێم لەقرخەقرخی کەڕ کرد، بەلام سوور سوور

دەمزانی هیچ کام لەم بیرانەم بۆ جێبەجێ ناکرێ، بۆیە یەک ناگا ئەو کاتەم هاتەوە بیر کە بۆ یەکەم جار کوڕی مەلام لەحەسار دیت. ئەو بە هۆی لقوپۆپی دارانەوە ون و دیار دەکەوت. لەوە دەچوو زۆرکەم بێرەدا هاتوچۆ بکەن، دڵنیـــا بووم، یان دەرکـــەی دیکەیان هەیە، یان ژن و منداڵەکەیان هەرگیز ناچنە دەرێ.

بە ئەسپایی پەنجەرەم کردەوە، سەرم بردە ئەو دیو، وڵات بێ دەنگ بوو. هیچ کەس بە دەرەوە نەبوو. لەگەڵ ئەوەدا کە بەپێ دزە بەرەو کەوشەکانم دەچووم لەجوابی ترسەکانمدا دەمکوت دەبا بزانن چ دەبێ. دنیا خراب نابێ! تۆ بڕۆ. تۆ بتوانە خۆت ڕزگارکە جا ئەوسا...

بەڕاست نەمدەزانی ڕوو لەکوێ بکەم؛ نەمدەزانی دەبێ پەنا بۆ کوێ بەرم، بەڵام ئەوەی دەبوو بیکەم دەستم پێکردبوو، پێم نابووە کەوشەکانمەوە، پلیکانەکانم بەزاندبوو. بە پەنا لقوپۆپەکاندا تێپەڕیبووم. ڕزگاریم هاتبوو. هەر لەو کاتەدا کە بای کوڵان ئەگریجەکانمی بەسەر کولمانمدا بلاوەدەکردەوە، چووبوومە نێو ژوورەکەوە. کوڕەم هاتبووەوە بەرچاو.

لە درگای دا و کەس بەدەنگییەوە نەهات. تووڕەتر بوو. پاش چەند مست و پێلاقەی توند هەڕای کردە بەر پەنجەرە. کتوپڕ هەناوی داکەوت. ئەژنۆی شکا، هەناسەسوار ئاخێکی هەڵکێشا؛ خۆی بەلێواری پەنجەرەکەدا کوتا و هێدی هێدی دانیشت. هۆڕە هۆڕ گریا. باوکی و ژنانی بنەماڵە کۆوە بوون. ئاخری و ئاقیبەت بە دڵدانەوەی باوکی گەڕایەوە دیوەکەی خۆی، بەڵام دەزانم تا دەمرێ هەر بەداخی ئەو بووکە هەڵاتووەوە سەردەنێتەوە.

لەترسان زوو زوو خۆم بە کوڵانێکی دیکەدا دەکرد. وەک پەیتووکە خۆم دابوو بەدەم باوە. بۆ کوێ چووبایە دەچووم. پەیتووکەی من چارەنووس بوو. لە مێژساڵ بوو بە دووی خۆیدا ڕایدەکێشام."

هەردووکمانی دڵتەنگ کردبوو. کاکەبلی خەریک بوو لە قوڵپەی گریان بدات، بۆیە هەرام کرد: بێ زەحمەت سێ چاییمان دەنێ. ئەمە وای کرد لەو حاڵ و هەوایە بێینە دەرێ، بەڵام ئەو خێرا گەڕایەوە بۆ بیرەوەرییەکانی منداڵی. هەستی دەکرد دەبێ شتێک، کەسێک، یان شوێنێکی ئاشنای لەم شارەدا وەبیربێتەوە. لە قسەکانی دایکیدا بیستبووی کە چیهایان لەم شارەدا زەجر کێشاوە. چەندەی کڵفەتی و نەگبەتی دیوە. ئەوان یانی باوکی و دایکی لە ماڵەئاغایەکی زۆر دەست ڕۆیشتوو کاریان کردبوو. پێی وا بوو "سمایل ئاغای دالاش" ناوێ بووە. وەبیری هاتبووەوە کە کوتبووی دەرکەکانیان لەداری گوێز ساز کرابوون. لە هەردوو بەران نەخشونیگاریان لێ هەڵکەندرابوو. بە قسەی ئەو هەرچی میوان و غەیرە وەژوور دەکەوتن، سەرسامی جوانییەکەی دەبوون.

کوتی لەگەڵ ئەوەدا بەم بیرانەوە سەیرم دەکرد لەسەر ڕێگاکەم ژنێکم دیت. خۆی لەچارشێوێکەوە پێچابوو. بوخچەی حەمام بە دەستەوە. پێش ئەوەی پێ بنێتە حەمامەوە هەرام کرد: خۆشکێ، تۆ خوا ماڵی سمایل ئاغای دالاشم پێ بڵێ.

پێکەنی و کوتی: سمایل ئاغای گەورە بڵێ، نەک دالاش، ئەم نێوەیان زۆر پێ خۆش نییە، بەڵام خەڵکی ئاوان ئیتر. کابرا چی ناخۆش بوێ ئەوەی پێ دەڵێن. غەریبی؟ وا نییە؟

– وایە دەمەوێ لەوێ بمێنمەوە و کاربکەم.

جاری لەگەڵم وەرە ژوورێ، دوایی خوا گەورەیە. لەوانەیە کارێک پەیدا بێ.

دەمزانی دەبوو بە دوویدا بڕۆم و خۆم لە حەمامی ژنانەدا گوم کەم. خۆم... ڕەنگە لای ئێوە سەیر بێ، بەڵام خۆشترین بیرەوەری من لەو ڕۆژەدا شتێکی سەیر دەهاتە بەرچاو، وەک ئەوەی لە خەون و خەیاڵدا بیبینم، دنیایەکی دیکەبوو. هەر پێت دەنا ژوورەوە شوێنەکە گوشار و بڵند دەبووەوە، ڕاست لەبەرانبەر ئەو شوێنەدا کە تاق لە بڵندایی خڕدەبووەوە حەوزێکی جوان و دڵڕفێن، پڕ لەئاو و کەفارە بەرچاو دەکەوت. لە دەوران دەوری حەوزەکە و لەسەر سەکۆیەک، ژنان جلەکانیان دادەکەند و لە کومێدێکیان دەهاویشت و درگاکەیان قوفڵ دەکرد. پاشان فۆتە لەبەر بە تەقە تەقی کەوشی دارینەوە بەرەو خودی حەمامەکە دەچوون. بەرەو دنیایەک لەهەڵم و ئاو و گەرما قیامەتێک لە لەش و جوانی. لە هەراوزەنا زەنا. لەوێ هەموو شتێک جۆرێکی تر بوو. دنیایەک حۆریت دەدی کە لە پاڵ جۆگە ئاوەکاندا، خۆیان لە کەف و بەرامەدا شاردبووەوە. لەم جوانییەدا من بوومە بەردەستی خانمێکی شۆخ بەناوی تووبا خانم. کوتی ئەگەر لای من بمێنییەوە ماڵی هیچ ئاغایەکت ناوێ. دەڵێی چی؟ دەی دەمتوانی بڵێم چی؟! پشتوپەنا لەوە چاکتر. بەکورتی من لای تووبا خانم مامەوە و گۆڕدرام. فێری کار بووم، فێری هەستان و دانیشتن لەگەڵ خەڵکی جۆراوجۆر بووم. وردە

وردە چاو و گوێم کرانەوە و بە تەواوەتی لەگەڵ ئەوەی کە بووم جیابوومەوە.

لێرەدا کاکەبلی، داوای چای کرد و بەسەرهاتەکەی پچڕاندەوە، ئەو تەمەشایەکی سەعاتە شەریکەکەی دەستی کرد و کوتی: سبەی دوانیوەڕۆ دەتانبینمەوە. پێم وایە ئیدی دەبێ بڕۆم. خۆ کەس نایەوێ لەگەڵم بێت. بەم قسە بە توێکڵەی پێکەنین، دوای دەست و موشتاغ ئەو ڕۆیی. ئەو شەوە تا بەیانی بیرمان کردەوە، ئاخۆ جارێکی دیکە ڕەشیدی مێردی دەبینێتەوە، یان لەگەڵ ئەو کوڕە پێک دەگەنەوە.

سبەی پاش نوێژ، ڕاست لەسەر ئەو مێزەی قسەی بۆ کردبووین، دانیشتین و چاوەڕێمان کرد. نیگەران بووین. کوتمان دەبێ شتێک قەومابێ. دەبێ کارێکی بووبێ، بەوەش ڕازی نەبووین، تەواوی شەقامان لەپێوە دا، زۆر گەڕاین، سەر پلیکانەکانی بەر شارەوانیمان پشکنی، بەڵام بابیزە شەنگەمان نەدیتەوە.

هەردووکمان پەشێو و شێوا بووین. هەروا کە چاومان دەگێڕا "کاک پەپوو"مان دیت، ئەو یەکێک لە هاوڕێیانی نزیکمان بوو. کاکەبلی ڕایگرت و کوتی: کارم پێتە، کەسێکمان لێ ون بووە و تۆ دەبێ بیناسی.

– چوزانی؟

– ئاخر بەناوونیشان دەبێ لە کۆڵانی ئێوە بووبێت، لەقسەکانیدا وا دەرکەوت. لەو گەڕەکەی ئێوە بووە، دەزانم.

– کێیە

– بابیزە شەنگە، بابیز!

پێکەنی و یەک دوو جار وەک ئەوەی بیەوێت شتێکی زۆر گرینگ باس بکات، کوتی: جا!

– جا و مای ناوێ! دوێنێ بووینە دۆست و تا شەو درەنگانێکیش پێکەوە بوووین. لەقاوەخانەی ژێر زەمینەکە دانیشتبووین. بەسەرهاتێکی سەیری گێڕایەوە، بەڵام بڕیار وابوو بێت و درێژەی پێ بدات، کەچی ون بووە و دیار نییە؛ تۆ دەڵێی چی؟ لە کوێیە؟

– دەک خودا غەزەبتان لێ بگرێ! ئێوەش؛ دەزانن بەچی بەناوبانگە؟ ئامە هەزار داستان. ئای لەو ژنەتیوە!.

– هەزار داستان؟!

– ئاخر هەر جارە و بەسەرهاتێ لەخۆی دەگێڕێتەوە، کە لەوانەیە هیچیان وانەبن.

– یانی ئەوەی بۆ من و کاکەبلی باس کردووە درۆ بووە؟ لەسەر کاری داناوین؟ باشە بۆ؟

– نازانم بەڵام داستانی زۆرە.

کاکەبلی پیلی گرت و بەرەو ژێرزەمینەکە وەڕێ کەوتین، کوتی تۆش لەوانەیە هێندەی ئەوت بەسەرهات لابێ، دەی بیگێڕەوە.

– کوتوویەتی، تۆڵە لەوانە دەکاتەوە کە مێردەکەیان کوشتووە.

– چوزانی ئەمەیان ڕاستە، پەپوو.

– چوزانێ؟ ئەی ئەتۆ نالێی لە مێژساڵە دەیناسێ. کەوایە دەبێ ڕاست بێ. نا؟

– نا ،وەک ئەو دەڵێ هەر داستانێک بگێڕێتەوە درۆیە. دەی ئەمەش خۆ لە غەیبەوە دروست نەبووە. بووە؟ کەوایە درۆیە.

– من نالێم ڕاستی ڕاستە.


– باشە نالێی ڕاستە؟ دەمەوێ خۆی ببینم، دەمەوێ ڕای خۆی بزانم. تۆ خودا با بچینە ماڵەکەیان.

– ماڵەکەیان؟ نا من قەت قەت نایەم. حەزێ دەکەن ناوونیشانەکەتان دەمێ خۆتان بچن.

– باشە بۆ نایێی؟

– بابەگیان من ناوێرم بچمە بەردەرکەیان، چون لەوانەیە بەڵایەکم بەسەربێ، دیومە دیو! ئەرێ من ترسەنۆکم، باشە؟!

بەتووڕەیی پەپوومان بەجێ هێشت و بەرەو ماڵی هەزار داستان وەڕێ کەوتین، زۆرمان پرسی و لە زۆر دەرکەمان دا، بەڵام ئەومان بۆ پەیدا هەر نەبوو.



# دەرگەڤان

**ئەمین ئەسەر**

**(ئامەد)**

د ژیانا خوە یا یەکەمین دە ئەز دەرگەڤانێ بهوشتا ڕەنگین بووم. مرۆڤێن کو بهوشت هەق دکرن ئەو دسپارتن من. من ژی ئەو کەسێن کو ژ تاوانباریا خوە سافی دبوون، دبرن با مەلەکێن دلشادیێ. شەڤ و ڕۆژ ل بهوشتێ تنەبوو و دەم هاتبوو داکورتاندن. ژیانا من هەر وەها د ناڤ سۆسن و سمبلان دە ددۆماند.

چ هاتە سەرێ من ئێد من نزانیبوو. بهوشتا ڕەنگین ل سەر سەرێ من دە هلوەشاندبوو. ئەز ژی ژێ پەنگزیبووم و هاتبووم ل ڤی باژارێ هانێ کەتبووم.

چەند وەختی، مینا مارێ چۆل سەری کەتبوو بێ هش دگەریام. نە ناسەکی من و نە ژی تاسەک ئاڤا من هەبوو. ڕۆژێن دۆژەه ژ بۆنا من دەست پێ کربوون. زڤستان بوو، سار و سەرما بوو. بێ لووس و وارگەه بووم. سەرما دکەتە جانێ من و ئەز دلەرزاندم.

وێ ڕۆژێ من بەدەنێ باژێر ژ خوە رە کر لیسین. خەوەک شرین خوە هاڤێت چاڤێ من ئی دلشەوات. کانکێ من هێدی هێدی دهاتە گرتن. بەدەنا من خوە سپارتبوو بەدەنا باژێر... دو مەلەک ل با من راوەستابوون و ب کەنێ خوە یێ شێرین ل من دنێهێری. هنەک دەنگێن بیانی دکەتنە گوهێ من.

– بێهنا خوە بدە و بستینە... بێهنا خوە... بێهن...بێ...ب...

دەنگەکی شەرمۆک دکر نتە نت. وێ دەمێ مەلەکێ ل با من داف ددا بەدەنا من. من ب چاڤێ خوە یێن مەزەلۆکی چرووسکەک دیت. هەما من ئەو چرووسک ب لەز شۆپاند. قەرە پەرە وا دەنگنا هەر کو دچوو زێدە دبوون.

– وای تێ... سەری خویا بوو...

قیژینی ب دەنگێ شەرمۆکی کەت.

– بەرخوە بدە، وای هات... ئەرێ، هات هات...

هەردو مەلەکێ دەلال پێهنا خوە ل قوونا من دا. ئەز د دەستێ پیرکەک قەلەو دە بووم. ب لنگێ من گرتبوو و ب تەپکا ب قوونا من دکەت. ئێدی من دیاخ نەکر و ب دەنگەکی زیز من کر گازی و هەوار.

– لاو ئە... لاو... مزگینا من ل وە...

خوەدیێ وی دەنگێ شەرمۆکی ئەز هەمبێز کرم و پێسیرا خوە دا دەڤێ من ئی پچووک. ئەڤ چەند رۆژ بوون ئەز برچی بووم. مینا گورێ هار من پێسیرا تژی شیر قەداند. کەسێ کو ل وێ دەرێ بوو، هەمی ب من کەنیان.

– وەلە لاوێ تە گەلەک خورە یە پیرۆزێ...

ناڤێ دایکا من ئی دویەمین کەتە هشێ من. دووڤ رە باڤێ من هات. وی ژی ئەز هەمبێز کرم.

– پتکۆ، هەی پتکۆ...تو ب خێر هاتی...


دەڤێ خوە کرە گوهێ من و بوو پستە پستا وی.

– ناڤێ تە ژیان... ژیان... ژیان...

لێ مخابن ئەز زێدە نەژیام... ئەردنیگاریا ئەز لێ ژ دایک بووبووم د بن بارانا بۆمبەیان دە بوو.

**چیرۆکنڤیس ئەمین ئەسەر ل سالا (١٩٧٢)ێ ل ناڤچەیا دێرکا چیایێ مازی یا سەر ب باژارێ مێردینێ ڤە ژدایکبوویە. خوەندنا سەرتایی و ناڤەندی هەر ل وێ ناڤچەیی ب داوی ئینایە و زانینگەها دیجلە ل باژارێ سێرتێ تەمام کریە. ل سالا (١٩٩١)ێ وەکو مامۆستا هاتیە دامەزراندن. نها ل باژارێ ئامەدێ بەردەوامیێ ددەتە کارێ خوە. هەتا نها چار پەرتووک ب زمانێ ترکی بۆ زارۆکان وەشاندینە. هەر ل وارێ نڤیسینێ بۆ زارۆکان چار کتێب ب زمانێ کوردی ژبۆ چاپێ ئامادەکرینە. کورتە چیرۆکێن وی ژی یێن ب ترکی دنڤیسینە ل گەلەک کۆڤاران دە بەلاڤبووینە. کورتە چیرۆکێن ب کوردی ژی ل کولتورنامێ دە بەلاڤ دکەت، کو ئەڤە یەک ژ ئەوانە.**

**«ڕامان»**



# بەرمیلێک ئەمۆنتیلادۆ (*)

ئێدگار ئالان پۆ
لە ئینگلیزییەوە: ئیحسان سابیر خەیات

من زۆر باش توانیم بەرگەی هەزار ئازارەکەی (فۆرچناتۆ) بگرم، بەڵام ئەو کە سەرەڕۆیی لە سووکایەتی پێکردنم کرد، سوێندم خوارد تۆڵە بسێنم. وەلێ تۆ کە دەروونی من باش دەناسی، هەرگیز گومانت نابێ هەڕەشەم لێ کردبێ. بە هەر حاڵ لە کۆتاییدا دەبوا ببم بە تۆڵەئەستێن؛ ئەوە خاڵێک بوو یەکلا کرایەوە، کەچی هەر هەمان ئەو یەکلا کردنەوەیە ڕێگر بوو لە پێش بیرۆکەی خۆخستنە مەترسییەوە. من نابێ تەنیا سزای بدەم، بەڵکو دەبێ سزای بدەم و لە لایەن یاساوە پارێزراویش بم. شتی ناڕەوا ڕاست ناکرێتەوە ئەگەر کەسەکەی ناڕەوا سزا نەدرێت. تۆڵەئەستێنیش هەروەها ناڕەوایە، واتە یەکسانە لەگەڵ کەسەکەی ناڕەوا ئەگەر هەستی نەکرد هاوکووفی کەسە تاوانبارەکەیە، یان ئەگەر بەرەنگاری نەبۆوە.

من دەمەوێ بۆ هەموان عەیان بێ کە نە بە قسە و نە بە کردار پاساوم نەدابووە فۆرچناتۆ گومان لە نیازپاکیم بکات. وەک نەریتێکی خۆم هەمیشە بە خەندە و پێکەنینەوە ڕووبەڕووی دەبوومەوە و ئەویش نەیزانی خەندەکانم ئێستا بە نیازی کوشتنیەتی. ئەو فۆرچناتۆیە خاڵێکی لاوازی هەبوو، هەرچەندە لە لایەکی دیکەوە پیاوێک بوو ڕێزی لێ دەگیرا، بەڵکو تەنانەت سامداریش بوو، لە بواری مەی و جۆرەکانی شانازی بە شارەزایی خۆی دەکرد. کەم ئیتاڵی هەن هونەرمەند و پسپۆری ڕاستەقینە بن، چونکە زۆربەیان پەرۆشی خۆ سازاندنن لەگەڵ سەردەم بۆ فریودان و خەڵەتاندنی ملیۆنێرەکانی بەریتانی و نەمساوی. لە وێنەکێشان و گەوهەرسازی، فۆرچناتۆ، وەک هاوولاتییەکانی خۆی، تەڵەکەباز بوو، بەڵام سەبارەت بە کۆنە مەیەکان ڕاستگۆ بوو. لەم بوارەدا، لە ڕووی ماددییەوە هیچ جیاوازییەک لەنێوانمان نەبوو: من خودی خۆم شارەزاییم لە مەیەکانی ئیتاڵی هەبوو و بە پێی توانایییم زۆرم لەم جۆرە

دەکرێ.
ئێـــوارەیەک، لە کــاتی خــۆرئاوابووندا، لە مــیـــانی ئەوپەڕی مەستیدا لە کەرنەڤاڵێکی جەژندا ڕووبەڕووی دۆستــەکـەم بـوومـەوە. زۆر بە گـەرمی لێم نزیک بۆوە، چونکە زۆری خواردبۆوە. جلی ڕەنگاوڕەنگی گاڵتەجاڕی سێـرکی لەبەربوو و سەریشی بە کـڵاوێکی قـووچەکی و چەند زەنگوڵەیەک داپۆشـــرابوو. من هێندە بە دیتنی کەیف خۆش بووم کە نەدەبوا دەستی نەگوشم.
پێم گوت: "ئازیزم فۆرچناتۆ، خۆشبەختانە یەکترمان بینی. ئەمڕۆکە زۆر سەرنجڕاکێشی! دەزانی بەرمیلێک مەیم دەست کەوتووە؟ وێدەچێت مەی ئەمۆنتیلادۆ بێت، بەڵام گومانیشم لێی هەیە.
- چۆن؟ ئەمـۆنتـیـلادۆ؟ بەرمـیـلێـک؟ مـەحـاڵـە! لە ناوەڕاستی کەرنەڤاڵیشدا!
- من گــومــانم هەیە. بە ڕاســتی گــەوج بووم نرخی تەواوی ئەمــۆنتــیـــلادۆم پێ دا بەبێ ئەوەی ڕاوێژ بەتۆ بکەم، بەڵام تۆ دیار نەبووی و منیش ترسام هەلەکەم لە دەست بچێ.
- ئەمۆنتیلادۆ!
- گومانم هەیە.
- ئەمۆنتیلادۆ!
- دەبێ دڵنیا بم لێی.
- ئەمۆنتیلادۆ!
- لەبەر ئەوەی تۆ ئێــســتــا ســەرقــاڵی، من بۆ لای (لوشەسی) دەچم. هەر ئەو دەزانێ هەڵیسەنگێنێ. ئەو پێم دەڵێت.
- لوشـەسی ناتوانێت ئەمـۆنتیـلادۆ لە (شێـری) جیـا بکاتەوە.
- بەڵام هەندێ کەللەپووچ هەن لایان وایە هەستی ئەو لەگەڵ هی تۆ یەکسانن.
- وەرە با بڕۆین.
- بۆ کوێ؟
- بۆ گومبەتەکانی ئێوە.
- نا دۆستی ئازیزم، من نامەوێ دڵپاکیت بقۆزمەوە. هەست دەکەم تۆ دەرفەتت نییە. لوشەسی.
- دەرفەتم هەیە، دە وەرە دەی.
- نا ئازیزەکـەم. مـەسـەلەکـە دەرفـەت نیـیـە، بەڵکو سـەرمـا و سـۆڵەکـەیە کـە پێم وایە تووشی هاتووی. ناو گومبەتەکان لە ڕادەبەدەر شێدارن. سەرتاپایان بە نێترات داپۆشراون.
- با بڕۆین، قــەیدی ناکــات، ســەرمــا هیچ نیـــیــە. ئەمـۆنتـیـلادۆ! تۆ فریودراوی. سەبارەت بە لوشـەسـیش ناتوانێ (شێری) لە ئەمۆنتیلادۆ جیا بکاتەوە.
بەو شـێـوە ئاخـاوتنانە، فـۆرچناتۆ خـۆی بە قـۆڵـی من ڕاگیر کرد. منیش بە پارچە ئاوریشمێک ڕووم دەمامک دا و خۆم لە عەباکەم وەرپێچا و بەرگەی ئەوم گرت و بە پەلە بەرەو ماڵەکەم ڕۆیشتین.
خزمەتکارەکان لە ماڵ نەمابوون؛ هەر هەموویان خۆیان دزیبۆوە، چووبوون بۆ کەرنەڤالی جەژن. پێیانم گوتبوو کە تا بەیانی ناگەڕێمەوە و فەرمانم پێدابوون ماڵەکە بەجێ نەهێـڵن. من دەمـزانی فــەرمــانەکــانم بەس بوون بۆ هاندانیان یەکسەر دوای دەرچوونم، ماڵ بەجێ بهێڵن.
لەو مەشخەڵانەی بە دیواردا هەڵواسرابوون، دووانم لە هەڵگرەکـانیـانەوە هێنایە خـوارەوە؛ یەکـێکیـانم دایە فۆرچناتۆ و بە نێو چەند ژوورێکدا بردم بۆ ئەو قەنتەرەی بۆ گــومــبــەتەکــان دەچوو. بە قــادرمــەیەکی درێژ و پێــچــخــواردوو چووینە خــوارەوە و داوام لێ کــرد لە بەدواکەوتنمدا هۆشیـار بێت. لە کۆتاییدا گەیشتینە خــوارەوە و پێکەوە لە گــۆڕســتــانە شــێــدارەکــەی (مۆنتریسۆرس) ڕاوەستاین.
هاوڕێیـەکـەم لە ڕۆیشـتنیـدا سەقامگیر نەبوو. لەگـەڵ هەنگاو هاویشــتنیــدا زەنگوڵەکـانی سەر کـڵاوەکـەی دەزرینگانەوە.
"کوا بەرمیلەکە؟" فۆرچناتۆ پرسیاری کرد.
"هێشتا دوورە، بەڵام تۆ سەرنج بدە ئەو چینە سپییانە کــە لە ســەر دیوارەکــانی ئەو ئەشکەوتە گــەورەیە دەبریسکێنەوە."
ئـاوڕی لـێـم دایـەوە و بـە دوو چـاوە مـــــــەسـت و تەمومژاوییەکانییەوە سەیری ناو چاوەکانی کردم کە بە هۆی هەوا شێدار و ژاراوییەکەوە تنۆکیان ڕانەدەوەستا.
ئینجا پرسیاری کرد:" نێتەر؟"
- بەڵێ، نێـترات. ئەوە لە کەیەوە تووشی ئەو کۆکەیە هاتووی؟
- ئـوح! ئـوح! ئـوح! - ئـوح! ئـوح! ئـوح! - ئـوح! ئـوح! ئوح! - ئوح! ئوح! ئوح!
دۆســتــە دامــاوەکــەم تا مــاوەیەک نەیتــوانی وەڵامم

بداتەوە. لە کۆتاییدا گوتی:
- هیچ نییە.
بە مکورییەوە پێم گوت:
- وەرە، دەگەڕێینەوە، تەندروستی تۆ گرنگترە. تۆ دەوڵەمەند و بەڕێز و سەرنجڕاکێش و خۆشەویستی؛ تۆ وەک منی جاران بەختەوەری. تۆ پیاوێکی بەبێ تۆ ناحەوێینەوە. سەبارەت بە من گرنگ نیم. دەگەڕێینەوە؛ تۆ نەخۆش دەکەویت و منیش بەرپرسیار نیم. وێڕای هەندێ، لوشەسی...
- بەسە ئیتر، کۆکە هەر هیچ نییە؛ خۆ نامکوژێت. من بە کۆکە نامرم.
- ڕاستە، ڕاستە، بەڕاستی من نەمویست بە خۆڕایی بتترسێنم، بەڵام تۆ پێویستە هۆشیاری شیاوت هەبێ. فڕێک لەو جۆرەی مەی(مێدۆک) لەو شێیانە دەمانپارێزێت.
ئیدی سەری شووشەیەکم کردەوە کە لە ڕیزە دوورودرێژەکەی هاوجۆری خۆی لە سەر تاقچەکە دانرابوون، ئینجا پێشکەشیم کرد و پێم گوت:"بیخۆوە"
بە مەکرەوە بۆ لێوەکانی بەرزی کردەوە. هەڵوەستەیەکی کرد و هاوڕێیانە ئاماژەیەکی بۆم کرد و زەنگوڵەکانی زرینگانەوە، لە پاشان وتی:
- لە ڕوحی ئەو مردووانەی لە دەوروبەرماندا وا بە ئاسوودەیی نێژراون، دەخۆمەوە.
- منیش لە تەمەن درێژیت دەخۆمەوە.
دووبارە قۆڵی گرتم و ڕۆیشتین، ئینجا گوتی:
- ئەم گومبەتانە زۆر فراوانن.
- ئاخر بنەماڵەی مۆنتریسۆرەکان خێزانێکی گەورە بوون.
- من هەمیشە سیمای زرێپۆشی ئێوە لەبیر دەکەم.
- پێیەکی زلی مرۆڤە لە نێو کێڵگەیەکی شینی ئاسمانیدا مارێکی پلێخاندۆتەوە کە کەڵبەکانی چەقاندۆتە پاژنەکەی.
- ئەدی دروشمەکە؟
- بە لاتینی "Nemo me impune lacessit"
واتە: کەس ناتوانێ بەبێ سزا ئازاری من بدات.
- جوانە!
مەی لە نێو چاوەکانیدا دەدرەوشایەوە و زەنگوڵەکانی سەر کڵاوە قووچەکەکەشی دەزرینگانەوە. حەزم چووە مەی (مێدۆک).
لە پاڵ دیوارەکانی ئێسکە کۆمەڵکراوەکاندا و چەندان جۆرە بەرمیل، بۆ نێو قووڵترین گۆڕەکان تێپەڕین. دیسان ڕاوەستام و ئەم جارە بوێرانە لە سەرووی ئەنیشکییەوەم گرت و پێم گوت:
- نێتراتەکان! سەیرکە، هەمیشە لە زیادبووندان. وەک قەوزە لەسەر قەنتەرەکاندا شۆڕدەبنەوە. ئێمە ئێستا لە بنکەی ڕووبار نزمترین، تنۆکەکانی شێ لە نێوان ئێسکەکاندا دەچۆڕێنەوە. وەرە دەی، بەر لەوەی درەنگمان بەسەردا بێت با بڕۆین. کۆکەت...
- هیچ نییە، با بەردەوام بین، بەڵام جارێ بڕێکی تر مەی مێدۆکم بدێ.
شووشەیەکی جۆری (دی گرێیڤ)م گەیاندێ. بە یەک نەفەس چۆڕپڕی کرد. چاوەکانی وەک ئاگر گەشانەوە. دەستی کرد بە پێکەنین و شووشەکەی بۆ ئاسمان تووڕدا، لەگەڵ ئاماژەیەک کە من تێی نەگەیشتم.
بە سەرسوڕمانەوە سەیریم کرد. جووڵەکەی دووبارە کردەوە، جووڵەیەکی نەشاز، ئینجا گوتی:
- تۆ لەوە ناگەی.
- نەخێر.
- کەواتە تۆ لە برایان نیت.
- چۆن؟
- تۆ لە ماسۆنەکان نیت.
- بەڵێ، بەڵێ، من ماسۆنم.
- تۆ؟ مەحاڵە! ماسۆنی؟
- بەڵێ ماسۆنم.
- نیشانەیەک، نیشانەیەکم بدێ.
منیش ماڵەنجێکم لە ژێر عەباکەم دەرهێنا و گوتم:
- ئا ئەمەیە نیشانە.
چەند هەنگاوێک گەڕایەوە دواوە و بە سەرسوڕمانەوە گوتی:
- تۆ قەشمەری دەکەی. با بۆ ئەمۆنتیلادۆ بچین.
بازووی خۆم بۆ درێژکرد و گوتم: "دە یەڵڵا". جەستەی خۆی چەماندەوە سەر بازووەکەم. لە ڕێڕەوەکەمان بەردەوام بووین بۆ گەڕان بە دوای ئەمۆنتیلادۆ. بە نێو زنجیرەیەک لە قەنتەرەکان ڕەت بووین، شۆڕبووینەوە خوارەوە و گەیشتینە گۆڕستانێکی قووڵ کە هەوا بۆگەنەکەی وای کرد ئاگری مەشخەڵەکە کز بێتەوە، نەک بڵێسە بگرێت.

له دوورترین کۆتایی گۆڕستانی نێو ژێرزەمینەکە شوێنێکی تر دیارکەوت کە فرەوانییەکەی کەمتر بوو. دیوارەکانی بە ئاسەواری مرۆڤ داپۆشرابوون، کۆمەڵ کرابوون بە بەرزایی قەنتەرەکەوە لەسەر شێوەی گۆڕستانی ژێرزەمینی پاریس. سێ لا لە لایەکانی ژوورەوەی ئەو ژێرزەمینە بە هەمان شێوە نەخشێنرابوون. لە لای چوارەمەوە، ئێسقانەکان کەوتبوونە خوارەوە و لەسەر زەوی تێکەڵ بە یەک ببوون وەک گردۆڵکەیەک کەڵەکە ببوون. بە درێژی دیوار و لە نێوان ئەو هەموو ئێسکانەدا لە کونجێکی خامۆشدا بۆشاییەکمان بینی بە قووڵی چوار پێ و پانی سێ پێ و بەرزی شەش، یان حەوت پێ. پێدەچوو هیچ مەبەستێکی تایبەتی لە بنیادنانی نەبووبێ، بەڵکو تەنیا بۆ ناوبڕەی نێوان دوو لە کۆڵەگە زەبەلاحەکان پێکهاتبێ بۆ ڕاگرتنی بانی ژێرزەمینەکەوە و یەکێک لە دیوارە چیوەییەکانی بەردی گرانێت پاڵپشتی بوو.

هەوڵی فۆرچناتۆ بۆ بەرزکردنەوەی مەشخەڵەکەی و خۆتێهەڵقورتاندنی لە باری بۆشایی کونجەکەوە بێهوودە بوو. لە کۆتاییدا ئاگرە کزەکە یارمەتی بینینی نەداین.

پێم گوت:"برۆ بەردەوامبە، ئەمۆنتیلادۆ لێرە لەم ناوەدایە. سەبارەت بە لوشەسیش " بە لارەلار هەنگاوی نا و قسەمی بڕییەوە و گوتی:" ئەو نەفامە نەفام." بە چرکەیەک گەیشتبووە کۆتایی (نیچ niche**)ـەکەوە و کە بینی بەردێک ڕێگای لێ گرت، شڵەژا و ڕاوەستا. ئیدی منیش بە چرکەیەک دوای ئەوە هەر لەوێ بە بەردە گرانێتەکەوەم بەستەوە. لەسەر ڕووی بەردەکەدا دوو ئەڵقەی ئاسن هەبوو، دوو پێ بە ئاسۆیی لە یەکتر دوور بوون. زنجیرێکی کورت بە یەکێکیانەوە شۆڕ ببۆوە و قفڵێکیش بە ئەوەکەی ترەوە. بە چەند چرکەیەک زنجیرەکەم بۆ ئەودیو کەمەری هەڵدا و باش توندم کرد. دیار بوو بە ئەندازەیەک شۆکخواردوو بوو کە نەیتوانی توزقاڵێک بەرگری لە خۆی بکات. کلیلەکەم دەرهێنا و لە بۆشاییەکەی نێو دیواردا کشامەوە و پێم گوت:

– لەسەر دیوارەوە دەستتم بگەیێ؛ تۆ بەرگەی نێترات ناگری. بەڕاستی زۆر شێدارە. جارێکی دی لێت دەپاڕێمەوە با بگەڕێینەوە. نا؟ کەواتە من دەبێ بێ سێ و دوو بەجێت بهێڵم، بەڵام یەکەم جار پێویستە ئەوەندەی لە دەستم بێت، سەرنجت بدەمێ و گوێت لێ ڕاگرم.

برادەرەکە هێشتا هەر واقوڕمابوو و بە دەنگی بەرز گوتی :"ئەمۆنتیلادۆ."

– ڕاستە، ئەمۆنتیلادۆ.

ئەو قسانەم کرد لەو کاتەی کە خۆم سەرقاڵی کۆمەڵە ئێسکەکان کرد کە باسیم کردبوو، ئینجا فڕێم دانە لایەکەوە و دەستبەجێ بڕێک بەردی بینا و گەچم دۆزییەوە، بەو کەرەستانە و بە ماڵەنجەکەم زۆر چالاکانە دەستم کرد بە داخستنی دەروازەی (نیچ)ـەکە و بنیادنانی دیوارێک.

هێشتا چینی یەکەمی بەردەکانم ڕیز نەکردبوو، زانیم ژاراویبوونەکەی فۆرچناتۆ بە ڕادەیەکی زۆر شڕی کردووە. یەکەم نیشانەی هەندێش ناڵەناڵە هێواشەکەی بوو کە لە قوولایی بۆشاییەکەوە دەهات. ئەوە گریانی کابرایەکی سەرخۆش نەبوو، ئینجا بۆ ماوەیەکی درێژ بێدەنگی بەسەر دۆخەکە زاڵ بوو. چینی دووەمم ڕیزکرد، ئینجا سێیەم و چوارەم، تا گوێم لە هەژانەوەیەکی زۆر بەهێزی زنجیرەکە بوو. دەنگەکە چەند خولەکێکی خایاند. لەو ماوەیەدا پڕ بە دڵ گوێم لێ ڕاگرت و لەسەر ئێسکەکان دانیشتم. کە خڕەخڕەکە دامرکا، لە ماڵەنج لێدان بەردەوام بووم و چینی پێنجەم و شەشەم و حەوتەمم بەبێ پچڕان تەواو کرد. ئێستا دیوارەکە گەیشتە ئاستی سنگم. هەمدیسان ڕاوەستام و بە بەرزکردنەوەی مەشخەڵەکە بۆ سەر دیوارەکە، چەند کزە تیشکێکم خستە سەر کابرای ناوەوە.

زنجیرەیەک لە قیژەی تیژی یەک لە دوای یەک لە پڕ لە قوڕگی بەندکراوێکدا وەک بڵێی تەقینەوەیەکی بەهێز هەڵیدامە دواوە. بۆ نیوە چرکەیەک دوودڵ بووم – دەلەرزیمەوە. شیرەکەم دەرهێنا و دەستم کرد بە وەشاندنی بە نێو بۆشاییەکەوە لەو دیو دیوارەکەدا، بەڵام بیرۆکەیەکی خێرا ئارامی کردمەوە. دەستی خۆم لەسەر بناغە پتەوەکانی گۆڕستانەکە دانا و ئاسوودەبووم. دووبارە لە دیوارەکە نزیک بوومەوە. وەڵامی هاوار و بۆڵەبۆڵەکانیم دایەوە. ڕەتم کردنەوە، لە قەبارە و لە تین لەو پترم کرد، ئیدی هاوارەکە وەستا.

نیوەشەو داهات و ئەرکەکەم بەرەو کۆتایی دەڕۆیی. چینی هەشتەم و نۆیەم و دەیەمم تەواو کردبوو. بەشی دوایەمینیشم تەواوکرد، تەنیا یەک دانە بەرد مایەوە بیخەمە سەر و بیچەسپێنم. لە هەڵگرتنیدا زەحمەتم

کـێـشـا، وەلێ توانیم تا ڕادەیەک لە شـوێنی شـیـاوی دابنێم، بەڵام لە دەرەوەی (نیـچ)ـەکـە پێکەنینێکی نزم هات کە تووکی سەرمی هەڵساند. لە دواکەی دەنگێکی خـەمگین هات کـە پێم وانەبوو بە دەنگی خـانەدان فۆرچناتۆ بچێت. دەنگەکە گوتی:

– ها! ها! ها! ئەو! ئەو بەڕاستی نوکتەیەکی خۆش بوو گالتەیەکی نایاب بوو. زۆر دەولەمەند هەن لە کۆشکدا پێی پێدەکەنن ئەو! ئەو! ئەو! لە سایەی مەیەکەمان ئەو! ئەو! ئەو!

منیش هاتمە قسان :"ئەمۆنتیلادۆ!"

– ئەو! ئەو! ئەو! ئەو! ئەو! بەڵێ، ئەمـۆنتیـلادۆ، بەڵام ئاخـۆ کـات درەنگ نیـیـە؟ ئاخـۆ لە مـاڵەوە چاوەڕوانمان ناکـەن، خـاتوو فـۆرچناتۆ و ئەوانی تر؟ با بڕۆین.

– بەڵێ، با بڕۆین.

– بۆ خاتری خوا، مۆنتریسۆر!

– بەڵێ بۆ خاتری خوا!

بەڵام گـوێدانە ئەم وتانە بێـهـوودە بـوو. ئارامم لێ بڕا و هاوارم کرد:" فۆرچناتۆ!"

وەڵامی نەبوو و هاوارم کردەوە:"فۆرچناتۆ!"

هەمدیسـان وەڵام نەبوو. مـەشـخـەڵەکـەم لە درزێکەوە فـڕێ دا و کـەوتە ژوورەوە. ئەوسـا تەنیـا زرینگەیەکی زەنگوڵەکـان وەڵام بوو. دڵم بەژان کـەوت بە هۆی تونێلە شـێدارەکـان. پەلەم لە کـۆتایی پێهـێنانی کـارەکەم کـرد. دوامین بەردم بە زۆری لە جێی خۆی چەسپاند و سـواخم دا. بەربەسـتـێکم بە ئێسـکەکـان بۆ دیوارە نـووەکـە قـیت کردەوە، بۆ نیو سەدە هیچ کەسێک هەراسانی نەکردن.

(In pace requiescat)! واتـە: هـیـــــــوادارم ئاسوودە بیت!)

## ئێدگار ئالان پۆ

**ئیدگار ئالان پۆ شاعیر و نووسەری کورتە چیرۆک و ڕەخنەگری ئەمەریکی بوو. یەکێک بووە لە پێشەنگەکـانی ڕۆمانسـیـیـەتی ئەمـەریکی. لە سـالی ١٨٠٩ لە شـاری بۆستن لە ویلایەتی ماساشوسێتس لە دایک بووە. ناوبانگی بە چیرۆکەکانی کارە نالەبارەکان و بە شیعرەکانی دەرکردووە. لە نووسەرە یەکەمەکانی کورتە چیرۆک و داهێنەرەکانی ڕۆمانی پۆلیسی دەژمێردرێت. لە سالی ١٨٤٩ کۆچی دوایی کردووە. (قـەلە ڕەشکە) یەکێک بوو لە چیرۆکەکانی. لە سالی ١٨٣٠- ١٨٣١ لە ئەکادیمیای سەربازی ئەمەریکی دەرچووە.**

*** جۆریکە لە مەی ( شێری sherry)**

**** بۆشایی یان تاقی نێو دیوار، تایبەتە بۆ نمایشکردنی پەیکەر**

**سەرچاوە: کتێبی:**

**Short Story Masterpieces - Beirut 2008**



شانۆگەری یەک پەردە

# ژووری نووستن

**باکثیر الصغیر**
**لە عەرەبییەوە: موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی**

شێتێک لە سەردەمی ئەقڵدا... یان ئاقڵێک لە سەردەمی شێتیدا.. ئەوە شانۆگەرییەکەیە!

لایەنێکی ژووری بەندیخانەکە، نووسین و ئیمزا بەسەر دیواری ژووری بەندیخانەکەوە بە گەورەیی لە بینەرانەوە دیارە (ستەمدیدە)، (دیلی خەم و پەژارە)، (ئای چەند لە بەندیخانە...). پیاوەکە پشتی بە دیوارەکەوە داوە و یاری بەو کۆمەڵە بەردەی بەردەمی خۆی دەکات، لە کاتێکدا سەعد و مەسعوود خۆیان ئامادە دەکەن بنوون...

پیاوەکە (یاری بە بەردەکان دەکات).. ئازاد دەکرێم... ئازاد ناکرێم... ئازاد دەکرێم... ئازاد ناکرێم.. ئازاد دەکرێم.. ئازاد ناکرێم.. چی؟ ئازاد ناکرێم.. ئیهی.. ئیهی.. (دەگریت).

**سەعد:** (هاوار دەکات).. تاکەی ئەم شێتە واز لە هاوارکردن ناهێنێت؟ ئەوە خەوی نایەت؟ (ڕوو دەکاتە پیاوەکە) دەی زووکە لێرە هەستە.. دەی.. ئەگینا (مستەکۆڵەی بەرەو ڕووی پیاوەکە بەرز دەکاتەوە).

**مەسعوود:** کاکی برا وازی لێ بێنە.. لێی ڕاهاتووین.

**پیاوەکە:** (کەمێک دوور کەوتووەتەوە).. جارێکی دیکە یارییەکەم دووبارە دەکەمەوە.. ڕەنگە یەکەمین جار هەڵەم کردبێت.

**سەعد:** هەڵەیان کرد.. کاتێک هێنایانە ئێرە.. شوێنی ئاسایی ئەو شێتخانەیە..

**مەسعوود:** لەو بڕوایەدایت؟

**سەعد:** سوێندیش دەخۆم؟

**مەسعوود:** کەواتە هیچ جیاوازی و ناکۆکییەکی تێدا نییە.. چ لێرە، یان لەوێ بێت.. شێتێک لە سەردەمی ئەقڵدا، یان ئاقڵێک لە سەردەمی شێتیدا.

**سەعد:** (بە سەرسوڕمانەوە).. براله... چی دەڵێیت؟

**پیـــاوەکـــە:** (لە دوورەوە).. ئازاد دەکـــرێم.. ئازاد دەکرێم.. دەرووم لێ کراوە.. دەرووم لێ کرایەوە:

کـاتێک ئەڵقـەکـانی توندتر بوون تەسکتـر بوونەوە... دەرووم لێ کرایەوە کاتێک وام زانی ناکرێتەوە

**مەسعوود:** ماشەڵڵا برادەرەکەمان شیعریش دەڵێت.

**سەعد:** سەرم سوڕماوە.

**پیـاوەکـە:** سـەرلەنوێ هەتاو هەڵدێتـەوە.. بەرەبەیانی بەختەوەری دەبێتەوە.. بای بای جیهـانی تاریکی.. بای بای ژووری خـــەم و پەژارە.. (بە پەنجــــەی ســــەری دەخورێنێت و لە خۆی دەپرسێتـەوە)... بەڵام کەی؟ کەی ئازاد دەکـرێم؟ سـەرلەنوێ یاریـیـەکـە دەکـەمـەوە.. تا لە کاتی ئازادکردنەکەم ئاگەدار دەبم.. بەڵێ..

**سەعد:** خەڵکینە.. مەردم.. خەریکە شێت دەبم.

**مەسعوود:** براله پێم نەگوتیت.. شێتێک لە سەردەمی ئەقڵدا..شۆکەکە زۆری کار تێکرد..

**سەعد:** کام شۆک.

**مەسعوود:** بەندیخانە.. زانیم کە کوڕە دەوڵەمەندێکە، لە خـوێندنیـشـدا زۆر سـەرکـەوتوو بووە و پاش مـەرگی باوکی پارەیەکی زۆری بۆ بەجێ مـــاوە و بۆ برادەرانی خـراپ و بۆ تلیـاک خـەرجی کـردووە. بەو هۆیەشـەوە خـزاوەتە ناو جـیـهــانی تاوانەوە. ئەمـڕۆیش ئەوەتە دەیبینیت.

**سەعد:** نیوە ئیفلیج بووە.

**مـەسـعـوود:** بەڵێ. هەندێک جـار مـرۆڤ، بەو کـارە سەرکێشییانەی ئەنجامیان دەدات، خۆی لە خۆشیی ژیان بێ بەش دەکات.

**سەعد:** ئەمەیش یەکێکە لەو کارانە.

**مـەسـعـوود:** وایە.. دەی.. براله بڕۆ بنوو.. خـەونی خۆش ببینە.. لەم ژوورەدا تەنیا خەونمان هەیە.

**پیـاوەکـە:** (هاوار دەکـات).. ئەمـڕۆ.. ئەمـڕۆ ئازاد دەکرێم.. (سەیری کاتژمێرەکەی دەکات)..ئۆۆۆ.. تەنیا چەند کاتژمێرێک ماوە.. دەبێت خۆم بۆ ئازادبوون ئامادە بکەم.

**سەعد:** (پێدەکەنێت)...ها...ها....ها...

**مـەسـعـوود:** ڕەنگە ڕاست بکات، با لێی بپرسین ئەی ئێمە کەی ئازاد دەکرێین.

**ســـەعـــد:** تەنانەت تۆیـش هاوڕێ.. ها..ها..ها (پێدەکەنێت).

**سەعد:** (گۆنای بە شـانییـەوە نووسـاندووە).. ئاخ.. تەنانەت خــەویشـــمــان نایەت..ئەی خــەو بە خـــوام سپاردیت..

(دەنگێک بەرگــوێ دەکـەوێت... دەرگـەی ژوورەکـە دەکرێتەوە).

**پیـــاوەکـە:** ئەوە ئازاد دەکـرێم.. ئەو سـەربازە بۆ ئەوە هاتووە ئازادم بکات..ئۆۆۆی.. گەورەم کەمێک چاوەڕێ بکە تا خۆم ئامادە دەکەم.. (جلەکانی ڕێک دەخات).

**سەعد و مەسعوود:** (واقیان وڕماوە) چی ی ی ی ی؟

(سەربازەکە دەردەکەوێت مامۆستا «کامەران»ی لەناو ژوورەکەدا لە پێش داوە).

**سـەربازەکـە:** دەی... مـامـۆسـتـا بچـۆرە ژوورەوە.. خەوێکی خۆش.

(مامـۆستا لە شەرماندا لە سووچێکی ژوورەکـە خۆی بزر دەکات).

**پیـاوەکـە:** (بە سـەربـازەکـە دەڵێت).. گـەورەم.. ئەی من..

**سەربازەکە:** تۆ.. چیتە؟

**پیاوەکە:** ئەی بۆ نەهاتوویت ئازادم بکەیت؟

**سەربازەکە:** بە فەرمانی کێ.. ئازادت بکەم؟

**پیـــاوەکـــە:** بە فــەرمــانی ئەو بەردانەی ژمــاردمن.. ژماردنەکەم دروست بوو.

**ســەربـازەکـە:** بەرد.. ها..ها..ها.. (بە پێکەنینەوە دەچێتە دەرەوە).

**پیـاوەکـە:** (دەرگـەی ژووری بەندیخـانەکـە دەگـرێت و هاوار دەکـات).. ئازادم بکەن.. ژمــاردنەکـانم ڕاست بوون.. ئازادم بکەن... ئازادم بکەن.. ئیـهـی.. ئیـهـی.. (دەگـریـت و بەنـاو شـانۆدا دەسـووڕێتـەوە).. بەڵام کێ چوزانێت، ڕەنگە هەڵەم کـردبێت.. یاریـیـەکـە دووبارە دەکەمەوە.

**ســــەعـــــد و مـــــەســــعــــوود:** (پێکەوە پێدەکەنن)..ها..ها..ها.

**مەسعوود:** تۆ بڵێیت ئەوەی هێناویانە کێ بێت؟

**سەعـد:** ئاشکرایە تاوانبارێکە.. خۆ فـریشـتـە نایەتە ئێرە.

**مەسعوود:** وەرە با بەخێرهاتنی بکەین.

**سەعد:** مەبەسـتت ئەوەیە سەرەخۆشی لێ بکەین.. تۆ تەنیا بە خۆت بڕۆ.

**مەسعوود:** ئارەزووی خۆتە.

(سـەعد دەنوێت و مـەسـعـوود بەرەو لای مـامـۆسـتاکـە دەچێت).

**مەسعوود:** ئەم کاتەتان باش..

**مامۆستا:**..............

**مەسعوود:** چ ستەمکار، یان ستەم لێ کراو بیت لێرە هیچ جیاوازییەکیان نییە.

**مامۆستا:** ...............

**مەسعوود:** تۆ لە بەندیخانە توند کراویت پێویستە ئەم ڕاستییە تێ بگەیت.. بەندیخانەیش کۆتایی مێژوو ناگەیەنێت، بەڵکو هەلێکە بۆ بەخۆداچوونەوە.

**مامۆستا:** ...............

**مەسعوود:** قەیدی نییە ئەوە وەک ئەرکێک بوو سەرم لێ دایت، لەو بڕوایەشدام من ئەرکی خۆم بەجێ گەیاند، شەوباش. (دەڕوات).

**مامۆستا:** تۆ.

**مەسعوود:** باشە.. پێدەچێت.. قایل بوویت بێیتە ڕیزی ئێمەوە.

**مامۆستا:** ڕیزی ئێوە!

**مەسعوود:** بەڵێ.. ڕیزی ئێمە.. لەم ژوورە دڵتەنگەدا کە هەموو جیهانێکی ئێمەیە.

**مامۆستا:** من حەزم لە جیهانی تاوانکاری نییە و بەسەربەرزریشی نازانم بچمە ڕیزی ئەو جیهانەوە.

**مەسعوود:** هەمووومان ڕقمان لە تاوان دەبێتەوە، بەڵام هەندێک جار بە ناچاری پەنای بۆ دەبەین بۆ ئەوەی تووڕەیی خۆمانی پێ دەرببڕین.

**مامۆستا:** دەم خۆش. منیش هەر ئەوەم کرد، ئەو تەرەسە تووڕەی کردم، پۆتی شکاندم.

**مەسعوود:** ئەی کوشتت؟

**مامۆستا:** خۆزگە بمکوشتبایە، هاوەڵەکانی لە ژێر چنگیان دەرهێنام.. پاش ئەوەی چڕنووکم لێ گیرکردبوو و ببووە کەروێشکێکی تۆقیو، ئاخ.. ئەو قوڕمساغەم چۆن لە چنگ دەرچوو.. چۆن؟

**مەسعوود:** مامۆستا کێ؟

**مامۆستا:** یەکێک لە فێرخوازەکانم.. من مامۆستا کامەرانم.. لاپەڕەم لە شیر سپی ترە... ساڵانی وانەگوتنەوەم میدالە بەسەر سینگمەوە، لەلایەن فێرخوازێک لە فێرخوازەکانمەوە، نەوەیەک لە نەوەکانمەوە شەرمەزار و ڕیسوا دەکرێم و لە ژووری بەندخانە توند دەکرێم. ئەمە پەڵەیەکی شەرمەزارییە بە تەوێڵی خۆم و بە تەوێڵی ئەو پیشەیەمەوە (هاوار دەکات و توند دەرگەی ژوورەکە دەگرێت) لێرەم دەربکەن.. لێرەم دەربکەن.. من بێ تاوانم.. بێ تاوانم.

**پیاوەکە:** (لە دوورەوە)..

هەر کەسێک لە بەندیخانە توند بکرێت و لێی بپرسن
بۆچی بەندکراویت لە وەڵامدا دەڵێت بێ تاوانم

**مامۆستا:** ئەوە کێیە؟

**مەسعوود:** دانای ئەم ژوورەیە.

**مامۆستا:** دەنگی لە گوێمدا نامۆ نییە (لە ڕوخساری مەسعوود ورد دەبێتەوە)..ڕوخساری تۆیشم لێ...

**مەسعوود:** بەڵێ مامۆستا، من یەکێک لە فێرخوازەکانی بەرێزتم کە شانازی بەوەوە دەکەم لەسەر دەستی ئێوە فێرە خوێندن بوومە و وانەت پێ گوتوومەتەوە.

**مامۆستا:** زۆرن ئەوانەی فێرە خوێندنم کردوون.. زۆرن ئەوانەی لەسەر دەستی من خوێندنیان تەواوکردووە.. پزیشک و ئەندازیار و تەنانەت زۆربەی هاوکارانم لە فێرگە ڕۆژێک لە ڕۆژان فێرخوازی خۆم بوون.. هەموویان ڕێزم لێ دەنێن.. کەسێکیان بە ڕوومدا هەڵنەشاخاوە و بەرەنگارم نەبووەتەوە.. وەک ئەو شێتەی بەڕوومدا هەڵشاخا.

**مەسعوود:** مامۆستا بیرمە لە ترسی تۆ کە بە شەقامدا دەڕۆیشتیت خۆمان دەشاردەوە. تەنیا دەنگ هەڵهێنانت بەس بوو بۆ ئەوەی ترس و تۆقین بکەوێتە دڵمانەوە.

**مامۆستا:** کەچی ئەمڕۆیش نەوەیەک لە نەوەی نەوەکانم دێت و دەستم لە ڕوو بەرزدەکاتەوە و هەڕەشەم لێ دەکات لە دەرەوەی فێرگە دارکاریم بکات.. ها..ها..ها.. (پێدەکەنێت).. سەیرە.

**مەسعوود:** ڕەنگە ئەوەیشت لەبیر بێت کاتێک باوکم هاتە لات و پێی گوتیت: مامۆستا کامەران، ئەگەر مەسعوود هەڵەی کرد هیچ بەزەییت پێیدا نەیەتەوە.. گۆشتەکەی بۆ تۆ و ئێسکەکەی بۆ من.

**مامۆستا:** سەیری باوکانی دوێنێ و باوکانی ئەمڕۆ بکە چەند لێک جیاوازن، باوکی ئەو قوڕمساغە پرسەکەی گەیاندووەتە لایەنە پێوەندیدارەکان و داوای لێ کردوون سزای توند بدرێم، نەک هەر ئەوەیش، بەڵکو پێوەندی بە ڕۆژنامەکانیشەوە کردووە و بابەتەکەی بەو شێوەیە تێگەیاندوون کە تاوانێکی ترسناک و گوناهێکی گەورە بێت.. هەندێک ئەو هەلەیان قۆستووەتەوە و ڕک و کینەکانی خۆیان بەرانبەر بە من لە دڵ دەربهێنن.

**مەسعوود:** ئای مامۆستا.. ڕۆژگار زۆر گۆڕاوە.

**مامۆستا:** بەڵێ کوڕم.. ڕۆژگار ڕۆژگاری ئێمە نییە.

**پیاوەکە:** (لە دوورەوە).. ئازاد ناکرێم.. ئازاد ناکرێم..ئیهی.. ئیهی.. (دەگریت).

**مەسعوود:** دیسانەوە شێتەکەیە.

**مامۆستا:** جارێکی دی.

**مەسعوود:** ئەوەیش قوربانی دەستی برادەری خراپ کە ڕەوانەی ئەو تونێلە تاریکەیان کردووە.

**مامۆستا:** ئەی چی تۆی گەیاندووەتە ئێرە؟

**مەسعوود:** تەنیا.. ڕووداوێکی هاتوچۆ.. من و ئەو برادەرەم کە.. لەوێ نووستووە..

**مامۆستا:** مانەوەتان درێژە دەکێشێت.
**مەسعوود:** هەفتەیەک، هێشتا لەسەرەتایداین.
**پیاوەکە:** (لە دوورەوە)... ئازاد دەکرێم.. هەمووومان ئازادد دەکرێین.. وەرن با بەم بۆنەوە شایی بگێڕین.. حەمەد.. خالید.. فەهد..ئەوە لە کوێن؟ لە سەرە رێگە بەجێتان هێشتم و ڕۆیشتن... برادەرینە وەرنەوە... بە تەنیا بەجێم مەهێڵن.. ئیهی..ئیهی..(دەگریت).
**مەسعوود:** بەستەزمانە دەستی بە وڕێنە کردووە.(دەنگێک بەرگوێ دەکەوێت، دەرگەی ژووری بەندیخانەکە دەکرێتەوە، سەربازەکە دێتە ژوورەوە).
**پیاوەکە:** (بە سەربازەکە).. ئازاد دەکرێم.. ئازاد دەکرێم..ئەدی گەورەم وا نییە؟
**سەربازەکە:** بەڵێ، بۆ ئەوە هاتووم.
**پیاوەکە:** (دڵشادە)..هێی.. پێم نەگوتن.. ئەم جارە ژماردنەکانم هەڵە دەرنەچوون.. هاوڕێیان خواتان لەگەڵ.. تا بەیەک دەگەیەنەوە.. نا.. نا.. لەمڕۆ بە دواوەوە بەیەک ناگەین.. خواتان لەگەڵ.. خواتان لەگەڵ.
(بەرەو لای سەعد دەچێت و لە خەوی هەڵدەستێنێت).
**پیاوەکە:** هەستە.. هاوڕێ هەستە.
**سەعد:** ئۆۆۆی.. ئەم جارە دەتکوژم.
**پیاوەکە:** ڕاوەستە.. براله ڕاوەستە.. هاتووم خواحافیزیت لێ بکەم.. ئاکام ئازادیان کردم.
**سەعد:** تۆ!
**پیاوەکە:** بەڵێ.. نوخشەیش لە ئێوە بێت.
**سەعد:** ئاکام.. سوپاس بۆ خوا..
**پیاوەکە:** (بەردەکانی دەداتێ).. بگرە ئەم بەردانە بۆ تۆ، ڕەنگە پێویستت پێیان هەبێت بۆ ئەوەی تۆیش بزانیت چ ڕۆژێک دەردەچیت.
**سەعد:** پێشتر پێویستم پێ بوون بۆ ئەوەی سەری تۆیان پێ پان بکەمەوە.
**پیاوەکە:** ڕەنگە ئێستا پێویستت پێیان هەبێت.. خواتان لەگەڵ... خواتان لەگەڵ (دەچێتە دەرەوە).
**مەسعوود:** (بە سەربازەکە).. گەورەم بۆ کوێی دەبەن..
**سەربازەکە:** ئاشکرایە بۆ نەخۆشخانەی هیوای دەبەین.. تا لەوێ درێژە بە چارەسەرەکەی بدات (دەچێتە دەرەوە).
**سەعد:** بەستەزمان.
**مامۆستا:** خوا بەزەیی پێدا بێتەوە.
(هێشتا دەرگەی ژووری بەندیخانەکە وازبوو.. بەڕێوەبەری فێرگەی لێ دێتە ژوورەوە).
**بەڕێوەبەر:** ئەم کاتەتان باش.
**مامۆستا:** (بە واق وڕماوییەوە) بەڕێوەبەری فێرگە!
**بەڕێوەبەر:** بە خۆم هاتم بۆ لات.. نامەوێت ئەم شەو لێرە بنوویت.
**مامۆستا:** داوای لێبووردنت لێ دەکەم.. لەگەڵ خۆم شەکەت و ماندووم کردیت.
**بەڕێوەبەر:** نا مامۆستا حەمدان.. تۆ پێش ئەوەی هاوکارم بیت لە فێرگە.. مامۆستام بوویت..
**مامۆستا:** ئەمە جێی شانازییە بۆ ئێوە.
**بەڕێوەبەر:** هەرچۆنێک بوو بە زەحمەت بابەتەکەمان لەگەڵ بابی فێرخوازەکە یەکلا کردەوە و.. دەستی لەو سکاڵایە هەڵگرت.. کە دژ بە تۆی پێشکەش کردبوو.
**مامۆستا:** ئەی فێرخوازەکە.
**بەڕێوەبەر:** لێت خۆش بوو.. کۆنووسی ئاشتبوونەوەی نێوان هەردوو لاشتان مۆرکرا.
**مامۆستا:** چ فێرخوازێکی دلێرە... سوپاسی دەکەم زۆری ڕێز لێنام.. فێرخوازەکەم لێم خۆش دەبێت.. با سەری ماچ بکەم.. کوا لە کوێیە؟
**بەڕێوەبەر:** سبەینێ لە فێرگە دەیبینیت.
**مامۆستا:** کێ دەڵێت بۆ فێرگە دەگەڕێمەوە.
**بەڕێوەبەر:** چی دەڵێیت؟
**مامۆستا:** هەر لەمڕۆوە دەست لەکارکێشانەوەی خۆم نووسی و.. دەبێت دەستەی کارگێڕی فێرگە پەسەندی بکات.
**بەڕێوەبەر:** مامۆستا حەمدان!
**مامۆستا:** کوڕم ببوورە.. ڕۆژگار جێی هێشتووین.. سەردەم سەردەمی ئێمە نییە.. (دەچێتە دەرەوە).
**بەڕێوەبەر:** ڕاوەستە مامۆستا حەمدان.. ڕاوەستە (بە دوایدا دەچێتە دەرەوە).
**سەعد:** (هێشتە بە ئاگایە و واق وڕماوانە سەیری ئەم لاو ئەو لای خۆی دەکات).. مەسعوود ئەوە لێرە چی ڕوودەدات؟
**مەسعوود:** تەنیا.. خەونێک لە خەونەکانمان.. ئێستا دەشێین بە هێوری بۆ خۆمان بنووین..(دەچنە ناو جێگەکانیانەوە و دەنوون).

**سەرچاوە:**
http://www.almualem.net/saboora/showthread.php?t=3282

هەرچەندە تەمەنی جەمال خەزنەدار خۆی لە حەفتا و شەش ساڵی ڕەبەق دەدات، بەڵام جۆشوخرۆشی لاوێکی لێ بەدی دەکرێ و بەردەوام لە جووڵە و کارکردندایە. پەنجاو هەشت ساڵی ڕێکە خەریکی ئەرشیڤ و کاری ڕۆژنامەوانییە، ساڵانێکی زۆرە سەرقاڵی دانانی ئینسیکلۆپیدیای ڕۆژنامەگەری کوردییە، بۆ دۆزینەوە و دەستخستنی ڕۆژنامەیەک، گۆڤارێک، بڵاڤۆکێک، کە بە زمانی کوردی دەرچووبێ، شارە و شار و وڵاتە و وڵات دەڕوات و سۆراخ دەکات، تا نەیدۆزێتەوە واز ناهێنێ. لەمێژە خەون بەوەوە دەبینێ ئەرشیڤخانەیەک بۆ ڕۆژنامەگەری کوردی دابنێت و خۆی سەرپەرشتی و سەروکاری بکات، ئەو دەیەوێ تا دوا ڕۆژەکانی ژیانی لەناو بۆن و بەرامی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا بمێنێتەوە.

جەمال خەزنەدار چ وەک خانەوادەکەی خۆی و چ وەک برا بچووکی د. مارف خەزنەدار لەناو زۆر ڕووداوی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانیدا ژیاوە، زۆر لە نووسەر و مێژوونووس و سیاسەتمەدارەکانی لە نزیکەوە ناسیوە.

دەمێکە دەمانەویست بیدوێنین و گفتوگۆیەکی هەمەلایەنەی لەگەڵدا ساز بکەین تا یادەوەری بجووڵێنین و زۆرترین زانیاری لێ وەربگرین، کەچی بەهۆی دووری لێمانەوە ئەو هەلە نەدەڕەخسا، تا لە مانگی حوزەیرانی پار ساڵدا ئەو دەرفەتەمان بۆ دروست بوو، ئەوە بوو لەو دانیشتنەدا گفتوگۆیەکی تێروتەسەلمان لەگەڵی سازدا و زۆربەی وێستگەکانی تەمەن و ئەزموونیمان بەسەر کردەوە و لەمەڕ زۆر تەوەر و بابەت دواین کە لە لاپەڕەکانی داهاتوودا دەخوێنرێنەوە.. با بزانین.



## جەمال خەزنەدار:
## چەپڕەوەکانی کورد باوەڕیان بەوە نەبوو ڕێکخراوی تایبەتی بەناوی نەتەوە هەبێت.. هیچ خولێکی ڕۆژنامەوانیشم نەدیوە

**هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید**

**(٢ – ٣)**

**ڕامان:** حاڵەتی دیکەت لەبیرە بۆم بگێڕیتەوە؟

**جەمال خەزنەدار:** حاڵەتی دیکە هەیە، بەڵام من کە ئەم شتانە دەڵێم بۆ کەمکردنەوەی ئەو نییە.

**ڕامان:** نا بە پێچەوانەوە، ئەوە لە بەهای ئەو کەم ناکاتەوە، بەڵکو وردی و جددییەتی ئەو زانایە دەگەیەنێ، پتر هەستکردنیەتی بە بەرپرسیاریەتی.

**جەمال خەزنەدار:** ئینجا لەبەر ئەوە لە زۆربەی نووسینەکانی تۆفیق وەهبی دا، ئەوەی بە وردی بیانخوێنێتەوە هەست بەوە دەکات، کە نووسەر زۆر ڕژدە لەسەر بیروڕادان بەرانبەر زانستی وشە. زانستی زمان زانستێکی گەورەیە، پێویستە مرۆڤ شارەزاییەکی گەورەی لە بارەی ئەو زمانەوە هەبێ کە باسی لێوە دەکات، سروشت و نەریتێکی هەبوو هەمیشە لێکدانەوەی لە بارەی زمانەوە دەکرد.

**ڕامان:** ئێوە ساڵی ١٩٥٦ چوون بۆ بەغدا؟

**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ.

**ڕامان:** بەڵام تۆفیق وەهبی تا ساڵی ١٩٥٨ لەبەغدا مایەوە.

**جەمال خەزنەدار:** پێش ١٤ی تەمووز ڕۆژەکەیم بە تەواوی بیر نایەت، بەڵام وەک بزانم لە مانگی تەمووز، پێش چواردەی تەمووز بوو، کە دەڵێم ١٤ی تەمووز، واتە پێش شۆڕش، ئەو کاتە من چوومە وێستگەی شەمەندەفەر، زۆر خەڵکی دیکە هاتبوونە ئەوێ، تۆفیق وەهبی و ئاسیا خانی هاوسەری لەوێ بوون و بۆ تورکیا بەڕێمان کردن، لەوێشەوە چوونە لەندەن، حەفتەیەک دوو حەفتەی پێ نەچوو، شۆڕشی ١٤ی تەمووز بەرپا بوو، ئینجا کە داوای تۆفیق وەهبی-یان کرد ویستیان بەتۆمەتی ماسۆنیەت و شتی تر بیگرن، بەڵام دڵمان خۆش بوو کە لە بەغدا نەمابوو، ڕۆیشتبوو و نەگیرا، ئەگەر لە بەغدا بووایە دادگاییان دەکرد.

**ڕامان:** وەک سەعید قەزاز و ئەوانی دیکە؟

**جەمال خەزنەدار:** دوور نەبوو.

**ڕامان:** ئینجا ئەو تۆمەتانە تا چەند ڕاست بوون؟

**جەمال خەزنەدار:** هەموویان درۆ بوون!

**ڕامان:** بەڵگەیان هەبوو؟

**جەمال خەزنەدار:** گوایە بەڵگەنامەیەکیان بەدەستەوە بووە، کۆمەڵەی ماسۆنی هەبووە و ناوی تۆفیق وەهبی-ش یەک لەو ناوانە بووە، کە ناویان لە لیستێکدا



جەمال خەزنەدار - ئازاد عەبدولواحید

هاتووە.

**ڕامان:** بیستوومە دەڵێن لەناو کوردەکان هەشت کەس بوونە، یەکێک لەوانە تۆفیق وەهبی بووە.

**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ.. تەنانەت دەڵێن لە بانکی ناوەندی سندووقی قاسە هەبووە، کە بە تایبەتی بەکرێیان دەگرت، خەڵکی بەغداو کوردەکانیش ئەوانەی دەستڕۆیشتوو بووان، هەریەکەیان و قاسەیەکی تایبەتییان هەبووە، ئەو شتانەی کە دەیانویست بیانپارێزن لەناو ئەو قاسەیەیان دادەنا، دوای ڕۆیشتنی تۆفیق وەهبی، قاسەکە دوو کلیلی هەبووە، یەکێکیان لای خۆی بووە و ئەوەی دیکەش لەلای بانک بووە، کاتێ قاسەکەی تۆفیق وەهبی-یان کردووەتەوە، لیستی ناوەکانی سەر بە ماسۆنییان تێدا دۆزیوەتەوە.

**ڕامان:** بێجگە لە خۆی ئەوە هیچ زیانێکی بۆ کورد هەبوو؟

**جەمال خەزنەدار:** ناتوانم بڵێم هەبووە، یان نەبووە.

**ڕامان:** خوێندوومەتەوە کە شێخ محەمەد عەبدەو جەمالەددینی ئەفغانیش سەر بەو ڕێکخراوە بوون.

**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ، بەڵێ، وا باوە.

**ڕامان:** باشە ئەوەندەی تۆفیق وەهبی لە بەغدا بوو، چەند جار بینیت و چەند جار چوویتە لای؟

**جەمال خەزنەدار:** کە کاکم لە بەغدا بوو پێکەوە دەچووینە لای، کە کاکم چووە کەرکووک، منیش هەفتانە دوو سێ جار دەچوومە لای.

**ڕامان:** تۆ تەنیا گوێت لە قسەکانی دەگرت؟

**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ، ئەگەر نووسینێکی هەبوایە

داوای لێم دەکرد بۆی بنووسمەوە، یان کتێبەکانی بۆ ڕێک بخەم.

**ڕامان:** لەبەر ئەوەی تۆ دەست و خەتت خۆش بووە، بۆیە بۆت دەنووسییەوە؟

**جەمال خەزنەدار:** دیارە ڕای لێ بووە، بۆیە هەندێ جار تەکلیفی ئەوەی لە من دەکرد.

**ڕامان:** هەرچەندە هەندێ بیرورِات لەبارەیەوە دا، بەڵام دوای ئەوبینین و ناسینە چۆنی دەبینیت؟

**جەمال خەزنەدار:** کەسایەتییەکی بەهێز و گەورەی هەبوو، پیاوێکی کراوە بوو، حەزی دەکرد لەسەر مێزی نان خواردن خەڵک لەگەڵی نان بخوات و قسەیان بۆ بکات.

**ڕامان:** کەواتە پیاوێکی کۆمەڵایەتی بوو، بەردەوام خەڵک هاتوچۆیان کردووە؟

**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ کەسێکی کۆمەڵایەتی بوو، حەزی لە دانیشتنی بەکۆمەڵ و گفتوگۆ دەکرد.

**ڕامان:** بە چ توورە دەبوو؟

**جەمال خەزنەدار:** ........

**ڕامان:** ڕەخنەی لێ بگیرایە توورە نەدەبوو؟

**جەمال خەزنەدار:** نەخێر ڕەخنەی قبووڵ دەکرد، بەڵام بەپێی جۆری ڕەخنەکە توورە دەبوو، هەندێ جۆرە ڕەخنەی قبووڵ نەدەکرد، بەڵام خەڵکی دەناسی. ئەگەر بیزانیبایە یەکێک شتێکی هەیە، ڕێزێکی گەورەی لێ دەگرت، بەر لە سەفەرکردنی من تووشی ڕووداوێک بووم، تۆفیق وەهبی ڕۆڵی هەبوو لە یارمەتیدانم، کاکم لە کەرکووک بوو، منیش لەبەغدا بووم، جارێکیان سواری پاسی ئامانە ببووم و دەچووم سەعی بکەم، پۆلی پێنجی ئامادەیی بووم، لە (شارع النهر)ی بەغدا چایخانەیەک هەبوو ناوی (فیردەوس) بوو، لەوێ دەمانخوێند، نوقتەی ڕاوەستانی پاسەکە لای گۆڕەپانی (حافز قازی) بوو، لەوێ ڕانەوەستا، کە ڕانەوەستێ دەپەڕێتەوە ئەوبەری زێ، واتا دەپەڕێتەوە (صالحیة)، بە تکیت برِم وت من لێرە دێمە خوارێ، کەچی ئەو ڕانەوەستا، وتی (أنت حمار كردي)، منیش خۆم پێ نەگیراو بۆکسێکم لێ دا و کابرام لەخوێن وەردا.. خەڵکەکە بە شوفێرەکەیان گوت (هذا حرامي، حرامي)، پۆلیسی صالحیە لەوێ بوون، منیان بردە پۆلیسخانە و لێمیان دا، کاتێ معاونەکە هات بە عەرەبی جنێوم پێیان دەداو پێم دەوتن ئێوە دزن، جەردەن، جنێوم بۆ گۆڕی بابی سەعید قەزازی وەزیری ناوخۆ دەنارد، ئەوانیش پێیان سەیر بوو، کە من بۆچی جنێو بە سەعید قەزاز دەدەم، وتم ئەوە وەزیری ناوخۆیە و ئێوە وا لە خەڵک دەکەن. معاونەکە هات وتی وەرە بزانم تۆ مەوزووعەکەت چییە؟ وتم ئەگەر یارمەتیم دەدەی تەلەفۆنەکەتم بدێ تەلەفۆنێک دەکەم، وتی تەلەفۆن بۆ کێ دەکەی؟ وتم تەلەفۆن بۆ خزمێکم دەکەم.. تەلەفۆنم بۆ تۆفیق وەهبی کرد و پێم وت وا لە پۆلیسخانەی صالحیە منیان گرتووە و ناتوانم قسان بکەم.. وتی لەبەرچی؟ کاتێ باسی ئەوەم بۆ کرد لێم دەدەن و ئازارم دەدەن، معاونەکە تەلەفۆنەکەی داخست. بە معاونەکەم وت دەزانی من لەگەڵ کێ قسان دەکەم؟ وتی دەزانم دەتەوێ تۆمەتبارمان بکەیت. کابرا دەستی بە پاڕانەوە کرد، هات لەگەڵم دەموچاوم بشوات، لە تەلەفۆن داوای لێبووردنی لە تۆفیق وەهبی کردبوو، چونکە تۆفیق وەهبی زۆر قسەی پێیان وتبوو، وتبووی کابرا بدەنە دادگا، دوای ئەوە تۆفیق وەهبی ئۆتۆمبێلی نارد و چوومە لای، پێم وت حاڵ و مەسەلەکە ئەوها بوو، وتی چاکت کرد، وتی گوو بەریشی بابیان بێت، با ڕەوانەی دادگای بکەن، دوای ئەوە شۆڕشی ١٤ی تەمووزی بەسەردا هات.

**داوای تۆفیق وەهبی-یان کرد و ویستیان بە تۆمەتی ماسۆنیەت و شتی تر بیگرن، بەڵام دڵمان خۆش بوو کە لە بەغدا نەمابوو و نەگیرا.**

**ڕامان:** ئەوانەی هاموشۆی تۆفیق وەهبی-یان دەکرد کێ بوون؟

**جەمال خەزنەدار:** زۆر بوون.. محەمەد بریفکانی زۆر هاتوچۆی دەکرد، لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەنووسێکی خاوەن توانایی کورد بوو، بە عەرەبی دەینووسی، دوو، سێ ڕۆژنامەی لە بەغدا دەرکردووە (پێشکەوتن) و (الاخبار) و ڕۆژنامەی (الشمال)ی دەرکردووە، ئەوەش هەمووی لە ساڵانی پێش پەنجاکان بوو.

**ڕامان:** ئەی دوای ئەو کێی دیکە هەبوو؟

**جەمال خەزنەدار:** عەلائەددین سجادی و بەکر دلێر و مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی و شێخ محەمەدی خاڵ و شاکر فەتاح هاتوچۆیان دەکرد، لە عەرەبەکان وەزیرەکانی ئەو

سەردەمە سەردانیان دەکرد.

**رامان:** ئەی کەسی دی لە کوردەکان هەبوو سەردانی بکات؟

**جەمال خەزنەدار:** زۆربەی نووسەر و ناودارەکانی کوردستان هاموشۆیان دەکرد.

**رامان:** بەو پێیە کەسایەتییەکی خۆشەویست بووە؟

**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ، بەڵێ خۆشەویست بوو، (شێخ سەلام)ی شاعیر هاتوچۆی دەکرد، نووری شاوەیس بەهەمان شێوە، زۆر کەس هەبوون.

**رامان:** هاوکاری کوردانی دەکرد؟

**جەمال خەزنەدار:** هاوکارییەکی زۆری دەکردن و زۆر خەڵک دەچوونە لای، بە تایبەتیش خەڵکی سلێمانی و هەولێر.

**رامان:** ئەوکاتەی کە چووە لەندەن تۆ پێوەندیت لەگەڵی مابوو؟

**جەمال خەزنەدار:** تا ڕادەیەک پێوەندیم لەگەڵی مایەوە، چونکە ئەو تۆمەتبار بوو، لەبەر ئەوە بەربەستێک پەیدا ببوو، نەماندەتوانی ئەوەندە پێوەندی پێوە بکەین.

**رامان:** تا ئەو ساڵانەی دواییش، کە کۆچی دوایی کرد هەر پێوەندیت پێیەوە مابوو؟

**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ هەر مابوو.

**رامان:** بە تەلەفۆن؟

**جەمال خەزنەدار:** بە تەلەفۆن و بە نامە، جارێکیان لەبەغدا کارێکی هەبوو، لە ڕێگەی نامەوە تەکلیفی لێم کرد بۆی جێبەجی بکەم.

**رامان:** نامەکەشت ماوە؟

**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ، بەڵێ.

**رامان:** سەعید قەزازیشت هەر ئەو جارە بینی کە دایمەزراندیت؟

**جەمال خەزنەدار:** دوایی لە کاتی دادگایی کردنیشی بینیمەوە.

**رامان:** لە دادگای مەهداوی ئامادە بوویت؟

**جەمال خەزنەدار:** چوومە دادگای مەهداوی و لەگەڵ کچی برای سەعید قەزاز کە لە فەرمانگەکەی ئێمە فەرمانبەر بوو، بەڕێوەبەری یاسا بوو.

**رامان:** ناوی چی بوو؟

**جەمال خەزنەدار:** لوتفییە قەزاز، یەک دوو جار



**هۆڵی سەندیکای کرێکاران، ٢٢ی نیسانی ١٩٨١**
**لە ڕاستەوە: کامەران موکری، ئازاد عەبدولواحید، جەمال خەزنەدار**

لەگەڵی چوومە مواجەهە، بەڵام ڕێگەیان بەمن نەدا بچمە لای، تەنیا ڕێگەیان بە لوتفییە دەدا.

**رامان:** ئەی لە هۆڵی دادگایی کردنی ئامادە دەبوویت؟

**جەمال خەزنەدار:** نەخێر تەنیا لە ڕێگەی تەلەڤزیۆنەوە دەماندی.

**رامان:** خەڵک پێیان ناخۆش نەبوو کە دادگایی دەکرا؟

**جەمال خەزنەدار:** خەڵک لە ڕاستییەکە گەیشتبوون، بێ گومان پێیان ناخۆش بوو، بەڵام ئەو گاڵتەجارییەی کە هەندێک لە توندڕەوانی حزبە چەپڕەوەکان دروستیان کردبوو، خەڵکەکە ئەوەی پێ باش نەبوو.. من خۆشم کاردانەوەیەکم لەلا پەیدا ببوو، دەبوایە حزبە چەپڕەوانە ڕێگا نەدەن ئەو خەڵکانە ئەو قەیرانە دروست بکەن.

**رامان:** با بێینەوە سەر گۆڤاری شەفەق، پێشتر باسی ژمارە (١، ٢، ٣)مان کرد، کە تۆ لەو ژمارانەدا بەشدار بوویت، ئەی ژمارەکانی دیکە چیت کرد؟

**جەمال خەزنەدار:** لە هەموو ژمارەکانیدا بە نووسین بەشداریم کردووە، جا چ بەناوی خۆم بووبێ، یان بەناوی خوازراو، زۆر ناوی خوازراو و نهێنیشم لە بڵاوکراوەکاندا هەیە.

**رامان:** وەک چی؟

**جەمال خەزنەدار:** لەوانە (پۆڵا) و (جوان).

**رامان:** (ج. خ).

**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ (ج. خ)، ژمارە (١) و (٢) و (٣)مان لە کەرکووک چاپکرد، ژمارە (٤) و (٥-٦) و (٧)مان گواستەوە بەغدا، نووسینەکان لە کەرکووکەوە بۆ من دەهاتنە بەغدا، بە خۆم ڕێکم دەخستن و ئامادەم دەکردن بۆ چاپخانە، هەر بە خۆشم سەرپەرشتیم دەکرد و هەڵەی چاپییشم ڕاست دەکردەوە، لەدوای ١٤ی تەمووز

دابڕانێک دروست بوو، کارکردن لە پێش ١٤ی تەممووز و دوای ئەوە، جیاوازییەکی گەورەی هێنایە ناوەوە، ئەوە بوو بەزەحمەت توانیم ژمارە (٧) تەواو بکەم، برووسکەی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری شەفەق بۆ شۆڕشی ١٤ی تەممووز من نووسیمەوە و لەپێشەکیدا بڵاوم کردەوە و لە ئێستگەی کوردی لە ڕۆژی هەینی ١٨ تەمموز برووسکەکەم خوێندەوە، تەنانەت پێشەکییە عەرەبییەکەش هەر بەخۆم نووسیمەوە، شیعرێکی جەواهیریشم بڵاوکردەوە، کە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەدا بڵاوکرابووەوە و منیش وەرم گرت و بڵاوم کردەوە تا ژمارەکەی پێ تەواو بکەم، ئەوەبوو ژمارەکە دەرچوو، هەندێ گلەییش هاتە سەری گوایە زۆر بەلای چەپڕەویدا شکاوەتەوە.

**رامان:** بە ئەنقەست وات لێکرد بەرەو چەپڕەوی بڕوات، یان بەرێکەوت وا دەرچوو؟

**جەمال خەزنەدار:** نەخێر عەفەوی بوو، تەنیا بۆ ئەوەبوو فریای چاپکردنی بکەوین و لە کۆتایی تەممووزدا بڵاو بکرێتەوە، ئەو ژمارەیە دوو هەزار دانەمان لێ چاپ کردبوو، دوو هەزارەکە چووە کەرکووک.

**رامان:** گۆڤارەکەتان لە ژمارە چەندەوە چاپ کردنەکەی کەوتە شاری بەغدا؟

**جەمال خەزنەدار:** لە ژمارە (٤) و (٥-٦) و (٧) بڕیاردرا لە بەغدا چاپ بکرێ، ئەوەبوو شۆڕشی ١٤ی تەمووزی بەسەردا هات، ژمارە (٧) لەبەغدا چاپ کرا، دوای ئەوە ژمارە (٨) و (٩)یان بردەوە کەرکووک چاپیان کرد، چونکە بە هاتنی ١٤ی تەمموز ڕەوشەکە زۆر گۆڕا، ئەوەبوو (بارزانی نەمر) لە یەکێتیی سۆڤیەت گەڕایەوە، هەندێ ڕۆژنامەنووسی عەرەبمان هەبوو، یەکێک لەوانە (ئەبو ڕەبیع) نەقیبی ڕۆژنامەوانانی عێراق کە لەو ساڵانەدا شەهیدیان کرد.

**رامان:** مەبەستت شەهاب تەمیمی-یە؟

**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ شەهاب تەمیمی برادەرم بوو، مرۆڤێکی زۆر ڕێکوپێک بوو، کوردی زۆر خۆش دەویست، چەپڕەویکی عەرەب بوو، بەلای کورددا شکابووەوە.

**رامان:** ئەی چۆن توانیت بارزانی نەمر ببینیت و چاوپێکەوتنی لەگەڵدا بکەیت؟

**جەمال خەزنەدار:** هەر چەپڕەوەکان منیان هان دا وتیان ئێوە هەر شانازی دەکەن و دەڵێن بارزانی، بارزانی، چونکە ئەوان وایان دەزانی بارزانی لە یەکێتیی سۆڤیەت گەڕاوەتەوە و بووەتە شیوعی، دەیانوت حەز دەکەین چاومان پێی بکەوێ، ئەوەبوو بە ڕێگەی عەلی عەسکەرییەوە وادەمان وەرگرت دانیشتنێک لەگەڵ بارزانی دا بکەین، کاتژمێر (٥)ی ئێوارەی ڕۆژی ٧ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٥٨ هۆتێلی (سەمیرامیس) دەستنیشان کرا، کاتێکیش لە وادەی خۆمان چووینە ئەوێ، بینیمان لە (شەقامی ڕەشید) بەهەزاران عەرەب دروشمیان هەڵگرتووە و ڕێگە گیراوە و ئۆتۆمبێل ناتوانێ ڕێ بکات، خەڵکەکە لەبەردەم هۆتێلەکە وەستابوون و دەیانویست (بارزانی) ببینن، کە چووینە ژوورەوە دەرگایان بۆ ئێمە کردەوە و ئێمەیان بردە هۆڵێک و لەوێ دانیشتین، لەو کاتەدا بارزانی لە قالدرمە دەهاتە خوارێ، جەماوەرەکە هێرشیان کرد و دەرگا و پەنجەرە والا کراو هاتنە ژوورێ و هاواریان دەکرد و دەیانوت مەلا مستەفای بارزانی لە یەکێتیی سۆڤیەت گەڕاوەتەوە و لێمان ناگەڕێن بێینە ژوورەوە و ماچی بکەین، بۆنی کرێکار و جووتیاری لێ دێ. بارزانیش کە وەزعەکەی بینی، وتی وادەمان لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان هەیە، قسان بکەین، بەڵام ڕووی کردە ئێمە و وتی مادام وەهای لێ هات پرسیار بکەن و منیش وەڵامتان دەدەمەوە.

**لەگەڵ لوتفییە قەزاز کە بەڕێوەبەری یاسایی فەرمانگەکەی ئێمە بوو، چووینە دادگای مەهداوی تا لە کاتی دادگایی کردنی سەعید قەزاز ئامادە بم.**

**رامان:** قسەکان ئاراستەی جەماوەر بوون؟

**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ، ئێمەش دەمانتوانی ڕاستەوخۆ پرسیاری لێ بکەین، ئیتر لەو دەمەدا کابرایەک هەڵساو هوتافێکی کێشاو وتی (یعیش زعیم الأمة العربية جمال عبدالناصر)، منیش لە ناوەوە کولام و هاوارم کرد (یعیش زعیم الأمة الكردية مصطفى البارزاني)، بارزانی کە بینی دۆخەکە تەواو نییە، ئیتر باسی ئەوەی کرد کە ئەم کۆمارە تازە دامەزراوە، شۆڕشی ١٤ی تەمموز سەرۆکەکەی عەبدولکەریم قاسمە، پێویستە پاڵپشتیی بکەین، ئەم کۆمارە هی کورد و عەرەبە، دەبێ بەرەو

پێشی ببەین و نابێ دووبەرەکی لەناوماندا دروست ببێ، هەروەها قسەی دیکەی کرد، قسەکانی بارزانی نەمرم کردە ڕاپۆرتێک، ئەوەبوو چەندان بابەتی ڕۆژنامەوانی لە بارەی دیدارەکەی بارزانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەوکاتی بەغدا بلاوکرایەوە و ڕاپۆرتەکەی منیش لە گۆڤاری شەفەق بە زمانی عەرەبی لەژێر ناوونیشانی (هكذا رأيت مصطفى البارزاني، وهذا هو حقيقته) کە لە ژمارە (٩)ی گۆڤاری شەفەق دا بلاوکرایەوە.

**ڕامان:** ئەوەی تۆ شێوەی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی وەرگرتبوو، یان دیمانە و چاوپێکەوتن بوو؟

**جەمال خەزنەدار:** لە شێوەی ڕاپۆرت بوو.

**ڕامان:** کارەکەت لە چاوپێکەوتن دەرچوو، لەبەر ئەو خەڵکە کە هێرشیان کردبووە ژوورەوە.


**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ نەدەکرا، چ ڕووی دا ئەوەم گوێزایەوە، ئینجا بارزانی زۆر قسەی مەعقول و جوانی کرد، زۆر لە جێی خۆی بوو بڵێت من هاوولاتییەکی عێراقیم، چونکە دەیبینی یەکێک هوتاف بە ژیانی جەمال عەبدولناسر دەکێشێ و ناکۆکییەک لەناو ڕیزی ئەوانەی هاتبوونە ئەوێ، دروست ببوو.

**ڕامان:** تەوژمی عرووبەوی عیراق و میسر و سووریا لەگۆڕێ بوو.

**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ، ئەوە هەبوو، ئەو دەیویست مەسەلەکە هێور بکاتەوە، وتی ئەو کۆمارە هی کورد و عەرەبە.

**ڕامان:** دواتر عەبدولکەریم قاسم تۆمەتبار کرا بەوەی شعوبییە، زیاتر لەوەی سەرکردەیەکی نەتەوەی عەرەب بێت.

**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ.. ئینجا وابوو، ئەو بابەتە کە لە گۆڤاری شەفەق بلاوکرایەوە، چەند ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی پێیان ناخۆش بوو، کە من ئەو قسانەم بەناوی بارزانی-یەوە نووسیوە، واتێگەیشتبوون من بە شێوازێکی چەپڕەوانە و شیووعییانە ڕاپۆرتەکەم نووسیوەتەوە.. عەلی عەسکەری ڕەحمەتی و هەندێ لە پارتییەکان هاتن هێرشیان کردە سەر من و وتیان دەتکوژین، منیش گوتم ئێوە ناتوانن بمکوژن، وتیان: ئێمە ئەو تاکە سەرۆکەمان هەیە، ئێوەی شیووعی دەتانەوێ ئەوەشمان لێ بستێنن؟ منیش کەمێک ترس دایگرتم، چوومەوە لای بارزانی ڕەحمەتی و پێم وت ئەوە



**ماڵی مستەفا نەریمان، بەغدا، ڕۆژی یەکشەممە ١٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٢ گیراوە.**
**مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی – جەمال خەزنەدار**

فلان و فلان هەڕەشەم لێ دەکەن و دەڵێن دەتکوژین، چونکە بارزانی قسەی وای نەکردووە. من ڕۆژی پێشتر ژمارەیەکم لە گۆڤارەکە بۆ بارزانی بردبوو، بانگی کرد حەسۆ، میرۆ وەرن، وتی وەڵڵاهی ئەگەر خوێن لە لووتی ئەو کوڕە بێت، واو واتان لێ دەکەم، پاشان بەمنی وت برۆ کێ دەوێرێ نزیکت بکەوێت. لەگەڵ عەلی عەسکەری-ش جۆرە خزمایەتی و نزیکایەتییەکمان هەبوو، لەو بڕوایەدا نەبووم ئازارم بدات.

**ڕامان:** تەنیا قسە و ترساندن بووە.

**جەمال خەزنەدار:** ئا بەڵێ، ئیتر مەسەلەکە بەو شێوەیە کۆتایی پێ هات.

**ڕامان:** ئەوە وێستگەیەکی دیکەی تۆ بوو لە گۆڤاری شەفەق.. باشە تۆ تا دوا ژمارە هەر لەو گۆڤارەدا کارت کرد؟

**جەمال خەزنەدار:** نەخێر، تا نزیکەی ساڵی ١٩٦٢.

**ڕامان:** لە ژمارە چەندەوە وازت لێ هێنا؟

**جەمال خەزنەدار:** لە ساڵی یەکەمیدا لە هەر دوازدە ژمارەکەی بەشداربووم و کارم تێدا کرد، بەڵام ساڵی دووەم تا ژمارە (٩) بەشداریم تێدا کرد، دوای ئەوەی پێوەندیشم لەگەڵیان نەما، نووسینم بۆیان دەنارد و لە بەشە عەرەبییەکەیدا زۆر بابەتی عەرەبیم بلاوکردووەتەوە.

**ڕامان:** تۆ لە کاری ڕۆژنامەوانیدا ڕووماڵت کردووە، هەواڵت داڕشتووە، دیمانەت کردووە، بەر لەوەی ئەم کارانە بکەیت، هیچ خولی ڕۆژنامەوانیت دیوە؟

**جەمال خەزنەدار:** نەء، لە حەفتاکان زۆر خول هەبوو، بەڵام من هیچ خوولێکم نەدیوە.

**رامان:** جارێ ئێمە باسی ئەو ماوەیە دەکەین بەر لەوەی بچیتە ناو کاری رۆژنامەوانییەوە و لە گۆڤاری (شەفەق)دا کار بکەیت؟

**جەمال خەزنەدار:** نا، نا بەر لەوە نا، من ئەندامی یەکەمین سەندیکای رۆژنامەوانان بووم، کە (جەواهیری) سەرۆکی بوو.

**رامان:** ئەوکاتە نەقیبی سەندیکا بوو.

**جەمال خەزنەدار:** نەقیبی سەندیکا بوو، (مام جەلال)یش جێگری (جەواهیری) بوو، ئەو سەندیکایەش ساڵی ١٩٥٨- ١٩٥٩ دامەزرا.

**رامان:** با باسێکی (ڕەفیق حیلمی)ش بکەین، لەگەڵ د. مارف خەزنەدار هەر لە بەغدا هاتوچۆی (ڕەفیق حیلمی)تان کردووە، لە بارەی ئەو کەسایەتییەوە ئەگەر شتێکت لەلایە باسی بکە؟

**جەمال خەزنەدار:** کەسایەتییەکی زۆر بەهێزی هەبوو، بەڕێز بوو، زانایەکی گەورە بوو، زۆر ڕێزی لە مرۆڤی بەهرەدار دەگرت، خەڵکی خۆش دەویست، شاعیر و نووسەر و مێژوونووسێکی گەورە بوو، لە ماوەی ساڵانی ١٩٥٨ تا ساڵی ١٩٦٠ پێوەندییەکی زۆرم لەگەڵ (ڕەفیق حیلمی)دا هەبوو، هاتوچۆی ماڵیانم دەکرد، کتێبەکانی خۆی بە دیاریی پێشکەش دەکردم و بەیەکەوە دەچووینە دۆندرمەخواردن و لە دوکانەکەی وەستا بەشیر دادەنیشتین و قاوە و چاییمان دەخواردەوە..

**رامان:** لە بەغدا دوکانی بەشیر موشیر هەبوو، کە ببووە ساڵۆنێکی ئەدەبی، تۆش سەردانت دەکرد؟

**جەمال خەزنەدار:** ئەو ماوەیە لە بەغدا دوکانی وەستا بەشیر تاڕادەیەک جێگای کۆبوونەوەی کوردەکان بوو، کوردایەتی لە دوکانی (وەستا بەشیر) دەکرا، دەستەبژێری رۆشنبیرانی کورد هاتوچۆی دوکانەکەی وەستا بەشیریان دەکرد.

**رامان:** دوکانەکەی لە ئەسڵدا هی بەرگدروون بوو، بەڵام لەو دواییەدا کرابووە شوێنی فرۆشتنی کتێب و گۆڤار و کۆبوونەوەی رۆشنبیرانی کوردی بەغدا، وا نییە؟

**جەمال خەزنەدار:** لە سەرەتادا بەرگدروو بوو، پاشان وازی لە بەرگدروون هێنا و کردییە شوێنی فرۆشتنی جگەرە و پاکەت و شخارتە و شتی تری تێدا دەفرۆشت، لەگەڵ فرۆشتنی رۆژنامە و گۆڤاری کوردی، کە لە سلێمانی و لە کەرکووک دەردەچوون.

**رامان:** وابزانم پارەکەشی نەدەدایەوە کەس؟

**جەمال خەزنەدار:** (بەپێکەنینەوە) پارەکەی نەدەداوە.. لە بارەی ژمارە (٣)ی گۆڤاری شەفەق نوکتەیەکت بۆ بگێڕمەوە، ئەو ژمارەیە لەژێر چاپ بوو، مامۆستا (وەستا بەشیر) شیعرێکی دایە من و وتی بۆم بڵاو بکەنەوە، پێم وت سبەینێ دەچم بۆ کەرکووک، ژمارەی گۆڤاری شەفەق ئامادە دەکرێ، لەوێ شیعرەکەم دانێ، دەستەی نووسەران لە ماڵی شێخ عەبدولقادر بەرزنجی، یان لە ماڵی کاکم بوو دانیشتنەکانیان دەکرد.

**رامان:** بەو قسەیە بێ گۆڤاری شەفەق بارەگای نەبووە؟

**جەمال خەزنەدار:** سەرەتا ژوورێک لە ئوتێلێک وەک ئیدارە بەکرێ گیرابوو، دوایی شێخ عەبدولقادر بەرزنجی لە ماڵەکەی خۆی ژوورێکی تایبەتی میوانانی بۆی تەرخان کردبوو و کردبووی بە بارەگای شەفەق.

**رامان:** جار بەجاریش لە ماڵی د. مارف خەزنەدار کۆ دەبوونەوە؟

**جەمال خەزنەدار:** لە ماڵی دکتۆر مارف خەزنەدار، یان لە ماڵی مارف بەرزنجی، یان لە هەر کوێ بگونجابایە کۆبوونەوە دەکرا، هەروەها جار بەجار لەماڵی (برایم ئەحمەد)یش کۆبوونەوە دەکرا، ئینجا من کە شیعرەکەم بردە کەرکووک، دەستەی نووسەران هەموویان بەرپرس بوون، لەوانە (برایم ئەحمەد و د. مارف خەزنەدار و سەمەد خانەقا و شێخ مارفی بەرزنجی و عومەر عارف قاپ ڕەش)، ئەوانە هەموویان لەوێ بوون، وتم مامۆستا بەشیر ئەو شیعرەی بۆتان ناردووە، بۆ خاتری خوا لە کۆڵمی بکەنەوە و بۆی بڵاوبکەنەوە. وتیان فرێی دە ئەوە چییە.. خوا هەڵناگرێ (برایم ئەحمەد) وتی ئەوە سەد ژمارەیەکمان لە دوکانەکەی بۆ دەفرۆشرێت، بۆ لە ئێمەی دەڕەنجێنن؟ با بۆی بڵاو بکەینەوە و من کۆمێنتێکی بۆ دەنووسم، ئەوەبوو مامۆستا برایم ئەحمەد کۆمێنتەکەی نووسی.

**رامان:** بەرلەوەی باسی کۆمێنتەکە بکەین، وابزانم شیعرەکە مام هەژار بۆی نووسیبوو؟

**جەمال خەزنەدار:** ئا، باسی ئەویش دەکەم.

**رامان:** ئێ باشە، بەردەوام بە.

**جەمال خەزنەدار:** خۆی شیعرەکە بەناوی (برۆی دلّداری)یە، ئەو شیعرە هەژار بۆی نووسیبوو، بەشیر موشیر کابرایەکی وانەبوو، نووسەر و شاعیر نەبوو، (محەمەد تۆفیق وردی) و (کامل ژیر) بۆیان دەنووسی، کە (جەمال نەبەز) لە بەغدا بوو، ئەویش بۆی دەنووسی، ماوەیەک (د. کەمال فوئاد) لە دەرەوەی کوردستان هەر بەناوی بەشیر موشیر وتاری بە ئەلّمانی بلاّو دەکردەوە. مامۆستا (برایم ئەحمەد) لە کۆمێنتەکەدا نووسیبووی (ئەم سەرە مەقەستەی خوارێ، دەستکردی وەستا بەشیر موشیرە، لەسەر حیسابی خۆی بلاّوکرایەوە، هیوامان وایە هەر خوێندەوارێک بە دلّی خۆی خۆشی لێ وەرگرێ، شیعرەکەشی ئەوەیە کە دەلّێت:

**بالّی کێشاوە بەسەر دوو چاوا برۆ**

**لە دوو لاوە برۆ**

**وەک چزوو ئەسەلمێنێ لە دوو لاوە برۆ**

**وەک تیروکەوان چەماوە، لە دوو لاوە برۆ**

**پەرژینی هەردوو چاوە، لە دوو لاوە برۆ**

**شیری هەلّکێشاوە، لە دوو لاوە برۆ**

**دەردەدارە بەشیر ئیمرۆ، تیری لێ داوە برۆ**

دەستی کرد بە پێکەنین.. کە ئەو شیعرە بلاّوکرایەوە، سەد ژمارەم بۆ وەستا بەشیر برد، ژمارەیەکیشم دایە خۆی و وتم ئەوە شیعرەکەی خۆتە بلاّوکراوەتەوە، جا هەر کەسێک دەچووە لای پیشانی دەداو دەیوت ئەوە شیعرەکەی منە.

حەفتەیەکی بەسەرچوو، زۆر ئاسایی زۆربەی ژمارەکانی گۆڤاری (شەفەق)ی فرۆشت. من و مامۆستا رەفیق حیلمی دەچووینە دوکانەکەی، رەفیق حیلمی داوای لێکردم بچینە ناوەوە و منیش لە دوای برۆم، بەشیر موشیر کۆمەلّێ ژمارەی (شەفەق)ی فرێ دایە سەر شەقامی رەشید و وتی: برۆ خەزنە گوو (جەمال خەزنەدار دایە قاقای پێکەنین) رەفیق حیلمی-یش زۆری پێ ناخۆش بوو، وتی تفوو ئەحمەق، نەمدەزانی ئەوەندە کەری.

**رامان:** چۆن بوو وەلاّمی نەدایەوە؟

**جەمال خەزنەدار:** نەیدەتوانی وەلاّمی رەفیق حیلمی بداتەوە، زۆر لێی دەترسا و حەددی نەبوو وەلاّمی رەفیق



**لە یەکێک لە سیمینارەکانی سالّی ۱۹۹۹ی شاری هانۆڤەر**
**د. جەمال نەبەز - جەمال خەزنەدار**

بەگ بداتەوە.

**رامان:** ئەو بەشیری نەبوو وای پێ کرد، تۆ بەشیریش بوویت وات پێکرا.

**جەمال خەزنەدار:** رەفیق حیلمی ژمارەکانی سەر شەقامی لەگەلّ من هەلّگرتەوە و وتی وەرە من دەزانم مەسەلەکە چییە. وتی ئەوە حەفتەیەکە گۆڤارەکە نیشانی خەلّک دەدا، دیارە پێیان وتبوو تۆ مامۆستای ئێمەیت، یان وەستای؟ باشە تۆ شیعرت نووسیوە، یان بازرگانی دەکەیت؟ لەسەر حیسابی خۆی بلاّوکراوەتەوە یەعنی چی؟

**رامان:** کەواتە گولّمەزەکەیان خۆش کردبوو؟!

**جەمال خەزنەدار:** پێیان وتبوو تێمان بگەیەنە ئەو گالّتەیە چییە بەتۆ کراوە؟ ئیتر چووین لە دۆندرمەخانەیەک دانیشتین و لەوێ رەفیق حیلمی دلّی دامەوە و وتی دەزانم مەسەلەکە چۆنە.

**رامان:** ئەی دواتر ئاشت نەبوونەوە؟

**جەمال خەزنەدار:** بەلّێ، دوایی رەفیق حیلمی ئاشتی کردمەوە، بەلاّم ئەوەندە نەدەچوومە لای.

**رامان:** کەواتە هەر زوو وازت لە بەشیرایەتی هێنا؟

**جەمال خەزنەدار:** وازم نەهێنا، بەلاّم کابرایەکی سەیر و ئەحمەق بوو، خەلّکەکە دەیانویست پێی رابوێرن.

**رامان:** باشە بەشیرییەکان بەو قسەیەت کە پێی دەلّێی (ئەحمەق) دلّگران نابن؟ لە کاتێکدا ئەوان بە رووگەی ئامال و هیوای کوردیان داناوە؟

**جەمال خەزنەدار:** ئەوەش لەبیر مەکە، لە پشتەوەی دوکانەکەی وێنەیەکی (قازی محەمەد)ی هەلّواسیبوو، لەلایەکی دیکەش وێنەیەکی (مەلا مستەفای بارزانی)

دانابوو، لایەکەی دیکەشی وێنەیەکی بەشیر خۆی بوو، هەر سێ وێنەی کردبووە یەک وێنە و لەژێری نووسرابوو (قـیـبلەی ئامـالی کـورد)، من وێنەکـانم هەیە، بە نووسـینەکـەی ژێریشـیـیـەوە. ڕۆژێک دادێ بڵاوی دەکەمەوە.

**رامان:** دیارە ئەو وێنەیەت گرتووە؟

**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ، کابرا نەخوێندەوار بوو.

**رامـان:** بەڵام بۆ کـوردانی ئەوێ ڕۆژێی بەغـدا، دوکانەکەی بووەتە شوێنی کۆبوونەوە و یەکتر بینین؟

**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ، هەموو کورد لەوێ یەکتریان دەبینی، تەنانەت وەزیرەکان و سەعید قەزازیش دەهاتن لە دوکـانەکـەی دادەنیـشتن، ئەوە پێش ١٤ی تەمووز بوو، ڕەفیق حیلمی، تۆفیق وەهبی لەوێ دادەنیشتن.. کاتی خۆی دەڵێن (محەمەد ئەمین زەکی)یش هاتوچۆی دوکـانەکـەی کـردووە، وەزیرە کـۆنەکـانی کـوردیش، بابانەکـان و هی دیکەش دەچوونە دوکـانەکـەی، وەک جەمال بابان و ئەحمەد موختـار بابان، ئیتـر بەم جۆرە دوکانەکەی ببووە شوێنی دیداری کوردانی بەغدا.

**رامان:** وەک چایخانەی شەعبی سلێمانی و مەچکۆی هەولێری ئەمڕۆکەی لێهاتووە..

**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ، لەوێ یەکتریان دەبینی.

**رامـان:** چی ترت لە بارەی بەشـیـر مـوشـیـر لە بیـرە، ڕووداوێک، قسەیەک تۆماری بکەین؟

**جەمـال خـەزنەدار:** ڕووداو لە بارەی بەشـیـر مـوشـیـر زۆرە.

**رامـان:** ئەوانەی پێـوەندییـان بە تۆوە هەبێت چیـتـر هەیە، ئەوەیان باش بوو کە پێوەندی بەتۆوە هەبوو.

**جەمـال خـەزنەدار:** کـاکم لە ڕۆژنامـەی ژین لە سـاڵی ١٩٥٧ گۆشەیەکی بەناوی (خۆراکی گیان)ـەوە هەبوو، کــە وێنەیەکی خــۆشی لەگــەڵ دادەنرا، بابەتەکـــان ڕۆشنبـیـری و ئەدەبی و هەمـەجـۆر بوون، ڕۆژێکیـان (پیـربـاڵ مەحمـوود) لە بەغدا میوانمان بوو، ماڵیـشمـان لە کـۆڵانی (تپـە الكورد)یان پێ دەگـوت نزیک بوو، ئەوکـاتە لە سـاڵی ١٩٥٧ و دواتر هێشـتـا (شـەقـامی کـۆمـاری- شـارع الجـمـهـوري) دروست نەکـرابوو، ماڵەکەمـان لەوێ بوو، زۆر دەهاتە بەغدا، کە دەهاتیش میـوانی ئێمە دەبوو. دایکم قەدەری دەگرت، جارێکیـان کـاکم بە (پیـربـاڵ مـەحـمـوود)ی وت برۆ ڕۆژنامـەیەکی (ژین)ی ئەم هەفـتـەیەمـان بۆ بکڕە، کـە تازە هاتووە، پیـربـاڵ دەچێتە لای بەشـیـر موشیـر و دەڵێت مامۆسـتا ژمـارەیەکی ڕۆژنامـەی (ژین)م بدەرێ و پارەکـەی دەداتێ، دەبینێ وێنەی کـاکم و گـۆشـەکـەی بەمـەقـەست بڕاوە، پیـربـاڵ مـەحـمـوود وتبووی مامـۆسـتـا ئەوە دڕاوە!. وتبووی ئەمە هەمووی وەهایە و ئەوە مەقەستی سانسۆر بڕیویەتی، هەمـوو ئەوەی دەکـرد، چونکە ڕقی لە کـاکم بوو.. کاکم دەیوت ئەو ئەحمەقە چییە ئەوەندە بایەخی پێ دەدەن؟!

**رامـان:** کـەچی دکـتـۆر لـەم دواییـە ئەویش حـەزی لە بەشیریات بوو.

**جەمال خەزنەدار:** ئا.. ئاخر هی ئەو جۆرێکی دی بوو!

**رامـان:** ئەی هیـچی ترت لەگـەڵ (ڕەفـیق حـیـلمی) نەبووە، بۆنە و بینین و ڕووداو و بەسەرهات؟

**جەمال خەزنەدار:** هەر ئەوە بوو کاتێ کە یاداشتەکانی دەرکرد.

**رامان:** شەش بەرگی یاداشتەکانی.

**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ، زۆرجار لەهەڵەچنی یارمەتیم دەدا و لەگەڵی دەچوومە چاپخانە.

**رامان:** لە کام چاپخانە چاپ دەبوو؟

**جـەمـال خـەزنەدار:** چاپخـانەی (مـەعـاريف) چاپخانەیەکی ناسراو بوو، لەوێ چاپ دەکرا.

**رامـان:** کـەسـایەتی چۆن بوو؟ بیـروڕات لە بـارەیەوە چییە؟

**جـەمـال خـەزنەدار:** ڕەفـیـق حـیـلمی مـاوەیەک چووە تورکـیـا، وابزانم مولـحـەقی ڕۆژنامـەوانیی بوو، لە ئێمـە دوور کـەوتەوە، ئیـتـر ڕەفـیـق حـیـلمـی زوو کـۆچی دوایی کـرد، هێـشـتـا زۆری لەباردا بوو، بیـرەوەرییـەکـانی، مێژووەکان، کە نووسیبوونییەوە و تەواوی نەکردبوون.

**رامـان:** لەبەغـدا تێکەڵێت لەگـەڵ عـەلائەددین سەجادیش هەبوو؟ لەکوێ دەتدی؟

**جەمال خەزنەدار:** سەرەتا لە مزگەوتی حەیدەرخانە دەمـاندی، لە چاپخـانە دەمـاندی، لەو دواییـەش لە حەفـتـاکـان و دواتر خـانوویەکی ڕێک و جوانی هەبوو، دەچووینە لای بۆ مـاڵەوە، بە تایبـەتیش لەگـەڵ (مـەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی) کە زۆر شەڕی پێ دەفرۆشت و پێی دەگوت (عەلا گەڕ).

**رامان:** ئەو شتانەی پێ قەبوڵ بوو؟

**جەمال خەزنەدار:** ئا، ئا قبولّی بوو، کەس قسەی لێ هەڵنەدەگرتەوە، جارێکیان نەخۆش بوو چووینە لای، دنیا سارد بوو، وادیار بوو نەوتیان نەبوو، پێی وت عەلا گەڕ ئەوە چییە، ئەو ڕەزیلییە هەتا کەی؟ ڕۆژبەیانی کەریمی شۆفێری خۆی بانگ کرد و وتی بڕۆ بەرمیلێک نەوتیان بۆ بێنە، بەرمیلێک نەوتی بۆ هات سۆپاو شتەکانی دیکەی لێ پڕ کرد و پێکەنی.

**رامان:** سەجادی هیچ وەڵامی قسە و شەڕ پێ فرۆشتنەکانی نەدەدایەوە؟

**جەمال خەزنەدار:** نا، نا قسەی ئەوی پێ خۆش بوو، ئێمە جورئەتی ئەوەمان نەبوو بەو شێوەیە قسە لەگەڵ عەلائەددین سەجادی بکەین، ئەو دەیزانی گاڵتەی لەگەڵ دەکات و دەیدوێنێ و خۆشی دەوێ.

**رامان:** لە بەغدا نێوانتان لەگەڵ مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی چۆن بوو، بەتایبەتیش پاش ئەو مێژووە دوورودرێژەی کە لەهەولێرەوە دەست پێدەکات، لەو کاتەی هاتوچۆتانی دەکرد؟

**جەمال خەزنەدار:** لە بەغدا ماڵەکەی مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی نزیکی ماڵی ئێمە بوو، بەتایبەتی ئەو کاتەی لە ئێران بوو، لەگەڵ مەلا ئەحمەدی فورقان هاتەوە، هاتوچۆمان هەبوو، ئەمە یارمەتیمان دەدا، تەنانەت موکەڕەم تاڵەبانی مەلا ئەحمەدی فورقانی وەک پاسەوانی یەکێک لە فەرمانگەکانی کەرکووکی سەر بە وەزارەتی ئاودێریی دامەزراند.. هەمیشە مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی دەهاتە ماڵی ئێمە، یان ئێمە دەچووینە ماڵی ئەوان.

**رامان:** جارێکیش لەسەر داوای من لەگەڵ مامۆستا مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی چووینە لای مێژوونووسی گەورە عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی، بە حوکمی ئەوەی برادەرایەتی نزیکی لەگەڵی هەبوو، کە من ئیشم پێی بوو چووینە لای و هەندێ پرسیارم لە بارەی شوکری فەزڵی لێی هەبوو، ویستم زانیاریی لێ وەربگرم، بەیەکەوە سەردانیمان کرد، بەڵام بەداخەوە وێنەی ئەو دانیشتنەمان لەگەڵی نەگرت.

**جەمال خەزنەدار:** ئەوەبوو مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی قسەی بە عەبدولڕەزاق حەسەنی وت.

**رامان:** کە چووینە ژوورێ بە جنێو دەستی پێکرد.

**جەمال خەزنەدار:** هەموویان لێیان قەبووڵ دەکرد، مەلا جەمیل زمانی بەجنێو خۆش بوو، بەڕاستی خزمەتێکی گەورەی کردووە، بەداخەوە نەدەبوایە بەم جۆرە شەهید بکرێ.

**رامان:** بەغدەر لەناویان برد، ئەگەر بمابایە ئەوە دە ساڵی دیکەش بەخشش و بەرهەمی دەبوو.. بێجگە لەو کەسایەتییانەی باسمان کردن، کێی دی لە یادەوەریتدا ماوە کە پێوەندی و هاتوچۆتان لەگەڵیدا هەبووبێ؟

**جەمال خەزنەدار:** برادەریمان لەگەڵ محەمەدی مەلا کەریم و برایەکانی و حەمە سەعید حەمەکەریم و حسێن فەیزوڵڵا و محەمەدەمین هەورامانی و کەمال غەمبار و عەبدولڕەزاق بیمار و حسێن جاف و ئەوانە خۆش بوو..


**رامان:** ئەی لەگەڵ ئێستگەی کوردی لە پەنجاکان بەدواوە، بێجگە لەو وتارەی لە ژمارە (٧)ی گۆڤاری شەفەق نووسیبووت و خۆت چووی خوێندتەوە، پێوەندیت لەگەڵ ئێستگەی کوردی چۆن بوو؟

**جەمال خەزنەدار:** لە پەنجا و شەستەکان ئەوەندە ڕۆڵم لە ئێستگەی کوردی نەبوو، پرۆگرام و بەشداریم نەبوو، بەڵام لە حەفتاکان دوای ڕێککەوتننامەی ئادار بەشدار بووم.

**رامان:** لەگەڵ کارمەندانی ئێزگەی کوردی گفتوگۆی رادیۆییت کردووە؟

**جەمال خەزنەدار:** لە پەنجاکان و شەستەکان نەمبووە، بەڵام دواتر بووە، ئەمە لە حەفتاکانەوە دەست پێدەکات.

**رامان:** لەگەڵ ڕۆژنامە عەرەبییەکان هیچ پێوەندییەکت



هەبوو، بە نووسین بەشـــدار بووبی، یان ئیـــشکردن لەگەڵیان؟

**جـەمـال خـەزنەدار:** نا.. تەنیـا ئەگـەر نووسـینێکی پێویست هەبووایە، ڕوونکردنەوەیەک، یان نووسینێک لە ڕۆژنامە و گۆڤارە عەرەبییەکان بنووسرابایە، بەڵام ئەوە نەبووە، کـە بە نووسین بەردەوام لەگـەڵیـان بەشـداریی بکەم.

**ڕامان:** باسی ئەوەت کرد هەندێ لەو چاپخانانەی وەک (مەعاریف) و (زەمان) پیتی کوردییان هەبووە و کتێبی کوردییان چاپ کردووە، هەر لە بەغدا وەک کەسێک کە حەزت لە چاپخانە کردووە و کاری چاپخانەشت کردووە، پێوەندیت بەو چاپخانانەوە چی بوو؟

**جەمال خەزنەدار:** ئەوە لە قۆناغێکی دیکەدا دەست پێ دەکـات، لە پاش سـاڵانی حـەفـتـاوە، پێـشـتـر تەنیـا ئەوکاتەی کە یەکێتیی نووسەرانی عیراق دامەزرا گۆڤاری (الأديب العـراقي) دەردەچوو، لەگـەڵ پاکـیـزە ڕەفـیـق حیلمی و کەمال غەمبارو عەبدولڕەزاق بیمار، کارمان دەکرد.

**ڕامان:** پاشکۆیەکەتان بەناوی چی دەرکرد؟

**جـەمـال خـەزنەدار:** پاشکۆیەکـە هەر بەناوی (الأديب العراقي) بوو.

**ڕامان:** سەرومڕ ژمارەکە کوردی بوو؟

**جەمال خەزنەدار:** یەک ژمارەمان دەرکرد، پاکیزە ڕەفیق حیلمی، عەبدولڕەزاق بیمار، کەمال غەمبار و من بووین.

**ڕامـان:** ئەو ژمـارەیە بە زمـانی عـەرەبی و لەبارەی ئەدەبی کوردییەوە بوو؟

**جـەمـال خـەزنەدار:** گـۆڤـارەکـە، گـۆڤـاری یەکـێـتـیی نووسـەرانی عـیـراقی بوو، پاش ١٤ی تەمووز بە زمـانی کوردی دەرچوو.

**ڕامان:** یەکێتیی نووسەرانی عیراق دەری دەکرد؟

**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ یەکـێـتـیی نووسەرانی عـیـراق بوو، پاکـیـزە ڕەفـیـق حیـلمی دەسـتـپـێـشـخـەری هەبوو لە وەرگـرتنی ئیـمـتـیـازی گـۆڤـاری (الأديب العـراقي) بە کوردی، ئەوەبوو ژمارەکەمان دەرکرد، کە ژمارەیەکی زۆر ڕێکوپێک بوو.

**ڕامان:** هەر ئەو ژمارەیەتان دەرکرد.

**جەمال خەزنەدار:** هەر ئەو ژمارەیە بوو.

**ڕامان:** بۆچی نەبووە دوو و سێ و...؟

**جـەمـال خـەزنەدار:** دیارە ئەو وەختـە ناکـۆکـیی لەگـەڵ بـرادەرانی (الأديب العـــــــراقي) هەبـوو، ئـەوانـەی سـەرپەرشـتـیـیـان دەکرد سـەر بەحزبی شـیـوعی عـیـراقی بوون.

**ڕامان:** بڕوایان بەوە نەبوو؟

**جـەمـال خـەزنەدار:** ناکـۆکی لەسـەر ئەوە هەبوو کـە کـوردەکـان نابێ دەزگـایەکی تایبـەتی خـۆیان هەبێ و لە یەکـێـتـیی نووسـەرانی عـیـراق جـیـا ببنەوە، کە ژمـارە (١)مان دەرکرد، خوێنەران و نووسەران زۆریان پێ خۆش بوو، من ئەوە بە ژمـارەیەکی دەگـمـەن دادەنێم، لەوێ هەندێ بابەتم بڵاو کـردووەتەوە، بەناوی خـۆم نا، بەڵـکو بەناوی (پۆڵا).

**ڕامان:** پێم خۆشە چەند ناوی خوازراوت هەیە، لێرەدا هەمـــوویان بـاس بکەیت، جگە لەوانەی کـــە لە باسی گۆڤاری (شەفەق)دا ناوت هێناون.

**جەمال خەزنەدار:** بابەتم بەناوی (شوان) و (جوان) و خۆم بڵاوم کردووەتەوە.

**ڕامـان:** لە گـۆڤـاری (شـەفـەق)، (شـوان) و (پۆڵا) و ئەوانەت باس کـــرد، ئەی لە شــــوێنەکــــانی تر ناوە خوازراوەکانت چ بوون؟

**جەمال خەزنەدار:** (ج) و (ج.خ)، (ڕۆژ).

**ڕامــــان:** لە کــــوێ بەناوی (ڕۆژ) نووســـــینت بڵاو کردووەتەوە؟

**جەمال خەزنەدار:** لە گۆڤاری پێشکەوتن.

**ڕامان:** ئەی دواتر بەناوی دی لە (ڕۆژی کوردستان) و (برایەتی)دا بابەتت بڵاونەکردووەتەوە؟

**جەمال خەزنەدار:** نا، نا ئەوەی بەبیرم بێتەوە هەر ئەو ناوانە بوون.

**ڕامان:** باشە، ئێوە لەو کـاتەدا کە ئەندامی یەکـێـتـیی نووسەرانی عیراق بوون، ژمارەیەکی تایبەت بە ئەدەبیاتی کوردیشتان بە زمانی کوردی دەرکردووە، هیچ هەوڵێکتان نەدا، تا یەکـــێـــتـــیـــیـــەکی نووســـەرانی کـــورد وەک ڕێکخراوێکی سەربەخۆ هەبێت، یان بیرۆکـەیەکی واتان لەلا نەبوو؟

**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ، بیـرۆکـەیەکی وا لە گۆڕێ بوو یەکــێــتــیــی نووســەرانی کــورد دابمەزرێ، بەڵام ســەری نەدەگرت.

**ڕامان:** هۆیەکەی چی بوو، باوەڕیان بەوە نەبوو؟

**جەمال خەزنەدار:** چەپڕەوەکانی کورد باوەڕیان بەوە نەبوو ڕێکخراوی تایبەتی بەناوی نەتەوەوە هەبێ، پێیان وابوو بەناوی عیراقی هەبێ باشترە، ڕێگەیان نەدەدا و هانی ئەو بیرۆکەیەیان نەدەدا، بەڵام هەوڵەکان لە ساڵانی حەفتاکان بەدواوە سەریان گرت و یەکێتیی نووسەرانی کورد وەک ڕێکخراوێکی مۆڵەت پێدراو دامەزرا..

**رامان:** بەڵام من ئاگام لێیە هەوڵدان هەر لە بەغدا نەبووە، بەڵکو لە شاری سلێمانیش لە ماڵی شێخ محەمەدی خاڵ لەگەڵ محەمەد مستەفا کوردی و خەڵکانێکی زۆر کۆبوونەتەوە و هەوڵیان داوە.

**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ ڕاستە..

**رامان:** کۆبوونەوەش کراوە، یاداشت دراوە، بەڵام سەری نەگرتووە.

**جەمال خەزنەدار:** ئاگام لێیە، بەڵام سەری نەگرتووە. تا ساڵی حەفتا ڕەوشەکە بەم جۆرە بووە.

**رامان:** بەڵام ئەمە وەک ڕێ خۆشکردنێک بووە بۆ ڕێککەوتننامەی ئادار، وەک پێدانی مافی ڕۆشنبیریی چەند شتێکی کولتووریی کراوە.

**جەمال خەزنەدار:** پێش ڕێکەوتنی ئادار ئەوە هەبوو.

**رامان:** لە لایەن حکوومەتی عیراق کرانەوەیەک هەبوو، وەک زەمینەسازی بۆ وتووێژکردن لەگەڵ شۆڕشی کورد، بۆیە هەندێ هەنگاویان ناوە..

**جەمال خەزنەدار:** ئەوە گەڵاڵە کرابوو، کە یەکێتیی نووسەرانی کورد دابمەزرێ.

**رامان:** ئەوەبوو گۆڤاری بەیان ژمارە(٢)ی شوباتی ساڵی ١٩٧٠ دەرچوو، تەنیا یەک ژمارە لەو قۆناغەدا دەرچوو کە دکتۆر ئەکرەم فازڵ سەرنووسەر و جەلال میرزا کەریم سکرتێری نووسین بوو، لە وەزارەتی ڕۆشنبیری ژوورێکیان بۆ دەرچوونی ئەو گۆڤارە تەرخان کردبوو، بۆ ئەوەی بڵێین مافی ڕۆشنبیریی کورد دەدەین، ئەمە وەک سەرەتای کرانەوەیەک بەرانبەر کورد بوو.

**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ، وایە..

**رامان:** تا ساڵی ١٩٧٠ تۆ هەر ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی عیراق بوویت؟

**جەمال خەزنەدار:** ئا.. بەڵێ.

**رامان:** هیچ بوارێک هەبوو چالاکی تێدا بنوێنن، بێجگە لەو ژمارە تایبەتەی کە دەرتان کردبوو؟

**جەمال خەزنەدار:** کۆبوونەوەی تایبەتی دەکراو کۆڕ لەبارەی ئەدەبی کوردییەوە دەگیرا.

**رامان:** چیتان دەکرد و چالاکییەکانتان چی بوون.

**جەمال خەزنەدار:** زۆر کۆڕ و کۆبوونەوەمان دەکرد، باسی (پیرەمێرد) و (گۆران) و کۆڕی شیعر خوێندنەوە ساز دەکرا، کۆڕ و کۆبوونەوەکانیش لە بارەگای یەکێتیی نووسەرانی عیراق دەکران.

**رامان:** وەک ئاگادارم دوای گەڕانەوەی گۆران لە یەکێتیی سۆڤیەتی ئەوسا، لەگەڵ عەبدولڕەزاق بیمار سەردانی گۆران-تان کردووە، باسی ئەو گفتوگۆیەمان بۆ بکە کە لە گۆڤاری (بەیان)دا بلاوبووەتەوە، حەز دەکەم باسی ئەو چاوپێکەوتنە بکەیت کە لەگەڵ (گۆران) کرا؟

**جەمال خەزنەدار:** لەو ماوەیەی کە هاتەوە دوو، سێ جار سەردانم کرد، ئەو ڕۆژەی گۆران دەچووە سلێمانی بەر لەمردنی چووینەوە لای..

**رامان:** لەماڵی کێ بوو؟

**جەمال خەزنەدار:** وابزانم لە ماڵی کوڕەکەی، یان کچەکەی بوو.

**رامان:** کوڕەکەی ناو (شاهۆ) و کچەکەی ناوی (هێرۆ) بوو.

**جەمال خەزنەدار:** من نەمدەزانی ماڵی کێیە، بەڵام لەو ماڵەی بوو کە سەر بە حزبی شیوعی بوو، چونکە لەوێ کچەکە و کوڕەکەی خانوویان نەبوو، ئێمە لە



چاوپێکەوتنەکەدا کۆمەڵێک وێنەشمان گرت.

**ڕامان:** کێ و کێ بوون؟

**جەمال خەزنەدار:** عەبدولڕەزاق بیمار، کەمال غەمبار، محەمەدی مەلا کەریم و من بووین، نازانم عەبدولڕەزاق بیمار لە چاوپێکەوتنەکەدا ناوی کەسەکانی هێناوە؟

**ڕامان:** نەخێر ناوی نەهێناون.

**جەمال خەزنەدار:** ناوی نەهێناوین؟

**ڕامان:** نەخێر.. بەناوی دانیشتنێک لەگەڵ (گۆران)دا، لە ژمارە (٢)ی شوباتی ساڵی ١٩٧٠ی گۆڤاری بەیان بڵاوی کردووەتەوە.

**جەمال خەزنەدار:** وابزانم لە ژمارە دووی گۆڤاری (بەیان)ە کە لە شوباتی ساڵی ١٩٧٠دا دەرچووە، ئێمە پێنج، شەش کەس بووین، تەنیا ناوی ئەو دوو سێ کەسەم لەبیر ماوە کە ناوم هێنان، کە چووین گۆران تەندروستی زۆر خراپ بوو.

**ڕامان:** تۆ لە ژمارە و ساڵی بڵاوبوونەوەکە گەڕێ، گۆران چی دەوت و باسی چی دەکرد؟

**جەمال خەزنەدار:** عەبدولڕەزاق بیمار بە زۆر قسەی پێ دەکرد و پرسیاری لێ دەکرد، گۆرانیش باسی سۆڤیەت و عەزەمەتی سۆڤیەتی دەگێڕایەوە.

**ڕامان:** عەبدولڕەزاق بیمار قسەکانی بەدەست دەنووسییەوە؟

**جەمال خەزنەدار:** بەڵێ، بەدەست دەینووسییەوە.

**ڕامان:** ڕیکۆردەری پێ نەبوو؟

**جەمال خەزنەدار:** نازانم، بەڵام دیار بوو بەدەست دەینووسییەوە، من ڕیکۆردەرم پێ نەدیت، پاشان قسەکانی بڵاوکردەوە.

**ڕامان:** بەشێوەیەکی گشتی مامۆستا گۆران چی دەوت؟

**جەمال خەزنەدار:** ماوەی زیاتر لە کاتژمێرێک قسەمان لەگەڵیدا کرد، ئەوەی کە هەیە و بڵاو بووەتەوە، هەر ئەو قسانەی کرد.

**ڕامان:** بەشێوەیەکی گشتی سەبارەت بەو چوونەی بۆ ئەوێ هیچ قسەی نەکرد؟ لەوێ چۆن بایەخیان پێ دابوو؟

**جەمال خەزنەدار:** قسەی زۆری کرد و دەیوت بایەخێکی زۆریان پێ داوم، عەزەمەتی حزبی شیوعی پیشان دەدا، باسی کرێکار و جووتیار و پێشکەوتنی نەخۆشخانە و دەرمان و ئەو شتانەی دەکرد.

**ڕامان:** وەک لە دەمی بەڕێزان شێرکۆ بێکەس و هەردی بیستوومە کە ئەوان لەگەڵ کاکەی فەللاح و جەمال شارباژێری کاتێ هاتووەتەوە سلێمانی چوونەتە لای، کەچی ئەو گلەیی کردووە و وتوویەتی بەپێی پێویست بایەخیان پێ نەداوە و جیاوازی بەدی کردووە، بۆیە وتوویەتی ئێمە هەر کوردین، دیارە شۆڕشی ئەیلوولیش ساڵێک بووە دەستی پێ کردووە، وتوویەتی ئاگاتان لەو شۆڕشە بێت.

**جەمال خەزنەدار:** قەیدی ناکا ڕەنگە وای گوتبێ، بەڵام لە بەهای حزبی شیوعی و سۆڤیەتی کەم نەدەکردەوە.

**ڕامان:** لەبەر ئەوەی ئەوان ناردبوویان؟

**جەمال خەزنەدار:** لە کۆبوونەوەکەی ئێمە لەگەڵیدا قسەمان کرد، یەک حەرف بەخراپە باسی سۆڤیەتی نەکرد، بگرە ستایشێکی زۆری کرد، زۆر ستایشی کاکیشمی کرد، وتی لەوێ کارێکی زۆر باشی کردووە و بەرنامەکەیم دیوە، تۆ یارمەتی بدە، سەرچاوە و کتێبی پێویستی بۆ بنێرە، نامەیەکیشی لەلایەن کاکمەوە بۆ من هێنابووەوە، نامەکەی دایە من.

**ڕامان:** وتی سەردانی کردووم؟

**جەمال خەزنەدار:** ئا، وتی سەردانی کردووم، ئەگەرچی لێشمەوە دوور بوو، وتی من لە مۆسکۆ بووم و ئەو لە لینینگراد بوو، وتی لەوێوە لەبەر من هاتبوو، باسی پرۆگرام و خوێندنەکەی کرد، ئەو سەرچاوانەی داوایانی کردبوو گۆران لیستەکەی بۆ من هێنا، منیش پەیتا پەیتا پەیدام دەکردن و بۆم دەناردە ئەوێ.

**ڕامان:** ڕۆشنبیرەکانی بەغدا و هەولێرمان باس کرد، کە تێکەڵاویتان لەگەڵیاندا هەبووە و سەردانتان کردوون و سەردانیان کردوون، ئێستا پێم باشە باسێکی ئەو ڕۆشنبیر و کەسایەتیانەشمان بۆ بکەیت، کە لە سلێمانی چوونەتە لایان و ئەوان پێوەندییان لەگەڵ ئێوەدا هەبووە، کە یەکێک لەوانە (نەجمەددین مەلا) بووە، هەروەها کێی تریش هەبوون باسیان بکەیت؟

**جەمال خەزنەدار:** لە ڕاستیدا کاکم زۆر ڕێزی لە نەجمەددین مەلا دەگرت، پاش ئەوەی کۆمەڵێک دەستنووس لە سلێمانی بەدەرکەوتن کە زۆربەیان دەسخەتی (نەجمەددین مەلا) بوون، بە تایبەتیش دیوانی شاعیران، د. مارف بەدوای ئەو دەستنووسانەدا دەگەڕا. من یەک دوو جار لەگەڵی سەردانی (کەشتی نوح)مان

کرد، کە وەک ژوورێک بوو تێیدا دەژیا، کۆمەڵێک پشیلەی هەبوو، دەچووین لەوێ لەلای دادەنیشتین، چای بۆمان لێدەنا، جارێکیان لە کاتی چا خواردنەوەدا کاکم باسی ئەو دەستنووسانەی کرد، کە نووسیبوونییەوە، پرسی هی کێن و لای کێ هەڵگیراون و باسی چی دەکەن.

**رامان:** ئاگادارم کۆمەڵێک نامەشیان لەگەڵ یەکتر ئاڵوگۆڕ کردووە.

**جەمال خەزنەدار:** دیارە کاکم و نەجمەددین مەلا پێوەندییەکی باشیان لەگەڵ یەکدی هەبوو، بەتایبەتی ئەو ماوەیەی کاکم لە کەرکوک بوو، زۆر هاتوچۆی ئەویی دەکرد، زۆرجاریش من لەگەڵی نەدەبووم کە دەچووە لای.

**رامان:** بێجگە لە نەجمەددین مەلا هاتوچۆی کێی دیکەتان کردووە؟

**جەمال خەزنەدار:** پێوەندیمان لەگەڵ زۆر لە ڕۆشنبیرانی سلێمانی هەبوو.

**رامان:** لەوانە ڕەئووف مەعرووف خاوەنی کتێبخانەی سلێمانی..

**جەمال خەزنەدار:** ڕاستە.. ڕەئووف مەعرووف کتێبخانەی هەبوو، پارەی چاپی کتێبەکانی دەدا، پێوەندیمان پێیەوە هەبوو.

**رامان:** ئەو چاپی کتێبانە پێشنیاری ئێوە بوو؟ یان هەر خۆی حەزی دەکرد ئەوانە لەچاپ بدا؟

**جەمال خەزنەدار:** نا، ئەو خۆشی حەزی دەکرد، چونکە قازانجی لەچاپکردنی ئەو کتێبانە دەکرد و دەفرۆشران. لە پەنجاکان و چەند ساڵێکی شەستەکاندا بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیریی گەورە لە کوردستان پەیدا بوو، بە تایبەتی چاپکردنی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە.

**رامان:** لەو کاتانەدا خوێنەری کورد لە چ شارێک زۆرتر بوو؟

**جەمال خەزنەدار:** لە کوردستان خوێنەرێکی زۆر پەیدا ببوون، لە شاری سلێمانی و هەولێر و کەرکووک، دوای دامەزراندنی گۆڤاری شەفەق لە شاری کەرکووک، بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیریی گەورە سەری هەڵدا، لە شاری هەولێر و سلێمانی و کەرکووک کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤاری زۆر چاپ دەکران، ئێمە لەگەڵ زۆربەی ئەدیب و نووسەرەکانی سلێمانی پێوەندیمان هەبوو.

**رامان:** وەک کێ لەو نووسەر و ڕۆشنبیرانە؟

**جەمال خەزنەدار:** هەر جارەی کە دەچووینە سلێمانی دەبووایە سەر لە مامۆستا هەردی و دیلان و شێخ محەمەدی خاڵ و مستەفا ساڵح کەریم بدەین. جارێکیان لە ساڵی ١٩٥٥- ١٩٥٦ بوو، من و کاکم چووینە لای شێخ نووری شێخ ساڵح، بەڵام نایەتەوە یادم، باسی چی کرا.

**رامان:** لە فەرمانگە بینیتان، یان لە ماڵەوە؟

**جەمال خەزنەدار:** لە ماڵەکەیان، وابزانم ماڵیان لە گەڕەکی کانی ئاسکان بوو، ئەوەم بەچاکی نایەتەوە یاد.

**رامان:** ڕەنگە سەردانەکەتان ساڵی ١٩٥٨ بووبێ؟

**جەمال خەزنەدار:** لەوانەیە.. کاکم کۆمەڵێ پرسیاری لە بارەی شیعر و بەرهەمەکانی لێ کرد، کە بڵاوی کردبوونەوە، یان ئەوانەی بڵاو نەکرابوونەوە، پێی وت ئەگەر شتی وای هەبێ بڵاونەکرابێتەوە من وا دەکەم لە ڕێگەی کتێبخانەی ڕەئووف مەعرووف چاپ بکرێن. ئێمە پێوەندیمان لەگەڵ ئەدیب و نووسەرانی سلێمانی هەبوو و هاتوچۆی یەکتریمان دەکرد.

**رامان:** ئەی محەمەد مستەفا کوردی؟

**جەمال خەزنەدار:** ئەومان لە دەرەوە دەدیت.

**رامان:** عەبدولواحید نووری؟

**جەمال خەزنەدار:** عەبدولواحید نووری-م بەبیر نایەت.

**رامان:** ئێمە باسی چالاکییەکانی تۆمان کرد، کە بەشێکی زۆریان هەر تەنیا خۆت بوویت و بەشێکیشیان لەگەڵ د. مارف خەزنەدار پێکەوە کردووتانە و لە سلێمانی هاتوچۆی نووسەرانتان کردووە، باسی سەرەتای چوونە بەغدامان کرد، ئێستا دەمەوێ بزانم لەو سەردەمەدا چ گۆڤار و ڕۆژنامەیەکی تر هەبووە کارت تێدا کردبێ، چونکە شەستەکان زیاتر ماوەی خامۆشیی ڕۆشنبیریی کوردییە، ئەوە ئەم قۆناغەیە کە گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی بەدەگمەن تێدا دەرچووە، ڕۆشنبیریی کوردی بەشێوەیەکی گشتی لەو ماوەیەدا جۆرێک لە سستی و چەقینی بەخۆیەوە دیوە، بۆیە زیاتر دەچینە کۆتاییەکانی شەست و دواتریش حەفتایەکان.

**جەمال خەزنەدار:** باسی پاشکۆی (الأديب العراقي)ی بە زمانی کوردیمان کرد.

**رامان:** باسمان کرد تا کۆتایی شەستەکان چالاکی دیکەت هەیە؟

**جەمال خەزنەدار:** دەتوانم بڵێم لە ساڵی ١٩٦٣وە تا

**١٩٦٨** خامۆشییەکی گەورەی ڕۆشنبیریی لەباشووری کوردستان دەستی پێکرد، ئەگەر تەماشا بکەین لەو ماوەیەدا بەدەگمەن ڕۆژنامەیەک، یان کتێبێکی کوردی چاپکراوە، بەتایبەتی لە بەغدا، هەروەها لە هەولێر و سلێمانی و کەرکووک خامۆشییەکی ڕاستەقینە هەبوو، کە دەتوانم پێی بڵێم مردنی ڕۆشنبیریی کوردی، بەڵام دوای ئەوەی لە زەمانی عەبدولڕەحمان بەزاز گفتوگۆ لەگەڵ شۆڕشی کورد دەستی پێکردەوە، بزووتنەوەیەک دەستی پێکرد، ئەوەبوو ڕۆژنامەی (التآخي) و (برایی) دەرچوون.

**ڕامان:** تۆ لەگەڵ ئەو دوو ڕۆژنامەیە پێوەندیت هەبوو؟

**جەمال خەزنەدار:** پێوەندییەکی ئەوتۆم لەگەڵیاندا نەبوو، لەو ماوەیەدا خۆم لەدەست حکومەت شاردبووەوە، لە وەزیفەش دەستم پێ کێشرابووەوە، بەڵام فەسڵ نەکرابووم.

**ڕامان:** بە چییەوە خەریک بوویت؟

**جەمال خەزنەدار:** ئەوکاتە کاری حزبیشم واز لێ هێنا بوو، خەریکی هەندێ کاروباری تایبەتی خۆم بووم، لە ناوچەیەکی دوور، کە من کەسم لێ نەدەناسی، دوکانێکم کردەوە، چونکە هیچ مووچەمان نەمابوو.

**ڕامان:**ساڵی چەند تا چەند دوکانت هەبوو؟

**جەمال خەزنەدار:** لە ساڵی ١٩٦٦ دوکانم کردەوە تا ساڵی ١٩٦٨ی خایاند، دواتر گەڕێنرامەوە سەر وەزیفەکەم.

**ڕامان:** بە هیمەتی کێ گەڕایتەوە سەر وەزیفەکەت؟

**جەمال خەزنەدار:** بە هیمەتی مامی خێزانەکەم کە سەرکردەیەکی گەورەی شۆڕشی ئەیلول بوو، ئەوکاتە وتوویژ لە نێوان شۆڕشی کورد و حکومەتی عیراقیدا هەبوو.

**ڕامان:** مامی خێزانت ناوی چی بوو؟

**جەمال خەزنەدار:** عەبدولڕەحمان قازی ناوبوو، کە سەرەک وەزیرانی عیراق چووبووە کوردستان و لەگەڵ مەلا مستەفای بارزانی ڕەحمەتی گفتوگۆیان هەبوو، عەبدولڕەحمان قازی تەکلیفی ئەوەی کردبوو، کە مێردی کچی برام فەسڵ کراوە، بیگەڕێننەوە بۆ سەر وەزیفەکەی، ناوی من و کوڕە خوشکێکی خۆی ڕوشدی قازی برای حافز قازی کە ئەویش فەسڵ کرابوو، درا بەسەرەک وەزیران، ئەوەبوو ڕازی بوون بمانگەڕێننەوە.

**ڕامان:** ئەوکاتە سەرەک وەزیران کێ بوو؟

**جەمال خەزنەدار:** تکریتییەکە ناوی چی بوو؟

**ڕامان:** تاهیر یەحیا بوو.. بیرۆکەی ئەرشیڤی لە لای تۆ بۆ کۆکردنەوەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کوردی لە کەیەوە سەری هەڵدا، چونکە ئەو کارەی کە تۆ بەناوی ڕابەری ڕۆژنامەگەری کوردی کردووتە و بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی چاپ کراوە، ئەم کارە کات و ئیشێکی زۆری ویستووە تا ئەو هەموو گۆڤار و ڕۆژنامانە بێنیت و مێژووی ئەو ڕۆژنامەوانییە تۆمار بکەیت.. ئینجا ئەو بیرۆکەی مامەڵەکردنە لەگەڵ ڕۆژنامەوانی و کۆکردنەوەی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانە چۆن لەلای تۆ سەری هەڵدا؟

**جەمال خەزنەدار:** ئەگەر ڕاستیت دەوێ بیرۆکەی ئەو کارە هەر لەو ڕۆژەوە سەری هەڵدا، کە من کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەم لە دەلاقەکانیماڵەکەی خۆمان دەدی، پاشان بایەخدانی کاکم بە ئەدەبیات و کتێب خوێندنەوە و نووسین ڕۆڵی خۆی هەبوو، هەر لە منداڵییەوە ئەو بایەخە لای منیش دەستی پێکرد. ڕەوشی عیراق ئەوە نەبوو مرۆڤ بتوانێ ئەو هەموو گۆڤار و ڕۆژنامانە لە ماڵەکەی خۆی کۆ بکاتەوە، حەزم دەکرد هەر کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤارێک، هەر بڵاوکراوەیەکم بدیایە دەمویست پاش خوێندنەوەیان ئەرشیڤیان بکەم و بیانپارێزم. لە ٨ی شوباتی **١٩٦٣** گورزێکی زۆر گەورە لە ئەرشیڤخانەکەی ئێمە درا، ئەو ساڵە کتێبخانەیەکی گەورە لە ماڵی ئێمە هەبوو، کە هی من و کاکم بوو، کاکم کە ڕۆیشت بۆ سۆڤیەت لە ماڵی ئێمە بەجێی هێشت، دەرودراوسێکانمان هەموویان لەناو تەندوور سووتاند، ئەو کەسانەی هاتنە سەر حوکم ئەوەندە دڕندە بوون، هەر کتێبێکیان بدیبایە وایان دەزانی پێوەندی بە شیوعیەت و مارکسییەت و شتی واوە هەیە، دوو بەرگی ڕۆژنامەی (هەولێر)ی ساڵی ١٩٥٠ دوو جزووبەندمان لەوە هەبوو، ئەوانەیان سووتاند، من گیرابووم، ئەوانیش بۆ ئەوەی پارێزگاری لە ژیانی من بکەن، نەوەک بچن ئەو شتانە لە ماڵی ئێمە ببینن و ببێتە بەڵگەیەک بەسەرمەوە، بۆیە سووتاندبوویانن.

# دەغدو مەشخەڵانی لە دایک بوونێکی تازەیە

**مریەمی قازی**
**(مهاباد)**

کاتێک ڕۆمانی "دەغدو"م بە دەست گەیشت ڕۆمانی "ئاوری بێ دووکەڵ" لە نووسراوەی "نادر ئیبراهیمی" بە دەستمەوە بوو و دەمخوێندەوە. چیرۆکی گرفتەکانی چاکسازی لە کۆمەڵگایەکی دواکەوتووی بنەماخواز. ئەوم وەلانا و کەوتمە ناو دنیای سەرسوڕهێنەری "دەغدو"! هەڵبەت قازانجم کرد بەم هۆیە کە ڕۆمانی "ئاوری بێ دووکەڵ" گەلێک پڕ لە ژان و چێژی دڵتەزێن بوو، بەڵام "دەغدو" لێوڕێژ بوو لە هیوا و داهاتوویەکی باشتر لەو شتەی کە لە ئێستای ڕۆماندا لە ئارادا بوو و لە دەرەوەی ڕۆمان ڕاوەستابوو. بە خۆم گوت کە ڕەنگە قارەمانی چیرۆکی "ئاوری بێ دووکەڵ" کە ناوی "ئاق ئویلەر" بوو پێویستی بە "دەغدو" یەک بێ تا ئەویش بە جۆرێک کۆتایی بە نەهامەتییەکانی بێت....

سەردەمێکە ئەدەبی کوردی بە دەست و قەڵەمی خوسرەو جاف وەک ڕۆماننووسێکی بوێر و سەربەخۆ ئاشنایە. نووسراوەکانی لە ئافەتی "خۆسانسۆری" و هەروەها سانسۆری دامودەزگای دەسەڵات ڕزگاری هاتووە. ئافەتێکی مرەندە و کوشندە کە هێشتا لە پارچەکانی دیکەی کوردستان بەردەوامە و "خۆسانسۆری" بە شێوەیەکی کارامە لە ئێمەی نووسەرەوە دەست پێدەکا و بە ناجوامێرانەترین شێوە لە لایەن سیستمی دەسەڵاتەوە درێژەی پێدەدرێ، بۆیە زۆربەی وشەکان سەریان تێدا دەچێ، زۆر ڕستە بێ سەروشوێن دەبێ و زۆربەی مانا و ناوەرۆک لە سێدارە دەدرێن. لە زۆربەی ڕۆمانەکانی خوسرەو جافدا وەک "ڕاز"، "دەربار" و "دەغدو" و...تاد دەست بڵاوی و ڕەهابوونێکی بەرچاو بەدی دەکرێ کە نیشان دەدا ناوبراو زنجیر و کۆتی کۆمەڵێکی بنەماخواز و دواکەوتووی لە خۆی داماڵیوە و لێفەی چڵکن و بۆگەنیوی هەزاران ساڵەی لەسەر کۆمەڵگای هەتیوی هەڵداوەتەوە کە ئیتر بۆی نییە کەس بتوانێ ژیانی پڕ لە درۆ و دەلەسەی بە ڕواڵەتێکی خاوێن و ڕازاوە داپۆشێ. ئەوەش یانی تەشقەڵەگێڕان بە کۆمەڵ و هەنگامە بەرپاکردن بۆ تێکدانی شێوازی سوونەتی کۆمەڵ و هەنگاونان بەرەو جیهانی مۆدێرن.

ئەم وڵاتە سەر بە یەکێک لە دواکەوتووترین وڵاتانی جیهانە کە لەو دا زوڵموزۆری دامودەزگای بەعس پەلی هاویشتۆتە سەر ناخ و دەروونی تاک بە تاکی دانیشتوان، سێبەرێکی ڕەش و ترسناکی کەوتۆتە سەر

دنیای هزر و ئەندێشەی ئەوان بە جۆرێک کە نە توانایی لێکدانەوەی بۆ ماوەتەوە و نە دەزانێ لە ئاستی ئەم هەموو گرفتەی کە ئێستا لەسەر دەستی ماوەتەوە دەبێ چ بکا؟

نەزانی و سەرلێشێواوی گەمە بە ژیانی خەڵک دەکا و لە ڕوانگەی ئەوانەوە ئەم جیهانە تەندوورەیەکی گوناهاوییە کە دەیانسووڕێنێ و هەڵیان داوێتە دۆزەخێکی تری سووتێنەر کە پڕە لە مار و دووپشک و لە ڕوانگەی ئەوانەوە "خودا"ش سەدامێکی تری ئەشکەنجەگەرە کە هەموو لایەنە جۆر بە جۆرەکانی جەستەیی و ڕوحی ئینسانی بۆ لاڕێ کردنی ئەو ناردووە تا ئەویش بە نۆرەی خۆی سزا و ئەشکەنجەی بدات! خودای ئەم خەڵکە ئەوەندە دەستکرد و بێ ڕوحم و پاوانخوازە کە تەنیا یەک ڕێگای بۆ ڕزگاری مرۆڤ دیاری کردووە ئەویش بریتییە لە پەرستیشی ئەو و ملدان بە فەرمان و یاساکانی ئەو بە وەلانانی هەموو تواناییە فیکری و جەستەیی کە لە ئینساندا بە دی دەکرێ. ئەم خودایەی ئەوان دەیناسن لەگەڵ "زانست" و عیلم و دیموکراسی بێگانەیە و "شەیتان" و ئەهریمەنێکی نادیاریشی بۆ ناردووە تا بەرەو تاوان و گەندەڵی ڕێنوێنی بکات! لەم مەڵبەندەدا ترس و نەزانی باڵی بە سەر هەموو شتدا کێشاوە و "خوسرەوجاف" لە ڕووداوە ورد و درشتەکانەوە دەست پێدەکا و دەپڕژێتە سەر جەستە و دەروونی مرۆڤی قوربانیکراو. ئەم سرت و خورتە کە تێکەڵاوی شاراوەی شەوانەی کوڕە گەنجێکی دوور خراوەڕا لە زەنازەنای شەوێکی سیخوڕدا دەست پێدەکا کە تووشی باوەشی کچێکی شۆخ هاتووە، لە کاتێکدا هەردووکیان باوەڕیان بە تاوانبوونی پێوەندییەکەیان هەیە! ئەم ڕۆمانە جێگە و پێگەی سەرهەڵدانی هەموومانە. ئاخۆ دەبێ مرۆڤێک کە لە وەها کەشوهەوایەکی نەخۆشدا سەرهەڵدەدا چۆن مرۆڤێک بێت؟مرۆڤێک کە گەمژانە دەژی و گەمژانە بیر دەکاتەوە، گەمژانە دەبێتە قوربانی، سەرئەنجام بەم باوەڕەوە سەر دەنێتەوە کە گۆڕێکی تەنگ بە چەپڵەلێدان دەیهاوێتە زارکی ئەژدیهای ئاوەز. مرۆڤی ئەم کۆمەڵە هەموو شتی بە تاوان چووە: ئەنفالی لەش و گیان، ئەنفالی بیر و مێشک، ئەنفالی نەتەوەیی و ناسنامەی مێژوویی و... مرۆڤێک کە بە وتەی خوسرەو جاف "مردوویەکی



خوسرەو جاف

زیندووە!" مرۆڤێکی هیچ نەزان کە لە چەند مەتر لە ژێر پێخەفەکەیدا شارستانییەتێکی هەزاران ساڵە سەری ناوەتەوە و نێژراوە کە نیشان دەدا یەکێک لە درێژ تەمەنترین دانیشتوانی جیهانە و ئێستا لە ژێر عەباکەیەوە جیهانێکی بۆ ساز بووە کە "سەگ بۆنی پێوەناکا!" لە وەها هەلومەرجێکدایە کە "دەغدو" دادەڕێژێ و ڕوحی وەبەر دەنێ بۆ ئەوەی بە هانای ئەم مرۆڤە سەرگەردانەوە بچێ. کاتێک لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتانی سەدەی بیستەمدا هزر و ئەندێشەی "ناسیۆنالیزم" سەری هەڵدا، ڕێڕەوانی ئەم باسە لەسەر ئەوە کۆک بوون کە بەر لە هەموو شت بۆ سازکردنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی، پێویستە مێژووی بۆ داڕێژنەوە و تەفسیری نوێ لەسەر ڕووداوەکانی مێژووییدا بکەنەوە. بۆ وێنە، "ئاتاتورک" هات و مێژووی تورکی بۆ دوو هەزار ساڵ لە ئاسیای ناوەڕاست گەڕاندەوە و داڕشتەوە. کارێک کە هێشتا ناسیۆنالیزمی کوردی بە تەواوەتی نەپرژاوەتە سەری و نەیکردۆتە ناسنامەی خۆی. "دەغدو" ڕێک بە هانای ئەم گرفتەوە هاتووە و هەوڵی قەرەبوو کردنەوەی ئەم بۆشاییەی دەدا کە کاری کۆڵێژی مێژوویی

و رۆشنبیرانە. دنیای رۆمان بوو بە هۆی لادان لە
گوزارش و تەفسیرێکی عەینی و درێژەپێدان بە باسی
سەرەکی رۆمان کە ئەرکی رۆماننووسە، رەنگە
تەواوکەری کاری مێژوونووسەکان نەبێت و پێویست
بەوەش ناکا، بەڵام لە هەمان کاتدا زایەڵەی ئەم پەیامە
بەرز دەکاتەوە کە ئەم ئەرکە پێویستە لە لایەن کۆلێژێکی
مێژووییەوە جێبەجێ بکرێ.

ئەگەرچی لەم رۆمانەدا بە رواڵەت چەند کەسێک دەور
دەگێڕن، بەڵام لە راستیدا و بە تایبەت لە زەینییەتی
دەرەوەی رۆماندا هەموو دانیشتوانی شارۆچکەی جیهان
لەودا دەوربیان هەیە، کێشەکان، ئاڵۆزی و ناتەبایی،
تەقینەوە و ئەنفال و شەڕ و ئەشکەنجە و...تاد مردووشی
لە قەبریدا راست کردۆتەوە، دەست و پێی بە تەماگرانی
بە تەماح و دووڕووی جیهان ئاڵۆز کردووە، تەماگرانی
نێونەتەوەیی کە رۆژێک پەروەردە دەکەن رۆژێک
دەمرێنن، رۆژێک دەرگای زەرادخانەکانیان (جبەخانە)
ئاواڵا دەکەن و رۆژێک بە شوێنیاندا دەگەڕێنەوە، تا ببنە
قارەمانی رزگاریدەری گومان لێ نەکراوی جیهان !!
"دەغدو" راست بۆتەوە کە زۆر نهێنی ئاشکرا بکات،
هەوییەتێکی زیندەبەچاڵکراو دارێژێتەوە، بەڵام بەر لە
هەموو شت دەبێ درۆکان برووخێنێ، بەهاکان هەڵتەکێنێ
کە لە لایەن هێرشکەرانەوە داسەپاوە و تا ئەو جێگایە
دەڕواتە پێش کە هەمووان روون دەکاتەوە، تەنانەت ئەو
خەڵکەش کە ملکەچی وەها هەلومەرجێک بووە. لەو
نێوەدا نووسەر رەحم بە خۆشی ناکا و بە پێویستی
دەزانێ کە لە خۆیرا دەست پێ بکا. "دەغدو" سومبۆلی
ئەو مەعریفەتەیە کە کورد لە بۆشایی ئەو دا تووشی
بەسەرهاتێکی تاڵ هاتووە. "دەغدو" هاتووە تا وەک
گڵۆپێکی رووناک داگیرسێ تا کورد لەورۆشدا بۆ
جارێکی تر رێگا ون نەکا، ئیتر کەس بڕیاردەری
چارەنووسی ئەو نەبێت و خۆی بدۆزێتەوە، کارەکتەرەکان
بەم پێیە ئەرکێکی قورسیان هەیە و هەموو رەهەندەکانی
خۆیان کە سەرجەم جەستە و روحی و رابردوو و ئێستای
ئەو پێکدێنن، لە گەڕیان دەخەن هەر ئەم رەوتەیە کە
رەوت و شێوازێکی تایبەت بە خۆی بۆ نووسراوەکانی
خوسرەو جاف خوڵقاندووە. لە "دەغدو" دا فۆرم و
شێوازی "ریالیزمی جادوویی" بەرچاو دەکەوێ. "دەغدو"
دەیەوێ وەک ئوستوورەیەکی چەند هەزار ساڵە بە
زانیارییەکی تەواو، خۆی بە دەستەوە بدات تا ببێتە
هێمایەک بۆ لە خەو راست بوونەوەیەکی هەزاران ساڵەی
کوردی سەردەم کە بۆتە ئەفسانەیەکی باوەڕپێنەکراو لە
جیهاندا و هێشتا لە رێکخراوەی نێونەتەوەییدا کوردی و
ئاڵای ئەو بە رەسمی نەکراوە!! لە بری ئەوە بۆتە ئامێری
گەمە و موعامەلەکانی زلهێزەکان و لە لاپەڕەی ٢٣٠ لەم
پێیەدا دەڵێ: "ئەم جۆرە مامەڵەیە تەنیا تایبەتمەندی
ئێمەی کوردە! بۆ وا بە ئاسان دەستەمۆی ئەم جۆرە
پەیوەندییانە دەبین... هی بێ پشت و پەنایییە، یان
نەخوێندەواری و هەژارییە؟؟ نووسەر لە هەمان کاتدا بۆ
داهاتوو گەشبینە و خوێنەر لە رەشبینیدا ناخنکێنێ و
باس لە راستبوونەوە دەکا و لە لاپەڕەی ٢١٢دا دەڵێ:
خەڵکەکە بەو ئامێرە تازەوە دڵخۆش بوون، شەڕی
براکوژی براببوویەوە، شەڕەدەنووکی ناو رۆژنامە و
گۆڤارەکان کەم ببوونەوە، ژیان بەرەو ئاسوودەیی کەم
نەفەسانە بۆ پێشەوە دەچوو...".

نووسەر کەڵکەڵەی بەرەو پێش چوونی پرۆسەی
چاکسازی هەیە و بە ئاگایە لەوەی کە ئەم هەموو بیر و
باوەڕە تاریکەی داسەپاوە، ئەم هەموو دواکەوتووییە لە
هەموو بوارێکەوە، شتێک نییە وا بە ئاسانی و بە
هەستانی چەند فڕۆکەیەکی ئەمریکایی و هێرشێکی
ئاسمانی و کوژرانی تاکەکەسێکی وەک سەدام کۆتایی
پێ بێت. سەدام بێ سەرکراوە، بەڵام هەلومەرجی پێشوو
چارەسەر نەبووە. ئایا غەیری وەیە کە سەدام کوڕی
حەڵاڵزادەی باوەڕە باو و نەخۆشەکانی کۆمەڵگای
خۆیەتی، ئایا رەوتی کۆمەڵ بە چەشنێک نییە کە
مەترسی دووبارەبوونەوەی وەها کەسایەتییەک هەر لە ئارا
دابێت؟ نووسەر لاچوونی سەدام بۆ تەواوبوونی گرفتەکان
بە خەیاڵێکی خاو دەزانێ لە کۆمەڵگایەکی مۆدێرندا
ناژی، بێگانەبوونی دانیشتوان لە جیهانی مۆدێرن
هەلومەرجێکی پێکهێناوە، کە لە پێوەندییە غەریبەکانی
زەینی سەرەتایی و کرچوکاڵی ئەم نەتەوانەدا
ئوستوورەکان دەورێکی باڵایان لە راستی و رووداوەکانی
رۆژانەی ئەواندا هەیە کە جیهانێکی تایبەتی بۆ ئەوان
پێک هێناوە، ئەگەرچی بە رواڵەت دەنگۆی ئەوەی هەیە
کە یەکەم بار نووسەرانی ئەمریکای لاتین وەک گابریل
گارسیا مارکیز (کۆلۆمبیا)، مایکل ئانجل و ئاستورباس
(گواتمالا) و کارلۆس فۆنتین (مەکزیک) ئەم شێوازەیان

له نووسـیندا دەست پێکردووە، بەڵام لە ڕاسـتـیـدا ئەم شێوازە لە کۆنترین چیرۆکە زارەکییەکانی هەموو وڵاتێک بە تـایبـەت وڵاتـانی وەک ئێـمـەدا ڕەوایەتی پێکراوە و شـتـێکی تازە نـیـیـە کـە نووسـەرانی ئەمـریکای لاتین بیانەوێ بە ساحێبی کەن. شانسی ئەوان ئەوەیە کە زوو دەنگیان دەگاتە بلندگۆیەکانی جیهانی، تەنانەت لە نێو ڕۆمانی نووسەرە ئێرانییەکانیشدا بەر لە نووسەرانی ڕۆژئاوایی کەسانێک وەک غولامحوسێنی ساعیدی (لە ڕۆمانی عەزادارانی بەیەل) ڕەزا بەراهەنی (بە ڕۆمانی ڕۆژگاری دۆزەخی ئاغای ئەیاز) مونیرە ڕەوانیپوور (لە ڕۆمانەکانی ئەهلی غەرق و نهێنییەکانی وڵاتی من و ئاوازی کوژراوەکانی)، هەروەها مەحموودی دەوڵەتئابادی (لە ڕۆمانی ڕۆژگاری بەسەرچووی خەڵکی بەساڵاچوو) تەواو ئەم شێوازەیان ڕەچاو کردووە... نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ کە ئەم شێوازە تا ڕادەیەکی زۆر شێوازی ڕیالیزمی زیندووی ڕاگرتووە. کەوابوو نووسەر خۆی لە زمانی خەڵک و باوەڕەکانی ئەوان نزیک کردۆتەوە هەتا ڕووکردنە لە شێوازە باوەکانی مۆدێرنیتە کە هێشتا بۆی هەیە بەردەنگی مامناوەندی و نەخوێندەوار لێی تێ نەگەن. کەوابوو شێوازی ڕیالیزم بە تەواوی بە ڕوخساری ئەم ڕۆمانەوە دیارە: چۆنێتی دارشتنەوەی کەسایەتییەکان، ڕەوایەتی خەتی زەمان و دیاری کردنی شوێنی تایبەت، پێرەنگی بەهێز و تەعلیقی سەرنجڕاکێش، گرێ سازکردن و گرێ کردنەوە، دەسپێک و ناوەند و کۆتایی دیاریکراو کە هەموو لە ژێر چاودێری زانای کول لە ڕۆماندا دەچنە پێش و زانای هەموو شتزان ئەرکی ڕۆمان بە جێ دەگەیەنێ. هەڵبەت ئەوەمان لەبیر نەچێ کە شێوازی ڕیالیزم شێوازێکی سنووردارە کە لە جیاتی بە تێکدانی توولی خەتی زەمان بپرژێتە سەر زەین و دەروونی کەسایەتی، زۆرتر سەرنج دەداتە ڕووداوە واقعییەکانی کە لە دەوروبەری مرۆڤ ڕوو دەدات، بەڵام ئەوەشمان لەبیر بێ کە دانیشتوانی ناوچەی بەرباسی ڕۆمان، کەسانێکی مۆدێرن نین کە هەڵسوکەتی مۆدێرنیان هەبێ. واتە خەمی نان، کەڵکەڵەی پاراستنی گیان و گرفتە هاوکاتەکانی بە کۆما و بە کۆمەڵ کەمتر ئیزنی وەی پێدەدات بپرژێتە سەر دنیای هزر و ئەندێشە و دەروونی خۆی تا وەک ئینسان خۆی بدۆزێتەوە و بزانێ چی دەوێ و کەمتر لەبیرەوە دەچێ، هەر بۆیە هاوکات دەگەڵ وەی لە بواری تەکنۆلۆژی دەست بەتاڵە، لە بواری بەرهەمهێنانی فیکر و ئەندێشە و فەلسەفە، کڵۆڵ و دەست بەتاڵە. خوسرەو جاف دەیەوێ باس لەم کەمایەتییانە بکات. چارەنووسی ئەم خەڵکە لە دەست خۆیدا نەبووە، تەنانەت بەر لەوەی لە دایک بێ بۆ زۆر وەڵامی بنەڕەتی و گرنگ، ئایین قۆڵی لێهەڵماڵیوە و هێندی وەڵام بۆ ئامادە کردووە تەنیا چاوەڕوانی ملکەچی دانیشتوان، لەم بڕیار و گەڵاڵەیە دەکرێ. مرۆڤێکی کانالیزەکراو ناتوانێ بیرمەند و عەقڵمەند بێت، هەر بۆیە نووسەر هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانە و پرسیارکەر دەگرێتە بەرخۆی بە مەبەستی تیژ تێپەڕکردنی ڕەوتی چاکسازی و ئاڵوگۆڕ بۆ بە سەرهێنانی ئەم ڕەوتە مەرەندەیە لە دۆزەخێکی داسەپاودا. بۆیە لە دوای ئەوەی بەشداری میوانی مامۆستا دەکات و لەودا بەو پەڕی تەوەحوش و ڕێنەهاتوویی مرۆڤ بە وێنا دەکا لە کۆتایی دەنووسێ: "... – ئەمە دۆزەخ بوو... ها ؟ وتم: سەد خۆزگە بە دۆزەخ!" لاپەڕەی ١٨٤.

ئەم ڕستە و وشە و وێنەیە هیچ دەستکردی شەوزیندەداری نووسەر نین. واقعییەتی حاشاهەڵنەگری



بەرچاو کە نووسەر بە پێویستی زانیوە بە سەدان پرسیار سەروبنیان بکات. ئەو لە قەبارەیەکی تر دەگەڕێ و بۆ داڕشتنەوەی بەردەنگ و خوێنەریش بە پرسیارەکانی تێوەردەدات و دەنووسێ: "سەرم لە خۆم سڕماوە دەڵێم راستی ئەو خەڵکە بۆوا چەواشە، پەرتەواز فیکردەکەنەوە؟ مێگەل ئاسا لە بارەگای هیچدا بە هەموو شتێک ڕازین... ئەی بۆ چی بۆ خۆم پێم وایە هەرچی دەر و دەروازەیە ئاوالآیە و بۆ چی پێم وایە هەرچی ئافرەتی دنیا هەیە لینگ ئاوالآ ئامادەی ئاماژەیەکی منە ؟! نازانم بە چ مافێک گاڵتە بە فیکری پیاو و ژنی عاشق دەکەم ؟! ئەوسا نەفرینی کار و کاسبی و کردەوەی بڕێک کەسم دەکرد کە بۆچی بۆ خۆم لەو ئاڵوویڵایە، گلاوترم بە دەستەوەیە.... دوێنی لە نێو پێخەفی شۆخەدا چەند کاتژمێر شان بە شان و لینگ بە لینگ بووم، ئەوسا لە بیری پرچە زەردەکەی لووسی دابووم.... بۆ بە هیچ تێر ناخۆم بۆ وا ڕەوتم تێک چووە ؟..." لە راستیدا ئەم پرسیارانە بەرەوڕووی هەموومان راوەستاوە...

خوسرەو جاف میعمارە و بەر لە نووسینی ڕۆمانی "دەغدو" پەیکەرەی ئەوی داڕشتبوو کە لەودا چەند قفڵ و قەرازە جەستە و پەنجەی دەغدوی داخستووە. دواتر لە ڕۆمانەکەیدا تەلیسمی ئەم قفڵانە دەشکێنێ و کاری لێدەکێشێ، میعمارەکان بە شاهیدی مێژوو سەرەتای دەسپێکی هەموو ڕەوتێکی نوێ لە بەستێنی هونەر دابوون. نووسەران و ئەدیبان و تیوریسیتەکان بە دوای ئەواندا هاتوون. ئەم شاکارە هونەرییەی "دەغدو" راچلەکانێک تووشی بینەری خۆی دەکات و بەرەو بیرێکی قووڵی دەبات. پرسیارکەرە و لە وەڵامێک دەگەڕێ لە هاچەرێک لە ئامێرێک... کە بێ ئەوەی بنووسرێتەوە بۆ خۆی ڕەوایەتێکی هەزاران ساڵەیە.

هەموو هەوڵ و تەقەللای نووسەری میعمار ئەوەیە کە نەزانی بە تاوانێکی گشتی بناسێنێ زۆر ئەرکی گرنگ و پیرۆز بخاتە بەردەم دەسەڵاتی نوێ کە بڕیارە یاسای نوێ داڕێژێ، هەروەها بەردەم ئەو کەسانەی کە بڕیارە فەرمانبەری ئەم یاسایانە بن. لە خەوی ٢٧٠٠ ساڵە راستیان دەکاتەوە و دەپرسێ ئاخۆ کوردی کلۆڵی سەردەم، تەنیا و سەر لێ شێواو چۆن دەتوانێ ئاگاداری دەوروبەری خۆی بێت و بەرەوڕووی گرفتەکانی ببێتەوە؟

ئاخۆ مێگەلی چاووگوێ بەستراو لە جیهانێکی چاووگوێ کراوەدا پێگە و جێگەی خۆی چۆن دەستنیشان دەکا؟ ئاخۆ ئەم مردووە بڕیارە چۆن زیندوو بێتەوە؟ نەتەوەی "فرۆشیار" چۆن دەتوانێ "داهێنەر" بێت؟ چۆن پێش بە هۆلاکۆ خۆماڵییەکان بگرێ کە خەریکە خۆفرۆشی و سەرسپەردەیی بە سەوداگەرانی جیهانی دەگرنەبەر؟ کاتێک یەکێک لە سیناتۆرە ئەمریکاییەکان بە ڕاشکاوی دەڵێ: "چاڵاوە نەوتییەکان لە جێگای شیاوی خۆیاندا هەڵنەکەوتوون!"، ئاخۆ ئەرکی ئێمە چییە؟

نووسەر بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە ئەنگوست لەسەر خاڵێکی زۆر گرنگ دادەنێ: چاکسازی لە بواری بیر و هزر و ئەندێشە و دامەزراندنی بنکەی ڕۆشنبیری و لەم پێیەدا باوەڕی بە پاڵەوانێکی تایبەت نییە ڕوحی دەغدو چۆتەوە ناو پەیکەرەکەی و کاری ئەستەم و دژوار درێژەی هەیە. نووسەر خۆشی بە یەکێک لە حەڵقە سەرلێ شێواوەکانی ئەم بازنە سەرگەردانە دەزانێ کە لە گێژەنی ئەم سێڵاوە دا جاروبار تەختە شکاوێکی دەست دەکەوێ تا بۆ ماوەیەک لە کەنارێکدا سەر هەڵبڕێ و لە پەیکەرە ڕۆمانەکانیدا چاوێک بە دەوروبەریدا بخشێنێ، بە ویژدانەوە دەنووسێت و دەروەستی کەس نییە، بێجگە لە خۆی و نەتەوە بەشخوراوەکەی. ڕاستگۆیە و ئەم تایبەتمەندییە بەرزی ڕاگرتووە.


# خەییام لە ئاوێنەی وەرگێڕەکانیدا

**قادر عەلیخا**
**(بۆکان)**

وەرگێڕان بەردەوام و بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی وەک لایەنێکی گرینگی ئەدەبی، چاوی لێکراوە و ڕێزی لێ گیراوە. وەرگێڕەکانیش نێویان بۆتە سەر دێڕی وتارەکان و وەک کەسایەتییە گرنگ و مەزنەکانی بواری ئەدەب، چاویان لێ کراوە و ڕێزیان لێ گیراوە. زۆر جار پلەی ئەدەبی وەرگێڕەکان، گەیشتۆتە پلەی بەرزی داهێنەرە مەزنەکان. هەر ئەوانیش بە درێژایی مێژوو گرینگترین پردیش بوون، کە لە نێوان نەتەوەکان و زمانەکاندا هەڵبەستراون و بوونەتە هۆی گوێزتنەوەی ئەقڵانییەت و ئەزموون و دەسکەوتە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤایەتی. لە گەلێکەوە بۆ گەلێک و لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە، ئەگەر مرۆڤەکان زووتر هەستیان بەم ڕێبازە گرنگە نەکردبایە، ئەوە بە درێژایی ئەو چەند ساڵە و چەندە دەیە و چەند سەدەیە کە ئەم کارە وەدوا دەخرا، مرۆڤ و مرۆڤایەتی تووشی زیان دەبوو. زۆر فکر و داهێنانیان و تاموچێژی بیستن و دیتن، هەروا لە ناوچەیەک و لە وڵاتێک و لە نێو نەتەوەیەکدا چەقی دەبەست و دەمایەوە و گەلان و مرۆڤایەتی بەگشتی لێی بێ بەش دەبوون. کە ئەم لێ بێ بەش بوونەش بێ گومان و بە دڵنیاییەوە زیانی لە ژیان و ڕوانین و بۆچوونەکانی هەموو مرۆڤایەتی دەدا، هەر بۆیە هەستەکان و گوێیەکان و ڕوحەکان بەردەوام گوێ قوڵاغ بوون بۆ داهێنانە گەورەکان و بێ پسانەوە بە شوێن کاکڵ و نێوەرۆکەوە بوون و هەوڵی وەدەست هێنانیان داوە و چێژیان لێ وەرگرتووە و ئەزموونیان لێ وەدەست هێناون. ئەو شەونخوونی و ماندوو بوونانەی کە لە بواری وەرگێڕاندا کراوە، کەمترنین لە ئەو ئارەقانەی کە بۆ خولقاندنی دەقێکی ئەدەبی ڕێژراون. هاوشان لەگەڵ هەر نووسەرێکی مەزن و گەورە، وەرگێڕێکی بە توانا دەبیندرێ کە بۆ بانگەوازی هزر و هونەری ئەوە دەستی داوەتە خامە و هەوڵی کوێر نەبوونەوەی ئەندێشە و هونەری داهێنەرەکەی داوە. بەم هەوڵەش هەرێم و بازنەی بیر و ئەندێشەی ئەوی، فراوان کردۆتەوە و هەمیش بۆتە ئاوێک کە بە هۆی ئەو هەوڵەوە، ئاوەنیای بیر و ڕوانینی گەلێکی داشتووە و تۆو و بەرهەمی نوێی بۆ ئەوان و بۆ مرۆڤایەتی لێ ڕواندووە. گۆڕینەوەی ئەم ئەزموونانە. بەرە بەرە بووەتە مایەی گەشە و نەشەی کۆمەڵگا و مرۆڤی لە بەربەرییەت و ئەشکەوت نشینییەوە گەیاندۆتەوە ئێرە. لێکدان و تێک هەڵشێلانی ئەم زانیاری و ئەزموونانە هەویرێکی لێ بەرهەم هاتووە کە نانەکەی دەبێتە ژیانی شارستانییەت و مۆدێرن و سەردەمیانە.

کێ دەڵێ لە هەنگاوەکـــانی کــەســـانێک کـــە لەم سەردەمەدا دەژین، ئەزموونەکانی سوقرات و ئەفلاتوون و ئەرســـتـــۆ نابیندرێ؟ کێ لای وایە فـــیـــســـاگـــۆرس و دیمۆکراتیـوس نابنە زمـان و پەیڤ و هەستـی مـرۆڤی ئەم سەردەمە.؟ من لێرەدا ئەزموونەکانی کافکا و هیدایەت و بەلزاک و تۆلستۆی و یەشار کەمال و مارکیز و ساراماگۆ و کارلۆس فۆئینتێس و هەمـوو نووسەرە گەورەکانی دنیا دەکـەمـە سـەرمـەشق و وزەیان لێ وەردەگرم و دەیانکەمـە چرای ڕێگـای ژیـانم. لەگـــــەڵ شـــــادی پـاڵەوانـی چیرۆکەکانیـان پێ دەکەنم و هاوڕێ لەگەڵ گریانەکانیـان دەگریم. ئەوەی ئەم ئەزمـوونە وەردەگـێـڕێتـەوە و منی لێ بەهرەمـەند دەکـات، کـارەکـەی هونەرێکی بەرزە و جـێی ڕێزە، منی خـوێنەر ئەوەندەی قـەرزداری نووسـەرەکـەم، ئەوەندەش دەچمە ژێر باری منەتی وەرگێـڕەکەیەوە. وەک چۆن نـاوی نووسـەری بەرهەمـەکـە، لە نێـو گـەوەکـانی مـێـشکمـدا هەڵدەگـرم و بەبیـرەوەریی دەسـپـێـرم، ئاواش ناوی وەرگـێـڕەکە دەبێـتـە مـیـوانی ڕوحم و هاوتەریب و وێڕای یەک و بە یەکەوە دەمێنێتەوە.

ئێمەی کوردیش بێ گومـان وەک هەموو گەلانی جیـهان ئەوەندەی پێـویسـتـیـمـان بە داهێنان هەیە، ئەوەندەشـمـان پێویستی بە وەرگێڕان هەیە و بۆ ئەوەی لە کاروانی زانین و هونەر و ئەدەب وەدوا نەکـــەوین، دەبێ لە ئەزمـــوونی گەلان و زمانەکانی دنیـاش کەڵک وەرگرین و خۆمانیـان لێ بەهرەمـەند بکەین. دەنا دەبنە ئاوێکی چەق بەسـتـە و وردە وردە بۆگەن دەبین و ویشک هەڵدێین. ئەو مـاسی و بوونەوەرە ئاوییـانەی پەنامـان بۆ دێنن و لە نێـومـانـدا دەژین، ئەوانیش دەم لە پووش دەمــــێـننەوە و لەگـــەڵ خــۆمـــاندا ئەوانیش بەرەو هەڵدێر و نەمـــان پەلکێش دەکەین، ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی وەرگێـڕان لە زمانی کوردیدا بدرێتەوە. چەند ناوێکی وەک مامۆستا هەژار و شوکور مستەفا و عەزیز گەردی و عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە ســەرەتای هەمـــوو باســێکدا و لە ســەر دێڕی هەمـــوو وتارێکدا دەبێ باسیـان لێ بکرێ و ڕێزیان لێ بگیرێ و وەک مامۆستای قوتابخانەی وەرگێڕان ناودێر بکرێن. کە بەم کـارەیان سـەرەڕای وەرگـێـڕانەکـان، زمـان و پەیڤ و وشـــەی کـــوردییـــان تاســـقـــە و فـــەلاســـقـــە داوەوە و ڕازاندوویانەتەوە و ئەم خـەرمـانەیان جـوانتـر شـەنوکـەو کـردووە و لەبێـژنگیـان داوە و جـوان، پاک و پاراشیـان



خەیام

کردووە و بە بەرەی دوای خۆیان سپاردووە.

بێ شک یەکێک لە گرینگترین کـارەکانی مـامـۆستـا هەژار بە شـایەدی هەمـوو ئەدیب و نووسـەرانی کوردی و فـارسـیـزان، وەرگـێـڕانی چوارینەکـانی مـامـۆسـتـا و فـەیلەسـووف و ئەستـێرەناسی فـارسی زمـان، خـەییـامی نەیشــابـوورییــە. کـــە زۆربەی ئەو کـەســانەی لە بواری وەرگێڕانی شیـعـردا دەدوێن، ئەگـەر وەرگێـڕانێک وەک نموونەیەکی سەرکەوتوو لەم بوارەدا دەستنیشـان بکەن. لە ڕێوە و یەکـەم ئاماژەیان بۆ ئەو وەرگـێـڕانەیە کـە لەلایەن هەژارەوە کراوە. بە دەیان جار ئەم وتەیەمـان بیسـتـووە و دەشی بیسـینەوە، کە دەڵێن «وەرگـێـڕانەکـەی مـامـۆسـتـا هەژار و زۆرجار لە داهێنانە سەرەتاییەکەشی لە سەرترە و هەر دەڵێی خەییام وەرگێڕی شیعرەکانی هەژارە.» ئەمەش زۆر جـار دەبێـتـە بەڵگە بـۆ ئەو کـەسـانەی لەگـەڵ ئەو بیروڕایە نین کە دەڵێن: «شیعر بۆ وەرگێڕان نابێت». هەر لەڕێوە ئەوە دەکەنە بەڵگە و دەڵێن: «بۆ نابێ. ئەوە نییە هەژار چۆنی شیـعرەکانی خـەییـام کردۆتە کوردی؟» دیارە هەژار بەر لە وەرگێڕانی ئەو شیعرانە زۆر چاک لەگەڵ بیر و فکری خـەییامـدا ژیاوە و تێکەڵـی بووە و بۆتە بەشێک

لە ڕوح و ئەندێشەی خەییام و بە جوانی ڕوحی خەییام و نێوەڕۆکی شیعرەکانی هەست پێکردووە و ناسیویە و ئەوجار هاتووە دەستی داوەتە خامە و ئەو ڕوحە بەرز و ئەو هەستە پاک و پەیامە ڕوونەی گوێزتۆتەوە نێو زمانی کوردی و خوێنەری کوردی و ئەدەبی گەلەکەی کردۆتە خاوەنی چوارینەکانی خەییام. کە هەر بە ڕاستی دەڵێی خەییام کوردە و دانیشتووە بە کوردی بیر و ڕوانین و ئەزموونەکانی خۆی کردۆتە چوارینە و پێشکەشی نەتەوەی کوردی کردووە. بەڵگەش هەم وەگێڕانەکەیە و هەمیش ئەو پێشەکییەی کە لە پێش چاپی یەکەمی کتێبەکەدا نووسیویەتی و دەڵێ:

«خەیام هەڵکەوتەیەک بووە کە لەچاخی خۆیدا ئەگەر لە هەموو خەڵکی دەوروبەری خۆی زاناتریش نەبووبێ، لە هەمووان ئازا و بێ ترستر بووە. لەم دەزگا گەورە و گرانە، کە ناوی زەوین و ئاسمانە، ورد بۆتەوە و تێی هەڵ ڕوانیوە و زانیویە کە ئەم کردارە ڕەنگین و سەنگینە بەبێ وەستا نەکەوتۆتە گەڕ و دانەر و ڕانەرێکی هەر دەبێ هەبێ، بەڵام ئەم سازدەرە شیرینکارە چۆنە و کەی ئەم دەزگایەی بەرهەم هێناوە و بۆچی لێکی داوە و لەو کرد و نەخش و تەونە کەونە-کە نەسەری دیارە و نەبن- نیازی چ بووە و لە کەیەوە هەڵیواسیوە و کەی لە داری دەکاتەوە و دەیپێچێتەوە؟ ئەو هەزاران هەزار ئەستێرە و مانگە پرشنگدارە بۆ هاتوون و چۆن هاتوون و چیان لێ دێ؟ تیرەی جانەوەر و مرۆ لە کوێوە هاتووە بۆ کوێ دەچێ؟ ئەگەر نەهاتایە چ دەبوو؟! ئەگەر هێنراوە بۆ هەتا سەر نامێنێ و لە ناو دەبرێ؟ ئەگەر دەمرێ گیانەکەشی دەمرێ، یان دەمێنێ؟ ئەگەر دەمێنێ جارێکی تریش دێتەوە سەر ئەم زەمینە و ژینەکەی پێشووی دەست پێدەکاتەوە، یان دەخرێتە قاپۆرێکی زلترەوە و لە دنیایەکی دیکەوە سەر هەڵدێنێ؟ ئاخۆ کەس هەیە بیزانێ؟ یان ئەو وەرامانە لە پشت پەردەیەکی ڕەش و ئەستوورەوەیەوە تا پەردە لانەدرێ کەس نایزانێ و ئەگەر لاش درا کەس نەماوە تا بیزانێ؟ خۆی لە ناو دەریایەکی سەرگەردانیدا دیتووە و کەوتۆتە پەلەقاژەی خۆ ڕزگار کردن. هانای بردۆتە بەر نووسەران و دەستەوداوێنی زانا و گەورەپیاوان بووە. پرسیوبە و خوێندوویەتەوە... کەس نەبووە دەستی بگرێ و لەو گێژاوەی دەرێنێ و شارەزاییەکی وای دەست نەکەوتووە ڕچەی هەواری زانستی ڕاستەقینەی بۆ دەستنیشان بکا و لە هەڵدانەوەی پەڕی کتێبان بایەکی وا هەڵێنەکردووە تەمی گومان و دوودڵی بڕەوێنێ. ناچار چووەتە ناو بیری بیر و لێکدانەوەی خۆی و زۆر بە وردی بەراوردی کردووە، ژیرانە لەمێشکیدا هەڵی سەنگاندووە و ئازایانە تێکوڵی پڕوپووچی شکاندووە و لەمپەری کۆنەپەرستی پەڕاندووە و ئازادانە سەر و بنی کردووە و بۆی گەڕاوە».

سەرەڕای ئەوەی هەستی بە فراوانی و بیرڕوونی و ئازایەتی خەییام کردووە و لە زۆر لایەنەوە کەلێن و کەلەبەری بیری خەییامی ناسیوە و لێی شارەزا بووە و بە وردی گەو بەگەو و پێچ پێچی ناسیوە، هەروا لەخۆوە و ڕەمەکی نەچووە بەگژ وەرگێڕانی ئەو چیا مەزن و گەردن کەشەدا و زانیوبە وەردانەوەی ئەو خەلە گەورە، کارێکی هەروا ئاسان نییە و پاڵەی بەهێز و کارامەی دەوێ. خەییام سەرەڕای ئەوەی خاوەنی فکرێکی گەورە و ئینسانی بووە، نەترسانەش دەستی بۆ زۆر شتی قەدەغە و شوێنی ئەستەم بردووە و پێی لەسەر گەلێک هێڵی سوور داناوە زۆر ڕێگای دژواریشی تاقی کردۆتەوە و ڕچەی ئەستەمی شکاندووە، ئەمە لە لایەنی فکر و ئەندێشەوە. لە لایەنی ڕوحی شیعریشەوە، خەییام بۆتە مامۆستای زۆر کەڵە شاعیر کە بۆ خۆیان نێو گەلێکی مەزن و دیارن و شیعرەکانیان بە درێژایی مێژوو بوونە هەوێنی ژیان و ئەشق و بوون و مان. تەواوی ئەو شاعیرانەی «مەی» یان کردووەتە هەوێنی شیعرەکانیان و لەو ڕێبازەدا هەنگاویان هەڵهێناوەتەوە بە شایەدی مێژوو شاگردی ڕێبواری ڕێگەی ئەون و لەو بابەتەوە ئەدەبناسان بە قەرزداری بیری خەییامیان دەزانن. لە سەرووی هەمووشیانەوە حافزی شیرازی کە بە زۆری لە وشەی «مەی» کەڵکی وەرگرتووە و کەم غەزەلی هەیە بەبێ وشەی «مەی» گەیشتبێتە کۆتایی.

ئەوەش نەبێ خەییام بە دایە عەودالْ و سەودا سەری مەی بوو بێت و باخەوانی باخی ڕەزی کردبێ و بووبێتە دەرکەوانی مەیخانە. ئەو مەیی کردووەتە ئاڵای دەستی و لەسەر خۆی شەکاندوویەتەوە و وەک هێمای ڕاستوێژی و پاکی ژیان و بیرڕوونی کەڵکی لێ وەرگرتووە. مامۆستا هەژار لەم بارەشەوە دەڵێ:

«گەلۆ! خەیامێک کە خاوەنی ئەو هەموو بیرە قووڵ و بەرزانە بێ، یان وەک مێژوو پێمان دەڵێ، مامۆستایەکی



**ساراماگۆ**

گەورە و هۆزان بووە و گەلێک سیپارە و نووسراوی بەنرخی دەربارەی ژمارە و ئەستێرەناسین هەبووە و بناغەدانەری ساڵ پێوی جەلالی بووە و گەلێک شتی تریشی لە هەموو بابەتێکەوە زانیوە، هیچ باوەڕ دەکرێ هەمیشە لە سووچی مەیخانەیەکی تاریکدا بووبێتە سیپاڵ و هەرگیز ئەغیار نەبووبێتەوە؟! ئەگەر مەلیکشا، یان خواجە نیظامولمولک ویستبێتیان چاویان پێی بکەوێ، خەیام لە مەیخانەوە نرابێتە ناو سەبەتەیەک و بە کۆڵی حەنباڵێکەوە چووبێ بۆ وەرامدانەوەی پرسیاری پڕ لەگرێ پووچکەی دژوار؟! من لام وایە نەیخواردۆتەوە، ئەگەر خواردبیشیەوە، هەر بۆ ناسین و زانین بووە. ویستوویەتی بزانێ ئەو بادەیەکە وا ئەو هەموو شێخ و مشایخە گەورانە ئەوەندەیان پێ هەڵگوتووە چێژ و تامی چی دەدا؟ بەڵام-وەک گوتمان-خەیام زۆر لەو نەزانانەی کە بە ناوی زانا خۆیان بەسەر خەڵکدا سەپاندووە تووڕە بووە. هێناویە مەیخۆری-کە بێهۆشی دەهێنێ و گوناهێکە- دەگەڵ ژیانی پڕوپووچەکەی ئەواندا بەرانبەری پێ کردووە و دەڵێ: سەر خۆشی لەو هوشیارییە باشترە کە بەتوڕەهات و پڕوپووچەوە خەریک بێ. گوناهی مەی لە تاوانی دەست بڕی و درۆ کردن کەمترە. پیاو مەست و بێ خەبەر بێ، نەک بە ئەغیاری، ئابڕووی دین و زانین بەرێ. لە لایەکی تریشەوە زانیویە لەسەر هێنانی بیر و باوەڕێکی تازە و پێ هەڵپڕژان و بەگژا چوونی کۆلکە

مەلا و گەندەڵە شێخان لەوانەیە بڕیاری کافر بوون و کوشتن و سووتاندنی بدرێ. هاتووە ئەو قسە هەق و ڕەقانەی لە تەختی بنی دیزەی شەرابدا شاردۆتەوە و زانیویە مەلا و کاڵ هێندە وریا نین زۆری لێ بکۆڵنەوە و لە ناو خڵتەی مەیدا بیدۆزنەوە. هەر بە باسی بادە بایان ڕەگوێ دەکەوێ دەهۆڵی گوناهباری بۆ لێدەدەن و لە تۆمەتی کفر ڕزگاری دەبێ».

مامۆستا هەژار بەم زانیاری و ناسیارانەی کە لە خەیامی هەبووە بە شارەزایی ئەوەی کە بەر لەویش کەسانێکی وەک کامەران بەدرخان و شێخ سەلام و مامۆستا گۆران کردوویانەتە کوردی دەستی داوەتە قەڵەم و هەم چوارینەکانی هێناوەتە سەر زمانی کوردی، هەروەها لەئەوەش باش حاڵی بووە ئەوەی ئەوان کردوویانە، نەیانتوانیوە هزر و ئەندێشەی خەییام بەتەواوی بگوێزنەوە سەر زمانی کوردی، هەرچەندە ئەمنیش لەگەڵ بۆ چوونەکەی سەلاحی ئاشتی دام کە دەڵێ: «بێ هیچ گومانێک دەتوانم بڵێم مامۆستا (هەژار) زۆرجار سیلەی چاوی داوەتە کارەکەی شێخ سەلام و وێنەی لێ هەڵگرتووە و سەرگوڵخۆری کردووە».

ماڵم قەبرە ئەگەر بڵێین مامۆستا هەژار کە لە سەر دەستی ئەوان هەستاوە و کارەکەی ئەوانی گەیاندۆتە چڵەپۆپە و پەڵەی بۆ هەڵگرتوون و شەڕەی بۆ پینە کردوون، قسەیەکی بێ ئینسافانەمان نەکردووە، ئەگەر خەییامەکەی هەژار نەبوایە، ئەوە ئەو کوردانەی فارسییان نەدەزانی بە ڕاستی لە بیر و باوەڕی خەییام بێ بەش دەبوون و ئەوانەی بەر لە هەژار شیعرەکانی خەیامیان وەرگێڕابووەوە نەیانتوانیبوو خاڵ بپێکن و دەروازەیەک بکەنەوە بۆ ئەوەی خوێنەری کورد لەوێوە بڕوانێتە بیری خەیام، ئەگەر بووبێتیش زۆر کرچوکاڵ و ناکامڵن. لێرەدا چەند چوارینەیەک لەوەرگێڕانەکانی کامەران بەدرخان و شێخ سەلام و گۆران لەگەڵ وەرگێڕانەکەی هەژار وەک نموونە دەخەمەبەر دیدەی خوێنەرانی ئەم وتارە.

**گێژی لە خەیاڵات و گلەی بەختی ڕەشت،**
**ڕابوێرە هەتا بەجارێ نەبڕاوە بەشت!**
**دەس بگرە بە بەندی سەر و پرچی جوانێک،**
**تا هەڵنەوەشێنراوە هەموو بەندی لەشت!**
**«هەژار»**

***

**بەری کۆ ناڤێ تە ژ دنیایێ بچە،**
**ڤەخوە شەرابێ، خەما تە دێ بچە!**
**کەزییێن دەلالەکێ ژ هەف بکە،**
**بەر کۆ لاشێ تە ژ هەڤ بکە!**
**«کامەران بەدرخان»**

*** * ***

**شێخێ بە ژنێ خراپی کوت: «بێ شەرمی،**
**بۆ هەرچی دەست بۆ بەرێ ساز و نەرمی؟»**
**پێی کوت: «بەڵێ من وەکو دیارم هەروام،**
**تۆش داخۆ وەکو نیشان دەدەی دڵگەرمی؟»**
**«هەژار»**

*** * ***

**شێخێ بۆ تەمێی ژنێکی بەدخوو،**
**قیرەقیری بوو، ئەهات و ئەچوو،**
**ژن وتی: «یا شێخ چی ئەڵێی من وام؛**
**بەڵام تۆ وەهای، وەک ناوت دەرچوو؟»**
**«شێخ سەلام»**

*** * ***

**گەردوون مەیەکەی مەرگە، جیهان مەیخانە.**
**دەرخواردی ئەدا هەر کەسێ لێی میوانە.**
**بینۆشە بە رووی خۆشەوە گەر نۆرەت هات!**
**جەژنێکە شەپۆڕێکی دەگەڵ یارانە.**
**«هەژار»**

*** * ***

**چەرخی ئاسمانی بێ بنی پڕ هەور،**
**جامێک لە بەزمیا چەرخ ئەدا بە دەور،**
**نۆرەت هاتە سەر، بێ ئاخ هەڵکێشان،**
**بینی پێوەنێ، دەورە، نەک جەور!**
**«گۆران»**

ئەوەی جێگای بیر لێ کردنەوە و لێ ورد بوونەوە و تەنانەت سەسوڕمانیشە ئەوەیە کە دوای وەرگێڕانەکەی هەژار کە بە شایەدی زۆربەی خوێنەرانی شیعری کوردی. هەر وەک لە سەرێشەوە کوتوومە، لە زۆر جێگادا لە دەقە ئەسڵییەکەش لە سەرترە، کەسێک بێتو سەر لە نوێ دەست بداتەوە وەرگێڕانی شیعرەکانی خەییام و بەگژ ئەو لووتکە و ترۆپکە دابچێ، کە پێشتر زۆرکەسی لێ گلاون و نەیانتوانیوە ئاڵای سەرکەوتنیان لە سەر هەڵکەن. تەنیا کەسێک توانیویە بچێتە سەر ئەو ترۆپکە، هەژارە و بەس.

لەم دواییانەدا کۆمەڵێک وەرگێڕانی چوارینەکانی خەییامم بە قەڵەمی بەڕێز «جەلال زەنگابادی» بەر چاو کەوت. کە لەگۆڤارەکانی هەنار، ژمارە ٧٧ و ڕامان، ژمارە١٦٢دا چاپ و بڵاو کراوەتەوە. یەکەم پرسیارێک کە خوێنەر لە دوای خوێندنەوەی ئەو چوارینانە لە زەینیدا سەر هەڵدەدات ئەوەیە کە ئەم وەرگێڕە تۆ بڵێی بەر لەوەی دەست بداتە قەڵەم و دەست بکات بە وەرگێڕانی ئەو چوارینانە، وەرگێڕانەکەی هەژاری دیتبێت و خوێندبێتییەوە؟ ئەگەر ئەم وەرگێڕانەی دیوە، ویستوویەتی چ شتێک بە کارەکەی هەژارەوە زیاد بکات و کامە شرەی بۆ پینە بکات و کامە هەڵەی بۆ ڕاست بکاتەوە؟!! کە من بۆ خۆم لە پاش چەند کەرەت خوێندنەوەی کارەکانی جەلال زەنگابادی، بە وەڵامی هیچ کامێک لەو پرسیارانە نەگەیشتم.

ئەگەر هەر لە دوو لایەنەوە وەرگێڕانەکەی هەژار و کارەکەی جەلال زەنگابادی لە بەر یەکدا دابنێین بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئاستی ئەو دوو هەوڵە چەندە لە یەکتر دوورن و مابەینیان ئاسمان و ڕێسمانە. هەژار هەر ڕاست شێوەی پێکهاتەیی شیعرەکەی خەییامی کە لە قاڵبی چوارینە دا هۆندووەتەوە، گوێزتۆتەوە بۆ زمانی کوردی و لەو بابەتەوە هیچ گۆڕانکارییەکی لە میعماری بینای شیعرەکەدا پێک نەهێناوە و چوارینەکانی خەییامی هەر لە قالبی چوارینە دا هەرلەسەر ئەو کێشە ڕەسەنە، هێناوەتەوە سەر زمانی کوردی. لەم بارەوە هەژار هیچ گۆڕانێکی لە دەقی شیعرەکانی خەییامدا پێک نەهێناوە. هەمووشیان بەزمانێکی شاعیرانە داڕێژراون و پڕن لە ڕوحی شیعر و پەیامی شیرین و خوێنی ژیان و زیندووبوون بەتەواوی دەمارەکانیاندا دەگەڕێ و خوێنەر هەست بەگەرمی لەشی شیعرەکان دەکات. لەگەڵ خوێنەردا بەجوانی پێوەندی دەگرن و ئاوێتەی هزری دەبن. یەکێک لە لایەنە گرنگەکانی ئەو کارەش هەر ئەوەیە. چوارینە، کێشێکی خۆش و لە سەر دڵانی هەیە و زۆر بە ئاسانی لەگەڵ هەست و ڕوحی خوێنەر و بیسەردا دەگونجێ، هەم لە زمانی فارسیدا و هەمیش لە زمانی کوردیدا، لە لایەن زۆر گۆرانی بێژەوە بە گۆرانی گوتراون و پەیامە مرۆڤییەکانی خەییام بوونەتە پەیامی چۆن ژیان

و چۆن بوون و چۆن گوتن و چۆن ڕوانین لە دنیا و ژیان و بوون و مردن. هەر ئەوەش ئەوانی کردووەتە هەوێنی گۆرانی و گۆرانی بێژە ڕووناکبیر و لێزانەکان وەک پەیامی ڕاستەقینەی ژیان، بە گوێی گوێگرەکانی خۆیاندا چرپیوە، بەڵام جەلال زەنگابادی نەشێوەی قاڵبی شیعرەکەی پاراستووە و کێشی شیعرەکانیشی تەواو تێکداوە. بەم کارەشی، هەم ئاستی کارەکەی خۆی هێناوەتە خوارێ و هەم ڕوحی شیعرەکانی خەیامی ڕووشاندووە و لە هەمووو لایەنێکەوە زیانی پێگەیاندوون. تەواو چوارینەکانی لە جوانی داڕشتن و ڕوحی مانایی بەتاڵ کردووەتەوە. وەرگێڕانەکەی جەلال زەنگابادی وەرگێڕانێکی وشە بە وشەیە، کە ئەم چەشنە وەرگێڕانە لە لاوازترین شێوازەکانی وەرگێڕان دێتە ئەژمار. «مەی» کە هەوێن و ڕەمزی شیعرەکان و بیری خەییامە، لەنێو وەرگێڕانەکانی زەنگابادیدا بەتەواوی بزرە و هەر نابیندرێن. زۆر جار خوێنەر هەست بەگۆڕانی زمانەکە ناکات ئەوەی گۆڕدراوە هەر ڕێنووسەکەیە و بەس. نەکێشیان دەناسرێتەوە و نەسەروایان دیارە. شیعرەکان ئەگەر بکرێ نێوی شیعریان لەسەر دانێیت– ساردوسڕ و بێ ڕوح و بێ گیانن و لەهەموو تایبەتمەندییەکانی شیعر بێ بەرین. تەنیا ئەوەی لەچوارینەشەوە پێیان براوە، ئەوەیە کە لە چوار دێڕدا بەشێوەی ئەستوونی نووسراون و هیچی تر.

**جیهان گەر لە پێناوتا ئارایش دەکەن**
**جا بزانە کە ئەروەندان بڕوای پێناکەن**
**فرە شتیت کۆچیان کردووە، فرەش دێن**
**سا بەشی خۆت ڕاپسکێنە، دەنا دەیلووشن**

*** * ***

**یەکێک دەهێنرێ و دیکە دەرفێنرێ**
**هەموو ڕاز بۆ هیچ کەسێ نەکفشاوە**
**جگە لەم ڕادەیە ژیازیمان نەدرکێنراوە**
**چکو پێوانەی تەمەنمانە وسا پەیمانە دەکرێ**

*** * ***

**بە هاوردنم گەردوون هیچ سوودی نەبوو**
**لە بردنەوەشم شکۆ و مەزنیی هیچ پتر نەبوو**
**لە کەسێکیش بەم دوو گوێمە نەژنەفتمە**
**کە هاوردن و بردنەوەم لە پێناو چ بوو؟**

*** * ***

بەڵام هەژار هەروەک لە پێشدا گوترا، دەقی قاڵبی شیعرەکە لە چوارینەوە بۆ چوارینەی گوێزتۆتەوە و لە بابەت نێوەرۆکیشەوە هەوڵی داوە کاکڵ و ڕوحی شیعرەکان بە جوانی بپارێزێت. هەر وەک خۆی دەڵێ: «نەشم ویستووە فارسی فێری کورد بکەم، واتا: وشە بە وشە و بەند بە بەندم نەگۆڕیوە؛ تەنیا بیروبڕوای خەیامم بە کەسم و بیچمێکی کوردانەوە خستۆتە بەر چاوی هاوزمانانم.» هەر خوێنەرێک ئاوێتەی بیرو بۆچوونی خەییام بێت، ئەوە دەزانێ کە «هەژار» چەندە شارەزایی لەبیر و فەلسەفەی ئەودا هەبووە. تا چ ئاستێکش توانیویە بیانکوردێنێ و پێشکەشی خوێنەری کوردیان بکات و بەپەند و مەتەڵی خۆماڵی دەوڵەمەندیان کات و لەگەڵ دابونەریتی کوردی لێکیاندات و بە دەیان مۆرکی ڕەسەنی ئەو زمانەیان پێوەنێت..

**ئەم جارە پەڵاسی شەرم و دین پارە دەکەم**
**ئەم دەردی هەژارییەم بەمەی چارە دەکەم**
**سێ بەردە دەنێمە مستی بیری پیرم**
**کیژی ڕەزی ڕووسووری ترێ مارە دەکەم**

*** * ***

**گیاشینی بەهاران هەڕەتێ خونچە وەبێ**
**لات وایە بەهەشت ئەگەر هەبێ وەک ئەوەبێ**
**مەیگێڕ وەرە تا بەهەشتی دنیا ماوە**
**هەشتێکی لە مشتە بێنە نەک نۆ بێ، نەبێ**

*** * ***

**بێهوودەیە بەس لەسەر مە خۆ بنوێنە**
**بگرەوە بکوژە، کۆکەرەوە، بستێنە!**
**سەر کاری مەرگ گەلێ لە تۆ زۆردارتر**
**دەتگاتە سەر و دەڵێ: بەشی من بێنە!**

دیارە وەرگێڕ بۆ ئەوەی بتوانێ بیر و باوەڕی خەییام بگوێزێتەوە بۆ سەر زمانی دووەم، پێویستی بەوەیە کە هەم مێژووی ژیانی خەییام بناسێ و هەمیش لە بیروبۆچوونی تەسەوف و عیرفانیشدا شارەزایی هەبێ و دنیای ئەدەبی فارسیشی جوان قوونەکەو کردبێ، ئەگەر خوێنەر ئەم دوو وەرگێڕانە لە پەنای یەک دانێ و بە چاوی دڵ و گوێی، ڕوحی پێ بسپێرێ و لەوێوە وەک دوو ئاوێنە لە ڕوخساری بیر و هزری خەییام بڕوانی وەرگێڕانەکەی جەلال زەنگابادی، خەییامت وەک ئاوێنەیەکی

شەقارشەقاری تۆزلێ نیشتووی ژەنگ هەڵهێناو پیشان دەدات و وەرگێڕانەکەی هەژاریش خەییاممان لە ئاوێنەیەکی ڕوونی زوڵاڵی باڵا نوێنی بێ گەرددا بە هەموو لایەنێکەوە دەخاتە بەر چاو، کە هەم بیری خەییام و هەستی ئەومان بە کەسم و بیچمێکی کوردانەوە پێ دەناسێنێ و خەییام و بیر و باوەڕەکەی، دێنی و دەیکوردێنێ و دەیکاتە بەشێکی گرنگ لە ئەدەبی کوردی. من لێرەدا چەند وێنەیەک لە وەرگێرانەکانی هەر دووکیان-هەم هەژار و هەم جەلال زەنگابادی- وەک مشتێک لە خەروارێک لەگەڵ دەقە فارسییەکەیدا دەخەمە بەر چاوی خوێنەران و ئاشقانی بیر و باوەڕ و شیعری خەییام، هەتا بۆخۆیان لەبەر یەکیان دانێن و بزانن کە سەرلەنوێ وەرگێڕانەوە، یان چ شتێک بەکارەکەی هەژارەوە زیاد دەکات.؟

**از جملەی رفتگان این راه دراز،**
**باز آمده کیست تا به ما گوید راز؟**
**پس بر سر این دو راهەی آز و نیاز،**
**تا هیچ نمانی! که نمی آیی باز.**
**«خەییام»**

* * *

**لەم ڕێگە درێژەوە کە مەرگی ناوە،**
**کێ هاتەوە باس و خەبەری هێناوە؟**
**وەستان لە دووڕێیانی نیازی پڕوپووچ،**
**بێهوودەیە، هەرچی بوو، نەهاتە دواوە**
**«هەژار»**

* * *

**لە ئاپۆرەی ڕێڤینگانی ئەم ڕێ درێژەیا**
**کێ هاتۆتەوە تا نهێنیمان بۆ بدرکێنێ؟**
**سا لە دووڕێیانی ئارەزوو، پێویستییا**
**هیچ مەهێڵەوە چکو نازڤڕیتەوە بۆ دنیا**
**«جەلال زەنگابادی»**

* * *

**ای دل! غم این جهان فرسوده مخور**
**بیهوده نئی، غمان بیهوده مخور**
**چون بوده گذشت و نیست و نابود پدید؛**
**خوش باش و غم بوده و نابوده مخور**
**«خەییام»**

* * *

**تازەم کە بە کەونەمەی، جیهانیش کەونە**
**زۆر لاش و سەری تێوەردا ئەم تەونە**
**چۆن هاتی؟ چلۆن دەچی؟ چلۆن بووی و دەبی؟**
**خەو داتنەگرێ، وەکو خەیاڵ و خەونە.**
**«هەژار»**

* * *

**دڵۆ خەمی ئەم جیهانە کرووچە مەخۆ**
**ناهومێد مەبە و خەمێن بێهوودە مەخۆ**
**چکو ( هەبوو ) چوو ( نەبوو )ش نەهاتووە**
**شاد بژی و خەمی هەبوو نەبوو مەخۆ**
**«جەلال زەنگابادی»**

* * *

**در دهر هر انکە نیم نانی دارد،**
**وز بهر نشست، آشیانی دارد،**
**نە خادم کس بود، نە مخدوم کسی،**
**گو: «شاد بزی!» کە خوش جهانی دارد.**
**«خەییام»**

* * *

**هەر کەس کە دەسی بە تیکەنانێ بڕەسێ،**
**لاکۆخی هەبێ شەوانە تێیدا وەحەسێ،**
**چەند خۆشە ژیانی وا، چ ئازادە بە دڵ،**
**بۆ خۆی بێ، نە ئاغا بێ، نە بەردەستی کەسێ.**
**«هەژار»**

* * *

**ئەوەی تەندروستە و نانێکی هەبێ**
**بۆ حەسانەوەش کاولاشێکی هەبێ**
**نە زەلام و نە ئاغای هیچ کەس بێ**
**چەند خۆشە ژینی: ( شاد بژی ) بلێ**
**«جەلال زەنگابادی»**

* * *

**ای صاحب فتوا، ز تو پرکارتریم،**
**با این همە مستی، ز تو هشیارتریم.**
**تو خون کسان خوری و ما خون رزان،**
**انصاف بدە، کدام خونخوارتریم؟**
**«خەییام»**

* * *

**ئەی تەکیەنشین، شێخی بەسۆرە و تۆرە!**
**پێت وا نەبێ هەر مەستییە کارم زۆرە!**

**من خوێنی ترێ دەمژم و تۆ خوێنی هەژار،**
**جوابم دەرەوە کێیە پتر خوێنخۆرە؟**
**«هەژار»**

*   *   *

**ئەی مفتی شار ئێمە لە تۆ پڕ کارترین**
**بە هەموو مەستییە لێت وشیارترین**
**تۆ خوێنمژی خەڵک و ئێمە هی ڕەزین**
**ئینسافت هەبێ کێمان خوێنمژترین؟!**
**«جەلال زەنگابادی»**

*   *   *

**این کوزه چو من عاشق زاری بوده است.**
**در بند سر زلف نگاری بوده است،**
**این دسته که بر گردن او می بینی،**
**دستی ست که بر گردن یاری بوده است.**
**«خەییام»**

*   *   *

**ئەم گۆزە وەکو من بووە: دڵدار و هەژار**
**جارێکی دڵی خۆش بووە، سەد جار خەمبار**
**ئەو هەنگڵ و دەستگرەی لە ملیا دیوتە،**
**دەستێ بووە زۆر خراوەتە سەر ملی یار**
**«هەژار»**

*   *   *

**ئەم گۆزە شبتیم عاشقێکی پەژار بووە**
**گیرۆدەی داوی ئەگریجەی نازارێ بووە**
**ئەم قوفڵەی وەل ملیا جۆشی خواردووە**
**باڵێکە کە لە ملی شەنگە یار بووە**
**«جەلال زەنگابادی»**

و باوەڕی ئەو بە مرۆڤی کورد و بە تەواوی مرۆڤایەتی، ئەوە بە دڵنیاییەوە پانتاییەکی مەزن هەیە بۆ کار تێدا کردن و ڕەهەندلێدان کە دەشێ لە هەر ڕەهەند و هەڵکۆڵ و بنکۆڵ کردنێکدا گەوهەری نایاب و ئەنتیکەی دەست کەوێ، کە چرایەک بێ بۆ ڕێگای پڕ لە تاریکستانی ژیان. ئەو کەسانەی دەیانەوێ خۆ بە خەییامەوە ماندوو بکەن، ئەوە ڕێگای ڕەهەند لێدان لە بیری خەیامدا ئاوالەیە و دەتوانن هەم خۆبانی پێ بەهرەمەند بکەن و بشبنە ئالاهەڵگری بیری خەییام بۆ گەلەکەیان کە ڕێگای بە شادی و ئازادی گەیشتنە و بە ئازایی ژیانە.


**سەرچاوەکان:**

**١- چوارینەکانی خەییام، وەرگێراوەی هەژار-چاپی دووەم، ١٣٦٨پەخشانگەی سرووش.**

**٢- گۆڤاری ڕامان ژمارە ١٦٢.**

**٣- گۆڤاری هەنار ژمارە ٧٧.**

**٤- خەییامی هەژارانە-سەلاحەددین ئاشتی-پەخشانگەی کۆڵەپشتی ١٣٩٠ی هەتاوی-چاپی یەکەم.**


هەژار چوارینەکانی خەییامی بەبێ کەموکوڕی وەرگێڕاوەتەوە و کە لەمە بەئەولاوە، بە دڵنیاییەوە هەر هەوڵێک بدرێت بۆ وەرگێڕانەوەی ئەو چوارینانە، کات بە زایەدان و خۆماندوو کردنێکی بێ هوودەیە. ئەم کارانە تەنیا و تەنیا هەر لەبوارێکەوە دەتواندرێ ببنە جێی سەرنج و لێ ڕامان، ئەویش ئەوەیە کە تازە هیچ کەسێک ناتوانێ تۆزی وەرگێڕانەکەی هەژار بشکێنێ.

بەڵام باسکردن لە خەییام و ڕاڤە کردنی بیر و باوەڕە مەزنەکەی، بێ گومان کۆتایی پێ نەهاتووە و ئەگەر کەسانێک بێن و بۆ ناساندن و دەرخستنی گەوهەری بیر

# لەبارەی ژیانی (ئەڵماس خانی کەنووڵە)وە

کاروان عوسمان خەیات (ڕێبین)
(کەلار)

ئەڵماس خان، یان سەرهەنگ ئەڵماس خان، شاعیرێکی کوردە و خاوەنی بەرهەمێکی زۆرە، بەڵام لەنێو مێژووی ئەدەبیاتی کوردی گۆرانیدا ژیانی ڕوون و ئاشکرا نییە، لەگەڵ ئەوەشەوە ئاڵۆزکاریی زۆر کەوتووەتە نێو ئەو نەختە ژیانەی کە بۆی نووسراوە و ژیانی تەمومژاوی کراوە.

ئێمەی ئامادەکاری کۆبەرهەمی ئەڵماس خانی کەنووڵەیی، بەپێی توانایی و ئەو بەڵگانەی کە لە بەردەستماندایە دەمانەوێ ژیانی ئەم شاعیرەمان کە تەمومژاوی کراوە، لەگەڵ ئەو وتانەی کە بەبێ بەڵگە خراونەتە ڕوو ڕوون بکەینەوە، ئەو بەڵگە و سەرچاوانەی ئێمەش کە دەیخەینە ڕوو، بریتین لەو دەستنووس و بەیتە شیعرییانەی خودی شاعیر کە لە شیعرەکانیدا ئاماژەی پێ داون، یان ئەو دۆست و برادەرانەی ئەڵماس خان کە لە پاش کۆچی دوایی شاعیر، بەهۆنراوە و وتەی جۆراوجۆر لاواندوویانەتەوە و باسیان کردووە.

لە هەر جێگە و لایەکدا کە پێویست بە ڕای تایبەتی خۆمان بکات، ڕای تایبەتی خۆمانی لەبارەوە هەیە، لەو جێگانەشیدا کە نەتوانین هەڵەکان ڕاست بکەینەوە و بەڵگەمان بە دەستەوە نەبووبێت، تەنیا بە گومانەوە باسمان کردووە.

هەندێ لەو سەرچاوانەی بەردەستی ئێمەش کە کارمان لەسەر کردوون، سەرچاوەی نوێ و دەگمەنن، هەروەها هەندێکی دیکەشیان پێشتر لە بەردەستدا هەبوون، بەڵام نووسەران و لێکۆڵەرانی ئەدەبی کلاسیکی کوردی گۆرانی بەسەریاندا ڕۆشتووە، یان نەیانتوانیوە ئاماجەکە بپێکن، یان پێکاویانە و هەڵەیان تێدا کردووە، یان ئەوەتا خۆیان لەو بابەتە بواردووە، ئێمەش بەپێی توانایی و ناوەرۆکی بەرهەمەکانی خودی شاعیر و نامە و شینگێڕییەکان دەمانەوێ ژیانی شاعیر ساغ و ڕوون بکەینەوە، ئەمەش بەپێی ئەو بەڵگە و سەرچاوە کۆن و نوێیانەی کە لە بەردەستی ئێمەدان و لە شوێنی خۆیاندا ئاماژەیان پێ دەکەین.

ناوی ئەڵماس خان:

ئەم شاعیرە لە سەرچاوەکاندا بە چەند شێوە و شێوازێک ناوی هاتووە، هەندێک لەو سەرچاوە چاپکراوانەی بەردەستی ئێمە کەوتوون و دەیانخەینە ڕوو، ڕای جیاوازیان لە سەر ناوی ئەڵماس خان هەیە،

هەر بۆیە سەرەتا لە لای مامۆستا (سدیق بۆرەکەیی)یەوە دەست پێ دەکەین.

ئامادەکاری کتێبی (مێژووی وێژەی کوردی) لە سێ بەرگدا کە باسی ژیانی شاعیران و بەرهەم و شیعرەکانیان دەکات، لە بەرگی دووەمی کتێبەکەیدا ناوی چەند شاعیرێک دەهێنێت بەناوی (ئەڵماس)، ئامادەکار دەڵێت: "سێ شاعیرمان هەیە بەناوی "خان ئەڵماسی لوڕستانی (١٠٧٢-١١٣٨)، ئەڵماس خانی کەندۆڵەیی (١١١٨-١١٩١)، ئەڵماس خانی کوردستانی (١١٦٥-١٢٢٧)".(١)

مامۆستا محەمەد عەلی سوڵتانیش لە کتێبی حەدیقەی سوڵتانی- بەرگی یەکەمدا دەڵێت: (میرزا الماس خان- سرهنگ الماس خان- الماس خان کردستانی، کە بهر سە عنوان اشتهار دارد از فرماندهان سپاه نادری بودە وتیپ سنندج توسط وی رهبری میشده است).(٢)

بابا مەردۆخیش دەڵێت: (سەرهەنگ ئەڵماس خان خەڵکی گوندی کەنووڵەی لای کرماشان)ە.(٣)

مامۆستا شوکر موستەفاش دەڵێت: (سەرهەنگ ئەڵماس خان خەڵکی کەنووڵەی سەر بە گوندەکانی کرماشانە).(٤)

هەڵبەتە لە کۆی ناوی ئەو (ئەڵماس)انەی نووسەران و ڕووناکبیران هێناویانە، دەتوانین بەم شێوەیە ڕاستی بکەینەوە: شاعیری یەکەمیان کە ناوی (خان ئەڵماسی لوڕستانی)یە، ئەم شاعیرە لە شاعیرانی یارسانە و بە (خان ئەڵماس خانی لوڕستانی) ناوبانگی هەیە و زۆربەی هۆنراوەکانی لە شێوەی پەند و ئامۆژگاریدان، تا ئێستا چەند جارێک هۆنراوەکانی بە جیا و بەشێوازی لێکدانەوە بە ڕێنووسی کۆن و نوێ و شیکردنەوەی بە زمانی فارسی، شیعرەکانی چاپ کراون.

هەروەها شاعیری دووەم و سێیەم کە (ئەڵماس خانی کەندۆڵەیی) و (ئەڵماس خانی کوردستانی) و (سەرهەنگ ئەڵماس خان)ە، لە بنەڕەتدا هەرسێکیان یەک شاعیرن و مامۆستا سدیق بۆرەکەیی بەهەڵە کردوونی بە چەند شاعیری جیاواز، بەڵگەش بۆ قسەکانم ئەو نامە شیعری و هۆنراوانەیە کە لە نێوان (میرزا شەفیعی کولیایی) و (ئەڵماس خانی کەنووڵەیی) دا گۆڕراونەتەوە و هەن، هەر خودی (ئەڵماس خان) کە بە (سەرهەنگ ئەڵماس خان) و بە (ئەڵماس خانی کەنووڵەیی) و (ئەڵماس خانی کوردستانی) ناسراوە، ئەگەر بەپێی قسەکانی مامۆستا بۆرەکەیی بێت، ئەوە نەک سێ شاعیرمان بەناوی ئەڵماس-ەوە هەیە، بگرە شەش شاعیرمان بەناوی (ئەڵماس)ەوە هەیە، واتە: دەبێ بەم شێوە ناوی ئەڵماسەکان ڕیزبەند بکەین:

١- خان ئەڵماس خانی لوڕستانی.

٢- ئەڵماس خانی کەندۆڵەیی.

٣- ئەڵماس خانی کوردستانی.

٤- سەرهەنگ ئەڵماس خان.

٥- میرزا ئەڵماس خان.

٦- ئەڵماس خان کەڵهوڕ.

مامۆستا سوڵتانی لە هەمان سەرچاوەدا دیسانەوە دەڵێت: بە سێ شێوە ناو و ناوبانگی هەیە و ئەم سێ کەسەش هەر یەک شاعیرن، ئەو شاعیرەش میرزا (ئەڵماس خانی کەنووڵەیی)یە. واتە: (ئەڵماس خانی کەندۆڵەیی "کەنووڵە") و (ئەڵماس خانی کوردستانی) و (سەرهەنگ ئەڵماس خان)ە، لە بنەڕەتدا هەرسێکیان یەک شاعیرن، هەر ئەم شاعیرەشە کە ئێمە باسی دەکەین.

دەبێ بپرسین ئایا ئەمە ڕەوایە بەم شێوەیە ژیان و هۆنراوە و داستانەکانی شاعیرێک ببێت بە دوو شاعیری جیاواز و ژیان و بەرهەمەکانی تێک بدرێت؟! لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێین: لای هیچ کەس و لایەن و نەتەوە و وڵاتێک ڕەوا نییە بەرهەم و ژیانی شاعیرێک بدرێتە پاڵ کەسێک کە نەبێت، ئەگەر هەشبێت، تاوانە، لە بنەڕەتیشدا ئەو کەسایەتییانە کە دروستکراون، یەک کەسن، هەروەها لەناو ئەو بەیاز و دەستنووس و کەشکۆڵانەی کتێبخانەی (بەرلین)دا کە بەردەستمان کەوتووە، لە یەکێک لەو کەشکۆڵانەدا بەرهەمی زۆری ئەڵماس خانی کەنووڵەیی و باوکی ئەڵماس خانی تێدایە، لەنێو ئەو دەستنووسانەدا ئەم بەرهەمانەی ئەڵماس خان و باوکی تێدایە، بەرهەمەکانی ئەڵماس خان:

١- داستانی (مشک و پشیلە).

٢- هەندێک شیعری پەراگەندەی ئەڵماس خان کە لە دوای داستانی مشک و پشیلەکەیەوە نووسراوە.

٣- داستانی (خوسرەو و شیرین).

٤- دانەیەکی سەرەتا فەوتاوی داستانی (نادر و

تۆپاڵ)یشمان تێدا دۆزییەوە.

٥- داستانی (ڕۆستەمی زاڵ؟!)، ئەم داستانە لە سەرەتاوە نووسراوە (الماس خان کندوله). ئەم داستانە سەرەتا و کۆتایی ناتەواوە، وادەزانم ئەو کەسەی کە کۆی داستانەکانی شانامەکەی ئەڵماس خانی نووسیبێتەوە، بەش بەشی کردبێت و لە سەرەتای هەر بەرهەمێکدا ناوی ئەڵماس خانی نووسیبێت، لەکاتی چاپکردنی ئەم بەرهەمەدا بە درێژی قسەی لە سەر دەکەین.

لە بەرهەمەکانی باوکی ئەڵماس خانیشدا داستانێکی ناتەواو کە بەشێکە لە شانامەی کوردی بەشێوەزاری ماچۆ، لە سەرەتای داستانەکەی باوکی ئەڵماس خاندا نووسراوە: (کلام رضا خان پدر الماس خان کندولەیی سنە ١٠١٢؟!).

هەروەها چەند پارچە شیعرێکیش بەشێوەزاری ماچۆیی تێدایە و لە سەرەتا و کۆتاییەوە ناوی (ڕەزا) ناوێک هەیە، بەڵام ئەوەمان بۆ ڕوون نەبووەتەوە کە ئەم ڕەزا ناوە کێیە، ئایا هەر شیعری باوکی ئەڵماس خانە، یان ڕەزا ناوێکی دیکەیە، ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئەڵماس خان ناوی بە ئەڵماس خانی کەندۆڵەیی




بەناو بانگ بووە.

لەبارەی ساڵی لە دایکبوونی ئەڵماس خانەوە:

مامۆستا (بۆرەکەیی) لە کتێبەکەیدا دەڵێت: (ئەم هۆنەرەمان ناوی ئەڵماس و کوڕی "ئەحمەد خانی کەندۆڵەیی"یە و بەپێی سەرەتای یەکێک لە "نادرنامە"کان کە کەوتووەتە دەستمان لە ساڵی ١١١٨ی کۆچی لە دێی کەندۆڵە لە دایک بووە...تاد".(٥)

هەر لە هەمان سەرچاوەدا نووسەر دەڵێت: (ئەڵماس خانی کوردستانی "١١٦٥-١٢٢٧"، ئەم هۆنەرەمان ناوی ئەڵماس و کوڕی خەسرەوخانی کەڵهوڕە کە بەپێی ئەو بەڵگانەی کەوتووەتە دەستمان لە ساڵی ١١٦٥ی کۆچی لە دێی (ماراو)دا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێگەیشتووە و لە سەر پەیڕەوی خوێندنی ئەو سەردەمە هەر بەمنداڵی خەریکی خوێندن بووە و لەتافی جوانیدا چووەتە سنە و لەوێدا ماوەیەک خوێندوویەتی و فێری خەت خۆشی و وێژەی فارسی و عەرەبی بووە و گەڕاوەتەوە دێ و ماڵبەندەکەی خۆی و ئەوسا خەریکی کشتوکاڵ و مڵکداری بووە و لە ساڵی ١٢١٤ی کۆچیدا لە دەوری فەتالی شای قاجار (١٢٥٠-١٢١١ی کۆچی)دا گیراوە و لە شاری تاران بۆ ماوەی پێنج ساڵ بەند کراوە و لە پاش ئازادبوون گەڕاوەتەوە زێدەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەهۆنراوە هۆنینەوە بەسەربردووە، تا لە ساڵی ١٢٢٧ لە تەمەنی شەست و دوو ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە).(٦)

سوڵتانی و بابە مەردۆخ باسیان لە لەدایکبوونی ئەڵماس خان نەکردووە، تەنیا بۆرەکەیی ساڵی ژیانی دیاری کردووە. دەبێ بپرسین ئایا ئەو مێژووەی بە دەستنووسەکەوەیە دەڵێت: ڕەزا خان باوکی ئەڵماس خانی کەندۆڵەیی، ساڵی (١٠١٢)؟.

ئەم هەڵەیەی مامۆستا بۆرەکەیی کردوویەتی و وای کردووە کە نووسەران و لێکۆڵەران لە نووسینەکانی بکەونە گومانەوە، هۆی ئەو ئاڵۆزی و تێکچوونەیە لە زۆربەی نووسینەکانیدا، هەر لە دوای ئەو پەرەگرافەی پێشووەوە دەڵێت: (ئەڵماس خان کە بە ئەڵماس خانی کەڵهوڕ و ئەڵماس خانی کوردستانی بەناوبانگە...تاد).

ئەمانە نیشانەی ئەوە نین کە مامۆستا ئاڵۆزی دروست کردووە، لێرەدا مامۆستا بۆرەکەیی ئەو وتانەی خۆی ڕەت دەکاتەوە کە نووسیویەتی: (ئەڵماس خانی کوردستانی)

و (ئەڵماس خانی کەندۆڵەیی)، بێجگە لەوەش هەر خۆی لەو دوو نووسینەیدا ئەڵماس خانی کوردستانی و کەندۆڵەیی دەکات بە یەک ئەڵماس خان و ئەڵماس خانی لوڕستانی جیا دەکاتەوە. ئەم ئاڵۆزکارییەی مامۆستا بەسەر خۆیدا هێناویەتی، نازانم لەبەرچی و چی هۆیەک وای لێ کردووە کە ئەم هەڵانە بکات؟!

دەبێت ئەوەش بپرسین، ئایا ئەم ساڵی (۱۰۱۲)ی کۆچییە، ساڵی لە دایکبوونی باوکی ئەڵماس خانە؟ یان ساڵی نووسینەوەی ئەو چیرۆکەیە؟ یان ساڵی کۆچی دوایی باوکی ئەڵماس خانە؟

ئەگەر ساڵی لە دایکبوونی باوکی ئەڵماس خان بێت؟! ئەوە دەبێ ڕەزا خان لە دوای (۱۰٦) ساڵ منداڵێکی بەناوی ئەڵماس خانەوە هاوردبێتە دنیاوە؟! ڕەنگە ئەگەری ئەوەش هەبێت کە ئەم ساڵە، ساڵی نووسینەوەی داستانەکە بێت، ئەوە هەر جێگەی پرسیارە و ساڵەکەش لە ساڵی لە دایکبوونی ئەڵماس خانەوە دوورە، چونکە (۱۰٦)ی ساڵ جیاوازی هەیە.

لە وەڵامی پرسیاری سێیەمدا ئەگەر ساڵی مردنی باوکی ئەڵماس خانیش بێت، ئەوە هەر ڕێگەی تێ ناچێت!! بەڵام ئەگەر لە گریمانەیەکدا بڵێین: ئەم ساڵی (۱۰۱۲)ی کۆچییە هەڵە بێت و ساڵی (۱۱۱۲) بێت، لە کاتێکدا کەشکۆڵنووس نووسیویەتی (سنە ۱۰۱۲)، (سفری) نێوان هەر دوو یەکەکە و (نوختە)ی سەر (ن)ەکە لە سەر سەک نووسراون، واتە ساڵی (۱۰۱۲)ەکە لە سەر (سنە) کە نووسراوە، هەردوو نوختە لە نێوان هەردوو یەکەکەدا دانراوە، ئەمەش لەلای زۆرێک لە کەشکۆڵ نووسەکان پەیڕەو کراوە، ئێمە لە گریمانەداین و گریمانە دەکەین، ئەگەر ساڵی (۱۰۱۲) نەبێت و ساڵی (۱۱۱۲) بێت و شپرزەیی و ڕەشبوونەوە و سوانەوەی پەڕەکان ئەو ژمارە (۱)ەکەی کەرت کردبێت و کردبێتە (سفر)، کەواتە: دەبێ ئەم ساڵەش لە سێ خاڵدا گرێ بدەین و بیخەینە ژێر پرسیارەوە.

دەکرێ و ئێستاش وا پەسەندە لە دوای هەر وشەیەک یان (وتی) یان (دەڵێ)، هەر وشەیەک کە وەستانی تێدابێ و شتێکی گرنگ و چاوەڕوان کراو بەدوایدا بێت، نیشانەی (:) دادەنرێت، وەک وشەی: (وتی:)، (قالە:)، (قال:)، (گوت:)، (سنە: ۱۱۱۲)... تاد).

۱- ساڵی (۱۱۱۲) ساڵی لە دایکبوونی ڕەزا خان بێت؟

۲- یان دەبێ ساڵی نووسینەوەی دەستنووسەکە بێت؟

۳- یان ساڵی نووسینەوەی داستانەکە بێت؟

لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا دەبێ بڵێین: ئەگەر ڕەزا خان ساڵی (۱۱۱۲) لە دایکبووبێت، دەبێ لە چەند ساڵیدا خێزانی پێکەوە نابێت و ئەڵماس خانیش لە ساڵی (۱۱۱۸)دا هاتبێتە دنیاوە.

دیسانەوە لە وەڵامی پرسیاری دووەمیشدا دەڵێم: ئەگەر ساڵی نووسینەوەی دەستنووسەکە بێت، دەبێ کەشکۆڵنووس بەم شێوەیە بیری کردبێتەوە و نیازی ئەوەی هەبووبێت، بڵێت: باوکی ئەڵماس خان ناوی (ڕەزا خان)ە، ساڵی نووسینەوەی ئەم وتەیەش ساڵی (۱۱۱۲)یە و من لەم ساڵەدا ئەم دەستنووسەم نووسیوەتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی دەستنووسەکە کۆتایی دیار نییە و فەوتاوە، ئێمەش لەم پرسیارەدا گوماناوین و گومانمان هەیە. ئەگەر کۆتایی دەستنووسەکە بمایە و ناوی نووسەر و ساڵێکی دیکەی پێوە بایە، ئەوە ئەم ساڵەمان هەندێک بۆ ڕوون دەبوویەوە، لەبەر ئەوەی کۆتاییەکەی فەوتاوە، ئێمەش ڕای تایبەتی لە بارەیەوە بە دەستەوە نادەین.

سەبارەت بە وەڵامی پرسیاری سێیەمیش، دەڵێم: ئەگەر داستانەکە لە ساڵی (۱۱۱۲)دا نووسرابێتەوە، ئەوە دەبێ باوکی ئەڵماس خان تەمەنێکی کردبێت، ئەم پرسیارەش باری گوماناوی کەمترە، چونکە دوور نییە لەو ساڵەی کە سەفی زادە بۆ مێژووی لە دایکبوونی ئەڵماس خانی داناوە، ڕاست بێت، ئەگەرچی ئێمە تەنیا بەڵگەی بەردەستمان لەبارەی ساڵی لە دایکبوونی ئەڵماس خانەوە تەنیا ئەو ساڵەیە کە سدیق سەفی زادە دایناوە، هیچی دیکەمان لە بەردەستدا نییە، بۆ ئەم مەبەستەش چاوەڕوانی بەڵگەی زیاتر دەکەین.

لە ڕاستیدا پرسیاری دووەم و سێیەم، جێگای بڕوا دەبێت بۆ من و خوێنەرانیش، چونکە دەبێ ڕەزا خان ئەو کاتە تەمەنێکی زۆری کردبێت و خاوەنی ژن و منداڵ بێت، ساڵی (۱۱۱۸)ش جیاوازی زۆری نییە لەگەڵ ئەو ساڵەی داستانەکەی تێیدا نووسراوەتەوە، جیاوازی نێوانیان (٦) ساڵ دەبێت، ئەمەش خۆی لە خۆیدا وتەیەکی دڵخۆشانەیە، بەڵام ئەوەی جێگای پرسیارە نووسەری دەستنووسەکە نەینووسیوە ساڵی (۱۱۱۲)،

بەڵکو نووسیویەتی ساڵی (١٠١٢)، ئەمەش وای کردووە زۆر بڕوامان بەو وتەیە نەبێت کە لەم پەرەگرافەدا وتوومانە و دڵمان بە تەواوەتی خۆش بکات، نابێ ئەوەش لە یاد بکەین کە دەستنووسەکە زۆر شپرزە و خەت ناخۆشە، هەندێک لە نووسینەکانی چواردەوری ساڵەکە ڕەش بوونەتەوە و بە باشی ناخوێنرێتەوە.

لەوانەشە هەندێ کەس بێت بە بیریاندا و بڵێن: ئاخۆ نابێ دوو ئەڵماس خان لە ناوچەی کەندۆڵەدا هەبێت؟!

لە وەڵامی ئەم پرسیارەشدا دەڵێم: بێجگە لە ئاغای بۆرەکەیی کەس ناوی دوو ئەڵماس خانی لە یەک ناوچەدا نەهێناوە، گومانیش ناکەم کە دوو ئەڵماس خان هەبن، چونکە تا ئێستا هەرچی بەرهەمی ئەڵماس خان هەیە بەناوی یەک کەسەوە تۆمار کراوە و هیچ سەرچاوەیەکی بەردەستی منیش ناڵێت: دوو ئەڵماس خان لە یەک ناوچەدا هەن، هەموویان لە سەر ئەوە کۆکن کە ئەڵماس خانی کەنووڵەیی و سەرهەنگ ئەڵماس خان و میرزا ئەڵماس خان و ئەڵماس خانی کوردستانی هەموویان یەک کەسن و لە یەک جودا نین.

بۆ نموونە: لە نامە شیعرییەکانی میرزا شەفیعی کولیاییدا کە بۆ ئەڵماس خانی نووسیوە دەڵێت:

ئەڵماس خان دەڵێت:

**میرزام موئنیسم، من گاز مارەن**
**سەفایی سەفام، شیرینیش خارەن**
**میرزام شادتەر، شادیت وە بەختەن**
**(ئەڵماس) گرفتار، عەزابی سەختەن**

میرزا شەفیع دەڵێت:

**تا بدییە نە ڕاد، نەرد جەهان باز**
**ڕاگەی شەش دەرت، کەی مەکەرۆ واز**
**میرزام خاسەن، نام شادیش مەنزوورەن**
**(شەفیع) وە شادی، سەد فەرسەخ دوورەن**

دیسانەوە ئەڵماس خان:

**میرزام شادی کەر، تۆ دڵشادەنی**
**خان خاتر خۆش، سەرئازادەنی**
**(شەفیع) شادی کەر، شادیت وە بەختەن**
**(ئەڵماس) ئالوودەی عەزاب سەختەن**

وەڵامی میرزا شەفیع:

**کۆتاهکەر (شەفیع)، فەرد سەودای دەرد**
**(ئەڵماس) خاترش پێد مەگێرۆ گەرد**

**یاچە نامەمان فەردی هەنی بوود**
**تا ساڵێ هەنی دنیا چەنی بوود**

ئەمانە و چەندین نامەی تری میرزا شەفیع بۆ ئەڵماس خان و وەڵامەکانی ئەڵماس خانیش بۆ میرزا شەفیع بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە.

مامۆستا بۆرەکەیی هەر لە هەمان کتێبدا کە شیعرەکانی ئەڵماس خانی کردووە بە دوو بەشەوە، واتە: نادرنامەکە و شیعرە پەڕاگەندە و نامەکانیشی بە دوو بەش داناوە، نادرنامەکەی داوەتە پاڵ ئەڵماس خانی کەندۆڵەیی و نامە و شیعرە پەڕاگەندەکانیشی داوەتە پاڵ ئەڵماس خانی کەڵهوڕ و ئەڵماس خانی کوردستانی. لە کاتێکدا هەر سێ ئەڵماسەکەش یەک کەسن. میرزا شەفیع لە شیعرێکی بۆ (کدخدا فرهاد بگ پیریانی) دەڵێت:

**پەی چێش کە فەرهاد سا نێش دی وە چەم**
**هەم ئەو فەرهادەن، بێ زیاد و کەم**
**دەوران هەم شێوەی کۆکەن، کەرد وە یاد**
**کاوان مەلەرزان ژە سام فەرهاد**
**فەرهاد بەگ موخلیس ژەی وەرهەم بە خاس**
**شنەفتم تەعریف مەردید ژە (ئەڵماس)**
**قەت نامت وە بەندی کێوەنانەوە**
**میهر (ئەڵماس) شی، هاوە بانەوە**
**شنەفتم ئەوڕۆ جە هەنگام جەنگ**
**محەمەد بارەکەت چوون ئاوەرد وە تەنگ**
**چوون سەند یەئجووج، بەستەی سکەندەر**
**بێ تەبیب ئەڵماس، چۆن بیت وە لەنگەر؟!**
**تەبیب سیاقاژ، تایفەی (کەڵهوڕ)**
**سەرسام بێن ژە سام بەبر بەها دڕ**
**ژە سام و هەیبەت، شێر پڕ هونەر**
**کەس ژە موخالیف، پا نەنیا نەوەر**
**تا ئەو ڕۆژە ئەڵماس سەر نیا نە خاک**
**مەکەردش تەعریف بەور سینە چاک**
**ژە دمای ئەڵماس هەم بە دلێری**
**چەند (جانی) نای مەساف شێری**
**گوفتەی (ئەڵماس خان) هەر هاوە یادم**
**مەوات: سەربەرزی مەردی فەرهادم**
**گا چەنی (کرمانج)، ژە (دینەوەر) دا**
**مەکێشایی پەنجەی مەردی وە سەردا**

**شکەست دای وە تیپ (بەبە) و (باجەلان)**
**وانیا مەردید ژە گشت مەنزلان**
**جە داوەرۆ ئێڵ (سارۆ خان)ەوە**
**شکەست دای وە بەند (باینان)ەوە**
**تەمامی دێهات، مولک (بیلاوەر)**
**ژە دەست ئێلات بەرکەردی وە بەر**
**چەنی (ڕۆستەم خان) تایفەی (بەراز)**
**نمەبازیت کەرد، شێر سەرئەفراز**
**مەرحەبا ژەو زات فەرزانەکی تۆ**
**فەرهاد بەگ ژەو ئیسم مەردەنگی تۆ**
**هەر ئێڵێ بینای زیاتی کەرد**
**بە گۆشەی مل زەرب، پەنجەی شێرت وەرد**
**قەساسان وە لای باپیرە وەندەوە**
**ئەورۆ دەر ساعەت چۆنت سەندەوە؟!**
**سیبات وێنەی شێر جوان وەردەوە**
**سەر نەنوای تەبیب، ڕوو نە هەردەوە**
**خووی کە فەرهاد ئەورۆ کەردەوە**
**مەر (نادر تۆپاڵ) دا وە گەردەوە**
**شنەفتەم ئەورۆ جەو دۆسنانەوە**
**شکەست دای وە تیپ دوشمنانەوە**

هەر کەسێک ئەم شیعرەی میرزا شەفیع بخوێنێتەوە، ئەوە بێ هیچ دوو دڵییەک ئەم ئەڵماس ناوانە دەکات بە یەک ئەڵماس خان:

١- ئەڵماس خان کەڵهوڕ.
٢- ئەڵماس خانی کەندوڵەیی.
٣- ئەڵماس خانی کوردستانی.
٤- سەرهەنگ ئەڵماس خان.
٥- میرزا ئەڵماس خان.

**سەبارەت بە ناوی ڕەزا خان و باوکی ئەڵماس خان:**

لە کتێبی ئێلات و تەوایفی کرماشان، کە مامۆستا محەممەد عەلی سوڵتانی نووسیویەتی، دەڵێت: (از دیگر نظامیان طایفهء کندوله پیرولی سلطان فرزند میرزا علی شاعر "ر. ک. حدیقه سلطانی ج ٤" از نوادگان دختری الماسخان کندولەای بود "ر. ک. حدیقهء سلطانی ج اول ص ١٥٢" که در واقعهء هرات به همراهی فوج زنگنه تحت فرماندهی محمد رضاخان ظهیرالملک از خود شجاعت ها بروز داد و به منصب سلطانی رسید. پیرولی سلطان مردی بلند قامت و قوی هیکل و شمشیرزن و سوارکار بوده و از سوی پدر تیرهء سمایله "semaile" که از مهاجرین چرداور به کندوله بودند، محسوب می شد. پیرولی سلطان به سن جوانی در سال ١٢٩٨ در مأموریتی در سپل ذهاب در گذشت و جنازهء او را برای دفن به کندوله انتقال دادند. وفرزندش محمد سلطان در فوج به مقام او منصوب گردید. نقش طایفه کندوله در قیام مشروطه را در هجوم سالارالدوله و اعدام اعظم الدوله در بخش نهضت مشروطیت این مجموعه می خوانیم، دستهء موزیک فوج زنگنه نیز از روستاهای توابع کندوله تأمین و تحت امر دستهء نظامی کندوله بەده است.

کندوله دارای خاندان علمای محلی بوده که در بخش ادیان و مذاهب به معرفی انها خواهیم پرداخت. اهالی این طایفه پیرو مذهب شیعی اثنی عشری هستند و کلا مانند زنگنەهای عراق به گوریش گورانی تکلم می کنند. از کندوله شاعران برجستهء کردی سرا و فارسیگوی برخاسته که از انجمله الماس خان کندولەای شاعر بزرگ کرد که اهالی اصل او را از پلنگان می دانند و اثر او را که به خمسهء الماس خان معروف می باشد، چنین ژکر می کنند: یوسف و زلیخا، شیرین و فرهاد، لیلی و مجنون، زرد آهنگ، کنیزک و یازده پسر...).(٧)

مامۆستا سوڵتانی لە هەمان کتێبدا شەجەرەیەکی هێناوە کە لە تیرەی (سمایل)ییەی زەنگەنەیە، هێناویەتی و بەم شێوە نووسیوبەتی:

ئەگەر نووسەرەوەی دەستنووسەکە ڕاستی نووسیبێت کە باوکی ئەڵماس خان ناوی (ڕەزا خان) بێت و مامۆستاش کە ئاماژە بە تیرەی سمایلییەی زەنگەنە دەکات، دەبێ ئەڵماس خان کوڕی ڕەزای کوڕی هادی کوڕی نەسیرخانی کوڕی ئەمیرخانی کوڕی سەفەرخانی کوڕی جیهان خانی کوڕی نەقی خانی کوڕی ئیسماعیل خانی سمایلییە بێت لە کەنووڵەدا.

هەروەها سدیق بۆرەکەییش دەڵێت: ئەڵماس خانی کەندوڵەیی کوڕی ئەحمەد خانی (کەندوڵەیی)یە.(٨) لە هەمان سەرچاوەشدا دیسانەوە دەڵێت: ئەڵماس خانی کوردستانی، کوڕی خەسرەو خانی کەڵهوڕە.(٩)

ئەم سێ ناوەش بۆ باوکی ئەڵماس خان جێگەی

دڵگرانیی نییه، چونکه هەر خودی ئەڵماس خان چەند ناویان بۆ دروست کردووە، بۆیە جێگەی داخ و پەژارە نییە بۆ باوکی سێ ناوی هەبێت و هەر ناوێکیش سەر بەتایەفە و هۆزێک بێت.

ئەگەر تەماشای ئەو شەجەرەیەی سەرەوە بکەین کە مامۆستا سولتانی لە باسی (شجره شامبیاتی های کندوله) هێناویەتی، ناوی ئەحمەد ناوی تێدا نییە، بەڵام ناوی (رەزا)ی تێدایە، هەروەها لە باسی خوسرەو خانی کەڵهوڕیش شتێکی ئەوتۆم دەست نەکەوتووە.

سەبارەت بە ساڵی مردنی ئەڵماس خان:

مێژووی کۆچی دوایی ئەڵماس خان بەپێی ئەو سەرچاوانەی بەردەستمان کە نووسەران وەک بنێشتە خۆشە جوویانەتەوە و پری هەڵەیە، هەر یەکە و بەلایەکدا رایکێشاوە، هەر بۆیە منیش بەپێی ئەو سەرچاوانەی ئاماژەیان پێ کردووە، دەیانخەمە روو، دواتر یەک دوو بەڵگەش دەخەمە بەرچاوی خوێنەری بەرێز:

سدیق سەفی زادە لە مێژووی وێژەکەیدا دەڵێت: (لە ساڵی ۱۱۹۱ لە تەمەنی حەفتا و سێ ساڵیدا هەر لەو دێیە کۆچی دوایی کردووە و نێژراوە).(۱۰)

لە هەمان سەرچاوەدا دەڵێت: ("ئەڵماس خانی کوردستانی" لە ساڵی ١٢١٤ی کۆچیدا لە دەوری فەتالی شای قاجار (١٢٥٠-١٢١١ی کۆچی) دا گیراوە و لە شاری تاران بۆ ماوەی پێنج ساڵ بەند کراوە و پاش ئازاد بوون گەڕاوەتەوە زێدەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بە هۆنراوە هۆنینەوە بەسەر بردووە تا لە ساڵی ۱۲۲۷ لە تەمەنی شەست و دوو ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

میرزا شەفیعی مامێزکی سەبارەت بە کۆچی دوایی ئەڵماس خان پارچە هەڵبەستێکی هۆنیوەتەوە و لەوەدا مێژووی مردنی ئەوی بە ژمارەی ئەبجەدی بۆمان دەرخستووە و دەڵێ:

**شەفیع پەی تاریخ کۆچ ئەڵماس خان**

**واتە: (کزەی جەرگم بەرز بی نە داخان)**(۱۱)

سولتانیش لە کتێبی حەدیقەی سولتانی و لە بەرگی یەکەمیدا دەڵێت: (الماسخان در نیمه دوم قرن دوازدهم حدود سال ۱۱۸۰ هجری قمری در قید حیات بوده و احتمالا مرگ او در اواخر قرن دوازدهم در فاصله ۱۱۹۰ تا ۱۲۰۰ هجری قمری اتفاق افتاده است...).(۱۲)

بابا مەردۆخیش لە باسی کۆچی دوایی میرزا ئەڵماس خاندا دەڵێت: (ئەڵماس خان منداڵ و زارۆزێچێکی نەبووە و بە سەڵتی لە کەنوولە کۆچی دوایی کردووە. ساڵی هاتنە دنیا و لە دنیا دەرچوونیشی نەنووسراوە، بەڵام کە دەورانی نادرشا دەزانین و هەروەها دەزانین کە لەگەڵ شاعیرێکی دیکەی کورد، میرزا شەفیعی دینەوەریدا، ئاموشۆ و شیعر گۆڕینەوەیان هەبووە، دەردەکەوێ کە لە نیوەکانی چەرخی دوازدەدا ژیاوە).(۱۳)

بێجگە لەو سەرچاوانەی پێشوو کە خستمنە روو، دوو دەستنووسی دیکەم لە بەردەستدان کە بەرهەمی گرنگ و بە بایەخن، ئەویش داستانی خوسرەو و شیرینی ئەڵماس خان و بەیازێکی شپرزەی چەند لاپەڕەییە کە شیعری شاعیرانی کوردی هاوتەمەنی ئەڵماس خانی تێدایە، کۆی شیعرەکانی ئەو دەستنووسە لە کۆتایی ئەم دیوانەی ئەڵماس خاندا هاتووە و رێنووس کراوە، دەستنووسی خوسرەو و شیرینەکەش مامۆستا هەردەوێڵ کاکەیی کاری لە سەر کردووە، لە کۆتایی ئەم داستانەدا نووسەرەوەی نووسیویەتی: (تم الکتاب بعون الملك الوهاب کتاب خسرو شیرین علی ید الحقیر عبدالرحمن ابن ملا رستم غفرالله لهما سنه ١٢٤١).

هەروەها لە سەرەتای بەیازە شپرزەکەشدا نووسراوە: (جماد الاول، روز چهار شنبه، سنه ١٢٤١). واتە: رۆژی چوار شەممەی.../٥/١٢٤١ی کۆچی بەرانبەر بە زایینی، کە دەکاتە رۆژی چوار شەممە (..../١/١٨٢٦)، ئەم دوو مێژووەش کە بە دەستنووسەکانەوەیە زۆر دوور نییە لە کۆچی دوایی ئەڵماس خانەوە، ئەمەش بە پێی ئەو بەیتە شیعرییەی سدیق بۆرەکەیی هێناویەتی.

میرزا شەفیع لە هۆنراوەیەکی کەیدا کە شینگێڕی بۆ ئەڵماس خان دەکات، دەڵێت:

**میرزام خامۆشان، میرزام خامۆشان**
**موبارەکت بۆ، ماوای خامۆشان**
**نۆشت بۆ بادەی بێ هۆشی هۆشان**
**رەفیق مەجلیس، جەرگەی مەی نۆشان**

لە کۆتاییشدا دەڵێت:

**تا (شەفیع) دنیاش بۆ، وە تۆز و گەرد**
**ئاخ پەرێ (ئەڵماس)، سەد داخ وە سەد دەرد**

**دمای (ئەڵماس خان) لاڵ شێوە**
**کزەی تەموویرە، کەس نەبۆ پێوە**
**ئارامساڵ گوڵیم ژە تەل کەندە بۆ**
**ڕۆحم شەرمەندەی خودا و بەندە بۆ**
**پەی چیمەن، میرزام هاوسەرای گڵ**
**گڵ وە دیدەم بۆ، پەی چێشمەن گڵ**
**بار تا بپۆشم بەرگێ جە پەلاس**
**بپۆشۆ (شەفیع) جە دمای (ئەڵماس)**

ئەمەش بەڵگەیەکی دیبە بۆ ئەوەی، بێجگە لە خان ئەڵماس خان، هەموو ئەو ئەڵماس خانانەی کە لە سەرەوە ناومان هێنان، یەک کەسن، بەڵام ئەوەی جێگەی پرسیار و لێکۆڵینەوەیە، ئەوەیە، دەبێ ئاوڕێکیش لە نادرنامەکەی ئەڵماس خان خۆشی بدەینەوە و بزانین چی بۆ نووسیوین، ئەڵماس خان خۆی دەڵێت:

**وە چەند سیاسەت، دوود دڵ وەردیم**
**وە شەهد شیرین، تەمامش کەردیم**
**(شەڕنامەی شیرین)، وە نەزم ئاوەردیم**
**وە وەعدەی (یەک ما)، تەمامش کەردیم**
**هەر چەند جەواهێر ئاوەردیم وە کۆ**
**کەردیم وە خەڕاج، نادیرەی نیکۆ**
**گۆش دەر داستان، نادیرەی ئەیام**
**دڵ بدەن ئەو نەزم، نامەی سەرئەنجام(١٤)**

واتە: بە چەند سیاسەت و دوودڵییەکەوە وتوومە، ئەم شەهدە شیرینەشم تەواو کرد کە شەڕنامەیەکی شیرینە و بە شیعر دامناوە، لە ماوەی (یەک مانگ)دا تەواوم کردووە...

هەروەها لە جێگەکەیەکی دیکەی کۆتایی داستانەکەدا دەڵێت:

**یا حەق وە مەحشەر، وە (حق) و (ئیخلاس)**
**بیاوی وە داد، دیوان (ئەڵماس)**
**هانام ئەو ڕەسوول، (موستەفا) و (حەیدەر)**
**بیاوەن وە داد، (ئەڵماس) نە مەحشەر**
**بواچیم داستان، کینە کۆنە ساڵ**
**داستان (نادر)، چەرخ ماڵە و ماڵ**
**بزانان حەواڵ، دانای دەرد حاڵ**
**چە ساڵ بی نەبەرد، (تەهماس) (تۆپاڵ)**
**سەنەی (هەزار) بی، (سەد و چل و هەفت)**
**مەندە مەندە مەند، ڕەفتە ڕەفتەی ڕەفت**

ئەڵماس خان لەم داستانەدا دەڵێت: ساڵی (١١٤٧)ی کۆچی بەرانبەر بە ساڵی (١٧٣٤) زایینی ئەم ڕووداوە ڕووی داوە، واتە: شەڕی نادر شا لەگەڵ تۆپاڵی عوسمانیدا کە ئەڵماس خان خۆی یەکێک بووە لە سەرهەنگەکانی نێو ئەو شەڕە کە لە کەناری ڕووباری دیجلەدا ڕووی داوە.

لە بەیتێکی پێش ساڵی ١١٤٧ی کۆچی و لە نیوە بەیتی دووەمیدا ئەڵماس خان وشەی (ساڵ) دەهێنێت، ئەم وشەیەش جێگەی گومانە و دەبێ لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەنجام بدرێت، ئەو نیوە بەیتەش بریتییە لە (چە ساڵ بی نەبەرد، (تەهماس) (تۆپاڵ)). ئەگەر تەماشایەکی ئەم نیوە بەیتە بکەین، ئەوە ڕاستەوخۆ بیرمان بۆ مێژوویەک دەڕوات، بەڵام چی مێژوویەک؟! دەبێ بپرسین ئایا مێژووی ساڵی نووسینەوەی داستانەکە کە ئەڵماس خان خۆی نووسیویەتییەوە، یان ڕووداوەکەیە و کەی ڕوویداوە.

لە وەڵامی ئەم پرسیارە دوو لقییەدا دەڵێین: ئەگەر تەماشای بەیتی ساڵی (١١٤٧)(١٥) بکەین، ئەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەڵماس خان بە ڕوونی ساڵی شەڕەکەی نووسیوەتەوە، دەبێ ئەو نیوە بەیتە ساڵی نووسینەوەی داستانەکە بێت کە ئەڵماس خان نووسیویەتییەوە.

ئەم داستانەی ئەڵماس خان لە ماوەی یەک مانگدا نووسیویەتی و شەڕەکەش لە ساڵی ١١٤٧ی کۆچیدا ڕووی داوە، بەڵام نووسینی داستانەکە کەیە؟! بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ بۆ لێکدانەوەی نیوە بەیتەکە بگەڕێینەوە، نیوە بەیتەکەش دەبێ بە دوو شێوە لێکی بدەینەوە:

١- نیوە بەیتەکە بەپێی ڕێنووسی نوێی کوردی و بە پیتی ئەبجەدی لێکی بدەینەوە "بی نەبەرد، (تەهماس) (تۆپاڵ)":

ب ٢ + ی ١٠ = ١٢
ن ٥٠ + ه ٥ + ب ٢ + ه ٥ + ر ٢٠٠ + د ٤ = ٢٦٦
ت ٤٠٠ + ه ٥ + ه ٥ + م ٤٠ + ا ١ + س ٦٠ = ٥١١
ت ٤٠٠ + و ٦ + ب ٢ + ا ١ + ل ٣٠ = ٤٣٩

١٢+٢٦٦+٥١١+٤٣٩= ١٢٢٨ی کۆچی بەرانبەر بە (١٨١٣)ی زایینی دەکات.

٢- نیوە بەیتەکە بەپێی ڕێنووسی کۆن کە لە

دەستنووسەکەدا هاتووە:

ب ٢ + ی ١٠= ١٢

ن ٥٠ + ب ٢ + ر ٢٠٠ + د ٤= ٢٥٦

ط ٩ + ھ ٥ + م ٤٠ + ا ١ + س ٦٠= ١١٥

ط ٩ + و ٦ + ب ٢ + ا ١ + ل ٣٠= ٤٨

١٢+٢٥٦+١١٥+٤٨= ٤٣١

لێرەدا بە هەردوو شێوەکە نیوە بەیتەکەمان لێکدایەوە، ئەو نووسەرانەی کە باسی مردن و ژیان و بەرهەمەکانی ئەڵماس خانیان کردووە، هەموویان بەپێی ئەو سەرچاوە و نووسراوانەی بەردەستیان قسەیان کردووە و هیچیان بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگریان بەدەستەوە نەداوە بۆ ئەو وتانەی ئەوان کە باسی دەکەن، هەروەها مامۆستا محێدینی ساڵحی لە کتێبی (سرود بادیە)دا دەڵێت: (الماس خان تا سال ١١٧٧ در قید حیات بوده و چنانکه در خاتمه نادرنامه گوید در همین سال بوده که نادر نامه را پایان داده است و شعری که تاریخ و سند این بحث است چنین است:

**سنه هزار بی، سه پنجاه ونو**

**نبرد نادر آوردیم او کو**

...١٠٠٠+٥٩+٥٩+٥٩=١١٧٧).

هەڵبەتە لەو دەستنووسانەی بەردەستی مندا ئەم ساڵە نییە، لەبەر زۆری نوسخەکانی نادرنامە، وادەزانم تا دۆزینەوەی نووسخەی کۆنتر، ئەوکات دەتوانین بڕیار لە سەر ئەوە بدەین ئەڵماس خان تا ساڵی چەند لە ژیاندا بووە و کەی کۆچی دوایی کردووە، هەر بۆیە دەڵێم: زۆر بوونی نووسخەکانی نادرنامە و ئەو بێ بەڵگە بە دەستەوە دانەوە و نەخستنە ڕووی نوسخەکانی (مەبەست لە کۆپی دەستنووسەکانە) وای کردووە بڕوا بە هەندێک لەو نووسین و بەیتانەش نەکەین کە خراوەتە ڕوو، هەروەها ئەوانەشی کە بەڵگەیان بە دەستەوە داوە، یان ناوی سەرچاوەکەیان نەهێناوە، یان وێنەی دەستنووسەکەیان نەخستووەتە ڕوو، دەنا بەندە لە کۆی شەش دەستنووسی نادرنامە، تەنیا یەک دەستنووسیان ئەو ساڵەی تۆمار کردووە و نوسخەیەکی کۆنیشە، هەر بۆیە دەڵێم هیچیان نموونەیەکی شیعری، یان وتەیەکی باوەڕ پێکراویان نەخستووەتە ڕوو، تەنیا مەلا محێدینی ساڵحی و سدیق بۆرەکەیی نەبێت یەک بەیتی شیعری میرزا شەفیعی کولیایی و ئەڵماس خانیان هێناوە، سدیق بۆرەکەیی میرزا شەفیع لە بەیتێکدا دەڵێت:

**(شەفیع پەی تاریخ کۆچ ئەڵماس خان**

**وات: (کزەی جەرگم بەرز بی نە داخان)(١٦)**

دواتر دەڵێت: بەپێی ژمارەی ئەبجەد ئەکاتە ١٢٢٧ی کۆچی، کە بە شێوەی کۆن بەم جۆرەیە: (وات: "کزء جرگم برز بی نە داخان"). ڕەت دەکاتەوە.

ئەگەر ئەم نیوە بەیتە لێک بدەینەوە بەو پێیەی مامۆستا بۆرەکەیی دەری هێناوە و دەڵێت: بەپێی ڕێنووسی کۆنی کوردی:

ک ٢٠ + ز ٧ + ھ ٥= ٣٢

ج ٣ + ر ٢٠٠ + گ ٢٠ + م ٤٠= ٢٦٣

ب ٢ + ر ٢٠٠ + ز ٧= ٢٠٩

ب ٢ + ی ١٠= ١٢

ن ٥٠ + ھ ٥= ٥٥

د ٤ + ا ١ + خ ٦٠٠ + ا ١ + ن ٥٠= ٦٥٦

٣٢+٢٦٣+٢٠٩+١٢+٥٥+٦٥٦= ١٢٢٧ی کۆچی بەرانبەر بە زایینی دەکاتە (١٨١٢).

دەبێ ئەوەش بڵێم پیتی (گ) لە زمانی عەرەبیدا نییە، بەرانبەر بەم پیتە لە زمانی عەرەبیدا دەبێ پیتی (ک) هەڵبژێرین، هەروەها مامۆستا بۆرەکەیی ئەژماری پیتی (ء)ی سەر وشەی (کزهء)ی نەکردووە، ئەگەرچی ئەوانەی لە بواری دەستنووسدا کاریان کردووە و ئاگاداری ئەوەن ئەگەر نووسەرەوەی کەشکۆڵ، یان دەستنووس نووس ئەو پیتەی دانابێت، ئەوە دەبێ حسابی بۆ بکەین، ئەگەر نووسەرەوەی دەستنووس ئەو پیتەی دانەنابێ، ئەوە خۆمان بەپێی پێویست ئەگەر پێویستی بە دانانی کرد حسابی بۆ دەکەین و دایدەنێین، ئەمەش لە حاڵێکدا ئەگەر وشەکە پێویستی بە (ء)ەکە کرد بۆ دانان، ئەم (ء)ەش لە زمانی عەرەبیدا، یان لە دەستنووسدا ڕەمزی پیتی (ی)یە بۆ زمانی کوردی.

ئەگەر حساب بۆ (ء)ەکە بکەین و لە بەرانبەریدا وشەی (ی) کوردی بۆ دابنێین، ئەوە ئەم ساڵە دەکاتە ساڵی (١٢٣٧)ی کۆچی بەرانبەر بە ساڵی زایینی دەکاتە ساڵی (١٨٢٢).(١٧)

ئاغای بۆرەکەیی دەڵێت: ئەڵماس خان لە ساڵی ١٢٢٧ی کۆچیدا مردووە! کەواتە: نیوە بەیتەکە بە ڕێنووسی نوێی کوردی حیساب دەکەین، بەم شێوەش ئەگەر بە ڕێنووسی نوێی کوردی نیوە بەیتەکە ئەژمار

بکەین، ئەوە ئەو مێژووەی ئەڵماس خان لە داستانەکەیدا هێناویەتی، هەڵەیە، واتە: ساڵی (١٢٢٨) کە لە داستانی نادرنامەکەدا هاتووە هەڵەیە، چونکە دەکاتە ساڵێک دوای مردنی ئەڵماس خانی کەنوولەیی بەپێی ئەو مێژووەی سدیق بۆرەکەیی لێکی داوەتەوە، ئەویش بەپێی ئەو بەیتە شیعرییەی میرزا شەفیعی کولیایی، ئەمەش جێگەی بڕوا و باوەڕ نییە بڵێین: ئەڵماس خان دوای ساڵێک لە مردنی خۆی داستانەکەی نووسیبێتەوە، کەواتە: دەبێ ئەڵماس خان لە ساڵی ١٢٢٧ی کۆچی نەمردبێت.

خاڵی دووەمیش کە دەکاتە (٤٣١)، هیچ ئاماژەیەکمان پێ نادات، بگرە لەوانەشە ببینە جێگەی گاڵتەجاڕی بۆ لێکدانەوەی نیوە بەیتەکە، کاتێک کە مامۆستا بۆرەکەیی لە باسی ژیانی (ئەڵماس خانی کوردستانی)دا دەڵێت: ئەڵماس خانی کوردستانی ساڵی (١١٦٥-١٢٢٧) کۆچی ژیاوە و مردووە، لە بنەڕەتدا ئەڵماس خانی کەنووڵەییە و بە هەڵە دەڵێت: ئەڵماس خانی کوردستانی، ئەمەش لای هەمووان ئاشکرایە، کە دوو ئەڵماس خان تا ئێستا لە مێژووی ئەدەبی گۆرانیدا هەیە، ئەوانیش ئەڵماس خانی کەنووڵەیی و خان ئەڵماس خانە.

ئەگەر تەماشای خاڵی یەکەم بکەین و لێکدانەوەکەشمان بەپێی ڕێنووسی نوێی کوردی بێت، ئەوە دەبینین: ئەڵماس خان ساڵی ١٢٢٧ی کۆچی مردووە بەپێی ئەو نیوە بەیتەی میرزا شەفیع کە مامۆستا بۆرەکەیی لێکی داوەتەوە و پیتی (ی)ی سەر (بزوێن)ەکەی ئەژمار نەکردووە. بەم پێیە لێکدانەوەکەی ئێمە کە بۆ نیوە بەیتەکە نادرنامە کردوومانە و دەکاتە ساڵی ١٢٢٨ی کۆچی هەڵەیە.

هەروەها ئەگەر پیتی (ی)ەکە ئەژمار بکەین و ساڵەکەش لە بری ئەوەی بکاتە ساڵی (١٢٢٧)ی کۆچی، دەکاتە ساڵی ١٢٣٧ی کۆچی و لێکدانەوەی نیوە بەیتەکەی ئێمەش کە دەکاتە ساڵی ١٢٢٨ی کۆچی، ڕاست دەردەچێت، ئەوە ڕێک لە ناو ژیانی ئەڵماس خاندایە و زۆر نزیکە لە ژیانییەوە، واتە: (٩) ساڵ پێش کۆچی دوایی ئەڵماس خان- ئەڵماس خان داستانەکەی نووسیوەتەوە، وەک لە کۆتایی داستانەکەدا ئەڵماس خان باس لە جەستە و بیر و هۆش و بەیت و خەیاڵی خۆی دەکاتەوە، ڕێک لەگەڵ ئەم ساڵەدا یەک دەگرنەوە کە ئەڵماس خان دەرد و مەینەتی و ئازاری زۆری بەسەردا هاتووە.

کەواتە: بەپێی ئەم نیوە بەیتە کە لە دەستنووسەکەدا هاتووە و نووسەرەوەی دەستنووسەکە ئەوەی خاڵی گرنگ بێت لە دەستنووسەکەدا خەتی بەژێردا هێناوە و ئەم نیوە بەیتەش بەپێی ڕێنووسی نوێی کوردی کە لێکمان داوەتەوە، ئەڵماس خان لە ساڵی ١٢٢٧ی کۆچیدا وەفاتی نەکردووە، دەبێ لە ساڵی (١٢٣٧)ی کۆچیدا وەفاتی کردبێت، ئەمەش بەپێی ئەو نیوە بەیتەی میرزا شەفیع کە لێکمان دایەوە.

هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بڵێم: ئەو دوو دەستنووسەی کە لە پێشەوە ئاماژەم پێدا، مێژووەکەیان ساڵی (١٢٤١)ی کۆچی پێوەیە، ئەمانەش دوور نین لە مێژووی وەفاتی ئەڵماس خانەوە، هەروەها لە کۆی ئەو دەستنووسانەی نێو کتێبخانەی (بەرلین)دا کە دەستی من کەوتوون، بەرهەمی زۆری ئەڵماس خانی تێدایە لەگەڵ هەندێ بەرهەمی باوکیدا، ئەمەش ئاماژەن بۆ ئەوەی کە ئەو کەسانەی دەستنووسەکانیان نووسیوەتەوە، لەو ناوچەیەدا ژیاون، بەڵگەشم بۆ قسەکانم بەیازە شپرەزەکەیە، ئەو شاعیرانەی شینگێڕییان کردووە بۆ یەکدی و ئاڵوگۆڕی نامەیان کردووە، زۆر باسی ئەڵماس خان دەکەن، ئاشکراشە کەسێکی زۆر نزیک لەو شاعیر و کەسایەتییانە هەموو ئەو شیعرانەی گردوکۆ کردووە، بەڵام بەداخەوە بەشێکی زۆر لەو بەیازە فەوتاون و ناشزانین چەندن!!

بە هەرحاڵ ئەوەی لەم لێکۆڵینەوەی ژیانی ئەڵماس خاندا نووسراوە و وتراوە، بەشێکن لەو ئاڵۆزییانەی ژیانی ئەڵماس خان، ئێمەش بەپێی توانایی خۆمان توانیومانە هەندێک لەو هەڵە و تێکەڵاوییانەی ژیانی ئەڵماس خان لێک بدەینەوە و ڕوونی بکەینەوە، هەندێک سەرچاوەی دیکە هەبوون کە لە یەکدییەوە ژیاننامەکەیان وەرگرتبوو، بۆیە بە پێویستمان نەزانی ناویان دووبارە بخەینە لیستی ئەم لێکۆڵینەوەیەوە.

لە کۆتاییدا دەڵێم: ئەوەی من کردوومە لە هەڵە و کەموکورتی بەدوور نییە، بۆیە هەرچیم وتووە و هەرچیم نووسیوە بەپێی ئەو بەڵگانەی بەردەستم بوون کە ئاماژەم پێ داون، هەرچی ڕاوبۆچوونی خۆشمە سەبارەت بە ژیانی

شاعیر لێی بەرپرسیارم هەتا دەرکەوتنی هەر بەڵگە و زانیارییەکی باوەڕ پێکراو کە بەلێکۆڵینەوەوە بخرێنە ڕوو. ئەو بەڵگانەش کە دەخرێنە ڕوو جێگەی بڕوا بێت و باوەڕمان پێ بکات و ددان بە هەڵە و کەموکورتییەکانی خۆماندا بنێین، لە هەڵە و کەموکورتییەکانم ببوورن و داوای لێبوردن دەکەم.

پەراوێزەکان:

١- مێژووی وێژەی کوردی: صدیق بۆرەکەیی (صفی زادە)، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی چهر تبریز- انتشارات ناجی- بانە کوردستان، (١٣٧٠ هەتاوی)، لاپەڕە (٢٨).

٢- حەدیقەی سوڵتانی: محەمەد عەلی سوڵتانی- بەرگی یەکەم، چاپخانەی محەمەد، چاپ اول، ١٣٧٩، لا (١٠٠).

٣- مێژووی ناودارانی کورد: بابا شێخ مەردۆخ ڕوحانی "شێوا"، و- ماجد مەردۆخ ڕوحانی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، ٢٠١١، هەولێر، لا (٢٣٨).

٤- نادرنامەی ئەڵماس خانی کەڵهوڕ: شوکور مستەفا، لە بڵاوکراوەکانی ئاراس، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، لا (٨).

٥- مێژووی وێژەی کوردی: صدیق بۆرەکەیی (صفی زادە)، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی چهر تبریز- انتشارات ناجی- بانە کوردستان، (١٣٧٠ هەتاوی)، لاپەڕە (٢٨).

٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٣٤).

٧- جغرافیای تاریخی و تاریخ مفصل کرمانشاهان (ایلات و طوایف کرمانشاهان) " شامل اوضاع اقلیمی تاریخی سیاسی اجتماعی و اقتصادیی با نضمام فرهنگ اصطلاحات": محمد علی سلطانی، نموونە خوان: محمد شاهد. ج- ٣، نموونە خوان: علی پاشائی مجدی. ج- ٢، چاپ، موفق- چاپ اول، ١٣٧٢، تهران، ص (٦٤٢).

٨- مێژووی وێژەی کوردی: صدیق بۆرەکەیی (صفی زادە)، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی چهر تبریز- انتشارات ناجی- بانە کوردستان، (١٣٧٠ هەتاوی)، لاپەڕە (٢٨).

٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٣٤).

١٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٢٨).

١١- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٣٤).

١٢- حەدیقەی سوڵتانی: محەمەد عەلی سوڵتانی- بەرگی یەکەم، چاپخانەی محەمەد، چاپ اول، ١٣٧٩، لا (١٠١).

١٣- مێژووی ناودارانی کورد: بابا شێخ مەردۆخ ڕوحانی "شێوا"، و- ماجد مەردۆخ ڕوحانی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، ٢٠١١، هەولێر، لا (٢٣٨).

١٤- دەستنووسی نادر و تۆپاڵ: نووسینی ئەڵماس خانی کەنووڵەیی، بە خەتی مەلا فەرەجوڵڵای کوڕی خوالێخۆشبوو عەزیزوڵڵای تورکاشوەند، لە ڕۆژی چوار شەنبەی هەژدەهومی مانگی سەفەر..... بۆ جەنابی سەرکار، ڕێگای شەریعەت، مەلا محەمەد موراد، کوڕی نوور عەلی زەنگەنە، تاریخ ١٢٧٧ کۆچی) نووسراوەتەوە، واتە: لە ڕۆژی چوارشەممە کە دەکاتە ڕێکەوتی (٤-٩-١٨٦٠)ی زایینی نووسراوەتەوە.

١٥- دکتۆر عەلی محەمەد سەلابی لە کتێبی دەوڵەتی عوسمانی لە لاپەڕە (٤٠٨)، چاپی یەکەمدا دەڵێت: دەوڵەتی عوسمانی ڕووی شەڕەکانی کردە شیعە سەفەوییەکان و بەسەر (تەهماسب)دا سەرکەوت کە لە ساڵی (١١٤٤ک)، (١٧٣١ز) دا داوای ئاشتینامەی کرد و بەو پێیە عوسمانییەکان دەستیان هەڵگرت لە (تەورێز) و (هەمەدان) و (لوڕستان)، هەر چەندە والی خوراسان کە ناوی (نادرشا) بوو ئەم ڕێکەوتننامەیەی قبووڵ نەکرد و ڕووی کردە (ئەسفەهان) و لەوێ (شا تەهماسب)ی لە سەر کار لابرد و لە جێگەیدا (عەباس)ی کوڕی دانا و، ئەنجوومەنێکی سەرپەرشتیاری بە سەرییەوە دانا، خۆی بەرەو شەڕی عوسمانییەکان کەوتە ڕێ و سەرکەوتنی بە دەست هێنا و هات و (بەغداد)یشی گەمارۆ دا، دەوڵەتی عوسمانی داوای ئاشتی لێ کرد و ڕێکەوتننامەی ساڵی (١١٤٩ک)، (١٧٣٦ز) لە شاری (تفلیس) ڕووی دا و (نادرخان) ئەوەی ڕاگەیاند کە ئەو پاشای فارسەکانە و عوسمانییەکانیش هەرچییان گرتبوو، هەموویان بۆ شیعە ئێرانییەکان گەڕاندەوە.

لەماوەی ئەم پێنج ساڵەدا دەبینین نووسەر هیچی دیکەی نەنووسیوە، چ لە باسی شەڕەکە بە گشتی و چی باسی نادر شا بە تایبەتی، کێ سەرکردایەتی شەڕەکەی کردووە، بەتایبەتی ئەو شەڕەی کە عوسمانییەکان کردوویانە لە بەغدا، هەروەها لە کتێبی (عوسمانییەکان لە دامەزراندنی دەوڵەتەوە تا کوودەتا بەسەر خەلافەتدا)، کە لە وەرگێڕانی هەردوو بەڕێز (نەریمان خۆشناو) و (مستەفا سەید مینە)یە، لە لاپەڕە (٣٢٧-٣٣٠)دا باس لەم جەنگە دەکات، بەڵام ئەم کتێبەش وەک هەمان کتێب و چەند

کتێبێکی دیکەیش، باس لە ڕۆڵی کورد ناکەن لە جەنگەکاندا، بەڵام لە کتێبی نادرنامەدا ئەڵماس خان زۆر بە جوانی باسی ئەو سوپا کوردانە دەکات کە لەو جەنگە و جەنگەکانی دیکەیشدا بەشدارییان کردووە.

١٦- مێژووی وێژەی کوردی: صدیق بۆرەکەیی (صفی زادە)، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی چهر تبریز- انتشارات ناجی- بانە کوردستان، (١٣٧٠ هەتاوی)، لاپەڕە (٣٤).

١٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٣٤).

**سەرچاوەکان:**


**١- جغرافیای تاریخی و تاریخ مفصل کرمانشاهان (ایلات و طوایف کرمانشاهان) " شامل اوضاع اقلیمی تاریخی سیاسی اجتماعی و اقتصادیی با نضمام فرهنگ اصطلاحات": محمد علی سلطانی، نمونە خوان: محمد شاهد. ج- ٣، نمونە خوان: علی پاشائی مجدی. ج- ٢، چاپ، موفق- چاپ اول، ١٣٧٢، تهران.**

**٢- حەدیقەی سوڵتانی: محەمەد عەلی سوڵتانی- بەرگی یەکەم، چاپخانەی محەمەد، چاپ اول، ١٣٧٩.**

**٣- دەستنووسی نادر و تۆپاڵ: نووسینی ئەڵماس خانی کەنوولەیی، بە خەتی مەلا فەرەجوڵلای کوڕی خوالێخۆشبوو عەزیزوڵلای توورکاشوەند، لە ڕۆژی چوار شەنبەی هەژدەهومی مانگی سەفەر..... بۆ جەنابی سەرکار، ڕێگای شەریعەت، مەلا محەمەد موراد، کوڕی نوور عەلی زەنگەنە، تاریخ ١٢٧٧ کۆچی) نووسراوەتەوە، واتە: لە ڕۆژی چوارشەممە کە دەکاتە ڕێکەوتی (٤- ٩- ١٨٦٠)ی زایینی نووسراوەتەوە.**

**٤- دەستنووسی هۆنراوە شینگێڕییەکان: کتێبخانەی بەرلین، ساڵی ١٢٤١ی هیجری نووسراوەتەوە.**

**٥- دەوڵەتی عوسمانی: دکتۆر عەلی محەمەد سەلابی، و- ئەحمەد عەبدولڕەحمان ئەحمەد، نیهاد جەلال حەبیبوڵلا، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی نارین/ هەولێر، دارالمعرفة بەیرووت..**

**٦- عوسمانییەکان لە دامەزراندنی دەوڵەتەوە تا کوودەتا بەسەر خەلافەتدا: د. محەمەد سوهەیل تەقوش و نەریمان خۆشناو، مستەفا سەید مینە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر.**

**٧- مێژووی وێژەی کوردی: صدیق بۆرەکەیی (صفی زادە)، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی چهر تبریز- انتشارات ناجی- بانە کوردستان، (١٣٧٠ هەتاوی).**

**٨- مێژووی ناودارانی کورد: بابا شێخ مەردۆخ ڕوحانی "شێوا" و ماجد مەردۆخ ڕوحانی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، ٢٠١١، هەولێر.**

**٩- نادرنامەی ئەڵماس خانی کەڵهوڕ: شوکور مستەفا، لە بڵاوکراوەکانی ئاراس، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.**

# وێناکردنی دنیای عیشقێکی ون بوو «هەوڵێک بۆ خوێندنەوەی شیعری عەشق و غیاب»

**بارزان عەلی**
**(ڕانیە)**

نەزەند بەگیــخـانـی وەک ژنە شـاعـیـر و ژنناسـێکی ژیانکردوو لەنێو هەردوو کولتووری خۆرهەڵات و خۆرئاوا بە ئاگـاییـەکی کـولتـووریانـە و مـەغـزایەکی قـووڵەوە لە چامەی (عـەشق و غیاب)دا هەوڵی داوە شرۆڤەی دۆخی عەشق و غیاب بکات. عـەشق وەک جەوهەر پێویستی بە ئیلتـیـزامـێکی ڕوحی و ئامـادەیی هەیە و مـرۆ بەدەر لە ژیانی واقـیـعی بەنێـو وەسـوەسـەی گـەیشتن و توانەوە لە مـەعشـووقدا پەلکێش دەکات. عەشق پێوەندییەکی توند و قـووڵی بە ئامـادەیی ڕوحی و گـیـانییـەوە هەیە، بەڵام نەزەند لە ناوونیشانی قەسیدەکە لەدوای وشەی (عەشق) ڕاستەوخۆ وشەی (غیاب) دەهێنی، ئەمەش دژایەتییەکی ڕاسـتـەوخۆی بەم ئامـادەییـە (ڕوحی و گـیـانی)یە هەیە، بەمـەش عـەشق لە خاڵی ترۆپکەوە دەپووکێتەوە بۆ خاڵی نەبوون (غـیـاب)ـەوە. وێنەی کـەسـێـتی ئافـرەت وەک مـەعـشـووق لە چامـەی (عـەشق و غـیـاب)دا وێنەیەکی خەمهێنە، کاتێ (مەعشووق) کە لەگەڵ (عاشق)دا دەبن بەوابەسـتـەی لێکدانەبڕاوی گـیـرۆدەبوو پێـویسـتـیـان بە خۆپێناسەکردن هەیە.

**بە دڵگرانیە نەرمەکان**
**بە پێکەنینە منداڵیەکان**
**بە گریانە شینەکان**
**هاوتا دەبین... (زەنگوڵی وتن، ل١٠٧)**

لێـرەدا عـەشق و مـەعـشـووق گـرێدراوی کـات و هەسـتـە جـیـاجـیـاکـانن سـاتێ گـریان و سـاتێ نۆسـتـالـیـژیای ئەم زەمـەنەی پێـشـوو دووبارە گوزەر دەکـاتەوە و خـۆزگـەی بۆ دەخـوازێ، هەروەک ئەحـمـەدی مـەلا پێی وایە «ئەوەی لە نێوان ڕابردوویەکی مولتـەبیسدا دەمێنێتەوە، سـاتێکی سڕبووە، ئێمە بە ئێستایەکی سڕبوو دەیخوێنینەوە» (١).

هەروەهـا کـەسـێـتی ئافـرەت وەک مـەعـشـوقـێک لە (عـەشق و غـیـاب)دا لێوان لێـوە لە خەونی ئاوێتـەبوونی عـاشقـەکـەی بەرەو وێنەیەکی تری جـووڵاو، وێنەیەک کـە



نەزەند بەگیخانی

مەعشوق (ئافرەت) کاتەکان لە ژاوەژاو دادەتاشێ لەگەڵ عـاشـقـەکـەی وەک نووسـتـوو چاو لێکدەنێن. ئەگـەر مەعشوق ئەوکەسە بێت، کە عاشقەکەی لەدەست دابێت هەڵوەدای سـووڕانەوە بێ بەدەوری چەق (وەک نەست)، ئەوە هەمدیسان گەڕانەوە بەرەو خەیاڵ، یان گەڕانەوە بۆ زەمەنی پێشوو ئاوێتەی مەعشووق و عاشق دەردەخات.

**تۆ دەفڕیت و سنوورەکان دەبڕیت**
**سنوورەکانی لەش**
**سنوورەکانی تێکەڵبوون**
**سنوورەکانی چێژ و مەینەت**
**سنوورەکانی ژیری و شێتبوون.. (زەنگوڵی وتن، ل١٠٨)**

لێرەدا مەعشووق لە عیشق و موحیببەت و تێکەڵ بوون ئـاوێتــە دەبێت و چێــژ لە نزیکبــوون و پێکەوەبوون دەبینێت. ئەم تێکەڵ بوونە تۆختر دەبێت و لەوەش زیاتر ئـاوێتــەبوون وەک مــەرجــێک وێنا دەکــرێت. ئەمــە لەکـاتێکدایە، کـە ژن سـەدان سـاڵە بەدوای کـانیـاوی سەربەستیدا وێڵە و بۆ مافی مرۆڤانەی خۆی تێدەکۆشێ. بەم هۆیەشـەوە، کە ژن بە درێژایی مێژوو چەوساوەتەوە، هەر بۆیەش لە بەرهەمـەکـانیـدا جەخت لە بابەتی خـەم و تەنیایی و دووری و ئازارەکانی دەکات. بە واتایەکی تر، ژن لە سـەرەتای بوونیـیـەوە ڕووبەڕووی زۆر بەربەست بووەتەوە و بەشێکی سەرچاوەکەشی دەگەڕێتـەوە سـەر بنەمـاڵـە و خـودی کـۆمـەڵگا، هاوکـات شـێـوازی ژیان بە کۆمەڵێ دابونەریتی جۆراوجۆر و جیاوازەوە پیاوی زاڵتر کــردووە، هەر بۆیەش ژنان لە مــامــەڵەکــردن لە تەک کۆمەڵگا و خۆدەرخستنیـان کەمرەنگتر دەنوێنن، ئەمـەش لەکـاتێکدایە کـە ژنان لەکـۆنەوە تا ئێـسـتـاش ئەو توێژە بوونە کـە بە شـێوەیەک لە شـێوەکـان سـتەمـیـان بەرانبـەر دەکرێت و بە موڵکی پیاو دادەنرێن، بۆیە دەبینین هەمان شـت لای نـەزەنـد ڕەنـگـی داوەتـەوە و بـەم جــــــــۆرە بەیەکگەیشتنی وەسف کردووە:

**تۆ لە جووڵەیەکی هێمن و هەڵاتنێکی نائارامدایت**
**تۆ نەلێرەیت و نە لەوێ**
**ئەی هاوەدەمی من** (زەنگوڵی وتن، ل١٠٨)

بەگـیـخـانی مـەبەسـتـیـەتی وەسـفی هەمـوو ئەو گـۆڕانکارییـە فـیـزیکیـانەمـان بۆ بکات بۆ حـاڵەتە میـتافیـزیکییەکان و دژخە سەرگەرمەکانی (عەشق و غـیـاب، چێژ و مـەینەتی، ژیری و شێـتـبوون، هێـمن، نائارام، ...تاد) کە پارادۆکسی کردووە بە وەسیلە بۆ دەربڕینی مەبەستی خۆی.

**تەنها لە عەشقدا لەش دەبێتە گەڵا و**
**سەریش کەمانچەیەکی ئەفسووناوی**
**سەرتاپات سووک و ڕۆشن**
**تۆ دادەگیرسێی**
**هاوتا دەبیت بە نۆتەکانی شۆپان و**
**بە پانتاییە زەردەکانی ڤانگۆخ**
**هاوتا دەبیت بە ئازارە بەتینەکان**
**بە دڵگرانییە نەرمەکان**
**بە پێکەنینە منداڵییەکان**
**بە گریانە شینەکان... (زەنگوڵی وتن، ل١٠٧)**

لێرەدا مەبەستی شاعیر بەم شێوەیەیە:

جەستە(فیزیک) ↕ واقیع

میتافیزیک ↕ خەیاڵ

بەگـیـخـانی کە هەردوو جەمـسـەری (لەش/ عـەشق + واقـیـع/خـەیـاڵ) لەیەک گـرووپدا بە واتای فـیـزیک و مـیـتـافـیـزیک بەناو یەکـتـری کـۆیان دەکـاتەوە، تا لەو ڕێگەیەوە عـەشـقـەکـەی مـەزنتـر بکات و جـیـهـانێکی ئەفسووناوی بە جەستە و خەونەکان دروست بکات و لە بەرائەتی هەڵکێشێت.

یانیش پەنا دەباتە بەر گریان و فیغانەوە و دەیەوێ لەم ڕێگەیەوە ڕووبەڕووی ئەو کـولـتـوورەی پیـاوسـالاری ببێتەوە بەهەموو ئیرادەیەکەوە لە بەرانبەریدا بوەستێتەوە. بۆ ئەوەی دەربازی بێ لەو کۆت و سنووورە دیاریکراوانەی کە ڕەگەزی نێر بۆی خوڵقاندووە، کەچی لەبەر بێ توانایی

شوناسی ئافرەت خۆی، ئەو ئامادەبییەی تێدا پراکتیزە ناکرێت، واتا ناتوانێت فەزای عەشقێک وێنا بکات، بە واتای (غیابی عەشق).

کەواتە وەک چۆن ناوونیشانەکەش بەو شێوەیە هاتووە (عەشق و غیاب)، ئەوە پەیامی نەزەندیش ئەوەیە، کە باس لە غیابی عەشقمان بۆ بکات، لەناو کۆمەڵگای کوردیدا، ئیدی ئەمەش دەبێتە ئاماژەیەک بۆ ژیانێکی ئیرۆسیانەی مێینە لە کولتووری داخراودا، کە زمانی عەشق تێیدا غیابە و ئامادەیی نییە! ئەمەش بە واتای نا ئامادەیی پرۆسێسەکانی مێینە لە هەناوی کولتووری رۆژهەڵاتدا بە گشتی و کوردستان بەتایبەتی. هەر لەم چامەیەدا دەڵێ:

**چەشنی فیغانێکی سەرکەش هەڵدەچێ**
**تۆ دەفڕیت و سنوورەکان دەبڕیت**
**سنوورەکانی لەش**
**سنووره چەسپاوەکانی یەکبوون**
**سنووری چێژ و مەینەت**
**سنوورەکانی ژیری و شێتبوون**
**تۆ لە جووڵەیەکی هێمن و هەڵاتنێکی نائارامدایت**
**تۆ نە لێرەیت و نە لەوێ...(زەنگوڵی وتن، ل١٠٨)**

دەشێ خوێندنەوەی ئەم دەقە شیعرییە، لە بۆچوونێکی ترەوە شرۆڤە بکەین، ئەویش ڕێگەی (هەڵوەشاندنەوەی جاک دریدا)یە. بە دۆزینەوەی چەمکە دژ بە یەکەکانی ناو دەقەکەیە، هەر وەک چۆن نەزەند لەم چامەیەدا دژەکانی کۆکردوونەتەوە، کاتێ کە باسی (پێکەنین – گریان)، (چێژ – مەینەتی)، (ژیری – شێتبوون)، (ئێرە – ئەوێ). هەموو ئەم چەمکانە، لە هەردوو کولتووری لێکدابڕاوی (خۆرهەڵات و خۆرئاوا) دەبینین. بەم شێوەیە:

**خۆرئاوا: پێکەنین، ژیری، چێژ، ...**
**خۆرهەڵات: گریان، شێت بوون، مەینەتی، ...**

بێ گومان ئەم کۆکردنەوەیەی دژەکان لەلای نەزەند بەگیخانی لەخۆوە نییە، هەڵبەت لەژێر تیشکی خوێندنەوەی بۆچوونەکەی دریدادایە. (جاک دریدا پێی وایە بەهۆی ئەوەی، کە هاوتای کولتووری خۆرهەڵات، کە کولتوورێکی داخراوە، بە کولتووری خۆرئاواش بەهەمان شێوە، کە لەئاستی مەینەتییەکانی دەنگی (مێ) بێ هەست و ئیحساسە، کە لەوێشدا جەستەی (مێ) دەخرێتە خانەی پەراوێزی نێرسالارییەوە)(٢)، ئەمەش بە واتە ئەوەی هەموو ئازار و مەینەتییەکانی ئافرەتی خۆرهەڵات لە هەناوی کولتووری خۆرهەڵاتەوە سەرهەڵدەدەن، بەڵام هەرچی پێکەنین و ژیرییەکانی ئافرەتی خۆرئاوایە لە هەناوی کولتووری خۆرئاواوە دروست بووە. نابێ ئەوەش فەرامۆش بکەین، کە دەتوانین فەزای ئەم دەقە بە دیوەکەی تر بخوێنینەوە، واتا کە چەمکە لێک دژەکانمان وەرگرت و هەڵیان بگێڕینەوە، کە خوێندنەوەیەکی ترمان دەستگیر دەبێت بە پێچەوانەی خوێندنەوەکەی پێشووتر، ئەمەش کاتێک بەدی دێت، کە ماسکەکانی ڕووی خۆرئاوا هەڵماڵین (بێ گومان نەزەند بەگیخانی ڕووکەشی خۆرهەڵاتی کردووە بە سەنتەر و مەبەست و ڕەخنەی لێدەگرێ، نەوەک بە پێچەوانەوە).

کاتێک نەزەند لە کۆتایی قەسیدەکەدا دەڵێ:

**تۆ لە جووڵەیەکی هێمن و هەڵاتنێکی نا ئارامدایت**
**تۆ نە لێرەیت و نە لەوێ... (زەنگوڵی وتن، ل١٠٨)**

دەبینین نەزەند هەمان بۆچوونەکەی دریدای لەنێو دەقەکەیدا داڕشتووەتەوە بەوەی، کە ئەم قەناعەتەی لەلا دروست بووە، کە ئافرەت لە هەردوو جەمسەر (خۆرهەڵات/ خۆرئاوا) شوێنێکی بۆ نامێنێتەوە تا ئۆقرەی تێدا بگرێت، بۆیە عەشق دەخاتە خانەی (غیاب)ەوە. ئەگەرچی نەزەند لە سەرەتادا لەو بڕوایەدابوو کە ئارامگەی ئافرەت لە خۆرئاوایە، بەڵام لە کۆتایی چامەکەدا پەشیمان دەبێتەوە و مۆنۆلۆگێک دروست دەکات و بەخۆی دەڵێ:

**تۆ نە لێرەیت و نە لەوێ... (زەنگوڵی وتن، ل١٠٨)**

ئەمەش دەرئەنجامی ئەوەیە کە لە خۆرهەڵات و خۆرئاوا دەکەوێتە بەر پەلاماری هێرشی نێرسالارییەوە. کەواتە عەشق و جەستەی مێینە لەلایەن نێرەوە سەرکوت دەکرێ و لە هەردوو جەمسەردا شوێنێکی بۆ نامێنێتەوە و دەکەوێتە حاڵەتێکی (غیاب)ەوە.

**بەرەو کوێ دەچیت**
**لەسەر ئەم زەمینە ئاوریشمییەی غیاب؟... (زەنگوڵی وتن، ل١٠٨)**

ڕوونە لە زەینی نەزەنددا ژن جەمسەرێک شک نابات، بۆ ئۆقرەگرتن و حەسانەوە و دواجاریش شاعیر نائاگایی وەک ئەڵتەرناتیڤێک هەڵدەبژێرێ، ئەم غیابی عەشقەش دەکاتە هەڵگری کۆمەڵێک ئاماژەی تر، کە بەدوای کەشفکردنیدا وێڵە.

**سەرچاوە:**
**شیعری (عەشق و غیاب)- بەرهەمە شیعر/ نەزەند بەگیخانی، زەنگوڵی وتن، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٧.**
**(١) ئەحمەدی مەلا، خوێندنەوەی شیعری نەزەند بەگیخانی، گ. شین، ژ١٢، ل٨٧، هەولێر ٢٠٠٥.**
**(٢) پییر. ڤی. زیما، هەڵوەشاندنەوەگەرایی، و. ڕێبین ڕەسووڵ ئیسماعیل، چاپخانەی ڕێبین، چ١، ل٤٧-٤٨- ٢٠٠٤.**

# ناهیدەی محەمەدی دەنگێکی نوێی شیعری کوردی لە شاری ئیلام و لوڕستانەوە

ئەحمەد باوەڕ
(زانکۆی گەرمیان - کۆلێژی پەروەردە)

بەپێی هەمــوو ئەو چاپکراو و بڵاوکــراوە و گــۆڤــارە کوردییانەی کە بە زۆری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە ناو بە نـاو دەردەچن و بەشــێکیــشیــان بەتایبــەت لە پاش ڕاپەڕینی ١٩٩١ـەوە، دەگەنە بەشی باشووری کوردستـان تاڕادەیەکی دڵخـۆشکەر ئەو ڕاو بۆچوونەمــان لا گـەڵاڵە دەکەن کە بڵـێین: بارودۆخ و ڕەوشی ڕووناکبیری کوردی لە بەشی ڕۆژهەڵاتی کـوردســتــاندا بە بەراورد لەگــەڵ بەشـــەکـــانی دی، هەنگاوێکی لەبارترو تا ڕادەیەک گەرمـوگوڕتری بەخۆوە بینیـوە، هەرچەندە ئەوانەش کە بە بەردەوامی بڵاودەکرێنەوەو دەگـەنە خـوێنەری کـوردی ئەم دیو، واتە باشــووری کـوردســتـــان، بەســەر یەکــەوەو بە شـــێـــوازێکی گـــشـــتی جـــۆرێک لە لاوازی و ڕوحی تەقلیدیەتیان پێوە دیارە، بەڵام هەرچۆنێک بێت، زۆربەی زۆریان ئـومـێــدی ئەوەیان لێ دەکــرێت کــە لە ئاییندەو داهاتـوودا، هەنگاوی زیاتر بهـــاون و زیاتر شـــوێن و جێگای خۆیان لە نێـوەندی ڕووناکـبیری و باری ئەدەبی کوردیدا بکەنەوە.

لە هەمــان کـاتدا ئەگــەر بە وردی ســەیری ئەو پارچە دابڕاوەی وڵاتی کــــوردســــتـــــان بکەین، دەبینین لە ناوچەیەکییەوە بۆ ناوچەیەکی دی جیاوازە و کەفوکوڵی گــەشــەکــردن و هەنگاونان و دروســتــبـــوونی چینی دەستەبژێری کورد، بە شێوازێکی بەرچاو لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دی دەگــۆڕێت، بۆ نموونە: لە ناوچەیەکی وەک مـــوکـــریان، تەنانەت شـــاری ئاوەدانی سنەو دەوروبەری، ڕەنگە زیاتر هەنگاوی بەرەو پێش چوون و تایبەتمەندی لە دەوروبەری شارەکانی کرماشان و ئیلام و تەنانەت ئەو کوردانەش کە دەکەونە چوارچێوەی پارێزگای هەمـــەدانەوە زیاتر بێت، چونکە ئەم شـــار و ناوچانەی دوایی بە ڕادەیەکی زیاتر کــەوتوونەتە ژێر کــاریگەریی زمـان و ئەدەبیـات و ڕووناکـبیریی فـارسییەوە و کەمـتر

ئاشنایەتی و پەیوەست بوونیان بە زمان و ئەدەبیاتی کوردییەوە هەیە، بێجگە لەوەش دانیشتوانەکەی بەدرێژایی ڕۆژگار و ماوەیەکی زۆرە لە کاریگەری و خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری دوور کەوتوونەتەوە و زۆر بەچڕی لەلایەن دەسەڵاتەوە کار لەسەر ئەوەش کراوە بیر و ئاوەزی کوردایەتییان لە بۆتەو لە چوارچێوەی عەقڵیەتی فارسگەرای ئێرانیدا بتوێتەوە، کەچی لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا لێرەو لەوێ کۆمەڵێک دەنگی جۆر بەجۆر و گەلێک چالاکی ڕووناکبیری لەم بەشەی کوردستانیشەوە سەری هەڵداوە و بەردەوام ویستوویانە هەرچۆنێک بێت، ئەو کۆتوبەندو سنوورە دروستکراوە ببەزێنن، کە بە درێژایی مێژوو ڕێگر و قۆرتی گەورە بوون لە ڕێگای تێکەڵ بوونیان بە کۆمەڵی کوردەواری، هاوکات توانیویانە ئەوەی کە دەینووسن و کاری لەسەر دەکەن ئەگەر زۆر بەسادەییش بێت، بیگەیەننە خوێنەر و ڕووناکبیرانی کورد لە زۆربەی پارچەو ناوچەکانی کوردستاندا. لەم بارەیەشەوە خۆ ئەگەر زۆر پێ لەسەر گەشەکردن و هەنگاونانی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی لەم بەشەی کوردستاندا دابگرین، بە تەواوی ئەوەمان لاڕوون دەبێتەوە کە خانم و ژنە شاعیرێکی کەڵوڕ و ئیلامی وەک ناهیدەی محەمەدی لەم سەروبەندەداو لەم هەلومەرجەدا تاڕادەیەکی باش ئەو کۆت و بەندو کۆسپانەی بڕیوەو بەزاندووە، کە زۆر جار ئێمەمانان باسی لێوە دەکەین و جەختی لەسەر دەکرێتەوە.

هەرچەندە کەسێکی وەک ناهیدەی محەمەدی ناکرێت بڵێین: سەد دەرسەد لە ڕووی داهێنانی شیعری و ئەفراندنی شیعرییەوە لە گیانی تەقلیدییەت و لاسایی کردنەوەی شاعیرانی پێش خۆی جیاوازییەکی گەورەی هەیەو بەجۆرێک هەنگاوی گەورەی ئەوتۆی نابێت کە تەجاوزێکی بێ وێنەی لە شیعر و ئەدەبیاتی کوردی ناوچەو شارەکانی ئیلام، لوڕستان و کرماشاندا هێنابێتە کایەوە، بەڵکو ئەم خانم و ژنە شاعیرە لە ماوەی خوێندنەوەو بە دواداچوونماندا بۆ هەردوو دیوانی، یان کۆمەڵە شیعری: (هاواری بەڕوو) و (دەروەچەیلی شەکەت) کە لەماوەو چەند ساڵی ڕابردوودا لە وڵاتی ئێران و بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەر یەکەو بەتیراژی (٣٠٠٠) سێ هەزار دانە بڵاوی کردوونەتەوە. مژدەی ئەوەمان دەداتێ و پێ دەبەخشێت کە کاروانی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی دوای شاعیرانی وەک: «مەلا پەرێشان و ڕەزا ئەکبەر خانی کەڵوڕی» لەم ناوچەیە و لەم بەشە هەستیارەی کوردستاندا بەردەوامی و هەنگاوی گەرموگوڕی خۆی لەدەست نەداوە، بێجگە لە هەموو ئەوانەش ناهیدەی محەمەدی کە دەنووسێ و ناوبەناو بەرهەمی شیعریی خۆی بڵاودەکاتەوە، ڕاستەوخۆ ئەوەت بۆ دەردەکەوێت، کە ئەم ژنە شاعیرە کەسێکی خوێندەوار و تاڕادەیەکی باش بەئاگایە لە شیعر و ئەدەبیات و شاعیرانی تری پارچەکانی کوردستان و لە هەوڵی ئەوەشدا بووە کە هەردەم بەرهەم و نووسینەکانیان بخوێنێتەوە. سەرەڕای ئەوەش لەماوەی بەدواداچوون و خوێندنەوەی بەشێک لە بەرهەم و شیعرە بڵاوکراوەکانیدا، دەبینیت ڕۆژانە لەو ڕووداو و کارەسات و گۆڕنکارییانەی کە بەسەر ناوچەکانی تردا هاتوون، ئەو نەک هەر لێیان بێ ئاگا نەبووە، بەڵکو بە شێوازێکی زۆر سادەش بێت شیعری بۆ وتوون و هەموو هەست و بە ئاگاییەکی خۆی لەو بارەیەوە بە زمانی شیعری دەربڕیوەو هۆنیوەتەوە. بۆ نموونە لە باسکردن و ماتەمینی کارەساتێکی وەک شاری هەڵەبجەدا کە لەلایەن حکوومەتی بەعسی عێراقەوە لە ١٦/٣/١٩٨٨دا کیمیاباران و بۆمباباران کرا، شاعیرێکی وەک ناهیدەی محەمەدی بە پارچە شیعرێکی پاراو و لەژێر ناوونیشانی: «وە نووهاتمە» دا بە شێوەزاری کرمانجی خواروو (زاری کەڵوڕی)ـەکەی خۆی بەم شێوەیە هەست و بۆچوونی خۆی دەردەبڕێت کە نووسیویەتی:

**وەنوو هاتمە تادەردد بویشم**
**تەرح بی بەشیت وەشیعرم کیشم**
**وەنوو هاتمە تا بویشم مینی**
**غەم و پەژارەم لە دڵم سینی؟**
**هاتمە بویشم منیش شکیامە**
**وەجەورێ زاڵم منیش سوزیامە**

ئەم هۆنراوەیەش بۆ خۆی تا ڕادەیەک بریتییە لە دەقێکی سەربەخۆی شیعری و لە بەشێکی تری هۆنراوەکەشیدا بەم شێوەیە دەبێتە هاوخەمی کۆمەڵانی خەڵکی باشووری کوردستان، بە تایبەتی دانیشتوانی شاری هەڵەبجە و بە سەلیقەیەکی شیعری جوانەوە دەنووسێت:

**وەی ڕا هەڵەبجە دورە لە شارەیل**
**ئەوج مەزڵومی تەمام کوردەیل**
**وەی ڕا هەڵەبجە، کەس ڕای نەگیرس**
**چەوێ عەداڵەت وەپی نەنوورس**
**کوردستان گشتی جی زەجرو غەمە**

**سەد دەفتەر بویشم لێ دەردە، کەمە**

هاوکات لە شوێنێکی دیشدا کە دەقێکی شیعری خۆی بۆ وەسف و ستایشکردنی: «خێڵی گەورەی مەڵەکشاهی» ناوچەی ئیلامی رۆژهەڵاتی کوردستان نووسیوە، بەنەفەس و لێکدانەوەیەکی زۆر وردەوە، وێنەی ژینی لادێ و لادێ نشینی کوردەواری و ئەرکی رۆژانەو باسکردن لە چۆنێتی کار و فرمان و نەریتی کوردەواریی ئەو ناوچەیەمان بۆ دەکێشێ و بیردەخاتەوە، بە جۆرێک لە چوارچێوەی ئەو دەقە شیعریەیدا، دەیان وشەگەل و ئاماژە و رستەی ناو کولتووری کوردەواریی وەک: «نانی ساجی ژێردەوار، داس و گەلەدرەو، مەتەڵ، گورانی چڕ، دەهۆڵ و شایی و هەڵپەرکێی کوردەواریمان بۆ وێنە دەکێشێ و هاوکات بەزمانێکی شیعرییەوە لەگەڵیاندا دەکەوێتە گفتوگۆ کە دەڵێت:

**یادتان وەخەیر گورانی چڕەیل**
**شون نامەردی لە ماوا بڕەیل**
**یارەیل گەنم، عاشقەیل داس**
**وەکورە چینە هاو کوڕەیل خاس**

بێجگە لە هەموو ئەوانەش یەکێک لە تایبەتمەندی و خەسڵەتە دیارەکانی خانمی شاعیر ناهیدەی محەمەدی لەوەدا رەنگ دەداتەوە و سەرچاوە دەگرێت، کە بەردەوام وەک کەسێکی کۆڵنەدەر و پشوودرێژ دێتە بەرچاو و بەردەوام لەسیاقی شیعرەکانیدا، بەتایبەتی ئەو شیعرانەی کە لەسەر کێشی سەرواداری نووسیونی کە بەرای ئێمە گەلێک تێیاندا سەرکەوتوو بووە، بە بەراورد لەگەڵ ئەو دەق و شیعرانەیدا کە بەشێوەی سەربەست واتە (حر) نووسیونی، وەک لە هەردوو دیوانە شیعری: (هاواری بەڕوو) و (دەروەچەیل شەکەت)یدا دەردەکەون، وەک ئەوەی کاتێک زۆر بە دیقەتەوە بیانخوێنیتەوە، تۆ بەردەوام ئاسۆ دەبینی، رووناکی و ئاییندەیەکی گەشی ئەوتۆت بەرچاو دەکەوێت، کە ئەوی شاعیر تەمەنایان دەکات و شیعریان بۆ دەنووسێت و دەهۆنێتەوە و بە پیریانەوە دەچێت، بێجگە لە پەیوەست بوونی بە خۆشەویستی بۆ هەوار و بۆ وڵات و بۆ نیشتمان، تەنانەت بۆ شارەکەی خۆی: (ئیلام) کە لە چەندین شوێن و لاپەڕەدا ناوی دەهێنێت و بە بووکی (زاگرۆس)ی وەسف دەکات و زۆر جاری واش هەبووە دەقی شیعری سەربەخۆی بۆ نووسیوە، کە ئەو رەنگدانەوەو خۆشەویستییەی ناخی تێدا بەرجەستە دەکات:

**کەعبەی ئارەزوو غەمگین شارەکەم**
**عەرووسی زاگرووس ئەی هەژارەکەم**
**کێ دیە عەرووس بێ باوەنی بەش**
**زەماوەنەگەی وەکراسی ڕەش...**

هەر بۆیە داخوازی و ئاواتی لەمێژینەی ئەو لەوەدا رەنگ دەداتەوە، کە هەموو خاوەن حەقێک بە مافی رەوای خۆی دەگات و ئاییندەیەکی رۆشن و درەوشاوە، کۆتایی بە هەموو (شەکەت)ی و ماندووبوونێک بێنێت و دەروازەیەکی پڕ لەئومێدی بۆ بخاتە سەر پشت:

**مانگ بایدنەو دەر تیرەکی بچوو**
**گەرمێ هەسارە باوشێ سەردێ شەو**
**بەهارێ بایدن واران بەش بکەی**
**قەفەس نشینەیل حەق بونن وەچەو**

ماوەتەوە بڵێین: ناهیدەی محەمەدی لە دایک بووی شاری (قەسری شیرین)ی رۆژهەڵاتی کوردستانەو سەرەتاکانی خوێندنی لە شاری (ئیلام) تەواو کردووەو دواتریش بەشی: «پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان»ی زانکۆی تارانی خوێندووەو تا ئێستا توانیویەتی چەند دیوانێکی شیعریی خۆی بە زمانی کوردی (شێوەزاری کەڵوڕی) چاپ بکات و بە دوای یەکدا بڵاویان بکاتەوە، لەوانە: «چەوەڕێ، هاواری بەڕوو، دەروەچەیلی شەکەت.......» بە ئومێدی بەردەوامی و شیعری جوانتر و نوێتر بۆ ئەم خانمە شاعیرە.

واتای هەندێک وشەی ناو شیعرەکان:

– بویشم: بێژم، بڵێم.
– بی بەشیت: بێ بەشیت.
– مینی: دەمێنێت.
– لە دڵم سینی: لە دڵم دەسێنێت.
– شکیامە: شکاوم.
– سوزیامە: سووتاوم.
– کەس ڕای نەگیرس: کەس بۆی نەگریا
– چەوێ: چاوێک.
– وەپی نە نوورس: بۆی نەیڕوانی، ئاوڕی لێ نەدایەوە.
– وەکوورە چینە: بۆ کوێ چوون.
– مانگ بایدنەودەر: مانگ بێتە دەرەوە، مانگ هەڵبێ.
– تیەرەکی بچوو: تاریکی بڕوا.
– حەق بونن وەچەو: بەچاو حەق ببینن.

# هەژارانەی دیوانی کازیوەی شێرکۆ بێکەس

فەرامەرز ئاغابەیگی
(یەزد)

**سەرەتا**

دیوانی کازیوە، وەک شێرکۆ بێکەس خۆی ئاماژەی پێ کردووە، کۆمەڵێک "پۆستەرە شیعرە" کە لە نێوان ساڵانی ١٩٧٥-١٩٧٩دا بەرهەم هاتوون. ئەم دیوانە کە سەرجەم ١١٤ شیعری کورت لە خۆ دەگرێت، لە زۆر بوارەوە هەڵدەگرێت شی بکرێنەوە، چونکە تابلۆ شیعرییەکان هەر خوڵقێنەری وێنەی جوان نین؛ بەڵکو جیا لە جوانکاری شیعری، مانای زۆر قووڵیان تێدا پەنگ دەخواتەوە.

لەم وتارەدا هەوڵ دراوە، باس لەسەر بابەتێک بکرێت کە بێکەس لە چەند شیعری ناو دیوانی کازیوە هێناویەتە گۆڕێ و وەک ژانرێکی شیعری دەشێت بڵێین بایەخی پێ داوە. ئەم بابەتە، بابەتی "هەژاری" یان "توێژی هەژارانە" کە دەتوانین بە یەکێک لە تێمە شیعرییەکانی بێکەس بە ئەژماری بێنین. شاعیر لە هێنانە بەر باسی ئەم بابەتە بێ ئەزموون نییە؛ خۆی رەنجی زۆری دیوە و بە کوڵانی تەنگەبەری ئەم مەسەلەیە ئاشنا بووە، هەر بۆیە وەها کەڵکەڵەیەک لە ناو زەین و دڵیدا کاردانەوەی ڕاستەوخۆی لەسەر شیعرەکانی هەبووە.

**پێشینەی لێکۆڵینەوە**

سەبارەت بە تەوەری هەژاری، دەبێ بڵێین تا ئێستا وەک ناساندنی ناوەرۆکی شیعری بێکەس بایەخی پێ نەدراوە، هەر بۆیە بە پێویستمان زانی یەکەم هەنگاوی بۆ هەڵبێنینەوە تا وەک ڕێخۆشکەرێک هەنگاوی باشتری بەدوادا هەڵبێنینەوە و باسی زیاتری لەسەر بکرێت و بەستێن بۆ شیعرەکانی دیکەشی ئاواڵە بکات.

**نموونە شیعرییەکانی هاوپێوەند**

سەرەتا لێرەدا دەقی شیعرەکانی دیوانی کازیوە کە لەگەڵ تەوەری وتارەکە هاوپێوەندن دێنینەوە، پاشان کورتەیەک لە ماناکەیان ئاراستە دەکەین. هەڵبەت مانای شیعرەکان تەنیا بۆچوونێکە لە پەیامی شیعرەکان و دەکرێت زۆرتر لەوەی باس کراوە مانا ببەخشن:

(١) شیعری باڵا:

**ئازارێکی باڵا بەرزم**
**بێ ئەوەی بچمە سەر شانی،**
**خەمێکی تر.**
**تەنیا بە سەر هەڵبڕینێ**
**برین لە کوێ بێ ئەیبینم**
**هەژار لە کوێ بێ ئەمبینێ.**
**(ل:٢)**

لە شیعری "باڵا"دا، شاعیر خۆی بە ئازارێک دەناسێنێت، کە هێند ئاشنای دەرد و هەژارە، زەحمەتی ناوێ بیاندۆزێتەوە، هەر کات بیەوێت دیمانەی یەکتر دەکەن، چونکە ئەمانە بوونەتە بەشێک لە خۆی و لێی دوور نابنەوە. شیعرەکە لە مانای بەربلاودا پێمان دەڵێت: ئەگەر خاوەن دەرد بیت، هەم دەرد ڕووت تێدەکات و هەم تۆش گوێ لە دەرد ڕادەگریت، ئیتر سنوورێک لە نێواندا نامێنێت.

لە کۆتایی شیعرەکەدا شاعیر بەڕاشکاوی ڕوانینێکی گشتی بۆ مەسەلەکە هەیە و نەبەستووەتەوە بە شوێنێکی تایبەتی، ئەوەش هەڵگری ئەو پەیامەیە کە شوێنگە و نەتەوە بۆ ئەو هیچ مەرج نییە، بەڵکو تێگەیشتن لە ئازاری مرۆڤەکان گرنگە. هەر ئەم حاڵزانییەی شاعیر بووەتە هۆی ئەوەی کە بۆ هەژاران ببێتە "سنگ صبور".

(٢) شیعری بەفر:

**هەژارینە..**
**خۆشەویستی ئێوە بەفرێکە..**
**چوار وەرزە..**
**ئەبارێت و باڵای شیعرم سپی ئەکات**
**چۆن ئەهێڵم گەردێ بیگرێ ئاسمانتانم لێ بتۆرێ**
**چۆن ئەهێڵم تۆزی ڕقێ لێی بنیشێ، ناوچەوانم**
**لە سەر هەڵگوردی ناو دڵتان دابگرێت و گرمۆڵەی کات**
**لەو بەفرەدا نەبێ ناژیم**
**لەو بەفرەشا نەبێ نامرم!.**
**(ل:١٠-٩)**

بێکەس، باس لە خۆشەویستییەکی بەفرئاسا دەکات کە هەژاران دەرحەق بەو، لە چوار وەرزی ساڵدا بەسەر باڵای شیعرەکانیدا دەیبارێنن. ئەم عیشقە ـ عەشقی هەژاران ـ دیارە یەک لایەن نییە، ڕاگرتنی پاکتاویی بەفر، وەڵامی خۆشەویستی شاعیرە دەرحەق بەوان. شاعیر دەڵێت خۆشەویستیتان بە پاکی و مۆری دەهێڵمەوە و ناهێڵم شەقڵی بشکێت، چونکە بێتو قەدرزانی نەبم، لە دەستم دەبێتەوە.

شاعیر بە بڕواوە دەڵێت من پێگەیشتووی ناو ئەو بەفرەم و تێیدا ڕسکاوم، تازە ناتوانم هاوڕێی نەبم، مان و نەمانم لە پێوەندی ئەودایە؛ هەژارینە! بارینی سۆزتان



شێرکۆ بێکەس

بەسەر مندا (هاوبیریتان)، خۆشەویستییەکی بێ بەرانبەرە.

(٣) شیعری فورات:

**فورات.. زۆرجار بە کۆکەکۆک**
**دێت و لە لام دائەنیشێ..**
**دەس بە شەپۆلی ڕیشیا ئەهێنێ و ئەڵێ**
**ـ شیعر بڵێ**
**ئەوەی هەتا سەر بمێنێ**
**ئاوی دڵم و ئەو شیعرانەن**
**کە هەژاران لەبیر ناکەن.**
**(ل: ١٥)**

سەردانی بەردەوامی ڕووباری "فورات" بۆ لای شاعیر لەبەر ئەوەیە کە بە شاعیر ڕاگەیەنێت ڕازی هەتا سەرمانی ئەوان لە دوو شتدایە: بۆ فورات ئاوی دڵ، بۆ شاعیر ئەو شیعرانەیە کە تێیدا یادی هەژاران دەکات. واتە: جاویدانی فورات بە حوکمی کوڵوکۆی ئاوی دەروونێتی و هی شاعیرش بە سۆنگەی ئەم جۆرە شیعرانەوەیە. لە واقیعدا مەبەست ئەوەیە بەرهەمێک کاردانەوەی ڕەنج و ئێشی خەڵکی تێدا بێت، خۆشەویستە و لە بیر ناچێتەوە.

(٤) شیعری ئێستگە:

**ئێوارە بوو**
**بیرم کردی و لە نێوانی دوو لووتکەوە**
**پرچەکانت دایە دەستم**
**لە هەورێکی ئاوارەوە ئاڵاندمن،**
**باران لە ناویا نوستبوو**

**که باران چاوی کردەوە**
**پرچەکانت برووسکەی داو،**
**دڵم باری!**
**بیرم کردی و بووم بە مەلێک کلێپەم بەستە باڵەکانم**
**لە بواری**
**تەمە قووڵەکانم ئەدا**
**تا هاتمە لات**
**لەو سەرەوە بە سووتانما خۆت هەڵواسی و،**
**هاتیتەوە ناو کازیوەی هەژارەکان**
**بیرم کردی و لەو ئێوارە غەمگینەوە**
**من تەنیاییم بۆتە ئێستگەی**
**دابەزینی غەریبەکان!**
**(ل: ٢٤)**

لە شیعری "ئێستگە"، شاعیر بۆ دیداری یارێک بەرێ دەکەوێت کە لە بیریدا نوقم بووە. کاتێک دیمانەی دەکات، لە گەڕانەوەدا، مەحبووبەکەی دەبێتە هاوڕێی و بە سووتانی شاعیردا خۆی هەڵدەواسێت و دێتەوە ناو دنیای کازیوەسای پاکی هەژاران، کە شاعیر لەوێوە سەری هەڵداوە. گەڕانەوەی مەحبووبی شاعیر بۆ ناو کازیوەی هەژاران بە مانای پەیمانی هاودەردی لەگەڵ ئەم چینەیە، هەروەها تێگەیشتن لە دەردی شاعیر.

(٥) شیعری پرس:
**بە ((داس)) م وت:**
**لە بەرچی وام کۆم بوویتەوە؟!**
**وتی:**
**لە درووێنەدا وام لێهات.**
**بە ((هەڵەکۆک)) م وت..**
**تۆ بۆ چی وا تەمەن کورتی؟!**
**وتی بۆچی لە دوای بەفر**
**ژیان تامی تیا ئەمێنێ؟!**
**بە ((تاق..تاق کەرە)) م وت:**
**تۆ بۆ نانووی؟!**
**وتی نەوەک دڵدارەکان وا بزانن.. ئێشکیان ناگرم!**
**بە دوا هۆنراوەی خۆشم وت:**
**ئەی تۆ بۆ چی ئاوا گڕت تێ بەربووە؟!**
**وتی نەوەک ((قەقنەس))**
**وابزانێ.. هەژارەکان بێ هاودەمن!**
**(ل: ٦٢-٦١)**

لە شیعری "پرس"دا شاعیر بە پرسیارکردن لە داس و هەڵەکۆک و تاق تاقکەرە دەیەوێت بڵێت وەک چۆن هەموو ئەوانە وەڵامیان هەیە بەرانبەر بە بوون، منیش لە دوا هۆنراوەم هۆی گڕ تێبەربوونیم پرسیار کرد. وتی: تا قەقنەس بزانێ هەژارەکان، بێ کەس و هاودەم نین، بەڵکو ئەوانیش غەمخۆریان هەیە و لە بیر ناکرێن. کەسانێک هەن کە بۆیان بسووتێن.

هۆنراوەی شاعیر هەبوونی خۆی چەشنی ((قەقنەس)) هێناوەتە ئارا و گڕگرتن، یان پەیامی خۆیشی بەوێنەی ئەو بەیان کردووە کە هەر وەک چۆن قەقنەس بە سووتانی، دەبێتە مایەی ژیان بەخشی؛ هۆنراوەش بە سووتانی (دڵسۆزی/غەمخۆری) دەبێتە مایەی هاوڕێیەتی خەڵکانی هەژار.

(٦) شیعری ئاشنایەتی:
**نەبووم بە ئاشنای درەخت و،**
**باڵندەیەک نەیدووانم**
**هەتا سەرم نەدایە دەس**
**هەوری تووڕە و نەیبارانم!**
**نەشبووم بە هۆرەی ڕووبار و**
**شەپۆلیش نەیدووانم**
**هەتا دڵم نەدایە دەس**
**خۆشەویستیی هەژاران و،**
**نەیسووتانم!**
**(ل: ٦٢)**

لە شیعری "ئاشنایەتی"دا، شاعیر دەڵێ تێکەڵ بوون لەگەڵ ئەو شتانەی بەرز و جوان دەنوێنن و بۆی ئاواتەخوازین، بە ئاسوودەیی وەدەست نایە. دەڵێت من ئەو ئەزموونانەم ناوەتەسەر و بەوە گەیشتووم کە بۆ هەر کام لەوانە دەبێت بەهای خۆی بدەیت. جاری وایە دەبێت سەر دابنێت و جاری وا دڵ. شاعیر لەسەر ئەو بڕوایەیە کە هەتا دڵی نەکردە کانگای خۆشەویستی هەژاران و بە دەردیانەوە نەسووتا، نەیتوانی لە دەنگی ڕووبار و دوانی شەپۆل بەهرەمەند بێت. بەواتایەکی تر گەیشتن و تێگەیشتن لە دنیای هەژاران شتێک نییە بە هاسانی دەست کەوێت.

### ئاکام بەندی

هەر وەک لەو چەند نموونە شیعرەی دیوانی کازیوە باس کرا، بەڕوونی دەردەکەوێت بابەتی هەژاری، یان باس لە توێژی هەژاران، لە لایەن شاعیرەوە شتێکی بەهەڵکەوت نییە، بەڵکو بەشێکە لە کەڵکەڵەی شاعیر. هەست و هۆشیاری لە بەرانبەر باس کردنی ئەم سووژەیە، نیشانەی بەرینی جیهانبینی شاعیرە سەبارەت بەوانەی دەکەونە ئەم بازنەیەوە. لەم ڕووەوە، دەتوانین لە پاڵ بابەتەکانی دیکەی شیعری شێرکۆ بێکەس، ئەم بابەتە بە یەکێک لە مۆتیڤەکانی شیعری ئەو بە ئەژمار بهێنین.

**سەرچاوە: دیوانی کازیوە، شێرکۆ بێکەس، چاپی سوێد.**

# مرۆڤی دۆڕاوی ڕۆژهەڵات!

عوسمان عوسمانی
(بۆکان)

لام وایە کە سەرجەم دین و عیرفان لە شوێنێک بە یەک دەگەن و ئەو شوێنەش گەڕانەوەیە بۆ خود. بۆ وێنە کاتێک جان هیک فەیلەسووفی ئایینی دەڵێ: عیرفان ناخی ئایینە، بە جۆرێک دەگاتەوە بە هەمان وتەی پیرۆزی قورئانی لە بارەی کاکڵی ئایین کە دەفەرموێت: بە ئاوڕدانەوە لە خولْقانی سەرەتایی مرۆڤ و بە پاکی بۆ لای دین ڕووت وەرگێڕە.

یەکگرتوویی ئەو دووانە، واتە عیرفان و دین ئەو کاتە دەردەکەوێ کە بیرمەندان لە بارەی عیرفانەوە دەڵێن: ئەزموونی عیرفان، گەڕانەوەیە بۆ سەردەمانی کۆرپەیی مروڤ، یان بە واتایەکی دیکە گەڕانەوەیە بۆ خۆڕسک بوون (فیترەت).

واتە زەمانێک کە مالّی مرۆڤ بە نێوی ئامۆژگاری و زانست، یان ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە لە ژێر کاریگەریی سیاسەتی هاوڕەنگی و هاوئاهەنگ کردنەوە، ئاگری تێبەر نەبووبێ!

بەڵگەم بۆ ئەم وتەیە، بۆچوونی "ئارتوور گـــزلی" دەروونناسی گەشەیە کە بۆ پێکهاتنی بەختەوەری منداڵ، جەهاز و هێنراوەکانی خود، بۆ منداڵ بەس دەبینێ.

یانی ئەگەر لە نموونە و تەشبیهـ کەڵک وەرگرین دەتوانین بڵێین ئەو دەمە کە وەک کۆمپیووتەرێکی تازە دروست کراو لە کۆمپانی کە تەنیا سەخت ئەفزاری سەڵتە و پرۆگرام و نەرم ئەفزاری پێ نەدرابێ.

یان بەو چەشنەی "ئالێن واتز" و "کریشنا مورتی" و "ئۆشۆ" گوتوویانە: مرۆڤ دوای لە دایکبوون بە فێڵ و تەڵەکە ناسراوەکانی ئەوڕۆیی لە قوتابخانەی ئاکارخوازی لە دەروونناسیدا دەور دەدرێتەوە، کۆرپە هەر لە سەرەتاوە بە ڕەوشتی شەرتی کردن لە ئەسڵی سروشتی خۆی دوور دەخرێتەوە، یان بە چەشنێک دەیخەینە خەونێکی



**شێخ محیێددینی عەرەبی**

دەستکرد و هیپنۆتیکییەوە تا ئەوەی کە ویستی ئێمەیە و هەڵبەت دژی سروشت و تەبیعەتی ئەوە بەسەر زەین و مێشکیدا بسەپێنین.

به وتەیەکی دیکە و بە گوێرەی پاڵ توئیچێل نووسەری سەفەرە ڕوحییەکان؛ تەواوی ئایینەکان هاتوون پێمان بڵێن بەختەوەری لە دەرووندایە و نابێ لە دەرێدا لێی بگەڕێن.

لە ڕاستیدا لەم وتارەدا زیاتر دەمەوێ ئاوڕێک لە ئیرادی خۆدوڕاندنمان لە بەرانبەری تەواوی ئەو تەکنۆلۆژیا و زانستی ئەزموونی و ئاداب و نەریتانە بدەمەوە کە مروڤی کردووەتە ماشین و ئەویش لە کردەوەدا بە پێچەوانەی ئیدیعای باو نەک ماشێنێکی وەبەرهێنانی بیر، یان ئەو ماشینەی کە بە وتەی حەزرەتی موحیەددینی عەرەبی لە پێناو دیناوی عیرفانی و ئاگاداری شهوودی کە لە دیکەی گیانلەبەرانیشدا بوونی هەیە، سنووردارە بە زانکۆکان تا بیرمەندەکان خۆیانی پێ دڵخۆش بکەن، بە بێ ئەوەی لەسەر ئیدارەی واقیعی تاک و کۆمەڵ ڕۆڵی سەرەکی بگێڕن.

بابەتێک کە پرەنسیپەکانی لە عەقڵییەتێکی ڕۆژئاوایی و ڕێنوێنییەکی خۆدوڕاوانەی ڕۆژهەڵاتی سەرچاوە دەگرێت، واتە ئەو کاتەی کۆمپانیا گەورەکانی چەکمەنی سازی و نەوتی و بانکدارەکان، بە تایبەت جوولەکەکان بۆ سەدان ساڵ پۆلیتیک و ئابووری و کولتووری خۆیان و دیکەی وڵاتان لە ژێر چاودێری دەگرن.

هەڵبەت ئەگەر ئەم بابەتە بە حسابی دواکەوتوویی و کۆنەپەرەستی من دانەنرێت، مەبەستم لە ئاوڕدانەوە لەم ئیرادە ورووژاندنی ئەو پرسەیە کە کۆمەڵناسانی وەک سۆرۆکین لەبارەی ئاوا دەنووسن: کولتوور و شارستانییەتی ڕۆژئاوا ماددەی سەڵتە و ڕەواڵی مێژوویی داوا دەکا بە دوایدا مەعنەوییات جێگیر بێ (لێرەدا مەعنەوییات چ نییە جیا لەو شتەی لە دەروونی مرۆڤدایە و جیاوازە لەوەی کە بە نێوی دین دەیناسین).

"ئاندرێ مالرۆ" وەزیری کولتووری فەرەنسی لە سەردەمی دووەمین جەنگی جیهانیدا دەڵێت: سەدەی بیستویەک، یان نابێ، یان یەکسەر مەعنەوی دەبێ.

"میشێل فووکۆ" بیرمەندی فەرەنسا هەر لەسەر ئەم ڕەوتە دەنووسێت: کاروباری مەعیشەتی پێشاندەری دژە بایەخەکانە و دیارە بایەخەکان بەو جۆرەی ئەهلی نەزەر باسی لێ دەکەن، یان دەروونناسان لە کتێبەکانیاندا و لە قەوارەی پێوەندی لە هەڵبژاردنی پیشە لەبارەیەوە دەنووسن و لە عەمەلدا گرنگی پێ نادەن، نییە، بەڵکو گرینگ دەسەڵاتخوازی و هەستی ڕکابەری و کێبەرکێخوازییە کە لە ئەنجامی لۆژیکی خۆی دەگاتە دۆخێکی دژە مرۆڤانە.

بەم پێیە خۆدوڕاندنی ئەمڕۆیی دوولایەنی لێ دەکەوێتەوە؛ لایەنی یەکەم هەمانە کە تا ئێستە زۆر لەبارەیەوە دواون و دکتۆر عەلی شەریعەتی بە کەڵک وەرگرتن لە دەستەواژەی مارکسی بە "ئیلیناسیۆن" ناوی لێ دەبات و ئیقباڵی لاهووری پێی دەڵێ "بێخودی"، یان جەلال ئالی ئەحمەد وەک ئەحمەد فەردید بە "ڕۆژئاوایی لێدان" دەیناسن.

لایەنی دووەمی خۆدوڕاندن ئەوەیە کە لە نێو دڵی ئایینەکان بە کەمکردنەوەی زێدەباری کۆمەڵایەتی چەپەڵ و بە فامی هەڵە لە حەقیقەت (یان باشترە بڵێین واقعیەت)، باسی لێ دەکەن.

ئەمە لە کاتێکدایە کە بۆ چارەسەری پارادۆکس، یان دژوازییەکانی نێوان حەقیقەت و واقعییەت لە فەلسەفەی دیاردەناسی دوو دەستەواژەی جیاواز بەکار دێنن کە بریتین لە؛ فنۆمێن، یان دیاردە واتە شت بەو جۆرە کە

دەیناسین (واقعیەت) و نۆمین، یان بان دیاردە واتە شت بەو جۆرەی کە لە واقیعدا هەیە (حەقیقەت).

ئێستاش بە جاردان لەسەر خۆدۆڕاندن و جۆرەکانی ئەم چارەڕەشییە وا باشە بچینەوە سەر ئاستەکانی شەڕ و نەهامەتی ڕۆژهەلاتی بوون؛ ڕۆژهەلات چەند سەدەیە خۆی لە بەرانبەری مروڤی ڕۆژئاوادا دۆڕاندووە و مروڤی هەردوو لا چەند هەزار ساڵە خۆیان گەوهەری بە بایەخی دەروون و خۆبوون و هۆشیاری دەروونیان لە هەمبەر دەرەوەی لە دەست داوە.

سپینۆزا بە دروستی ئامۆژگاریمان دەکات و دەڵێت: گەشە و گەورە بوون و بێ کەمایەسی لەوەدایە هەر شتێک، خۆی بێت!

هەروەها ئەم فەیلەسووفە ئاوەزخوازە هۆڵەندییە دەشڵێت: ئەگەر ئەسپێک بیێتە مێشوولە لە ناو چووە و بە هەمان شێوە ئەگەر مێشوولەیەک بیێتە ئەسپ! گەشە کردن بەوەیە هەرشت و هەر کەسێک خوێ بێت و بەس.

بەم جۆرە دەبینین چۆن ئایین، عیرفان و فەلسەفە پێکەوە شک دەکەن لە موتڵەق بوونی زانستەکانی ئەزموونی و باسی گەڕانەوەی مروڤ بۆ ئولووهییەتی دەروون و دەست شتنەوە لە پەرستنی دەستکردەکان دەوروژێنن.

کەواتە ئەرخەیان بن نوقم بوو ناتوانێ نوقم بوویەکی دیکە دەرباز بکات و ڕۆژئاواش ساڵگارێکە نوقم بووە و ناتوانێ سەرچاوەیەکی متمانە پێکراو بێ بۆ گەشەسەندن، ئەمەش لە خۆیدا دەتوانێ هێزێک بێت بۆ بە خۆدا هاتنەوە و باوەڕ بە خۆکردن و دەرباز بوون لە هەستی دۆڕاندن.

**مرۆڤ؛ مەکینە مرۆڤ، یان ڕۆبۆت؟!**

لە سەدەی بیستەمدا گۆرجیف، خواناسی سۆڤێتی لە زۆربەی لێکدانەوەکانیدا؛ لە مرۆڤ وەک مەکینەیەکی بێ ڕوح دواوە؛ مرۆڤێ کە ئیتر مەعرفەت و ئاگاییەکی تایبەت بە مروڤی تێدا بەدی ناکرێت.

ئۆسپێنسکی لە قوتابییەکانی لایەنگری گۆرجیف لە نووسراوەکانیدا بە هەمان شێوە مرۆڤ دەناسێنێت، واتە بە لای ئەویشەوە؛ دەروونناسی و کۆمەڵناسی بە هۆی بە نموناکردنی "مەکینە مرۆڤ" (کە جیاوازە لە مرۆڤی سروشتی) دروشمی واقیعگەراییان هەڵگرتووە و خۆیان بە زانستە ئەزموونییەکانەوە هەڵواسیوە و لەم ڕووەوە تاوانبارن؛ جورێک لە مرۆڤە کە لە گیانلەبەرەکانی دیکە کەم بایەخترە.

بە بڕوای من لە دوایین ساڵەکانی سەدەی بیستەمدا؛ بە پەرەگرتنی ئامێری کۆمپیووتەر و کاریگەریی پرۆگرامەکانی؛ دەگونجێ ئەو جۆرە مرۆڤە لە ڕیزی کۆمپیووتەر– ڕۆبۆت – دابنرێت تا مەکینە.

دیارە ئەم شوبهاندنە بە مانای سەرکەوتوویی مرۆڤ نییە و جارێکی دی گەندەڵبوون و ناتەواوی تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ لە هەمبەر باقی گیانلەبەرەکان (بە هۆی گرینگایەتی غەریزە لەواندا) بەرچاوترە و ڕۆژئاوایی گوتەنی: تراژیکبوونی ئەو کێشەیە پتر لە سەرمان کاریگەرە.

لە ڕوانگەی خواناسیشدا، بەهەشت و ئەوپەڕی بەختەوەری مرۆڤ؛ دیارە گەڕانەوەیە بۆ سەردەمی کۆرپەبوون کە لە لایەن هیچ بەشێکی کۆمەڵگەوە پرۆگرامێکی بەسەردا نەسەپێنراوە و زەینێکی ساف و بێ خەوشی هەیە؛ مرۆڤێک کە ئاواتی لە مێژینەی دەروونناسانە.

ئەگەر لە سۆنگەیەکی دیکەوە لەم بابەتە بڕوانین، دەتوانین بڵێین کۆرپە ئێستا نەچووەتە ژێر دیلی هیچ ڕێکخراوێکی کومەڵگەوە؛ وەک گرێبەستەکانی زمان، یاسا، ئاکار، زانین، جوانیناسی، تایبەتمەندییەکانی ناو کۆمەڵ، ناسنامە، جیهانبینی، بەشەماڵ و فەلسەفە و ئایین (لێرەدا فامی ئایینی وەک ئایین لێک دەدرێتەوە کە جیاوازە لە گەوهەری ئایین کە بە پێی قورئان هەمان مرۆڤە). هەندێک لەم ڕێکخراوانە لە ڕێگەی خوێندن و پەروەردەوە فێر دەبین و هەستمان لا دروست دەکەن و هەندێکیان بە پێی هاوڕەنگی کۆمەڵ وەردەگیرێن و وەک خەوی دەسکردە باوەڕیان پێ دەکەین.

شوبهاندنی مرۆڤی ئەو چل هەزار ساڵەی دوای مرۆڤی بیرکەرەوە، بە کۆمپیووتەر، یان ڕۆبۆت بەو جۆرەیە:

مرۆڤیش وەک زانایانی ئایینی و فەیلەسووفانی ناسراوی وەک "جان لاک" دەڵێن؛ هەر وەک کۆمپیووتەر (لێرەدا ڕۆبۆت)، یان بەشی سەخت ئامرازەکەی کە تازە لە کارخانە بێتە دەرێ، هیچی لەسەر نەنووسراوە و هەر جۆرێک بەرنامەی پێ بدەن بەو جۆرە ڕەفتار دەکات.

کۆمپیووتەر – ڕۆبۆت – دێرس (ڤایرۆس) دەگرێ و دوای ئەو دێرسە توانایی پێشینەی لە دەست دەدات، بە هەمان چەشن تەواوی بیرە نەخۆشەکانی مرۆڤیش کە



فرۆید

سەری لێ شێواندووە هەر ڕۆڵی دێرس بۆ مرۆڤ دەگێڕێ و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان بە بەرنامە و پرۆگرامی دایکان و باوکان ئەو دێرسانە دەڕێژنە مێشکی کۆرپە و لەودا مرۆڤایەتی (یان خودایەتی بەو جۆرەی دواتر باسی لێ دەکەین) لە ناو دەبەن.

ئەگەر دێرسەکانی ڕۆبۆت پاکسازی بکرێن دەچێتە سەر ڕەوشتی سازەندەکەی کە بۆ کەڵک لێوەرگیرانە، ئەگەریش دێرسەکانی مرۆڤ کە بریتین لەو زانستانەی وا لە ڕیکخراوە کۆمەڵایەتییەکانەوە (بەو جۆرە کە ناوی هەندێکیانمان برد) ئاراستە دەکرێن، لە ناو ببەین و ببینەوە هەمان شت کە دروستکەری مرۆڤ مەبەستی بووە، دەچینەوە سەر سروشتی سەرەتاییمان کە هاوئاوێتە بوونە لەگەڵ هەموو جیهانی بوون، ئەوەش چ نییە جیا لە گەیشتنەوە بە مانای تەسبیح و مەلێ کردن بۆ لای خودا و لێکدانەوەی ڕووداوی ئەمانەت، کە قورئان لەبارەیەوە دەفەرموێ: ئاسمان و زەوی و کێوەکان هەڵگری نەبوون و مرۆڤ هەڵی گرت و پێی تاوانبار و زاڵم بوو. ئەو زوڵمە کە ئاگری بەرداوەتە هەموو ژیانی، چونکە لە سروشتی خۆی دوور کەوتووەتەوە.

بە پێی ئەم بۆچوونە، عیرفان و هەڵبەت ئایینیش هەمان وەرسووڕانەوەن بۆ لای سروشتی تایبەت بە مروڤ، کە بێ گومان لەگەڵ سروشتی گیانلەبەرانی دیکە و لە سێبەری شەریعەتێکی زۆر لە پێشینە جیاوازە کە بە پێی پێویستی دەورە و هەلومەرجێکی تایبەت دامەزرابێ و شیاوی هەلومەرجی ئەمرۆکە نەبێ؛ واتە لەگەڵ ناوەرۆکی مروڤیشدا یەکگرتوویی نەبێ.

ئەمە لە کاتێکدایە، کە ئەوانەی بە ڕواڵەت لە دین دەدوێن و دەقە ئایینییەکان لێک دەدەنەوە، ئەو غەریزانە کە گیانلەبەرەکانی دیکە بەرێوە دەبات لە ژێرکاریگەریی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکاندا دەبینن، کە ئەو لێکدانەوەیە زەینی و هەڵەیە.

بە لای "زیگمۆند فرۆید"ـەوە تەواوی شارستانییەتی خۆمان لە دوای سەرکوتکردنی ئیشتیای نێرمایی سەری هەڵداوە و ئەو هەستە زۆر سروشتییەمان ناحەز دەبینێ.

یان بە واتایەکی دیکە: گیانلەبەران هەر دەتوانن بخۆن و سێکس بکەن و لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ دوورن و بەو بیانووەوە دەشێت سەرکوتیان بکەین و گەلێک جاریش بە ئاسایی لە قەراغ دەسەڵاتە سەیر و سەمەرەکانیان تێدەپەڕین، تەنانەت زەحمەتی ئەوەش بە خۆمان نادەین بە هێزە زانستییەکانمان کە ئەزموونی و"شەهوودی"یە، لێی بکۆڵینەوە و بزانین بۆ گیانلەبەرانی وەک ئەسپ، یان سەگ دەتوانن بەر لە هاتنی بوومەلەرزە، هەستی پێبکەن و باڵندەکان و گیانلەبەرانی دیش بەو جۆرە؛ بەڵام ئێمەی بە فیز و ماقووڵ کاری ئاوا ناتوانین.

کە وا بوو بە پێی لێکدانەوەکانی یۆنگی دەروونناس دەتوانین بڵێین: کاتێک گیانلەبەرانی دیکە لێک دەدەینەوە، ئەوەی کە لە خۆماندا هەستی پێدەکەین و بە سووکی دەگرین، وەک مەیلی سێکسی، لەواندا بارگاوی دەکەین و ئەوانی پێ سەرکوت دەکەین، تا ئەو تاوانە لە خۆماندا بە ئەستۆ نەگرتبێ!

بابڵێین: فیترەت و خولقانی سەرەتا وەک سەخت ئامرازێک بۆ ڕزگاری مرۆڤ بەسە و پێویستییەک بە بەرنامە و پرۆگرام لەو بارەوە نییە و بە پێچەوانەی ئەو وتەیە کە دەڵێت؛ ڕێنوێنی "تەکوینی" تەنیا بۆ گیانلەبەرانی دیکەیە، ئەو ڕێنوێنییە بۆ مرۆڤیشە و ڕێنوێنی ئایینی تا ئەو ئاستە پێویستە کە "مرۆڤئاسا" بگەڕێنێتەوە سەر ڕێنوێنی "تەکوینی" و فیترەتیان، بەڵام لە بیری نەکەین کە غەریزە لە مرۆڤدا جیاوازی لەگەڵ

غەریزە لە گیانلەبەرانی دیکەدا هەیە، واتە لە شەمپانزی، یان گیانلەبەرانی زۆر نزیک بە مرۆڤ جیاوازە.

نابێ لە یادی بکەین کە زۆربەی زانایانی ئایینی، چ لە ئیسلام، مەسیحییەت، یان جوولەکە، بڕوای داروین دەربارەی ئاڵوگۆڕ بە سەرداهاتنی (تکامل) هەموو گیانلەبەرانیان بە ڕاست زانیوە و پاشان ئەوەی کە چل تا سەد هەزار ساڵ پێش، نەتەوەی مرۆڤ، قۆناغێکی دیکە تێپەڕ دەکات و بە وتەی گیانلەبەرناسان؛ هۆمۆساپییەن (مرۆڤی بیرکەرەوە) دێتە سەر دنیا. کە بە وتەی تییاردۆشاردێن- مرۆڤناسی پێکەنی- و ئایزایا بێرلین؛ هۆمۆساپییەن هاوکاتی بیرمەندبوونی خاوەن توانستی بیر لە خۆکردنیشی هەیە.

ئەم بۆچوونە بە بڕوای من شرۆڤەیەکی تازەترە بۆ هەمان ئایەتی قورئانی کە دەڵێ: دوای هەستانە سەر لاق ئەو ساتە کە دەبێتە نیاندەرتاڵ- لە ڕوحی خۆمم خستە ناو دڵ و دەروونی مرۆڤەوە- هۆمۆساپییەن-.

یان مرۆڤی هۆمۆساپین بە بارێکی دیکەدا ئاماژەیەکە بە "فنا فی الله"، یان نیرڤانای بودیستەکان، یان سامادێهی یووگییەکان و سەخت ئەمرازی مرۆڤ کە تایبەت بە خۆیەتی لەم قۆناغەدا دەخوڵقێ و ئەم جار غەریزەی تایبەت بە مرۆڤ دێتە بوون، کە دیارە پلەیەک لە گیانلەبەرانی پێش خۆی لەسەرترە.

بە پێی ئەم لێکدانەوەیە دەتوانین بڵێین غەریزە لە مرۆڤیشدا تەواوی مروڤایەتی ئەوە، ئەمەش هەمان مانا دەگەیەنێت کە؛ بە ڕاستی مرۆڤ ڕەنگ و خوڵقی خودایی دەگرێ و ڕاڤە و تەفسیری "نفخت فیه من روحی" ئەوەیە کە لە هۆمۆساپییەندا بە ناو نەرایەتی، پەیکەرەی ئەبولهۆل دەبینین کە خیلقەتی منداڵ لە گەورەدا دەنوێنێ (کاتێک دەڕوانینە کۆرپە دەبینین کە چاوی ناڕوانێتە شوێنێکی تایبەتی، واتە دەڕوانێتە هەموو جێیەک و ئۆسپێنسکیش هەڵبەت ڕواڵەتی ئەبولهۆل و چاوەکانی هەروا دەگێڕێتەوە) کە وەک تایبەتمەندیی ئەزموونی عیرفانی جێی سەرنجە (بەو جۆرە کە پێشتر باسمان لێ کردووە ئەزموونی عیرفانی گەڕانەوەیە بۆ سەردەمی کۆرپەیی).

لێرەدا بیری بۆچوونەکانی فرۆید و پیاژە لە بارەی هەستی یەکێتی لای کۆرپە دەکەمەوە، ئاوەها کە دەتوانێ هەر ئەو هەستە ناسراوەمان بیر بخاتەوە کە عارفەکان بە یەکێتی زات ناوی لێ دەبەن و لە ئایینەکانی ئیبراهیمیشدا بە هەمان چەشن پێناسە کراوە؛ واتە ئەو کاتەی باس لە یەکێتی خواوەندگار دەکەین (تەوحید).

سەیر لەوەدایە دەروونناس و کۆمەڵناس و مرۆڤناسانێکی زۆر؛ چاخی گەشەیی مرۆڤ و کومەڵ وەک یەک دەبینن و باسی لێدەکەن -ڕاست بە چەشنی هۆموساپییەن و عارفانی خاوەن ئەزموونی عیرفانی- و ئەمە بە گەڕانەوە بۆ خولی کۆرپەیی نیشانی دەدەن، کە لەوێدا نیشانێک لە مەیلی نێرمایی نییە.

تەنیا لە ناو غەرایز؛ مەیلی نێرمایی نییە کە لە مرۆڤی سروشتیدا ونە؛ کە هێز و توانایی سەیری ئاگاداری و شهوودی مرۆڤ بەسەر خۆیدا؛ توانیویەتی جادوو و تەلیسم و موعجیزات بخوڵقێنێ و حوکماتی ئەو لە بان برسێتی و تینویەتی...تاد و هەموو هەوجێکانی خوارتر کە لە گیانلەبەرانی ترمان گرتووە بە شایەتمانی یووگییەکان لە خۆ دوورخەینەوە و جێنشینی تەواو (لە خوداوەندگاری) لە مرۆڤی سەر زەویدا نمایش بکات! واتە بە پێچەوانەی جاڕدانی مودێرنەکان کە گەورەیی لە داهاتوودا دەبینن ئەوانە کە بە پۆست مۆدێرن دەناسرێن و سوننەتگەراکانی وەک ئەلدۆس هاکسلی و هیوستۆن ئیسمیت و ڕێنە گێنۆن؛ ڕزگاری لە گەڕانەوە بەرەو دوادا باسی لێ دەکەن. ئاوا دەگەینەوە بەردەم یەکگرتنی باس لێکراوی ژان پیاژێ و فرۆید لەسەر منداڵ کە هەستی یەکێتی لەگەڵ هەموو دنیادا دەکات.

ئەوە هەمان یەکێتی زاتییە (وەحدەتی وجوود) کە عارفانیش باسیان لێ کردووە و دەڵێن؛ بەهەشتی مرۆڤ ئەو سەردەمە بووە.

هێزەکانی سەرسوڕهێنەر و تایبەت بە مرۆڤیش دەبینین و دەسەڵاتی مرۆڤ بە سەریاندا کە بە جۆرێک پێکهێنەری چاو پێ هەڵێنانی تایفەی ئەجیننە بوو (لام وایە ئەو کاتەی ئێستیوێن هاوکینگ باس لە گیانلەبەرانی سەر و لە ناو دڵی ئەستێرەکان دەکات کە دژ بە مرۆڤن و پێدەچێت لە ئاگر دروست بووبێتن، ئاماژەیەکی زانستییە بە بوونی ئەم بوونەوەرە ئەساتیرییە؛ هەڵبەت فیزیکیای نەزەریش بۆ ئەو لایەنەمان دەبات).

ئەی ئێستا چی لە مرۆڤدا دەبینین؟ ئایا مرۆڤ ئەوەیە کە کۆمەڵێک کەسایەتی خاوەن سامان و پوول و پارەی بێ شومار لە ڕۆژئاوا -کە زۆربەیان جوولەکەن- شوێن و

نەخشەی بۆ دەکێشن تا بە هۆی ئەو پرۆگرامانەی کە بە مرۆڤی دەدەن، زیاتر مروڤی خۆیان و ئێمەش بکەنە مرۆڤی مەکینەیی، یان ڕۆبۆت کە بە پێی پڕوپاگەندەی ئەوان زۆرتر بۆ کێبەرکێ پێکی دێن؛ هەمووو تاک و مرۆڤی ناو کۆمەڵ بە تانە و تەشەری کێ کەم بەشە، با سەرکوت کرێ و ئەو تاکە کەمە، وا پتریان هەیە با پادشایی بکەن و بتوانن هاوڵاتییانیان و دیکەی نەتەوە ئەشکەنجەی ڕوحی بدەن (ئەوە باسێکی زۆرگرینگە کە دەبێ لە جێیەکی دیکەدا زیاتری لەسەر بدوێین).

باوەڕێک لەم چەشنە دەبێتە هۆی ڕادەست کردنی خۆمان بە دەستی سەرلێشێواوی خولی بەر لە گەشەی تایبەت بە مرۆڤ و ئارەزووە بچکۆلەکان؛ واتە ئەگەر تووشی خۆنەناسین و چاو پێدا نەخشاندنەوە بەسەر باوەڕمەندییەکانمان بێین، دەکەوینە داوی ئەو باوەڕە و دەبینە مەزرووفێ تا بە هەرجۆرێک ویستیان دەرمان بێنن.

ئێستا کاتی ئەوە گەیشتووە هاوار بکەین: بە مەکینە بوون و ڕۆبۆتی نواندن وەک لە زۆرێک لە مروڤەکاندا دەیبینین بەسە!

لە یادمان نەچێت کە زۆربەی باوەڕ و هەستەکانمان ئەوانەن کە لە سەرەتاوە، یان دواتریش بە هۆی دایکان و باوکانمان و گەورەکانی سەردەمی منداڵی، یان تەلەڤزیۆن، واتە پڕوپاگەندەوە دەیبینین و قبووڵی دەکەین!

لەم ڕووەوە زیاتری بیر و باوەڕە ئایینییەکانمان کە دەگەڕێنەوە سەر ڕواڵەتەکانی ئایین و بە هەڵە بە ناوی تەواوی ئایین ناسراون؛ جێگەی ئەوەیان هەیە چاویان پێدا بخشێنینەوە.

نابێ لەوەدا کە دەبێ بەسەر ئایین و ئاکارە تەڵقینییەکاندا چاو دەخشێنینەوە هەستی زوڵم و گوناه بکەین، ئاوەها کە نەکوو خیانەتمان پێیانکردبێ، یان پێمان وابێ بێ ئەمەکییە، بە خودایەک کە لە منداڵییەوە بەزەیی پێماندا هاتووە. ئایین و ئاکار بۆ ئەوەن ئێمە بخەنەوە سەر پێکهاتەی سەرەکی خۆمان کە لە مرۆڤدا بە پێچەوانە لەم دۆخ و خاڵە دوورمان دەخەنەوە.

فورماسیۆنی سامان پەرستی لە هەموو توێژەکاندا چ ئابووری، یان نێرمایی وەک هەوڵێکی نەرێنی ئاماژەی پێ دراوە، تەنانەت بە وتەی نیتشە کاتێک مارکس ئەو هەقیقەتە لە دەلاقەی مرۆڤناسییەوە دەورووژێنێت تەنیا هەوڵ دەدات مەسیحییەت ئەم جیهانی بکاتەوە.

لێرەدا بۆ ئەوەی خۆێنەر تووشی سەرلێشێواوی نەیەت و پێی وا نەبێ بابەتی مەیلی نێرمایی، بابەتێکی دژوازە، ئاماژەی خوارەوە دەخەمە پاڵ وتەکانی پێشترم؛

ئیشتیای نێرمایی لە مرۆڤدا بە لای ئەم نووسراوە، تەنیا دەلاقەی کولتووروە خۆی وەک مەیلێکی بنەڕەتی، دەناسێنێت و جگە لە بەڵگەکانی وەک ئوستوورە و گیانلەبەرناسی کە بەو ئەنجامەمان دەگەیەنن، دەروونناسێکی وەک فرۆیدیش لە غەریزەبوونی ئەو مەیلە شک دەکات، یان جۆلیان جێنز وەک زانیارێکی ناسراوی عەسەب دەروونناسی خەیاڵ، وەک هاندەری سەرەکی ئەو هەستە باس دەکات، بەڵام دوای ئەوەی کولتوور ئەو مەیلەی لەزەین و مێشکی مرۆڤدا بزواند؛ دێت بە حوکماتی ئاکار بۆ کاژێری مەرج دادەنێ.

واتە ئەو مەرجانەی ویلیام ڕایش ناوی دەنێت؛ بە کاژێری ناتەواو، کە مرۆڤ نەخۆش دەخات (لە هەندێک لە دەقەکان و وتەی زانایانەوە دەردەکەوێ کە مانای میوەی قەدەغەکراو کە بوو بە هۆی دەرکرانی مرۆڤ لە بەهەشت، هەمان مەیلە بەرگریکراوەیە لە کۆمەڵگەی باوکسالاریدا. لێرەدا وەک لۆئی ئیستروۆس دەڵێت: کولتوور دوای پارێز و بەرگری جنسی لەگەڵ دایک و خوشک و نزیکانی ماڵەوە پێکدێت؛ دواتر بە بارگاوی کردنی مەیلی نێرمایی بۆ مێشکی مرۆڤ (مەبەست مەیلی بە بێ ئەویندارى) ئەرکێکی دژوازی بۆ لە ئەستۆ دەگرێ.

لام وایە ئەو خریتە دژوازەی کولتوور؛ لە ڕێی ئیدارەی مرۆڤ وەک ئۆبژەی ئابووری و نێرمایی، بەو هێزە دەگات، کە بە نەمانی ڕێکخراوەی خاوەنداریەتی لە بواری نێرمایی بە تایبەت، بتوانێ مرۆڤی یەخسیر ڕزگار بکات و بۆ لای مرۆڤی سروشتی ببات. ئەمە لە کاتێکدایە کە پێش هەموو ئایینەکان، ڕووبەری دەسەڵات لەو مەیلەدا هێزی گرتووە و لەوێوە هاتووەتە نێو ئایین و ڕەنگی ئایینی بە خۆی گرتووە (خوێندنەوەی مرۆڤناسی ئەوەمان نیشان دەدات).

مرۆڤناسی لەسەر بڕواکانی ئێستروۆس و لوئی بڕۆڵ و...تاد و دەروونناسی بە پێی بڕوای ویلیام ڕایش (وەک داڵغەیەکیش بۆ عارفان) پێمان دەڵێن: ئەو کاتە کە کۆمەڵ و کولتوور مەیلی نێرماییان سەرکوت نەکردووە مرۆڤ بەرەو عیرفان و خۆناسین و خوداناسین و کەشف و

زانستی شهوودی و دیناوی جیهان دەچێت و سرنجی بۆ لای ئەو مەیلە زۆر کەم دەبێ (ئەم ڕوانگەیە تەنیا کردەوەی جنسی ئەویندارانە بە هەند وەردەگرێ و بە ڕێگە چارەی دەزانێ).

ئاوا چارەسەریی دژوازانەی ڕێ بە بەهەشت بردنی مرۆڤ لە دوو لایەنەوە مسۆگەر دەبێ:

**یەکەم:** چوونە دەرێ لە ژێر دیلی ڕێکخراوەکان بە تایبەت فۆرماسیۆنی ئیدارەکردن و خاوەنداریەتی بە گشتی.

**دووەم:** هەر لە کۆرپەییەوە؛ نابێ هیچ ڕێکخراوەیەک بە سەریدا داسەپێنرێ.

هەردوو لایەن مرۆڤ لە یەخسیری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگە و غەریزە خوارووەکان دێننە دەر و بەرەو ئازاد دەبن و تەواوی ئەوانەش کە بە ناوی ئەزموونی زانستین، دروست نین و بە وتەی "پۆل فایرابێند"ی فەیلەسووفی زانست: تەنیا هۆکارێک کە بۆ سەلماندنی زانستی ڕۆژئاوا بەسەر زانستەکانی ڕۆژهەلات، یان قەومییەتەکانی زۆر دوور لە شارستانییەت وەک سووریپێستەکانی مەکسیک، یان خێڵە ئەفریقییەکان هەیە، سەرکەوتوویی تەقەمەنی ڕۆژئاوایە، نەک بورهان و لۆژیکێکی چاکتر و دروستتر.

کەواتە نابێ بە ناوی ڕووناکبیریش، خۆمان لە ئایینی دروست (یان بەشە دروستەکانی ئایین و ئەو بەشەی کە بە ئەوینی مرۆڤ و کۆمەڵ کۆتایی پێ دێ) بە بێ نیاز بزانین و بکەوینە هەمان تەڵەوە کە بە گوێرەی دەروونناسانی ڕۆژئاوایی، وڵاتانی ڕۆژئاوا دەمێکە پێیەوە گیرۆدەن و لەبارەیەوە دەنووسن: خۆ بێ نیاز دیتن لە ئایین هەڵەیە و دووپاتکردنەوەی لە لایەن ئێمەوە هەڵەیەکی گەورەتر (ڕەنگە هۆی ئەم بۆچوونە بە دوو باری جیاواز لێک بدرێتەوە؛ هەم بە هۆی پێدرانی دەروونی پرۆگرامی ئایینی لە کۆرپەییەوە و هەم بە هۆی ناوەرۆکی ساغی ئایینەکە کە نابێ لە بیر بکرێتەوە).

ئەگەر بێتو جارێکی دیکە بە هەموو ئەو بڕیارانەی کە بە ناوی ئایین و ئاکار و بیروڕای تاکی و کومەڵایەتی مسۆگەر بوون، بخوێنینەوە- واتە پێداچوونەوەیەکی هاوشێوەی پۆست مودێرن بۆ ئاوەزی کۆمەڵایەتی- دەبینین کە تا چ ڕادەیەک دێو و درنجی زانستە ئەزموونییەکانمان دەوریان تەنیون و ئیرادەی خۆیان بەسەر ئەزموونییە زانستییەکاندا سەپاندووە. بۆ وێنە ئەو کاتەی جبران خەلیل جبران دەڵێ: چارەڕەش کۆمەڵێکە کە پڕە لە باوەڕ و بەتاڵە لە ئایین، لەوە دەدوێت. یانی هەم باوەڕی بێ پرسووڕا لە ئایین و ئاکار و هەم لە زانستییە ئەزموونییەکان هەڵەیە.

هەڵبەت ئەگەر کاروباری ئابووری و لە هەمان کاتدا ڕامیاری جیهانی کە زیاتری بە دەست جوولەکە دەوڵەمەندەکانەوەیە -کاپیتالیزم- ببینین و بەربەستەکانی ئەوان لەبەر چاوبگرین، دوای ئەوە دەتوانین باس لە مرۆڤ بکەین، ڕاست بەو جۆرەی کە ئوسپێنسکی، بیرمەندی ماتماتیکزان و نووسەری بە توانی ڕووسیا دەڵێت: لێدوانی زانستی لەسەر مرۆڤ و کۆمەڵ لێدوانێکی بێ مانایە، واتە ئەوە کە بە ناو مرۆڤ و کۆمەڵ دەناسرێ لە مانا خاڵی بوون، تەنانەت بە لە بەرچاوگرتنی دوای ئەو ئاماژانە کە ناوبران؛ دەکرێ بڵێین بە دوور لە خەیاڵ، مرۆڤ و کۆمەڵمان ناساندووە.

عارفان و فەیلەسووفان گەڕانەوە بۆ خود؛ بە هەموو ئەرکی سەرشانی گیانلەبەران دەبینن. ئاوەها کە محیەددینی عەرەبی لە ئیشراق و ئەزموونی عیرفانی مرۆڤدا، بەهەشتی ئەو لەسەر زەوی دەناسێنێ.

کەواتە وەک پێشتریش وتمان؛ گەشە لە مرۆڤ و کۆمەڵدا هاوچەشنە و چ نییە جیا لە چوونەوە بۆ کۆرپەییەک کە تاک لە دیلی و یەخسیری ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان دێنێتەدەر.

ئایزایا بێرلین لەم بارەوە دەڵێت: "ڕزگاری لەو ڕێکخراوانە کە بوونەتە هۆی چارەڕەشی کۆمەڵ"، دەیجا وەک چۆن دەبێ بۆ ڕزگاری تاک سێبەری ئەو ڕێکخراوانە لابچێت؛ ڕزگاری کۆمەڵیش هەر لەوەدایە.

بە هەمان تەرازوو کە قورسایی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانمان لەسەر سووک بێت، بەو پلەیە دەگەڕێنەوە بۆ زاتی خۆمان و بەو تەرازووە ڕزگاریمان دێ و وانەبێ مرۆڤ نابێتەوە مرۆڤ و مەکینەبوون و ڕۆبۆت بوون چارەنووس و نەفرەتی هەتا هەتایی ئەو دەمێنێ.

# ساڵی کوردی و جەژنی نەورۆز، لە گۆشەنیگای شوێنەوارەوە

نەوشێروان عەزیز

دیاری کردنی هەر ساڵێک بۆ هەر نەتەوە و میللەتێک لەسەر ڕووداوگەلێک وەستاوە کە لە ڕابردوودا ئەو میللەتە پێیدا تێپەڕیوە و ئەزموونی کردووە. ئیدی ڕووداوەکە هەڵگری چ باکگراوەندێک بێت، ئەوە زیاتر لەچوارچێوەی شکۆمەندی ئەو گەل و نەتەوەیە دەمێنێتەوە.

بەجۆرێک گەلێک وڵاتی دنیا ساڵە یەکەمینەکانی بوون بەقەوارەیەکی سەربەخۆ لەمێژوویاندا کردووە بەساڵی وڵاتەکەیان، گەلێک وڵاتی دیکە ساڵی سەرکەوتنە مێژووییەکانیان بەسەر زلهێزەکانی دیکەدا هەڵبژاردووە.

گەلێک نەتەوەی دیکە ساڵی ڕزگاربوون لەژێردەستەیی ئیمپراتۆرییەتەکانیان کردووە بەساڵی وڵاتەکەیان، هەندێک نەتەوەی دیکە ساڵی هاتنی ئایین، پەیامهێنەری ئایینەکە و ڕووداوەکانی بەسەر ئایینەکەدا گوزەری کردووە داناوە.

ئەوەی بۆ هەموو نەتەوەیەک جێگای بایەخە، ئەوەیە چۆن دەکرێت و دەگونجێت پایەکانی نەتەوەیەک داچەقێنرێت، لەبەرانبەریش ساڵ و ڕۆژژمێر و مارشی تایبەت بەخۆی نەبێت! واتە ساڵنامەیەکی دروست، کۆڵەگەیەکی دەوڵەتدارییەکی تەندروستە.

ئەگەر لەو گۆشەنیگایەوە سەیری نەتەوەی کورد بکەین لەچاخە بەردینەکانەوە لەسەر واقیع حاڵی میسۆپۆتامیا و هەرێمی کوردستان دەژی و زۆرترین هەوراز و نشێوی بەخۆیەوە بینیوە.

گەلێک نەتەوە لەکۆندا لەسەر ئەم خاکە فەرمانڕانییان کردووە، دەوڵەتی بەهێزیان بنیادناوە، چەندان نەتەوەی کۆن کە هەنووکە ئەوانە بە باوباپیرانی کورد دەژمێردرێن لەم خاکەدا داهێنانی گرنگی ژیارییان کردووە، گەلێک لەو نەتەوانە سنووری دەسەڵاتیان هێندە فراوان بووە کە وڵاتەکانی جیرانیشی گرتووەتەوە.

بۆیە لێرەدا دەپرسین بەگوێرەی ئەو پێش مەرجانەی

سەرەوە بێت، ئایا ساڵی کوردی بەگوێرەی کام پێش مەرج و پێوەرێکی زانستی دانراوە؟ ئایا ئەوانەی ئەو ساڵەیان هەڵبژارد پشتیان بەچ بەڵگەیەکی زانستی بەستبوو!

ئایا بەگوێرەی ئەو بەروارەی بۆ ساڵی کوردی دیاری کراوە، بڵێی گەلە کۆنەکانی کورد لەو دەمەدا یەکەمین دەوڵەتی کوردیان ڕاگەیاند بێ، یان چ ڕووداوگەلێکی گرنگ وەها ڕووی دابوو کە هێندە جێگای بایەخ بێت بکرێتە دەستپێکی یەکەمین ساڵی کوردی؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەی سەرەوە پشت دەبەستین بەشیکردنەوە و لێکۆڵینەوە لەو ساڵەو ڕووداوەکانی دیکە کە پێش و پاش ئەو ساڵە ڕوویان داوە، ئایا خۆ بەستنەوەی ئێمە تەنیا بەماددەوە چی لێ سەوز دەبێ و هەڵگری چ پەیامێکیش بێ؟

## بەستنەوەی ساڵی کوردی، بەمیدی و ئاشورییەکانەوە

ئەوەی تایبەتە بەساڵی کوردی زیاتر بەمیدییەکانەوە دەبەسترێتەوە، بەڵام ئەوانەی بڕیاری ئەو ساڵە کوردییەیان داوە، ئاگاداری ئەوە نەبوون کە میدییەکان کەی دەرکەوتوون، پاشان چ کاتێک بووە دەوڵەتی میدیان دامەزراندووە.

ئەوەی تایبەتە بەدەوڵەتی میدی وەک پاشماوەی شوێنەواری بەڵگەی زانستی بۆ ئەو دەوڵەتە و ماوەی فەرمانڕانی دیاری کراوە بریتییە لەساڵی (٦٥٠-٥٥٠)پ.ز، ئەم ساڵەیش وەک سەردەمی میدی دیاری کراوە بەگوێرەی ئەو پاشماوە شوێنەوارییانەی کە لەکنەوپشکنین دۆزراونەتەوە، پاشان لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە.

پاشان دەوڵەتی میدی، لەساڵی (٥٥٠) پ.ز، لەلایەن کۆرشی فارسییەوە هێرشی کرایە سەر، لەکۆتاییدا دەوڵەتی مادی ڕووخاند، کۆتایی بەقەڵەمڕەوی پاشا ئەستیاگی میدی هێنا، هەر ئەم جەنگەیش بوو بەئەفسانەی کاوە و زوحاک، نزیکترین ڕووداوە کە ئەو ئەفسانەی بۆ داتاشراوە، یان لێی وەرگیراوە، لەشوێنێکی دیکەدا دەگەڕێینەوە سەر ئەم بابەتە.

هەروەها ئەوەی تایبەتە بەئاشوورییەکان بەگوێرەی کنەوپشکنین و بەڵگە شوێنەوارییەکان لەو کنەوپشکنینانەی بەدەست کەوتوون، ماوەی فەرمانڕانی ئاشوورییەکان بە سێ قۆناغ دابەش کراوە، هەموو سەردەمەکەش لەساڵی (٢٠٠٠- ٦١٢پ.ز) کۆتایی دێت.

خودی ئاشوورییەکان، لە دوورگەی عەرەبییەوە بۆ وڵاتی شام هاتوون، دواتریش وڵاتی سوبارتویان، کە مەبەست ناوچەکانی ئێستای کوردستانە، داگیرکردووە. لەکۆتاییەکانی فەرمانڕانی ئاشوورییەکاندا زۆر بێ هێزبوون و میدییەکان و چەند تیرەو هۆزێکی دیکە توانییان یەک بگرن و کۆتایی بەدەسەڵاتی ئاشووری بهێنن.

سەردەمی دەسەڵاتی ئاشوورییەکان بۆ سێ قۆناغ دابەش دەکرێت:

- سەردەمی ئاشووری کۆن ٢٠٠٠-١٥٠٠ پ.ز.
- سەردەمی ئاشووری ناوەڕاست ١٥٠٠ - ٩١١ پ.ز.
- سەردەمی ئاشووری نوێ ٩١١ - ٦١٢ پ.ز.

ئەوەی سەرەوە ماوەی فەرمانڕانی ئاشووری و میدییەکان بوو، بۆیە ئەو ساڵانەمان ڕوون کردەوە، چونکە بەبێ ئەوەی ئەو ساڵانە هەرباسێک لەساڵی کوردی بکرێت هەڵەی زانستییە، وەک ساڵە کوردییەکەیش لێوان لێو دەبێت لە هەڵە.

## ساڵی کوردی چ ڕێکەوت و پێوەندییەکی بە میدییەکانەوە هەیە

ساڵی کوردی بەگوێرەی ڕۆژژمێری کوردی، هەنووکە ساڵی ٢٧١٣ کوردییە، بەگوێرەی لێکدانەوەکانی پشت ڕۆژژمێرەکە بێت زیاتر ٢٧٠٠ ساڵە، کورد یەکەم دەوڵەتی کوردی دامەزراندووە!

بەڵام ئەگەر بێتو بۆ ڕووداوە مێژووییەکانی سەرەوە و ئەو مێژووە بگەڕێینەوە، ئەوە ٧٠٠ ساڵ پێش زایین، هیچ ڕووداوێکی وەها گرنگ ڕووی نەداوە کە شایانی باسکردن و دانانی ساڵی نەتەوەیەک بێت!

ئەگەر بیانوو ئەوەبێت کە دروستبوونی دەوڵەتی ماد بێ، ئەوە ئەو ماوە ماددەکان زۆر لاوازبوون، تەنانەت چەند تیرەیەکیش بوون.

ئەگەر پێوەندی بەڕووخانی دەوڵەتی ئاشوورییەکانەوە هەبێت، ئەوە ئەوەیش ناڕاستە، چونکە ئاشوورییەکان لەلایەن میدییەکانەوە لەساڵی ٦١٢ پ.ز ڕووخاوە، ئەگەر ئەو ساڵەیش کراوە بە سەرەتایی ساڵی کوردی، ساڵی ڕووخانی ئاشوورییەکان بێت، هێشتا ئەوەیش هەڵەیە، چونکە ئێستا (٢٧١٣) ساڵی کوردییە، کەواتە ئەگەر ڕووخانی ساڵی ئاشووری کە (٦١٢) دانرابێت دەبێت (٨٧)ساڵ لەم ساڵە کوردییەی ئێستا کەم بکەینەوە، ئەو کاتە ساڵەکە دەبێتە (٢٦٢٥) کوردی.

چونکە ئەمە ژمارەیە و بیرکارییە، پاشان هاوکێشەیەکی زۆر سادەیە، ئەویش لێدەرکردنی ساڵی زایینییە لە ساڵی کوردییەکە بزانین ڕێک ساڵی ٦١٢ پ.ز ڕووخانی ئاشوور دەکات، یان زیادەی هەیە بە ٨٨

ساڵ.
٢٠١٣ زایینی - ٢٧١٣ کوردی = ٧٠٠ کە بەپێچەوانەوە دەبێ ٨٨ ساڵی لێدەربکرێت، ئینجا دەکاتە ساڵی ٦١٢پ.ز ڕووخانی دەوڵەتی ئاشووریی، کەواتە ئێستا ساڵی کوردییەکەمان ٨٨ ساڵ لەپێشەوەیە دەبێ ئەو ٨٨ لێدەربکرێت و هەنووکە ساڵی ٢٦٢٥کوردی بێت.

ئەم ژمارانەیش سادە بکەینەوە بۆ تێگەیشتنی خوێنەران ئەوەیە، ساڵە کوردییە تەواوەکە (ئەنجامی هاوکێشەکەمان) ئێستا لەساڵی زایینی دەربکەیت ڕێک دەکاتە ساڵی ٦١٢ ڕووخانی دەوڵەتی ئاشووری، بۆ نموونە:

٢٠١٣ زایینی - ٢٦٢٥ کوردی = ٦١٢ پ.ز ڕووخانی ئاشوورییەکان.

ئەوەی سەرەوە ڕوون کرایەوە بۆ ئەوە بوو، ئایا ساڵی کوردی چۆن هێنراوە و هەرچۆن بێت هەڵەیە ئێستا دەبێت ساڵی ٢٦٢٤ کوردی بێ، نەک ٢٧١٢ کوردی!

## ساڵی کوردی، تەنیا لەباشووری کوردستان بەکاردێت

کۆمەڵێک پێوەری گشتی هەیە بۆ دیاریکردنی ساڵ، مارشی نیشتمانی، گەلێک بابەتی هاوبەشی دیکە، کە مەرجی گشتاندنی تێدایە و بۆ هەموو نەتەوەکە بەکاردێت، واتە دەبوو ئەو ساڵە کوردییە بۆ هەرچوار پارچەکەی کوردستان وەک یەک باوەڕیان پێ بکردایە و بەکاریان بهێنایە، مەبەست ئەوەیە تەنیا لەهاووڵاتیان و دەزگا فەرمییەکانی باشوورەوە بەکارنەهێنرایە، بەڵکو ئەوانی دیکەش لەپارچە جیاوازەکان هیچ نەبێت لە نووسین و بڵاوکراوە کەسییەکانیش بوایە بەکاریان بهێنایە.

دوا کتێبی نەوشیروان مستەفا، کتێبی (بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین) بوو، بەشێکی زۆری بۆ شوێنەوار و مێژوو دانراوە، لەپەڕەی ١٢ی کتێبەکەدا دەڵێت"لەکوردستانی عیراق، لەبەرانبەر ساڵی زایینیدا ئێستا بەشانازییەوە ساڵێک دەنووسن، لەساڵی هیچ میللەتێکی ئەم دنیایە ناچێ"، واتە ساڵەکە هیچ پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەو ڕووداوەیشەوە نییە کە بریتییە لەڕووخانی ئاشووری، پاشان نووسەر دێتە سەر مێژوونووسان و دەڵێت"دەبوو خۆیان نەکردایە خاوەنی"، بیانووی ئەوە دەهێنێتەوە کە لەو ساڵەدا چەند تیرەو هۆزێکی دڕندە و دواکەوتووی ناوچە شاخاوییەکان هێرشیان کردۆتە سەر نەینەوای پایتەختی ئاشووری و یەکێ لەپێشکەوتووترین شارستانێتەکانی ئەو سەردەمەیان بەجۆرێ، وێران کردووە کە ئیتر هەڵنەساوەتەوە.

ئەوەی تێبینی دەکرێت خودی نووسەری کتێبی (بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین)یش، کەوتووەتە چەند هەڵەیەکی گەورەوە، دەبێت بەسەرماندا گوزەر نەکەن و وەڵام بدرێنەوە، ئەو هەڵانەیش تایبەتن بەو پەرەگرافە بچووکەی باسمان کرد.

ئەوەی نووسەر لەسەر ساڵی کوردی دەڵێت "لەساڵی هیچ میللەتێکی دنیا ناچێ"، زۆر ڕاستە، بەوردی لەسەرەوە هەموو هەڵەکانمان ڕوون کردۆتەوە، لەوێدا کە دەڵێت گوایە لەڕووخانی دەوڵەتی ئاشوورییەوە وەرگیراوە، ئەو ساڵە دانراوە، دەبوو ئەویش ئەو بابەتەی بەسەردا تێنەپەڕێت لێکدانەوەی بۆ ساڵەکەی ئێستای کورد و ڕووخانی دەوڵەتی ئاشووری بکردایە هەستی بەو جیاوازییە زۆرەی لەژمارە بکردایە، وەک پێشتر گوتمان، ئەگەر لەڕووخانی ئاشوورییەکانەوە وەرگیراوە دەبێت لەساڵی ٢٧١٢ کوردی، ٨٨ ساڵی کەم بکرێتەوە و بکرێت بەساڵی ٢٦٢٥ کوردی، چونکە ئەو کات لەگەڵ ڕووخانی ئاشوورییەکان لەساڵی٦١٢ پ.ز یەک دەگرێتەوە و زانستیترە، کە ڕێک ڕێکەوتنی ڕووخانی ئاشوور دەکات، ئەمەیش ژمارەیە و بیرکارییە شەرمی لەهیچ نەتەوەیەک نییە!

پاشان، نووسەر دەڵێت ئەوانەی هێرشیان کردووەتە سەر نەینەوای پایتەختی ئاشوور دڕندەن و لەناوچە شاخاوییەکان هاتوون، لەکۆتاییشدا دەڵێت "نابێت خۆمان بەبێگانە بزانین لە سۆمەری و ئاشووری و خوری و گوتی و لولوبی...تاد"، ئەو دوو دێڕە دژبەیەکی تێدایە، چونکە ئەگەر ئەوانەی ئاشوورییان ڕووخاندبێت، دڕندە بن، ئیدی پێویست بەنیوە دێڕی دووەم ناکات لەکۆتایی وەسف بکرێن!

لەبەرئەوەی میتانی و خورییەکان ڕۆڵی گرنگیان بینیوە لەکۆنترۆڵ کردن و داگیرکردنی بەشی زۆری وڵاتی ئاشوور، پاشان میتانییەکان بەیارمەتی هۆزگەلی دیکە بەفەرمی هێرشەکەیان جێبەجێ کردووە، کە هەریەکە لەو نەتەوانە گەلە کۆنەکانی کوردستانن، ئیدی بۆ بە دڕندە ناوببرێن و وەصف بکرێن! نەدەبوو ئەو دێڕانە بەسەر نووسەردا تێپەڕێت.

ئەوەی ڕاستترە لەسەر ساڵی کوردی بگوترێت ئەوەیە بۆ دەبێت ئێمە ساڵی کوردی بەمیدیییەکانەوە ببەستینەوە، ئایا تەنیا میدیییەکان لەکوردستان ژیاون؟ بێ گومان نەخێر پێش ئەوان گوتی و سوباری و لولوبی و ئۆرارتی و خوری و میتانی...تاد، لەکوردستان ژیاون.

پاشان ئەوەی نە لەکۆماری کوردستان و نە لەڕۆژنامەی کوردستاندا، ئەم ساڵە بە کارنەهاتووە، تەنیا ئەوە نەبێت لەشەستەکانی سەدەی بیستەم نەبێت،

کۆمـەڵێک ڕۆشنبیـر بێ ئەوەی ئاگـاداری باکگراوەندە شوێنەواری و مێژووییەکە بن، بەکاریان هێناوە. ئیدی دوای ئەوە تووتی ئاسا، پەرەی سەند و ئەستەمە لەکۆڵ کوردیش بێتەوە.

**ئەفسانەی کاوە و زوحاک**

ئایا ئەفسـانەی کـاوە و زوحـاک و جـەژنی نەورۆز چ پێـوەندێکی بەکـورد و سـاڵنامـەکـەیەوە هەیە؟ ئایا ئەفسانەکە دیرۆکێکی پەتی کوردییە؟

مێژووی گەلانی دنیا، لێوان لێوە لە هەوراز و نشێو، پڕیەتی لەئەفسانەی تەبا و ناتەبای، دژ بەگەلانی دیکەی جیـران، یان ئەوەی لە بازنەی دوژمن لەڕوانگەی گەلانی دراوسێ وێنای بۆ کراوە.

ئەفسـانەکـان زۆر و بۆرن، ئەوەی بیـەوێت مـێـژووی گـەلێکی ئەوروپی، یان ئەمـریکی، ئان ئەفـریقی، یان ئاسیایی بخوێنێتەوە، دەبێت بەشێکی خوێندنەوەکەی تارادەیەک بۆ ئەو ئەفسانە داتاشراوانە دابنێت.

هەنووکـەیش لەبیـرمـە کـاتێک باسی گـەلی (ڕۆمـانییـەکـان، یان شاری ڕۆمـا)مـان، دەخۆێند، کە مەبەست ئیتاڵیای ئێستایە یەکەمین جار، لە ئەفسانەی ئەو دوو منداڵ و گورگەوە وەک دەسـتـپـێـک دەسـتـمـان پێکرد، واتە ئەوەی مێژووی ڕۆمای خوێندبێتەوە، دەبێت لەگۆشەنیگای ئەفسانەی ئەو گورگانەوە دەستی پێکردبێ و باری سەرنجی بۆ ئیتاڵیای ئێستا نەخشاندبێت.

هەمـوو ئەفسانەکەیش تەنیا لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو باسی دەکرا، کە شاری ڕۆما لەلایەن دوو منداڵەوە بەردی بناغەی دانراو دروست کرا، کە خودی دوومنداڵەکە گورگ بەخێوی کردوون و شیری داونەتێ.

واتە کـەم وڵاتی دنیـا هەیە، ئەفسـانەی داتاشـراو، پڕ بەپێستی گەلەکەی بۆ خۆی دانەتاشیبێت. لەم نێوەندەدا گەلی کورد، یان توانایی ئەفسانە داتاشینی، یان ڕاستتر بڵـێین دروسـتکردنی نەبووە، یان هەرچی داتاشـیـبـێت لەهیچ سەرێکەوە مەرجی تایبەتی تێدا نییە، ناشبێت.

بەمـانایەکی دی، ئەفـسـانەی مـیـللەتی کـورد بۆ دارشـتـووە، تەنیـا مـوڵکی هیچ نەتەوەیەک نین، بەکـوردیشـەوە، بەڵکو مـوڵکی گـەلانی کـۆنی هەمـوو ڕۆژهەڵاتن، پاشـان ئەوەی کـورد بەهی خـۆی زانیـوە لەسـەرەکـەی دیکەوە، نوشسـتی و شکستی دەوڵەت و فـەرمـانڕانە کـوردەکـانی بوون، لەچوارچێـوەی گـەلە کۆنەکانی کورددا.

**ئایا کاوە و زوحاک، کامیان کورد بوون؟**

بۆ ئەوەی کـات و شـوێنی ئەفسـانەکـە دیاری بـکـەین، بەڕاسـتی بچـینە بنجـوبنەوانی ڕووداوەکـە، دەبێت بۆ نزیکتـرین ڕووداو، کـە ئەفـسـانەکـەی لێـوەرگـیـراوە، بگەڕێینەوە، چونکە تا ئێستایش نە کاوە، نە زوحاک نازانرێت کـێـیـە، تەنیـا ئەوەندە نەبێت ئەم ڕووداو و ئەفسانەیە نزیکترین وێناکراوە، ئاماژە بۆ کراو کەلێیەوە وەرگیرابێت بریتییە لەسەرکەوتنی کۆرشی پاشای فارس بەسەر ئەستیاگی پاشای میدی کوردیدا و ڕووخانی ماد بەدەسـتی کـۆرشی فـارس لەساڵـی ٥٥٠ پ.ز، کـەواتە ئەفسـانەکـە تایبـەتمەند نییـە بەکورد و شکستی کـورد و سەرکەوتنی فارسەکانە.

واتە کـورد گـوتەنی ئەوەی ئەفـسـانەکـەی یەکـەم جـار بڵاوکـردووەتەوە هیچ ئاگـاداری کـات و زەمـەن و شـوێنی ڕووداوەکـە نەبووە و بۆ ڕیش چووە، سـمـێـڵـشـیـان خستووەتە سەری.

**جەژنی نەورۆز، هەڵە گەورەکە**

ئەوەی لەسـەر جـەژنی نەورۆز وتراوە و باس کـراوە، چەندە ساڵی کوردی و ئەفسانەی کـاوە و زوحاک ڕاست بوون، ئەویش هێندەی ڕاستی تێدایە!

دیارە ئەو جەژنەی لەسەرەتای بەهاردا هەمـوو ساڵێک دەست پێدەکـات، خەڵکی کوردی چەندان نەتەوەی دیکە ئاهەنگی شایی و خۆشی بۆ دەکەن جەژنێکی نەتەوەیی تایبـەتمەند نییـە بەکورد، بەڵکو لەناوچەکـانی ڕۆژهەڵات بەگـشـتـی و بەشـێکی ئەوروپا، لەو کـاتەدا ئەو جـۆرە ئاهەنـگ و یادە دەکرێتـەوە، هەر ناوچەیەکـیش بەناوێک یادی دەکـەنەوە، بۆ نموونە فـارس پێی دەڵێت نەورۆز، هەندێکی بە جەژنی دار و درەختی دەزانن.

ئەوەی گـرنگە کـۆنـترین نەتەوە ئەم یادەی کـردبێـتـەوە، بریتین لەسۆمەرییـەکان، پاشـان بابلیـیـەکـان، داهێنراوی ئەو دوو گەلە کۆنەی ڕۆژهەڵات بـووە، یان ڕاسـتـتر بڵـێین میسۆپۆتامیا بووە.

بەجـۆرێـک ڕێکەوتی ٢١ ئاداری هەمـوو سـاڵێک بۆ ماوەی ١١ تا ١٣ ڕۆژ جەژن و ئاهەنگیـان دەگێڕا، پاشان ڕۆژژمێری سۆمەری و بابلییەکان لە ٢١ ئادارەوە دەستی پێـدەکرد، تاوەکـو ئێـسـتـایش ناوی مـانگی سـۆمـەری و بابلیـیـەکـان وەک (ئادار، نیـسـان و، تەمموز...تاد) بەکاردەهێنرێت.

واتە ئەم جـەژنەی مـوڵکی هیچ گـەل و هۆزێـک و نەتەوەیەک نییـە، تایبـەتیش نییـە بەهیچ گـەلێک، هەروەها (الاساطیر ماقبل الفلسفة) عیـراقی کـۆن بۆ بەشی زۆری ئەم باس و خواستە و دروستبوونی گەردوون، هەرکەسێک ویستی بگەڕێتەوە سەری.

# ئیدمۆند هۆسەرل
# فەلسەفە وەک زانستێکی ورد و ڕێکوپێک

**لە ئەڵمانییەوە: د. حەمید عەزیز**
**(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی ئاداب)**

هەر لە دەستپێکی یەکەمەوە فەلسەفە ئەو داواکارییەی هەبووە، زانستێکی ورد Strenge بێت، بگرە زانستێک ئەوپەڕی پێداویستییە تیورییەکان دەستەبەر ببێ و لە سۆنگەی ئاکاری- ئایینییەوە ژیانێک لە لایەن فۆرمەکانی ژێری بێگەردەوە ڕێکخرابێ، دابین بکات. ئەو داواکارییە هەندێک جار بە وزەیەکی گەورە و جاری تر بە کەمتر کارا بووە، بەڵام هیچ جارێک دەستی لێ هەڵنەگیراوە، هەروەها لەو سەردەمانەدا کە بایەخدان و توانایی تیوری بێگەرد هەڕەشەی لەناوچوونیان لێکراوە، یان هێزە ئایینییەکان ئازادی توێژینەوەی تیورییانەیان سنووردار کردووە، ئەو داواکارییە هەر لە ئارادا بووە.

داواکاری، بوون بە زانستێکی وردی فەلسەفە لەهیچ قۆناغێکی پەرەسەندنیدا نەیتوانیوە بە تەواوەتی جێبەجێی بکات تەنانەت لەو قۆناغەی دواییشدا سەرەڕای ئەو هەموو فرە ڕەنگی و ناکۆکییەی نێو ئاراستە فەلسەفەییەکان بە ڕەوتێکی گەوهەری پەرەسەندنێکی یەکڕەنگی هەر لە ڕێنیسانسەوە تا ئەم سەردەمە بەردەوام بەرەو پێش چووە. ڕاستە ئامانجی سەرەکی فەلسەفەی نوێ لە جیاتی ئەوەی لەبەردەم هۆکاری پاڵنەری ساکاری فەلسەفەدا خۆی بەدەستەوە بدات، پتر بە هۆو ڕێگای وردبوونەوەی ڕەخنەگرانە هەمیشە لە توێژینەوەیدا لە بارەی میتودەوە قووڵ بۆتەوە و ویستوویەتی خۆی وەک زانستێکی ورد بنیادبنێ، بەڵام تاکە میوەی پێگەیشتووی ئەو کۆششانە، دامەزراندنی زانستە سروشتی و مرۆڤییە وردەکان و سەربەخۆییان بووە هەروەک دیسپلینەکانی بیرکاری بێگەردی نوێ. فەلسەفە خۆی تەنانەت بە واتا تایبەتییەکەی، یەکەم جار خۆی جیاکردۆتەوە، ئێستا و پێشتر کارەکتەری زانستی وردی نەبووە. بگرە واتای ئەو جیاواز بوونە بەبێ

دەستنیشانکردنی دڵنیایی لێکراوی زانستی ماوەتەوە.
پێوەندی فەلسەفە لەگەڵ زانستی سروشتی و مرۆڤایەتییەکان چۆنە؟ ئایا تایبەتمەندی فەلسەفەیی بە تایبەتی کار و چالاکییەکەی کە بەشێوەیەکی گەوهەری پێوەندی بە سروشت و گیانەوە هەیە، لە بنەڕەتدا پێویست بە هەڵوەستەی نوێ دەکات؟ لەگەڵیدا لە بنەڕەتدا چەند ئامانجێکی جۆری تایبەتی و چەند میتودەیەک پێشکەش دەکرێن، ئایا ئیتر سروشتی فەلسەفەی ئێمە لە هەمان کاتدا بەرەو ڕەهەندی نوێ دەبات؟ یان خۆی لەگەڵ زانستە ئەزموونییەکانی سروشت و ژیانی گیان لە یەک ئاست و خۆیدا دەنوێنێ: ئەمە تا ئەمڕۆش مشتومڕی لەسەرە. ئیتر ئەوە دەری دەخات کە هیچ جارێک کێشە فەلسەفەییەکان نەگەیشتوونەتە ڕادەی ڕۆشنی زانستی.

بۆیە، فەلسەفە بەپێی مەبەستە مێژووییەکەی بەرزترین و وردترینی هەموو زانستەکانە، ئەو نوێنەرایەتی داواکاری لەدەستدان نەهاتووی مرۆڤایەتی بەرەو زانینی بێگەرد و ڕەهای کردووە. (ئەوەی کە بەهۆیەوە دابەش نەبووی یەکە یەکە: بەرەو بەهاکان و خواستەکان). ناتوانێ خۆی بە زانستێکی ڕاستەقینە بنەخشێنێ. سەرۆکی مامۆستایانی پسپۆری کاری نەمری مرۆڤایەتی ناتوانێ بەگشتی فێر بکات: بە شێوازێکی بابەتیانەی دروست فێر بکات.

کانت حەزی کردووە بڵێ: مرۆڤ ناتوانێ فەلسەفە، بەڵکو دەتوانێ فەلسەفە کردن فێربێ. ئەمە چی دەبێ ئەگەر دان پێدانان نەبێ بە نازانستی فەلسەفە. ئەوەندەی زانست بەڕاستی زانست دەبێ، دەکرێ خەڵک فێر بکرێ و فێر ببێ بە هەمان واتا لە هەموو جێگایەک. لە هیچ جێگایەک فێربوون بە ڕێگای زانستی وەرگرتنی پەسیڤی کەرەسەیەکی بەگیان نامۆ نییە. لە هەموو ڕەوشێکدا پشت بە دەستپێشکەری لەخۆوە دەبەستێ، بەندە بە جارێکی تر بەرهەمهێنانەوەی کە لەلایەن گیانێکی داهێنەرەوە بەدەست هێنراوە، ئەویش بەپێی هۆکار و ئەنجام. مرۆڤ ناتوانێ فەلسەفە فێر ببێ، چونکە ئەو تێگەیشتنە ژیرییەکە بابەتییانە دامەزراوە بوونی نییە و هەر خۆشی دەڵێ:

چونکە تێگەیشتن سنووردار کراوە و بەپێی واتاکەشی کێشە ئەوپەڕی ڕوون کراوەکان میتودە و تیوری لەبەردەستدا نین.



**ئیدمۆند هۆسەرل**

من ناڵێم فەلسەفە زانستێکی ناتەواوە، من بە ساکاری دەڵێم: تا ئێستا نەبووەتە زانست، ئەو وەک زانست تائێستا دەستی پێ نەکردووە و من لەوەدا کاتێک من پارچەیەکی بچووکی ناوەڕۆکی ڕێبازێکی تیورییانە کە بابەتیانە دامەزراوە وەک پێوەرێک وەردەگرم. هەموو زانستەکان ناتەواون تەنانەت زانستە ڕاستەقینەکان کە سەرنج ڕاکێش و پەسندیشن. ئەوان لەلایەکەوە ناتەواون بەهۆی ئاسۆی بێ کۆتایی کێشە بەردەوام کراوە و بەلایەکدا نەخراوەکان کە هیچ جارێک هاندەری زانینیان بەهێمنی نەهێشتۆتەوە. لەلایەکی دیکەوە ئەوان چەندین کەموکوڕییان لەناوەڕۆکی تیورییە ڕەنگڕێژراوەکانیاندا هەیە و لێرەو لەوێ پاشماوەی ناڕوونی، یان ناتەواویی لە نەزمی سیستمی ساغ کردنەوە و تیورییەکاندا دەردەکەوێ، بەڵام هەمیشە ناوەڕۆکی تیورییەک لە ئارادایە و هەمیشە بەرەو پێش چووە و لق و چڵی دەرکردووە. لە ڕاستی بابەتی، یان ڕێتێچوونی بابەتیانەی ساغ کراوەی تیورییەکان بیرکاری و زانستە سروشتییەکان کە ئەوپەڕی جێگای پەسندکردنن، هیچ ژیرێک گومان ناکات. لێرەدا، بە کورت و کرمانجی، بە گشتی، جێگای «بیروبۆچوون» و «سەرنجدان» و «باری سەرنجی» تایبەتی نابێتەوە، ئەوەندەی ئەوانەی لەوە دەچن لە وردەکارییەکاندا هەبن،

ئەوەندەی ئەوە نەبووبێ بە زانست، بەڵکو بە ڕێگاوەیە بەرەو زانست بەگــشــتی بەو پێــیــە بڕیار لەبارەیەوە دەدرێ(١).

کەمـوکوڕی فـەلسـەفـە لە جۆرێکی دیکەیە لە چاوی ئەوەی تا ئێستا دەربارەی کەموکوڕی هەموو زانستەکان باس کـرا. ئەو نەک سـیـسـتـمـێکی لەبەردەسـتـدایە کەموکوڕی تێدایە و تەنیا لە ڕەوشە تاکەکاندا کەموکوڕی هەیە، بەڵکو ئەو جۆرە سـیـسـتـمـەی هەر نییـە. هەمـوو شـتـێک و هەریەکـەش لێرە مـشـتـومـڕی لەسـەرە، هەر هەڵوێستێک بنوێنرێ بابەتی باوەڕهاتنی تاکەکانە، هی لێکدانەوەی قوتابخانەکانە، یان باری سەرنجە.

ئەو پرۆژانەی ئەدەبی جیـهـانی زانسـتی فـەلسـەفـە لە قـۆناغی کۆن و نوێدا پێـشـکەشـمـان دەکـەن، ئیـتـر بە چالاکـیـیـەکی ژیری گـیـانی گـەورە و گـرینگیش پشت ببـەستن. لەوە پتـریش، دەشکرێ بۆ جـێگـیـرکـردنی تیوریی‌ەکی سیستمی زانستی وردی دواڕۆژ بە پێوەرێکی بەرز ڕێگا خـۆش بکەن: بەڵام وەک بنەمـای زانسـتی فەلسەفەیی ناکرێ لەودا شتێک دانی پێدا بنرێ و هیچ هیـوایەکـیش ناکرێ کە بەهۆی مـقـەسـتی ڕەخنەوە لێرەو لەوێ پارچەیەک تیوری فەلسەفەی لێ ببڕدرێ.

ئەو باوەڕهێنانە دەبێ جـــارێکی دیکە جـــارێک بە دڵســـۆزی و ڕاشکاوی دەربـبـــڕدرێ و بە تایبـــەتی لەو جێگایەدا لە سەرەتای دەستپێکی گۆڤاری «لۆگۆس»دا کە دەیەوێ ببێ بە شایەدی بارگـۆڕینی گـەورە و گـرنگی فەلسەفە و زەمینەی سیستمی دواڕۆژی فەلسـەفە خۆش بکات.

دووپاتکردنەوەی گومانهـەڵنەگری نازانستیـیـانەی هەتا ئێستای هەموو فەلسەفە ئەو پرسیارە دەورووژێنێ: ئایا فەلسەفە خۆی حەز دەکات و دەیەوێ سوور بێ لەسەر ئەو ئامـانجـەی زانسـتـێکی وردوکـارا بێت، ئایا ئەو دەکرێ ئەوەی بوێ و دەبێ بیەوێ؟

دەبێ ئەو «بـارگـۆڕینە» نوێیـە بۆ ئێـمـە چ دەلالەتێکی هەبێ؟ ئایا ئەوە دەستبەرداني بیرۆکەی زانستێکی ورد دەگەیەنێ؟ دەبێ «سیستم» چ واتایەکمان پێ ببەخشێ، ئەوەی ئێـمــە بە ئاواتیــیــەوەین کــە دەبێ بە نموونە وەریبگرین لە قـووڵایی کـاری توێژینەوەمـاندا ڕێنمـاییـمـان دەکــات؟ «ســیــســتــمــێکی» فــەلســەفــەیی بە واتا کلاسیکییەکەی وەک مینیرڤایەک وایە کە بە تەواوەتی و چەکی پشـوودرێژییـەوە لە کەللەی بلیـمـەتێکی داهێنەرەوە دێتـە دەرێ و دواتر لەگـەڵ مـینیـرڤـایەکـانی دیکەدا لە مـۆزەخـانەی ئارامی مـێـژوودا هەڵدەگـیـرێ و دەپارێزرێ؟ یان ئەوەتا سیسـتمێکی تیوری فەلسەفە دەگەیەنێ دوای کـارو چالاکـیـیـەکی خـۆ ئامـادەکردنی زەبەللاحی نەوەکان لەژێرەوە، لەسەر بنەمایەکی گومـان هەڵنەگر بەرز دەبێتەوە بۆ سـەرەوە وەک خـانوویەکی پتـەو و قـایم بە جـۆرێک بە دانانی بەرد لەسەر بەردی پتەو بەپێی نەخشەیەکی ڕەنگ ڕێژراوی ئاراســتــەکــراو؟ لەو پرســیــارەوە دەبێ ژێر و ڕێگاکان لە یەکتری جیا بینەوە.

ئەو بارگـۆڕینانەی Umwendungen بۆ هەر بەرەو پێـشـچـوونێکی فـەلسـەفـە یەکـلاییکەرەوە بوون ئەوانە بوون، ئەو لاف لێـدانانەی ڕابووی فـەلســەفــە ببێ بە زانست پووچەڵکراونەوە ئەویش بەهۆی ڕەخنەکـــردنی ڕێبـازە بەنـاو زانسـتـیـیـەکەی، ئیـتـر خـواستی بە ئاگـاو بەوپەڕی هۆشیـار فـەلسـەفـە بەواتای ورد و ڕێکوپێکی زانست لە ڕەگ و ڕیشـەوە (ڕادیکال) سـەرلەنوێ ڕەنگ بڕێژرێتـەوە، ڕابەر و دەسـتنیـشـانکاری ڕێکخـسـتنی ئاراسـتـەی کـارو چالاکـیـیـەکـان بووە. هەر لە سـەرەتاوە وزەی بیــر، ســەرگـەرمـی ئەوە بووە ڕوونی بکاتەوە بە ڕێگـای بیــرکـردنەوە و لێکـۆڵینەوەیەکی ســیــســتــمی ڕوونکردنەوەیەکی تەواوەتی یەکلاییکەرەوە مەرجـەکانی زانسـتی ورد و ڕێکوپێـک کـامـانەن و چین، ئەوانەی کـە فەلسـفـەکانی پێشوو، پشـتگوێیـان خسـتـبوون، یان بە هەڵە تێـیـان گەیشـتـبوون، ئەمـەش بۆ ئەوەی لەوەولا هزر کـۆشش بکات خـانوویەکی نوێی تیـوری فـەلسـەفـەیی بنیـادبنێ. ئەو خـواستە ئەوپەڕی هۆشیـارییەی زانسـتی ورد و ڕێکوپێک سەرمەشقی بارگۆڕینە فەلسەفەییەکەی ســوکــرات- ئەفــلاتوون بووە هەروەها هی ســەرەتای سەردەمی نوێ بووە بە تایبەتی کاردانەوە زانسـتیـیـەکان دژی فـەلسـەفـەی سکولاسـتی و ئینجـا بارگـۆڕینەکـەی دیکارت. ئەو هێزە پاڵنەرە بۆ ڕێبازە فەلسەفە گەورەکانی سـەدەی حـەڤـدە و هەژدە هاتووە، ئەو خـۆی بەهێـزێکی ڕادیکالییانە لە ڕەخنەکردنی ژیری کانت نوێ کردۆتەوە و لە فەلسـەفەکردنەکەی فیختـەشدا دەست ڕۆیشتـوو بووە. هەمـیـشــە توێژینەوەی زانسـتی لە هەمـوو جـارێکدا سـەرلەنوێ ئاراسـتـەی دەسـتـپـێکی ڕاسـتـەقـینە و داڕشـتنەوەی یەکـلاییکەرەوەی کـێـشـەکـان و مـیـتـودە ڕاستەکان کراوە.

لە فەلسـەفـەی ڕۆمـانتـیکیدا گۆڕانێک بەدەرکەوتووە.

ئەگەرچی هیگڵ سووره و پێ لەسەر راستی و دروستی ڕەهاو بێ قەید و مەرجی میتوده و تیوریەکەی دادەگرێ، ئەوە سیستمە فەلسەفەییەکەی کەموکورتی ڕەخنەکردنی ژێری تێدایە ئەوەش یەکەمین مەرجی شیاوەکی کردنی دامەزراندنی فەلسەفەیەکی زانستییە. هەر پێوەندی بەو بابەتەوە، ئەو فەلسەفەیە وەک فەلسەفەی ڕۆمانتیکی بەگشتی لە قۆناغی دواتردا بۆتە مایەی ئەوەی هاندەری دامەزراندنی زانستێکی فەلسەفە لاوازبێ، یان چەواشە بکرێت.

ئەوی پێوەندی بەخاڵی دواییەوە هەیە بە تایبەتی مەیلی چەواشەکردنەکە، ڕێبازی فەلسەفەی هیگڵی لەگەڵ پێشکەوتنی زانستە ڕێکوپێکەکان چەند کاردانەوەیەکیان ورووژاندووە کە لە ئەنجامیدا ڕێبازی سروشتی Naturalismus سەدەی هەژدە پاڵنەرێکی بەهێزی دەستگیر بووە، بە ئاراستە گومانکاریییەکەی کە گشت سروشتە ئایدیالیستە ڕەهاو بابەتییەکانی پووچەڵ کردۆتەوە، ڕێبازی جیهاندید و فەلسەفەی سەردەمی نوێی بەشێوازێکی دەست ڕۆیشتووانە دیار و دەستنیشان کردووە.

لەلایەکی دیکەوە، بە واتای لاوازکردنی هاندەری زانستییانەی فەلسەفە، فەلسەفەی هیگڵ بەهۆی تیوریەکەوە لە بارەی پاساودانی ڕێژەیی هەر فەلسەفەیەک بەپێی سەردەمی خۆی ئەنجامێکی لێ کەوتۆتەوە، ئەو تیوریە لە سیستمێکدا کە لافی ڕاستی بێ قەیدو مەرجی ڕەهای لێداوە بە تەواوەتی واتایەکی جیاوازی هەیە لە چاو ئەوەی ڕێبازی مێژوویی ئەو واتایەی لەلایەن چەند نەوەیەکەوە وەرگیراوە و بەکارهاتووە، بەڵام لەگەڵ باوەڕ نەمان بە فەلسەفەی هیگڵ و فەلسەفەی ڕەها بەگشتی ئەویش لەبەرچاو نەماوە و فەوتاوە.

بەهۆی گۆڕانی فەلسەفەی مێژوویی میتافیزیکی هیگڵ بۆ ڕێبازێکی مێژوویی گومانکاریی بەشێوەیەکی گەوهەری دەرکەوتنی جیهاندیدێکی فەلسەفەیی نوێی دیار و دەستنیشان کردووە کە لەم سەردەمەماندا وادەردەکەوێ خێرا بڵاوبۆتەوە و سەرەڕای ئەوەی بەلای کەمەوە دژی ڕێبازی سروشتی و بە تایبەتی ناوبەناوو دژی ڕێبازی مێژوو گازندەی کردووە هەرگیز نەیویستووە ڕێبازێکی گومانکار بێت. ئەوەندەی ئەو بەلای کەمەوە لە تێکڕای مەبەست و ڕێگای بەرەوپێشچوونیدا نەیویستووە خواستە ڕادیکالیەکەی کە ببێ بە تیوریەکی زانستییانەی دەست ڕۆیشتوو دەربخات، ئەوەی کە بەشی زۆری پێشکەوتنی فەلسەفەی سەردەمی نوێ تا کانت پێکهێناوە، بە تایبەتی دەچێتەوە سەر ئەو قسەیەی کە دەربارەی لاوازکردنی پاڵنەری هاندەری زانستییانەی فەلسەفە کراوە.

ئەو قسانەی لێرە بەدواوە دەکرێن لەو بیرۆکانەوە سەرچاوە دەگرن: گرنگترین و بەرزترین ئامانجێک کە جێگای بایەخی کولتووری مرۆڤایەتی بووە، بنیادنانی فەلسەفەیەکی زانستی ورد و ڕێکوپێک بە پێویست بکرێت، بەو پێیە ئەگەر بارگۆڕینێکی فەلسەفە لەو سەردەمەماندا پێویست بێ مافی ڕەوایەتی هەبێ، دەبێ لە هەموو دۆخ و ڕەوشێکدا ئەو مەبەستە بجووڵێنێ بنیادنانی سەرلەنوێ فەلسەفە بە واتای زانستی ورد گیانی بە بەردا بکرێتەوە. ئەو نیازە لەم سەردەمەماندا بیانی و نامۆ نییە، ئەو لەنێو ڕێبازی سروشتی بڵاو و دەست ڕۆیشتووە و زیندووە. ئەو ڕێبازە هەر لە دەستپێکەوە دەکۆشێ و بەوپەڕی بڕوای قایمەوە ئەو نموونەیە بەدی بهێنێ کە بریتییە لە ریفۆرمێکی زانستییانەی وردی فەلسەفە بگرە لەو باوەڕەشدایە تەنانەت لە هەموو کات و سەردەمێکدا ئیتر لە ڕوخسارە کۆنەکەدا، یان لە هی نوێدا، ئەو بیرۆکەیەی بەدی هێناوە. ئەوە دێتەدی، ئەگەر لە بنەڕەتەوە سەرنج بدرێت، لە فۆرمێکدا تیوریانە لە بنەماوە هەڵەی تێدایە لە لایەنی پراکتیکییەوە مەترسییەکی ڕوو لە پتر بوونە لەسەر کولتوورەکەمان. ڕەخنەکردنی ڕیشەیی فەلسەفەی سروشتی لەم ڕۆژانەدا کارو ئەرکێکی گرنگە. بە تایبەتی پێویست بەوە هەیە لە بەرانبەر ڕەخنەگرتنێکی پووچەڵکردنەوەیی نارێی ئەنجامەکان، ڕەخنەیەکی پۆزەتیڤ لە بنەما بنەڕەتی و میتودەکان بگیرێ، تەنیا ئەو جۆرە ڕەخنەگرتنە دەتوانێ پارێزگاری باوەڕبوون بە شیاوەکی فەلسەفەیەکی زانستی بکات، ئەمەش بەهۆی زانینی ئەنجامە نالۆژیکییەکانی ڕێبازی سروشتی کە لەسەر بنەمای وردی زانستە ئەزموونییەکان دامەزراون هەڕەشەی لێ دەکرێت. ئەو جۆرە ڕەخنەگرتنە پۆزەتیڤە خزمەتی باسکردنەکانی بەشی یەکەمی ئەو توێژینەوەیە دەکات.

ئەوی پێوەندی بە بارگۆڕینە فرە هەست پێ کراوەکەی ئەم سەردەمانەوە هەیە، بەڕاستی، ئەوەش مافی خۆبەتی،

له گـەوهەردا ئاراستـەی دژە ڕێبـازی سروشـتی هەبووە، بەڵام لەژێر کاریگەری ڕێبازی مێژوویی‌دا وا دەردەکەوێ ویستبێتی لە هێڵی فەلسەفەی زانستی دووربکەوێتەوە و بچێتە نێو فەلسەفەی سەرنجدانی ساکارانەی جیهان. ڕوونکردنەوەی بنەڕەتی جـیـاوازی نێـوان ئەو دوو فـەلسـەفـەیە و ناوبردنی مـاف و پاساوە ڕێژەییـەکـانیـان بەشی دووەمی ئەو توێژینەوەیەی بۆ دانراوە.

### فەلسەفەی ڕێبازی سروشتی

ڕێبـازی سـروشـتی دیارده، ئەنجـامـێکی پەردە لادانە لەسـەر سـروشت، سـروشت بە واتای یەکـەیەکی بوونی جێگا- کات بەپێی قانوونە ڕێکوپێکە سروشتییـەکان. لەگەڵ بەدیهێنانی هەنگاو بە هەنگاوی ئەو بیرۆکەیە لە کایەی زانینی زۆر و زەبەند و ڕێکوپێکی هەمیشە نوێ بووەوەی دامەزرێنەری زانسـتـە سروشـتییـەکان ڕێبـازی سروشتی بەردەوام لە بڵاوبوونەوەدایە.

بە تەواوەتی بەو شـێـوەیە خـۆی دواتر وەک دیاردە ئەنجامێکی «پەردەلادان لەسەر مێژوو» ئینجا دامەزراندن و پشت ڕاستکردنەوەی زانسـتە مرۆڤـایەتییـەکـان کـە بەردەوام لە نوێ بوونەوەدایە ڕێبازی مێژوویی پەیدابووە. بەپێی دابونەریتی تێگەیشـتنی باو زانای سـروشت ئەو مـەیلەی هەیە هەمـوو شـتـێک وەک سـروشت و زانای زانسـتە مرۆڤـییـەکان هەموو شتێک وەک گیان وەک داهێنانی مێژوویی ببینێ، هەر بەو پێیە، ئەوی وا نەکرێ بدیتـرێ چەواشــە دەکـرێ. کـەوابوو ڕابەری ڕێبـــازی سروشتی بۆ ئەوەی ڕووی تێ بکەین لە سروشت بەولاوە و لە سروشتی فیزیکی بە پلەی یەکەم بەولاتر هیچی تر نابینێ. هەموو شتێک، ئەوی هەیە، یان خۆی فیزیکییە کـە سـەر بە پێـوەندی یەکـەی یەکـڕەنگی سـروشـتی فـیـزیکییـە، یان ڕاسـتە دەروونییـە، بەڵام گـۆڕاوێکی سادەی پشت بەستوو بە فیزیکییە، لە باشترین ڕەوشدا «فاکتێکی یاوەری تەریبی» پلەی دووەمـە. ئەوی بوونی هەیە سروشتێکی سایکۆفیزیکی هەیە، ئەمە بەپێی چەند قانوونێکی جێگیر بە ڕوونی دیار و دەستنیشان کراوە. لەو لێکدانەوەیەدا هیچ شـتـێک لە گـەوهەردا ناگـۆڕێ، ئەگەر سروشتی فیزیکی بەواتای پۆزیتیڤیزمی (جا ئیتر پشت بە لێکدانەوەی سـروشـتی کـانت ببـەسـتێ، یان فەلسەفەی هیوم نوێ بکاتەوە و بە ڕێکوپێکی پەرەی پێ بدات)، هەستەکییـانە بە پێکهاتەی هەست دابەش بێت بە ڕەنگ و دەنگ و گوشار...تاد. ئەگەر هەر بەو جۆرە ناوبراو بە سـروشـتی دەروونی بە چەند پێکهـاتەیەکی تەواو کـاری دەروون، یان دەبێ بە «چەند هەسـتـێکی» دیکە. ئەوەی هەموو فۆرمە توندڕەو و لەبارەکانی ڕێبازی سـروشـتی هەر لە مـەتریالیـزمی سـادە و سـاکـارەوە تا مـونیزمی هەستـەکی نوێ و ڕێبـازی وزەی گیـانی دیار و دەسـتنیـشـان دەکـات لەلایەکـەوە بە سـروشـتی کـردن و ئاسـایی کـردنەوەی هۆش هەروەها گـشت پێـدراوەکـانی هۆشی ناوەکی و ئامـــانجـــەکی، لەلایەکی دیکەوە بە سروشتی کردنی بیرۆکەکان و Ideen لەگەڵیاندا بیرۆکە ڕەهاو نۆرمەکان.

لەو بۆچوونەی دواییەوە ئەو ڕێبازە بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکات خۆی لەناو دەبات. ئێمە لۆژیکی ڕوخسارەکی بە بەڵگەی بە نموونەیەکی ئایدیالیستی وەردەگرین، بەو پێیە وەک زانراوە ڕێبـازی سروشتی بنەما بنەڕەتییەکانی لۆژیکی ڕوخسارەکی کە بە قانوونەکانی هزر ناودەبرێن بە چەند قـانوونێکی سـروشتی بیرکردنەوە لێکدەداتەوە. لە جێگایەکی دیکەدا(٢) بە درێژی ڕوونمان کردەوە کـە ئەو جۆرە لێکدانەوەیە جۆرە چەواشەییەک لەگەڵ خۆی دێنێ کـە هەمـوو خـەسـڵـەتێکی تیـوری گـومـانکاری پێـوەیە. دەکرێ ڕێبـازی بەهای سـروشـتی و پراکـتیـکی هەروەها ئاکار هەمان ڕەخنەی ڕادیکال، بیانگرێتەوە هەمان شت سەر بە ڕێبازی پراکتیکی سروشتی. ئیتر چەواشەکارییە تیـوریـیـەکـان چەند چەواشـەکـارییـەکی ناچاریی (نا ڕێکوپێکیـیـەکی ڕوون و ئاشکرا) لە شـێـوازی کـرداری کـردەکی ڕاسـتـەقـینە و تیـوری و بەهاو ئاکـاردا بەدوای خۆیاندا دەهێنن. فەیلەسووفی ڕێبازی سروشتی، ئەگەر بە وردی ســەرنج بدرێت، دەکــرێ مــرۆڤ لە کـــرداریدا ئایدیـالیـسـتی و بابەتیی بخـاتە پار سەنگیـەوە، ئەو بە تێروپڕی کۆشش دەکات هەر ژیرییەک، هەر ڕاستییەکی ڕاسـتـەقـینە هەر جـوانی و چاکـەکـارییـەک بە ڕێگـایەکی زانسـتی بزانرێن و بەپێی گـەوهەری هەمـەکی دیار و دەسـتنیـشـان بکرێن و بەپێی چ مـیـتـودەیەک لە دۆخـە تاکـەکـاندا دەسـتگـیـر دەبن. بەهۆی زانسـتی سـروشت و فەلسەفەی سروشتییەوە لەو باوەڕەدایە کە بە بەشی زۆری ئامـانجی سەرەکی گەیشـتووە. بەوپەڕی دڵگەرمی کە ئەو هۆشـیـارییـە بەرپای دەکـات، خـۆی وەک مـامـۆسـتـاو چاکسـازی پراکـتیـکی ڕاسـتی و چاکەکـاری و جـوانی زانسـتی سـروشـتی دادەنێ، بەڵام ئەو ئایدیالیـسـتـیـیـەو

تیوربیەکان دادەنێ و واشی دادەنێ کە پاساویان دەداتەوە، کەچی لەشێوازە ئایدیالیستییەکەی کرداریدا حاشا لەوە دەکات گریمانەی کردووە ئیتر دانانی تیوری بێ، یان پاساودانی بەهاکان، یان پێوەرە پراکتیکییەکان بێ کە جوانترین و چاکترین. بە تایبەتی ئەوەندەی ئەو گریمانە دەکات، بەگشتی تیوری ڕەنگ دەڕێژێ، ئەوەندەی بەگشتی بەهاکان بابەتییانە دادەنێ کە دەبێ چۆن بن و بەهەمان جۆر بەگشتی چەند بنەمایەکی کردەکی ڕۆدەنێ کە دەبێ هەریەکێک بەپێی ئەوان بخوازێ و کردار بکات. لایەنگری ڕێبازی سروشتی شت فێر دەکات، وتار دەخوێنێتەوە و ڕێوشوێنەکانی ئاکار دادەنێ و چاکسازی(۳) دەکات، بەڵام ئەو حاشا لەو ئامۆژگارییانە دەکات کە لە وتارەکەیدا گوتوویەتی هەموو ئەو داواکارییانەی بەپێی واتاکانیان کە گریمانە کراون، بەڵام ئەو وەک گومانکارە ئەنتیکەکان ئامۆژگاری ناکات بەوەی بە ڕاشکاوی بڵێ:

تاکە شتی ژیرانە ئەوەیە: ژیر جا ئیتر تیوری بێ، بەهاکان بێ، یان ژیری کردەکی حاشای لێ بکرێت. ئەو جۆرە شتانە ئەو لەخۆی بەدوور دەگرێ. ناژیرییە کە Widersinn لەلای ئەو کراوە نییە، بەڵکو لەلای ئەو لەوەدا بە شاردراوەیی دەمێنێتەوە کە ئەو ژیر دەکات بە سروشتی.

لەو بۆچوونەوە شەڕە قسەکە یەکلایی بۆتەوە جا ئیتر تەوژمی پۆزەتیڤیزمی بێ، یان پراگماتیزم کە لەوپتر سنووری ڕێبازی ڕێژەیی بەزاندووە و ڕوو لە هەستانە. بە ئاشکرا لەو ڕەوشەدا دەردەکەوێ ئەو بەڵگانەی پشت بە ئەنجامەکان دەبەستن لە کاراییی کردەکییاندا چەندە لاواز و بێ هێزن. بڕیاری پێشییانە Vorurteil چاودەبەستن و ئەو کەسەی تەنیا هەر فاکتەکانی ئەزموون دەبینێ و تەنیا هەر زانستی ئەزموون بەهۆی بایەخە ناوەکییەکەوە بە دروست دادەنێ، ئەنجامە ناژیرییەکانی هیچی تر نیگەرانی ناکەن، ئەوانەی بەهۆی ئەزموونەوە ناکرێ وەک چەند ناکۆکێک بە فاکتەکانی سروشت ساغ و پشت ڕاست بکرێنەوە. ئەو ئەوان وەک ڕێبازێکی سکولاستی دەخاتە لاوە. بەڵگەی پشت بەستوو بە ئەنجامەکان لەلایەنێکی دیکەدا بە تایبەتی لەلای ئەوانەی هەست بە هێزی سەلمێنەی ئەو بەڵگەیە دەکەن، کارێکی نادروست دەکات. بەو هۆیەوە. ئەگەر ڕێبازی سروشتی بە کەموکورتی دەربکەوێ، ئەو دەیەوێ فەلسەفە لەسەر بنەمای زانست وەک زانستێکی ڕێکوپێک دابمەزرێنێ، ئەوە ئامانجی میتودەکەشی خۆی بە کەموکورتی دەردەکەوێ و ئاراستەیەک لەنێو ئەوانەی باوەڕیان بە ڕێبازی سروشتی نییە بڵاوە و تەماشای زانستی پۆزەتیڤی وا دەکەن کە فەلسەفەیەکی زانستییە تەنیا ئەوکاتەی لەسەر بنەمای ئەو زانستە دامەزرابێ، بکرێ بە بیردا بێت، بەڵام ئەمە هەمووی بڕیاری پێشیانەیە و لەبەر ئەو هۆیەش خواستی لادان لە هێڵی زانستی ڕێکوپێک هەڵەیەکی بنەڕەتییە. ئەمەش لایەنی باشی و سوودبەخشی ئەو ڕێبازی سروشتی و هێز و تواناکەیەتی لەو سەردەمەماندا کە کۆشش دەکات بەهۆیەوە هەوڵ دەدات بنەمای وردو ڕێکوپێکی زانستی لە هەموو کایە و بوارەکانی سروشت و گیاندا جێبەجێ بکات سەرەڕای تیوری و پراکتیک ئەمەش ئەو کۆششەیە کە بەهۆیەوە دەیەوێ زانستییانە، وەک خۆی لاف لێدەدات، کێشە فەلسەفەیی و بەهاکان یەکلایی بکاتەوە لەوەشدا لەو باوەڕەدایە کە شێوازی زانستی وردی سروشتی ڕێکوپێک دەگرێتە بەر. دوور نییە لە تێکڕای ژیانی سەردەمدا بیرۆکەیەک نەبێ لە بیرۆکەی زانست پتر بە هێز و سووربێ لەسەر بەرەو پێش چوون. بگرە کەژاوەی سەرکەوتنی بەرەو پێش هەنگاونەرەکە بەربەست ناکرێت. بەپێی ئامانجە ڕەواکانی هەموو شتێک دەگرێتەوە. ئەگەر لە تەواوترین نموونەی ڕەوشیدا بیری لێ بکرێتەوە، خۆی ژێر خۆیەتی، کە ناکرێ لە تەنیشت و سەروویەوە هیچ دەسەڵاتێکی تر بوونی هەبێ. لە کایەی زانستی ورد و ڕێکوپێکدا، بە دڵنیاییەوە، هەموو نموونە تیوری و بەهاکان و پراکتیکییەکان دەچنەوە سەر ئەو ڕێبازە و ڕێبازی سروشتی خۆی کاتێک ئەوان بەشێوازی ئەزموونی لێکدەداتەوە، چەواشەیان دەکات.

لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕ بوون بە گشتی ئەگەر پشت ڕاست نەکرێتەوە شتێکی ئەوتۆ ناڵێ، هیوا، ئاوات بە زانست کەمتر دەڵێ ئەگەر مرۆڤ ڕێگای گەیشتنە ئەنجامەکە ڕوون نەکاتەوە. ئەگەر پێویست بێ بیرۆکەی فەلسەفە وەک زانستێکی ورد و ڕێکوپێک لە ئاقار کێشە نیشاندراو و گشت کێشە لە گەوهەردا لەو نزیکەکان بەبێ هێز و بێ دەسەڵات نەمێنێ، دەبێ ئێمە شیاوەکییە ڕوونەکانمان لەبەرچاو بن، ئەوان بەدی بهێنین، بەهۆی ڕوونکردنەوەی کێشەکان و قووڵبوونەوە لە واتا تایبەتییەکانیان، دەبێ ئەو میتودانەی لەگەڵ ئەو

کێشانەدا دەگونجێن و دێنەوە، چونکە ئەوان ئەو میتودانەن کە کێشەکان بە پێویستیان دەکەن، بەشێوازێکی گەوهەریانە خۆیان بسەپێنن، ئەوەش جێبەجێ کردنەکەی خوازراوە. بەو پێیە لە یەک کاتدا باوەڕێکی زیندوو و کاریگەر بە زانست و دەستپێکێکی کارای ئەومان دەستگیر دەبێ. لەو سۆنگەیەوە پووچەڵکردنەوەی ڕێبازی سروشتی لەسەر بنەمای ڕەخنەکردنی ئەنجامەکانی، ئەگەرچی سوودبەخش و ناچاریی بێت، دەسکەوتەکەی کەم دەبێ، بەڵام بە تەواوەتی بەجۆرێکی دیکە دەبێ ئەگەر ئێمە لە بنەڕەت و میتودە و دەسکەوتەکانی ڕەخنەیەکی گرنگی پۆزەتیڤ و بنەڕەتییانە بگرین. لەوەدا کە ڕەخنەکە شت جیا دەکاتەوە و ڕوونی دەکاتەوە، لەوەدا ناچارمان دەکات بەدوای واتای ڕاستەقینەی هۆکارە پاڵنەرە فەلسەفەییەکانمدا بچین، ئەگەرچی بەگشتی ساکارو ئاڵۆز و تەمومژاوی وەک کێشە داڕێژراون، ئەوە مەیلی ئەوە دەورووژێنن بۆچوونی چاکترین ئامانج و ڕێگا ڕەنگ بڕێژن و مەبەستی ئێمەش پۆزەتیڤانە هان بدەن.

بەو مەبەستە بە دوورودرێژی قسە لەو کارەکتەرەی فەلسەفە دەکەین کە بە تایبەتی دەرمان خست و بەگژیدا دەچینەوە. بە تایبەتی بە سروشتی کردنی هۆشیاریی. لێرە بەدواوە بۆ خۆی پێوەندی توندوتۆڵ بە ئەنجامە گومانهەڵگرەکان کە پێشتر ئاماژەمان پێدا، دەردەکەوێ. لە هەمان کاتدا هەوڵی ڕوون کردنەوەی ئەو کایە و بوارە دەدەین کە مەبەست و ئامانجی گازندە و ڕەخنەکردنەکەی دووەممانە کە تایبەتە بە سروشتی کردنی بیرۆکەکان و هەوڵ دەدەین تێیان بگەیشترێ.

**بەشی دووەم:**

سروشت ئاسا ئێمە ئەو ڕەخنە شیکارییەمان بەو سەرنجدانە ئەوپەڕی ساکارەی توێژەرانی سروشت نابەستینەوە کە دەست لە فەلسەفە وەردەدەن، بەڵکو ئێمە خۆمان بە زانین و شارەزاییەکی زانستی فەلسەفەیەکی زانستی ڕاستەقینەوە خەریک دەکەین، بە تایبەتی بە میتودە و دیسپلینەوە کە بەهۆیەوە وا باوەڕ دەکات گەیشتبێتە چڵەپۆپەی زانستی ورد و ڕێکوپێک. ئەوەندە لەو باوەڕەی دڵنیا دەبێت بە چاوێکی نزم و بەکەم زانین تەماشای شێوازەکانی دیکەی فەلسەفە کردن دەکات. پێوەندی نێوان ئەو شێوازانە و شێوازەکەی زانستی ڕێکوپێکی فەلسەفەکردن وەک پێوەندی نێوان فەلسەفەی سروشتی تەمومژاوی و شێواوی ڕێنیسانس و لاوێتی بەهێزی میکانیکی ڕێکوپێکی گالیلێ وابووە، یان وەک پێوەندی ئەلشیمی بەکیمی ڕێکوپێکی لاڤوازێوە بووە. ئەگەر بپرسین ئەو فەلسەفە ڕێکوپێکە چییە کە بەشێوەیەکی سنووردار پەرەی سەندووە؟ کە بەرانبەر بە میکانیکی ڕێکوپێک دادەنرێ، پێمان نیشان دەدرێت: ئەوە سایکۆفیزیکە بە تایبەتی سایکۆلۆژی ئەزموونی کە هیچ کەسێک لاری لەوە نییە گەیشتۆتە پلەی زانستی ڕێکوپێک. ئەوە سایکۆلۆژی زانستی ورد و ڕێکوپێکە کە ماوەیەکی دوور و درێژ بەدوایدا گەڕاوین و لەدواییدا بۆ ڕاستییەکی ڕاستەقینە. لە کۆتاییدا هەر بەهۆی ئەوەوە لۆژیک و تیوری زانین، ئیستێتیک، ئاکار و پەروەردە بنەڕەتە زانستییەکەیان دەستگیر بووە، ئەو بابەتانە بەو ئاراستەیەدا کارابوون خۆیان بەرەو دیسپلینی ئەزموونی بەرن. ئینجا سەرەڕای ئەمە سایکۆلۆژی ورد و ڕێکوپێک بە بنەمای تێکڕای زانستە مرۆڤییەکان و بە هەمان شێوە، بەڵام کەمتر نا بە هی میتافیزیکیش دادەنرێ. ئەوەندەی پێوەندی بەوەی دواوە هەیە سایکۆلۆژی چاکترین بنەمای نییە، چونکە بەو قەوارەیە زانستی سروشتی فیزیکی لە کاری دامەزراندنی بنەمای ئەو تیورییە ڕیالیستییە گشتییەدا بەشداری کردووە.

لە بەرانبەردا ڕەخنە و گازندەکانی ئێمە ئەوانەن:

یەکەم شت: دەبێ بزانرێ، هەروەک لە بیرکردنەوەی کورت و سەرپێیدا دەردەکەوێ: سایکۆلۆژی بەگشتی، وەک زانستێکی ڕیالیستی گونجاو نییە، بنەما بۆ ئەو دیسپلینە فەلسەفەییانە دەستەبەر ببێ کە بایەخ بە بنەڕەتە بێگەردەکانی هەموو جۆرە پێوەردانانێک دەدەن وەک: لۆژیکی بێگەرد، هی بەها بێگەرد و پراکتیکیەکان. ئێمە ئیتر پێویستیمان بەوە نەماوە بابەتەکە پتر درێژە پێ بدەین. ئەو جۆرە درێژەپێدانە جارێکی دیکە دەمانباتەوە سەر گومانە ناژیرەکییەکە. ئەوی پێوەندی بە تیوری زانینەوە هەیە کە دەبێ بە واتای بیرکاری هەمەکی mathesis universalis (کە پێوەندی بە تیوری زانینەوە نییە) لە لۆژیکی بێگەرد جیای بکەینەوە. ئیتر دەکرێ دژی تیوری زانینی ڕێبازی سایکۆلۆژی و ڕێبازی فیزیکی شتێک بگوترێ، کە لێرەدا هەندێکی دەبێ ڕوون بکرێتەوە و ئاماژەی پێ بدرێت:

هەموو زانستێکی سروشت بەپێی خاڵی دەستپێکی سادە و ساکارە. سروشت کە ئەو دەیەوێ توێژینەوەی لەسەر بکات، بەلایەوە بە ئاسانی هەیە و لە ئارادایە. گومان هەڵنەگرە کە شتەکان هەن، هەن وەک هێمن و وەک جووڵاوە وەک گۆڕاو لە جێگای بێ کۆتاییدا و وەک چەند شتێکی بە پەیوەستی کات لە کاتی بێ کۆتاییدا ئێمە هەست بە بوونیان دەکەین، ئێمە بە چەند بڕیارێکی ساکاری ئەزموونی باسیان دەکەین. ئەو هاوردە گومانهەڵنەگرانە بە ڕێگایەکی بابەتی دروست و بە شێوازێکی وردی زانستییانە بزانرێت ئامانجی زانستی سروشتییە. هەر ئەو قسەیە سروشت بە واتا فراوانەکەی، بە واتای سایکۆفیزیکی، یان زانستە توێژەکان، واتە بە تایبەتی سایکۆلۆژی دەگرێتەوە. دەروونی خۆی جیهانێک نییە بۆ خۆی، ئەو هاوردەیەکە وەک من، یان وەک منی بە تاقیکردنەوەی زیندوو پەی پێ براو (بەڵام بە تەواوەتی بە واتایەکی تری جیاواز)، هەر ئەو خۆی بەپێی ئەزموون و شارەزایی بەستراو بە چەند شتێکی فیزیکییەوە خۆی نیشان دەدات کە لەشی پێ دەگوترێ. ئەمەش هاوردەیەکی پێشییانەی ڕوون و ئاشکراو گومانهەڵنەگرە، ئەو ڕەگەزە دەروونییە لەنێو پێوەندی سروشتی سایکۆفیزیکیدا کە لەودا بێ گومان و بە ڕوون و ئاشکرایی بوونی هەیە زانستییانە لێی بکۆڵرێتەوە بابەتیی دروست دەستنیشان بکرێت قانوونی پەیدابوون و گۆڕانی و هاتن و چوونی ئەرکی سەرشانی سایکۆلۆژییە. هەموو دەستنیشانکردنێکی سایکۆلۆژی بەپێی سروشتی خۆی eoipso دیاریکردنێکی سایکۆفیزیکییە بە تایبەتی فراوانترین واتای (کە ئێمە لە ئێستاوە پەیوەست دەبین پێوەی) بە جۆرێک کە دەلالەتێکی فیزیکی دەبێت و هەرگیز دەستبەرداری نابێ. هەروەها سایکۆلۆژی- کە زانستێکی ئەزموونییە- کاتێک بایەخ بە توێژینەوەی ڕووداوەکانی هۆشی ساکار دەدات و بایەخ بە توێژینەوەی پێوەندییە دەروونییە فیزیکییەکان نادات بە واتا باو و بە وردی دەستنیشان کراوە کە ئەوە لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ڕووداوانە وا دادەنێ کە سەر بە سروشتن واتە سەر بە هۆشی مرۆڤی، یان هی زیندەوەرین، کە لەلای خۆیانەوە پێوەندییەکی گومان هەڵنەگری بێ پێچ و پەنایان بە لەشی مرۆڤ و زیندەوەرەوە هەیە. دوورخستنەوە و لەناوبردنی ئەو پێوەندییە سروشتییە ڕەگەزی دەروونی لە سروشتی خۆی

کە فاکتێکی سروشتییە دەکرێ بەپێی کات و بابەتییانە دیار و دەستنیشان بکرێ بێ بەش دەکات، بە کورتی فاکتە سایکۆلۆژییەکەی لێ دەستێنێ. دەبێ پێی لەسەر ئەوە دابگرین:

هەر بڕیارێکی سایکۆلۆژی، بە ڕاشکاوی بێ، یان بە ناڕاشکاوی بوونی سروشتی دەروونی دەگرێتە خۆی.

بەو پێیە ئەوەی دێت ڕوون دەبێتەوە:

ئەگەر بەڵگەیەکی یەکلایی کردنەوە هەبێ ساغی بکاتەوە، زانستی سروشتی فیزیکی فەلسەفە نەبێ بە واتا تایبەتییەکە، ئەوە هیچ کاتێک و هەرگیزاو هەرگیز ناکرێ ببێ بە بنەمای فەلسەفە تەنیا لەسەر بنەمای فەلسەفەی پێشوو دەکرێ بۆ مەبەستی میتافیزیکی بایەخێکی فەلسەفیی هەبێ: ئیتر دەبێ گشت ئەو بەڵگانە بێ چەند و چۆن بەسەر سایکۆلۆژیدا جێبەجێ بین، کە لەبەردەستدان.

ئێستا ئەوە بەسە ئەو «سادە و ساکارییە» بهێنینەوە یاد کە بەپێی ئەوەی پێشتر گوترا زانستی سروشت، سروشت وەک هاوردەی دراو وەردەگرێ، ئەو سادە و ساکارییە کە وەک دەگوترێ لەودا هەتا هەتاییەو بۆمموونە لە هەموو بەشێکی پرۆسەی میتودەکەیدا سەرلەنوێ دووبارە دەبێتەوە، ئەو بە ئاسانی دەچێتەوە سەر ئەزموون و تاقیکردنەوە- لە کۆتاییدا گشت میتودەیەکی زانستی ئەزموونی دەباتەوە سەر تاقیکردنەوە و ئەزموون. زانستی سروشتی بە تەواوەتی بە جۆر و شێوازەکەی خۆی ئەوپەڕی ڕەخنەگرانەیە. تاقیکردنەوەی سادەی تاک ئەگەرچی زانیارییەکەشی کۆ ببێتەوە بایەخێکی کەمی هەیە. ڕێکخستن و بەیەکەوە گرێدانی میتودەیی تاقیکردنەوەکان لە ئاڵوگۆڕی دەستیاوی ئەزموون و بیردا قانوونی جێگیری لۆژیکی خۆی هەیە، تاقیکردنەوەی ڕاست لە هی ناڕاست جیا دەکاتەوە. هەر تاقیکردنەوەیەک ئەو ڕاستییەی شایستەیەتی دەستگیری دەبێ و بەگشتی کاری بەدەستهێنانی زانینی ڕاستی بابەتی و زانینی سروشتی دەکات، بەڵام ئەو جۆرەی ڕەخنەکردنی ئەزموون چەندە ڕازیمان بکات، لەبەر ئەوەی لە کایەی زانستی سروشتدا دەمێنینەوە و بەپێی بۆچوون و سۆنگەکەیەوە بیردەکەینەوە، ئەوە ڕەخنەکردنێکی تری ئەزموونی ئەوپەڕی جیا هەر شیاوو شیاوەکی دەبێ، ڕەخنەکردنێکی ناچاریی تێکڕای ئەزموون بەگشتی و بیری زانستی ئەزموونی دەکات بە کەرەسە و بابەتی

پرسیار کردن.
چۆن ئەزموون وەک هۆشیاریی دەتوانێ بابەتێک بداتە دەست، یان پێوەندی پێوە بکات: چۆن ئەزموون بەهۆی ئەزموونەوە دەتوانن دەستیاوی یەکتری ڕەوا بکەن و پاساو بدەنەوە و چۆن دەتوانن یەکتری لابەرن، یان یەکتری بە شێوازی خۆیی بەهێز بکەن. چۆن گەمەیەکی هۆشیاری ئەزموونی لۆژیکیانە دەبێ بابەتییانە شتی دروست دەربارەی شتی بوونەوە بۆ خۆی و لەخۆیدا بلێ، بۆچی بنەماکانی گەمەی هۆشیاریی، وەک دەگوترێ، بۆ شمەکەکان گرنگ نین، چۆن دەکرێ زانستی سروشت لە هەموو گەورە و چووکەیەکیدا تێی بگەیشترێ، ئەوەندەی ئەو لە هەموو هەنگاوێکدا بوونی سروشتی بوونەوەر لەخۆیدا دابنێ و لەو باوەڕەدابێ کە دەشیزانێ لەخۆیدا بوونەوەر بەرانبەر بە تەوژمی خودی هوشیاری- ئەمە گشتی دەبێ بە گرێ کوێرە و مەتەڵ ئەوەندەی سەرنجدان بە تەواوەتی خۆی ئاراستەی ئەو بکات. وەک زانراوە تیوری زانین ئەو دیسپلینەیە کە دەیەوێ وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە و سەرەڕای هەموو ئەو جۆرە بیرکردنەوانەی تا ئەم سەردەمە کە توێژەرە گەورەکان کردوویانە، نەتوانراوە بە شێوازێکی زانستی ڕوون و دیاریکراو کۆی دەنگ و یەکلاییی کەرەوە وەڵام بدرێتەوە.

ئیتر تەنیا هەر پێویستی بە هەماهەنگییەکی ورد و ڕێک و پێکی دەستنیشانکردنی ئاستی ئەو کێشەیە هەیە (هەماهەنگییەک کە بە ئاشکرا هەموو تیوری زانینەکانی تا ئێستا نەیانبووە) بۆ ئەوەی نا ژێرەکی «تیوری زانینێکی زانستی سروشتی» تێبگەین، ئینجا هەر لایەنە دەروونییەکەش ڕوون بێتەوە. ئایا، ئەگەر بەگشتی قسە بکرێت، ئەگەر هەندێک لە مەتەڵی زانستی سروشت لە بنەڕەتدا ناوەکی بن، ئەوە لەخۆیدا ڕوون و ڕەوانە کە یەکلایی کردن و چارەسەرەکان بەپێی پێشەکی و ئەنجامەکان لە بنەڕەتدا ترانسندێنتن. یەکلایی کردنەوەی هەر یەکێک لەو کێشانە کە وەک کێشە هەمیشە لەگەڵ زانستی سروشتدایە، کە هەنگاو بە هەنگاو لە دەستپێکەوە تا کۆتایی لەگەڵیدایە- کە لە سروشتی زانین خۆی چاوەڕێ بکرێت بویستری، یان تەنیا وادابنرێ بۆ یەکلاییی و چارەسەرکردنی ئەو جۆرە کێشانە جۆرە پێشەکی پێشکەش بکات و بتوانێ، ئەوە دەگەیەنێ لە بازنەی ناژیرەکیدا بجوولێنەوە.

هەروەها ڕوون دەبێتەوە هەموو گریمانە کردنێکی سروشت، زانستی بێ، یان پێش زانستییانە، هەروەها گشت دەستەواژەکان کە ڕەوشی بوونی شمەکیان لەجێگاو کات و لەهۆیەکیدا...تاد، تێدایە دەبێ لە بنەڕەتەوە لە تیورییەکی زانین دوور بخرێنەوە ئەگەر بویستری واتایەکی دیاریکراوی بۆ بپارێزرێ. ئەو بە دوور خستنەوەیە بە ئاشکرا فراوان دەبێ. گشت دانان و دۆخە بوونەکان دەگرێتەوە کە تایبەتە بە بوونی کۆنکرێتی Da-sein مرۆڤی توێژەر و هێز و توانا دەروونییەکانی.

دواتر: ئەگەر تیوری زانین بیەوێ کێشەی پێوەندی نێوان هۆشیار و بوون بکات بە بابەتی توێژینەوە، ئەوە دەتوانێ تەنیا هەر بوون وەک هەماهەنگ لەگەڵ هۆشیاریدا لەبەرچاو بگرێ، وەک شتێکی مەبەست و خوازراو بەپێی ڕێگای هۆش: وەک شتێکی پەی پێ براو، بە یاددا هاتوو، چاوەڕوان کراو، وێنا کراو، بە ئەندێشە وێناکراو، دیاریکراو، جیاواز، باوەڕ پێ کراو...تاد ئەوکاتە مرۆڤ دەبینێ کە دەبێ توێژینەوەکە ئاراستەی زانینی گەوهەری زانستییانەی هۆش بکرێت، ئاراستەی هۆشیاریی لەگشت ڕوخسارە جیاوازەکانی خۆیدا بەپێی گەوهەرەکەی «چۆنە» بکرێ و لەهەمان کاتدا ئاراستەی ئەوە بکرێ ئەو «چی دەگەیەنێ»، هەروەها ئاراستەی هەموو شێوازە جیاوازەکان بکرێ بەپێیان- بەپێی گەوهەری ئەو ڕوخسارانە- جارێک ڕوون و جارێک تەمومژاوی جارێک لە ئارادابووی ئامادە، یان بخوازرێ لە ئارادا بێ بە سیمبوڵ، یان بە وێنە، جارێک ساکار و جارێک بەپێی بیرکردنەوە پێشکەش بکرێت، جارێک لەم، یان لەو ڕەوشەی بە ئاگا بوون و ئیتر لە فۆرمی لە ژماردن نەهاتوودا کە مەبەست شتێکی بابەتییەو دووریش نییە ئەو بابەتە بە «ڕاست» و «دروست» و «ڕاستەقینە» و بە «بوونەوەر» نیشان بدات.

هەر جۆرێکی بابەت ئەگەر بویستری بابەتی قسەکردنێکی ژیرەکی، هی پێش زانستییانە و ئینجا هی زانینی زانستییانە بێت، دەبێ خۆی لە زانینیدا، لە هۆشیاری خۆیدا ڕابگەیەنێ و ئینجا بەپێی واتای گشت زانینێک ببێ بە کەرەسەی هاوردە. گشت جۆرەکانی هۆش ئەوەندەی وەک دەگوترێ ئامانجەکی لەژێر ناوونیشانی زانیندا ڕێکدەخرێن و بەپێی چەمکە جیاوازەکانی بابەتەکان پۆلێن دەکرێن- وەک چەند گرووپێکی تایبەتی وەک لەوان چووی ئەرک و

هاوبەندییەکانی زانین- دەبێ توانایی ئەوەیان هەبێ لە پێوەندییە دەستیاوییە گەوهەرییەکانیاندا و پێوەندی گەڕاوە بۆ سەر فۆرمەکانی پێش هاوردەکانی هۆش کە سەر بە ئەوانن بکرێ بەکەرەسەی توێژینەوە. ئیتر دەبێ واتای پرسیاری ڕەوایی کە ڕووبەڕووی گشت چالاکی و کارێکی زانین بکرێتەوە، تێی بگەیشترێ و دەبێ گەوهەری سەلماندن کە لەسەر بنەمای ڕەوایی دادەمەزرێ و گەوهەری توانایی نموونەیی دامەزراندن، یان دروستییە کە بکرێ بە تەواوەتی ڕوون بکرێتەوە و بگرە بۆ هەموو ئاستەکانی زانین و بۆ ئەوپەڕی ئاستی بەرزی زانینی زانستی.

ئەوە چی دەگەیەنی: بابەتییەک بوونی هەیە و خۆی وەک بوونەوەر بەپێی زانین وەک بوونەوەر دەردەخات، دەبێ ئەوە بەبێ گەردی لە هۆشیاری خۆیەوە بە وردی ڕوون بکرێتەوە و بەبێ ئەگەر و گومان تێی بگەیشترێ. بۆ ئەو مەبەستە پێویست دەکات تێکڕای هۆشیاری لێی بکوڵرێتەوە، چونکە بەپێی هەموو ڕوخسارە شێوەکانی لە ئەرک و هاوبەندییە شیاوەکییەکانی زانین بە دەردەکەوێ، لەبەر ئەوەی هەر هۆشیارییەک بریتییە لە «هۆشیاربوون لە شتێک» بۆیە توێژینەوەی گەوهەری هۆشیاری دەلالەتی هۆشیاری و بابەتییەتی هۆشیاریش وەک خۆی دەگرێتەوە. توێژینەوەی هەر جۆرێکی بابەتییەتی بەپێی گەوهەرە هەمەکییە گشتییەکەی (توێژینەوەیەک مەبەستی چەند بایەخ پێدانێک بێت لە بایەخ پێدانەکانی تیوری زانین و توێژینەوەی هۆشیاری دوور بێت) بەو واتایە: بە شێوازی هاوردە دراوەکانیان و پرۆسەی پێوەندیدار بە «ڕوونکردنەوەی» ناوەرۆکی گەوهەری بە تەواوەتی، بایەخ بدرێ. خۆ ئەگەر لێرەدا هەڵوێست و ئاراستەکە بەرەو ڕەوشی جۆرەکانی هۆش و توێژینەوەی گەوهەرەکەی نەبێ، ئەوە میتۆدەی ڕوونکردنەوە وا پێویست دەکات کە نەکرێ، لەو ڕەوشەدا، سەرنجدانی شێوازی مەبەست و بوونی ڕەوشی لە ئارادابوو دەستبەردار ببێ. بە تێکڕایی، بە پێچەوانەوە، بۆ شیکردنەوەی گەوهەری هۆشیاری ڕوونکردنەوەی هەموو جۆرە بنەڕەتییەکانی بابەتییەکان دەستبەرداربوونی لە کردن نایەت و لەوێشد هەیە، یەکەم بە ڕاستی لەشیکردنەوەیەکی تیوری زانین دەبێ، کە ئەرکی خۆی لە توێژینەوەی پێوەندییە دەستیاوییەکاندا دەبینێ. ئەوەیە ئەو هۆکارە بۆچی گشت ئەو توێژینەوانە

کە دەبێ بە شێوازێکی ڕێژەیی لەیەکتری جیا بکرێنەوە لەژێر ناوونیشانی فینۆمینۆلۆژیدا کۆ دەکەینەوە.

ئێمە ڕووبەڕووی زانستێک دەبینەوە- دەربارەی بەهێزیی و پان و بەرینی قەوارەکەی توێژەکانی ئەم سەردەمەمان هیچ بۆچوونێکیان لە بارەیەوە نییە- ئەگەرچی زانستی هۆشیارییە و بەهیچ جۆرێک سایکۆلۆژی نییە، زانستێکی فینۆمینۆلۆژی هۆش بەرانبەر بە زانستێکی سروشتی هۆشیاری، لەبەر ئەوەی بابەتەکە لێرەدا دەربارەی دوو واتاییەکی شێواوی ڕێککەوت نییە، بۆیە دەبێ هەر لە سەرەتاوە چاوەڕێ بکرێت کە دەبێ فینۆمینۆلۆژی و سایکۆلۆژی پێوەندییەکی بەهێزیان لەنێواندا بێت، ئەوەندەی هەردووکیان، ئەگەرچی بە شێوازی جیاواز و بە «هەڵوێستی لە یەکتری جیا» بێ، هۆش دەکەن بە کەرەسەکەیان ئەوەی ئێمە دەمانەوێ بەهۆیەوە دەریبڕین ئەوەیە:

سایکۆلۆژی بایەخ بە «هۆشی ئەزموونی» دەدات، هۆش لە ڕوانگەی سەرنجدانی ئەزموونییەوە و بەو شێوازەی لێرە بوونی هەیە و پێوەندی بە کۆی سروشتەوەیە. بە پێچەوانەوە، فینۆمینۆلۆژی بایەخ بە هۆشیاری «بێگەرد» دەدات واتە بە هۆشیاری لە ڕوانگە و هەڵوێستی فینۆمینۆلۆژیانەوە.

ئەگەر ئەوە ڕاست بێ، ئەوە دێتە پێشەوە، بەبێ ئەوەی ئەو ڕاستییە بە کەم بزانرێ کە سایکۆلۆژی فەلسەفە نییە لەوەشدا وەک زانستی سروشتی فیزیکی ناکرێ فەلسەفە بێ. لەگەڵ ئەوەشدا سایکۆلۆژی دەبێ لەبەر چەند هۆیەکی گەوهەری لە فەلسەفەوە نزیک بێت دەبێ چارەنووسەکەی توندوتۆڵ بە فەلسەفەوە ببەسترێتەوە- بە تایبەتی بەهۆی کایە و بواری فینۆمینۆلۆژییەوە-. لە کۆتاییدا دەکرێ پێشبینی بکرێ: دەبێ هەر تیورییەکی زانینی سایکۆلۆژیانە بەو هۆیەوە پەیدا بووە کە لە واتای تایبەتی کێشەی تیوری زانین بە هەڵە چووە، بەلای کەمەوە هۆشیاری بێگەردی لەگەڵ هۆشیاری ئەزموونی تێکەڵاو کردووە، یان بە شێوازێکی تر بگوترێ: هۆشیاری بێگەرد بە سروشتی دەکات.

ئەوەیە بە ڕاستی تێگەیشتن و لێکدانەوەی من و لەمەولا پتر ڕوونکردنەوەی دیکەش دێت.

ئەوەی تا ئێستا بە ئاماژە پێدانەوە گوترا، بە تایبەتی ئەوەی لە بارەی لە یەکچوونی توندوتۆڵی سایکۆلۆژی و

فەلسەفەوە گوترا زۆر کەم سایکۆلۆژی مۆدێرنی ڕێکوپێک و ورد دەگرێتەوە کە ئەوپەڕی بە فەلسەفە بیانی و نامۆیە، بەڵام هەرچەندە ئەو سایکۆلۆژییە لافی پەیڕەوکردنی میتودەی ئەزموونی لێ بدات و بە چاوێکی نزم تەماشای «سایکۆلۆژی سەر مێز» بکات، باوەڕی وابێ ئەو سایکۆلۆژییە و بە تێروپڕی واتا سایکۆلۆژی زانستییە، ئەوە دەبێ من ئەوە ڕابگەیەنم کە ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە و ئەنجامی سەخت و دژواری هەیە. بنەمای بنەڕەتی ئەو سایکۆلۆژییە وەلانان و دوورخستنەوەی هەر شیکردنەوەیەکی ڕاستەوخۆ و بێگەردی هۆشە- بە تایبەتی دوورخستنەوەی جێبەجێ کردنی «شیکردنەوە» و «باسکردنی» ئەو هاوردانەی لە ئاراستە ناوەکییە شیاوەکییە جیاوازەکاندا دەدرێنە دەست- بۆسوود و قازانجی و لەپێناوی جێگیرکردنی ناڕاستەوخۆی فاکتە گرنگە دەروونییەکان، یان ئەوانەی پێوەندییان بە سایکۆلۆژییەوە هەیە، کە بەبێ شیکردنەوەیەکی لەو جۆرەی هۆش بەلای کەمەوە واتایەکیان دەبێ لە دەرەوە تێی دەگەیشترێ. بۆ جێگیرکردنی ئەزموونیانەی سایکۆفیزیکییە پشت بە ڕێسا بەستووەکەی ئەوەندە بەسە بە چەند چەمکێکی کلاسییانە وەک: پەی پێ بردن، سەرنجدانی ئەندێشەیی، چاوەڕوان، دەربڕین، هەژماردن و بە هەڵە هەژماردن، خەملاندنی قەوارە، جارێکی تر ناسینەوە، پاراستن، لەبیرچوونەوە...تاد، بێ گومان، بە پێچەوانەشەوە، ئەو ژمارە زۆر و زەبەندەی ئەو چەمک و بۆچوونانە کە کاریان پێ دەکات و پرسیارەکانی و وەڵام و دەستنیشانکردنە شیاوەکییەکانی سنووردار دەکات.

هەروەها مرۆڤ دەتوانێ بڵێ: پێوەندی نێوان سایکۆلۆژی ئەزموونی و سایکۆلۆژی بنەڕەتی و ڕەسەن Originar وەک پێوەندی نێوان سەرژمێری کۆمەڵایەتی و زانستی کۆمەڵایەتی ڕەسەن و بنەڕەتی وایە. ئەو جۆرە سەرژمێرییە چەند فاکتێکی پڕ بەها کۆدەکاتەوە و تێیاندا نەزمێکی ڕێکوپێکی ڕێساکان دەدۆزێتەوە، بەڵام لە جۆرێکی ئەوپەڕی ناڕاستەوخۆ. تێگەیشتنی ئاشکرای ڕاستەوخۆیان و ڕوونکردنەوەی ڕاستەقینەیان تەنیا هەر لە توانای زانستی کۆمەڵایەتیدا هەیە جێبەجێی بکات واتە: زانستێکی کۆمەڵایەتی کە دیاردەکان دەگەیەنێتە هاوردەی ڕاستەوخۆ و بەپێی گەوهەرەکەیان توێژینەوەیان لەسەر دەکات. هەر بەو شێوەیە سایکۆلۆژی ئەزموونی میتودەیەکە، دوور نییە، فاکتە سایکۆفیزیکییە بەهادارەکان جێگیر و دەستنیشان دەکات، بەڵام بەبێ زانستێکی سیستمی هۆش کە دەروون ناوەکی بکات بە کەرەسەی توێژینەوە توانا و شیاوەکی قووڵ و وردی تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنێکی زانستی تەواوەتی نابێت.

سایکۆلۆژی ڕێکوپێک پەی بەوە نابات کە لێرەدا گەورەترین کەموکوڕی میتودەکەی هەیە، ئەو پەی پێ بردنەشی لە ڕێگای ڕۆیشتنیدا، ئەوەندەی پتر بوونی سەرگەرمییەکەی بۆ هێرش بردنە سەر میتودەی سەرنجدانی ناخ، کەم دەبێتەوە، ئیتر دەدیترێ کە کۆشش دەکات و وزەیەکی زۆر بەکاردەهێنێ بۆ زاڵ بوون بەسەر کەموکوڕییەکانی میتودەی ئەزموونیدا. لێرەدا دەکرێ ساغ بکرێتەوە کە ئەوەی هەوڵی جێبەجێ کردنی دراوە ڕێتێچوون نییە. تۆبزی شتەکان، ئەوی ڕاست بێ دەروونین، خۆی ئەوپەڕی بەهێز بەدەردەخات تا ئەو ڕادەیەی دەبێ لەگەڵیدا چەند شیکردنەوەیەکی هۆش جێبەجێ بکرێن، بەڵام ئەوانە لە بۆچوونی فینۆمینۆلۆژییەوە سادە و ساکارن، بەڵام جیاوازییەکی گەورەی سەرنجڕاکێش لەگەڵ کارڕاستی گومان هەڵنەگری ئەو کۆششەدا هەیە کە بە ڕێکوپێکی سایکۆلۆژی بۆ گەیشتنە مەبەست دەیکات و لە هەندێک کایەدا پێ گەیشتووە (کاتێک ئامانجەکانی ئاسایی دەبن). ئەوەی دوایی لەو جێگایەدا دەردەکەوێ و دروستە کە ساغ کردنەوەی ئەزموونی، دەرکەوتە هەستەکییە خودییەکان دەگرێتەوە کە باسکردن و دەستنیشانکردنیان دەبێ وەک هی دیاردە «بابەتییەکان» جێبەجێ بکرێن، بە تایبەتی بەبێ تێوەگلاندنی چەند چەمک و بۆچوون و ڕوونکردنەوەیەک کە دەچنە نێو کایەی تایبەت بەهۆش، دواتر لەو جێگایەی ساغکردنەوەکە پێوەندی بە چەند کلاسێکی دیاریکراوی تایبەت بە دەروونەوەی هەیە دەردەکەوێ، وەک چۆن ئەوان بەبێ شیکردنەوەیەکی قووڵی هۆش پێشییانە بە تەواوەتی خۆیان دەردەخەن، ئەوەندەی مرۆڤ تەنیا دەستبەرداری بەدوای واتای تایبەتی سایکۆلۆژی ساغ کردنەوەکاندا بچێ.

هۆکاری کەموکوڕی هەر ڕەگەزێکی دەروونی ڕادیکاڵی لەو شیکردنەوانەدا کە ناوبەناو دەکرێن، لەوەدایە کە واتای ئەو کارەی دەبێ لێرە لەگەڵ میتودەکەی جێبەجێ بکرێ و بەو شێوەیە خۆی ئەو سامانەی جیاوازییەکانی

هۆش کە بەبێ جیاوازی لەلای ئەوانەی شارەزای میتودەکە نین تێکەڵاوی یەکتری دەبن، تەنیا هەر لە فینۆمینۆلۆژی بێگەرد و سیستمیدا دەردەکەوێ. بەو شێوازە سایکۆلۆژی ورد و ڕێکوپێکی مۆدێرن کە خۆی بەهۆی ئەوەوە بەوە دادەنێ لە میتودەکەیدا ئەوپەڕی تەواوە زانسییانە ورد و ڕێکوپێکە هەر لەبەر ئەو هۆکارە خۆی بە نازانستی دادەنرێ ئەوەندەی بخوازێ لە واتای ڕەگەزی دەروونی کە لە ڕێسا ڕێکوپێکەکانی سایکۆفیزیکییەکاندا بەدەردەکەوێ بکۆڵێتەوە، واتە بیەوێ بە تێگەیشتنی ڕاستەقینەی سایکۆلۆژی بگات. بەپێچەوانەوە لە گشت ئەو ڕەوشانەدا بە زانستی دانانرێ، کە کەموکورتی بۆچوونە ڕوونکراوەکانی لە بارەی دەروونەوە دەبنە مایەی وروژاندنی کێشەی تەمومژاوی دەروونی و بەوپێیە چەندین زرە ئەنجامی ڕووتی لێ دەکەونەوە. میتودەی ئەزموونی ناکرێ دەستی لێ هەڵبگیرێ لە هەر جێگایەکدا کە پێوەندی بەجێگیرکردنی فاکتە پەیوەستەکانی نێو خودیەکانەوە هەبێ، بەڵام ئەو میتودەیە شیکردنەوەی هۆشیاری خۆی دەکات بە پێش مەرج کارێک کە هیچ تاقیکردنەوەیەک توانای جێبەجێ کردنی نییە.

کەمێک لە سایکۆلۆژیستەکان وەک شتومپف و لیپس و کەسانی نزیک لێیانەوە ئەو کەموکوڕییەی سایکۆلۆژی ئەزموونییان زانیوە، توانیویشیانە پڕ بە پێستی خۆی ئەو پاڵنەرەی قۆناغێکی نوێی هێنایە کایەوە و برێنتانۆی هان داوە، ڕێز لێ بنێن و خۆیان خەریک کردووە بۆ درێژەپێدانی کۆششەکەی بۆ توێژینەوەی ئەزموونە زیندووە ئامانجەکییەکان توێژینەوەیەکی باسکردن و شیکارییانە، بەڵام لەلایەن لایەنگیرە توندڕەوەکانی ڕێبازی ئەزموونییەوە بە تەواوەتی ڕێزیان لێ نەنراوە، یان ئەگەر ئەزموونییانە چالاک بووبن هەر لەو سۆنگەی ئەزموونییەوە هەڵسەنگێنراون، ئەوان هەمیشە و بەبێ پسانەوە وەک سکولاستی هێرشیان براوەتە سەر و بەگژیاندا چوون. دەکرێ لەلای نەوەی دواڕۆژ جێگای بە تەواوەتی سەرسوڕمان بێ کە یەکەمین هەوڵە نوێیەکان کە بە ڕاستی ناوەکین بە ڕێگای تاکە شێوازێکی ناوەکی، یان وەک ئێمە باشتر دەیڵێین شیکردنەوەی گەوهەرەکان لێیان بکۆڵرێتەوە، وەک سکولاستی پشتگوێ دەخرێن و دەکرێ بخرێنە لاوە. هۆکاری ئەمەش کە هیچ هۆکاری تری لەمە بەولاوەی نییە، دەستپێکی سروشتی ئەو جۆرە توێژینەوانەیە کە هێماو نیشاندانەکانی دەروونین و دەلالەتەکانیانن و بەدوای پرسی دیاردەکاندا دەچن کە ئەو نیشانانە پێوەندییان پێیانەوە هەیە و دەبنە مایەی وروژاندنی ساکاریی و تەمومژاوی. بە دڵنیاییەوە ئۆتولۆژیزمی سکولاستی زمان ئاراستەی دەکات (بەڵام من مەبەستم ئەوە نییە بڵێم هەموو توێژینەوە سکولاستییەکان ئۆنتۆلۆژی بوون)، بەڵام ئەو خۆی لەوەدا دەدۆڕێنێ لە دەلالەتی وشەکانی بڕیاری شیکارییانە دەخاتەوە بەو نیاز و مەبەستەی گوایە زانین لە بارەی فاکتەکان بەدەست دەهێنێ. شیکردنەوەی فینۆمینۆلۆژییانە بە هیچ جۆرێک لە بۆچوونەکانی وشەوە هیچ بڕیارێک ناخاتەوە، بەڵکو سەرنجی ئەو دیاردانە دەدات کە زمان بەهۆی وشە پێوەندیدارەکانەوە دەیانوروژێنێ، یان بەناو دیاردەکاندا قووڵ دەبێتەوە کە دەبێتە مایەی بەدیهێنانی سەرنجدانی کامڵ و تەواوەتی بۆچوونە ئەزموونی و بۆچوونە بیرکارییەکان...تاد. ئیتر دەکرێ لەبەر ئەو هۆیە ئەمەش وەک سکولاستی مۆری پێوە بنرێت؟!

ئەوی شایستەی بیر لێکردنەوەیە، هەموو ئەوانەی دەروونین ئەوەندەی بە ئەوپەڕی کۆنکرێتی وەربگیرێن، کە دەبێ بابەتی توێژینەوەی سایکۆلۆژی و فینۆمینۆلۆژی بن سروشتێکی کەم، یان زۆری کۆمپلێکسی «هۆشیاری لە بارەیەوە»یان هەیە. ئەو «هۆشیاریە لە بارەیەوە» فرە وێنە و ڕوخساری سەرسوڕهێنەری هەیە، هەموو دەربڕینەکان کە دەکرێ لە سەرەتای دەستپێکی توێژینەوەکەوە خزمەت بە ڕوونی تێگەیشتن و شرۆڤەکردنی بابەتییانە بکەن چەند دەربڕینێکی سادە و نەرمونیان و تەمومژاوین و دەبنە مایەی ئەوەی کە لە سەرەتای دەستپێکەوە بە ئاشکرا لەوە بەولاوە نەبن کە پەردە لادان بن لەسەر دیاردەکانی گومان لە وشە لە یەکتر چووەکان کەوتووەتەوە.

**سەرچاوە و پەراوێز:**

**1- Edmund husserl: Philosophie als strenge wissenschaft. In; Aufsatze und Vortrage 1911-1921. S.11-21.**

# ئاکاری ئەرستۆ
# ٤٨٣ - ٢٢٣ پ.ز

**سەعید کاکی**
**(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی ئاداب)**

ئەرستۆ لە شاری «ستاگیرا» لەدایک بووە، لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا چووەتە ئاکادیمیەکەی ئەفلاتوون و لە بەردەستی ئەفلاتوون وانەی خوێند و بۆ ماوەی نۆزدە ساڵ لەو ئاکادیمیایەدا سەرقاڵی خوێندن و نووسین بوو.

لە تایبەتمەندییەکانی ئەرستۆ ئەوەیە، بیروبۆچوونەکانی خۆی بە شێوەیەکی سیستەماتیکی و وردبینانە دەنووسییەوە و دووەم ئەوەی کە بەرهەمێکی سەربەخۆی لەبارەی ئاکارەوە نووسی. ئەرستۆناسەکان سەبارەت بە کتێبەکانی ئەو کە لە ئاکاردا نووسیویەتی ناکۆکن. لە کتێبە ئاکارییەکانی ئەو باس لەم کتێبانە کراون: ئاکاری نیکۆماخۆس(١) nicomachean ethics، ئاکاری مەزن magna moralia و ئاکاری ئیۆدیموسی eu-demean ethics.

**١- پلە و پێگەی زانستی ئاکار لە بەرانبەر زانستەکانی دیکە**


ئەرستۆ بەگشتی زانست و فەلسەفەی بۆ سەر سێ لایەن دابەش کردووە:

١- زانستی شیعری هۆزانی، یان بەرهەمهێنان.
٢- زانستی کردەکی.
٣- زانستی تیوریکی.

مەبەست لە فەلسەفەی شیعری، زانستێکە لەبارەی ڕێساکانی جوانی، یان ئیستێتیکاوە دەدوێت و ئەم زانستە هێز و توانایی داهێنەرانەی مرۆڤ بە لووتکە دەگەیەنی.

فەلسەفەی کردەکی:(٢) زانستێکە چاکە و خراپە و قازانج و زەرەری بابەتێک دیاری دەکات. ئەم بەشەی زانست دابەش دەبێتە سەر سێ لایەن:

١- ئاکار(٣).



ئەرستۆ

٢- سیاسەتی شار.

٣- بنەماڵە.

پاشان فەلسەفەی تیوریکی و ئەم زانستانەش باس لە کەشف و دۆزینەوەی ڕاستەقینەکان دەکات و دابەش دەبێتە سەر سێ لایەنی وەک:

١- زانستە سروشتییەکان.

٢- بیرکاری.

٣- تیۆلۆژی.

لەسەر بنەمای ئەم دابەشبوونەدا زانستی ئاکار لە ڕیزی فەلسەفەی کردەکی، یان «فرۆنسیس» جێگیر دەبێت و لە تەنیشت زانستەکانی وەک سیاسەتی شار و بنەماڵە دایدەنێ.

ئەرستۆ ئاکاری وەک زانستێ، تاکەکەسییانە چاوی لەئاکار نەکردووە و لە ڕیزی ئاکاری کۆمەڵایەتیدا دایدەنێ و هەروەها لەبیری نەکردووە، تاکی وەک ئەندامێکی کۆمەڵگا چاولێ کردووە(٤) و هەروەک چۆن لە سیاسەتدا لە بیری ناکات بەختەوەری و ژیانی چاکەی دەوڵەت بەرهەمی ژیانی چاک و باشی تاکەکانی کۆمەڵگایە.

**٢- ئاکاری ئامانجخوازانە، یان ئاکامناسانە(٥)**

ئاکاری ئەرستۆ هەروەک ئاکاری سوقرات و ئەفلاتوون بە تەواوەتی ئامانجخوازانەیە. واتە بەهای بابەتەکانی ئاکار بناغەیان لە بەها دەرەکییەکاندایە. ئەرستۆ کردارێک بە ڕاست و دروست دەزانێ کەوا مرۆڤ بە بەختەوەری و خێر بگەیەنێ، کەواتە کردارێک کە لە خۆیدا بێ و بەبێ ئامانج و مەبەستێک باش بێ، ئەرستۆ ئاوڕی لێ نەداوەتەوە و لای وابووە کارێک باش و دروستە، ئێمە بەخێر، یان چاکەی ڕاستەقینە بگەیەنێ و بەختەوەری ڕاستەقینەی ئێمە دابین بکات و لە هەمان کاتیشدا کردارێک ناشیرینە ئێمە لە گەیشتن بە بەختەوەری واقیعی و ڕاستەقینە دوور بخاتەوە.

ئەرستۆ لە کتێبی ئاکاری «نیکۆماخۆس» بەم ڕستەیە دەستی پێ کردووە: «فەرز و گریمانەی ئەمەیە؛ سەرجەم پیشە و توێژینەوەکان و هەروەها کردارەکانی ئێمە لە خێر، یان چاکەیەک دەگەڕێن و هەربۆیە خێر دوائامانجی سەرجەم بابەتەکانە». (٦) کەواتە کردار و هەڵسوکەوتەکانی ئێمە ئامانجێکی لە پشتەوەیە و ئەمەش بۆ ئێمە گونجاوە، واتە بەهایەکی زاتی و دەروونی هەیە و بابەتەکانی دیکەش پشت بەم بەها و ئامانجانە دەبەستن. لە چەمکە کلیدییەکانی فەلسەفەی ئاکاری ئەرستۆ arete کەوا وشەی «virtue فەزیلەت وهونەر» و ئیۆدایمۆنیا happiness، واتە arate بووە بە vir-tue، یان فەزیلەت.

ئەرستۆ لە کتێبەکەی خۆیدا واتە ئاکاری نیکۆماخۆس، ئاماژەی بە چەمکی ethika داوە و لە زمانی ئینگلیزیدا بە Ethics ناودێر کراوە و ئەم چەمکە لە یۆناندا پێوەندی بە کردار، ڕەوشت و هەڵسوکەوت بووە، وەرگێڕانی گونجاوی Ethics ئەمەیە، بابەتێکە پێوەندی بە کردار و ڕەوشتەوە هەیە. سەبارەت بە چەمکی arate ئەم وشەیە لەلای ئەرستۆ، بێجگە لە مانای «چاکە» و «کەمال» مانای دیکەشی هەیە. بۆ نموونە arate ئارتەی مرۆیی مەبەست کەمالی مرۆییە، واتە ئەو شتەی کەوا مرۆڤ دەکا بە مرۆڤێکی باش و چاک. چەمکی «ئیۆدایمۆنیا» بێجگە لە بەختەوەری، هونەر، مانای سەرکەوتن و سەربەرزیش دەگەیەنێ.

لێرەدا پرسیارێک هەیە و ئەویش ئەمەیە، فەلسەفەی ئاکاری ئەرستۆ چییە؟ و لەم کارەدا چ مەبەستێکی گرتووەتە پێش؟ مەبەستی ئەرستۆ لە ئاکار ئەوە نەبوو ئێمە خۆشحاڵ بکات، یان ئەوەی، کە شادی بە ئێمە

بدات. ئەو دەیەوێت فێرمان بکات لە ژیاندا چۆن و بە چ شێوەیەک سەربکەوین. وەڵامەکە لە شیکردنەوەی فەلسەفییانەی چەمکی «ئیۆدایمۆنیا»دایە.

چەمکی «ئیۆدایمۆنیا» کردەی نەفس، یان دەروونە، کە لەگەڵ کەمالدا بگونجێ. کەواتە شادبوون، خۆشەویستی، دادپەروەربوون، چاکەکاری و زۆر کرداری دیکە لەوەدایە، ئێمە هێزی خۆمان بەکار بێنین بۆ ئەوەی کە ئەم کردارانە چالاکانە لەگەڵ کەمال و مەبەستەکانی ئێمەدا بگونجێ. کاتێ ئێمە ئەم کردارانەمان لە ژیاندا بەکارهێنا چەمکی «ئیۆدایمۆنیا»، یان بەختەوەربوونی خۆمان جێبەجێ کردووە. واتە ئێمە دوو جۆر کەمالمان هەیە.

١- کەمالی ئاکاری: بوێری، بێ لایەن بوون لە داوەرییەکان.

٢- کەمالی ژیرەکی، یان عەقلانی: مەعریفە و حیکمەت.

**٣- خێری کۆتایی، یان دوایەن خێر.**

ئەرستۆ دەربارەی دوایین خێر، یان چاکە دەڵێ؛ خەڵکی تێکڕا لەسەر ئەم وتەیە هاودەنگن کە دەڵێن، دوایەن چاکە بریتییە، لە بەختەوەری، بەڵام لەسەر میسداقی بەختەوەری خێری ڕاستەقینە ناکۆکن. لەناو خەڵکی ئاساییدا، چێژ بە خێر دەزانن هەربۆیە لە خێری ڕاستەقینە دوور دەکەونەوە. ئەم چینە لە خەڵکی حەزێکی کۆیلانەیان هەیە، بەڵام لە ئاستی بەرزتری کۆمەڵگا کەسانێک هەن چالاکن و خاوەن پەروەردەیەکی بەرزن و بەختەوەری لە سەربەرزی و مەزنیدا دەبیننەوە، بەڵام ئەرستۆ لای وایە، ئەو شتەی کە بە خێر، یان چاکە ناودێر کراوە تایبەت بە تاکە و خەسڵەتێکی ئەخلاقییە و دانەبڕاو لە تاکەکەیە. خەڵکانێک هەن پارە و سامان بە دوایین چاکە و خێر دەزانن.

ئەرستۆ بۆ ڕەخنەگرتنی ئەمانە دەڵێ، چێژ ئێمە بە خێر ناگەیەنێ، بەڵام بۆ ژیان باشە تا ئەو کاتەی پێداویستییەکانی ژیانی پێ دابین بکەین، پارە کەرەسەیە، بەڵام بەکەڵک بوونی پارە و سامان زاتی نییە، وەک فەزیلەتە ئەخلاقییەکانی مرۆڤ چاک نییە. کەواتە ئەرستۆ خێر و چاکەی بۆ سەر دوو لایەن دابەش کردووە:

١- خێری کەرەسەیی یان ئامرازی: چاکبوون و بەهاکەی لە ئەنجامی کردارەکەدایە.

٢- خێری ئامانجەکی: بەهای کردارەکە لە خۆیدایە و پێوەندی بە ئەنجامی کارەکە نییە و مەبەست و ئەنجامەکەی لە خۆیدایە و لە شوێنێکی دیکە وەری نەگرتووە.

کەواتە خێر، یان چاکەیەک ئامانجەکییە لە پێناو گەیشتن بە ئەنجامێک لە دەرەوەی ئەو کردارەدا نەبێ و بەختەوەریش لەم جۆرە کردارانەیە. کەواتە بەختەوەری لەو کردارانەدایە، کە لە پێناو خۆیاندایە.(٧) دواتر ئەرستۆ ئەم خاڵەش دەخاتە سەر بابەتەکە و دەڵێ؛ بەختەوەر کەسێکە لە تەواوی ژیانیدا بەختەوەر بێ، نەک بۆ ڕۆژێک و دووان. کەواتە چاکە، یان خێری مرۆیی بریتییە، لە یەکگرتنەوە و یەککەوتنی چالاکییە دەروونییەکانی مرۆڤ لەگەڵ باشترین فەزیلەتەکانی بۆ تەواوی ژیانی.(٨) کەواتە بە بۆچوونی ئەرستۆ وشەی بەختەوەری نادرێتە پاڵ منداڵێک، چونکە لە ژیانی مرۆڤەکاندا ڕووداو و گۆڕانکاری ڕوودەدا و زۆرجار بەختەوەرترینی مرۆڤەکان تووشی نەگبەتی و ناخۆشی دەبنەوە و بەختەوەرییەکانیان لێ زەوت دەبێ، بۆ نموونە کەسێ لە ژیانیدا بەختەوەر بووە و لە سەردەمی پیری و بێ دەسەڵاتیدا تووشی کێشە دەبێتەوە و بەختەوەرییەکەی لێ زەوت دەبێ و داماوی و بەدبەختی یەخەی پێ دەگرێ، هەربۆیە پێوەرەکانی بەختەوەریش دەگۆڕدرێن.

کەواتە بەختەوەری دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە ئێمە لە ژیاندا چیمان دەوێت و لە چالاکی و هەوڵ و کۆششەکانی خۆمان لە دوای چی دەگەڕێین.

**٤- جۆرەکانی فەزیلەت:**

ئەرستۆ دوو لایەن، یان ڕەهەندی سەرەکی بۆ ڕوح، یان نەفس داناوە:

١- ڕەهەندی عەقلانی.

٢- ڕەهەندی ناعەقلانی.

ڕەهەند یان لایەنی عەقلانی ڕوح لایەنی مرۆڤانەی ڕوح پێک دێنێ، بەڵام لایەنی ناعەقلانی دوو لقی لێ دەبێتەوە:

١- ئاژەڵی: تووڕەیی و ئارەزوو و هەوەس.

٢- گژوگیا: هێز، یان وزەی گەورەبوون بۆ گژوگیا گرنگە.

لەسەر ئەم دابەشبوونانە، ئەرستۆ ڕەهەندی دەروونی، یان ڕوحی مرۆڤ، فەزیلەتە دەروونییەکان بۆ سەر دوو لایەن دابەش دەکات:

١- فەزیلەتی ئاکاری.

٢- فەزیلەتی عەقڵانی، یان ژیرەکی.

کەواتە ئەرستۆ، حیکمەت، یان زانایی تیوریکی و حیکمەتی کردەکی وەک بەشێکی فەزیلەتە ژیرەکییەکان چاو لێ دەکات، یان بە دەربڕینێکی دیکە حیکمەتی تیوریکی و کردەکی بەشێک لە فەزیلەتە ژیرەکییەکان پێک دێنن، بەڵام خۆڕاگری و بەخشندەیی لە جۆری فەزیلەتە ئاکارییەکانە. ئەرستۆ دەڵێ بۆ ئەوەی بزانین کەسێک ئاکارمەندە، فەزیلەتەکانی ناژمێرین، واتە ناڵێین ئەو کەسە زانایە، هۆشیارە، دادپەروەرە و... بەڵکو دەڵێین ئەوە کەسێکی مام ناوەندە و لەسەرەخۆیە. لە بەشی دووەمی ئاکاری نیکۆماخۆس ئەرستۆ دەڵێ؛ جیاوازی فەزیلەتی عەقڵی(٩) و فەزیلەتی ئاکاری لەوەدایە، کە فەزیلەتی عەقڵی لە ڕێگەی پەروەردە و ڕاهێنان مسۆگەر دەبێ، بەڵام فەزیلەتی ئاکاری لە ڕێگەی خووگرتن و عادەتەوە مسۆگەر دەبێ، ئێمە لە ڕێگەی ڕاهێنان و پەروەردەکردنی بەردەوام دەتوانین ببینە کەسێکی دادپەروەر و لە ڕێگەی بە ئەنجام گەیاندنی کرداری بوێرانە دەبین بە کەسێکی بوێر.

**٥- (ڕادەی مام ناوەندی زێڕین) پێوەری فەزیلەتە:**

ئەرستۆ بە مەبەستی دەربڕینی پێوەری فەزیلەت لە سەرەتادا سنووری فەزیلەتی دیاری کردووە و دەڵێ بابەتە دەروونییەکان لە سێ جۆر تێپەڕ نابن:

١- لە جۆری کارتێکراوەکان: وەک تووڕەیی، ترس و ڕق و قین، خۆشی و حەز و چاولێکەری.

٢- لە جۆری هێز و تواناکان: ئەو بابەتانەی کەوا لە دەروونی ئێمەدا دنەی کارتێکراوەکان دەدەن بۆ ئەوەی ببنە کردارێکی چالاک، هێزی میهرەبانی، هێز و توانای سنوورداری.

٣- لە جۆری بەهرەن

بە بۆچوونی ئەرستۆ، فەزیلەت لەو سێ خاڵەی کەوا ئاماژەمان پێ کرد تێ ناپەڕێ، بەڵام فەزیلەت لە جۆری کارتێکراوەکان نییە، چونکە چاکە و خراپە پێوەندی بە کارتێکراوی و ناچالاکبوونی ئێمە نییە، چاکە و خراپەبوون لە ئێمەدا پێوەندی بە کردار و فەزیلەتەکانی ئێمە هەیە. کاتێ ئێمە لۆمە دەکرێین، یان پاداش و خەڵاتمان دەکەن، فەزیلەتێکی ئاکاری لە دەروونی ئێمەدا هەبێ. فەزیلەت لە جۆری هێز و تواناش نییە.

کەسێ کە توانا و هێزێکی هەیە ئێمە بە پیاوچاک، یان خراپی لە قەڵەم نادەین واتە، کەسێ کە هێزێکی هەبێ، نابێتە مەرجێک کەوا لۆمەی ئەو کەسە بکەین، یان ئەوەی کە ستایشی بکەین. کەواتە فەزیلەت لە جۆری بەهرەیە و ئەوەی کە، لە چ جۆر بەهرەیەکە ئەرستۆ لە ڕێسایەکی ئاکاری گرنگ کەڵک وەردەگرێ و ئەم هەڵوێستە ئاکارییەی ئەو هەزاران ساڵ کاریگەری لەسەر ئاکار داناوە ئەویش «ڕادەی مامناوەندی زێڕینە». مەبەست لەم ڕێسایە هەڵبژاردنی پێوەرێکە، نە کەم بێ و نە زۆریش بێ. خاڵێ کە تایبەتە و بۆ هەموو کەسێک یەکسانە.

ئەرستۆ «ڕادەی مامناوەندی زێڕینی» بەم شێوەیە دیاری کردووە:

خێر

↑

ناقیسی، ناتەواوی ← شەڕ → زێدەڕۆیی

مەبەستی ئەرستۆ لە «ڕادەی مامناوەندی زێڕین» پێوان و ژماردن نییە، ئەمە پێوەندی بە مرۆڤەوە هەیە. ئێمە هەست بەوە دەکەین زێدەڕۆیی چییە. ناتەواوی و نوقسان چییە، یان خۆڕاگری چ جۆرە کردار و خەسڵەتێکە. لەو نەخشەدا، هێڵی ئاسۆیی باس لە لایەنی ئەنتۆلۆژیکی «بوونناسی»(١٠) ئاکار دەکات. هێڵی ئەستوونی ڕەهەند و لایەنی بەهادارانەی ئاکارمان پیشان دەدا. ئەرستۆ دەڵێ؛ فەزیلەت بەهرەیەکی دەروونییە، لە ڕێگەی ڕادەی مامناوەندەوە هەڵدەبژێرن و ئەمەش لە ڕێگەی هێزی عەقڵی ئێمە دیاری دەکرێت، واتە کەسێ خاوەن ژیری کردەکییە، لەو ڕێگەیەوە ڕادەی مامناوەند هەڵدەبژێرێت. لێرەدا دەڵێین فەزیلەت ناوەندی دوو کرداری زێدەڕۆیی و ناتەواوییە و ئەوەی کە فەزیلەت ناوەندە لەوەدایە، کرداری پەست و زەبوون خوارتر لە پێوەری دروستی کردارەکانن، یان ئەوەی کە لەو ڕادەیە تێدەپەڕێت و تووشی زێدەڕۆیی دەبێتەوە. باشترین پاساوێک کە ئەرستۆ دەیداتە پاڵ بیرۆکەکەی ئەمەیە،

کەوا مـرۆڤ بوونەوەرێکە لە هێـز و توانایی جۆربەجـۆر پێکهـاتووە. ئەم هێـزانە بۆ کـەمـال و گـەیاندنی ئەو بەخـتـەوەری کـاریگەرن. مـرۆڤ هێندە توانایی هەیە یەکێک لە هێزەکانی دەروونی خـۆی وەگـەڕ بخـات و بە تەواوەتی سـەرنجی بدات، لێـرەدایە باس لە چاکـە و ناتەواوی و خـەسـڵـەتی زەبوون دێتـە ئاراوە و «ڕادەی مامناوەند» ئەم تواناییە بە مرۆڤ دەدا، ڕێگە لە کرداری پەست و ناشیرین بگرێ، کە نەبنە ڕێگری بەردەم کردارە باشەکانی مرۆڤ.

ئەرسـتـۆ دواتر گـرنگتـرینی فـەزیلەت و خـراپتـرین فـەزیلەتەکـانی مـرۆڤی بەرجـەسـتـە کـردووە. ڕیزبەندی گـرنگتـرین فـەزیلەت و کـردارە پەسـتـەکـانی مـرۆڤ ئەمانەن(١١):

ناتەواوی defect مامناوەند mean زێدەڕۆیی ex-cess

بێ باکی rashness بوێری coarge ترسنۆکی cowardice

ڕژدی، illiberality بەخـشـندەیی liberali ty دەسبڵاویی prodigality

خـۆبەزلزانیmeanness شکۆمـەندی mag-nificence سووکی vulgarity

بێ فـیـز humilityی بەڕێزی self-respect لە خۆبایی vanity

### ٦- کۆی بیروبۆچوونەکانی ئەرستۆ

شرۆڤەکارانی فەلسەفەی ئاکاری ئەرستۆ لایان وایە، مرۆڤەکان بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ژیرەکی و ئاکارییانە پەروەردە بکرێن، پێویستیان بە شوێنێکی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادایە و ئەگەری پەروەردەکردنی ئەم فەزیلەتانە بۆ مـرۆڤ دەڕەخـسـێنێ. کـەواتە ئاکـاری ئەرسـتـۆیی ئەنجامگەرایە و لای وایە، کردارەکانی مرۆڤ ئەنجامێکی هەیە و ئامـانج و مـەبەسـتی ئاکاری ئەرسـتۆ گـەیشتن بە بەختەوەرییە و بەختەوەریش لە ڕێگەی دەستەبەرکردنی فـەزیلەتە ژیرەکی و ئاکارییـەکـان مسـۆگـەر دەبێ.(١٢) ئەرسـتـۆ دەیەویست پێناسـەیەکی گـونجـاو لەبارەی بەخـتـەوەری و تایبـەتمەندییـەکـانی بەخـتـەوەری بێنێـتـە ئاراوە. لە تایبـەتمەندییـەکـانی تیـوریی ئاکـاری ئەرسـتـۆ ئەمـەیە، کەوا بەختـەوەری لەناوکـردار و چالاکـیـیـەکـانی مرۆڤ سەرهەڵدەدا و ئاوێتەی ژیانی مرۆڤە و بەختەوەری لە دەرەوەی ژیانی مرۆڤ نییە.

### ڕەخنەی ئاکاری ئەرستۆ

١- ڕەخنەی «ڕادەی مـــامناوەند»: لە ڕێـگەی ئەم چەمکەوە ناکرێ فەزیلەتەکان بناسین.

٢- بەخـتـەوەری: ئەرسـتـۆ وەک ئەفلاتوون تووشی ئەم هەڵەیە بووەتەوە کەوا بەختەوەری چەمکێکی هەمەکی و گشـتیـیە، زۆربەی مرۆڤەکـان بۆ گەیشتن بە بەختەوەری لە کرداری نامرۆڤـانە کەڵـک وەردەگـرن و بەخـتـەوەری تاکـە ئامـانجی ئاکار نییـە و هەروەها بەڵگەیەکی مە نتیـقییـان بۆ سەلماندنی بەختەوەری نەهێناوەتەوە.


**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

**١- ئەم کتێبە لە دە بەش پێکهاتووە و بە ناوی کوڕەکەی خۆی نووسیویەتی.**

**٢- فرۆنسیس.**

**٣- ارسطو، دیوید راس، ترجمەی مهدی قوام صفری، تهران، فکر روز، ١٣٧٧، ص ٢٢.**

**٤- تاریخ فلسفه، کاپلستون، ترجمەی مجتبوی، ص ٣٨٠ - ٣٧٩.**

**٥- Teleological.**

**٦- اخـلاق نیکومـاخـوس، ع احـمـدی، علمی و فـرهنگی، ١٣٦٢، ص ٦.**

**٧- اخلاقی نیکوماخوس، ص ١٦- ١٢.**

**٨- هەمان سەرچاوە، کتاب اول، ص ١٦- ١٤.**

**٩- اخلاق نیکوماخوس، ع احمدی، ص ٣١ - ٣٠، انتشارات علمی و فرهنگی، سال ١٣٦٢.**

**١٠- کاپلستون، ارسطو، ص ٣٨٥، جلد ١.**

**١١- اخلاق نیکوماخوس، ارسطو، ابوالقاسم پورحسینی، ص ٢٨.**

**١٢- فلسـفـەی اخلاق در تفکر غـرب، السـدیر مک اینتـایر، حمید شهریاری، سمت، ١٣٨٥، ص ٣٨٠.**

# تێڕامانێکی کورت لە ڕوانگەکانی پییێر بۆردیۆ لەبارەی کۆمەڵناسیی هونەر

**د. سارا شەریعەتی**
**لە فارسییەوە: خەبات ڕەسوڵی**

ئەو ڕەخنانەی لە کۆمەڵناسی هونەریی بۆردیۆ گیراون، زۆر جددین و لە ڕاستیشدا کەموکوڕی هەیە، بەڵام لە کۆمەڵگایەکی لە چەشنی کۆمەڵگای ئێمەدا ئەو ڕوانگانە مانای هەیە و زۆر پڕ بە پێست دەبینرێت. لە کۆمەڵگای ئێمەدا کە لە کورتترین ماوەدا زۆرترین ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی تێدا ڕووی داوە، بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە دیموکراتیزەکردنی بەربڵاوی بنیادەکانی فێرکردن لە زانکۆ حکوومییەکان و ئەهلییەکان بکەین، هەروەها لە پڕ دەوڵەمەند بوونی بەشێک لە کۆمەڵگا بە یارمەتی بازرگانی و ڕامیاری و...تاد.

لەو چەشنە کۆمەڵگایانەدا چەمکگەلێکی وەک «دابەشکردنی نایەکسانی سەرمایەی کولتووری»، «سەرمایەی سیمبۆلیک»، «توانایییەکان»، «ڕاهاتنەکان»، «جیاوازی» کە کلیلی تێگەیشتن لە کۆمەڵناسیی هونەر لە ڕوانگەی پییێر بۆردیۆوە، مانا بە خۆوە دەگرن.

لەنێوان پتر لە سێ سەد بەرهەمێک کە ئەمڕۆکە لە کتێبناسی بۆردیۆدا ناویان دێ، هونەر یەکێک لەو باسانەیە کە ناوبراو زۆری خۆ پێوە ماندوو کردووە و بەرهەمگەلێکی وەک «یاسای هونەر- ۱۹۹۲»، کە تێڕامانێکە سەبارەت بە شیکردنەوەی هونەر و دوو لێکۆڵینەوەی مەیدانی بە داواکاری (کۆداک) لەسەر لایەنە پراکتیکییەکانی کۆمەڵایەتی وێنەگری و بەرهەمێکی تر بەناوونیشانی «خۆشویستنی هونەر» کە لەسەر موزەخانەکانی هونەری ئەورووپا و بەردەنگەکانیانە لە ساڵی ١٩٦٦دا بەداواکاری موزەخانەکانی ئەورووپا، هەروەها بە دەیان چاوپێکەوتن و وتار لەسەر تەلەڤزیۆن و ئەدەبیات و ڕۆژنامەنووسی و...تاد بەشێکن لەو میراتە دەوڵەمەندەی کە بۆردیۆ لە پاشی بەجێ ماوە.

**پێوەندی کۆمەڵناسی بە هونەرەوە:**

کۆمەڵناسی و هونەر لە ڕوانگەی بۆردیۆوە جمکێکی سەرکەوتوو نین. سەرنەکەوتنی ئەو هاوبەشییە لە ڕوانگەی بۆردیۆوە دەکەوێتە ئەستۆی هەردوولایان، تاوانی هونەرە، چونکە دنیای هونەر، دنیای بڕواکانە: بڕوا بە توانایی هونەری، بڕوا بە زەوق و حەز و لێهاتوویی خواپێدراوانە و بڕوا بەوەی کە زۆر کەس هەیە بە هونەرمەندیی لە دایک دەبن و داهێنەرن و نوێخوازن و..تاد ئەو دنیایە لەگەڵ دنیای کۆمەڵناسی کە دنیایەکە باوەڕی بە شیکردنەوەی چەمکەکان و شرۆڤەی بڕواکانە و باوەڕی بە دیاریکردنی ئاستی هەر کامیانە بەپێی ڕوانگەی کۆمەڵایەتی و ئوستوورە سڕینەوەیە لە کەسایەتییەکان، پارادۆکسی نەگۆڕی هەیە.

ڕوانگەی کۆمەڵناسی بەپێی نەریتی دۆرکیمی ئەو بڕوایانەی هونەر تا ئاستی بڕوایەکی کۆمەڵایەتی نزم دەکاتەوە و لە ڕوانگەیەکی ڕێژەییەوە تێیان دەڕوانێ. لە ئەنجامدا هونەریش هەروەک ئایین بەرەنگاری کۆمەڵناسی دەبێتەوە، بەو هۆیە کە یەکەم خۆی بە تایبەتی دەزانێ، هەروەها خۆی پێ شتێکی جیهانییە، ئەو بەهایانەی کە کۆمەڵناسی دژیان دەوەستێتەوە.

«کێ داهێنەرەکان دروست دەکات؟» ئەوە سەردێڕی یەکێک لە وتاربێژییەکانی بۆردیۆیە. ئەو پرسیارە لە هەناوی خۆیدا وەڵامێکی حەشار داوە و لەگەڵ ئەو تایبەتمەندێتییەی هونەر کە «تایبەتمەندی هونەر و هونەرمەند»ـە دژایەتی هەیە، ئەگەر هونەرمەند داهێنەرە، کەوایە دەکرێ بڵێین ئەو داهێنەرە خۆی داهێنراوی پرۆسەیەکە؟ لێرەدا بۆردیۆ ئاماژە بە پرسیارێک دەکات کە مارسێل موس پاش ئەوەی لێکۆڵینەوەیەکی زۆر لەسەر بنیادی دەسەڵاتی سیحرباز دەکات و بە هیچ ئەنجامێک ناگات، دەیهێنێتە گۆڕێ، موس دەپرسێ؟ لە ئەنجامدا کە سیحرباز دروست دەکات؟ بۆردیۆش بە پەیڕەوی کردن لە موس پرسیارمان لێ دەکات: کێ ئەو هێز و تواناییە بە هونەرمەند دەدات؟

بۆردیۆ «داهێنەری خواپێداو» بە خەیاڵ پڵاوی ناودەبات و ڕەخنە لەو داهێنەرە دەگرێ کە ئەفلاتوون بڕوای پێیەتی و پێی وایە خواپێدراوییە و کانت بە بەرزی دەنرخێنێت، ئەو بە دووبارەکردنەوەی ئیشی کانت بە مانای «ڕەخنە لە هێزی جیاوازی» بەسەردێڕی «جیاوازی- ١٩٧٩» دەست پێدەکات. لە هەڵسەنگاندندا بۆردیۆ سێیەمین ڕەخنەی کانت دێنێتە ژێر پرسیارەوە، ڕەخنە لە «داهێنەری خواپێداوی، زیرەکی خواپێداوی و بڕواهێنان بە جیهانیبوونی هەڵسەنگاندنی جوانیناسانە و حەزی هونەرمەندێک» دەگرێ کە لە باری کۆمەڵایەتییەوە دەستنیشان نەکراوە و تەنیا خوێندنەوەیەکی جوانیناسانەی بۆ دەکرێت.

بۆردیۆ باس لەوە دەکات کە حەزەکان و جیاوازییەکان، تەنانەت تواناییەکانی تاکەکانیش کردەیەکی کۆمەڵایەتییە و لە ئەنجامی بە کۆمەڵایەتی بوونی ئەودا و پرۆسەیەکی ڕاهێنانە کە لە ماوەی ژیانیدا پێی گەیشتووە، هەر لەبەر ئەو هۆیەشە هەموویان بۆ پێگەی کۆمەڵایەتی تاک دەگەڕێنەوە. کەواتە دەبێ لە جیاتی باسێکی خواپێداوانە و (ontologique) سەبارەت بە هونەر دەبێ لە دەلاقەی مێژوو و کۆمەڵناسییەوە سەرلەنوێ خوێندنەوەی بۆ بکرێت.

لە ئەنجامدا هونەریش هەروەک ئایین بەخۆ بە تایبەت زانین و خۆ بە جیهانی خوێندنەوە لەگەڵ کۆمەڵناسی کە دەیەوێ لە ئاسمانەوە بیهێنێتە سەر زەوی و ڕەخنەی لێ بگرێت، تووشی دژایەتی دەبێت و هەر بەو هۆیەش ئەزموونی هاوژینی ئەم دوو زانستە ئەزموونێکی سەرکەوتوو نییە. لەو شیکردنەوەیەدا جوانیناسی تاوانبار دەکرێت کە ڕاستییەکانی کۆمەڵایەتی هونەری بە بیانووی سەربەخۆیی ئەو بیاڤە، شاردووەتەوە. ئەو ئوستوورە سڕینەوەیە و خوێندنەوەیەکی دوور لە هەستیاری بۆ هونەر و هونەرمەند و هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی کولتووری لەلایەن زۆر کەسەوە بە «ڕەشبینی کۆمەڵناسانە» ناوبانگی دەرکردووە. کۆمەڵناسییەک کە هەموو شتێک بە بەرهەمی کۆمەڵگا دەزانێ و هەموو کردەیەک تا ئاستی کردەیەکی کۆمەڵایەتی دێنێتە خوارەوە.

بۆردیۆ لە وتاربێژییەکدا کە لە (کۆلێژ دۆفرانس) بەڕێوەی برد، وەڵامی ئەو کەسانە دەداتەوە و دەڵێ: ئەوانەی ڕەخنە لە ڕەشبینی کۆمەڵناسانە دەگرن سەبارەت بە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵایەتی لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە، وەک ئەو کەسانە وان کە ڕەخنەیان لە گالیلۆ گرت لەسەر ئەوەی کە هێزی ڕاکێشانی گۆی زەوی دۆزیوەتەوە و ئاواتی هەڵفڕینی لەواندا کوشتووە.

هاوکات، سەبارەت بە سەرنەکەوتنی پێکەوە هەڵکردنی کۆمەڵناسی و هونەر، کۆمەڵناسییش تاوانبارە، بەو هۆیەوە تاوانبارە کە زۆرجار لە بیری دەچێ، کە بەرهەمهێنانی هونەریی خۆی بیاڤێکی کۆمەڵایەتییە کە لەودا، نەریتەکان و یاساکان مێژووی تایبەت بەخۆیان هەیە و تارادەیەکی زۆر سەربەخۆیی خۆیان مسۆگەر کردووە.

لێرەدا بۆردیۆ کەڵک لە چەمکی بیاڤ، یان گۆڕەپان (champs) وەردەگرێ. لە ڕوانگەی ئەوەوە و لە دەرەنجامی پرۆسەی دابەشکردنی ئیش و جیاکردنەوەی کاروبارەکان، دنیای کراوە و گشتگیری کۆمەڵگە دابەش کراوەتە سەر بیاڤگەلی جیاجیای وەک، بیاڤی هونەری، بیاڤی سیاسی، بیاڤی زانکۆیی، بیاڤی ئایینی... تاد. ئەو جیهانە بچووکانە بەشێکن لە جیهانی گەورە، بەڵام هاوکات سەربەخۆن. هەرکامێکیان، بەرژەوەندی، لێکۆڵینەوە و ئامانجی تایبەت بەخۆیان هەیە. هەر تاکێک هاوکات دەتوانێ ئەندامی گەلێک لەو بیاڤانە بێ و لە هەر بیاڤێکیشدا پێگەیەکی جیاوازی هەبێ. مەرجی چوونە ناو ئەو گۆڕەپانانە ئاشنابوونە لەگەڵ یاساکانی نێو خۆی ئەو گۆڕەپانەیە کە دەتەوێ ببی بە ئەندامی. هونەر یەکێکە لەو گۆڕەپانانە، بۆچوونە ناو ئەو گۆڕەپانەوە دەبێ، کولتووری هونەر، زمانی هونەر و بایەخەکانی هونەر بناسی، دەنا فرێ دەدرێیتە دەرەوە و ناتوانی تێیدا ببیە ئەندام. دەبێ «سەرمایەی کولتووری»، واتە بەڵگەنامە و خوێندەواری و «سەرمایەی کۆمەڵایەتی»، واتە پێوەندی و دۆستایەتی کۆمەڵایەتی و «سەرمایەی سیمبۆلیک»، واتە ناو و ناوبانگ و شانازییەکان کە بۆردیۆ لە بەرانبەر چەمکی «سەرمایەی ئابووری» مارکسدا ئاماژەیان پێ دەکات هەبێ، تا بتوانی ببیە ئەندامی بیاڤی هونەری.

لێرەدا بۆردیۆ ڕەخنە لە مارکس دەگرێ کە پێیوایە هونەر ڕیفلێکسێکە لە پێگەی چینایەتی تاک و داهێنانی هونەری تەنیا بەرژەوەندی چینایەتی وەدیاردەخات. بەناوهێنانی سێ چەمکی «سەربەخۆیی گۆڕەپانی هونەر»، «سەرمایەی کولتووری» لە بەرانبەر «سەرمایەی ئابووریدا»، هەروەها شەرعیەتدان لە بەرانبەر چەوسانەوەدا دەری دەخات کە چلۆن چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگا، بایەخەکانی دەسەڵاتدارانی کۆمەڵگا وەردەگرن و هەرسی دەکەن و ڕەخنەی لێدەگرن. لە کۆمەڵناسی بۆردیۆدا هونەر لە ڕوانگەیەکی جیاواز لە ڕوانگەی مارکسەوە شرۆڤە دەکرێت و خۆ لە دەستنیشانکردنی ئابووری مارکسیستانە بە پێودانگی هەڵسەنگاندن دەبوێرێت.

دووبارە بەرهەم هێناوە (reproduction)، یان زاووزێ- یەکێکی تر لە چەمکە گرینگەکانی کۆمەڵناسی بۆردیۆیە، لەبەرهەمەکەی خۆیدا لەژێر ناوونیشانی «میراتگران- ١٩٦٤»، هەروەها «دووبارە بەرهەم هێنانەوە- ١٩٧٠»، بۆردیۆ بنیادە فێرکارییەکان وەک ئۆرگانە گرینگەکانی «دووبارە بەرهەم هێنانەوەی سەرمایەی کولتووری» دەخاتە ژێر تیشکی ڕەخنە و باس لە دابەشکردنی نا یەکسانانەی سەرمایە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان دەکات. لە ڕوانگەی ئەوەوە سیاسەتی دیمۆکراتیزەکردنی بنیادی فێرکاری (قوتابخانە، یان زانکۆ) بە ئامانجی سووکترکردنی دۆخە نایەکسانییەکان و پرۆسەی مسۆگەرکردنی ئاسانی کولتوور و زانست لەلایەن خەڵکەوە تووشی شکست بووە و بنیادە فێرکارییەکان بە کردەوە میراتی کولتووری ڕەچاو دەکەن و هەر تەکوزی ڕابردوو دووبارە دەبێتەوە، لە ئەنجامدا لەناو ئەو بنیادانەشدا تەنیا «میراتگرانن» کە ڕەوتی بەرەو سەرکەوتن دەپێون و لە پێشبڕکێی کولتووریدا سەر بەرز دێنە دەرێ، چونکە تەنیا هۆکاری، سەرمایەی ئابووری نییە کە دەبێتە هۆی نایەکسانی، سەرمایەی کولتووری دەورێکی سەرەکی هەیە: ڕادەی خوێندەواری تاک و بنەماڵەکەی و ئیمکانی دەست پێڕاگەیشتن بە دەردی بۆردیۆ دەڵێ «سەرمایەی سیمبۆلیک» کە بریتییە لە (کولتوور، زمان و تێگەیشتن لە جوانیناسی) هیچ پێوەندییەکی ئەوتۆی لەگەڵ سەرمایەی ئابووری نییە، بەڵکو ڕێک (ڕاهاتن) و (تایبەتێتی)، یان (هاوڕەنگ) بوون لەوەدا کاریگەری هەیە. ئەو (تایبەت بوونە)، یان (هاوڕەنگ بوونە) بە کۆمەڵێک ڕاهاتن دەگوترێ کە تاک بەشێوەی نەستی لە پێوەندی لەگەڵ ژینگەدا لەخۆوە فێریان دەبێ و لە هاتنە ژوورەوەی تاک بۆ جیهانە جیاوازەکانی کۆمەڵایەتی (کولتوور، هونەر، سیاسەت، زانکۆ...تاد) دەوری دەستنیشانکەر دەگێڕن.

لە کۆمەڵناسی بۆردیۆدا کۆتوبەند و دانراوە کۆمەڵایەتییەکان کەمتر لە چوارچێوەی بڕواکانی ئێمە دەستنیشان دەکرێت و زۆرتر کردەوە و ڕاهاتنەکانن کە بایەخیان پێ دەدرێت. ئەو تایبەتمەندییانە و ڕاهاتنە جۆراوجۆرانە، بەرهەمی پەروەردەن و لە پرۆسەی بە کۆمەڵایەتی بووندا بە ئێمە گەیشتووە و لە نەستماندا جێگیر بووە، پاشان بەشێوەی توانایی و لێهاتوویی و حەز دەردەکەوێت، کەواتە بەهرەمەند بوون، یان بێ بەهرە بوون خواپێداوی نییە و لەژێر کارتێکەری پرۆسەی بە کۆمەڵایەتی بوونی ئێمەدایە.

لەمپەرێکی نادیار کە بەکردەوە پێش بەهاتنە ژوورەوەی تاکەکان لە بیاڤی کولتوور و هونەردا دەگرێ، ئەوەیە کە لەو سەرمایە بێ بەشن و بەشێوەیەکی سروشتی لێی بەهرەمەند نەبوون و بە میرات پێیان نەگەیشتووە. بنەماڵە، یەکەم دامەزراوەی بە کۆمەڵایەتی بوونی تاکە و

ئەگەر بنەماڵە ئەو میراتە کولتوورییەی بۆ بەجێ نەهێڵێ، قوتابخانە و زانکۆن کە دەبێ تاک پێ بگەیەنن، لە حاڵێکدا بەکردەوە دەبینین زانکۆ چاوەڕوانی لە تاکی قوتابی ئەوەیە کە کۆمەڵێک زانیاری هەیە بەخۆی بیزانێ و لەسەر ئەو یاسایە ئیش دەکرێت ئەو زانیارییە سادەیە و دەیزانن، لە ئەنجامدا ئەوانەی کە ئەو زانیارییانەیان لە ماڵباتی خۆ وەرگرتووە پێشەکی چوونە سەرتریان هەیە و ئاگاداری خوێندنەوە و نووسین و شارەزای شوێنگەلی کولتوورین و بەکردەوەش سەرکەوتووترن و ئەوانی دیکە شکست دەخۆن. لە ڕوانگەی بۆردیۆوە، تەنیا بەهۆی بێ پارەیی نییە ناچینە کۆنسێرتێکی مۆسیقای کلاسیک، یان موزەخانەیەک، یان ئۆپێرایەک، بەڵکو کاتێک دەچینە ئەوێ هەست دەکەین لە شوێنی خۆمان نین و ئەو جلانەی لەبەرماندان، هی ئەوێ نین و جۆری ڕوانینمان بۆ دنیا و بۆ هونەر لەگەڵ ئەوانەی تەنیشتمان جیاوازە، بۆیە هەست بە شەرم و بێزاری دەکەین و لەوێ دووردەکەوینەوە و بەکردەوە گۆڕەپانەکە بۆ ئەو کەسانە بەجێ دەهێڵین کە خاوەن سەرمایەی کولتووری و هونەری و سەرمایەی سیمبولێکن. بەو چەشنە تووشی توندوتیژی سیمبۆلیک دەبین.

فیلیپ کابن بۆ دەرخستنی ئەو بێزارییە هێمایییە ئاماژە بە فیلمی (زەوقی ئەوانی دیکە) دەکات کە ئەنیس جاوی دەرهێنەریەتی. لەو فیلمەدا کاستیلا کە فەرەنساییەکی گەنجە و لە شارێکی بچووکەوە هاتووەتە پاریس و بووەتە بەڕێوەبەری کۆمپانیایەکی ئەهلی، عاشقی کلارا دەبێ کە ئەکتەری شانۆیە و لە ڕێگەی ئەوەوە دێتە ناو دنیای ڕووناکبیران و هونەرمەندان و وێنەکێشان و موزیکژەنەکان. لە یەکێک لە گرتەکانی فیلمەکەدا کە لە ریستورانێکی پاریس بەڕێوەچووە.

کلارا و برادەرەکانی پێکەوە دەعوەتی ئەو ریستورانەن و کاستیلاش لەگەڵ کلارا بەشداری کردووە. کاستیلا بە بۆنەی ئەو دەعوەتەوە قات و بۆینباخی پۆشیوە و بە بڕوای خۆی لەوە شیکتر نەیدەتوانی بەشداری لەو میوانییەدا بکات، بەڵام کە دەچێتە ئەوێ، دەبێتە ناوەندی گاڵتە پێکردنی برادەرەکانی کلارا، بێ ئەوەی ئاگادار بێ، چونکە ئەوان هەموو جلی سادە و ساکاریان لەبەردایە و بە جۆرێک گاڵتەیان بەو جلەی ئەو دێت. هەڵسوکەوتی کاستیلا، هەڵسوکەوتی کابرایەکی لەپڕ دەوڵەمەند بووە و بەخۆی دەزانێ تێڕوانین و جیهانبینی ئەو لەگەڵ میوانەکانی دیکە جیاوازە و تووشی جۆرێک شەرمەزاری و بێزاری دەبێ. جۆری قسەکردن و ئەو وشانەی کاستیلا لەگەڵ ئەوانی دیکە ئەرز تا ئاسمان جیاوازی هەیە، ئیتر پارە لەو ناوەندەدا گرینگ نییە، هەرچەندە لە کۆتایی میوانییەکەدا کاستیلایە پارەی هەموو حسێب دەکات و دەبنە میوانی ئەو، بەڵام بەکردەوە لەناو ئەواندا نامۆیە و بەجۆرێک تووشی توندوتیژی سیمبۆلیکی میوانەکان هاتووە. کاستیلا تا لەگەڵ کلارا لەو چەشنە میوانیانەدا بەشداربێ هەر تووشی ئەو دۆخە دەبێ و لەمپەرێکی نادیار پێش بە ئاسوودە بوونی ئەو دەگرێت. بۆردیۆ هەوڵ دەدات بۆ ئەو کەسانەی کە بەشێوەی سروشتی ئەو سەرمایانەیان بە میرات نەبردووە، ئیمکانی تێگەیشتن لە دۆخەکە فەراهەم بکات، چونکە بە بڕوای ئەو تاکو لە هەناوی کێشەکە تێنەگەین، ناتوانین گۆڕانی بەسەردابێنین و کۆمەڵناسیش زانستی تێگەیشتنە لە کۆمەڵگا و بۆ گۆڕانی کۆمەڵگایە.

شیکردنەوەی کرداری کولتووری تاکی کۆمەڵایەتی، ڕێک پێوەندی بە پێگەی کۆمەڵایەتی ئەوەوە هەیە، بۆیە دەبێ لە ڕوانگەی «جیاوازی» و بە ئامانجی وەرگرتنی «سەرمایەی کولتووری و سەرمایەی سیمبولێک» شی بکرێنەوە.

جیاوازی (distinction) چییە؟ ناوی یەکێکی تر لە بەرهەمەکانی بۆردیۆیە کە لە ساڵی (١٩٧٩) بڵاوبووەتەوە و باس لە ستراتیژی خۆ جیاکردنەوە دەکات لەناو هەناوی ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتووری و هونەردا، بەو کەرەستانەی کە کەڵکی لێ وەردەگرین، بۆ وێنە بەو شتانەی کە دەیکڕین: (کڕینی تابلۆی هونەری، چوونە موزەخانە...تاد) یان ئەو هەڵسەنگاندنانەی کە لەسەر ئەوانی دیکە دەیکەین، بۆ وێنە دەڵێین (فڵانە کەس حەزێکی لادێیانەی هەیە، یان فڵانە کەس تازە پێگەیشتوویە و...تاد) جۆرێک هەڵسوکەوت دەکەین خۆمان لە خەڵکی دیکە بەجیاواز دەبینین (جۆری نان خواردن، قسەکردن، جلوبەرگ پۆشین، یان حەز لە مۆسیقای کلاسیک کردن، یان حەز لە شانۆ و وێنەکێشی مۆدێرن کردن، بەو هۆیە کە خەڵک بڵێین تێگەیشتوویە و ڕێز و حورمەتت بۆ بێنێ). ئەوانە بە جۆرێک دەبنە کولتووری شاراوە و چینی خۆشگوزەرانی کۆمەڵگە و میراتگران بەشێوەیەکی سروشتی لە هەڵسەنگاندن و خۆ جیاکردنەوەی کولتووریدا ڕەچاوی دەکەن، بەڵام خەڵکی دیکە چ بکات؟ ئەو کەسانەی لەو میراتە کولتوورییە بێ بەش بوون، ئەوانە دەبێ چ بکەن؟ بە باوەڕی بۆردیۆ

ئەوانیش بە قبوڵ کردنی ئەو پرۆسەیە لە ڕاستیدا شەرعیەتی پێدەدەن و هەر لەو ڕوانگەیشەوە سەیری خۆیان دەکەن و هەوڵ دەدەن بۆ وەدەست هێنان و مسۆگەرکردنی ئەو سەرمایانە تێ بکۆشن و بە ڕواڵەت لاسایی میراتگران دەکەنەوە، یان دەنا بەگشتی خۆیان لەو بیاڤانە دوور دەخەنەوە و خۆ لە هونەر هەڵناقورتێنن.

بۆردیۆ بە هێنانە گۆڕێی ئەو باسانە، دەیەوێ بە چ ئەنجامێک بگات؟ ئەوەی کە قوتابخانە و بنیادە فێرکارییەکان سەرەڕای سیاسەتی دیموکراتیزاسیۆن، گشتگیر و بەلاشن بۆ هەموان، بەڵام دیسان تەکوزی ڕابردوو و هەژموونی پێشوو دووبارە بەرهەم دەهێننەوە و گۆڕەپانی کولتووری و هونەر بە کردەوە، ناوچەی دەسەڵاتی میراتگرانە، لە ئەنجامدا ئەو بنیادانە کولتوور و هونەر گشتگیر ناکەن و لەپاش پەردەی دیموکراتیزاسیۆنەوە هەر تەکوزی ڕابردووە کە دەسەڵاتدارە. سیاسەتی ئەو بیاڤانە هەر بەدەست خاوەنەکانی ڕابردوو و میراتگرانە.

ڕەخنەی جۆراوجۆر لە کۆمەڵناسی بۆردیۆ گیراوە، گرینگترین ڕەخنەکان بۆ دوو جەمسەر دابەش دەبن: یەکەم لە ڕوانگەی گۆڕانی کۆمەڵایەتییەوە: کۆمەڵناسی بۆردیۆ فیکسیستە، کۆمەڵناسییەک کە ناتوانێ گۆڕانی کۆمەڵایەتی شی بکاتەوە، ئەگەر هەموو کردەوەکانی ئێمە دووبارە بەرهەم هێنانەوەی تەکوز و دەسەڵاتی ڕابردووە، کەوایە بەو چەشنە چۆن دەتوانین گۆڕانکارییەکان شی بکەینەوە؟ لە ئەنجامدا مرۆڤ یەخسیری بنەماڵە و ژین و چینی کۆمەڵایەتی خۆیەتی، کەوایە چۆن دەتوانین خۆمان لەو کۆتوبەندەی چارەنووس ڕزگار بکەین؟ لێرەدا دێترمینیزمی کۆمەڵایەتی دەبێتە تەقدیرخوازی و کۆمەڵناسییەک کە بەخۆی دەیویست لە کۆمەڵگا تێبگات تا بتوانێ گۆڕانی بەسەر دابێنێت، تووشی کۆتوبەند و دەستنیشانکراوەکانی کۆمەڵایەتی دەبێ و بەدیل دەگیرێت.

دووەم ئەوەی کە بەپێی گوتەی بێرنارد لاهیر، تەنانەت ئەگەر بنەماڵە وەک گرینگترین و یەکەمین بنیادی بە کۆمەڵایەتی بوونی مرۆڤ بێتە ئەژمار و ڕۆڵی پەروەردەیی ئەو بە دەستنیشانکەر بزانین، بەڵام ناتوانین لەبیرمان بچێتەوە کە لەمڕۆکەدا ئیدی بنەماڵە بنیادێکی یەکپارچە بۆ بە کۆمەڵایەتی بوون نییە و هەر کام لە تاکەکانی ئەندامی بنەماڵە خاوەنی بایەخ گەل و چارەنووسی جیاواز بەخۆیانن و لە ئەنجامدا تاکێک دەتوانێ دایک و باوکێکی نەخوێندەواری هەبێ، بەڵام هاوکات براکەی مۆسیقاژەن بێ، یان خوشکی نووسەر بێت. «کردەخوازی پلۆراڵ» (acte ue pluriel) کە ڕەوتێکە لەسالانی ١٩٨٠ لە بیاڤی زانستە مرۆڤایەتییەکان لە فەرەنسا دەستی پێکرد. لە ڕاستیدا لەو ڕوانگەیەوە سەیری تیوری (ڕاهاتن و هاوڕەنگ بوون)ی بۆردیۆ دەکات و دەری دەخات کە لەمڕۆکەدا بنەماڵە تەنیا بنیادی بە کۆمەڵایەتی بوون نییە. قوتابخانە، زانکۆ، شوێنی کارکردن و ڕاگەیاندن بەگشتی لە ڕەوتی بە کۆمەڵایەتی بوونی تاکدا بەشدارن و لە دامەزراندن و دروست کردنی ڕاهاتنەکان و هاوڕەنگ بوونی تاکەکاندا دەوری سەرەکییان هەیە. ئەو شوێنانەی کە تاک لەوێدا دەژیت و زۆر ڕاهاتنی تاک لەو شوێنانەوە سەرچاوە دەگرێ و فرەیی بەخۆیەوە دەگرێت. بۆ وێنە کیژێک دەتوانێ لەماڵێدا ڕۆڵی دایک، یان هاوسەرێکی نموونەیی هەبێ و لە زانکۆدا فمێنیست بێ و لە بنەماڵەدا لەمیرات بێبەری بکرێت، بەڵام لەناو هاوڕێکانیدا کەمایەسییەکانی قەرەبوو بکاتەوە.

ئێستا با بە یارمەتی ئەوکەرەستە زمانیانە سەیرێکی بارودۆخی کۆمەڵناسی هونەر لە ئێراندا بکەین: بۆچی دیموکراتیزاسیۆنی بنیادە فێرکارییەکان و زانکۆ حکوومەتییەکان و زانکۆ ئەهلییەکان و...تاد دەرەقەتی پرۆسەی دابەشکردنی یەکسانی سەرمایە کولتوورییەکان نەهاتن؟ بۆچی سەرەڕای مسۆگەربوونی سەرمایەی ئابووری، دیسانیش ئەو لەمپەرە شاراوانە لەهاتنە ژوورێی خەڵکێکی زۆر بۆ نێو گۆڕەپانی هونەردا دروست دەبن؟ بۆچی بیاڤی کولتوور و هونەر هێشتاش لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، بە میرات بۆ تاک بەجێ دەمێنێ؟ «هۆکاری شاراوە» لە دەست پێڕانەگەیشتنی خەڵکی بە کولتوور و هونەر چییە؟ بۆچی سیاسەتی دیموکراتیزاسیۆنی بنیادەکانی فێرکردن بە کردەوە تووشی شکست بووە؟ بۆچی هونەر هێشتا هەر بەدەست خەڵکی پایتەخت و هەڵبژاردەکان و دەوڵەمەندە خوێندەوارەکان و میراتگرانی سەرمایەی کولتوورییەوەیە و بە وتەی بۆردیۆ «تیوری توانابییەکان» هێشتا بەسەر کۆمەڵگەی ئێمەدا زاڵە. ئەوەی کەسێک توانایی دەرس خوێندنی هەیە، یان نا، یان توانایی کاری هونەری هەیە، یان نا، کێ دیاری دەکات؟ ڕۆڵی کۆمەڵگا و میدیا و قوتابخانە و زانکۆ لە پێگەیاندنی توانابییەکان و ڕاهاتنەکانی کولتووری و لە دابەشکردنی یەکسانی سەرمایە کولتوورییەکاندا چییە؟

بۆچی زۆرجار، فێرکردنی تیورییەکانی کۆمەڵناسی هونەر و بەکارهێنانیان بە شێوەیەکی بێ بەردەنگ و بێ

گوێگر دێته پێش چاوان؟

قوتابیان، ئەوانەی کە بەپێی تیوری بۆردیۆ، میراتگران نین و لەو سەرمایە کولتووریانە بێ بەشن، ناتوانن بەشێوەیەکی دروست لەو چەمکانە تێبگەن و سوودی لێ وەربگرن، ئەوان ئاشنای ئەو زمانە نین و بایەخەکان و نۆرمەکانی ناناسن. زانکۆ بەکردەوە چاوەڕوانی ئەوەی هەیە کە قوتابی هەڵگری ئەو کولتووره بێ و ئەوی نایزانن بۆیان دابین ناکات. لە ئەنجامدا، ئەگەر تاک بەر لە چوونە زانکۆ (بەهۆی بنەماڵە و ژینگەکەی) ئەو کولتوورەی وەرگرتبێ، سەردەکەوێ و ئەگەر وەری نەگرتبێ ئەوە شکست دەخوا و قەت ناتوانێ بێتە ناو گۆڕەپانی هونەرەوە. لەوانەیە بڵێین ئەوە لە هەموو جێگایەک ئەوایە، بەهەرحاڵ لە هەموو کۆمەڵگایەک چینێکی دەوڵەمەند و حەساوەمان هەیە و چینێکی هەژارمان هەیە، سروشتییە هەژارەکان نەتوانن هاوشانی دەوڵەمەندەکان لە کولتوور و هونەردا گەشە بکەن. ڕاستە، بەڵام ئێمە بنەماڵە و ئەو چینە کۆمەڵایەتییەمان هەڵنەبژاردووە کە تێیدا لە دایک دەبین، بەڵام قوتابخانە و زانکۆ وەک دووەمین بنیادی بە کۆمەڵایەتی بوون لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا گشتگیر و بەلاشە و هەموو کەسێک دەتوانێ لێیان بەهرەمەند بێت، بەڵام کاتێک دەبینین منداڵەکانمان لەوێدا سەرناکەون، تەنانەت ناوی کەسایەتییەکانی هونەر و مۆسیقا و شانۆ...تاد فێر نابن و نایانناسن و لە ڕاگەیاندنیشدا هونەر بەگشتی بە ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتییەوە نابینرێت، سیاسەتی زانیاری گەیاندن و بەرنامەی کولتووری و هونەر و کۆنسێرت و...تاد بوونی نییە، کەوایە بەڵێ سروشتییە کە بەکردەوە ئەو گۆڕەپانانە بەدەست ئەو کەسانەوە بێ کە لە بنەماڵەدا و لە ژینگەیاندا لەگەڵ ئەو هونەرانە ئاشنا دەبن و پەروەردەیان دەکەن و توانایی هەڵسەنگاندنی جوانیناسانەیان هەیە، ئەوانەن کە پێوەری (جیاوازی) لەناو کۆمەڵگادا دروست دەکەن.

لەو نێوەدا بۆ چینی هەژار و ناوەند چ هونەرێک دەمێنێتەوە؟ «وێنەگری: هونەرێکی ناوەند، سینەما: هونەرێکی وێنەیی و لە ئەنجامدا تێگەیشتنی بۆ هەموان ئاسانە و مۆسیقای میللی...تاد چونکە، یان ئەو سەرمایە ئابوورییەیان نییە تا بتوانن هونەرەکانی دیکە ببینن، یان ئەو سەرمایە کولتوورییە پێویستەیان نییە لێی تێبگەن. لەو هەلومەرجەدا چینی خواپێداو و تازە دەوڵەمەند بوو بەکڕین و کەڵک وەرگرتن لە هونەر و بەرهەمە هونەرییەکان خۆی لە خەڵکی ڕەشورووت جیا دەکاتەوە و لە ئەنجامدا هونەر دەبێتە کاڵایەک کە دەکرێ بیکڕین و بە دیواری ماڵەوەی هەڵواسین، بێ ئەوەی ئاگاداری دنیای هونەر و بەهاکانی هونەر بین، بێ ئەوەی کە ئەو کڕینە نیشانەی تێگەیشتن لە هونەر و خاوەن سەرمایەی کولتووری بوون دەربخات و بە قسەی بۆردیۆ دیسان هێڵی بازنەیی بەرهەم هێنان و دووبارە بەرهەم هێنان وەگەڕ دەکەوێتەوە. ڕاستە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بەهۆی گۆڕانە سیاسی و کۆمەڵایەتییە خێراکان، کەمتر لەگەڵ هونەری بەرز کە بۆردیۆ باسی لێ دەکات ڕووبەڕوو دەبینەوە و تارادەیەک ڕووی قسەکەی لە ئەوروپایە، بەڵام لەلای ئێمەش بەهۆی نەبوونی بنیادی فێرکاری و نەبوونی ڕاگەیاندنی کارامە، هێشتاش دڵنیاکەرترین ڕێگە بۆ میراتی کولتووری، ماڵبات و ژینگەی بنەماڵەیە. کردەخوازی پلۆراڵ بە پێچەوانەی بۆچوونەکەی لاهیر (مرۆڤی پلۆراڵ- ١٩٩٨) پلۆراڵ نییە، چونکە سەرچاوەکانی بە کۆمەڵایەتی بوونی واتە: بنەماڵە، قوتابخانە، ڕاگەیاندن و...تاد پلۆراڵ نین، هونەر بۆ زۆربەمان لەو سەرچاوانەدا بوونی نییە، ئەگەر لە قۆناغەکانی سەرەوەی زانکۆش کۆمەڵناسی هونەر بکەینە دەرسێکی ناچارەکی کە دەبێ هەموان بیخوێنن، لەکاتێکدا کە لە بنەماڵە و قوتابخانە و شوێنی کار و ڕاگەیاندن باسێک لە هونەر ناکرێت، تاکی ئێمە، یان تووشی ئیسکیزۆفێرنی دەبێ، یان تەواو گێژ و هێڕ دەبێت.

لە ئەنجامدا دەبێ بڵێین، دابەشکردنی سەرمایەی ئابووری لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بۆ بەرەنگاری لە دژی هەژموونی ئاشکرا سەرناکەوێ تا پێداچوونەوە لە سیاسەتی دابەشکردنی سەرمایەی کولتووری بۆ دژایەتی کردنی هەژموونی شاراوەدا نەکرێت.

میراتی کولتووری و هونەری دەبێ لە ڕێگەی فێرکردن و بەیارمەتی ماسمیدیا دیموکراتیزە بکرێت تا تواناییەکان وەدیار بکەون و هونەر بتوانێ نەبێتە ئامرازی هەژموونی شاراوە و نە ئامراز و کەرەستەی جیاوازی بێت.

**سەرچاوە:**

**http://www.isa.org.ir/node**

# سێ کوچکەی خۆڵەمێش

**شاهرۆخ حەسەن زادە**
**(شنۆ)**

ئیختۆڤیگۆ (ئاستیاگ) نەوەی دیاکۆی مەزن، دوامین دەسـتـەڵاتداری مـاد (٥٨٥- ٥٥٠ پ.ز) بە هۆی خیانەتی هارپاگی هاوڕێی و دەوروبەرەکانی، کەمتەر خەمی ئەم خونکارە لە بەرانبەر دۆخی ژیانی خەڵک، ڕابواردنی لە ڕادەبەدەر و ماوەی درێژی دەسـتـەڵاتداری و...تاد لە لایەن کورشی فارس نەوەی کچێنەی شا (ماندانا) دوای نزیک، یان زۆرتر لە ١٥٠ ساڵ شانشینی ئەو گەلە بە هێزە بە دەستی هاوسێ و ژێر دەستانی خۆی هەخامەنیشییەکان، (حکومەتی ئەنشان) لە ناو چوو. پانتایی ئەو شانشینە مەزنە لە ڕووباری هالیسەوە تا ڕۆژئاوای دەریای (قەزوین)، واتە (ئازەربایجان، کوردستان، هەمەدان، کرمانشا، قەزوین، ئێراق، ئیسفەهان، نەهاوەند و ڕێی تا زەریای خەزەر) دواتر کورشی پارس توانی بە لێهاتوویی و هێزی کارامەو و بە ئەزموونی ماد، بەشی هەرە زۆری ئاسیا و ئەفریقای ئێستا بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی، هەر بۆیە لەو سەردەمدا یۆنانییەکانیش ئەو دەستەڵاتەیان تا ماوەیەکی زۆر هەر بە حکومەتی ماد (شاهانی ماد) دەناسی، یان ڕەنگبێ ئەمەش گرێ کوێرەیەکی دیرۆک بێ!! دوای نەمانی کورشی هەخامەنشی کۆمەڵێک کێشە و گرفت تووشی کوڕەکانی واتە کەمبووجیە و بەردیا هات، ئەمە بوو بە هۆی پشێوی و ئاڵۆزی لە ناو وڵاتی فارس کە تێیدا مادەکان دەستەڵاتێکی ئەوتۆیان نەمابوو و خەریکی تواندنەوەیان بوون، ئەم بارودۆخە بووبە هەوێنی سەرهەڵدان و شۆڕشێکی حەقخوازانە بۆ سەندنەوەی ئەو مافەی کە لەلایەن پارسەکانەوە لە نەتەوەی ماد، زەوت کرابوو.

شرۆڤە لە سەر ئەم بابەتە گەلێک دژوار و هەستیارە،

ئێمە چەندبەڵگەی کتێبی هێرۆدۆتی یۆنانی کە دوای هەشتا ساڵ لەو دۆخە ژیاوە، دەقی کێتسیاس و گەزنەفۆن و گرنگترینیان کە زۆر بە زیندوویی ماوەتەوە، بەردە نووسی بێستوون لەبەر دەستدایە. گشتیان ئاماژەیان بەوە کردووە کە دوای نەمانی کورش، دوو کوڕی ناوبراو دەستەڵاتیان بە دەستەوە بووە، کەمبووجیە (کەمبووزیە، کامبیز) برا گەورە لە کاتی نەبوونی باوکی لە وڵات، جێنشینی بووە و دواتریش وەک جێگر ئیشەکانی بەڕێوە بردووە، بەشی هەرە زۆری ناوچەکانی لە ژێردەستدا بووە، کەرتی ڕۆژهەڵاتی ئەم شانشینی، واتە ناوچەکانی بەڵخ، خارەزم، پارت و کرمان و...تاد بە دەست بەردیا (سمێردیس) بووە، هەرچوار لەو دیکیۆمێنتانە کوشتنی بەردی (بەردیا) بەدەست کەمبووجیە پشت ڕاست دەکەنەوە، دوای مردنی کورش بەردیا کرا بە فەرماندەری بەشی ڕۆژهەڵاتی پاشایەتییەکە و کەمبووجیەش خۆی و سوپاکەی بۆ داگیرکردنی میسر ڕەوانە کران، بەڵام لە شۆڕشی بەردیا بە دژی خۆی کە لە وڵات نابێ، دەترسا هەر بۆیە بڕیاری کوشتنی دەدا کەمبووجیە کەسێکی جێ متمانەی خۆی بە ناوی پاکزاسپە (وهۆک)ی ڕاسپارد کە ئەم کارە بکا، خەڵک ئاگاداری ئەم کارە قێزەونە نەبوون، هەر بۆیە ساڵی٥٢٢ پ.ز کەسێک بە ناوی "گێوماتای مۆغ" ئەم هەلەی قۆزتەوە خۆی وەک بەردیا ناساند و لە سەر چیای نزیک شارێکی ئێرانی "پیشیاوادا" دەستەڵاتی خۆی ڕاگەیاند، لە سەرچاوە مێژووییەکاندا ئەو کەسە بە بەردیای درۆیی ناسراوە. ئەمە ویست و داوای داریوشە کە دواتر کەسانی وەک هێرۆدۆت و...تاد بۆی لە مڵ دەدەن، لە بەرانبەردا ئەم بۆچوونە دژبەرانی تایبەتی خۆی هەیە وەک هەندێ لە پسپۆران لەوانە ئالبێرت ئامستێد ئاشووری ناسی ئەمریکی پێی وایە ئەو کەسەی کە لە بەرانبەر کەمبووجیە ڕاپەری برای ڕاستەقینە و بەشەبرای دەستەڵات بوو کە داریوش کوشتی، سا ئەوجار چیرۆکی بەردیای درۆیی و گێوماتای ساز کرد بۆ ئەوەی کە دانیشێ لە سەر تەختی خونکاری پارسەکان گونجاو بکا، هەروەها پارمیسی کچی بەردیای مارەکرد و جێ پێی خۆی قایمتر کرد.

گەلێک بۆچوون لەم بوارەوە نووسراون و باسیان لەسەر کراوە، گرنگ ئەوەیە لەو بەڵگانەدا"بەردی بێستوون" باسی چەند کەس دەکا کە هەر کام لە مەڵبەندێک و نەتەوەیەک دوای ئەم پشێوییەی کە لە وڵات سازکراوە کەڵکیان وەرگرتووە و ویستوویانە خۆیان ڕزگار بکەن و سەربەخۆیی ڕابگەیەنن، وەک باس کرا یەکێک لەو کەسانە "گێوماتای مۆغ" (٥٢١- ٥٢٢ پ.ز) بووە کە بە یەکێک لە کۆنترین شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکان دەناسرێ، ڕاستی ئەم سەرهەڵدانە سەلمێنراوە و لەگەڵ بیر و مەنتق دەگونجێ کەسێک لە نەتەوەیەکی بەش خوراو دوای ڕەخسانی ئەم هەلە داخوازی گەڕانەوەی سەروەری بۆ گەلەکەی بێ و لە مەودای دەستەڵاتداریەتی خۆی (هەشت مانگ هەتا ساڵ و نیوێک) بە هەر شێوەیەک بە دەستی هێنابێ، دێت مالیات و خەراجی سێ ساڵان لەسەر خەڵک لادەبا و لێیان خۆش دەبێ، یاسای خزمەتی زۆرە ملێی سەربازی هەڵدەگرێ، گشت ئەو لەوەڕگەو زەوی و زاری دەوڵەمەندانی فارس کە بە ناحەق داگیریان کردبوو، بۆ سەر موڵکی گشتی وڵات گەڕاندەوە، یان بە قازانجی خەڵکی هەژار کەڵکیان لێ وەرگیرا، لە هەمان کاتدا بە هۆی ئەوەی کە ناوبراو کەسێکی ئیماندار بووە و بێجگە لە ئایینی خۆی باوەڕی نەبووە گشت ئەو پەرستگایانەی لە ئایینەکانی تر بوون، وێران دەکا و برەو بە ئایینی خۆی دەدا، ڕەنگبێ ئەم کارەی نەشیاو بێ و یەکێک لە هۆیەکانی دڵساردی خەڵکەکە دوایی بە زەرەری خۆی تەواو دەبێ. دوای خۆکوژی، یان مردنی گوماناوی کەمبووجیە لە نزیک سووریا کە لە سەفەری هێرش بردنە سەر میسرو ئەفریقا بە هۆی هەواڵی شۆڕشی گێومات لە ناوخۆی وڵات دەگەڕایەوە، دەگێڕنەوە کە داریوش ئەو کات سەربازێکی بە وەفای سوپای هەخامەنیش بووە کە دیتی شەش کەس لە ڕەسەنترین بنەماڵەی فارس (داریوش لە بەردەنووسەکەدا، ئەوە ناوی ئەو شەش کەسە دەنووسێ، ١- ویندفرنە (windferne) ٢- ئووتانە (utane) ٣- گئۆبرووە (گۆبراو) geubrowe. ٤- ویدرنە (widerne) ٥- بگابوخشە (boga bokhshe) ٦- ئاردوومانیش (ardumanish) و هەڵبەت خودی داریوش کوڕی ویشتاسپ) ساز دەبن بۆ سەرکوت کردنی گێومات، بەو هێز و پشتیوانییەی کە هەیانبووە ئەم شۆڕشە بەر حەق و ساوایە بێ بەزەییانە سەرکوت دەکەن، داریوش (٥٢١، ٤٨٦ پ. ز) وەک لە بەردە نووسەکەدا ئاماژەی پێ داوە نۆزدە سەرهەڵدانی

گەورە و بچووک دادەمرکێنێ و لە نیگاری سەر بەردەکە گێـومـاتی لە ژێر پێـدایە و بەریزبەند هەشت سـەرۆکی شۆڕشـەکانی بە دوای یەک ڕاگرتووە و بە گوریس لێکی بەسـتوونەتەوە، کە بریتین لە مانە (ئاسـرین (asrin)، نەدئیـتە بە ئیـرە (ned ite be eire)، فـرەوەرتـیش (frewertish)، مـەرتیـیـە (merti ye)، چیـسن تۆخـمـە (chisn tokhme)، وەیەزدات (ve yez-dat)، ئەرخ (erkh) و فرادە (frade).

کەتیبەی هەڵکەنراوی بێستوون، یەکێکە لە بەوەجترین ئاسـەواری ڕێنووسی بزمـاری چاخی هەخـامـەنشـیـیـە و یەکـەم ئاسـەواری دیرۆکی نووسـراوی ئێـرانیـانە بە سێ زمانی پارسی کۆن (پاڵەوی)، ئیلامی و بابلی نووسراوە بەرزایی گـشـتی ئەم کـەتیـبـەیە ٧ مـەتر و ٨٠ سـانتـە، درێژایی ٢٢ مـەترە و لە ناوەندیدا پێنج کـۆڵەکـە، یان سـتوون بە ڕێنووسی بزماری فـارسی کـۆن دەبینرێ، هەر کام لە چوار کـۆڵەکەکانی هەوەڵ پیچەک کەمـتر لە دوو مەتر درێژایی و چوار مەتر بەرزاییان هەیە، کۆی گشـتی نووسـراوەکـە ٥٢٥ دێڕە و... لەم تابلۆ بەردینیـیـەدا بەرزایی داریوش لە ڕەسمەکەیدا ١٨٠ سانتی مەترە کە گـێـومـاتی لە ژێر پێـدایە (وا دیارە ئەو بەرهەڵسـتکارە زۆری سـەر ئێـشـاندووە کـە وا بە توندی و ئەوها باسی لێدەکا) بە گشتی ئەم تابلۆیە ٣ مەتر بەرزایی و ٥/٤٨ سانتی مەتر درێژایی هەیە و بەم شێوەیە دەست پێ دەکا تا دەگـاتە باسی شـۆڕشـەکـەی گـێـومـات و چۆنیـەتی سەرکوت کـردنی (خوێندنەوەی ئەم نووسـراوەیە لە لایەن L.w.king و R.c.thompsonی بریتـانیـایی بە زمانی ئینگلیزییە)

**کۆڵەکەی یەک**

**بەندی ١:** من داریـوش، شـای مـەزن، شـای شـایان، شـای پارس، پاشـای وڵاتان، کـوری ویشـتـاسب، نەوەی ئەرشامی هەخامەنشی.

**بەندی ٢:** داریوش شـا دەڵێ: باوکی من ویشـتـاسب، باوکی ویشتاسب ئەرشام، بابی ئەرشام ئاریامەن، باوکی ئاریامەن، چیش پیش، بابی چیش پیش هەخامەنێش.

**بەندی ٣:** داریـوش شـــا دەڵێ: بۆیە بە بـنەمـــاڵەی هەخامەنێش ناسراوین، ڕەسەنایەتی ئێمە لە مێژ ساڵە، لە کۆنەوە خانەدانی ئێمە لە پاشاکان بوونە.

**بەندی ٤:** داریوش شا دەڵێ: ٨ کەس لە باووباپیرانی ئێمە شا بوونە، من نۆیەمینیانم، نۆکەسمان پشتاوپشت لە دوو لک شا بووینە.

**بەندی ٥:** داریـوش شــــا دەڵێ: لە ســـەر ویســـتی ئەهورامەزدا مـن خونکارم، ئەهورامەزدا نازناوی شای بە من بەخشی.

**بەندی ٦:** داریوش شـا دەڵێ: ئەوانەن ئەو مـەڵبـەندانە کە لە سەر ویستی ئەهورامەزدا بـوون بە هی من، پارس، عیلام.بابل، ئاشوور، عەرەب، مودرای (میسر) خەڵکی زەریا (فینیـقییەکان)، سارد (لیـدی)، یۆنان (ئەوانەی دانیشتووی ئاسیای بچووک بوون)، ماد، ئەرمەنستـان، کـاپادووکـیـیـە، پەرسوو (پارت)، زەرەنـگ (سیـسـتـان) هەرئی و هەرات، باختەر (بەڵخ)، سۆغد، گوندار (دۆڵی کـابۆل)، سک (عـەشـیـرەتەکـانی نێـوان گـۆلی ئاراڵ و زەریای مـــازەندەران)، ست گـــوش (دۆڵی ڕووباری هیرمەند)، ڕەخج (قەندەهار)، مەک (مەکران و عەممان) کۆی گشتی ٣٢ وڵات.

**بەندی ٧:** داریوش شـا دەڵێ: ئەوانەن ئەو وڵاتـانەی بە نسـیـبی من بـوون، بە ویسـتی ئەهورامـەزدا بـوونە ڕۆڵەی من، باجیان دامێ، ئەوەی کە لە لایەن منەوە پێیان وترا، بە شەو و ڕۆژ، هەر ئەو بوو.

**بەندی ٨:** داریوش شا دەڵێ: لەم وڵاتانەدا کەسێک کە هاوڕێم بـوو، خەڵاتم کـرد و ئەو مـێـرەی کە دژبەرم بوو بە توندی (سـزام دا)، بە ویسـتی ئەهورامـەزدا ئەمـانە ئەو وڵاتانە بوون کە ڕێزیان لە یاسای من گرت، ئەوەی کە لە لایەن من بە وان وترا، هەر وا کرا.

**کوشتنی بەردیا و شۆڕشی گێومات**

**بەندی ٩:** داریوش شا دەڵێ: ئەهورامـەزدا گەورەیی بە من بەخشی، ئەهورا پشـتیـوانی لێ کردم ببم بە شـا، بە یارمەتی ئەهورامەزدا ئەم دەستەڵاتەم هەیە.

**بەندی ١٠:** داریوش شـا دەڵێ: ئەوە بوو ئەو کـارانەی بە دەست من کرا لە سەردەمی دەستەڵاتداریم، کەمبووجیە کوڕی کورش پێش من لێرە شا بوو، پاشان کەمبـووجیە بەردی کـــوشت، بۆ خـــەڵک ڕوون نەبوو کـــە بەردی کوشتـووە، دوایی کەمبوجییە بۆ میسر بەڕێ کەوت، لە ناو خـەڵک ئاژاوە سـاز بوو، لەمـەو بەدوا درۆ لە وڵات پەرەی سەند، لە فارس و ماد و گشت نیشتمان.

**بەندی ١١:** داریوش شا دەڵێ: دواتر پیاوێکی مۆغ بوو بە ناوی گێومات، ناوبراو لە بێئیش، یان وودا (پی شیاووادا) سەری هەڵدا، چیایەکە ئەرکەدیش (ئارکادی) نێو، کە لەوێ هەستا لە مانگی وی یەخن (ڕەشەمە) ١٤ ڕۆژ تێپەڕیبوو، ئەو بە درۆ ئاوای بە خەڵک وت: من بەردی کوڕی کورش برای کەمبووجیەم، خەڵک گشتی لە کەمبووجیە وەرسووڕان و ڕوویان کردە ئەو، هەم خەڵکی پارس، ماد، هەم ناوچەکانی تر، بۆ خۆی بوو بە شا، لە مانگی گەرم بەد (پووشپەڕ) ٩ ڕۆژ بەسەر چووبوو ئەو کات نازناوی شایی بۆ خۆی هەڵبژارد، دوایی کەمبووجییە بە دەستی خۆی مرد.

**بەندی ١٢:** داریوش شا دەڵێ: پیاوێک نەبوو، نە فارس نە ماد، کەسێک لە تۆرەمەی ئێمە پەیا نەبوو کە پاشایەتی لە گێوماتی مۆغ بستێنێتەوە، کۆمەڵێکی زۆر لێی دەترسان کە بێتو خەڵک بەردی بناسنەوە و بیانکوژێ (پێشتر خەڵکانێکی کوشتووە)، بەم هۆیە خەڵکی دەکوشت کە نەکا بمناسنەوە و دەرکەوێ کە من بەردی کوڕی کورش نیم، کەس توانای قسە کردنی لەگەڵ گێوماتی مۆغ نەبوو تا من گەیشتمێ، دواتر من هاوارم کردە ئەهورامەزدا و داوام لێ کرد، ئەهورامەزدا یاری کردم، لە مانگی باگادیش (ڕەزبەر) دە ڕۆژ بەسەر چووبوو، ئەوسا من لە تەک چەند مێر ئەو گێوماتی مۆغ و مەزنترین هاوڕێکانیم کوشتن، لە قەڵای سیکی وتیش ناوێ، نیشتمانی نی سای لە ناوچەی ماد کوشتم، نازناوی شاییم لێ سەندەوە، لە سەر داوا و ویستی ئەهورامەزدا من بوومە شا، ئەهورامەزدا پلەی خونکاری بە من بەخشی.

### کوژرانی گێومات و ئاوەدان کردنەوەی شانشین

**بەندی ١٤:** داریوش شا دەڵێ: ئەو دەستەڵاتەی لە ئێمە زەوت کرابوو من جارێکی تر گەڕاندمەوە، هەر وەک پێشووتر من بە ئەنجامم گەیاند، من ئەو پەرستگەیانەی کە گێومات وێرانی کردبوون، سەر لە نوێ نۆژەنم کردنەوە، ئەو خەڵکانەی گێومات موڵک و مەزرا، لەوەڕگە و پیاو و ماڵاتەکەیانی لێ سەندبوو، دامنەوە، من ئەو خەڵکانەم لە سەر شوێنی خۆیان دانانەوە، چ لە فارس، ماد و وڵاتانی تر، هەر وەک ڕابردوو ئەو ئەرکانەم پێ بەخشینەوە، گەڕاندمەوە، بە یارمەتی ئەهورامەزدا ئەو کارانەم کرد، هەوڵم دا بنەماڵەی ئێمە لە جێگای خۆی ڕاوەستاو و هەر وەک جاران بە هاوکاری ئەهورامەزدا لە دەسەڵات بێ، گێوماتی مۆغ ناتوانێ خانەدانی ئێمە لە سەر کارلاببا.

**بەندی ١٥:** داریوش شا دەڵێ: ئەوە بوو ئەوەی من کردم پێش ئەوەی کە ببمە پاشا. (سەرچاوە یۆنانییەکان ئەو ڕۆژەی گێوماتی تێدا کوژرا، بە ناوی ماگۆفۆنی دەناسن، واتە ئەو ڕۆژەی مۆغەکان کوژران کە هەموو ساڵێ لە لایەن فارسەکانەوە جێژنی بۆ دەگێڕا).

لە درێژەدا بەندی ١٦ تا ١٩ لە کۆڵەکەی یەک و ستوونی دووەم دێڕی یەک و دوو باسی شۆڕشی ئاسرین لە عیلام و نەدئیت بە ئیرە لە بابل دەکا، دوایی بەندی سێ و چوار لە سەر شۆڕشی مەرتی دەڕوا.

دوای نوقم بوونی حەز و ئاواتەکانی گەلی ماد لە زەریای بێ کەسیدا و سەرکوتی بێ بەزەییانەی شۆڕشەکەیان، کەسێکی تر لە تۆرەمەی ڕەسەنی ماد و لە دەستەڵات بە دەستانی سوپا مێرانە هەستاوە و ئاڵای خەباتی شەکاندەوە.

فرەوەرتیش " (فرائۆرێت) " کە خۆی بە خشئرتیەی دووەم لە بنەماڵەی هۆوەخشترە دەزانی، خەڵکی ناوچەکانی ماد، پارئە و هێرکانییە لە دەوری شۆڕش کۆ دەکاتەوە و خەڵکی ئەرمەنستانیش کە خەریکی خۆسازدانن، بزاڤێکن پشتیوانی لێ دەکەن، ناوبراو زۆر مێرانە هێرشە پەیتا پەیتاکانی سوپای داریوش جارێک بەسەرکردەیی فارسێک بە ناوی ویدرێن و کەسێکی ئەرمەنی تێک دەشکێنێ، لە ئاکام داریوش خۆی وەک فەرماندەر بە هێزێکی زۆر و گران هێرشی دەکاتە سەر و لە شاری ڕێی (نزیک تارانی ئەمڕۆ) بە دیلی دەگرن و لە قەڵای هەمەدان لە سێدارەی دەدەن.

داریوش کۆڵەکەی دوو بەندی پێنج و شەش بەم سەرهەڵدانە تەرخان دەکا و دەڵێ:

... "داریوش شا دەڵێ: پیاوێکی مادی فرەوەرتیش (فرەوەرتیشک) ناو لە ئاخی ماد سەری هەڵدا ئەوهای بە خەڵک وت: من خەش سرئیتە لە ڕەچەی هۆوەخشەتەرم، پاشان سوپای ماد کە لە کۆشکی ناوبراودا بوو لە من وەرگەڕان و بۆ لای فرەوەرتیش چوون، ئەو لە ماد بوو بە پاشا"

بەندی شەش داریوش شا دەڵێ: هێزی پارسی و مادی

کە بۆ سەرکوتی ڕەوانە کرابوو، کەم بوو.دواتر من هێزێکی ترم بۆ بەرێ کردن، ویدەرنە ناوێکی فارسیم کردە سەرکردە، ئاوام پێ وتن: بڕۆن! ئەو لەشکرەی ماد، کە خۆی لە من هەڵاواردووە تێک بشکێنن! دوایی، ئەو ویدەرنە بە خۆی و سوپاکەی تاویان دا کە گەیشتە ماد لە شارێک بە ناوی مارووش لێکیان دا. لەو کاتەدا سەرکردەی مادەکان لەوێ نەبوو، ئەهورامەزدا یارمەتی دام بە ویستی ئەهورامەزدا لەشکری من زۆری لەو سوپا نافەرمانەی دا، لە مانگی ئەنامەک (بەفرانبار) ٢٧ ڕۆژ تێپەڕیبوو، پاشان مەڵبەندی کەپەد، لە وڵاتی ماد بۆمن دابین کرا تا من گەیشتمێ...

لەو بارودۆخەدا گەلانی تریش وەخۆ کەوتبوون و هەرکام لە نیشتمانی خۆیان خەریکی خۆسازدان و بەرخودان بوون، هەربۆیە لەم بەینەدا داریوش نەیتوانی بگاتە ماد و سەرقاڵی سەرکوتی شۆڕشی ئەرمەنستان بوو کە سێ جاران تێک شکا و سەری هەڵداوە (بەندی ٧ بۆ ١١) بەندی ١٢ ی کۆڵەکەی دوو بەم جۆرە درێژە بە خەباتی مادەکان دەدا...

داریوش شا دەڵێ: پاشان من لە بابل وەدەر کەوتم، گەڕامەوە لای ماد، کە گەیشتمە ماد لە شارێک بە ناوی کونەدرِوو، لە ئاخێ ماد لە وێ فرەوەرتیش کە خۆی وەک پاشا دەناساند، بە هێزی خۆی بۆ شەڕی من هات، دواتر دوو سوپا کردیانە شەڕ، ئەهورامەزدا یارمەتی دام، لە سەر ویستی ئەهورامەزدا سوپای فرەوەرتیشم شپرزە کرد لە مانگی ئەدووکەن ئیش (خاکەلێوە) ٢٥ ڕۆژ بەسەر چووبوو کە ئەم شەڕە کرا. بەندی ١٣. داریوش شا دەڵێ دواتر، ئەو فرەوەرتیشکە بە سوارێکی کەمەوە، بۆ لای مەڵبەندی ڕێی (نزیک تارانی ئەمڕۆ) هەڵات، بە خاکی ماد، بەولادا ڕۆیی، پاشان من سوپایەکم بە دوای ڕەوانە کرد، فرەوەرتیش بە دیل گیرا و بۆ منیان هێنا، منیش دووگوێ، لووت و زمانیم بڕی و چاوێکم دەرهێنا، بە سەر دەروازەی من هەڵواسرا، خڕ دیتیان، دواتر لە هەمەدان لە سێدارەم دا و ئەو پیاوە بەوەجانەی هاوڕێی بوون. لە قەڵای هەمەدان هەڵم واسین.

دوا بەدوای ئەم دێڕانە، بەردی ڕەقی بیستوون باسی شۆڕشی پارتەکان دەکا کە ئەوانیش پشتیوانیان لە فرەوەرتیش کردبوو. ئەم شۆڕشە بە دەستی ویشتاسب باوکی داریوش تێک شکا.

کۆڵەکەی سێ بەندی سێ و چوار تایبەتە بە شۆڕشی فرا لە مەرو، لە دێڕی پێنج تا سێزدە بە تێر و تەسەلی باسی وەهیزداتەی فارس دەکا و لە درێژەدا (١٤ تا ١٥) لە سەر نەبووکەدچێر دەڕوا...

بەڵام ڕەچەی خەباتی ئازادیخوازانەی ماد نامرێ و ڕێبوارانی بە ئەمەکی تینوویی سەربەستی و سەربەخۆیی ناوی "چێتران تۆخمە" (باشترین تۆ، یان ڕەچەڵەک) سەرۆکی عەشیرەتی ساگارتیان کە یەکێک لە تایفە بە ناوبانگەکانی ماد بووە و خۆی لە بەجێماوەکانی بنەماڵەی مەزنی هۆوخشتری ماد دەزانی سەرهەڵدەدا و دەبێتە چقڵی چاوی داگیرکاران، ئەم سەرۆکە بە توانایەش پاش شەڕ و بەرگری کردنێکی زۆر لە لایەن لەشکری پارس کە ئەم جارە بە داخەوە هەندێک لە مادەکان هاوکاری دەکەن بە سەرۆکایەتی کەسێ بە ناوی (تۆخمەس پاد) گڕی ئەم ئاگرەی ژێر خۆڵەمێشە دەکوژێتەوە و "چێتران تۆ" دەگیرێ و لە ناوچەی ئەربێل، یان هەولێری ئەمڕۆ لە سێدارە دەدرێ و بۆ نیشاندانی سزا بە سەر دەروازەی قەڵا هەڵدەواسرێ (لە درێژەی باسی سەرکوتی فرەوەرتیش کۆڵەکەی دوو) بەندی ١٤.

داریوش شا دەڵێ: پیاوێک چی سەر تۆخمە (چێتر تۆخمە) ناوێ لە عەشیرەتی ساگارتی لە فەرمانی من لای دا، ئاوای بە خەڵک وت: من شا لە ساگارتییە لە تۆرەمەی هۆوەخشەتەرم، منیش سوپایەکی پارسی و مادیم بۆ نارد کەسێک بە ناوی توخمەس پادی مادیم کردە فەرماندەری هێزەکە، منیش ئاوام پێ وتن: بڕۆن ئەو هێزە سەرکەشانە کە گوێڕایەڵی من نین تێک بشکێنن، تۆخمەس پادە ئەسپی تاودا و لەگەڵ چێتران تۆخمە لێکیان دا، ئەهورامەزدا یاری کردم، بە یارمەتی ئەهورامەزدا سوپای من ئەو هێزەی تێک شکاند و چێتر توخمەی بە دیل گیرا، بۆ منیان هێنا منیش دوو گوێ و کەپووم بڕی و چاوێکم دەرهێنا، بەستیانەوە و بە سەر دەروازەی مندا بۆ بینینی خەڵک شۆڕیان کردەوە، دواتر لە شاری ئەربێل (هەولێری ئەمڕۆ و پیرە قەڵای مەزن) لە دارم دا. بەندی ١٥. داریوش شا دەڵێ: ئەوەیە، ئەوەی بە دەستی من لە ماد کرا.

بەرهەڵستکاران لە لایەن لەشکری شای فارسەوە، بەم جۆرە خەباتی ڕەوای مافخوازانە کە هەر کام بە شێوەیەک و بەپێی ڕەوشی ئەو کات سەریان هەڵدا و بوون بە

دیرۆکی پڕ شـــانازی گـــەلەکـــەیان یەک بە دوای یەک سەرکوت کران، بە داخەوە مێژوو زۆر بەکەمی باسیان دەکا و تەنیا کەڵەکە بەردی بێستوون لە کوردستانە کە شوێنەواری ئەم خەباتانەی وەک خۆی و بێ منەت لە دڵی خۆیدا پاراستووە و بەڵگەیەکە بۆ نەتەوەیەکی ڕزگار و ئازاد.

لە درێژەی نووسراوەکەدا باسی شۆڕشەیلێ و هەندێ بابەتی تر دەکا، دواجار لە کۆڵەکەی ٤ بەندی سێ دوای ناو هێنانی یەکە بە یەکەی شۆڕشوانان دەڵێ: ئەم نۆ خونکارەم لە شەڕدا بە دیل گرت (هەتا نەیگرتبوون بە جەردە و خائین باسی دەکردن، بەڵام دوای دەست بەسەرداگرتنیان وەک شا ناویان دەبا!) هەروەها لە درێژەی ئەم چیرۆکەدا باسی ڕاستی و دروستی و ئامۆژگاری خەڵک دەکا خۆ لە درۆ بپارێزن و دادپەروەری و عەدالەت بکەنە بنەمای ژیان... لەکۆتاییدا ئێژێ ئەم بەردەنووسە کە حەماسە و دیرۆکی نەتەوەی پارس لە خۆ دەگرێ، بە ئەرکی گشت لایەک دەزانێ بە هەر شێوەیەک بۆیان دەلوێ بیپارێزن.

**سەرچاوەکان:**

**١-تاریخ ایران باستان حسن پیرنیا ج١، ل٥١٦، ٥٣٦.**

**٢-تاریخ هرودت، توضیحات مترجم ل٢٥٨.**

**ترجمه کتیبه های هخامنشی، محسن چیائی، مرودشت فاتحان راه دانش ١٣٨٧ ل٩٩- ١٦٣.**

**٣-تاریخ مردم ایران پیش از اسلام عبدالحسین زرین کوب تهران انتشارات امیر کبیر ١٣٦٤.**

**٤-متن کامل سنگ نوشته بیستون خبرگزاری میراث فرهنگی.**

**٥-محمد علی خنجی رساله ای در بررسی تاریخ ماد و... تهران کتابخانه گهوری ١٣٥٨.**

**٦-تاریخ ماد، دیاکونوف، کریم کشاورز چاپ نهم ١٣٨٨.**

**٧-داریوش بزرگ پادشاه هخامنشی، سعید قانعی انتشارات پیمان ١٣٨٩.**

**داریوش بزرگ و گیئومات مغ، ویکی پدیا، گوگل**

**٨-تاریخ ایران باستان، میخائیل دیاکونوف، روحی اربابی انتشارات علمی فرهنگی چ ششم ١٣٩٠.**

**٩-بیستون، نبشته های اریایی، پذوهش ارمین کسروی**

**www.mybook.ir**

# خوێندنەوەیەک بۆ ڕستەی ناوی لە زمانی کوردیدا

زانیار مەحموود عەلی
(کەلار)

**سەرەتا**

بنەماکانی ڕستەسازی سنووری پۆلاییینی جیاکەرەوەی زمانێکە لە زمانێکی دیکە. پێویستە قسەکەر بەوردی پەیڕەوی ئەم لایەنەی زمانەکەی بکات، ئەگەر بیەوێ بەجوانی زمانەکەی بپارێزێت. لە مێژووی زمانەوانی کوردیدا، ئەوە جێگەی زێتر سەرنجدان بێت، بەم لایەنی زانستی زمانی کوردییە کەمتر جێگەی بایەخدان بووە لە ڕابردوودا. ئەوە نەبێت ڕێزمانزانە کوردەکان، یان لەسەر بنەمای ڕێزمانی عەرەبی، یان لەسەر دەستوور و بنەمای زمانی ئینگلیزی ڕستەسازی کوردییان هەڵسەنگاندووە، بەبێ ئەوەی بە دەقی پەخشانی کوردی ڕەسەن، پێناسەو ئەرکەکانی بنەمای ڕستەی کوردی دەستنیشان بکەن.

لەمێژە لەنێو ڕووناکبیران و زمانناسانی کورددا، باس لەبوونی ڕستەی ناوی، یان نەبوونی دەکرێت، بێ گومان بۆ ئەم جۆرە ڕستەیە پێویستی بەبەڵگەی بەهێز هەیە، بۆ سەلماندنی ئەم جۆرە ڕستەیە لە ڕووی بوون و نەبوونییەوە، زمانناسان بۆ هەردوو بۆچوونەکە بەڵگەیان هێناوەتەوە، کە دواتر ئاماژەیان پێ دەکەین.

ئەوەی پێویستە زێتر گرنگی پێ بدرێت، نابێت بە شێوەیەکی ڕەها بڕیار لەسەر ئەوە بدرێت، کە بڵێین ئەم جۆرە ڕستەیە بەهیچ شێوەیەک لە زمانی کوردیدا نییە، چونکە بڕیاردانی ڕەها لە توێژینەوەدا دەبێتە هۆی ئەوەی دەرگای لیکۆڵینەوە بەڕووی ئەو بابەتەدا دابخات، کە ئەم جۆرە ڕەهایەتییە لە لێکۆڵینەوەدا بە کارێکی نازانستی هەژمار دەکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو زانایانەی بەڵگەی ئەوەیان هەیە کە ئەم جۆرە ڕستەیە لەزمانی کوردیدا هەیە، نابێت بۆچوون و بەڵگەکانیان بێ بایەخ بزانین، بەڵکو پێویستە هەردوو بۆچوونەکە بە هەند وەربگیرێت و

خوێندنەوەیان بۆ بکرێت.

**ئایە ڕستەی ناوی، لە زمانە هیندو - ئەوروپییەکاندا هەیە؟**

زۆر لەو زانایانەی لەگەڵ ئەوەدان، کە ڕستەی ناوی لە زمانی کوردیدا نییە، باس لەوە دەکەن کە لە کۆمەڵەی زمانە هیندوئەوروپییەکاندا بە هیچ شێوەیەک ڕستەیەک دروست نابێت، ئەگەر هاتو کرداری تێدا نەبێت، بەڵکو کردار بە حوکمکەری ڕستەکە دادەنێن و ئاماژەش بەوە دەکەن کە بە هیچ شێوەیەک ئەم جۆرە ڕستەیە لە زمانی کوردیدا نییە، لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژەش بەوە دەکەن کە هەموو ئەو زمانانەی لەم کۆمەڵەیەدان، واتە لە کۆمەڵەی زمانە هیندو - ئەوروپییەکاندان، ئەم جۆرە ڕستەیەیان تێدا نییە.

ئاشکرایە کە لەکۆمەڵەی زمانە حامی و سامییەکاندا، کە زمانی عەرەبی یەکێکە لە کۆمەڵەی زمانە سامی و حامییەکان و بوونی ئەم جۆرە ڕستەیەش، واتە ڕستەی ناوی تێدا هەیەو شتێکی زۆر ئاساییەو بەئاشکرا هەست بەبوونی دەکرێت، کە لە (مبتدأ و خبر) پێکدێت.

ئەو زماناناسانەی ڕەخنە لەو کەسانە دەگرن، کە ئاماژە بەوە دەکەن و دەڵێن ڕستەی ناوی لەزمانی کوردیدا هەیە، بۆ ئەوەی دەگەڕێننەوە، کە ئەو زماناناسانە کەوتوونەتە ژێرکاریگەریی قوتابخانەی عەرەبییەوە کە لەکۆمەڵەی زمانە (سامی و حامییەکانە)، لەو ڕوانگەیەوە دیدوبۆچوونی خۆیان سەبارەت بە ئەم جۆرە ڕستەیە خستووەتەڕوو، لە ڕێگەی ئەوەی کە زمانی کوردییان لەسەر دەستووری زمانی عەرەبی شی کردووەتەوە و دەستووری زمانەکەیان لەسەر بنەمای زمانی عەرەبی لە قاڵب داوە، لەکاتێکدا زمانی کوردی سەر بە کۆمەڵەی زمانە هیندو - ئەوروپییەکانەو ناکرێت ئەو جۆرە ڕستەیە بترازێتە نێو زمانی کوردییەوە.

**چەند سەرنجێک لەسەر ڕستەی (کاتدار) و (بێ کات) لە زمانی کوردیدا**

ڕستە دابەشبوونی زۆری بۆ کراوە، ئێمە نامانەوێت ئێستا هەموو ئەو دابەشکردنەی بۆ ڕستە کراوە دووبارە بکەینەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنج بێت، تێڕوانینی چەند زانایەک دەخەینەڕوو، کە ڕستەیان لە ڕووی (کات)ەوە بۆ چەند بەشێک پۆلێن کردووە کە ئەمانەن:

د. نەسرین فەخری، ڕستە لە ڕووی کاتەوە بۆ دوو جۆری سەرەکی دابەش دەکات کە لە ئەمانەی خوارەوە پێکدێن: (١)

**یەکەم:** ئەو ڕستانەی کە کاریان تێدایە، واتە ڕستەی کرداری

بۆ نموونە: محەمەد هات.

**دووەم:** ئەو ڕستانەی کە کاری یاریدەدەریان تێدایە، واتە لە ڕێگەی یارمەتیدانی چاوگی (بوون)ەوە دروست دەبن.

بۆ نموونە: هۆشیار بوو بە مامۆستا.

بەڕاو بۆچوونی د. نەسرین فەخری ڕستە بەبێ کار پێکنایەت، دەکرێت کاری ڕستەکە کارێکی بەهێزبێت، یان دەکرێت کاری ڕستەکە کارێکی یاریدەدەر بێت، کە ئەم دیاردەیەش لەکۆمەڵەی زمانە هیندو -ئەوروپییەکاندا زۆر بەئاشکرا هەست بەبوونی ئەم جۆرە ڕستەیە دەکرێت. فرمانی یاریدەدەریش لە زمانی کوردیدا بۆ کاتی ئێستا، لەوێنەی مۆرفیمی (ە)دا دەردەکەوێت، لە زمانی فارسیشدا لە شێوەی (است) و لە زمانی ئینگلیزیدا لەشێوەی (is) دەردەکەوێت.

هەرچی (محەمەد ئەمین هەورامانی)یە بەم شێوەیە ڕستە پۆلێن دەکات، کە لەم بەشانەی خوارەوە پێکدێت کە ئەمانەن: (٢)

**یەکەم: ڕستەی دەمی:**

زۆربەی ڕستە دەمییەکان، لەکاتی نووسیندا واتا بە دەستەوە نادەن و هەست ناکەین کاتیان تێدا بێت، زیاتر لە ڕستەی ناوییەوە نزیکن.

بۆ نموونە: بەڵێ، نەخێر

**دووەم: ڕستەی نووسراو:**

ئەم جۆرە ڕستەیە، لە کاتی ئاخاوتن و نووسینیشدا واتا بەدەستەوە دەدات و ڕستەیەکی تەواوەو بکەرو کاریشی تێدایە، واتە ڕستەیەکی کردارییە.

بۆ نموونە: نانم خوارد

بێ گومان بەپێی دابەشکردنی ئەم جۆرە، لە ڕووی کاتەوە جۆرە ئاماژەکردنێکی تێدایە بۆ بوونی ڕستەی

ناوی، چونکە لەڕستەی (دەمی)دا ئاماژەکردنێکی ڕاستەوخۆیە بۆ بوونی ئەو جۆرە ڕستانەی، کە کرداریان تێدا نییە، بەڵام ڕستە ناوییەکە زیاتر لە شێوەی ئاخاوتندا واتادارەو واتا بە دەستەوە دەدات، نەک لە کاتی نووسیندا، لە ئاخاوتندا بەپێی وەڵامدانەوەی گوێگر لێکدانەوەی بۆ دەکرێت.

هەرچی (د. عەلی ڕوخزادی)یە ڕستە لە ڕووی کاتەوە بۆ سێ جۆری سەرەکی دابەش دەکات کە لەمانەی خوارەوە پێکدێن: (٣)

**یەکەم: ڕستەی ئیسنادی:**

بەو ڕستانە دەوترێت کە لە چاووگی (بوون)ـەوە پێکهاتبن.

بۆ نموونە: دوێنێ نەخۆش بووم.

**دووەم: ڕستەی کرداری:**

ئەو ڕستانەی کردارەکانیان غەیری ئەو کردارانە بێت کە لە چاوگی (بوون)ـەوە وەرگیراون.

بۆ نموونە: فەرهاد هات.

**سێیەم: ڕستەی بێ کردار:**

بەو شێوە ڕستانە دەوترێت، کە لە ڕواڵەتی ڕستەکەدا کرداریان تێدا نییە، بەڵام مەعنای کرداریان تێدایە.

بۆ نموونە: دەستخۆش، یان بەداخەوە.

بێ گومان لەم جۆرە پۆلێنکردنەدا ڕستەی ناوی، واتە ئەو ڕستەیەی کرداری تێدا نییە، ئاماژەی پێ کراوە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجدان بێت، ئەوەیە ڕستەی ناوی، تەنیا لە ڕووی ڕواڵەتەوە هەست بە نەبوونی کاتەکەی دەکەین.

هەرچی (مامۆستا سەلام ناوخۆش)ـە، ڕستە لە ڕووی کاتەوە بۆ سێ جۆر دابەش دەکات، کە لەمانە پێکدێن: (٤)

**یەکەم: ڕستەی کاری:**

ئەو جۆرە ڕستانە دەگرێتەوە، کە لەنێو ڕستەکاندا هەست بە بوونی کار دەکەین، چ لە کاتی ڕابردوو بێت، یان ڕانەبردوو، یان داخوازی....تاد، کەواتە کاری تێدایەو لەهەر دەم و جۆرێکیدا بێت، واتە ڕستەیەکی کردارییە.

بۆ نموونە: فەرهاد هات.

**دووەم: ڕستەی کاری ناتەواو:**

دیارە مەبەستیش لەم جۆرە ڕستانە، ئەو ڕستانە دەگرێتەوە، کە کاری ڕستەکانیان لە چاوگی (بوون)ـەوە وەرگیراون، کە خۆی لە نیهادو گوزارەدا دەبینێتەوە.

بۆ نموونە: ڕێباز ئەندازیار بوو.

**سێیەم: ڕستەی ناوی:**

یان ڕستەی بێ کات، لەم جۆرە ڕستانەدا، لە دیدی(مامۆستا سەلام)ـەوە کاری ڕستەکان، نەک کاری تەواوی تێدا نییە، بەڵکو کاری ناتەواویشی تێدا نییە.

بۆ نموونە: ئازاد پێشمەرگەیە.

بەم جۆرە ناساندنە ئەم ڕستەیە ڕستەیەکی ناوییە، لەم جۆرە ڕستانەشدا زاراوەی (نیهادو گوزارە)ی لێ دەنرێت، بەرانبەر بە (مبتدأ و خبر)ی زمانی عەرەبی، بێ گومان لێرەدا بوونی ئەو مۆرفیمی (ە)یە، لە کۆتایی گوزارەکەوە، ئەوە بە (جێناوی لکاو) دانراوە، نەک بە کاری ناتەواو بۆ دەمی ئێستا، هەر لەم دیدگایەوەیە، بوونی ڕستەی ناوی ئاماژەی پێ کراوە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە (د. ڕەفیق شوانی) پۆلێنی ڕستەی کردووە، لە ڕووی کاتەوە و جۆرەکانی ڕستەی ناوی بە شێوەیەکی زانستی و بە بەڵگەی بەهێزەوە هێناوەتەوەو خستوویەتییەڕوو، بە خۆی یەکێکە لەو زانایانەی کە زۆر پێداگری لەسەر بوونی ڕستەی ناوی دەکات، واتە ڕستەی بێ کات لە زمانی کوردیدا، بێ گومان بۆ بیروبۆچوونەکانیشی بەڵگەی بەهێزی هێناوەتەوە.

وەک پێشتریش ئاماژەمان پێ کرد، کە (د. ڕەفیق شوانی) پۆلێنێکی زانستی بۆ هەموو جۆرەکانی ڕستە کردووە، بەتایبەتی ئەو ڕستانەی کە لە ڕووی کاتەوە پۆلێنی کردوون، کە ئەوەی ئێمەش مەبەستمان ئەم جۆرەیانە، لە ڕووی کاتەوە، بۆ ئەوەی پەنجە بخەینە سەر ئەو ڕستانەی مەبەستمانە، واتە ڕستە بێ کاتەکان، کە مەبەستمان ڕستەی ناوییە، کە ڕستەکان کرداریان تێدا نییە، کە بەم شێوەیە پۆلێنی کردوون، کە ئەمانەن: (٥)

**یەکەم: ڕستەی کاتدار:**

کە باس لەوە دەکات، لەم جۆرە ڕستانەدا. ڕوودانی

ڕستەکە بە جۆری کاری ڕستەکەوە بەندە، واتە ئەم جۆرە ڕستانە، کە کاریان تێدایەو بەپێی ڕوودان و حاڵەتی ڕوودانی کاری ڕستەکە کارەکەش دەگۆڕێت. ڕستەکان لەم جۆرەیاندا کاتدارن، واتە ڕستەی کردارییە، ئەم جۆرەشیان چەند جۆرێکی لێ دەبێتەوە کە تەنیا ئاماژە بەناوەکانیان دەکەین، لەگەڵ نموونەیەکدا، کە پێکدێن لە:

(أ)-ڕستەی ڕووداو: بۆ نموونە: ئەو سووتا.

(ب)-ڕستەی فرمانی گواستنەوە: بۆ نموونە: کۆترەکە فڕی.

(ج)-ڕستەی فرمانی ئیشکردن و جێبەجێکردن: بۆ نموونە: ڕێزان وانەکەی نووسی.

(د)-ئەو جۆرە ڕستانەی کە فرمانەکانیان بە زەین و بیرو سەرنجی مرۆڤەوە بەندن.

بۆ نموونە: بیر لە تۆ دەکەمەوە.

**دووەم: ڕستەی باس (بێ کات):**

کە مەبەست لە ڕستەی ناوییە. لەم جۆرەدا بەهیچ شێوەیەک ڕستەکە کاری تێدا نییە، بەڵکو ئەوەی باسی لێوە دەکرێت لەم جۆرە ڕستانەدا، بە حاڵەت و دیاردەو شتی دەوروبەرەوە بەندە، بەهیچ شێوەیەک کاتی تێدا نییە. لەم ڕستانەدا، هەرگیز ناتوانین ڕستەکە بۆ کاتەکانی ڕابردوو، یان داهاتوو گەردان بکەین.

ڕستەی باس(بێ کات) لەمانەی خوارەوە پێکدێت:

**(أ)-ڕستەی ناوی ڕەها:**

لەم جۆرەیاندا ئەو ڕستانەی باسیان لێوەدەکرێت، بەهیچ شێوەیەک لەبوونی ئەو حاڵەتەی نێو ڕستەکە، مایەی گفتوگۆکردن نین و هیچ گۆڕانکارییەکی واتاییان بەسەردا نایەت و لای هەموو گوێگرێک یەک لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت.بۆ نموونە: ئەم ڕستانەی کە لەبەردەستماندایە وەک (بەرد ڕەقە، زەوی خڕە، ئەو کوردە، ...تاد، لەم جۆرە ڕستە ناوییانەدا، بەهیچ شێوەیەک ناتوانین ئەم ڕستانە بۆ کاتەکانی ڕابردوو، یان داهاتوو، یان داخوازی...تاد گەردانی بکەین، چونکە ئەم جۆرە ڕستانە خۆیان کاریان تێدا نییە، تا بۆ ئەو کاتانەی کە ئاماژەمان پێ کرد لەسەرەوەدا گەردانیان بکەین.

لەبەر ئەوەی هەرگیز ناتوانین ڕستەیەکی، وەک (بەرد ڕەقە)، بڵێین (بەرد ڕەق بوو)، یان بڵێین (بەرد ڕەق دەبێت)، چونکە لە فەرهەنگی مێشکی هەموو مرۆڤێکدا، بەرد ڕەقە، چونکە چ لەڕووی لۆژیکییەوەو چ لە ڕووی واتایی ڕێزمانییەوە، ناتوانین گەردانیان بکەین، چونکە بوونی ئەو حاڵەتانەی لەم جۆرە ڕستانەدا هەیە هەرگیز بە کاتەوە پەیوەست نییە و کاتیش لەم جۆرە ڕستانەدا نییە، واتە ڕستەیی ناوییە.

**(ب)-ڕستەی ناوی ڕێژەیی:**

هەمان واتاو چەمکی ڕستە ڕەهاکەیە، واتە لەم جۆرە ڕستانەشدا کات نییە، بەڵام ئەوەی لە ڕستە ڕەهایەکەی جودا دەکاتەوە ئەوەیە، کە لەم جۆرە ڕستانەدا ڕەنگە حاڵەتێکی تایبەتی هەبێت، کە ئاخێوەری تێدایە، هەمان چەمک و کاریگەری لای گوێگر نەبێت، بەڵام ئەوەی لەگەڵ ڕستەکەی دیکەدا، خاڵێکی هاوبەشیان هەیە ئەوەیە کە لەم جۆرە ڕستانەشدا کات نییە، واتە ڕستەیەکی بێ کاتە:

بۆ نموونە: پاییز خۆشە ـــــ پاییز ناخۆشە

ئەوەی جێگەی سەرنجە، لەم جۆرە ڕستە ناوییەدا، ئەوەی لە جۆرەکەی دیکەی جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە لەم ڕستانەدا ئەو حاڵەت و دیاردانەی باسی لێوەدەکرێت بوونێکی ڕەهایی نییە، بەڵکو بوونێکی ڕێژەیی هەیە، بێ گومان ئەمەش پێوەندی بە ئەو ژینگەیەوە هەیە کە ئەو کەسەی تێدایە، ئەمەش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاوازی هەیە، بەڵام ئەوەی گرنگە لەبیری نەکەین ئەوەیە لەم جۆرەشیاندا، بەهیچ شێوەیەک کات نییە، واتە ڕستەیەکی ناوییە.

## گرفتی وەرگێڕانی ڕستەی ناوی
## لە زمانی عەرەبییەوە بۆ سەر زمانی کوردی:

لە زمانی عەرەبیدا، وەک زمانێکی (سامی و حامی)، ڕستەی ناوی هەیەو شتێکی هست پێ کراوە، کە لە (مبتدأ وخبر) پێکدێت، ڕەنگە لەوەدا وەرگێری کورد گرفتی نەبێت بەرانبەر بە (مبتدأ و خبر)ەکە، چونکە لەبەرانبەردا لەزمانی کوردیدا زاراوەکانی (نیهادو گوزارە)ی بۆ بەکاردەهێنرێت، بەڵام ئەوی جێگەی

سەرنجە، ئەوەیە لەزمانی عەرەبیدا ڕستەی ناوی، کە پێشتریش ئاماژەمان پێکرد لە (مبتدأ و خبر) پێکدێت، کە لە زمانی کوردیدا بەرانبەر بە نیهادو گوزارەیە.

لێرەدا، ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە لەزمانی کوردیدا لەکۆتایی ڕستەکەوە، واتە لە دوایی گوزارەکەوە، مۆرفیێمی (ە) دەردەکەوێت و هەست بەبوونی دەکەین، کە ئەمەش وەرگێڕی کورد تووشی تێڕامان دەکات. ئایا بڵێیت ئەم مۆرفیێمە، واتە(ە)یە، کاتی ڕستەکەیە، یان نا، بێ گومان، ئەگەر بەکاتی ڕستەکەشی دابنێت، ئەوە مەرجی سەرەکی لە ڕستەی ناویدا ئەوەیە کە ڕستەکە کاتی تێدا نەبێت.

بۆ نموونە ئێستا ڕستەیەکی ناوی، لە زمانی عەرەبی وەردەگێڕینە سەر زمانی کوردی، زۆر بەجوانی بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە پێکدێت لە:

الجملة الاسمية ـــــ الحياة كفاح

مبتدأ خبر

ڕستەی ناوی ـــــ ژیان تێکۆشانە

نیهاد، گوزارە، ە

ئەوەی جێگەی سەرنجە لە وەرگێڕانی (الجملة الاسمية)ی زمانی عەرەبی، بۆ سەر زمانی کوردی ئەوەیە، کە لە زمانی کوردیدا دەرکەوتنی ئەو مۆرفیێمی(ە)یە، لە کۆتایی ڕستەکەدا. پێویستە بپرسین ئەو مۆرفیێمی(ە)یە، چییە؟

## ئایا دەرکەوتنی ئەم مۆرفیێمی (ە)یە، لە وەرگێڕانی (الجملة الاسمية)دا، بۆ سەر زمانی کوردی، ئەرکی چییە؟

زۆر لە زمانناسانی کورد باسیان لەسەر ئەم مۆرفیێمی(ە)یە کردووە، بەڵام ئێمە نامانەوێت ئەو باسکردنەی لەسەر ئەم مۆرفیێمی (ە)یە، کە لە ڕابردوودا کراوە دووبارە بکەینەوە. مەبەستی ئێمەش باسکردنێتی لەسەر ئاستی (سینتاکس) بەتایبەتی لە وەرگێڕانی (الجملة الاسمية)ی زمانی عەرەبییە بۆ سەر زمانی کوردی.

دەتوانین بوونی ئەم مۆرفیێمی (ە)یە، لە کۆتایی ئەو ڕستانەی کە لە نیهادو گوزارە پێکدێن. بۆ سێ ئاستی جیاواز پۆلێنیان بکەین، کە ئەمەش تایبەتە بە سروشت و تایبەتمەندێتی زمانی کوردی دەردەخات. هەریەک لەو ئاستانەی ئەم مۆرفیێمی(ە)ی تێدا دەردەکەوێت، لەو ڕستانەی کە لە نیهاد و گوزارە پێکدێن. لە زمانی کوردیدا پێویستی بە لێکۆڵینەوەی وردی مێژوویییە. هیوادارم لە داهاتوودا لە توێژینەوەی باڵادا ئەم بابەتە زیاتر گرنگی پێ بدرێت.

وەک چۆن ئەم مۆرفیێمی(ە)یە، لەئاستی (مۆرفۆلۆژی)دا، زۆر چالاکەو لە چەندین شوێنی جیاجیادا دەردەکەوێت و فەرهەنگی زمانەکەمانی دەوڵەمەند کردووە، لەسەر ئاستی (سینتاکس)یش زۆر چالاکەو بەچەندین شێوە خۆی دەنوێنێت، ئەوەی ئێمە مەبەستمانە دەرکەوتنیەتی لەو ڕستە ناوییانەی کە لە زمانی عەرەبییەوە وەردەگێڕرێتە سەر زمانی کوردی.

## پۆلێنکردن و دەرکەوتنی مۆرفیێمی (ە) لە کۆتایی ڕستەدا، بەچەند ئاستێکی جیاواز باسیان دەکەین، کە ئەمانەن:

ئاستی یەکەم:

زێتر بیرو بۆچوونی ئەو زمانەوانانە دەگرێتەوە کە زۆر لەزمانناسانی کورد لەگەڵ ئەوەدان ڕستەی ناوی لە زمانی کوردیدا نییە، دەرکەوتنی ئەم مۆرفیێمی(ە)یە، بە نیشانەی کاتی ڕستەکەی دادەنێن، بۆ دەمی ئێستا،

ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە لێکی دەدەنەوە، کە دەتوانرێت کاتی ڕستەکە بۆ دەمەکانی ڕابردوو، یان داهاتوو...تاد گەردان بکرێت، کە ئەمانەن:

بۆ نموونە: ڕستەیەکی وەک:

بۆ دەمی ئێستا فێرخوازەکە زیرەکە.

دەتوانرێت کاتی ئەم ڕستەیە گەردان بکرێت بۆ دەمەکانی ترو بڵێین:

بۆ ڕابردوو فێرخوازەکە زیرەک بوو.

بۆ داهاتوو فێرخوازەکە زیرەک دەبێت.

ئاستی دووەم:

بیرو بۆچوونی ئەم کۆمەڵەیە، تەواو پێچەوانەی ئاستی یەکەمە، چونکە ئەوەی لەم کۆمەڵەیەدا مەبەستمانەو باسی لێوە دەکەین ئەوەیە کە ئەم زانایانە لەگەڵ ئەو بیرو بۆچوونەدان کە ڕستەی ناوی لەزمانی کوردیدا هەیەو بۆ

سەلماندنی قسەکانیشیان بێ گومان بەڵگەی باشیان هێناوەتەوە.

هەروەها، بەپێی بیرو بۆچوون و سەرنجی ئەم کۆمەڵەیە. دەرکەوتنی ئەم مۆرفیێمی (ە)یە، لەکۆتایی ڕستەکاندا، بە جێناوی لکاوی دەزانن و ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە دێت کە ئەو ڕستانەی کە ڕستەی ناوین، هەرگیز ناتوانرێت کاتی ڕستەکە گەردان بکرێت بۆ کاتی ڕابردوو، یان داهاتوو...تاد، چونکە ئەم ڕستانەی ئاماژەیان پێ دەکەین لەبنەڕەتدا خۆیان (کات)یان تێدا نییە، تا بۆ کاتەکانی دیکە گەردان بکرێن، واتە ئەم جۆرە ڕستانە (ڕستەی ناوی)ن و ئەو مۆرفیێمی(ە)یەش، کە لە کۆتایی ڕستەکەوە دەردەکەوێت، بەهیچ شێوەیەک کاتی ڕستەکە نییە، بەڵکو ئەوە جێناوی لکاوە بۆ سێیەمین کەسی تاک دەگەڕێتەوە.

بۆ نموونە: با سەرنجێک لەم نموونانە بدەین:

(بەرد ڕەقە، زەوی خڕە، خوا هەیە، ئەو کوردە، تیشکی خۆر گەرمە).

ئەم جۆرە ڕستانەو چەندین نموونەی دیکە هەن، بۆ سەلماندنی ڕستەی ناوی لەزمانی کوریدا. ئەمەش لەو بۆچوونەوە سەیر دەکرێت، کە ئەو مۆرفیێمی(ە)یە، لە کۆتایی ڕستەکەوە هەیە، هەرگیز کاری ڕستەکە نییەو ناتوانریت ئەم ڕستانە بۆ کاتی ڕابردوو، یان داهاتوو گەردان بکەین...تاد، ئەگەر ڕستەیەکی وەک (بەرد ڕەقە) بەنموونە وەربگرین ئەوە هەرگیز ناتوانین گەردانی بکەین. ناتوانین بڵێین بەرد ڕەق بوو، یان بڵێین بەرد ڕەق دەبێت.

بەپێی ئەو نموونانەی باسمان کرد، ڕستەکان ڕستەی ناوین و ئەو مۆرفیێمەش واتە ئەو(ە)یە، کاتی ڕستەکە نییە، بەڵکو جێناوی لکاوە، ئەمەش بەبەڵگەی ئەوەی ناتوانرێت ڕستەکان بۆ دەمەکانی دیکە گەردان بکرێن. ئەمەش بەڵگەی بوونی ڕستەی ناوییە. دەرکەوتنی ئەم مۆرفیێمە لەشێوەی جێناوی لکاودایە، کە لەکۆتایی ڕستەکەدا دەبینرێت.کە بەپێی ئەم کۆمەڵەیە، ئەو مۆرفیێمە جێناوی لکاوە.

ئاستی سێیەم:

تێڕوانین لەم ئاستەدا بۆ دەرکەوتنی ئەم مۆرفیێمی(ە)یە، لە کۆتایی ڕستەکاندا تەواو پێچەوانەی هەردوو ئاستەکەی پێشترە، دیتنێکی دیکە، بۆ ئەو حاڵەتە دەکرێت، واتە بوونی ئەو مۆرفیێمی(ە)یە، لە کۆتایی ڕستەکاندا. نە بەکاتی ڕستەکە دادەنرێت و نە بەجێناوی لکاویشی دەزانن.

کاتێک ڕستەی ناوی (الجملة الاسمية)، کە لە (مبتدأ وخبر) پێکدێت. لە زمانی عەرەبییەوە وەردەگێڕینە سەر زمانی کوردی ئەوە بەرانبەر بە زاراوەی (مبتدأ و خەبەر)ەکە لەزمانی کوردیدا زاراوەی (نیهادو گوزارە)ی بۆ بەکاردەهێنرێت و تا ئێرە هیچ گرفتێک دروست نابێت، بەڵام ئەوەی پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکەین ئەوەیە کە دەرکەوتنی ئەو مۆرفیێمی (ە)یە، لە کۆتایی ڕستەکەدا، لە وەرگێڕانی ڕستەی ناویدا، بۆ سەر زمانی کوردی دەردەکەوێت.

هەرچی دیتنی ئەم کۆمەڵەیە. بۆ ئەو مۆرفیێمی(ە)یە، کە لە کۆتایی ڕستەکەدا دەردەکەوێت، ئەوە بەدیاردەیەکی زۆر ئاسایی دادەنێن و بە یەکێک لەتایبەتمەندییەکانی زمانی کوردی دەزانن. کە لەکاتی وەرگێڕانی ڕستەی ناوی لە زمانی عەرەبییەوە بۆ سەر زمانی کوردی دەردەکەوێت. ئاماژەش بەوە دەکەن، کە ئەو مۆرفیێمە واتە ئەم (ە)یە، لە کۆتایی ڕستەکاندا. بە ئامرازی پەیوەست (اداة ربط)ی دادەنێن، کە ئەمەش ئەرکی سەرەکی بەستنەوەی واتایی (نیهادو گوزارە)کەیە پێکەوە، کە بەبێ ئەو ئامرازە واتای ڕستەکە تەواو نابێت.(٦)

ئێستا ڕستەیەکی ناوی لە زمانی عەرەبییەوە وەردەگێڕینە سەر زمانی کوردی و زۆر بەجوانی ئەم بۆچوونەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ڕستەکە پێکدێت لە:

بۆ نموونە: محمد مهذب (الجملة الاسمية)

محەمەد ژیرە (ڕستەی ناوی)

ئەوەی تێبینی دەکرێت لە وەرگێڕانی ئەم ڕستەیەدا، بۆ سەر زمانی کوردی ئەوەیە دەرکەوتنی ئەم مۆرفیێمی(ە)یە، لە کۆتایی ڕستەکەوە، ئەگەر ئەو مۆرفیمە نەبێت، هەرگیز ڕستەکە واتای تەواو بەدەستەوە نادات، ئەمەش ناساندن و ناوهێنانی ئەو مۆرفیێمە، بە (ئامرازی پەیوەست) بۆ تەواوکردنی واتای ڕستەکە، تاڕادەیەک جێگەی سەرنجەو دڵنیامان دەکاتەوە کە ڕستەکە بەبێ ئەو ئامرازە واتاکەی تەواو نابێت.

هەبوونی ئەم هەموو ڕاو بۆچوونانە لەسەر دەرکەوتنی ئەو مۆرفیێمی(ە)یە، کە لە کۆتایی ڕستەکاندا دەبینرێت و

بوونێکی فیزیکی هەیە. دەبێتە گرفت لەبەردەم وەرگێڕو زمانناسانی کورددا، ئاخۆ چ ناوێک لەو مۆرفێمە بنێن، کە لە ڕستە وەرگێڕراوەکەدا دەردەکەوێت. یان ڕستەکە چۆن بناسێنن. ڕستەی کرداری، یان ڕستەی ناوی.

هەرچۆنێک بێت ئاشکرایە، کە نیهادو گوزارە بە تەنێ ڕستەیەک پێک ناهێنن، بەڵکو هەردەبێت، لەگەڵ ئەم دوو بەشەی ڕستەکەدا، کەرەستەیەکی دیکە هەبێت، تا ئەو دوو بەشەی ڕستەکە، لەڕووی واتاوە پێکیان ببەستێتەوە و واتای ڕستەکەش تەواو بکات.

سەرئەنجام لە زمانی کوردیدا، بەرانبەر بە زاراوەی (مبتدأ وخبر)ی زمانی عەرەبی زاراوەی (نیهادو گوزارە)ی بەرانبەر بەکاردەهێنرێت، بەڵام لەزمانی کوردیدا پێویستە، لەگەڵ نیهادو گوزارەکەدا، کەرەستەیەکی دیکە هەبێت، بۆ تەواوکردنی واتای ڕستەکە، کە ئەو کەرەستەش، دەکرێت لەشێوەی مۆرفێمی کاتی ڕستەدا دەرکەوێت بۆ دەمی ئێستا: بۆ نموونە:

فێرخوازەکە زیرەکە. (ە) بۆ دەمی ئێستا

یان لەشێوەی جێناوێکی لکاودا خۆی بنوێنێت: بۆ نموونە:

ئەو کوردە. (ە) جێناوی لکاو

یان وەک (ئامرازێکی پەیوەست) بێت، کە هەردوو بەشی نیهادو گوزارەکە پێکەوە ببەستێتەوە و واتای ڕستەکە تەواو بکات.

بۆ نموونە: ژیان تێکۆشانە. (ە) ئامرازی پەیوەست

**سەرچاوەکان:**

**(١) د. نەسرین فەخری، ڕستەو چەمکی ڕستە بەگشتی و تایبەتمەندییەکانی لە زمانی کوردیدا، ٢٠٠٢، بەغدا.**

**(٢) محەمەد ئەمین هەورامانی، سەرەتایێک لە فیلۆلۆژیی زمانی کوردی، ١٩٧٣، بەغدا.**

**(٣) د. عەلی ڕوخزادی، ڕێزمانی کوردی سۆرانی، ٢٠١١، بلاوکردنەوەی کوردستان.**

**(٤) سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، زمانەوانی، بەرگەکانی(٣، ٢، ١)، ٢٠٠٩، هەولێر.**

**(٥) د. ڕەفیق شوانی، زمانەوانی، ٢٠٠٩، دەزگای موکریان.**

**(٦) د. کامیل بصیر، بەراوردێک لە نێوان زمانی کوردی و زمانی عەرەبیدا، چ ٢، ٢٠١٣، هەولێر.**

# بارگە سیمانتیکییەکانی ڕەنگ لەنێو کەڤاڵی (ئازادی ژن)ی هونەرمەند (حەمەجەزا فەریق)دا

**د. جەزا بەکر**
**لە عەرەبییەوە: وەهبی ڕەسووڵ**
**(سلێمانی)**

**چاوپێداخشاندن**

ئەم کارە هونەرییە لەسەر دوو دەستنیشانکراو بنیاد نراوە: ژنێکی دانیشتوو بەشێوەیەکی هەژموونگەرا لە بەشی پێشەوەی ڕووکەشە نیگارکێشراوەکەدا و لە چوارچێوەی ڕێبازێکی کیوبیزمیانەدا جێبەجێ کراوە و ژنێکی تر لە باکگراوندی کارەکەدا وەستاوە، ئەمە لەتەک دەرکەوتنی دەموچاوی ژنێکی دوور لە ڕووی کارەکەدا، کە هونەرمەند/نێرەر بە ستایلێکی ڕیالیستییانە نیگاری کێشاوە و سەرجەمی تابلۆکە لەسەر ڕوویەک کێشراوە کە خاوەن لێکدژییەکی ڕەنگییە لە (ڕەنگی سارد و ڕەنگی گەرم) و پلەکانیان، فۆرمەکانیش لە کارەکەدا لەمیانی ڕەنگی(سوور و زەرد و شین و سەوز و سپی)یەوە دیاری کراوە. سەرجەمی تابلۆکە لەسەر لێک جیایی نێوان (سێبەر و ڕووناکی) پێگەی وەرگرتووە، بەشێوەیەک کە ڕووناکی لەسەر یەکەی ژنە دانیشتووەکەی پێشی کارەکە بڵاوبووەتەوە، ئەمە لە کاتێکدا سێبەری ئافرەتە دانیشتووەکەی بەشی پشتەوەی کارەکەی داپۆشیوە، لەمەشەوە دەگەینە ئەوەی:

سوور + زەرد + پرتەقاڵی = ڕووناکی ـــــ ئامادەیی
شین + سپی = سێبەر ـــــ نائامادەیی/بزری

بەمەش ئەم بەدیهاتووە هونەرییە وەک بنیادێکی نیشانەیی دیمەنێکی ئاوێتە پێکدەهێنێت لەنێوان دوو شێوازی کارکردنی جیاوازدا (کیوبیزمی / واقیعی) بە شێوەیەک کە کارەکە بەسەر دوو نیشانەی ڕەنگیی جیاوازدا دابەش دەبێت:

١-ڕێکخستنێکی ڕەنگیی کیوبیستی نیشانەی ئاماژەیی تێپەڕاندن لە(مانا)ی ژنێکی ئاسایی.

٢-ڕێکخستنێکی ڕەنگیی واقیعی نیشانەیەکی ئایکۆنی ڕەمەک/غەریزە، مانای ژنێکی ئاسایی.

## دەستنیشانکردنی سیما

ژنە دانیشتووەکەی بەشی پێشەوە لەسەر شێوازێکی (کیوبیزمی شیکاری) بنیادنراوە، هەرچۆن یەکەی هەژموونگەرا لە کارەکەدا دەنوێنێ و هەڵگری چەند سروشی ڕەنگی خاوەن دەلالەتی هزرییە لە بنیادی نمایشەکەدا، چون هەندێک ڕووکەشی کریستاڵی ئاوێتەبوو و وەرگێراو لە ڕەنگە سارد و گەرمە بریقەدارەکان دەنوێنێت، لە ڕوخساریدا سێبەرێکی تەنک لە ڕەنگی سەوز دەردەکەوێت، ئەمە وێڕای زانینمان بۆ ئەوەی کە کۆبنیادی کیوبیزمی شیکاریی لە گوتاری هونەرییانەی خۆیدا، لە سەرنجڕاکێشانە ڕەنگییەکان دوور کەوتووەتەوە، بە ئامانجی جەختکردنەوە لە دەلالەت و ڕێکخستنەوە شێوەگەراکان، وەک بەهاگەلێکی بنیادی، لەم پێناوەشدا بەجارێک قوربانی بە ڕەنگە ئیمپرێشنیست و ئێکسپرێشنیزمیەکان (تەعبیرییەکان) دا و خۆی لە چەند ڕەنگێکی دیاریکراودا قەتیس کرد (وەک زەیتوونی و سووری جەرگی و قاوەیی و خۆڵەمێشی) بەڵام ڕێکخستنەوە و ڕیزبەندی ڕەنگیی جەستەی ژنە دانیشتووەکە هەژموونگەرایە و دوورکەوتنەوەیەکی لە بنەماکانی شێوازی کیۆپیزمی تێدایە لە چارەسەرکردنەکەیدا، ئەم ژنە لێرەدا وەک فۆرم دەقئاوێزانە لەتەک ڕەنگە فوفیزمەکاندا و لەتەک هەندێک چارەسەری تەکنیکیانە لە ڕوخسار و ڕەنگی سپەیسی پشتینەکەی وەک زەمینەیەک بۆ فۆرمەکان، بەڵام ڕیزبەندیی ڕەنگیی ژنە دانیشتووەکە درێژبوونەوەیەکی هەرچی زیاتر ئەقڵانییە لە میانی دیزاینێکی دەوڵەمەندی کۆمپۆزشنەوە، کە وتاری پەخش کراو لە هەوڵی جیاکاری کردنە بەخۆیەوە لە ڕێی نواندنی بە چەند پێوەندییەکی بنیادی لەسەر تەرزێکی چڕکراوە لەپێناو دەرخستنی پێوەندییە شێوەیی و ڕەنگییەکان، کە جۆرێکە لە گوزارشتکردن لە ڕوئیایەکی پێشنیارکراوی خودیی وا، کە لەڕێی چڕکردنەوەی (مانا) پەخشکراوەکەوە خۆی دەسەپێنێت، ئەمەش لەمیانی فۆرم و گۆڕانکاری تێکردنەوە دەکات، بەپێی بنیادێک کە پێوەندییە بنیادییەکان دەکاتە سەنتەرێک لە بووندا.

هەر لێرەوە هونەرمەند وەک نێرەرێک، شێوازێکی بەکارهێناوە کە لێکدانێک دەکات لەنێوان (دڵنیایی) و لەهەمان کاتدا ئازادبوون لێی، لەڕێی گەیشتنی بە ئەبستراکت. لەمەوە ئەو بەرەنجامە بەدی دێنین، کارە هونەرییەکە وەک پەخشکراوێک مامەڵەی لەمیانی فۆرم و ڕەنگە خودییە خاوەن سیما بنیادییە نموونەییەکانەوە، لەتەک بابەتی (ژن)دا کردووە، بەمەش لە هەوڵی ئەوەدایە کە لە (مانا) ڕێساییە ئاساییەکەی ژن تێپەڕێنێت، بە دەرخستنی جوانییەک لە فۆرم و ڕەنگی گوزارشتگەرا لە گوتاری جەستەی مێینەیەتی. ژنە وەستاوەکەی لەسەر سستمێکی لێکچوون (نیشانەیەکی ئایکۆنی) بنیادناوە، کە تایبەتمەندێتی دیاریکراوی شێوەی مێینەی تێدا، لەڕێی ڕەنگی شینێکی تاریکەوە دەرخستووە، هاوکات باکگراوندەکەی بە ڕەنگێکی قاوەیی تێر نەخشاندووە. نیگاری ڕوخساری ژنەکەی لە بەشی لای سەرووی کارەکە و لە گۆشەی لای ڕاستەوە کێشاوە بە ڕەنگێکی قاوەیی تاریک لەتەک دانانی ڕەنگی پەمەیی لەسەر ڕوومەت و لێوی، لێرەوە جەستەی ژنە دانیشتووەکەی پێشەوە، بە ڕەنگە تۆخە بەهێزەکانی وەک نیشانەیەکی بە هەژموون دێتە ناوەوە، کە هەر لە پارچە پلێتە ڕەنگیی ئاوێتە و لەپاڵ یەکدابوو دەچێت لە پێوەندییەکی بینەیی لێکدژدا، لەتەک ئەو باکگراوندە شینەی ژنە وەستاوەکەی دواوەی ڕووکەشی کارە هونەریەکەی تێدا بەدەردەکەوێت.



حەمەجەزا فەریق

## شیکاری نیشانەیی

ئەم کارە هونەرییە وەک پەخشکراوێک پراکتیزەی هەڵوەشاندنەوەیەکی ئەدائییانە دەکات بۆ بنیادی داڵە فۆرمییەکان، ئەویش لە میانی کۆبنیادێکی ڕیزبەندی

ڕەنگیی کیوبیزمانەوە، کە هەڵگری واتایەکی دینامیکیانەی بلوورییە، لە ساکاری و چڕکردنەوەیەکی وەهادا، کە جۆرێک لە ڕوئیای شیکاری مۆدێرنەیی بۆ بنیادی بەخششێکی هەستییانە بگرێتە خۆی، چ وەک فۆرم و چ وەک ڕەنگ. کیوبیستەکان گەیشتنە ئەوەی کە ڕاستیی دەلالەتی ڕەنگ تیشکییانە نییە وەک ئیمپرێشنیستەکان جیاکارییان بۆ ئەنجام دەدا و لێی تێگەیشتبوون، هەر چۆن فوفیزمەکانیش وەک ڕەنگی تیژ و بەهێز گێڕانەوەیان بۆ دەکرد، بەڵام لای کیوبیستەکان بنیادێکی ئاوێتەیی و بنیادی بیناسازییانەیە کە لەسەر کۆدی ئیستێتیکی دینامی دامەزراوە.

بەمەش هونەرمەند/نێرەر لە بنیادی تابلۆکەیدا پشتبەست بووە بە شیکاری ئاماژە فۆرمییەکان و ئاوێتەکردنەوەیان لەسەر شەقڵی چەند ڕووکەشێکی ڕەنگی بە دیمەنە بلوورینەکانیانەوە، هاوکات پشتبەستیش بووە بە ڕێکخستنەوەیەک لە پلێتە ڕەنگییە سێ ڕەهەندییەکانی، کە خۆ لە چەمکێکی پەیکەرسازییانە نزیک دەکەنەوە. بنیادی فۆرم پڕ بارگەیە بە گەیشتنی بە لادەریەکی نامۆگەرا، کە بەرەنجامی شیکاری و هەڵوەشاندنەوەیەکە لە پێوەندییەکانی ڕووکەشی نیگارکێشاندا، وەک پێوەندی بارستە ئەندازەییەکان لەتەک پانتاییە ڕەنگی و سپەیسە کەڵەکەبووە ئاوێتەکاندا، لە میانی وتەزای مۆدێرنەوە، هونەرمەند(بە گێڕانی ئەم پرۆسێسە) جۆرێک لە ڕیزبەندی ڕەنگیی کیوبیزمانەی پراکتیزە کردووە، کە هێزێکی نامۆگەرای تەعبیری خاوەن ناوەرۆکێکی مرۆڤایەتی لەخۆدەگرێ، بەو سادەکردنەوە و چڕکردنەوەیەی لە فۆرمدا کردوویەتی، بۆ ئەم مەبەستەش پشتبەست بووە بە شێوازێک لە مامەڵە لەتەک ژێدەری واقیعیانەدا بەبێ بەکارهێنانی ئەو یەکانەی لە بینینێکی ڕاستەوخۆوە وەردەگیرێن. هەر بۆیە فۆرم لای ئەو "هەڵگری تایبەتمەندی گەلێکە کە هاوتا و لێکچووە بە تایبەتمەندی ڕەنگ، دەردەکەوێت و کز دەبێت، زۆردەبێت و دیار نامێنێت، فۆرمێکی هێلکەیی ڕەنگە بگۆڕێت بۆ بازنەیی تەنیا لەبەر چوونە نێوەوەی بۆ ناو کایەی ئەو فۆرمانەی هەمە گۆشە و باسکن، یان ڕەنگە فۆرمێک لەیەکێکی تر زیاتر دەرکەوێت تا مۆرکی هەموو تابلۆکە بە مۆرکی تایبەتی خۆی بنەخشێنێت."(١)

هەر لێرەوە هونەرمەند وەک پەخشکەرێکی دەقە هونەرییەکەی، ڕیزبەندیی هەڵبژاردنی خۆی بۆ ڕەنگ، لە




میانی میکانیزمی کاراکردنی لێکترازانە پلەییەکانیەوە دیاری کردووە، بەڵام بە ئەبستراکت پشتگیری لە خستنە سەری بۆ دەلالەتی ڕەنگ لەنێو ئەم کۆبنیادە ئیستێتیکییەدا بەدی هێناوە، لەڕێی تێکشکاندنی بنیادی ڕووکەشیانەی جەستەی فۆرمی ژنەکە وەک (دال)ێکی ڕەنگی بە ناردنەوەی بۆ چەندان ڕووی ئەندازەیی ڕەنگینی بەیەکداچوو و درێژبووەوە لە سپەیسێکدا، بەشێوەیەک کە پێوەندییەکی لێک پچڕانی تەواوەتی دامەزراندووە لەتەک فۆرمی ژنەکەدا، کە لەسەر لێکچوون (ئایکۆنی) دەستنیشانکراو و دامەزراوە، بەو وێنە مەئلوفەی کە هەیەتی لە بەشی پشتەوەی تابلۆکەدا. بەمەش قووڵیی کارەکەی بە شێوەیەکی جیاواز چارەسەر کردووە، پشتبەست بە جۆرێک لە چاوخەڵەتاندن بە سستمێک لە سێبەر و ڕووناکی، کە تێیدا ڕەنگە گەرمەکانی پێش ڕەنگە ساردەکان خستووە، و فۆرمی ئەو ژنەی کە بەشێوازێکی ڕیزبەندی ڕەنگی کیوبیزمیانە نەخشێنراوە، پێش ئەو ژنە کەوتووە کە بەشێوە ئایکۆنییە مەئلوفەکەی خراوەتەڕوو. پشت بەستنی هونەرمەند بە شێوازی لێکدانی (ئایکۆنی/ئەبستراکت)، وای کردووە ئەم شێوازە دووانەییە ببێتە کۆدێکی هەژمونگەرا لە سەرجەمی بنیادی تابلۆکەیدا، کە وەک وتارێکی هونەریی یارمەتیدەرە لە کاراکردنی بنیادی قووڵی ڕێکخستنەوەیەکی بینەییانە بۆ کۆمپۆزشن و هەڵوەشاندنەوەی سیستمی شێوەیی و سەرلەنوێ داڕشتنەوەی بەپێی تێپەڕاندنی مۆرکە ئایکۆنییەکەی بۆ

مۆرکە ئەبستراکتییەکەی. خواستی بنیادی ڕەنگکاریی لە دیاریکردنیدا بۆ شتەکان پشتبەستە بە وەرگرتنەوەی بەرەنجامێک لە بنیادێکی ئیستێتیکی کە گرنگی نابەخشێت بەو کێشانەی خاوەن واتایەکی ئاسایی و ڕێسایین.

بەمەش تابلۆ بریتی دەبێت لە ڕووکەشێک خاوەن بنیادێکی دامەزراو بە هێزێکی زرنگی نامۆگەرای زەین ڕوونی کارامە. ئەوەش لە پێناو دروستکردنی شڵەژاندنێک لە پەی بردنی هەستییانەماندا، گوتاری هونەرییانەی ئەو دوولایەنانە ئامادە دەبێت لەنێوان (دەستنیشانکراوی و دەستنیشاننەکراویدا)، کە ئەم دووانەییە (شڵەژانە لە بینیندا) لە ڕوئیادا بە هەموو پێوەندییەکانییەوە وەردەچەرخێت بۆ ڕووکەشێکی ڕەنگینی شڵەژاوی وەها کە چاومان وەڵامدانەوەیەکی دەبێت بۆ پێچەوانەبوونەوە خودییەکانی. پێوەندی نێوان ڕەنگکردنێکی ئایکۆنی و کیوبیزمی پەتیانە، بۆ خۆی لەسەر پێوەندییەکی دوولایەنەی نێوان (ژێدەر/خود) دادەمەزرێت، کە لە شوێن پوختەکردنەوەی دەلالەتێکی ڕەنگی تەبایی لەنێوان (نەرێتی/ئەرێتی)، (ئامادەیی/نائامادەیی) دەگەڕێت.

مۆرکی ئەبستراکتی = گەرم
= ئەرێتی
= ئامادەیی
مۆرکی ئایکۆنی = سارد
= نەرێتی
= نائامادەیی/بزری

تا ئاماژە فۆرمیەکانی، دەبنە چاوگێک بۆ کرانەوەیەکی بینەیی ڕەنگی لە ڕاڤەکاری دەلالەتەکانیدا:



ئەم وەڵامدانەوە خودییانەیە، بزوێنەری سەرەکییە لە شڵەژاندنە بینەییەکانماندا لەسەر ڕووکەشی نیگارەکە، لەنێوان (ئایکۆنی/ئەبستراکت)، (گەرم/سارد)، ئاماژەکانی بنیادی ڕووکەشی کارەکە، هەڵگری چەندان کۆدن کە پەرچەوەڵامێکی هۆکاری دەرەکین و پێشنیاری ڕێکخستنێکی نوێ دەکەن لە ڕوئیای هونەری و ئیستێتیکیانەدا، بەمەش ئاماژەکان (جەستەی ژنەکە) هەر لە ئایکۆنی بوونییەوە تا ئاوێتە خاوەن مۆرکە کریستاڵییەکەی، یان ڕووەو زۆرێک لە فۆرمگەرایی بەبێ فەرامۆشکردنێکی هەمەکیانەی (ژێدەری بینراو)، بەمەش بە کۆدکردن لە ڕووکەشی نیگارکێشانەکەدا بە دەلالەتی نوێ دەکرێتەوە، هەر بۆیە هونەرمەند/ نێرەر بەمەبەست هەستاوە بە پارچەکردن و لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەی ڕاستییەکی دیاریکراو، تا هێزی شڵەژاندن لە هەستکردنی خۆیدا بالاتر بکات، لەبری ئەوەی گوێڕایەڵی ئەوە بێت کە (ژێدەری بینراو) بەسەریدا دەیسەپێنێت و هیچی تر.

کەواتە دەتوانین بڵێین هونەرمەند پشتبەست بووە بە گۆڕانکاری لە فۆرم و وەرچەرخاندنی لەپێناو گەیشتن بە حەقیقەتێکی ئایدیالی، هەر ئەمەشە وای کردووە هونەرمەند خودی خۆی ئازاد بکات لە مامەڵەکردنیدا لەتەک بەخششە هەستی و ئەقڵییەکاندا، هەرچۆن لەبەر ئەوەی پێگەی جوانی و دواتر بەرهەمە هونەرییەکەی، بەرەنجامی بینین و ڕوانگەیەکی زرنگانەی ئەقڵ و توانای ئەندێشەیە. هونەرمەند لە تایبەتمەندێتییەکانی پێوەندی شوێنکاتی و سپەیسی هەستییانە خۆی بەدوور گرتووە، تا هەرچی زیاتر خۆی لە جووڵە لەپاڵ گەشێتی زیاتری ڕەنگدا نزیک بکاتەوە، کە لەجێی نیشانەیەکی هەژمونگەرایە لەسەر ڕووکەشی نیگارکێشانی تابلۆکە، ئەمەش لەبەردەم گەمەی ڕاڤەکارییانەی بینەردا، دەرفەتی زیاتر ئاوەڵا و فراوان دەکات.

**پەراوێز:**

**(١) سیرولا، موریس: الفن التكعيبي، ت: هادي الطائي، بغداد: دار المأمون، ١٩٩٠، ص١٧.**

**تێبینی:**

**ناونیشانی تابلۆ: ئازادی ژن / freiheit für frauen**
**ساڵی بەدیهێنان: ١٩٩٦**
**مادەی بەکارهاتوو: ڕەنگی زەیتی لەسەر لاینۆ**
**پێوانە: (١٠٤ -١٠٩)سم**

# شانۆی مۆدێرنی ئەمەریکا و کارتێکەریی یۆجین ئۆنیل

**لە فارسییەوە: بابەک سەحرانەوەرد**
**(تاران)**

زۆرن ئەو ڕەخنەکارانەی (یوجین ئۆنیل) بە یەکێک لە گەورەترین شانۆنووسانی جیهان پێناسە دەکەن و ئەم کەڵەنووسەرە دەخەنە ڕیزی شانۆنووسە ناوازەکانی جیهان وەک (شەکسپیر)، (ئیبسن) و (جۆرج بێرناردشۆ). هەڵبەت ئەم نووسەرە میناکی هەر نووسەرێکی دی، دەقەکانی بە تەواوەتی لەهەلومەرجێکی بێ سنووردا نەخولْقاون و هەندێک کەموکوڕیان تێدایە کەدیارە ڕەچاونەکراون. بۆ وێنە هەندێک لە بەرهەمە بەراییەکانی ئۆنیل بەجۆرێک لەجۆران لە نەبوونی ئەکسپرسیونی شاعیرانە، یان (دەربڕینی هەستیارانە) زیانی بینیوە و ئەم جەوهەرە ئەسڵە وەک خاڵێکی سەرەکی و گرینگ لە تێکستە بەراییەکانی ئۆنیل دابڕن نەبووە و بەرهەمە سەرەتایی و ئەزموونگەرییەکانی، تاڕادەیەک بایەخێکی ئەوتۆ و بەرزی هونەریی تێدا دەرنەکەوتووە، بەڵام بەردەوام جەوهەرێکی کاریگەر لە بەرهەمەکانی بەرجەستە بوونەتەوە کە ئەم دانست و تایبەتییە دیاریکراوە تەنانەت لە ئیشە سست و لاوازەکانیشی هاتۆتە گۆڕێ. بەشێک لەبلیمەتی ئەم نووسەرە بەو هۆکارە پشتی ئەستوورە کەبەئازایەتییەکی زۆرەوە شانۆی دابونەریت و پەیمانی ئەمەریکا وەلاوەخست و بۆ هەمیشە ڕەتی کردەوە. لە پێش ئۆنیل شانۆی ئەمریکا، شانۆیەکی پاک و خاوێن و بە گوتەی حەشامات، تەندروست بووە، بەڵام ئۆنیل بۆ یەکەم جار شانۆی خستە نێو خانەی ژیانی هەر ڕۆژەیی و ئاوێتەکارییەکی ئەوتۆ و ڕەسەنی لێ سازاندووە و بە یەکەمین شانۆنووسی وڵاتەکەی هاتۆتەژمار کە ئەم باسە گرینگەی خستۆتەگەڕ. دەقە شانۆییەکانی ئۆنیل سەرەکیترین و دژوار و گرژترین مەسەلەگەلی مرۆڤی هاوچەرخ دەخاتە ئارا و تیشکی

خستۆتە سەر قووڵترین باسە دڵتەزێنەکانی ژیانی مرۆڤایەتی و لەولایشەوە ڕەخنەی بەرفراوانی بە خۆیەوە بینیوە و ڕاڤەی فرەزۆری بۆ تەرخان کراوە. ئەم نووسەرە چ کاتێک لاسایییکەرەوە نەبووە و بە هیچ لەونێک نەیتوانیوە خۆی لە جەماوەری عەوام نزیک بخاتەوە و لەولاوە تەختەی شانۆ دوا ئۆنیل تووشی گەلێک باس و سەرنج و گۆڕانکاری بوو کە پێش ئەو لەم بوارەدا هەر بوونی نەبووە و ئاوڕیان لێ نەدابووەوە.

یۆجین ئۆنیل لەمەڕ ئەرکی شانۆنووسیی هاوچەرخ گوتەنی:

(شانۆنووسی هاوچەرخ دەبێ ڕیشە و ڕەگەزە نەخۆش و کارەساتەکانی چاخی خۆی بەو لەونە کە بەگیان و ڕوحییەوە هەست دەکا و دەچێژێت، بۆ ئێمەی خوێنەر و بەردەنگ بە ئازایەتی نیشانی بدات و بەرجەستەی بکاتەوە. باسگەلێک وەک مەرگی خودای کۆنینە و دەسەوەسانی زانست و ماتریالیزم لە بەخشینی مانایەک بەهۆی دڵکراوەیی و ڕازیبوون لە پێناو ژیان.)

جیهان بینییەکی وەها لەم چەشنە، بوونەتە بنەما و بنچینەی بەرهەمێن ئۆنیل و ئەم ڕوانگە سەرەکییە ئەگەرچی لەلایەکەوە سستی و کزیشی پێوەیە، بەڵام لە هەناویشیدا تیشکی خستۆتە سەر هونەرەکەی و هێز و توانایەکی بایەخداری پێ بەخشیوە.

یۆجین گلادێستۆن ئۆنیل لە ساڵی ١٨٨٨ لە ژووری میوانخانەیەک لە شارە قەرەباڵغەکەی نیویۆرک لەدایک بووە. باوکی یۆجین بە ناوی (جەیمز ئۆنیل) ئەکتەری شانۆ و پیاوێکی بەردڵان و خۆشەویستی ژنان بوو کە دائیمە لە سەفەر کردن بۆ ئەم شار و ئەو شار بووە و لە شانۆیەک کە لە ڕۆمانی (ئەلکساندەر دۆما) ڕێک خرابوو، ڕۆڵی (کۆنت مۆنت کریستۆ)ی دەگێڕا. دایکی یۆجین بە ناوی (ئێلا) کە یۆجین بە شەیداییەکی فرەزۆرەوە خۆشی دەویست، ژنێکی هەرە جوان و ناسک بوو، بەڵام بەتەواوەتی خۆی گیرۆدەی حەب و دەوا کردبوو و برا گەورەکەی ئۆنیل بەناوی (جیمی)، ئەویش وەک دایکی خۆی نوقم و گیرۆدەی عارەق خواردنەوە کردبوو و هەموو ژیانە کارەساتییەکەی بەم شێوە خەفەتبارە تێدەپەڕاند.

ئەم خێزانە وەک تاپۆیەک، دڵخراپ و دڵڕەش، لە هاتوچوودا بەردەوام بوون و یۆجین هەر لە هەرەتی منداڵییەوە خۆی بە بوونەوەرێکی گەڕۆک دەزانی.ئەم گەڕیدەبییەی خێزان بەجۆرێک منداڵی و ژیان و بەرهەمەکانی (یۆجین ئۆنیل)ی لەخۆیدا گرتبوو، بووەتە سەرەکیترین ناوەڕۆکی تێکستە شانۆییەکانی ئۆنیل. شانۆی (سەیری ڕۆژی درێژ لە شەودا) کە دوای مەرگی ئۆنیل لە چاپ درا، ژیاننامەیەکی چڕوپڕی خودی ئۆنیلە و جەخت و تەلاشی ئۆنیل لەمەڕ داگیرکاری ڕوح، زۆر بە جوانی و لێهاتووییەوە بەرجەستە دەکاتەوە و تاهەنووکە گەورەترین شانۆی ئەم کەڵە نووسەرە هاتۆتە ژمار.

جارێکیان ئۆنیل بە تامەزرۆییەوە وتبووی: بەشێوەی ئاسایی، هەر منداڵێک خانوویەکی تایبەت و دیاریکراوی هەیە. من تەنیا ئەکتەرەکان و تەختەی شانۆم دەناسی. دایکم لەهۆڵی شانۆ، یان لە دیوی جل داکەندن، منی پەروەردە کردووە و گەورەی کردووم. تەنیا ماڵێک کە لەوێدا بە تامەزرۆییەوە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن ژیانی بەسەربردووە، ئەو ماڵە بوو کە لە یادەوەرییەکانی (یۆجین)دا باقی ماوەتەوە و ماڵێکی هەرە گەورە لە کەنار دەریابووە و باوکی یۆجین لە تافی منداڵیی ئەودا کڕیبووی و ئەگەرچی بنەماڵە هەر کام ژیانێکی شەخسیی و دەروونیی زۆر تاڵیان تێدا بەسەر دەبرد، بەڵام دەرەنجام لەوێدا نیشتەجێ بوون و جێگای ڕوودانی شانۆی (سەیری ڕۆژی درێژ لە شەودا)یش بووە.

یۆجین دوای تەواوبوونی لە قوتابخانە، بۆ ئەم خانووە دەچوو و کاتی پشوودانەکەی لەوێدا بەسەر دەبرد. ئەو کاتە درێژخایەنەی کە ڕوحی ئۆنیل ئاوری تێبەردەبوو، ئەو کاتە بووە کە برا گەورەکەی هەموو کات و ژیانی خۆی لە عارەق فرۆشییەکان تێدەپەڕاندو لەولاوە بە مەستی و کەلەلاییەوە بەرەو ماڵەوە دەهاتەوە و دایکیشی تەواوی ئەم دیمەنەی دەدی. دایکێک کە کڕیاری هەمیشەیی حەب و دەواکانی بوو و لە ژێر ئەشکەنجەیەکی گرانی نەفسیدا مابووەوە. لەم ماڵە بوو کە ئۆنیلی جاحێڵ، بەرە بەرە بەرهەمێن (شۆپنهاوەر) و (ئیبسن)ی دەخوێندەوە و چێژێکی فرەزۆری لێ دەبردن و لەولایشەوە زۆر بەشێنەیی بیروبڕوا ئایینی و مەسیحییەکەی کراژی دەخست.

لە شانۆی (سەیری ڕۆژی درێژ لە شەودا)، باوکی خێزان بەناوی (جەیمز تایرۆن) بە کوڕە جاحێڵەکەی (ئەدمۆند) دەڵێت: (ئەتۆ ئەم چێژە وێژەوانییەت لەکام جەهەندەم وەدەست هێناوە؟ ئەم گەندەڵیی، هیوابڕی و

ڕەشبینییەت لەکوێوە هێناوە؟) زۆر ڕوونە باوکی یۆجین قسەگەلێکی وەهای لە هەڕەتی مێردمنداڵی و جاحێڵی بە (یۆجین)ی وتبێت.

لە ساڵی ١٩٠٦ دا، یۆجین لە زانستگای پرینستۆن ناونووسی دەکات، بەڵام لەم قۆناغەدا بەزۆریی لەژێر کاریگەریی براگەورە هەمیشە مەست و کەلەلاکەی بووە. کەواتە بە خوێندنەکەی لەم زانستگایە پتر لە ساڵێک درێژە نادات. ساڵگەلی ١٩٠٧ هەتا ١٩١٦، ساڵگەلی تەئسیر وەرگرتنی یۆجین هاتۆتە ژمار. بە واتایەکی دیکە، ئەم ساڵگەلە ڕۆڵێکی دیاریکراو و گرینگیان لە ژیانی یۆنیل دانابوو و بەجۆرێک ببووە ساڵگەلی ڕەنج، شوێنگێڕی، هیوابڕی، کێشمەکێشی ڕوحی و دەروونی و لە ئەنجام ساڵگەلی گەورەبوون و کراژ خستن و پەرەسەندنی یۆجین.

هەر لە نێوان ئەم ساڵگەلە بوو کە ژنی خواست و لە کەمتر لە ساڵێک کورێکیشیان دەبێ، بەڵام دوای ماوەیەکی زۆر کورت ژنەکەی لێی جیا دەبێتەوە. لەساڵی ١٩٠٩ بە مەبەستی پەیداکردنی ئاڵتوون بۆ هێندۆراس دەچێت. دوای ئەم کارەیش بۆ دوو ساڵی ڕەبەق وەک مەلەوانێک لەسەر کەشتیی ئیش دەکات و ماوەیەکیش لەشوێنێکی ناوزڕاو و گەندەڵ لەشاری نیویۆرک ژیان بەسەر دەبا. ئەزموونگەلی ئەم تافە، واتە تێڕوانین لە شوێنە سەیروسەمەرەکان، کەسێتییە نائاساییەکان و تێڕوانینێکی بەرفراوان لە کونج و قوژبنی ژیان، بووەتە مادەی سەرەکی ٣٠ شانۆنامەی گەورە کە لە جیهاندا ناوازە بوون.

لە هاوینی ساڵی ١٩١٢دا، بۆ ماوەیەک لەخانوویەکدا بەناوی (کۆنت مۆنت کریستۆ) ژیانی بەسەر بردووە. ئەو خانووە فەزایەکی بۆ ڕەخساندووە تەژی لە کەڵکەڵە و کێشمەکێشی ڕوحی و ئەشکەنجەی دەروونی. باوکی یۆجین خۆی بە کەسپ و کارەکەی سەرقاڵ کردبوو و دایکیشی وەک جاران خۆی نوقمی حەب و دەوا کردبوو و دەکرێ ئاماژە بەمەیش بدەین کە ئەم قۆناغە، قۆناغێکی تەنگژاوی لە ژیانی شەخسیی دایکی یۆجین هاتۆتەژمار. براکەی (جیمی) درێژخایەنتر لە هەر زەمەن و کاتێکی تر خۆی لە عارەق خواردنەوە نوقم کردبوو و تەنیا یۆجین بوو کە خۆی لە قووڵایی دەق و کتێبە ئەدەبییەکانیدا حەشاردابوو هەتا زۆر هەست بە ئەشکەنجەی دەروونی

نەکات و زۆر شتیشی لەبیر بچێتەوە. هەر لەم ساڵگەلەیەی کە یۆجین هەست بە نەخۆشی سیل دەکات، بەو جۆرە کە لە تەمەنی ٢٤ ساڵیدا بەناچاری دەینێرن بۆ ئاسایشتگەیەک کە بۆ ئەو کەشوهەوایەکی باشی هەبووە و لەوێدا دەست دەکا بە لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی ژیان لە هەموو بابەتەکانییەوە. بۆ ماوەیەکی کورت لەم ئاسایشتگایە دەمێنێتەوە، بەڵام چارەنووسی یۆجین لەوەدایە کە تا دوایین هەناسە بنووسێت، چونکە لەوێیە کە دەتوانێت شانۆنووسی گەورە (سترینبێرگ) بدۆزێتەوە و ئاوڕ لە بەرهەمەکانی ئەم هونەرمەندە مەزنە بداتەوە.

ئۆنیل دواتر لە یادەوەرییەکانی ئاماژەیشی بەمە کردووە کە لەم ئاسایشتگایە چەند شاکاری دیکەیشی وەک بەرهەمەکانی (نیتشە و شاعیرە کلاسیکەکانی یۆنانی خوێندۆتەوە و هەر لەوێدا بڕیاری داوە کە ببێ بە نووسەر و خۆی سەرقاڵی نووسین بکات و ببێتە بێژەری ڕاستەقینە و حەقیقی مرۆڤ و بارودۆخە تاڵ و ناحەزەکانی بێژەرێک کە لە گۆڕەپانی جیهانی واقیعدا بەتەواوەتی هەستی پێ کردووە.

لە نێوان ساڵگەلی ١٩١٢ و ١٩١٣ دوو شانۆی درێژ و یازدە شانۆی یەک پەردەیی نووسیوە. لە ١٩١٤ دا، باوکی ئۆنیل پارەی چاپکردنی پێنج شانۆنامەی ئەوی لە ئەستۆگرتووە. بەو هیوایەی کە بتوانێت یۆجین لە چارەنووسە ڕەش و نەحسەکەی براگەورەکەی دەربازبکات و ژیانێکی جددی و تەندروستانەی بۆ کوڕە نووسەرەکەی دابین بکات. بەم هۆیە یۆجین هان دەدات کە لە دەرسگوتارە ئەدەبییەکانی مامۆستا (جۆرج پییێرس بیکەر) کە زانسگای هارڤارد ڕێکی خستبوو، بەشداری بکات. ئاماژە بەم خاڵە گرینگە کە لە ڕاستیدا یۆجین چەندە توانیویەتی لەم دەرسگوتارانە کەڵک وەرگرێت، چونکە یۆجین ڕوانگە بازرگانییەکەی (بیکەر)ی بەنیسبەت شانۆوە زۆر بە گاڵتە گرتبوو و جیاوازییەکی هێندەی لەنێوان هەڵوێستە بەڕواڵەت هونەرییەکەی بیکەر و کارە شانۆییەکانی باوکی کە بە دیدێکی ئاسایی لەژیانی دەڕوانی، بەدی نەدەکرد، بەڵام مەسەلەی تەکنیک لەشانۆدا ئا لەم مامۆستایە فێر بوو و لە هەندێک لەشانۆنامەکانی بە لێهاتوویی بەکاریشی هێناوە. بەر لەم مەسەلە، ئەو فەزا ناخۆش و ڕەسمییەی کە بەسەر زانستگای (هارڤارد)دا زاڵ ببوو، بووە هۆی

ئەوەی کـــە شـــەوق و زەوقـی یۆجین بەلای نووســـینـی شانۆنامەکانی زۆر بکات و پەرە بسێنێ و لە ئەندێشە و زەینیدا جێگیر بێت. کاتێک (هارڤارد)ی جێ هێشت، گفتی دا شانۆنامەیەک بنووسێت کە نە تەنیا ئاڵۆزاوی و ساختەیی نەبێت، بەڵکو شان لەشانی ژیانی ڕاستەقینە بدات. واتە ژیانێکی زۆر حەقیقی کە هەمیشە بووەتە جومگە و نقیشکی بەرهەمێن ئۆنیل.

یۆجین زۆر بەهیوا بوو کەڕاستی و واقیع و حەقیقەت بەهەموو لایەن و کونج و قوژبنیەوە بخاتە سەر تەختەی شانۆ، بەڵام لە ئەنجامدا بە کارێکی زۆر ناماقووڵانە باوکی لەخۆی نائومێد و دڵسارد کرد. واتە دەستی کرد بەعارەق خواردنەوە و ژیانێکی پڕ لە بێ هیوایی لەگەڵ کەسانێک گرتەبەر کە وەک خۆی لە بێ هیواییدا نغرۆ مابوونەوە.

بەو جۆرە کە نیشان درا، ئەنجامی یۆجین، هەر وەک براکەی لێ دەهات، بەڵام ئەو شوێنە سامناک و ترسێنەرە و ئەو هاوڕێ نالەبارانە، هەر ئەو شـــتـــەی بە ئۆجین دەبەخشی کە لەو تافەدا بەتەواوی هەستی پێ دەکرد. لە بەهاری ســاڵی ١٩١٦ دا، لەگــەڵ چەند نووســـەر و هونەرمـــەندێکی نائاســـایی ئەو ســـەردەمـــە بۆ (ماساچووستێس) ڕۆیشتن. ئەو شوێنە، لەواقیعدا گوندێک بووە کەلەلایەن هەندێک نووسەر و نیگارڤانی نیـویۆرکی پێشکەوتووخواز هەڵبـژاردرابوو. هەر زوو گرووپێکی شۆڕشگێڕانە لەم شوێنە ڕێکخرا و هەوەڵین تێکستە شانۆییەکانی یۆجین ئۆنیل لەم شوێنە پێگەیەی دیاری بۆ ساز بوو. ئەم گرووپە شانۆییە، ڕێبازێکی هەرە گەورە و بەرفراوانیان لەشانۆی ئەمەریکا خولّقاند. ئەم گرووپە بریتی بوون لە داهێنەرەکان، ئەکتەرەکان و ئۆنیل کــە بە چەشنێکی ســفت و ســۆڵ، خــۆیان لەهەمــوو شانۆگەرییەکانی ئەو سەردەمە دووردەخســتەوە و ڕیالیزمێکی توندو تیژیان لەشانۆی ئەمەریکا خولّقاند و خستییانە ئاراوە. لەگەڵ ئەم گرووپە بوو کە ئۆنیل توانی چەند شانۆی یەک پەردەیی بنووسێت کـە لەواقیـعدا دەسکەوتی ئاوارەبوونی ئەو لەو دوورگە سەیروسەمەرەیە بوو و وتووێـژ و دیمانە لەگـەڵ مـرۆڤـە نائاسـایی و ناوخـــراپەکـــانی بە تەواوی بۆســـازاند. لەم چەند شـانۆنامـەیەدا کـە بەناوی (قـۆناغی گـۆلن کـارێن) ناودێرکراوە، لەواقیعدا ئەمە دەریایە کـە وەک بنەماو پێکهاتەیەکی سەرەکی لەم چەند بەرهەمە خۆی بەرجەستە کـردبووەوە. دەریا لە بەرهەمـێن ئۆنیل بە گـشـتی وەک دیاردە و نیشانە و سیمبۆلی زل و زەوەندی جیهان بە کاربراوە. دەریا توخمێک هاتۆتە ئارا کە بەشێوەیەکی دەروونشیکارانە، تەنیایی مرۆڤ و دوورەپەرێزی ئەو بۆ هەسێرەیەکی نامیهرەبان بەناوی عەرز دووپات دەکاتەوە. شانۆنامەکانی ئۆنیل لە ڕوانگەی کەسێتی پەروەراندن، ڕیالیــزمی بوون و تێکۆشــانی نووســەر بۆ دۆزینەوەی زمانێکی چڕوپڕ و هەستیار و بە پێز، دیاردەیەکی ڕووەوە.

(هەتا ئەو پەری ئاسـۆ)ناوی شـانۆنامـەیەکی تری (ئۆنیل)ە کە هەڵگری خەڵاتی (پۆلیتزەر)یش بووە. ئەو شـتـەی کـە لەم کـارەدا زۆر بەرچاوە، زمـان و لەحنێکی کـارەسـاتیی و تراژیدیاییـە کــە ئەم دیاردەیە زۆربەی ناوەڕۆکی بەرهەمـەکـانی ئۆنیلی لەخـۆوە گـرتووە. ئەم شانۆیە، هەقایەتی پیرە پیاوێکە کە خوازیاری دەریایە چوونە، بەڵام بەر لە گەیشتن بەم خەونەی، حەزیش لە کچێک دەکا. دوای ژن هێنان، بەتەواوی یەخسیری ژیانی ڕۆژانەیی دەبێ و چ کاتێک بە دوایین خەونەکەی واتە (چوون دەریا) ناگـــــات و تەنانەت ژیانێکی شادمانیش تێناپەڕێنێ.دەرەنجام مەرگ دێت و تەرمەکەی بە قووڵایی دەریا دەسپێرێت، جێگایەک کە دەبا یەکەمین خەونی لەوێدا بە ئاکام بگەیشتایە.

لە شـانۆی (ئانا کـریسـتی)کە لە ١٩٢١ نووسـراوە، دەریا جارێکی دی وەک نیشانە و سیمبۆلی بەڕێوەبردنی هێـزێکی نالەبار و سـامناک دێتە گـۆڕێ. ڕاکـێشـەری دەریا، پیـاوەکـە لە تاقـە کـچـەکـەی دووردەخـاتەوە. (ئانا)دەردەکرێ وبەناچاری ڕوو دەنێتە ئیشی سۆزانی. کـاتێک حـەز لە پیـاوێکی ئێـرلەندی دەکـا، بۆ سـزای تاوانەکانی ڕابردووی دەردەکرێت کە ئەمەیش بەرهات و دەسکەوتی ناڕاستەوخۆی داوێکە کە دەریای شەیتانی بۆ ئەوی هەڵبـژاردووە. ئۆنیل دووەمین خـەڵاتی پۆلیتـزەر بەبۆنەی ئەم شانۆنامەیە وەردەگرێ. (شایانی باسە ئۆنیل بە گشتی چوار جار ئەم خەڵاتە ناوازەیەی وەرگرتووە.)

(هەوەس لە ژێر دارە ناروەنەکان) بە بەهێز و پێـزترین شـانۆنامـەی ئۆنیل ژمـێـردراوە. ئۆنیل بۆ ئەم شـانۆیە گـوندێکی (نیـوئەنگلـەند) هەڵدەبژێرێت و لەدرێژایی شـانۆدا، کـەڵکەڵە و کـێـشـمـەکـێـشی کـلاسـیک لە مۆڕاڵخوازی و دژواری ژیانی ئەو وڵاتە نیشان دەدرێ.لەم

شانۆگەرییەدا زۆر بە مامۆستاییەوە، تراژیدیای پێوەندی (ئانا) کە سێیەمین ژنی وەرزێرێکی ٧٦ساڵانەی ئینجیل پەرەستی نیوئەنگلەندییە، لەگەڵ زڕکوڕی بەناوی (بن) کە لە هاوسەری دووەمیەتی، نیشان دەدرێت. پیاوە پیرەکە، یان بڵێین مێردی ژنە گەنجەکە، بە ناوی (ئەفریم)، ژنە لاوەکەی بە هیچ جۆرێک خۆش ناوێت، واتە شتێکی بەناوی خۆشەویستی و ئەشق لە دڵیدا بە نیسبەت ئەم ژنە گەنجەی نییە. ژنە گەنجەکە کاتێک لە دەوروبەری خۆی وەخەبەر دێت کە ئەنجامی خۆشەویستییەکەی بە (بن) منداڵێکە کە لە زگیدایە، بەڵام (بن) وادەزانێت کە منداڵەکە لەو نییە و لەوبڕوایەدایە کە (ئانا) بۆ بەدەست هێنانی میراتی باوکی ئەو، ئەم داوەی بۆ ناوەتەوە و لە ئەنجامیشدا ئەم منداڵە زۆڵەی بووە، (ئانا)یش بۆ پێداگەری لەسەر عەشقی خۆی بە (بن) لە تروپکی فیداکارییەوە، دەرەنجام منداڵەکە دەکوژێ و ئاڵقە تراژیدیاییەکەی ئەم شانۆیە ئا بەم چەشنە ناخۆشە کۆتایی دێت.

ئۆنیل لەم تافەدا سەرکەوتووانە هەنگاوی ناوە و تاقمێک لەرەخنەکارانی شانۆ لەمەڕ بەرهەمێن ئۆنیل وتبوویان بەکارهێنانی بابەتگەلێک وەک مرۆکوژی، شێتی و سەرهەڵگرتن و هیوابڕی، بەرهەمگەلی (ئۆنیل)یان وەها ڕەش و تار کردووە کە بە سەختی دەکرێ تیشکێک لەم کارانە بەدی بکرێت، بەڵام زۆربەی ئەم ڕەخنەکارانە هەر ئەوانە بوون کە شانۆیان چەشنی ئامێرێک دەروانی، نەک لە ڕاستای شوناسکردنی چەمکە ناوبراوەکان، بەڵکو بە مەبەستی ڕێگە هەڵاتنێک لە تاڵی و دژواری حەقیقەت پێناسە دەکرد. ئۆنیل لە سرووشتخوازییەکی ڕەسەن خۆی دەپاراست. لەشانۆگەری (ئیمپراتۆری جۆنز)شانۆ لەمەڕ دیکتاتۆرێکی ڕاکردووی کارائیبییە. خەیاڵپەروەری و ڕیالیزم لەگەڵ یەکدا زۆر بەجوانی ئاوێتە بوون و یەکێک لە دیاردە سەرەکییەکانی ئەم شانۆیە ئەو دیمەنگەلە درێژانەن کە بێ هیچ قسە و باسێک لە شانۆکە ڕەنگی داوەتەوە و شانۆ بەرەوپێشەوە دەبەن. لەم کارەدا، تەنیا زرەی تەپڵ و هەڵاتنی دیکتاتۆر لەدەست خەڵکانی تووڕە، زۆر بەشیاوی بەرجەستە بووە.

لە ساڵی ١٩٣٦، خەڵاتی نۆبلی ئەدەبی لە کاتێکدا وەردەگرێت کە بەڕای ڕەخنەگران، هێزی ئافراندنی ئۆنیل ڕوو لە تەواوبوونە. دە ساڵ، لەدوای ئەم ڕووداوە، شانۆگەری (پیاوی یەخ فرۆش دێت)نووسرا کە بە ڕەشبینترین بەرهەمی یۆنیل هاتۆتە ژمار. لەم تافەدا ئۆنیل بە هۆی نەخۆشی لەرزۆکی کە زۆری ئەشکەنجە دەدا، ئیدی نەیتوانی وەک جاران بە هێزەوە بنووسێت. کاتێک لە ١٩٥٣ی زایینی، کۆچی دوایی کرد، وایان دانابوو کە سەرجەمی دەقەکانی بردووەتە سەر تەختەی شانۆ. یۆنیا دوایین ساڵگەلی تەمەنی، لە تەنیایی و بێکەسیدا بەسەربردووە و ژنەکەی (کارلۆتا) دوور لە خێزان و کەس و کار بەهەموو جۆرێک چاوەدێری دەکرد.

دووەمین و دوایەمین قۆناغی بەرهەمگەلی ئۆنیل لەدوا مەرگیدا دەست پێ دەکا. لە ١٩٥٥ەوە (سەیری ڕۆژی درێژ لە شەودا) و لە ١٩٥٨ (بەرهەمێک لە زەوقی شاعیر) و لە شەستەکانیشدا (هیوجی) کە لە گەورەترین و ناوازەترین شانۆگەرییەکانی ئۆجین لە ژمارهاتوون، بلاوکراونەتەوە. زۆر لە ڕەخنەکاران، (ئۆنیل)یان بە دوایین شانۆنووسی گەورەی ئەمەریکا ناوزەد کردووە، بەڵام ئەگەر وەک شانۆ بێت و گفت بدات کەجارێکی دی کەسێتی ناوازە بخوڵقێنی و ڕیالیزمیش هەمدیس ئاوڕێک لەم جۆرە کەسێتییە بداتەوە و تێکۆشانی گەورەی مرۆڤ بەهەموو لایەنەکانی نیشان بدات، بێ گومان ئۆنیل لە جێگایەک ڕاوەستاوە کە دەبێ لەوەوە دەست پێ بکەین و لەویش فێر بین و بەرزتر ڕۆیشتن لەو، دیارە بەڕاستی ئەستەمە، لێ ئۆنیل ئیدی لە ترۆپکی شانۆی مۆدێرنی جیهان جێگیر بووە.


**ژێدەر:**

**مجله گردون، (تئاتر مدرن امریکا و یوجین اونیل)، نوشته دکتر سالمی، شماره ٥٠، تهران: ١٣٧٦.**

# ڕۆمانی زۆر نیگەرانین ئێوە لەیلاتان نەدیوە؟!
# و
# ئەفسانەی جوانی

**هاشم سەڕاج**

ئەم دەستەواژە شیعرییەی سەرەوە ناوونیشانی ڕۆمانێکی «ڕەسوڵ یۆنان»ە «جەبار سابیر» لە فارسییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، لەم ڕۆمانەدا کردەی گێڕانەوە یارییەکی ئێستێتیکی و لیریکی و تراژیدی لەگەڵ ژیان و بەسەرهاتی لەیلای کچی ڕەجەبی ئاسنگەر دەکات، لەیلا کچێکی بەژن زراڤی چاوشینی قژ ئاڵتوونییە و تەمەنی بەرەو شازدە ساڵ دەچێت و بێ ئەوەی خۆی هەستی پێ بکات بە جوانترین کچی گوندی مەرجان دادەنرێت، ڕەسووڵ یۆنان لەم ڕۆمانەدا کاری لەسەر کۆمەڵێک چەمک و تێمەی جۆراوجۆر کردووە، لەوانە جوانی، عیشق، دوورکەوتنەوە، جیایی، دابونەریت، چارەنووس، جوانی سرووشت، ئەفسانە، ڕێکەوت، توندوتیژی...تاد، بەڵام ئێمەی عیشق و جوانی سەرەکیترین هۆکاری بزوێنەری ڕووداوە یەک لەدوای یەکەکانە، بە تایبەتی جوانی و ڕوحی لیریکییەتی لەیلا کە وای لە گەنجەکانی گوندی مەرجان کردووە هەر یەکێک لەم گەنجانە لەلای خۆیەوە عاشقی لەیلا بێت و بە نۆبە خوازبێنی بکەن.

لە ڕوویەکی دیکەوە دەقی لەیلا تاڕادەیەک کاری لەسەر کولتووری ئازەری کردووە، بە تایبەتی هزر و ناوەرۆکی چەند قۆریاتێکی ئازەری، چونکە لە زۆربەی قۆریاتە ئازەری و تورکمانییەکاندا بەرانبەر بە بوونی مرۆڤ و جیهان و گەردوون حەسرەتێکی پەنگخواردوو هەیە و ئاراستەی ئەجەل و چارەنووس دەکرێت، خوازیاری ئەوەیە خۆزگە لە دنیادا دەست لێکبەردان و مردن نەبوایە، بۆیە دوورکەوتنەوەی لەیلا و دیارنەمانی خانەوادەکەی تەفروتونا کرد، دایەگەورەی دایکی ڕەجەب لە داخان مرد و جەمیلەی دایکی شێت بوو، پاشان ڕەجەبی باوکی سەری نایەوە، هەروەها بەشێک لەناوی کارەکتەرەکان لە هەمان کولتوورەوە سەرچاوەیان گرتووە، بۆ نموونە «بولود» واتە هەور، یەشار واتە ئەژی، بایرام واتە جەژن، لەیلا گۆزەی دەخستە سەر شانی و لەگەڵ کچەکانی دێ بەیەکەوە تا دەگەیشتنە کانییەکە بە درێژایی ڕێگاکە گۆرانیان دەگوت.

لەیلا هەمیشە لە چاوەڕوانی



هاتنی گۆرانیبێژە گەڕۆکەکان و تیمی «سێرک» وانان بوو کە جار جارە سەردانی دێی «مەرجان»یان دەکرد و لەیلا بە تاسەوە گوێی بۆ دەنگی گۆرانیبێژە گەڕۆکەکان ڕادەدێرا و شەوانەش خەوی بە زەرییەکانی دەریاوە دەبینی، پەرییەکان لەناوەڕاستی دەریادا لەژێر گوڵێکی سووری گەورەدا دەژیان. بابەتی پەری، یان زەرییەکانی دەریاو بووکی دەریا، لە حیکایەتە میللیەکاندا زۆر باسی لێوە کراوە و لە ڕۆمانە جیهانییەکانیشدا بەشێوەی چەمکی جوانی کاری لەسەر کراوە، بۆ نموونە «ئۆسکار وایلد» لە دەقێکدا بەشێوازێکی ئەفسانەیی لە جوانی بووکی دەریاو زەرییەکان دەدوێت، ڕەسووڵ یۆنان لەم ڕۆمانەدا جوانی و بێگەردی لەیلا لە جوانی پەرییەکانی دەریا نزیک دەکاتەوە و هەمیشە بە خەون و خەیاڵ بوونی خۆی لەنێو بازنەی دەفژەنی و گۆرانی وتن و هەلهەلەکێشانی ئەواندا دەدۆزێتەوە، لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر «ء- ه- لۆرانس» لە نۆڤلێتی- ڕێوی، یان - ڕێوییەکە- الثعلب-دا کارەکتەریکی تێکسمڕاوی ماتۆڕ سوار دەخولقێنێت، لە پڕێکدا دێت و دوای کەوتنی درەختێکی گەورە بەسەر یەکێ لە جووتە کچە سوحاقییەکان و مردنی، کچەکەی دیکە بەماتۆڕ دەفڕێنێت، ڕەسووڵ یۆنان لەم ڕۆمانەدا بە ئەتمۆسفیر و فۆرم و ستایلێکی جیاواز کارەکتەرێکی تێکسمڕاو دەخولقێنێت بەڕێکەوت ترێلەکەی لەنزیک کانییەکەی دێی مەرجان لە کار دەکەوێت، لەوێ «ئیبراهیم»ی شوفێری ترێلە عاشقی لەیلا دەبێت و لە ئاوی شیرینی گۆزەکەی سەرشانی دەخواتەوە و دواترهەڵیدەگرێت، لەولاوەش ڕەجەبی باوکی لەیلا بەمشاری کارەبایی دارتووە گەورەکەی حەوشەکەیان دەبڕێت و بە ڕێکەوت لقێک لە دارەکە بەسەری دایە گەورە دەکەوێت و دواتر بەهۆی هەمان زامەوە سەردەنێتەوە.

مەبەستم لەم نیمچە لێکچواندنە، خستنەڕووی چەمکی «دەق ئاوێزان»ـە، کە جیهانی ئەدەب و نووسین بەگشتی لێوانلێوە لە پڕشنگەکانی دەقئاوێزان و لەو بڕوایەدا نیم لەم جیهانەدا دەقێکی پەتی و پاڵاوتە هەبێت و پڕشنگە ئیستێتیکییەکانی کردەی دەقئاوێزانی بەرنەکەوتبێت، لەلایەکی دیکەوە تێکستی لەیلا لەڕێگەی زمانێکی شیعری و فەنتازی، هەوڵی خولقاندنی ئەفسانەی جوانی دەدات، جوانییەکی درەوشاوە لە شێوە ڕوخسار و ناخی لیریکی لەیلاوە هەڵدەقوڵێت و هەم دڵ و دەروونی عاشقەکانی دەپڕووکێنێت، هەم جمووجووڵێکی بێ هاوتا بە ڕووداوە یەک لەدوای یەکەکان دەبەخشێت، یەکەم قوربانی ئەم عیشق و جوانییە، بولودی کوڕی پوورە سوغرایە، بولود گەنجێکی سوورەی چاوشینی قژ زەردی هاوتەمەنی لەیلایە، بەڵام لاڵە، بە زمانی ئاماژە خۆشەویستی خۆی بۆ لەیلا دەردەبڕێت. تێکست بەشێوازی گرتەی سینەمایی مامەڵە لەگەڵ هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانی بولود دەکات، ئەودەمەی تا نیوەشەو لە بەرانبەر ماڵی لەیلا دادەنیشێت و چاوی دەبڕێتە پەنجەرەی ژوورەکەی لەیلا، یان کاتێک لەگەڵ ئیبراهیم لێک دەدەن، دواجاریش بە ڕاکردن دوای ترێلەکەی ئیبراهیم دەکەوێت و دەیەوێت بە هەر شێوەیەک بێت لەیلای لێ بسێنێتەوە، بولود ئاڵۆزترین کارەکتەری ئەم ڕۆمانەیە، ڕۆژانە ڕووداوی عیشقی لەیلاو ئیبراهیم بە زمانی ئاماژە بۆ خەڵکی دێی مەرجان دەگێڕێتەوە، دواجار لە دەریاچەکەدا دەخنکێت، یان ڕاستتر لە داخی لەیلا خۆی دەکوژێت.

تێکستی لەیلا ڕۆمانێکە ژیان تێیدا بەسەرجەم خۆشی و مەینەتییەکانی لەجووڵە دایە، وەرگر خۆی لەنێو چالاکییە جۆراوجۆرەکانی جووڵەی ژیاندا دەدۆزێتەوە، دوای ڕەدووکەوتنی لەیلا، ڕەوشی خۆشی و هێمنی و هۆگری لە ماڵی باوکی لەیلادا بوونی نامێنێت، دایەگەورە بەردەوام بۆڵە بۆڵی دەکرد و لە چاوەکانی لەیلا ڕادەما و دەیگوت کچێ تۆ عاشقی پێم بڵێ عاشقی کێ بوویت، هێندە چاوەڕوانی گەڕانەوەی لەیلای کرد بێ سوود بوو، جەمیلەی دایکی لە داخان شێت دەبێت و لەبەر دەرگای ماڵەکەیاندا دادەنیشت و وڕێنەی دەکرد، ڕەجەبی ئاسنگەر، مرۆڤێکی دنیا دیدەی زەین کراوە بوو، هەندێک جار بەشێوەیەکی عەقڵانی ڕووداوەکەی لێک دەدایەوە و دواجار ئەویش سەردەنێتەوە، ڕووداوی ڕەدووکەوتنی لەیلا زەبرێک بوو دابونەریتی گوندی مەرجانی سەرەوژێر کرد، دەق هێندە بە وردی کاری لەسەر هەڵسوکەوت و ڕەفتاری کەسایەتییەکان کردووە، لایەنی سایکۆلۆژی یەکە یەکەیانی

خستووەتە ڕوو، کوێخای دەمڕاستی گوند، تا دواین چرکە بەدوای چارەسەرکردنی کێشەکەوەیە، هەروەها «هاشم»ی بەرپرسی بنکەی پۆلیسی گوندی مەرجان، هەوڵ دەدات لەیلا بدۆزێتەوە و کێشەکە یەکلا بکاتەوە، ڕۆمانی لەیلا تەکنیکێکی نوێی بۆ دۆزینەوەی لەیلاو ئەگەری ڕوودان و ڕوونەدانی حاڵەتەکەو لەدایکبوون و نەبوونی لەیلا پراکتیزە کردووە، پێشهات و لێکدانەوەکان بۆ کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکە و خوێنەری وەرگر بەجێ دەهێڵێت، ئایا بابەتی ڕەدووکەوتنی لەیلا ئەفسانەیە، یان ڕووداوێکی ڕاستەقینەیە؟، جوانی زۆرجار دەبێتە هۆی هەڵگیرساندنی جەنگی درێژخایەن، بۆ نموونە لە پێناو جوانی «هێلینا»ی ڕەدووکەوتوو هەزاران جەنگاوەر سەریان نایەوە، بەڵام بەپێی ئەتمۆسفێری ئەو شارە سنوورییەی کە ئیبراهیم و لەیلا تێیدا نیشتەجێ دەبن، شارێکە پڕاوپڕ لە کارگەو کەفێ و کافتریای جۆراوجۆر، شەوان کچە گۆرانیبێژەکان لە کافتریاکاندا گۆرانی دەڵێن و سەما دەکەن.

«لەیلای لادێی»یش یەکێکە لەو گۆرانیبێژانە، ڕۆمانەکە ناڕاستەوخۆ ئاماژە بە سەردەمی حوکمڕانی ئەوسای «شا»ی ئێران دەدات، دەق بە هەموو شێوەیەک دەیەوێت لە ڕێگەی عیشقەوە کار لەسەر جوانییەکی ئەفلاتوونی و پەتی بکات، جوانی ڕوخسارێک چەشنی تابلۆیەکی ناوازە چۆن بینەرانی بەرەو مەستی و وڕێنە ڕادەماڵێت، لەیلا سەرەتا هەر سێ خوازبێنییەکە ڕەت دەکاتەوە، بولودی کوڕە لاڵەکەی پووره سوغرا، یەشاری کوڕی محەمەدی ڕاوچی، بایرامی کوڕی ئیلیای دارتاش، بەڵام تێکست سەبارەت بە مەرگی بولود، ئەفسانەی «نەرسیس» پێچەوانە دەکاتەوە، بولود لە ئاو، وێنەی دەریاچەکەدا نەک وێنەی خۆی بەڵکو وێنەی لەیلا دەبینێت و بەدوایدا دەگەڕێت... بۆیە تەرمی بولود لە کەنار دەریاچەکەدا، هەم تراژیدیای مەرگی ئۆفیلیای شانۆنامەی- هاملێت-ی شکسپیرمان بیردەخاتەوە هەم شیعری «ئۆفیلیای» ئارسۆر ڕامبۆ [بولود بە قژی زەرد و چاوی شینەوە، جوانییەکی تایبەتی بەخۆیەوە گرتبوو، وەک ئەوەی پارچەیەک بێت لە دەریایەکی هەتاوی] جوانی لەیلا ئاوی دەریاچەکەی کردووە بە بارستاییەک لە جوانی و مەرگی بولودیش بەشێکی لەم جوانییە بەرکەوتووە، واتە ئەوە جوانی لەیلایە بولودی نوقمی دەریاچەکە کردووە بە مەرگی ڕاستەقینەی گەیاندووە.

کەواتە بولود یەکێکە لە قوربانییەکانی ئەفسانەی جوانی.

**«من بولودم کوڕی پووره سوغراو**
**لە دەریاوە دێم**
**چووبووم دەردە دڵ بۆ دەریا بکەم**
**بەڵام دەریا گوێی لێنەگرتم**
**خنکاندمی، ئەو ڕاوی نام**
**من بولودم کوڕی پووره سوغرا**
**من بە دڵێکی شکاوەوە لە دەریاوە دێم»**

گوندی مەرجان هەمیشە دەنگی ساز و دەهۆڵی لێ هەڵدەستا، ئێستا نوقمی خەم و خەفەت و شیوەنە، ڕۆمانی لەیلالە دەسپێکی نووسینەوە مامەڵەیەکی ئێستێتیکی و ڕوحانی لەگەڵ ئاسمان و مانگ و خۆر کردووە، خۆر زۆرجار بەپێی ڕووداوەکانی سەر زەوی هەڵدەچێت و دەکەوێتە جموجووڵ، مانگیش بە هەمان شێوە، (لەناو ئاپۆرای ئەسپەردەکەردا، پیرەمێردێک نەی دەژەند و پرسەنامەی دەخوێندەوە و با، دەنگی ئەوی بۆ دوورە دەشتەکان دەبرد، خۆر بە پەلە خۆی هەڵدەکشاند تا لەسەر مەزاری بولود بوەستێت و کاتێک بولودیان ئەسپەر دەکرد، خۆر گەیشتبووە ئەو جێگەیەی کە دەیویست، ئێستا خۆری نەخۆش، بەسەر مەزاری گەنجێکی بێ گەردەوە، دنیای هێنابووە جۆشوخرۆش) خەڵکی گوندی مەرجان بەپێی دابونەریت، پێیان ناخۆشە کچی دێیەکەیان شوو بە کابرایەکی لایەدو غەریب و غەوارە بکات، ئیبراهیمی شوفێر بەخۆ بە ترێلەوە هات و جوانترین کیژۆڵەی گوندی مەرجانی هەڵگرت، بەڵام ئیبراهیم چۆن بەرێکەوت دەکەوێتە داوی ئەوینی لەیلاوە، بەرێکەوتیش دووچاری زیندانی هەتا هەتایی دێت، دەقی لەیلا لە زمانی ئیبراهیمەوە، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە مەینەت و تراژیدیای بوون دەدوێت.

ئیبراهیم: باوک و دایکم لەکوێ بوو؟ من دایەگەورەیەکم هەبوو ئەویش چەند ساڵێک لەمەوبەر تەمەنی درێژی دا بە تۆ. دایکم بەسەر سکەوە چوو، کاتێک منی دەهێنایە دنیاوە. باوکیشم یەک دوو مانگ دواتر، منی سپاردە دەست دایە گەورە و یەکێکی لەخۆی هەڵداو ڕۆیشت، بووە ئاو و زەوی قووتی دا، ڕۆمانەکە لە دەسپێکی نووسینەوە،

کاری لەسەر چەمکی نیگەرانی کردووە، «زۆر نیگەرانین، ئێوە لەیلاتان نەدیوە؟!» کوێخاو هاشمی عەباسقولی سەرۆکی پۆلیس، لە شارە سنوورییەکەدا بەدوای لەیلادا دەگەڕێن.

سەرەنجام بەدەسبەتاڵی دەگەڕێنەوە، ئەم ڕۆمانە لە بنەڕەتدا لێوانلێوە لە کردە و ڕووداو و ئاکشن، هەروەها لە دیمەنی ڕۆمانسی و گرتە و وێنەی شیعری و دیالۆگی درامی، سەرجەم ڕووداو و وێنە و گرتەکانیش لە دەوری ئەفسانەی جوانیدا دەخولێنەوە، ڕەنگە هونەر و پیشەسازی سینەما بتوانێت لە بواری فیلمسازیدا کارێکی جوانی لەسەر بکات، لە ڕوویەکی دیکەوە دەق لەسەرەتاوە کاری لەسەر ئەوینێکی ئەفلاتوونی کردووە، عیشقێکی دوو لایەنە لەنێوان لەیلاو ئیبراهیمدا تێیدا زۆرتر جەخت لەسەر سۆز و جوانی دەکرێت، سۆزێک دوور لە وروژانی لیبیدۆیی و کردەی سێکسی، بۆیە کاتێک لە شارە سنوورییەکەدا ڕێوڕەسمی مارەبڕین و هاوسەرگیری تەواو دەکەن و لە شووقەکەی ئیبراهیمدا نیشتەجێ دەبن، تێکست بە هیچ شێوەیەک گرتەیەکی سێکسی و ئیرۆتیکی ناخاتەروو، بەڵکو بەپێچەوانەوە لەوێوە تراژیدیای قووڵی عیشق و ئەفسانەی جوانی دەست پێ دەکات، ئەم دوو دڵدارە بەرێکەوت یەکدی دەناسن و بەرێکەوتیش لەیەکدی دادەبڕێن، ئیبراهیم وەک شوفێری ترێلە لە یەکێ لەشارە سنوورییە دوورەکان دەگیرێت و بە تۆمەتی ئەوەی باری قاچاغی هەڵگرتووە و بە زیندانی هەتا هەتایی سزا دەدرێت، دەشێ باری ترێلەکەی ماددەی هۆشبەری تێدا دۆزرابێتەوە!

لێرەدا تراژیدیای ژیانی لەیلا دەست پێ دەکات و دوای دوورکەوتنەوە و دیار نەمانی ئیبراهیم و دەرکەوتنی کەسایەتی «موراد» کە هەواڵی زیندانیکردنی ئیبراهیمی پێ ڕادەگەیەنێت، موراد داوای لێ دەکات هاوسەرگیری «سیغە» «هاوسەرگیری موتعە»ی لەگەڵ بکات، بەڵام لەیلا ڕەتی دەکاتەوە و هەوڵ دەدات بەهیچ شێوەیەک ڕادەستی هەلومەرج و بارە نالەبارەکان نەبێت، دوای ڕووداوی ئۆتۆمبیل و دووچاربوونی لەیلا بە نەخۆشی بیرچوونەوە، دەق لێرەدا یارییەکی سەیری سایکۆلۆژی ئەنجام دەدات، لەیلا هەمان خەسڵەتەکانی ئیبراهیم لە کەسایەتی «موراد»دا دەدۆزێتەوە لێکیان جیا ناکاتەوە، حەزم نەدەکرد ڕووداوەکان بگێڕمەوە، بەڵام نەدەکرا ئەم خاڵە گرنگە نەخرێنە ڕوو، دوای لە دەستدانی شوققەکە لەیلا پێداگری دەکات لە کارگەیەکدا کار بکات و بژێوی ڕۆژانەی خۆی دابین بکات، بەڵام دواجار لە ڕێگەی مورادەوە دەکەوێتە کافێی «سایە». کەچی لە کۆتاییدا ژنەکان بەم شێوەیە مەرگەساتی لەیلا دەگێڕنەوە و دەڵێن: لە کافێی-سایەدا کچێک کاری دەکرد بەنێوی لەیلا لادێیی، لە پرێکا خۆی سووتاند! لەوێش لە گوندی مەرجان جەمیلەی دایکی لەیلا کە هۆشی لە دەست دابوو، لەبەر دەرگای ماڵەکەیدا دادەنیشێت و بەردەوام لەبەر خۆیەوە ئەم گۆرانی و قۆریاتەی دەگوتەوە:

**لەیلا دێت**
**لە ئێوارەیەکی کتوپڕدا**
**لە ئێوارەیەکدا کە کەس بیری لێ ناکاتەوە**
**کچەکەم دێت**
**بە تەوقەیەک لە مانگ لە پرچیداو**
**حەوشەی ماڵەکەمان ڕووناک دەکاتەوە و**
**جلێکی لەبەردایە**
**هیچ فریشتەیەک نیەتی**
**دایە گەورە لە باوەشی دەگرێت**
**ڕەجەب لە خۆشیان نازانێ چی بکات**
**منیش دوور لە چاوی ئەوان**
**لەخۆشیان دەگریم و**
**ئەستێرەکان دەبنە دڵۆپی فرمێسکم**
**لەیلای من**
**چۆتە سەر کانی**
**تا ئاو بۆ من بهێنێ**
**هەر جۆرێک بووە دەردەکەوێت**
**ئەو تەنیا درەنگ کەوتووە.**

ئەنجا «جەمیلە» ئەم قۆریاتەی دەگوت:

**ڕۆژگار کڵاوەکەی خوار کردووەتە سەر**
**ئاوێنە مات و حەیرانە**
**ئێوە لەیلای منتان نەدیوە؟**
**من نیگەرانم بۆی!**

**سەرچاوە:**
**ناوی کتێب: زۆر نیگەرانین، ئێوە لەیلاتان نەدیوە؟!**
**نووسینی: ڕەسووڵ یۆنان**
**وەرگێڕانی: جەبار سابیر**
**بابەت: ڕۆمان**
**چاپی یەکەم: چاپخانەی «سەردەم» ساڵی ٢٠١٣**
**کوردستان - سلێمانی**

# گەڕانێک بە هەرێمی شیعردا

**ئەحمەد حەقناس**
**(بۆکان)**

هونەر و زانست وەک چرایەکی ڕووناکە لە شەوی تاریک، ڕێی ڕاست بە ئێمە نیشان دەدا تا بە ڕێی وندا نەڕۆین. هەر لە سەرەتای چوونمان بۆ قوتابخانە، لەگەڵ کتێب سەروکارمان هەیە، بێ گومان بەو چاوەڕوانییەوە کە بنەماڵە و قوتابخانە هەیانە لێمان، وانەکان دەخوێنین و کتێبەکان موتالا دەکەین. پێدەچێ زۆرجار لە خوێندنەوەی بەردەوامی کتێبە وانەییەکان هەست بە هیلاکی و بێ تاقەتی بکرێ. لە کاتێکدا مێژوو ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە هەموو مرۆڤە پێگەیشتووەکان لە ڕێی قوتابخانە و حوجرەوە بە ئاستی پلەی سەرکەوتن گەیشتوون. ئێمە و مێژوو شانازییان پێوە دەکەین، لە ڕێی خوێندنەوەی کتێبەوە خەڵک فێری خوێندن و خوێندنەوە بوون، دەنا مرۆڤ نەخوێندەوار دەبوو. لێرەدا مەبەست تەنیا خوێندنەوەی کتێبە وانەییەکان نییە، بەڵکو ئەو هەموو کتێبانەیە کە لە کتێبخانە و کتێب فرۆشییەکان کەڵەکەی سەر یەک کراون. بۆ هەر تەمەنێک کتێبگەلێکی بە کەڵک هەیە کە بۆ سەرکەوتنی خوێنەری خوێندنەوە سوودبەخشە. ئەگەر ئارەزوومەندی کتێب و خوێندنەوە بین، ئەوە نەک هەر خۆمان بنەماڵەیش پێی خۆشحاڵن و هاوکاری ئێمە دەکەن، تا کتێبی جێی سەرنجی ئێمە کۆکەنەوە بۆمان و ئێمەش ئەوسا بە حەزەوە بکەوینە خوێندنەوەیان.




کتێب هەڤاڵێکی بە ئەمەکە و هیچ ساتێ خوێنەر فریو نادا، هەرگیز درۆشی لەگەڵ ناکات. ئەوەی لە ناوی نووسراوە هەمووی لە ڕووی عەدالەت و وەفاوە پێشکەشی خوێنەری دەکات. ئەگەر وایە وەرن بیکەینە هاوڕێ و لە دەرفەتی کاتا بکەوینە خوێندنەوەی.

**قەت ڕوو لە ولاتێک مەکە**
**قەڵەم، نووکی خۆی بشکێنێ،**
**شاعیر، شیعری خۆی سەر ببڕێ،**
**شیعریش، وشەی بخنکێنێ!**
**نان، لە گەنم بتۆرێت و**
**ئاو، لە کانی**
**هەتاو، لە ئاسمان بێزار بێ و**
**ئاسمان، لە ئەستێرەکانی!**
ل١٤٢

شیعر بە گشتی وەک لقێکی

تایبەت لە هونەر لە خزمەت خوێنەر و مرۆڤایەتیدایە، هەر سات و زەمەنێ ئاڵوگۆڕی بە پێزی بەخۆوە بینیوە و لە سەر بنەمای لێک گەیشتن. شاعیران هەستی خۆیان لە بارەی لایەکانی ژیان و حەز و ئارەزووەکانەوە بە شێوازێکی جوان دەربڕیوە؛ بە وشەی بە بەهرە و ئەدەب ئامێز کاریگەری بزواندنی لە دڵ و دەروونی خوێنەر خستووەتە جووڵەی خوێندنەوە، بێ گومان کاروانی شیعر تا ژیان هەناسەی تێدا مابێ ئەوە ئەم ڕەوتە ئەدەبییە هەر بەردەوامە و هەرگیز ناوەستێ. هیچ هێزێکیش ناتوانێ ڕێی لێ بگرێ و مافەکانی لێ زەوت بکا، چونکە شیعر زادەی بەهرەیەکی تاکەکەسییە و هەر شاعیرێ بۆ خۆی خاوەن دەسەڵاتە دەتوانێ مانای جوانیناسی و هزرناسی و ئاڵوگۆڕی داهاتوو بخاتە چوارچێوەی شیعرەکانییەوە.

یەکەم- کەرەستەی بەردەستی شاعیر وشەیە، چونکە هەر لە سەرەتاوە سەروکاری لەگەڵ وشەدایە، دەبێ ئەوەیش بزانین گەردبوونەوەی وشەکان لای هەر شاعیرێ، جێگا و پێناسەی تایبەتیان بۆ ئافراندن هەیە، بۆیە شاعیرێ توانیبێتی لە زمانی شیعردا پێگەی خۆی بدۆزێتەوە، ئەوە بێ ئەوەی ناوی بێ، بە خوێندنەوەی شیعرەکانی دەتواندرێ دەنگ و ڕەنگی بناسرێتەوە.

نیزامی عەرووزی سەمەرقەندی دەڵێ شاعیری باش ئەو کەسەیە سەرەتا بیست هەزار دێڕە شیعری شاعیرە بە ئەزموونەکانی خوێندبێتەوە و زۆر بە ڕوونی لێیان تێگەیشتبێ. ئەگەر وابێ شاعیر دەبێ پێش هەموو شتێک قاموسێکی گەورەی پڕ لە وشەی لە مێشک و یادەوەریدا پاشەکەوت کردبێ. ئەوسا دەبێ بێت و لەگەڵ سۆزی ناسکی شیعردا بکەوێتە وتووێژێکی هەست بزوێن بە بوونەوە، نەک نەبوون بە ساکاربوونی فرەوێژی و کات ڕابواردن.

**تینووم، تینوو**
**من لە گەرووی ئەنگوستە چاوی شەوەوە هاتوومەوە**
**چەمۆڵەی بێزاری مەنێن بە ڕوومەوە!**
**تینووم، تینوو**
**من بە پەیژەی ئازارا هاتوومە خوارێ**
**هاتوومەوە**
**بارانی خۆشەویستیتان**
**بە سەر شۆڕەکاتی ڕوحی برینمدا بباریێ!** ل١٣٨

(شنەی پشکووتن) کۆشیعری ئەمین گەردیگلانی شاعیر و وەرگێڕە کە دوو شێوازی کلاسیک و نوێی لە خۆ گرتووە، بێ گومان هەر شاعیرێ بیروڕای جیاوازی هەیە. لە بارەی شاعیر بوون و شیعربوونی بەرهەمەکانییەوە، زۆرجار مرۆڤ بۆ ئەوەی گوزەرانی ژیانی بەرەو باشتر بروا، ئاستی ئیشوکاری خۆی دەگۆڕێ، شاعیریش مرۆڤە و دایم هەستی بیرکردنەوەی لە نوێ بوونەوەدایە. لە سەر یاسای ئاڵوگۆڕخوازی مانای هەڵسانەوە بە نووسینەکانی دەبەخشێ، چونکە شاعیر بۆ خۆی خاوەن دەسەڵاتە، بە پێی ئەو پێداویستییانەی لە ڕێگەی سۆزەوە دەریان دەبڕێ، بە دەسەڵاتی زمانی شیعر دەگا.

**دڵم خنکا لە نێو گێژاوی خەمدا بۆ بەجێت هێشتم؟**
**ڕوحت بردم، لەشی سەردم بە جێما بۆ بەجێت هێشتم؟**
**بزەی مانگەشەویش تۆرا لە هۆدەی سەرد و تاریکم**
**لە نێو ئەم گۆڕەدا جەستەم پڕووکا، بۆ بەجێت هێشتم؟**
**لە ژێر هەنگاوی شەوبادا گەڵای ویشکەڵ کە خشپەی دێ**
**دەلەرزم، دادەخورپێ دڵ لە گەڵیا، بۆ بەجێت هێشتم** ل٢٤

ئەمین بە هەستێکی ناسکەوە ڕوو دەکاتە خۆشەویستەکەی و پێی دەڵێ ڕاستە ژیان بەرز و نزمی زۆرە، بەڵام نەدەبوو تۆ بڕۆیت و دڵم بکەیتە خەمخانەی هاژە و گڤەی بای بیرەوەرییەکان. مانگیش تاقەتی دیتنی بزە ساردەکانی نییە، خەریکە جەستەی حەزم لە نێو ئەو گۆڕەی تۆ بۆت دروست کردووە، دەپڕووکێ. شاعیری داهێنەر کەسێکە بە ڕەنگ ئامێزێکی جوانی داهێنان لە شیعردا جێگیر بکا.

**من لە شەو بێزارم و تیشکی بەیانانم دەوێ**
**سینە پڕ زووخاو و دەردم تۆزێ هەتوانم دەوێ**
**خەم لە ناخمدا ڕەگاژۆی کردووە چەشنی هەرێز**
**بۆ نەفەوتانم بژار و ئەرک و تەیانم دەوێ**
**وەک هەستێلی بەردەمی کانیلەیێکی ویشکەڕۆ**

**بۆوە نەمخنکێنێ قەوزە و لیتە**
**جوولانم دەوێ** ل٥٩

هیوا ئەو گوڵە جوانەیە کە لە گوڵدانی هەموو مرۆڤێکدا هەست پێدەکرێ. هیوا بە گشتی ڕەنگدانەوەی ڕاستیی ژیانی مرۆڤایەتییە. ئەمین لەم شیعرەدا باسی بێزارییەک دەکا کە دایم لە بەردەم هیواکاندا وەک شەو وایە. زۆر زیرەکانە هاتووە سروشتی هیوا و سۆزی شیعری تێکەڵ بە یەک کردووە و لەگەڵ یەکتردا لە ڕووی ماهییەتی شیعر بوونەوە لێکی چواندووە.

یەکێ لە وەرگێڕە ناسراوەکانی زمانی کوردی بۆ فارسی دەیوت من زۆر جار بۆ لای شیعرەکانی ئەمین گەردیگلانی چووم، لە زاکیرەی خۆمدا ڕێچکە و داهێنانەکانیم هەڵسەنگاندووە، بەڵام هیچ ساتێ ئەو هێزەم لە خۆمدا نەدیوە کە شیعرەکانی وەرگێڕم. شیعرەکانی ئەمین گەردیگلانی خاوەنی مەزنایەتییەکی زمانە، وەرگێڕانی لە چاو شیعری شاعیرانی تر دژوارترە، چونکە هەر شیعرێ دژواری خۆی هەیە. شیعر زمانێکە پڕ لە هەستی مانایی و بیرکردنەوەی جوانیناسی.

**دەنگی کسپەی زامی قووڵی**
**کێوی بێ هەتوانە وا،**
**دەمهەژێنێت و قەڵەم ڕادەچڵەکێ**
**بەو ژانە وا!**
**لێرە وەک جەرگی زڵەیخا لەت**
**لەتن جەرگی چیا**
**بۆیە دۆڵی پڕ چەمەی خوێن و**
**زنەی گریانە وا!**
**گەر پشووی بۆ بسکی نەرمی ئاو**
**بکاتە شانە – با**
**خەونی کانی کوانێ هەر زەلکاوی**
**بێ جوولانە وا!**
**لێرە قەت دەریا مەمک نانێتە دەم**
**کۆرپەی هەور،**
**ئاسمان بۆیە نەزۆک و وشک و بێ**
**بارانە وا!** ل٩٢

ئەمین وەک مامۆستایەکی هرزناسی شارەزا ڕوو دەکاتە چیا و هاواری تێکەڵ هاواری دەکا. بەم وشە مەزنانە زامی دڵی چیا لە دەست سووتان و وشکە ساڵی بۆ خوێنەر دەگێڕێتەوە. نەک هەر خۆی، قەڵەمیش بە دیتنی ئەم دیمەنە ڕادەچڵەکێ. کانیاوی دڵی چیا بووەتە زڵەیخا و بە سەیرکردنی لە باتی ئاو شیو و دۆڵ فرمێسکی پێدا دێتە خوارێ. شیعریش وەک زادەی هەستی شاعیر لە پێناو ئێشوئازار و خۆشی و ناخۆشییەوە دێتە بەرهەم.

**پێنووس و خەیاڵ کاتێ لە ڕازی**
**خەمم ئەدوێن**
**پۆل پۆل بە تەوێڵی پەڕەوە گوڵوشە**
**دەڕوێن**
**خەرمانە دەدەن واژە لە دەوری دڵ**
**و هەستم**
**بۆیە مەمی هەوری حەز و ئیلهامم**
**ئەبزوێن**
**ئەو شۆخە لە ئاسۆوە کە سەر**
**هەڵدەبڕێ و دێ**
**کێوان سەری کڕنۆش لە گڵی**
**بەردەمی دەسوێن** ل١١٠

یەکێ لە بەهاترین خەسڵەتەکانی شیعرەکانی ئەمین گەردیگلانی ئەوەیە هیچ کاتێ دەستی لە وەزن بەرنەداوە. زۆر بە ئەدایەکی جوان، نوێگەرایانەی تێدا خستووەتە گروگاڵ بۆ جووڵەی سەردەمی بەرەو پێشچوون. بۆ وێنە شاعیر لەم شیعرەدا تاقی کردنەوەیەکی وای ئەنجام داوە، بە ئەندێشەی خەیاڵ وێنەی گرتووە و ئەم هۆنراوەی پێ نووسیوە. ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە زمانێکی نوێی پڕ بە بەرگی شیعرەکەی بە کار هێناوە، تابلۆی شیعرەکەی پێ ڕازاندووەتەوە و بە تەواوی پێڕەوی وەزن و یاساکانی قافیەی کردووە و لە جێی خۆیدا بکەری لە دێڕەکاندا جێگیر کردووە.

**کۆنە دیواری ژیانم وا بە خەم**
**لەرزی و جمی**
**کۆڵەکەی هەیوانی ئاواتم ترازا و**
**تێک ڕمی**
**بارەش و تۆفانی پیری میچ و بانی**
**هەڵتەکاند**
**شۆڕدێ بارانی فرمێسکم گڵ و**
**خشت و لمی**
**یەسک و پێست و خوێنی**
**جەستەی دەردەدارم وشکەڵات**
**خەم وەک زیندوولەکەی شێرپەنجە**
**نێو دڵمی سمی** ل٢٣٣

لە دێرزەمانەوە کە باسی شیعر کراوە هەرکەس بە جۆرێ پێناسەی بۆ کردووە، ئەمین لە بەر ئەوەی وا هەست نەکرێ پیری دەردێکی نەکراوەیە، زۆر بە هێمنی لەم شیعرەدا پیرۆزی تەمەنی پیری مانا دەکاتەوە. بە سۆز و عاتیفەیەکی کراوەوە نهێنی پیری دەدرکێنێ.

**مەرگ و ژیان**
**دوو دڵدارن**
**تا پێوەندی ئەوان نەبێ**

**هەرگیز**
**هەرگیز**
**ئەوین و خۆشەویستی**
**لە دایک نابن.** ل١٤٩

مردن ئەو دەستە پیرۆزەیە کە دەتوانێ ئاراستەی ژیانی مرۆڤایەتی بە هەڵوێستێک بگۆڕێ.

ژیانیش ئەو ڕاستییەیە کە هەموو دەمێ پێویستی بە ئاڵوگۆڕی وەرزەکانە بۆ وەدی هاتنی ئامانجەکانی مرۆڤ، بۆیە شاعیر هاتووە ئەو ڕاستییە دەورووژێنێ و دەڵێ ئەگەر مەرگ و ژیان نەبێ، ئەوە خۆشەویستییەکان مانایەکیان نییە بۆ دووبارە هەڵسانەوەی خۆشییەکان. ڕاستە مرۆڤ هەریەکەی بە ڕێگای تایبەتی خۆی بەرەو جیهانی خۆشەویستی دەچێ!

**ئەوەندە لە مێژە لێوم**
**پەپوولەی بزەیەکی**
**لێ نەنیشتووە**
**توێژاڵ، توێژاڵ**
**غەوری خەمی لێ بار دەبێ،**
**بۆیە ئێستا**
**جار نا جارێک**
**کە سروەی پێکەنینێک دێ و**
**باوەش لە ڕوحم وەردێنێ**
**خێرا هەناسەم سوار دەبێ.** ل٢٠٨

بزە بە گشتی دەرئەنجامی هەڵچوون و خرۆشانی خۆشییەکانی دەروونی مرۆڤە، کە وا دەکا دایم شانازی بە سەروەری هاتنی بکرێ. خۆشبەختانە ئەمین گەردیگلانی لە بواری زماندا لەم کورتە شیعرەیدا بوێرانە تەقەلای جیاوازی داوە و هەست دەکرێ بە کەمترین وشە سەرنجی وێنەی قووڵ و ڕەمزاوی خستووەتە ڕوو، ئەمەیش لە خۆیدا ئەوە دەگەیەنێ کە خاوەن میتود و کولتووری جیاوازی خۆیەتی.

**ئەگەر دیتت بارانێکی کەسک دەبارێ،**
**ئەوە ڕەهێڵەی گەڵایە**
**تەوێڵ و لاجانگی درەخت بە جێ دێڵن**
**لە بەر دەمی گێژەبادا سەما دەکەن**
**پاییز!**
**پاییز!**
**پاییز!** ل١٧٠

دیسانەوە گرینگی زمانی شیعر لە بەهرەی نوێبوونەوەدا زۆر پێویستە لە سەر بنەمای داهێنەری شاز بکرێتەوە و بایەخی تەواوی پێ بدرێ. ئەمین گەردیگلانی زۆر بە ڕێکوپێکی، بە تایبەت لەم شیعرەدا، توانیویەتی زمانی ڕەسەن لە تەک شێوەی نوێی سەردەمدا بگونجێنێ. ڕاستیش ئەوەمان بۆ ساغ دەکاتەوە کە شاعیری لێ هاتوو دەتوانێ بە بەهرەی خۆڕسکانەی شاعیر بوونییەوە هەڵوێستی بزوێنەری فیکری لە تابلۆی شیعرەکانیدا دیاری بکات.

### ئەنجام

شیعری ئەمین گەردیگلانی پڕە لە وێنەی ڕەنگاوڕەنگ و سەرنج ئامێز، گوڵزارێکە سەری هەر گوشەیەکی بدەی، گوڵەکان بۆنوبەرامەی خۆیان هەیە.

بە مۆسیقای خەم لاوێنی شیعر چێژی دیتن و خوێندنەوەی تێکەڵ یەک کردووە بۆ دەرکی تێگەیشتنی گەشانەوە. زۆر جاریش پەنای بردووەتە بەر زاراوەسازی و لەم بوارەشیدا زۆر مامۆستایانە تێیدا سەرکەوتووە.

**ژێدەر!**

**١- شنەی پشکووتن، ئەمین گەردیگلانی، ٢٠١٣.**
**٢- کولتوور و ناسنامە، ئازاد عەبدولواحید، ٢٠١١، هەولێر.**
**٣- ئەدەب، د. ڕەفیق شوانی، ٢٠٠٨.**
**٤- شەش وتار دەربارەی شیعری نوێ، عەبدوڵڵا عەباس، ١٩٨٠.**
**٥- ڕاوە گزنگ، محەممەد حەمە باقی، ١٩٩٨.**
**٦- کۆمەڵە وتاری ئەدەبی کوردی، بەرگی یەک، زانستگای کوردستان ٢٠١٠.**
**٧- گزیده چهار مقاله نظامی عروضی، فاطمه معین الدینی، ١٣٧٤.**
**٨- انشانویسی، علی ذوالفقاری، ١٣٩٠.**

# گەڕانەوە بەرەو خود

حوسێن شێربەگی
(بۆکان)

کـورد نـەتەوەیەکی زۆرە، بە ئەژمـاری فـەرمـی زۆرە و لە ڕاستیدا زۆرترە. لە بیست و پێنجەوە تا سی، سی و پێنج ملیۆن کەس و زیاتریش باسی لێوە دەکرێ، ئەمانە ئەژماری فـەرمین و سـەلمێندراون. لە ڕاسـتـیـدا ئەمـە ئەژمـاری ئەو کوردانـەیە وا پێکەوە و لە کۆمەڵگای کـوردەواریدا دەژین، جـا چ لە ڕۆژهەڵات، یـان لە باکـوور و باشـوور و ڕۆژئاوا، یـان لە هـەر بەشـــــێکی دیـکـەی چوار پـارچەی وڵاتـی کوردەواری.

بەڵام کوردی زۆریش هەن، لە ملیۆن و چەند ملیـۆن زیاتر کـە لەم ئەژمـارەدا نین، کـەچی کـوردیشن و زۆربەی هەرە زۆریشـیـان هەسـتی نەتەوایەتی بەهێزی کوردیشـیـان هەیە، وەک ئەو کـوردانـەی لە لبنان، مـیـسـر، ئۆزبەکـسـتـان، تاجـیکسـتـان، ئازەربـایجـان، ئەورووپا، ئـەرمـەنسـتـان، ئوسترالیا، ئەمریکا، کەنەدا و زۆر جێ و شوێن و وڵاتانی دیکەدا دەژین.

ڕەنگە لەلایەن ئێـمـەوە یانی لەلایەن ئەو کـوردانەوە کـە پێکەوە و لە وڵاتانی کـوردەواریدا دەژین، سـەبارەت بەو کـوردە پەڕاگـەندە و پەرشـوبڵاوبووانەی دەرەوەی وڵاتـی کوردەواریمان کەمـتـەرخەمی کراوە و کەم وا بووە هەوڵمان دابێ پێـوەندییـەکی ئۆرگـانیک و فـەرمی و پێکهـاتەیی لەنێوان ئەواندا پێکەوە و لەنێـوان ئەوان و خـۆماندا پێک بێنین. ئەمـە سـووچ و کـەمـتـەرخـەمـیـیـەکـە و هەمـوومـان تاوانبـارین. ئەمـە ئەرکی حکوومـەتی هەرێم و ئەرکی ئەو کوردانەیە کە لە کۆمەڵگە کوردەوارییەکاندا پێکەوە دەژین، کـە یارمـەتی ئەو کـوردە پەرشـوبڵاو و پەڕاگـەندانە بدەن، کـۆیان بـکەنەوە و نـاسنامـەی مـیللی و نـەتەوەییـان تێـدا بەهێزتر بکەن و بیانگەڕێننەوە نێو بازنەی پێوەندی دەگەڵ کـورد و کـوردسـتـان و کـوردەواریدا، بەڵام چۆن؟ ئەمـە پرسیارێکی گرینگە، بەڕاستی ئەم کارە چۆن دەکرێ؟

من بەش بە حـاڵی خـۆم، وتارەکـەی بەڕێز مـامـۆسـتـا فـەلەکەددین کاکـەیی لەبەرگی دووەمی کـتـێبی «ویژدان و ئازادی»دا کـە سـەبارەت بە کـوردەکـانی لبنان نووسیـوی، یەکـێک بوو لە هاندەرەکـانم بۆ بەدواداچوونی ئەم ئەرک و

پرس و کێشەیە.

لە ڕاستـــیـــدا دەبێ چی بکرێ بۆ خـزمـــەتگوزاری بەم هاونەژاد و هاوڕەگـــــەز و هاونەتـەوانە و چی بکرێ بۆ پێکهـێنانی پێـوەندی نێـوانمان و لە کـۆتایی خـۆیدا بۆ گـەڕاندنەوەمـان بۆ باوەشی دایکی نیـشـتـمـان و بۆ نێـو جەماوەر و بۆ کۆمـەڵگە و وڵاتی کوردەواریمان، بە ڕاستی فیکر لەم گشتە کوردە خوێندەوار و سەنعاتکارە بکەنەوە کـە لەو وڵاتانە و لە ئەوروپادا دەژین. ئەمـە ئەرکی سـەر شانی هەر دوو لامانە. هەم ئەرکی سەر شانی ئەو کوردە پەراگەندانە و هەم ئەرکی سەر شانی ئێمەی کوردانی ناو کـۆمـەڵگە و نیـشـتـمـانی کـوردەواریمان کـە هەردووک خزمەتگوزاری بە یەکدی بکەین و هەر هەموومان خزمەت بە ئاوەدانی و ئاوەدانکاری وڵاتمان بکەین.

من لام وایە یەکەم هەنگاوێک کە دەکرێ ئێمە بۆ ئەوانی هەڵگرین، ئەمەیە ئەو دەرفەت و ئەگەرەیان بۆ بڕەخسێنین کـە لێک نیـزیک ببنەوە، هاتوچۆی یەکـدی بکەن، لە کەموکوڕی یەکدی بە ئاگا بن و شادی و خۆشی و ناخۆشی و خـەم و خـوسـپـەیان پێکەوە دابەش بکەن و لە هات و نەهاتی یەکـدیدا بەشـدار و بەرپرس بن، ئەمــەش لە دۆخـێکدا دەکـرێ کـە ئەوان، واتە کـوردانی ئەوروپا و ئەرمەنستان و...تاد هەر لەو شوێنەی کە لەوێن، شوێنی هاوبەشیان بۆ کۆبوونەوە هەبێ، وەک گۆڕستانی کوردەکان لە هەر کوێندەری کە هەن، (هەروەک مامۆستا فەلەکەددین کـاکـەیی لەوتارەکـەیدا نووسـیـویە)، یان پێکهـێنانی مزگەوت، یان شوێنێکی ئایینی بۆ کاتی پرسە و ماتەمینی و...تاد شـوێنێک بۆ کـاتی زەمـاوەند و ڕێوڕەسـمـەکـانی شـادمـانی لەم تەلارە نەک هەر بۆ زەمـاوەند، بۆ جـەژنی لە دایک بوونی منداڵ و مـێـرمنداڵ و گـەنج و گـەورانیش دەتوانن کەڵک وەرگرن.

هەر ئەم شـوێنە دەتوانێ جـاروبارە گەلەری و پیشـانگای شێوەکاری و پەیکەرتاشی بێ، دەتوانێ شانۆی تێدا بەڕێوە بچێ، دەکرێ کۆنسێرتی مۆسیـقای تێدا بکرێ، دەکرێ ئێـوارە شـیـعـر و چیـرۆک و شـەوە شـیـعـر و چیـرۆک و کۆبوونەوەی جەژنی سەری ساڵی مەسیحی کریسمس و ژانوایەی تێدابکرێ، هەروەها جەژنی سەری ساڵی کوردی و نەورۆز و ئێـزدی (چوارشـەممەی سـوور)ی تێـدا بکرێ و...تاد زۆر کاری دیکەش.

هەر ئەم تەلارە دەتوانێ دیسکۆی هەبێ، بۆفیـەی هەبێ، فرۆشگەی پێـویستییـەکانی جەمـاوەری هەبێ، دەکرێ لەم تەلارەدا فیلمی سینەمایی و تەلەڤزیۆنی و ڤیدیۆیی نیشان بدرێ و زۆر کاری دیکەش.

ڕەنگە من نەتوانم و نەزانم و نەمــەوێ هەمــوو خـاڵە گـرینگەکانی هەبوونی ئەم شوێنە گشـتی و تایبەتیانە بۆ کوردەکان و لە پەنا دەستی خۆیان نێوبرد بکەم. هەر کام لە ئێمە و لە هەمـووان دەتوانن فیکری لێ بکەنەوە، بە کەشف و دۆزینەوە بگەن، وەک پێکهـێنانی فـرۆشگەی کـتـێب و سـیـدی و گـۆڤـار و ڕۆژنامــەی پێـویست و کـەلوپەلی دەستسازی کوردی لە چەشنی کڵاو و سەرکڵاو و زەنگاڵ و دەستکێش و گۆرەوی کوردی و کالە و کڵاشی هەورامان و ...تاد و زۆر شتی دیکەش.

ئێستـا لە سنەی کـوردستـانی ڕۆژهەڵات شوێنێک هەیە پێی دەڵێن (خانەی کورد= ماڵی کورد)، ئەم شـوێنە هەم موزەیە بۆ پێ نیشاندان و نمایشی شتە کۆنینە و کولتووری و مـێـژینەییـەکـانی کـوردی، هەم گـەلەرییـە بۆ نیـشـاندانی شێوەکاری و پەیکەرە و دەستکاری هونەرمەندانی کورد، هەم زۆرجـار بۆ کـۆڕ و کـۆبوونەوەی کـوردەکـان و بۆ بڕێک کاری شانۆیی و ڤیدیۆیی و فیلمی سینەمایی کەڵکی لێ وەردەگیرێ.

مـــاوەیەک لەمـــەوبەر ئێـــرانیـــیـــەکـــانی ئەوروپا کـۆبوونەوەیەکیـان هەبوو، هەر بۆ پێکهـێنانی شـوێنێک بۆ ئەم مەبەستانە کە لەم وتارەدا ئاماژەمان پێ کرد، ئەوانیش لەپاش چەند ڕۆژ کۆنگرە و قسـە و باس هاتنە سـەر ئەوەی بنکەیەک دامەزرێنن بەناوی (خانەی ایران= ماڵی ئێران) لەو شوێنەدا کاری فەرهەنگی و ڕووناکبیری و کولتووری بۆ وڵاتیان بکەن و زۆر مەبەستی دیکەش.

ئێـمـەش دەتوانین چ لە وڵاتانی سۆڤـیـەتی جاران و چ لە وڵاتانی ئەوروپا و لـە هەر دەڤــەر و شـــار و پارێزگـــا و ویلایەتێک کـە نزیکەی هەزار هەزار و.. کـەس بتـوانن هاموشۆی بکەن، بنکەیەک بۆ ئەم مەبەستانە و بۆ مەبەستی دیکەش بەنێوی (ماڵی کورد) پێکبێنین.

ئەمە جاڕدان و بانگەشە و بانگەوازێکە و بە پێشوازەوە چوونێکی پێشنیارەکەی مامۆستا فەلەکەددین کاکەییە. هیوادارم بێ دەنگی لێ نەکرێ و سەرباقی خاوەن سەرنج و هونەرمەندان و ڕووناکبیران و دۆستانی دیکەشمان لە هەر کوێیەک هەن، گۆمی مەندی ئەم باسە بشڵەقێنن و گوتارەکە بە گەرمە درێژە بدەن، هەتا بتوانین بە هەمووماﻥ لایەکی بە لایەکـدا بخـەین. چاوەڕوانی سـەرنج و ڕای بەرپرسـان و هونەرمـەندان و نووسـەران و ڕووناکـبـیـرانی بەرپرس و پابەندیی دیارە، یەکەم چاوەڕوانیـمان لە دۆستـانی کوردی لبنان و سوریا و وڵاتانی سۆڤیـەتی پێشـوو و کوردەکانی ئەوروپا، هەروەها پەرلەمـانی کـوردسـتـان و حکوومـەتی هەرێمە و چالاکانی فەرهەنگی و ڕووناکبیری ناوخۆش.

ئەوە دەزانین کـە لە ئەوروپا هەر مـەڵبـەندێک دە هەزار کەس بتوانن هاموشۆی بکەن، دەتوانن شوێنی کۆبوونەوەی هەمـیـشـەییـان بە چەشنی فـەرمی هەبێ، ئەمـەش لەگـەڵ پێشنیـارەکەی ئێمە هاودەنگە کە هەر تەلار و شوێنێک بۆ چەند شـار و پارێزگـای دەوروبەر و نیـزیک لە یەک لەبەر چاو دەگرین.

# نامەیەکی تایەر ئەحمەد حەویزی بۆ عەبدولخالق عەلائەددین

ئا: ڕامان

کۆیە
١٩٩٨/٩/١٣

بۆ زۆر خۆشەویست و هاودانەرم مامۆستا عەبدولخالق ئەفەندی بەڕێز

ڕۆژباش

لەپێش هەموو شتێک زۆر لەهەواڵتان دەپرسم، ئومێد دەکەم لەو جێیەی لێی، کەمێ حەساوە بن. ئەو جێیەی کە دەمانگوت: «بڕووخێ» وامان لێ بێ بڵێین «خۆزگەمان بەوێ!»

عەبدوخالقەفەندی گەشتەکەی سێ قۆڵیت لەبیرە؟ لە بەهاری (١٩٦٠) هێشتا یەک دوو تیسک بەسەرمەوە مابوو، ئەی ئەوەت لەبیرە تازە نەقڵی مەکتەبی ئوولا کرابووی لە ژووری دەستە چەپی نادییە کۆنەکە کە بە قادرمەکان هەڵدەگەڕای؟ لە ژوورەوە لەلای مامۆستا (کەریم شارەزا) باسی سلفەی سندووقی ئەیتام کرابوو، تۆش بە تەمابووی وەربگری و کەفیلت دەویست، بۆ کەفیل ناوی منت هێنابوو، گوتبوویان: «ڕەنگ بێ کەفالەت نەکا» تۆش زۆر بەساکارییەوە گوتبووت: «تۆ بڵێی ئەوەندە بێ جەرگ بێ!»

(کەریم شارەزا) بۆی گێڕامەوە، زۆر کەیفم بە قسەکە هات! زۆر لە باوکی ڕەحمەتیت لە قسان سوودم لێ وەرگرتییە، بەڵام بەداخەوە لەکیسمان چوو، ئێمە واین، هەتا نەڕۆین! چ بە مردن وەک باوکت، چ بە سەفەر وەک ئێوە، قەدری یەک نازانین، خوا هەمووتان لەوێ بەسەلامەتی بهێڵێ.

عەبدولخالقەفەندی، سەلامی تایبەتی بۆندارت، بە وەستا حەمە عەلی خەزوورت کە ئێکدیمان زۆر خۆش دەوێ، بۆ ناردبووم، پێم گوت: «بە سەلامی من وەڵامی بدەوە».

دەزانی ئەو پێشەکییەم، بەرپێ خۆش کردن بوو، بۆ ئەم (تەکلیف)ـە، ئەویش ئەمە ناوی چەند کتێبێکە وەختی خۆی لە کتێبەکەی (ئەدمۆندس)، (کورد، تورک، عەرەب)م وەرگرتووە، زۆرجار بۆ زۆر خزم و دۆستانم ناردیتە (لەندەن)، بەڵکو پێش چاپ کردنی مێژووەکانی کۆیە، زانیارییان لێ وەربگرم، پێیان پشت ئەستوورتر بم، بەداخەوە هێشتا بەدەستم نەگەیشتوون، ئەوە ناوەکانیان بۆ تۆش دەنووسم، بەڵکو بتوانی هەوڵێک بدەی و خۆت بۆم ماندی بکەی، سەرەداوێک، نەک سەرە پەتێک دەست بکەوی، خۆت دەزانی (لەندەن) چییە؟ لەتۆم چاکتر دەست ناکەوێ، ناویشت بزر ناکەم

1- Lieutenant William Heude of The Madray Military Establishment (Avoyage up The Persian Gulf and journy over land from India to England in 1817, London 1817).

(بەغدا- دلی عەباس- قەرەتەپ- کفری- سلێمانی- دۆڵی سورداش- دوکان- کۆیە- هەولێر- مووسڵ)

2- Captain F.R. Maunsell, R.A. (Recomaisances in Mesopotamia,

Kurdistan, North - West Persia and Luristan 2 vols, Sinla. 1890.

(ارضروم- جزيرة ابن عمر- بغداد- قصرى شيرين- ابراهيم خانچى- سلێمانى- دوكان- دەربەندى ڕەمكان- قلعەدزە- گەلى شاور- ڕواندز- هەریر- زێبار- عمادیە- دهۆک- موصل- اربیل- کویسنجق)، لە ساڵى ١٨٨٨.

3- Captain Mark Sybs (Darul islam, London 1904).

(جزيرة ابن عمر- زاخو- عمادیە- عقرة- موصل- شرقاط- مخمور- التون كوپرى- كركوك- سلێمانى- دوكان- كۆیە- ڕانیە- شاور- بەرى بیجان- ڕواندز- مێرگەسوور- بارزان- زێبار- وان- ارارات). لە ساڵى ١٩٠٢.

4- A element (Exeursion dans le Kurdistan Meridional de Refout a Ravandoug).

(بغداد- كفرى- كركوك- بازيان- سلێمانى- سورداش- دوكان- كۆیە -باليسان- ڕواندز- ڕايات- سیدەكان- گەلى ڕواندز- هەولێر- خانەقین). لە ساڵى ١٨٥٦.

کتێبى دیکە زۆرن، بەڵام با ئەمەندە بەس بێ، ئەگەر بتوانى مەکتەبەیەک هەیە ئەو کتێبانە دەفرۆشن کە لەسەر ڕۆژهەڵات دواون، وەختى خۆى عینوانەکەم لە مامۆستا زەکى ئەحمەد وەرگرتییە.

ARTHUR PROBSTHAIN ORIENTAL BOOK SELLEY 41 GT. RUSSLL STREET LOMDOM. w.e.l.

ناتوانم بڵێم بیانکرە! ئەمانە نە بەمن و تۆ و نە بە بابى من و تۆ دەکرێ! بەڵام ئەگەر لەگەڵ دکتۆر فوئاد بتوانن بەشى کۆیە و وڵاتەکەى لێ هەڵکرێنین و بیخەینە سەر کاغەز و بۆم بکەنە کوردى، ئینگلیزییەکەم لاوازە، بێ گومان بە جەرگترم دەخەن، ئێوەش ناوتان بە تەواوى دێتە ناوناوان، هەرچەندە ناوتان هەر دیارە.

زۆر سەلامم بۆ دکتۆر فوئاد- ئایا ئەو وێنەیەى لە ماڵى ئێمە گرتى، ماوە؟ حاجى عەبدولعەزیزى براتان و پێى ناوێ، ئەوى ناومان دێن- بەچاک، یان بە خراپ زۆر سەلامى لێ دەکەم.

وادیارە کاک نازم و کۆڕى کۆیە و نووسینەکانتان بەجێ هێشت. پێت بڵێم، وادێ شارەکەى کۆیە بۆنى ئاشتى لەناو بڵاوبێتەوە، ئیش و پرۆژە وەختە- خوانەخواستە- سەرمان بخوا!

دۆست و برادەر هەموو سەلامیان هەیە، خوات لەگەڵ.

**ئیمزا**

**خۆشەویستتان**

**تاهیر ئەحمەد حەوێزى**

### به بۆنەی داگیرساندنی مۆمی هەژدە ساڵەی تەمەنی (ڕامان)ەوە

# دوو سەد مانگ و دوو سەد ژمارە

**دانا ڕەئووف**
**(سوێد)**

لە هەشتاکاندا کاک ئازاد عەبدولواحید لە سلێمانی دەژیا، من ئەو دەمە گەنج بووم و حەزم دەکرد دەوروبەرەکەی خۆم بناسم و لە دنیای گەورەکان بچمە پێشەوە، یەکێک لەو کەسانەی، کە هەر زوو ناسیم و لە چایخانەی شەعب یەکترمان دەبینی و باسی ئەدەب و شانۆ و وەرگێڕان و تەنانەت سیاسەتیشمان دەکرد، کاک ئازاد عەبدولواحید بوو.

کاک ئازاد کەسێکی هێمن و بەپەرۆش و ڕۆشنبیرێکی جددی و خەمخۆر بوو، یەکێتیی نووسەرانی کوردی ئەوساشی کردبووە شوێنێک بۆ کۆبوونەوەی قەڵەمە جودا و دەنگە ڕەسەن و کەسە نیشتیمانپەروەرەکان.

لە دوای ڕاپەڕینیشەوە، کە گەڕایەوە بۆ هەولێر و گۆڤاری "ڕامان"ی دامەزراند، ئەو پەرۆشی و خەمخۆرییەی گوێزایەوە بۆ ناو ئەم گۆڤارە. (ڕامان) لەنێو تەپوتۆزی ڕاپەڕین و دەرچوونی سەدان گۆڤار و ڕۆژنامەی تردا، کە زۆربەی زۆریان دوای چەند ژمارەیەک بزر بوون، شەڕی دەستەویەخەی بەردەوامی خۆی بە سەرکەوتوویی ڕاگەیاندبوو. کاتێ منیش لە تاراوگە گیرسامەوە، لە ڕێگای گۆڤاری ڕامان-ەوە پێوەندیم بە کاک ئازاد و بە کوردستانیشەوە پتەوتر بوو. ڕامان نەک هەر بۆ من، بەڵکو بۆ چینێکی گەورەی خەڵکی پەرتەوازەی دەرەوەی وڵات بووە پردی پێوەندی و بەردەوامی و پەنجەرەیەک بە ڕووی وڵاتەوە.

گۆڤاری ڕامان بووە پێشەنگ و قوتابخانە، چ بۆ ڕەوتی ڕۆژنامەگەری کوردی و چ بۆ کۆکردنەوەی قەڵەمە بەپێز و جیاوازەکان و هەم بۆ دەستەبەرکردنی زمانێکی پاراوی کوردیش. ئەم گۆڤارە، بەبێ جیاوازی بیرکردنەوە، گرنگی داوە بە بوارە هەمەچەشن و جیاوازەکانی ئەدەب و هونەری کوردی، لەم بوارەیشەوە (شانۆ)یش پشکی خۆی وەرگرتووە. کاک ئازاد، کە هەمیشە هاوڕێی شانۆ و شانۆکاران بووە و زۆرجار بە زمانە کوردییە پاکەکەی، دەقی شانۆیی کردووە بە کوردی و ڕەوتی شانۆی کوردی پێ دەوڵەمەند کردووە، چەندین ژمارەی تایبەتی ڕامان-یشی بۆ شانۆ تەرخان کردووە.

ژمارە تایبەتییەکانی گۆڤاری ڕامان، کە زۆربەی نووسەر و هونەرمەندە بە سەلیقەو خاوەن تواناییەکان بەشدارییان تێدا کردووە، دەروازەیەکی نەک هەر گرنگ، بەڵکو پێویستیشی بە ڕووی هونەری شانۆ و ڕەخنەی شانۆ و دەقی خۆماڵی و بێ گومان وەرگێڕاویشدا کردۆتەوە. هونەری شانۆ بەشێک بووە لە ئەدەب و فەلسەفە و مێژوو و زمانەوانی... تاد، کە لە گۆڤاری ڕامان دا بڵاو کراونەتەوە.

گۆڤاری ڕامان، تاکە بڵاوکراوەیەکی کوردیشە، کە هەموو مانگێک و بەشێوەیەکی سیستماتیک، لە کاتی خۆیدا و بەبێ دواکەوتن، دەردەچێت، بێ گومان ئەمەیش یەکێکە لە پرەنسیپە گرنگەکانی گۆڤارێکی پیشەیی ئەدەبی و هونەری، کە لە زۆر ڕووەوە ڕۆڵی دەزگایەکی گەورەی گێڕاوە. دەزگایەک بۆ دەوڵەمەندکردنی زمان و کولتوور و ئەدەبی کوردی و کۆکردنەوەی دید و بۆچوونە سیاسی و هونەرییە جیاوازەکان و ڕۆژنامەگەری کوردیش. لە کۆتایی ئەم کورتە نووسینەدا دەتوانم ئەوە بڵێم، کە گۆڤاری ڕامان چەندە پرۆژەیەکی ئەدەبی و هونەرییە، هێندەیش پرۆژەیەکی نەتەوەییە و ڕۆڵێکی دیاری لە بزووتنەوەی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا گێڕاوە.




# مرۆڤ لە "زمان"دا دەژی

ساماڵ ئەحمەدی



کۆمەڵگەی کوردەواری و زمانی کوردی لە دوایین ساڵەکانی سەدەی بیستەم و لە بەرەگەی سەدەی بیست و یەکەمدا، تازە هەلی ئەوەی بۆ ڕەخساوە، کە لە بەشێکی نیشتمانەکەیدا پشوویەکی بێتەوە بەر و شان وەبەر کۆمەڵێک بواری خۆپێگەیاندن بدات. لەلایەنی ئاوەدانکردنەوەی بوارە ماددییەکانیماڵەکەیدا پێشکەوتنەکانی دیارن، بەڵام ئاخۆ ئەو پێشکەوتنە ماددییانە هەرچەندی بەرفراوانیش بن، هەر لە جێدا بەسمانن، یان دەبێت لە بیری داڕشتنەوەو نۆژەنکردنەوەی بنەما فیکری و کولتوورییەکانیشماندا بین. بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەم باسەدا بە ناچارەکی دەمانخاتە بەردەم ڕەوتە تیژتێپەڕە نوێباوە جیهانییەکان و لەبەر ئەوەشی کە لەوەتای بووە، هەتا ئێستاش گەورەترین هەڵڵای نێو مێشکی مرۆڤ هەر زمان بووە و چوونە نێو هەر بابەتێکی نوێباوەوە پێویستی بە زمانی تایبەت بە خۆی هەیە، بە بۆچوونی من نەک هەر پەڕۆیەک، بگرە دەبێ هەرچیمان پێکرا لەو بوارەی دادڕین.

یەکێک لەو کارە هەرە گرنگانەی کە دەتوانێت ببێت بە کەرەستەی دۆزینەوەی بنەچەک و دابینکردنی پێوانەی داڕشتنی ئەو زمانەی کورد پێویستییەتی بۆ چوونە نێو دنیای بابەتە نوێباوە ناچارەکییەکانەوە، کۆکردنەوە و تۆمارکردن و ڕێکخستنی ئەدەبی زارەکیی کوردە لە چێوەی فەرهەنگێکی گەورەی زارەکیی کوردیدا. هەرچەندە لە سەردەمی ماڵبەکۆڵیشدا، کەسانێکی دڵسۆز، هەندێک کاریان لەو بوارەدا کردووە، بەڵام ئێستا کە هیچ نەبێ دەستمان بە دەممان ڕادەگات و ماڵیشمان هەیە شەوانە تێیدا وەحەسێین، بۆچی نێوەندێکی کولتووری دانەمەزرێنین کە دەستی لە گیرفانی خۆیدا بێت و لە هەموو ناوچەکانی کوردستان و لە نێو هەموو زاراوەکانی زمانی کوردیدا، کەسانێک ڕاسپێرێت بۆ کۆکردنەوە و تۆمارکردنی ئەو سامانە مەزنەی کە هەر ئێستاش زوو نییە و ئەگەر وەدرەنگتریش بکەوێت، لەوانەیە بەشی هەرە زۆریمان لەدەست دەربچێت.

ئەفلاتوون گوتوویەتی: "مرۆڤ بەردەوام گیرۆدەی شەرح و لێکدانەوەیە،" واتە بەردەوام دەیەوێت دەستی بە شتێک ڕابگات کە پێویستە، بەڵام تا ڕادەی نامومکین دژوارە. ئەو "شەرح و لێکدانەوە"یەی کە مرۆڤ عەوداڵیەتی هەر بە کەرەستەی زمان دەردەبڕدرێت و مانای وایە مرۆڤ لە زماندا دەژی.